# فەرماندەرانی شەهید

نووسینو ئامادەکردن
برایم چووکەڵی

ناوی کتێب:
فەرماندەرانی شەهید
نووسینی: برایم چووکەڵی
تایپ: بەیان چووکەڵی و موکریان چووکەڵی
دیزاین: ئەیوب شەهابیڕاد

# سوپاس و پێزانین

جێگای خۆیەتی کە پڕ بەدڵ سوپاسی ئەو بەڕێزو خۆشەویستانە بکەم کە بۆ ئامادەکردنی ئەو کتێبە بەنرخە هاوکارییان کردووم.

* سوپاسی هاوڕێی خۆشەویستم ئەیوب شەهابی‌راد کاری مونتاژو تەراحی بەرگەکەی وەستۆی خۆی گرت.

* سوپاسو رێز بۆ برای بەڕێزو خۆشەویست مهندس سەلاح عەزیزیان ئەرکی لەچاپدانی کتێبەکەی خستە سەرشانی خۆی.

* سوپاس بۆ دوو جگەر گۆشەی خۆشەویستم بەیانو موکریان، بەشێکی زۆری تایپ کردنی کتێبەکەیان وەستۆی خۆیان گرت.

* سوپاسی هەموو ئەوکەسانەی کە لەکاتی بەڕێوەبردنی بەرنامەو ئامادەکردنی ژیانیان بۆ بڵاوکردنەوە لە تلفزیۆن، زانیاری لەسەر شەهیدەکان، مونتاژ، وێنە، سایتی شەهید، خوێندنەوە، پۆستێر، گرافیک، پێداچوونەوەو ئارشیوی حیزب هاوکارییان کردوە دەستیان خۆش بێو بە ئەمەگەوە رێز لە هاوکارییان دەگرم.

# پێرست


١- پێشەکی ........................................................ لاپەڕەی ............... ٥

٢- وەک پێزانین .......................................... لاپەڕەی ............. ٨

٣- هێزی دالآهۆ ................................................. لاپەڕەی ............. ١٥

٤- هێزی شاهۆ ...................................................... لاپەڕەی .............. ٢٤

٥- هێزی بێستون .................................................. لاپەڕەی ............. ٥٧

٦- هێزی شەریفزادە .............................................. لاپەڕەی ............. ٧٥

٧- هێزی زرێباری مەریوان ................................. لاپەڕەی ............ ١١٠

٨- هێزی شەهیدانی دیواندەرە ................................ لاپەڕەی .......... ١٢٧

٩- هێزی ئاربابا ............................................... لاپەڕەی ........... ١٣٥

١٠- هێزی عەزیزیوسفی ......................................... لاپەڕەی .......... ١٥٢

١١- هێزی شەهیدانی هەوشار ................................. لاپەڕەی .......... ١٧٩

١٢- هێزی بەیان ....................................................... لاپەڕەی .......... ٢١٠

١٣- هێزی پێشەوا ...................................................... لاپەڕەی .......... ٢٤٧

١٤- هێزی زمزیران ...................................................... لاپەڕەی ......... ٢٩١

١٥- هێزی گیارەنگ ...................................................... لاپەڕەی ......... ٣٠٧

١٦- هێزی قەندیل ......................................................... لاپەڕەی ......... ٣٣١

١٧- هێزی دمدم ............................................................ لاپەڕەی ......... ٣٧٥

١٨- هێزی کێلەشین ...................................................... لاپەڕەی ........ ٣٧٩

١٩- هێزی ئاگری .......................................................... لاپەڕەی ......... ٤١٦

# پێشەکی

ئەم پەڕتووکەی لەبەردەستتان دایە لە لایەک وەبیرهێنانەوەی رووپەڕە پڕلە فیداکاریو قارەمانەتی فەرماندەکانی هێزی پیشمەرگەی کوردستانە وێڕای تۆمار کردنی داستان لە بەرەنگاری لە نیشتمان لە روو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ سپای داگیرکەرو دژی کورد گیانیان بەختی سەربەرزیو بەختەوەریی وڵاتەکەیان کرد لەلایەکی دیکەشەوە دەرفەتێکە بۆ یاد کردنەوە لەناو قارەمانەتیی ئەو فەرماندەرە شەهیدانەی هێزی پیشمەرگەی کوردستان.

فەرماندەران کێ بوون! چۆن ژیان! چۆن گەورە بوون! چۆن پێیان نایە مەیدانی خەباتو تا دوا هەناسەکانی ژیان ئەو مەیدانەو ئەو رێگا پیرۆزەیان بە شانازییەوە بڕیو سەرئەنجام چۆن رێگاو رێبازیان بۆ هاوسەنگەرانی بە جێ هێشت؟ ئەوانە ئەو پرسیارانەن کە هەموو دڵسۆزو نیشتمانپەروەرێک پێی خۆشە بزانێو شارەزای دەردو رەنجەکانی، ژیانو بەسەرهات، هەورازو نشیوی خەباتی شۆڕشگێڕانێک بێ، کە لە پێناوی ئازادیو رزگاری نەتەوەی بندەستی کورددا بە سەخاوەتەوە گیانیان بەخشی.

حیزبی دێموکراتی کوردستان خاوەنی مێژوویەکی پڕ لەسەروەریو سەربەرزییە، ئەو مێژوویە بەخوێنی رۆڵەکانی نووسراوەتەوە. زۆر سەختە لە توانای قەڵەم دابێ بە وشەیەک، ڕستەیەک، پاراگرافێکو تەنانەت چەند لاپەڕەش، ناوی بەرزی شەهید لێک بدرێتەوە. بۆ لێکدانەوەی مانای وشەی شەهید دەبێ سەرتاپای مێژووی خوێناویی گەلەکەمان وەرد بدەینەوە هەتا بزانین چ خوێنێکی لە پێناودا دراوە. هەر کوردێکی نیشتیمانپەروەر باش دەزانێ ئەوەندەی سەربەستیی نەتەوەیی پیرۆزە، ئەوەندەش ناوی شەهید پیرۆزە، چونکە لە پێناو ئەو سەربەستییەدا گیانی بەخشیوە. لە بەر ئەوەی ژیانو فیداکاریی هەر شەهیدێکی ئەم ئاوخاکو نیشتمانە، هەڵگری کتێبێکی دەیانو سەدان لاپەڕەیە کە لە سەری بنووسرێ. لەبەر ئەوەی باش دەزانین شەهید لووتکەی فیداکاریو خۆبەخشینە، بالای شەهید بە قەت بالای کوردستانە. ئەوان ئەو تێکۆشەرە خەباتگێرانە بوون کە هەموو شتێکی خۆیان لە پێناو خزمەت بە گەلو نیشتمانەکەیاندا خستبووەگەڕ، هەر لەو رێگاو رێبازەشدا گیانیان فیدا کرد. کەواتە شەهیدان لە هەمووومان گەورەترو بەخشەندەترن. بۆیە ئەرکی نیشتمانیو ئینسانیو حیزبیو ئەخلاقیمانە هەمیشە یادیان بکەینو رێزیان بگرینو داستانی خەباتو مەرگی سەربەرزانەیان بکەینە تویشەبەرەی رێگای خەبات.

لەکتێبی ڕۆژەسەختەکاندا نووسیومە "هەرکات ئاوڕ لە ڕابردووی ژیانو خەباتی هاوڕێیانی شەهیدو حیزبەکەم دەدەمەوە، خەمو خەفەت هەموو ئازای لەشم دادەگرێ. خەفەتی نیشتنی تۆزی فەرامۆشی بەسەر حەماسەکانی هێزی پێشمەرگە، ئەوانەی لەباری نیزامییەوە ئەرکی گەورەیان لەسەر شان بوو. تۆمار نەکرانی هەموو ڕووپەڕەکانی خەباتی هێزی پێشمەرگەو زۆرجار ونبوونی ناوو بیرەوەریی ئەو کەسانەی خوڵقێنەری ئەو شانازییانە بوون. پاساوی هۆکاری ئەوە هەرچی بێ، جا دەستەوەستانی، کەمکاری یان هەلومەرجی سەختی خەباتو تێکۆشانی چەکداریو بێ ئیمکاناتی یان هەر شتێکی دیکە، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ ئەوەی لەو بارەوەو لەو بوارەدا کراوە ئێجگار کەمە.

هەرچی بێ مێژووی جووڵانەوەی کورد لەسات بەساتی ئەو ڕۆژە سەختو ناهەموارانەو لەو حەماسەو سەرکەوتنە شیرینو شکستە تاڵو ناخۆشانە پێک دێ. کەواتە ئەو مێژوویە خۆی بە خۆی قەرزدارەو ئەگەر لەڕۆژانی سەختی بەرگریی خوێناویو چەکداریدا دەرفەت وئیمکاناتی تۆمار کردنی ئەو ڕۆژانەمان نەبوە، جا چ بە وێنە، بە فیلمو چ بە نووسینو کۆکردنەوەی دێکۆمێنتەکان، بەڵام ئەمڕۆ زوڵمە لە مێژووی خۆمان ئەگەر پشت گوێی بخەین. غەدرە ئەگەر ئەو ڕۆژانە نەنووسینەوە، ئەگەر تۆزی فەرامۆشییان لەسەر لانەدەینو زیندوویان نەکەینەوە. ئەو ڕۆژانەی کە ئەگەر بە نووسراوە بمێننەوە، بە دڵنیاییەوە لە داهاتوودا دەبنە هەوێنی دروستکردنی سەدانو بگرە هەزاران دێکۆمێنتو فیلمو بەڵگەی سیاسی، هونەری، ئەدەبی..." (ڕۆژە سەختەکان)

کاتێک دەستم بۆ پینووس بردو ئاوڕم لەژیانی ئەو قارەمانانە دەدایەوە کە لە سەردەمێکدا بە گیانو بەدڵ، بە بیروباوەڕ، بە ماڵوگیان، بەخوێنو تەنانەت بەدانانی گەورەترین سەرمایەی ژیانیان فەرماندەهی ئەو شەڕە حەماسەییانەیان دەکرد، دڵو دەروونم ئاگری دەگرت. ئەوانە هەر ئەو کەسانە بوون کە شەوو ڕۆژیان نەدەناسیو وەک هەڵۆیەکی بەرزەفڕ چاویان بەسەر ئاو وخاکی نیشتمانەکەیانەوە بوو وەک گلێنەی چاو دەیان پاراست. کەم نین چیرۆکی ئەو پاڵەوانانە، ئەو تیکۆشەرە بە ئەمەگو سەر لە پێناوانە کە بوونە ڕەمزی خۆڕاگریو بەرخۆدانو، بوونە هێزو پێزی نەتەوەیەکی نەحەساوەو ئازار دیتوو، کە بە درێژایی مێژوو کوێرەوەری دیوە.

کاتو زەمان دێ و تێدەپەڕێ. ئەوەی ڕابرد دەبێتە مێژوو. مێژووش ئەوەیە کە ڕووی داوە کە دیارە قارەمانە شەهیدەکان بەشێکی گرینگ لە پێکهێنەرانی مێژوون. لەسەرمانە ئەو مێژوویە بەرز ڕابگرین و ئەزموونی ئەو مرۆڤە فیداکارانە لەبیر نەکەین. دەبێ دەرس لەمێژووی پڕ لەشانازیی ئەو تێکۆشەرە فیداکارانە وەربگرین. لەگەڵ ئەوەی دەرسی خۆڕاگری لەژیانیان فێر دەبین، لەهەمان کاتدا دەبێ بەخشێنی گیانیانو هەڵوێستی

جوامێرانەیانو قارەمانەتییان بۆ نەسلەکانی دواتر باس بکەینو ئەوانیش بە ئەمانەتەوە بیپارێزن. چونکە ژیان دەرەتان بۆ کەس ناهێڵێتەوەو دەرفەت بە کەس نادا کە جارێکی دیکە مێژووی دووپاتە بێتەوە، بۆیە ئەگەر لە مێژووی خۆمان بێئاگاو بێ خەبەر بین مەحکووم بە دووبارە بوونەوە دەبین.

ئەوە کە گەلانی بە ئاوات گەیشتوو شانازی بە مێژووی خەباتی خۆیانەوە دەکەنو لە سایەیی فیداکاریو گیانبازیی رۆڵە شەهیدەکانیانە. گەلی ئێمەش شانازیی بە شەهیدەکانی دەکا و باش دەزانێ لەسایەی خوێنی ئەواندا دوا رۆژێکی ڕوونی دەبی. بۆیە با بە یەکەوەو لەهەر ڕێگایەکەوە بۆمان دەگونجێ یادیان بکەینەوە. بە تێڕوانینو لێوردبوونەوە لەمێژووی پڕ لەسەروەریو پڕ لەفیداکاریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بە ڕوونی هەست پێ دەکەین کە خەباتی دوورو درێژو پڕ لە هەورازو نشێوی گەلە بەشخوراوەکەمان بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووس لەچەند بواری جۆراوجۆر پەڕیوەتەوەو چەندەها قۆناغی پڕلەمەترسیو دژواری پاشخۆی داون. بەڵام شۆڕەسوارانی گۆڕەپانی خەباتو خۆڕاگری، بە ئیمان بە ڕێبازی پیرۆزیان بۆ تاوێک هەدایان نەداوەو لە تێکۆشان سارد نەبوونەتەوە. لەو گۆڕەپانە بەرینەداو لەو خەباتە گرژو دژوارەدا بەهەزاران پێشمەرگەی قارەمانو بە دەیانو سەدان فەرماندەی لەخۆبووردوو دەیان ئەندامی ڕێبەریو چەندین ڕێبەری بەتوانا بوونە چرای ڕێ ڕوونکەرەوەی ڕێگای سەرکەوتنو گیانی پاکی خۆیان بەختی ژیانی بەئاشتی کردو بەخوێنی گەشی خۆیان بەڵگەی زیندوویی و هەرمانی نەتەوەکەیان مۆر کرد.

ئەو کتێبە ژیانی فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی لەخۆیدا کۆ کردۆتەوە. من باش دەزانم ئەم کتێبە بێ کەموکوڕی نیە چونکی نەمتوانیوەو بۆم نەلواوە هەموو کەلێنو قوژبنێکی ژیانی ئەو فەرماندە لێهاتووو قارەمانانە بپشکنمو لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەم. هۆکارەکەشی ڕەنگە ئەوە بێ هەلومەرجی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دیکتاتۆریی بەسەریدا حاکمە، دەرەتانی ئەوەی نەداوە سەردانی بنەماڵەکان بکەمو بەوردی ژیانیان هەڵسەنگینم. هەربۆیە هەست بەو ڕاستییە دەکەم هەرکام لەو فەرماندە شۆڕشگێڕو شێلگیرانە کە لەمەیدانی خەباتو بەربەرەکانیدا پەروەردە بوون سەدان لاپەڕە هەڵگری ژیانی هەر کامیان دەبێ.

ماوەتەوە بڵێم سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە لەسەرخستنی ئەو کتێبە کە یەکێک لە بەرنامەکانی کوردکاناڵ بوو، هاوکاریان کردم. بەتایبەتی بنەماڵەی شەهیدانو هاوسەنگەری فەرماندە شەهیدەکان، بە دانی زانیاری لەسەر ژیانیان هاوکارم بوون. هیوادارم هەر کەس ڕەخنەو گلەییو پێشنیاری لەسەر نووسینی ژیانی هەرکام لەشەهیدەکانی هەر ناوچەیەکی کوردستان بوو بۆم ڕەوانە بکا بە دڵێکی ئاواڵەوە وەری دەگرم.

**برایم چووکەڵی**

**نەورۆزی ١٣٩٦**

---

## وەک پێزانین

**کتێبی "فەرماندەرانی شەهید" دوا بەرهەمی هەتا ئێستای تێکۆشەر کاک "برایم چووکەڵی"یە کە دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەران. ئەم کتێبە ژیان وبەسەرهاتی کۆی ئەو مرۆڤە خۆبەخشانەی دەخۆ گرتوە کە لەڕیزەکانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستاندا خەباتی خۆیان دەست پێکردوە، درێژەیان داوە، بە پلەکانی باڵای فەرماندەهیو مودیرییەت گەیشتوونو سەرئەنجام گیانی خۆیان فیدای ئامانجە بەرزەکانی ئازادی و ڕزگاریی گەلەکەیان کردوە.**

**" ئەی قارەمانان، ئەوە خوێنی ئێوەیە کە لەدڵم دا وەک ئەستێرە خوشی و ئەوینی لەمنڈا پەروەردە کرد. چ لەشێک بەو خوێنە ئاڵە پاک نابێتەوە؟"**(سنییە ساڵح).

**لەنێو هەموو نەتەوەکانی دنیادا ئەوانەی لەپێناو باوەڕی خۆیاندا فیداکاری دەکەنو بۆ گەیشتن بەئامانج کۆڵ نادەن جێگای ڕێزن. بەتایبەت ئەوانەی لەپێناو قازانجی گشتیی کۆمەڵگای خۆیاندا لەخۆبووردوویی دەنوێننو ژیانی خۆیان دەمەترسی داوێن، دەبنە سیمبولو نموونە. ئەو لەخۆبووردووییە کاتێک گرینگیی زیاتر پەیدا دەکا کە ئامانجەکە ڕزگاری لەژێر دەستیو چەوسانەوە بێ. ئەوانەی بۆ ئازادی وڕزگاری خەبات دەکەن و ژیانی خۆیان دەمەترسی داوێن هەتا دواڕۆژی منداڵەکان گەشتر بنوێنێ، دەبنە سەرتۆپ و لەنێو دڵی هەموو کەسدا جێگا دەکەنەوە.**

**"پێشمەرگە" ئەو مرۆڤە خۆبەخش و فیداکارەیە کە باری قورسی خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی لەسەر شانە. ئەوانەی لەڕیزەکانی پێشمەرگەدا شەهید دەبن، دەبنە سیمبولی ئازایەتی و فیداکاری. هەموو شەهیدانی ڕێی ڕزگاریی گەل جێگای سەربەرزیو مایەی ئیحتڕامن بێگومان ناویان لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی کورددا بە نەمری دەمێنێتەوە.**

**کتێبی "فەرماندەرانی شەهید" تەنیا چەند لاپەڕەیەک لەهەزاران لاپەڕەی ژیانی ئەو پێشمەرگانەیە کە لەپێناو گەیشتن بەئازادیدا گیانی خۆیان بەخت کردوە. بەشدارانی چوارچێوەی ئەم کتێبە تەنیا ئەو دەستە**

لەشەهیدەکانن کە لەجەنگەی خەباتو تێکۆشاندا ئەرکی زۆر قورسی فەرماندەهیو مودیرییەتیان لەسەر شان بوە. لەڕاستیدا ئەو ناوانەی لەم کتێبەدا جێگایان بۆ کراوەتەوە لەجەنگەی خەباتدا دووقات ئەرکیان لەسەر شان بوەو ڕۆڵی هیدایەتی خەبات و تێکۆشانی هێزی پێشمەرگەیان لەسەر شان بوە.

من، نووسەری ئەم کتێبە، کاک برایم چووکەڵی، کە خۆی یەک لەفەرماندەرانی هێزی پێشمەرگەیە، وەک "شەهیدی زیندوو" ناو دەبەم. ئەو مرۆڤە ماندوویی نەناسە کەبەشی هەرە زۆری تەمەنی خۆی لەپێناو ڕزگاریی گەلەکەیدا سەرف کردوە و ئێستاش هەروا درێژە بەو ئەرکە قورسە دەدا، بە دەیان جار لەخەتەری مەرگ گەڕاوەتەوەو هەموو جەستەی دابێژدابێژ کراوە. ئەو کە خۆی دەنێو زیندووەکاندا دەبینێتەوە بە کۆ کردنەوەی ژیانو بەسەرهاتی هاوڕێ شەهیدەکانی ئەوپەڕی وەفاداریی خۆی نیشان داوە. سەبتی ژیانی سەربەرزانەی ئەو فەرماندە لەبیر نەکراوانەی گەل وەک کارێکی بەنرخ دادەنێمو بەچاوی ڕێزەوە سەیری ئەو هەوڵەی کاک برایم دەکەم. هەربۆیە بە مەبەستی ڕێزگرتن لەهەوڵو خۆماندوو کردنی فەرماندە برایم بەشێکی کەم لەژیانی شۆڕشگێڕانەی خۆی لێرە بڵاو دەکەمەوە کە لە"مێژووی زیندوو"دا تۆمارم کردوە.

### مێژووی زیندوو! (٥)

## ناوڕێک لەژیان و خەباتی تێکۆشەر برایم چووکەڵی

شەو بوو. نەک هەر شەو، تاریکە سەلاتێکی ئەنگوستە چاو. ناڵەی هەور گوێی ئاسمانی کەڕ دەکردو گریانیشی، هەردی وەئامان دێنا. ئاسمان, ڕەشە هەوری وەبەر قامچی دەدا، هەور دەی ناڵاندو بەهەر شریخەیەکی زەوی وەلەرزین دەخست. هەموان لێک بەڕق داچووبوون و بۆ بەچۆک داهێنانی یەکتر لە تەقەلادا بوون. ئاسمان بێ بەزەییانە هەوری قامچی باران دەکردو هەوریش ڕێژنەی تۆفانو بۆرانی بەسەر هەرددا دەڕشت. ڕقی ئاسمان، گریانی هەورو لەرزینی زەوی، قیامەتێکیان ساز کردبوو مەپرسە. کرێوەو بارن، سەرما و سەخڵەت، شریخەی بەسامی هەورو تاریکەسەلاتی قەترانی، ورتەو جووڵەی لەزیندەوەر بڕیبوو. هەموو بە باڵدارو بێ باڵەوە، بەئینسان و حەیوانەوە، بەگەورەو چووکەوە، بەنێرو مێوە، بەدەسەڵاتدارو بێ دەسەڵاتەوە بۆ خۆ ڕزگار کردن لە وەیشوومەی سەرماو پەلاماری تۆفان پەناو پەسیویان کردبوە حەشارگە. ئەو شەوە، کۆڕی شەش کەسیی بنەماڵەیەک وەک باقیی خەڵکی دیکە لەسەرمانو لە ترسان خۆیان خزاندبوە ژێر لێفە کورسیو کەس زاتی جووڵەی نەبوو. کابرای خاوەن ماڵ هەر جارە ناجارێک سەری هەڵ دەبڕی و بەنیشانەی نارازی بوون بۆڵەیەکی دەهاتێ. ئەو لەدوو شت داخدار بوو. ڕقی سروشتو بوونی مۆڵگەی هێزەکانی دوژمن لەسەر تەپۆڵکەی

پشت ئاوایی. ئەو دەیزانی پەلاماری سروشت کاتییە، بەڵام وجوودی ئەو نالەبارانە درێژخایەنە. دوای ورتەو بۆڵەیەکی زۆر، لە پڕ دەنگی بەرز کردو گوتی: "ئای پێشمەرگە لەکوێی؟ بەڕاستی شەو شەوی تۆیە. ئێستا "حەجەم" لەترسان هەموو خۆیان مەڵاس داوەو دەکرێ هەر بەدەست بیان گرن. نازانم ئەو رۆڵە بەجەرگانە بۆ دیار نین؟ ئەدی بۆ زۆر جار هەر دەڵێی لەعەرزی هەڵ دەقوڵێن؟...". ئەزقەزا زۆری پێ نەچوو خرمەی چەکی پێشمەرگە، گرمەی هەوری بەچۆک داهێناو مۆڵگەی دوژمنیشی وێران کرد. دواتر، هەم کابرا و هەم بنەماڵەو هەم خەڵکی دیکە خەوێکی خۆشیان بە نسیب بوو.

هێندێک شت هەن ئەنجامیان بۆ کەس دەست ناداو لە محاڵاتن. ئەنجامی هێندێک شت کاری رۆژانەی ئینسانەکانەو بۆ هەموان دەست دەدا. بەڵام، هێندێک شت تەنیا بە بەشێکی کەم لە ئینسانەکان ئەنجام دەدرێن و زۆربەی خەڵک وەک محاڵات چاویان لێ دەکەن. شاکاری پێشمەرگە ئەوەیە کەکاری بەرواڵەت ناموکین، موکین دەکا. هێزێک کە لە وجوودی پێشمەرگەدایە توانای کاری گەورەی هەیەو هەر ئەوەشە کە ئەو مەخلووقەی بە هەیبەت کردوە. مەسەلە ئەوە نیە من، یان تۆ، باوەڕمان بەخەباتی پێشمەرگە هەبێ یان نا. گرینگ ئەوەیە نە من و نە تۆو نە کەسی دیکە ناتوانێ ئینکاری هێزی دەروونیی پێشمەرگە بکا. کەسێک کە بتوانێ لە پێناو گۆڕینی نەزمی نابەرابەریخوازدا قۆڵی هیممەت هەڵ مالێ، گاڵتە بەترس بکاو مەرگ بەچۆک دابێنێ، شایستەی میداڵ وەرگرتنە. "شەهیدە زیندووەکان" (ناوێک بۆ قارەمانە زیندووەکانی مەیدانی بەربەرەکانی) جێگای شانازیی نەتەوەکەیانن و پێویستە میداڵی سەرفیرازییان بەملدا بکرێ. یەک لەو قارەمانانەی کە مەرگی بەچۆک داهێناوەو لاپەڕەی زێڕینی لە مێژووی بەرەنگاریدا تۆمار کردوە "برایم چووکەڵێ"یە.

کە ڕوو لەناوچە پڕپیتو بەرەکەتەکەی "چۆمی مەجیدخان" (کۆنە هێلانەی خۆم) دەکەی ولەوێرا لێوارەو لێواری "تەتەهوو" دەگریو بەرەو "بووکی ڕازاوەی موکریان" وەڕێ دەکەوی، چاوت بە سەدان تابلۆی ڕەنگاوڕەنگی بابیدار دەکەوێ کە هیچی وەک هیچی ناچن. بەڕاستی دەستی سروشتو هێزی ئینسان لەو نێوە هونەری نواندوەو شتێکی وەک بەهەشتی خوڵقاندوە. زەویی سەرسەوزو دڵگیر، باغاتی هەمەجۆرو پڕمیوە، بەروبێستانی هەمەڕەنگ، جۆگەوجۆباری رێکوپێک و پڕئاو، دێهاتی پڕحەشیمەت و ئاوەدان، ڕێگاوبانی زۆرو پڕ لەهاتوچۆو سەرەنجام خەڵکێکی ماندوویینەناس و پڕکار، سروشتی ئەو دەوەرە پێک دێنن. "داشبەند" وەک یەکێک لەدەیان گوندی ناوچەی "ئەحمەدی کۆر"، دەکەوێتە سەرڕێگای ئەسڵیی میاندواو- بۆکان و خاوەن سروشتێکی دڵگرو خەڵکێکی کوردپەروەرە. داشبەند لەسەر چۆمی تەتەهوو هەڵکەوتووە دەوروبەری بەباغو کێڵگەی پڕحاسڵات ڕازاوەتەوە. بەشداری ئەمجارەی "مێژووی زیندوو" هەڵکەوتەی ئەو گوندەیەو لەلایەن ئەوخەڵکە تێکۆشەرەوە ڕەوانەی مەیدانی فیداکاری کراوە.

لەمێژە چووکەڵی دەناسم. ئەو سەمبولی خەبات، فیداکاری، خۆماندووکردنو خۆپێگەیاندنە. برایم چووکەڵی بەکاری بەردەوام، بەخۆ دەمەترسی هاویشتن، بەپابەند بوون لەسەر ڕێبازی شەهیدان و بەخۆ گۆڕین و خۆ تەیار کردن، توانیویەتی وەک یەکێک لە تۆمارکەرانی مێژووی چەند دەیەی ڕابوردوو بێتە ناساندن. ئەو بەشیکی گرینگ لە "مێژووی زیندوو"یە. سوپاس بۆ کاک برایم. سوپاس بۆ خزمەتەکانی و سوپاس بۆ بەشدار بوونی لە گێڕانەوەی مێژووی خەبات و خۆڕاگریی.

کە بەسەرهاتی چووکەڵی دەخوێنیەوە، لە قووڵایی ناعەداڵەتییەکانی کۆمەڵ و ئازاری ئینسانەکان دەگەی. کە بڕیاری چووکەڵی بۆ بەربەرەکانی دەبینی، بڕیاردانت بۆ هاسان دەبێ و پێت خۆشە هەموو مەترسییەک تاقی کەیەوە. (ئاخر برایم هێشتا تازە لاوێکی پازدە ساڵانەبوو کە خۆی بەدەریای پڕ لەکارەساتی پێشمەرگایەتی داکردو دەگەڵ شەپۆلە پڕ هەیبەتەکانی ئەو دەریایە کەوتە هاتوچۆ). کە ڕەوتی خەبات و فیداکارییەکانی برایم چووکەڵی تاقیب دەکەی، ڕقت لەدوژمن زیاترو دڵسۆزیت بەرانبەر خەڵکو نیشتمان چەند هێندە دەبێ. کە لەزمانی چووکەڵییەوە ناوی ئەو هەموو قارەمانو تێکۆشەرە دەبیسی، حەسرەتی نەناسینی ئەوان بەربینگت پێ دەگرێو ئازارت دەدا. کە چووکەڵی مەیدانی شەڕی پێشمەرگە و هێزی دوژمنت بۆ تەرسیم دەکا، ژێنراڵە سەرسینگ پڕ لەمیداڵەکانت لێ دەبێتە هیچ. کە باری قورسی سەرشانی برایم چووکەڵی دەبینی، خۆت لەبەر چاو دەکەوێ. لەیەک قسەدا: کە تێکۆشانی برایم چووکەڵی دەبینی، لە مانای ڕاستینی خەبات دەگەیو هەر بۆیە پێشمەرگەت بە هەیبەتتر دێتە بەرچاو. خۆزگە تەرازووی عەداڵەت لانیکەم لەحاند هەڵسەنگاندنی پێشمەرگە درۆی نەکردبا و جارێک لە جاران قورسایی ئەو گەوهەرەی بە دروستی کێشابا.

کاتێک تێکۆشەر برایم چووکەڵی بڕیاری پەیوەست بوون بە خەباتکارانی ڕێی ئازادی دەداو بەو تەمەنە کەمەوە خۆی لەنێو مەیدانی تاقی کردنەوەدا دەبینێ، کوردستان بەشارو گوندییەوە لەژێر ئاگری بێ ئەمانی دوژمن دابوو. لەڕاستی دا یەکێک لە هۆیەکانی ئەو بڕیارە گرینگەی کاک برایمیش هەر ئەوە بوو. بۆ خۆی دەڵێ:" بە پێی جوغرافیای گوندەکەمان (داشبەند) کە لەسەر جادەی بۆکان ــ میاندواو هەڵکەوتووە لە سەرەتای پاییزی ١٣٦٠ کەبۆکان لەلایەن داگیرکەرانی کۆماری ئیسلامیەوە داگیر کرا، بە چەندین جار لەلایەن ڕێژیمەوە بەشەوو ڕۆژ پەلاماری گوندەکە درا کە( سەیادی شیرازی) فەرماندەری دەکرد، ئەوە لە حاڵێک دابوو گوندەکە پایەگای لێ بوو. هەموو جارێ زۆری لەخەڵک دەدا، تەنانەت تەقەیان لەخەڵک دەکرد. بۆیە منیش بڕیارم دا، یەکجار بە سەربەرزی لەڕێگای ئازادی نەتەوەکەم دا بمرم باشترە تا هەموو ڕۆژێ جارێک بمرم...".

لەو ڕۆژە بەدواوە ئیتر چارەنووسی چووکەڵی دەگەڵ چارەنووسی گەلەکەی لێک دەدرێو هەتا گەل زیاتر تووشی دەردو مەینەت دێ، لەشو بیری برایم زۆرتر ئازار دەکێشێ. ناوبراو بەو تەمەنە کەمەوە بارێک هەڵ دەگرێ کە زۆر لە خۆی زیادەو هەر بۆیە قورساییەکەی شەوو ڕۆژ هەست پێ دەکا. ئەو، ڕوو دەکاتە بنکەی پێشمەرگەو

لەچا لێنان و وڵات گەسکدان و تفەنگ خاوێن کردنەوەرا دەست پێ دەکاو چونکە ئیمانی بە رێبازەکەی بوە لێی مانـدوو نـابێ و جاردەگـەڵ جـار لێـی سەرخۆشـترە دەبـێ. لەیەکـەم سـاتەکانی پۆشـینی بـەرگی پیـرۆزی پێشمەرگایەتیدا بـرایم چـووکەڵی دەگـەڵ قارەمانـانی وەک: قاسم باقی،عوسمان دادخـا، وەسـتا ئەحـمەد، سەعدوون بارزان، محەمەد برایم ئۆف و ناسری باریک ڕووبەروو بوە کە ئوبووهەت و ئازایەتییەکەیان شوێنی قووڵی لەسەر داناوەو دەرسی نەترسانی فێر کردوە. (مخابن ئەو تێکۆشەرانە دواتر بەڵێنی پێشمەرگایەتییان بردە سەر و ڕەگەڵ کاروانی نەمران کەوتن).

ڕەوتی بەرەو پێشەوە چوونی ڕووداوەکانو سەختو خوێناویتر بوونی خەبات، هەروەها چوونە سەری تەمەنو زانیارییەکانی برایم چووکەڵی، ئەویان لەکڵ دەرێناو بۆ بەردەوامیی خەبات و خۆڕاگری بە تەواوی ئامادەیان کرد. ڕۆژو مانگ و ساڵ دێن و تێ دەپەڕن. لە لایەک ئاشی لەش هاڕینو خوێن ڕشتنی دەزگای سەرکوت خێراتر دەبێو لە لایەکی دیکەش هێزی بەرەنگاریی کورد ڕێکخراوترو بە بەرنامەتر مەیدانداری دەکا. لە نێو ئەو پێچ و خەمەی "مەرگ و ژیان"دا، ئەسپی سەرکێشی برایم لەوچان ناکەوێ و هەتا "گۆم قووڵتر دەبێ چاکتر مەلەی دەکا". لەهەموو ئەو ساڵە سەختو لە بیرنەکراوانەدا، کوڕی کوردی نێوسەنگەر تفەنگ لەشان، ڕەختو دەراغ لەقەد، کۆڵەپشتی لەپشت، پووزەوانە هەڵکێشراو، لەسەر هەست و چاو بەمۆلەق، ئەم شاخ و ئەو دۆڵ دەکا، سەری گوندان دەدا، لە جادان دەپەڕێتەوە، باریکە ڕێی مین ڕێژکراو تاقی دەکاتەوە، کەمین دادەنێ و کەمینی دوژمن تێک دەشکێنێ، پێشی پەلاماری سوپای داگیرکەر دەگرێو لە سەنگەری بەربەرەکانیدا قارەمانانە ڕادەوەستی، بە سەختی بریندار دەبێ و لە کاروان بە جێ دەمێنێ، تەرمی هاوڕێی شەهیدی بەسەر دادەمێنێتەوەو لەتاوی ئەو ژانی برینی خۆی لەبیر دەچێتەوە، ڕەحمو دڵفرەوانیی خەڵکە خۆشەویستەکەی دەبینێ و دەگەڵ ئازارو ماڵ وێرانییەکانیان ئاشنا دەبێ، لەهاوڕێی نێو سەنگەری بە ڕق دادەچێ و دواتر دەگەڵی ئاشت دەبێتەوە، هەتا قووڵایی دڵی دوژمن نفووز دەکا و لەشیرین خەودا بەدیلیان دەگری، لە ژێر قورسایی ڕەهێڵەی تۆپو خۆمپارەو کاتیۆشادا ناچار پاشەکشە دەکاو ڕێی چەند ڕۆژان بە چەند کاتژمێر دەبڕێو... بەڵێ ئەوانە و دەیان و سەدان تابلۆی سرنج ڕاکێشی دیکە بەشێک بوون لە ژیانی برایم چووکەڵیو هاوخەباتانی کە خوازیارانە ئەو ڕێگایەیان هەڵبژاردبوو، ئازایانە بڕیان و سەربەرزانە درێژەیان دا.

لە بارەی ئەو خەباتکارانەی کە چووکەڵی لە ماوەی پێشمەرگایەتیی دا ناسیونی پرسیاری لێ دەکەم. لیستەیەک ڕیز دەکا کە سەروبنی دیار نیە. بەشێکی بەرچاو لەوانە لەنێومان دانەماون و تەنیا یادو وێنەیان خانەی بیرەوەرییەکانمانی داگیر کردوە. بەشێکی دیکە لەو خەباتکارانە بە ساغی یان سەقەتی هەروا درێژە بەژیان دەدەن و تەنانەت ئێستاش هۆی گەرم ڕاگرتنی کوورەی خەباتن.

پاشان باسی ئەو ناوچانەی لێ دەپرسم کە لەو ماوە دوور و درێژەدا خزمەتی تێدا کردوون. وەڵامی چووکەڵی بەم جۆرەیە: "بەشی هەرە زۆری پێشمەرگایەتیی من لە دەورانی سەخت لە بۆکان بوە. لە ١٣٦٠/٨/١٨ بوومە پێشمەرگە، ساڵی ٦٣ بوومە سەرپەل، ساڵی ٦٦ بوومە فەرماندەی لک و هەر زستانی ئەو ساڵە بوومە ئەندامی کومیتە شارستانی بۆکان، دوو ساڵ هەم ئەندامی کومیتە شارستان هەم فەرماندەری لک بووم. ساڵی ٦٩ و ٧٠ سەرلک و ساڵی ١٣٧١ لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە وەک فەرماندە هێزی ٢ی ڕێبەندان دیاری کرام. ساڵەکانی ٧٢و ٧٣و٧٤ وەک فەرماندەری هێزی بەیان کارم کرد، ساڵی ٧٥ و ٧٦ تا کۆنگرەی ١١ فەرماندەری هێزی پارێزگاری و دوای کۆنگرەی ١١ وەک بەرپرسی کومیتەی شارستانی بۆکان دیاری کرام. ساڵی ٧٨ وەک فەرماندەری تیپی ناوەندی ٢ دیاری کرام. لەو ئەرکەدا کارم کرد تا ساڵی ١٣٨٥. دوای لەتبوونی حیزب بوومە بەرپرسی فێرگەی سیاسی- نیزامیو لە کۆنگرەی ١٤ بوومە جێگری کۆمیتە ناوەندی و بەرپرسی فێرگەی سیاسی- نیزامی و تا نووسینی ئەم دێرانە ئەو ئەرکەم هەیە". سەیری ئەو هەڵدانو خۆ پێگەیاندنە بکەن. کورە کوردێکی گوندنشین بە تەمەنی زۆر کەمەوە خۆشییەکانی ژیان جێ دێڵێ، چەکی شانازی لەشان دەکا، هەرچی بۆی دیاری دەکرێ ئەنجامی دەداو بۆ هەرشوێن بەڕێ دەکرێ ملی لێ دەنێ، سەختی دەبینێو ئازار دەکێشێ، بریندار دەبێو لە مەرگ رزگاری دەبێ، دەکەوێ و هەڵ دەستێتەوە، کۆڵ ناداو ورەی بەرزە و... هەر بۆیە دەکەوێتە بەر دڵی فەرماندەرانی، بەرپرسایەتی پێ دەسپێردرێ، تاقی دەکرێتەوەو بۆ کاری تاقەتبڕ هەڵدەبژێردرێ. ئەویش نای نیە. هەمووان ئەنجام دەداو ورتەی نایە. پلەکانی سەرکەوتن دەبڕێ و خۆی بەو جێیە دەگەیەنێ کە شیاویەتی. پیرۆزی بێ و هی دیکەشی بەدوودا بێ.

چووکەڵی هەر بەشەڕکەرێکی نێو سەنگەرو فەرماندەرێکی بەوەجو کادرێکی تەشکیلاتی نەناسراوە. ئەو هەوڵی داوە لە کاروان جێ نەمێنێ و خۆی دەگەڵ ڕەوتی زەمان بگونجێنێ. ناوبراو لەبواری دیکەشدا خۆی و بیرو قەڵەمی تاقی کردۆتەوە کەچەند بەرهەمی لێ کەوتۆتەوەو وەک بۆ خۆی دەڵێ هی دیکەشیان بەدوو دادێ: "لەوەختی بێکاریدا خەریکی نووسینی خاتراتم. هەتا ئێستا ئەم کتێبانەم چاپو بڵاو بوونەوە:

١- چەپکێک گوڵاڵە سوورە

٢- لەچیاکانی موکریان تادەشتی کۆیە،

٣- ئەزموونەکانی مودیرییەتی فەرماندەهی لەشەڕی پارتیزانیدا

٤- قەڵای بەرخۆدان

٥- رۆژەسەختەکان

٦- ئەستێرە گەشەکانی ڕێی خەبات،

٧- فەرماندەرانی شەهید کە لەبەر دەستتاندایە. وێڕای ئەوانە کاک برایم دوای فەرماندەرانی شەهید، بەرنامەی "بەرخۆدان" لە تلویزیۆنی "کوردکاناڵ" بەڕێوە دەبا کە ئەویش باسی خەباتی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەیە.

تێکۆشەر برایم چووکەڵی پاش زیاتر لە سێ دەیە خەبات و خۆماندوو کردن لە پێناو ئامانجە بەرزەکانی گەلەکەیدا ودوای دووجار بریندار بوون لەشەش جێگای لەشییەوە و لاقێکی سەقەت، ئێستا هەڵگری کۆڵێک بیرەوەریی خۆشو ناخۆشو دەریایەک زانیاریی بە نرخە.

هەروەها لە کۆنگرەکانی ١٥و١٦ وەک جیگری کۆمیتە ناوەندی هەڵبژێرایەوەو لە کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامیی کار دەکا. بەرێزیان خێزاندارەو بەرهەمی ژیانی هاوبەشی دوو کچ و کوڕێکە کە هیوای تەمەن درێژیو بەختەوەرییان بۆ دەکەم. من لە خوێندنەوەی ئەو بەشە کەمەی ژیانو خەباتی کاکە برایم تێر نەبووم و دەزانم ئێوەش چێژی لێ وەردەگرن. هەر بۆیە هیوادارم هەمووومان (من جارێکی دیکە و ئێوەش بۆ یەکەم جار) لە "مێژووی زیندوو" دا بیخوێنینەوە. هەتا ئەو کات شادی بۆ هەمووتان.

هەیاس کاردۆ - ئوسترالیا - ١٢ - ٨ - ٢٠٠٩

تێبینی: ئەم نووسراوە تازە کراوەتەوە و چەند گۆڕانکارییەکی تێدا پێک هاتوە.

هەیاس کاردۆ

رەشەممەی ١٣٩٥

# هێزی دالاهۆ




## خەلیل زەرع(ناسراو بە خەلیل خەلەبان)

ئەوە نزیک بە ٣ چارەگە سەدەیە حیزبی دێموکراتی کوردستان خەباتی بێوچان بۆ گەیشتن بە ئازادی درێژە دەدا، بە نێو گەردەلوولو گێژەڵوکەو تۆفانەکانی نێو مەیدانی خەباتو تێکۆشاندا کاروانی خەباتی ئەم گەلە چەوساوەیە بۆ پێشەوە دەبا، لەهەر بستە ڕێگایەکی ئەم ڕێبازەدا، لەهەر سەر پێچێکی ئەم ڕێگایەدا، لەهەر جێگایەکی ئەم مەیدانی خەباتەدا، خوێنی یەکێک لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات ڕژاوەو ڕێبازی خەباتی حیزبو گەل تونتترو ڕەنگینتر کردوە. کاروان کوژەکانی سەر ڕێگا لەبەر ڕووناکایی ئەو خوینانەدا ناسراونەتەوە کە حیزبەکەمان لەبەری ڕۆیشتوە. دوژمنانی گەلو نۆکەرانی کۆنەپەرستیو ناحەزانی حیزب بە بەهای ئەو خوێنانە بەربەرەکانیان لەگەڵ کراوە کە لە پەیکەرەی حیزب تکاون. ئاڵای ئەو خەباتە لە ئاکامی ئەو خوێنەدا سوور بووە کە لە بەر ڕۆڵەکانی حیزبو گەل ڕۆیوەو ئاسۆی سووری ئازادی نەخشاندوە. زیاتر لە ٧٠ ساڵە حیزبەکەمان بە هەورازو نشێوی ڕێگای خەباتدا دێو ئەوەتا بێ پەروا بەرەو سەرکەوتن دەڕواتە پێش، بەڵام کێ هەیە نەزانێ کە لە ماوەی زیاتر لەو ٧ دەیەدا حیزبەکەمان باشترین ڕۆڵەکانی خۆی تەنانەت ڕێبەرانی بەخت کردوەو بە خوێنی ئەوان ئاشی شۆڕشو خەباتی گێڕاوە. شەهیدانی ڕێگای ئازادی هێندە زۆرن کە هەر لاپەڕەیەکی مێژووی ئەو ٧٠ ساڵەی حیزبو نەتەوەکەمان بە خوێن نووسراوەتەوە.

چیا و پێدەشتەکانی نیشتمانی ئێمە کوردستانی قارەمان بەخوێنی شەهیدە سەربەرزەکانی رەنگین بووە. دارو دەوەنی ئەم نیشتمانە بە خوێنی گیانبازانو فیداکارانی رێگەی رزگاری و سەربەرزی پاراو کراوە بەشیکیان ئەو شۆڕشگێرانە بوون کە فەرماندەهی ئەو بەربەرەکانیانەیان لەبەرامبەر رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا کردو زۆر خۆڕاگرانە کۆڵیان نەداو تا دوا هەناسەی ژیان راوەستاونو سەرئەنجام گیانی خۆیان پێش هاوسەنگەرانیان خست، یەک لەو فەرماندانە، یەک لەو شانازی خوڵقێنەرانە، یەکێک لەوانە کە زۆر رۆژی پڕشنگداری بەرگریی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکانی کوردستان درووست کرد، ئاورێک لە ژیانی دەدەینەوە، فەرماندەی قارەمان شەهید خەلیل خەلەبان دەدەینەوە.

خەلیل زەرع ناسراو بە خەلیل خەلەبان لەساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی نیشتمان پەروەری شاری کرماشان چاوی کردەوە، لە دایکبوونی خەلیل بنەماڵەیەکی کوردی هەژاری گەشاندەوەو بزەی خستە سەر لێوان. لەتەمەنی شەش ساڵیدا رەوانەی قوتابخانە کراو زۆر زیرەکانە تا وەرگرتنی دیپلۆمی لە شاری کرماشان تەواو کرد، دوای تێپەڕکردنی ئەو دەورانە دەچێتە نیروی هەوایی ئەرتەشی شاو، دەورەی ئاموزشی لە هێزی هەوایی دەبینێو یەکێک لەو کەسە سەرکەوتووکان دەبێ، هەر بۆیە لە لایەن ئەرتەشی شاهنشاهی بۆ دیتنی دەورەی عالی رەوانەی ئەمریکا دەکرێو دوای تەواو کردنی دەورەکە بە سەرکەوتووی گەڕاوە ئێران.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان، لە لایەن دەزگاکانی رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو وادار دەکرێ کە بە مەئمووریەتی بۆمبارانی خەڵکی کوردستان بە ئەستۆی خۆی بگرێ، بەڵام خەلیل خەلەبان زۆر ئازایانە دەوەستێتەوەو بڕیار دەدا خزمەت بەو رێژیمە نەکاو بەرەو ئوروپا خۆی دەرباز دەکا. پاش ماوەیەک لەگەڵ شەهید دوکتور قاسملوو پێوەندی دەگرێو هەر لەو کاتە رێبەری شەهید داوای لێدەکا خزمەت بە نەتەوەکەی خۆی بکاو لە ریزی تێکۆشەرانی دێموکڕاتدا خەبات دژی زۆرداری بکا. خەلیل خەلەبان داواکەی قەبوول کردو لەرێگای تورکیەوە بەرەو کوردستان گەڕایەوەو لەریزی تێکۆشەرانی دێموکڕات لە ورمێ دەستی بە کار کرد، دەست بە کاربوونی خەلیل خەلەبان لەراستیدا نیشانەی ئەوەیە کە بیروباوەڕێکی قووڵی بە خەباتی نەتەوەکەی هەبوو چونکی دەیتوانی ژیانێکی خۆشی ئوروپای هەڵبژێرێو خۆی دوور لە هەموو ناخۆشیەکو شەڕو هەڵای کوردستان دوور رابگرێ، بەڵام ئیمان بە خەباتو تێکۆشان وای لێکرد کە تا کاتی شەهید بوونی ساتێک نەوەستا.

خەلیل خەلەبان پاش ماوەیەک پێشمەرگایەتی لە ناوچەی ورمێ داوای لە رێبەری شەهید دوکتور قاسملوو دەکا کە ئەرکی زیاتری پێ بسپێردرێ، هەربۆیە لە سەرەتایی ساڵی ١٣٦٢ وەک فەرماندەری هێزی بەیان دیاری دەکرێو لەو ناوچەیە زۆر عەمەلیاتی قارەمانانە لەو ناوچەیە وەک باغیئەحمەدی، کورەخانەکانی ساروقامیش،

نێوشاری بۆکان، ئەربەنووسو چەندین عەمەلیاتی گەورەی دیکەی فەرماندەهی کرد کە ئێستاش خەڵکی ئەو ناوچەیە لە بیرو زەینیاندا ماوەتەوە.

خەڵێل خەلەبان هەتا رۆژی شەهیدبوونی کە هەموو خەڵکی بۆکانو ناوچەی کرماشان دەیناسن بە چ دڵسۆزییەکەوە هەر بەردەوام درێژەی بە خەبات دەدا. دیارە فەرماندەی وەک خەلیل خەلەبان لەو هەلومەرجەدا بۆ خۆی کۆڵەکەیەکەو بنچو بناوانەو ریشەکانی حیزب بەتایبەتی لە ناوچەی کرماشانو هێزی دالاهۆ بوو کە دای کوتاوە لە کۆمەڵی کوردەواریدا قایمو موحکەم هەمیشە درێژەی دا. بە بێ لەخۆبایی بوون دەتوانین بڵێین خەڵکی کوردستانیش باش دەزانن نەک هەر ژیانی خۆشی بە جێهێشت بەڵکو تەواوی ژیانی بۆ رزگاری نەتەوەکەیو حیزبەکەی دانا.

پاشان کە هێزی دالاهۆ لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە درووست دەکرێ خەلیل خەلەبان وەک فەرماندەری ئەو هێزە دیاری دەکرێ، لە ماوەیەکی کورتدا نیشانیدا کە بە لێهاتووییو فیداکاریی چەندین عەمەلیاتی گەورەی لەو ناوچەیە بەرێوە برد کە ناوچەکانی گۆران، قەڵخانی، تفەنگچی شاهیدی بۆ ئازایەتی ئەو قارەمانە بوون.

رێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە هەوڵی زۆریدا بۆ تێرۆر کردنی فەرماندەی قارەمانی حیزبەکەمان، بەلام بەداخەوە بە هۆی خۆفرۆشێکەوە لە کاتێکدا کە لە بەرێوەبردنی مەئموورییەتی حیزبی لەناو شاری کرماشان دەگەرێتەوە لە نزیک "کوزران" دەکەوێتە داوەو بە دیل دەگیرێو رەوانەی سیاچاڵەکانی رێژیمی ئاخوندی کرا. خەلیل خەلەبان لە زینداندا کەوتە بەر ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر، بەلام لێوی لە ئاستی نەهێنییەکان هەڵنەپچرێ، نەیان توانی ئیرادی پولاینی تێک بشکێنن، دڵی خۆی کردە گۆرستانی نهێنییەکانی حیزب، بۆیە جەلادانی کۆماری ئیسلامی بریاریاندا گولله بارانی بکەن. بە داخەوە رۆژی ٢ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە زیندانی دیزێل ئابادی کرماشان گولله بارانی دەکەنو گیانی خۆی پێشکەش بە نەتەوەکەی کرد.

---




**حەسەن مەقسوودیان ناسراو بە (کاکی حەسەن)**

نەتەوەی کورد بە بارتەقای بالآی مێژوو لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی رزگاری خوازانەی خۆیدا، ماندوونەناسانە درێژەی بە تێکۆشان داوەو لەبەرانبەر زەبرو زەنگو ئێعدامو رەشەکوژیو سەرکوتو خەفەقاندا ملی بۆ داگیرکەرانو چەوسێنەران ڕانەکێشاوەو بە چۆکدا نەهاتووە. رۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە لێبڕاوانەو بە ئیمانێکی پۆلاینەوە درێژەیان بە خەبات داوەو لە پێشکەش کردنی گیانی پاکیان بۆ دابین کردنی ویستوداخوازەکانی نەتەوەیی‌یان بەر چاوتەنگ نەبوون.

حەسەن مەقسوودیان ناسراو بە کاکی حەسەن لە ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی کوردەواری لە ئاوایی "قۆچی‌باشی" سەر بە شارستانی سەرپێڵی‌زەهاو چاوی بە دنیای روون کردەوە وەک هەموو منداڵانی لادێیی کە ژیانی دایکو بابیان بۆ خەڵکی ناوچە روونە وەک بنەماڵەکەی دەژیا، وەک ئەوانیش لە رەنجو کوێرەوەریدا گەورە بوو. لە تەمەنی شەش ساڵیدا رەوانەی قوتابخانە کراو تا پۆلی سێهەمی ناوندی دەرسی خوێند.

پاشان لە تەمەنی ١٨ساڵی بە ئیجباری رەوانەی سەربازی کرا. کاکی حەسەن لە سەربازی روتبەی دەرەجەداری لە واحیدی تۆپخانەو تانک وەرگرت. پاش شۆڕشو لە گەرمەی شەڕی ئێرانو عێراقدا، لە ئەرتەش هاتە دەرو ئیتر وازی لە ئەرتەشی هێناو بڕیاریدا خزمەت بەرێژیمێک نەکا کە حاشا لە نەتەوەکەی بکا. پاشان کە شەڕی ئێران وعێراق بەردەوام بوو، زۆربەی خەڵکی یارسان کەوتنە بەر هەڕەشەی نەمانی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەویش لەگەڵ بنەماڵەکەی پەڕیوەی کوردستانی عێراق بوون. ژیانی سەختو تاقەت پڕووکێن هەستی شۆڕشگێڕانەی لە وجوودی کاکی حەسەندا خوڵقاندو دواتر ئەو هەستە بوو بە بیروباوەڕی سیاسی.

ئەو بۆ گۆڕینی ئەم وەزعە دژوارەی کە بە سەر ژیانی خۆیو گەلەکەیدا زاڵ بوو ڕێگای خەباتی لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا گرتە بەرو، لە ساڵی ١٣٦٢کە بڕیاری دامەزرانی کۆمیتەو هێزی دالاهۆ درا، ئەویش لە یەکەم کەسەکان بوو کە بەرگی پێشمەرگەو چەکی دیفاع لە مافو ئازادییەکانی گەلەکەی لەشان کرد. ئەو پێشمەرگەیەکی ئازاو بە ئیمانو خوو ڕەوشت بەرز بوو، زوو توانی لە نێو هاوسەنگەرانی پێشمەرگەدا جێگای خۆی بکاتەوەو ڕێزو خۆشەویستی ئەوان بۆ لای خۆی رابکێشێ.

حەسەن مەقسوودی ناسراو بە کاکی حەسەن پاش ماوەیەک کاری پێشمەرگایەتی بە هۆی ئاگاهی سیاسی وەک کادری لک لە هێزی دالاهۆ دیاری کرا، ناوبراو بەردەوام بۆ پێگەیاندنی هاوسەنگەرانی بۆ ساتێک نەوەستا بەردەوام کلاس و کۆبوونەوەی سیاسی بۆ دەگرتن، کەسایەتییەک بوو تا بڵێی دڵگیر، دڵسۆز چالاکو جێگای بڕوا بوو. لە شەڕەکاندا هەمیشە ڕۆڵی ئازایانەی دەگێڕا. جارێک لە شەڕدا برینداری بوو کە برینەکەی قورس بوو، بەڵام ئازاتر لە پێشوو هاتەوە مەیدانی خەبات دژی داگیرکەرانی کوردستان. ئەو بێجگە لەوە پێشمەرگەی ئاموزشی سیاسی دەدا، ئازایەتییەکەی وێردی سەر زمانی هاوسەنگەرانی بوو.

پاش ماوەیەک لە کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستانی دالاهۆ وەک ئەندامی کۆمیتە شارستان هەڵبژێردرا، کاکی حەسەن لەکاری پێشمەرگایەتیشدا کوڕێکی وشیارو چالاک بوو لە هەموو دەرفەتێک بۆ بردنە سەری پلەی زانیاری سیاسیو نیزامیی خۆی کەڵکی وەردەگرت. ئەو هەوڵی دەدا شتی نوێ فێر بێو لەمەیدانی کردەوەدا کەڵکی لێ وەربگرێو بیکاتە تێشووی ڕێگەی خەبات.

کاکی حەسەن بە کردەوە نیشانیدا ئیمانی بە حەقانییەتی خەباتەکەی هەیە، هەربۆیە دڵسۆزانەو هەڵسوڕاوانە بۆ ناساندنی سیاسەتی حیزبەکەی بۆ زەحمەتکێشانی کوردستان تێدەکۆشاو لەم ڕێگایەدا لە هیچ هەوڵێک دریغی نەدەکردو بۆ ڕوونکردنەوەی زەحمەتکێشانو ناساندنی نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی هەوڵی دەدا.

ناوبراو کاری سیاسیو نیزامیی تێکەڵاو کردبوو، لەهەر شوێنێک بە پێویستی زانیبا دەستی بە تەبلیغاتی حیزبیو ڕوون کردنەوەی خەڵکی دەکرد، لەهەر جێگایەکی دیکە پێویست بایە لە مەیدانی شەڕ بوو. کاکی حەسەن کوڕێکی لەبەر دڵانو بە نەزمو لەسەرخۆو بە بیروباوەڕو هەڵسووڕ بوو، سیاسەتەکانی حیزبی لەنێو خەڵکدا بە باشی شیی دەکردەوە. بۆ هەموو مەئمووریەتێک سەر لە پێناو بوو. وێڕای ئەوانەش ئەو خۆشەویستی خەڵک بوو. کوڕێکی بە ئەخلاقو ڕەوشت پاکو خاوەن ڕەوشتی شۆڕشگێڕانە بوو و بە هەموو هێزو تواناوە بۆ بەرەوپێش بردنی سیاسەتەکانی حیزب هەوڵی دەدا.


بە هۆی لێهاتووییو کارامەیی زۆر بەرپرسایەتی پێ سپێردرا ئەندامی کۆمیتەشارستان، بەرپرسی ناوچە، بەرپرسی ماڵی، کادری کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامییو بەرپرسی کۆمیتە شارستانی دالاهۆ.

**کاکی حەسەنی هەڵکەوتوو لێهاتوو، لەم بەرپرسایەتیانە رووسوور هاتەدەرو زۆر ئازایانە ئەرکەکانی بەرێوە دەبرد. بە توانایی لە بەرێوەبردنی سیاسەتی نیشتمانپەروەرانەو شۆڕشگێڕانەی حیزبی دێموکڕات، لێزانی، دڵسۆزی، هەوڵو تێکۆشانی بێوچان ئەویان کردبووە سیمایەکی جێگای متمانە لە نێو خەڵکی ناوچەدا.**

**تەنیا کادرێکی سیاسی لە ناو حیزبدا نەبوو بەڵکوو پێشمەرگەیەکی ئازاو نەترسو لەخۆبووردوو بوو. لە شەڕەکانی ناوچەی دالاهۆدا قارەمانەتی لەخۆی نیشان دەدا.**

**کاکی حەسەن مەقسوودی بۆ ئەنجامی مەئمووریەتی حیزبی بۆ بەرێوەبردنو راپەڕاندنی کاری حیزبی لە شوێنێک بە ناوی "سیاوانە" لە ناوچەی دالاهۆ بە پیلانێکی خائینان و خۆفرۆشان کە لوولەی چەکەکانیان بەرەوسینگی پڕ لە ئاواتو ئارەزووی راگرتو دەسرێژیان لێکردنو شەهید دەکرێنو خوێنی تێکەڵ بە خوێنی ٣ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی ئەردەشیر خوسرەوی، فروغ خزریو حەسەن سەلیمی گیانی شیرینیان لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی گەلەکەی کە لە سیاسەتو بەرنامەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان رەنگیان داوەتەوە بەخشی. شەهید کاکی حەسەن وەک هەموو شەهیدانی گەل مانای راستەقینەی ژیانی بۆ دەرخستینو فێری کردین لە پێناوی سەرکەوتنی شۆڕشدا لە بەخشینی گیانیش درێغی نەکەین لە دڵی گەورەی گەلو دەروونی پاکی نیشتماندا جێگامان هەبێ.**

---




## حەکیم رەزایی

بەدرێژایی تەمەنی مێژووی ژیانی مرۆڤەکان زۆر کەسان، هەوڵی نەمردنو ژیانی هەمیشەییان داوەو زۆریشیان ئازارو ئەشکەنجە لەو پێناوەدا کیشاوە. بەڵام هیچیان وەکوو شەهیدانی ڕێگای سەربەستی گەل ژیانی نەمرو پیرۆزیان نەدیتووەو نەدیتۆتەوە. ئەوانەی لەمردن دەترسێنو لەبەری هەڵدێن، لە هەموو ژیانیاندا مردنیان لێ جودا نابێتەوەو هەر بە مردوویی دەژین. شەهیدان کە سەریان دادەنێنو دایناوەنێنو ڕووبەڕووی مردن دەبنەوە مەرگ دەمرێننو ژیانی هەمیشەیی بۆ خۆیان دابین دەکەن. ئەوانەی گیانیان دەدەن بۆ ژیان، ژیان تاجی ژین دەنێتە سەریان، هەر کەس بیهەوێ ڕێزی ژیان بگرێ، ژیان بەوەفایەو ناهێڵێ لە یاد بچێتەوە. یادی کادری تێکۆشەر کە لەراستیدا خەنجەری هەڵکێشراوی ئاراستەی جەستەی زۆرداران بوو. شەهید حەکیم رەزایی دەکەینەوە.

حەکیم رەزایی لەو سەروبەندە کە ڕێژیمی پاشایەتی سێبەری شومی خۆی بەسەر وڵاتدا کێشا لەشاری پاوە لە بنەماڵەیەکی کەم دەرامەتو زەحمەتکێش لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی چاوی بە دنیای پڕ لە کوێرەوەری هەڵێنا. لە باوەشێ دایکی خۆشەویستیدا گەورە بوو دوای تێپەڕاندنی قۆناغی منداڵی، لە حەوت ساڵاندا رەوانەی قوتابخانە کرا. حەکیم رەزایی لە وانەکانیدا زۆر زیرەک بوو بۆیە هەموو ساڵێ بە پلەیەکی باش لە قوتابخانەدا پۆلەکانی خوێندنی تێدەپەڕاند. بەمجۆرە تا چواری دەبیرستان لە شاری پاوە دەرسی خوێند. پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن ئەگەرچی بۆ ئەو کارێکی دژوار بوو بەڵام رووی لە شاری کرماشان کردو لەو شارە بە ناچاری بۆ بژێوی خۆی تا بتوانێ خوێندن تەواو بکا رۆژانە دوای تەواو بوونی وانەکانی دەستی بەکار کردن دەکرد، هەربۆیە زۆر ئازایانە هەم دەرسی دەخوێندو هەم ژیانی نەمر نەژی خۆی دابین دەکرد. حەکیم رەزایی

لەساڵی ١٣٥٦ توانی بڕوانامەی فەوقی دەیپلۆم لەرشتەی زانستی ئینسانیدا وەرگرێو پاش چەند مانگ ڕەوانەی سەربازی بکرێ.

حەکیم ڕەزایی لە قۆناغەکانی خوێندندا لەگەڵ باوەڕ پێ کراوەکانی باسی چەوسانەوەی گەلەکەی و زوڵم و زۆری ڕێژیمی پاشایەتی دەکرد و ڕێگای ڕزگار بوون لەم ژیانە پڕ لە ئازارەی لە گەڵ دێنانە گۆڕێو بێ پسانەوە بیری لەو قۆناخە پڕ لە تەنگو چەڵەمەیە دەکردەوەو ڕێگای ڕزگاریو خۆدەرباز کردنی بەدی نەدەکرد. خەبات بۆ ڕزگاری لە چنگ زوڵمو زۆرو چەوسانەوە بۆ حەکیمی لاو ببوو بە ئاواتو ئارەزوو. بەڵام نەیدەزانی لە چ ڕێگایەکەوە بۆی بچێو لە کوێوە دەست پێ بکاو چۆنو لە گەڵ کێ وەڕێ کەوێ بە چ شێوەیەک لە پێناویدا ئەرکی سەر شانی بە ئەنجام بگەیەنێ. سەرئەنجام جموجۆڵ بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی لە شارە گەورەکانی ئێران دەستی پێکردو بۆ شارەکانی کوردستانیش پەرەی ستاند. تەنیا چەند مانگێک لە سەربازی بوو کە ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی بەرەبەرە خۆپێشاندان بە دژی ڕێژیم دەستی پێکرد. حەکیم ڕەزایی وەک سەربازێکی شۆڕشگێڕو لاوێکی کورد هەستکردن بەزۆڵمو زۆر لەنەتەوەکەی ڕیزی ئەرتەشی شاهنشاهی بەجێهێشتو وێڕای خەڵک تێکەڵ بەدەریای خروشانی شۆڕش بوو، هەر لەبەر ئەوە بوو کە لە لایەن ساواکەوە گیراو ڕەوانەی زیندانی پادگانی بێستوونی کرماشان کراو لە زینداندا زۆریان ئازارو ئەشکەنجەدا. بەمجۆرە حەکیم ڕەزایی تا ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە زینداندا مایەوە.

کاتێک لە ١١ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٥٧ تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕادەگەیەندرێو بنکەکانی لە ناوچەی پاوە دەکرێتەوە، حەکیم ڕەزایی یەکێک لەو لاوە ڕووناکبیرانە بوو کە هاتە ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکڕاتو زۆر ئازایانە قۆڵی بۆ خەباتو تێکۆشان لێ هەڵماڵی. سەرەتا بە هۆی ئەوەی شارەزایی لە نووسینو ئەدەبییاتی شۆڕشدا ئاشنایەتی هەبوو وەک بەرپرسی بەشی ئینتشاراتی حیزب لە پاوە دیاری کرا. پاشان بە هۆی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان لەشەڕی سێ مانگەدا کاری تداروکاتی هێزی پێشمەرگەی کەوتە سەرشانو وەک قارەمانێکی مەیدانی خەبات لەوسەنگەردا بەرگری لە ئاوو خاکو نیشتمانەکەی دەکرد. دوای ئەوەی کە هێزی پێشمەرگە لە پاییزی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا سەر لە نوێ شارەکانی کوردستانی لە چنگ داگیرکەران دەرهێنا، حەکیم ڕەزایی کاری تەبلیغیو ئینتشاراتی دەست پێکردەوەو هاوکات لەگەڵ کاری خۆی بەرپرسایەتی یەکیتی لاوانی وەستۆ گرتوو بۆ کار لە نێو لاواندا لە شارەکانی پاوە، نەوسودو نۆدشە ئەرکی قورسی لەسەر شان بوو، بە هەموو شێوەیەکی گونجاو بۆ کاری لاوان تێدەکۆشا.

حەکیم ڕەزایی بە هۆی ماندووبوونی بێوچان توانی دەنگی متمانە لە ناوچەی پاوە بێنیتەوەو لە کۆنگری ٤ی حیزبی دێموکڕات لە مانگی ڕێبەنداندا بەشدار بێو دوای تەواو بوونی کۆنگرە بە ئامادەگیو عەلاقەیەکی دیکەوە بۆ میدانی خەبات گەڕایەوە.


ناوبراو ساڵی ١٣٦٠ لەکاتێکدا کە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی پاوەو بەرپرسی یەکیتی لاوان بوو بەهۆی لیهاتوویی بە مشاویری کومیتەی ناوەندی دیاری کراو پاشان وەک بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە هەورامان دیاری کرا. ئەو توانی ئەو مەسئوولییەتە بەوپەڕی لێهاتووییەوە بەڕێوە بەرێ‌و، بوو بە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەو، کادرو پێشمەرەگانی ئەو مەڵبەندە. ناوبراو بەراستی بوو بە کادرێک کە سەداقەتو دڵسۆزی راستی‌و پاکیی خۆی نیشان داو، دەریخست کە رۆڵەی وەفاداری حیزبەکەیەتی. پێشمەرگەیەکی ئازاو کادرێکی قاڵبووی کوورەی خەبات بوو. هەر لەگەڵ ئەوەشدا رەوشت پاکو زمان شیرین وخاوەنی کەسایەتی یەکی بەرزی شۆڕشگێڕی بوو، هاوسەنگەرانی بەگشتی خۆشیان دەویستو رێزیان لێ دەگرت. ژیانی پێشمەرگایەتی لە هەموو شتێک خۆشتر دەویستو ئامادە بوو هەموو بەرژەوەندییەکی شەخسی خۆی لە پێناویدا دابنێ. ئەو تایبەتمەندییانە بوونە هۆی ئەوە لە کۆنگری ٥ی حیزبدا وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوندی هەڵبژێردرێ‌و کارو ئەرکو تێکۆشانی سادەقانەی بەڕیوە دەبرد، هەر بۆیەش لە کۆنگرەکانی شەش‌و حەوت سەر لەنوێ وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرایەوە. دوای کۆنگرەی ٧ی حیزب وەک بەرپرسی مەڵبەندی ٢ی جنووبی کوردستان دیاری کراو تا کاتی شەهید بوونی زۆر شێلگیرانەو لێبراوانە ئەو ئەرکەی بەجێ گەیاند.

حەکیم رەزایی لاوێک بوو نەتەوەکەی خۆش دەویست، خوینگەرم، بەتوانا، ئازاو شوجاع، ورەی هەمیشە بەرز دیار بوو، هیچکات لە کاری حیزبی ماندوو نەدەبوو لەکارو تێکۆشانی‌دا، لە خەبات کردن بۆ ئازادی قەت ناهۆمێد نەبوو، لە بەرامبەر ئەو کەسانەی دژی حیزب دەجووڵانەوە زۆر بەتوندی هەڵویستی دەگرت، پێشی بەهەموو جۆرە تەمبەڵی‌یەک دەگرتو رێگای بەکەسانی تەمبەڵو تەوەزل نەدەدا، ئەو بۆیەش حیزبەکەی خۆشی دەویست چونکی هەموو ژیانی بۆ حیزب وخەڵکی کوردستان بوو. ناوبراو گیان لەسەر لەپو، چرا بەدەستو، رابەری کاروانی نەپساوەی رێگای تێکۆشانی ئازادیخوازان بوو. بێباک لەمەرگ، بێ ترس لەمردن، سەرما و گەرما، برسییەتی‌و رووتی‌و هەر هەموویان لە ئاستی ئەودا بەشیان بەزین بوو. ئەگەرچی وەک پسپۆڕێکی کاری تەشکیلاتی لەئاستی حیزبدا ناوی دەرکردبوو، لە ئازایەتی‌و نەترسی‌و شەڕکەریدا، لە هیچ قارەمانێکی مەڵبەندەکەی خۆی نەدەمایەوە.

بە داخەوە رۆژی ٩ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشیان کردە سەر ناوچەی سەرشیوی سەقز لە شاخی ڕوش لە پشتی ئاوایی خورمتا، کە لەگەڵ بەرەنگاری رۆڵەکانی ئەو مەڵبەندە رووبەروو بۆوە، پاش چەندین سەعات شەڕو بەربەرەکانی پاشەکشەیان بە هێزی کۆنەپەرستی کرد. لەو شەرە قارەمانانەیەدا بوو کە حەکیمی رەزایی کادری لەخۆبووردوو، فیداکار، نەسرەوتووی حیزبەکەمان کەوتە بەر

گوللەی دوژمن‌و گیانی پێشکەش بە نەتەوە بەشخوراوەکەی کرد.

# هێزی شاهۆ




## عەبدوڵڵا بەهرامی

٢٩ی بانەمەری هەر ساڵێک یادی شەهیدبوونی هاوڕێی فیداکارو تێکۆشەر عەبدوڵڵا بەهرامی ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە.

ڕۆژی ٢٩ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٦٣ کوڕی شۆڕشگێڕی دێموکڕات لەشەڕێکی سەختو نابەرامبەردا لەگەڵ هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەناوچەی دیواندەرە لەگەڵ ٣ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی سەدیق ئەندام، ئەنوەر شیلانانو حەمەی ڕامین بۆ هەمیشە چاوی لەسەر یەک داناو چرای تەمەنی کوژایەوەو تێکەڵ بە کاروانی سەربەرزیو سەروەری شەهیدانی سوور خەڵاتی کوردستان بوو.

عەبدوڵڵا بەهرامی چۆن پێی نایە مەیدانی خەباتو تا دوا هەناسەکانی ژیان ئەو مەیدانەو ئەو ڕێگا پیرۆزەی بە شانازییەوە پێواو سەرئەنجان چۆن ڕێگاو ڕێبازی بۆ هاوسەنگەرانی بە جێ هێشت؟ باسی ژیانی دڵسۆزو نیشتمانپەروەرێک دەکەین کە هەموو پێی خۆشە بزانێو شارەزای دەردو ڕەنجەکانی، ژیانو بەسەرهات، هەورازو نشێوی خەباتی شۆڕشگێڕێک بێ، کە لەپێناوی ئازادیو ڕزگاری نەتەوەی بندەستی کورددا بەسەخاوەتەوە گیانی بەخشی.

عەبدوڵڵا بەهرامی ساڵی١٣٢٨ی هەتاوی لەشاری پاوە لەناوچەی هەورامان، لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە، لە داوێنی دایکێکی دڵپاکو ڕووسوور لە نێو سروشتی جوانو ڕازاوەی هەوراماندا گەورە بوو، بەرەبەرە کە گەورە بوو وێڕای ئەوە کە کوڕە گەورەی ماڵەوە بوو باوکی بۆ پەروەردە کردنی کۆرپە

خۆشەویستەکەی وەک زۆر منداڵی ئەو دەڤەرە رەوانەی قوتابخانە کراو بۆ ئەوەی رەنجی باوکی بەخەسارو بە بای دا نەداو زیرەکانەو دڵسۆزانە دەرسی خوێندو هاوینانیش بۆ ئەوەی لە ئێش و ئازارەکانی باوکی کەم کاتەوە قۆڵی لە کار هەڵدەماڵی و بتوانێ لانی کەم خەرجی خوێندنی خۆی دابین بکا. پاش تەواو کردنی پۆلی ٣ی ناوەندی، دەچێتە دانشسەرای کەشاوەرزی شاری کرماشان، پاش تەواو کردنی دانشسەرا، لە ئیدارەی کەشاوەرزی پاوە دامەزرا.

عەبدوڵڵا بەهرامی زەحمەتکێشی نەتەوەکەمان لە تەمەنی مێرمنداڵی یەوە، هەستی پاکی نیشتمانپەروەری و رزگاری، لق و پۆی لەشی داگرتبوو، هەست بە زوڵم و زۆری و بندەستی نەتەوەکەی هێنابوویە سەر ئەو بڕوایە کە کوردیش دەبێ بە سەربەستی و ئازادی بژی و دەسەڵاتی بە سەر چارەنووسی خۆیدا هەبێ. بۆیە حەولی دەدا کە فێری خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی بێ، شێعری شاعیرانی شۆڕشگێڕی کوردی لە بەر دەکردو هەستی خاوێنی خۆی پێ دەر دەبڕی.

عەبدوڵڵا بەهرامی لاوێکی وەرزشکاریش بوو وەرزش بۆ ئەو بیانوویەک بوو تا بتوانێ لەگەڵ وەرزشکارانی دیکە لە سەر هەژاری و بندەستی نەتەوەکەی بدوێ و هەستی کوردایەتی لەنێو دڵ و دەروونیاندا پێک بێنێ، ئەوە سەرەتایەک بوو بۆ ناوبراو کە زیاتر لەو بوارەدا هەوڵ بدا.

کارکردن لە ئیدارەی کشاوەرزی و پێوەندی نزیک لەگەڵ زەحمەتکێشانی وەرزێر، ناوبراویان زیاتر شارەزای دەردو ئازارەکان و خەمەکانی چەوساوانی کۆمەڵگاکەی کرد، ئەوە ئیمان و بڕوای لە دڵ و دەروونیدا پێک هێنا کە بۆ کۆتایی هێنان بە بارودۆخی ژیانی نالەباری چەوساوان دەبێ خەبات بکرێ. هەمیشە چاوی لە شەپۆلی قینی شۆڕشگێڕانەی خەڵک بوو. بەڵام زۆری نەخایاندو تەمەنی ٢٩ساڵە بوو کە ئاواتی گەورەی هاتە دی، لافاوی ئاگرو خوێن و بێزاری کۆمەڵانی خەڵک لە شارو گوندەکان هاتە کوڵین و وێرای خەڵک هەڵی کوتایە سەر داموو دەزگای رێژیمی پاشایەتیی دەنگی مێرانەی تێکەڵ بە هاواری زەحمەتکێشانی پاوە کردو ئاسەواری رێژیمی پاشایەتیان لەو ناوچەیەدا سڕییەوە.

بە ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان عەبدوڵڵا بەهرامی ئاسۆی روونی رزگاری نەتەوەکەی لە دروشمەکانی حیزبی دێموکڕاتدا بەدی دەکرد بۆیە بێ راوەستان وەک یەکەم کەس لەشاری پاوە پێوەندی بە حیزبەوە گرت، هەر لە یەکەم رۆژی دەست پێکردنی بەڵێنی بە حیزب و نەتەوەکەیدا کە تا وەدی هێنانی ئامانجەکانی نەتەوەکەی ساتێک لەخەبات و تێکۆشان نەوەستێ. حەول و تێکۆشانی عەولا بەهرامی و حەکیم رەزایی و هەموو دڵسۆزانی حیزبی لەشاری پاوە بوو کە ناوی حیزبی دێموکڕات لەهەموو ناوچەکانی هەورامان زار بەزار بگەڕێ و ببێتە خۆشەویستی خەڵکی زەحمەتکێشانی ئەو ناوچەیەو رووناکی خستە نێو دڵی پڕ لەئاواتی هەژارانی دەڤەری هەورامان.

مێژوو هیچکات لەبیر نەتەوەی زوڵم لێکراو ناچێتەوە، بە داخەوە بە هۆی پیلانی جۆراوجۆر شەڕی پاوە هەڵگیرساو نەیارانو دوژمنانی کورد لە نفوزی خۆشەویستی حیزبی دێموکرات لەنێو کۆمەلانی خەڵکدا نەترەیان چوو بوو، بۆیە تاوانی ئەو شەڕەیان خستە سەر شانی حیزبی دێموکڕاتو خومەینی کۆنەپەرست راستەوخۆ فەرمانی جیهادی دژ بە خەڵکی کوردستانی دەرکردو حیزبیشی (منحله) راگەیاند. بۆیە هێزە دژی گەلییەکانی کۆماری ئیسلامی پەلاماری کوردستانیاندداو دەیان تووله نەمامی کورد، بە بڕیاری بە ناو دادگای شۆڕش لەشاری پاوە، بە گوللەی پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامیی لە بن دیواری ماڵەکانیان ویشک بوونو گوللەباران کران کە بۆ هەمیشە بوو بە پەڵەیەکی پڕ لە نەنگو سەر شۆڕی بە نێو چاوانی کۆماری ئیسلامییەوەو، بوو بە هۆی ئەوە نێوەرۆکو ماهییەتی کۆنەپەرستانەی زۆر زوو بۆ نەتەوەکانی ئێران دەر بکەوێ.

دوای کارەساتی پاوە عەبدوڵلا بەهرامی وێڕای هاوسەنگەرانی بۆ درێژەدانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی رووی کردە کەژو کێوە سەرکەشەکانی هەورامانو ئازایەتیو سووربوون لەسەر رێبازیو هەڵوێستی بەجێی بەرامبەر بە هەموو ئەو کەسانەی کە دەیان ویست بزووتنەوەی کورد بەلاڕێ دابەرن.

تایبەتمەندی هەرە بەرچاوی رۆڵەی تێکۆشەر، لێهاتووییو کارزانی، ماندوو نەبوونی، سەداقەتو بیرو بڕوای پتەو قایمی ئەویان کردبووە خۆشەویستی خەڵکو هاوسەنگەرانی. هەر بۆیەش لە یەکەم کۆنفرانسی حیزبی لە هەورامان مەکۆی قارەمانەتی تێکۆشەرانی هێزی شاهۆ بە بەرپرسی کومیتەی شارستانی هەورامان دیاری کرا. زۆری نەخایاند لێوەشاوەییو شایستەگی لەم بوارەشدا نیشانداو لەلایەن حیزبەوە وەک ئەندامی کۆمیسیونی تەشکیلات دیاری کرا.

عەبدوڵلا بەهرامی بۆ جێبەجێ کردنی کارو بڕیاراتی حیزبی، ماندوویی نەدەناسیو بە عەلاقەیەکی زۆرەوە ئەرکی پێ ئەسپێردراوی رادەپەڕاندو لە هەر شوێنێکی کوردستان کاریان بۆ دیاری کردبایە بەوپەڕی سەداقەتو رێکوپێکی بەڕێوەی دەبرد. بەشداری عەبدوڵلا بەهرامی لەشەڕی شنۆو خۆڕاگری ئەم رۆڵە پێشمەرگەیە لە بەرانبەر هێرشی بەناوبانگی رێژیم بۆ سەر ئەو ناوچەیە، جێگای تایبەتی لە ژیانی پێشمەرگایەتی عەبدوڵلا بەهرامیدا هەیە.

عەبدوڵلا بەهرامی لە کۆنگرەی ٥ی حیزب بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب هەڵبژێردراو وەک بەرپرسی کومیتەی مەریوانو ئەندامی ناوەندی ئاژوان دیاری کرا. ئەو بە هەڵسووکەوتی جوامێرانەی، گوێگرتن بۆ هاوسەنگەرانی، راگەیشتن بەدەردو مەرگیان، شەریکی رۆژی تەنگانەو ناخۆشییەکانیان بوو، بە هەموو وجوودییەوە هەستی بە ئێشو ئازارەکانی خەڵکی ناوچەی مەریوانیش کردبوو. ئەو تەنیا کادرێکی سیاسی نەبوو بەڵکوو پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمانیش بوو لە رۆژی تەنگانەدا هەستی بە مەسئوولییەت دەکردو بە لەسەرەخۆیی بڕیاری دەدا.

لەمانگی سەرماوەزی ١٣٦٢ کاتێک هێزەکانی کۆماری ئیسلامی پەلاماری ئاوایی بێسارانی ناوچەی ژاوەرۆی مەریوانیدا لەو شەڕەدا بە داخەوە حیسام ئەسعەدی فەرماندەری هێزی زرێباری مەریوان شەهید بوو. دوای شەهید بوونی حیسام، عەبدوڵڵا بەهرامی بێ ئەوەی ورەی لەدەست بدا جێی بەتاڵی شەهید حیسامی لەو رۆژەدا پڕ کردەوەو فەرماندەهی ئەو شەڕەی کردو هێزەکەی سازمان داوەو بەرپرسایەتێەکی کەم وێنە، لە هوشیاری رۆڵەی دێموکڕات توانی ئەرکی سەختو دژوار لەو رۆژەدا بەڕێوە بەرێ.

عەبدوڵڵا بەهرامی تەنیا ئەو داستانەی تۆمار نەکرد بوو. لە ٢٥ی گلاوێژی ساڵی ١٣٦٢ رۆژێکی دیکە، لەرۆژە پڕ لەشانازییەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی ئەو شەهیدەیە. ئێوارێی ٢٤ی گەلاوێژ پێشمەرگەکان، تا بەیانی رۆژی ٢٥ی گلاوێژ بۆ ماوەی ١٦ سەعات رێگایان بڕی، لە سەعات ٦ی بەیانی لەنێوان ئاواییەکانی "کاکۆ زەکریا" و" دەرەهەر"ی ناوچەی بەرپلەی ساراڵ کەوتنە کەمینی دوژمنەوە لە یەکەم دەسڕێژدا سەلاح ئەحمەدی شەهید بوو، بەڵام فەرماندەری بەڕێوجێی عەوڵای بەهرامی، ئازایەتیو نەترسی ئەو فیداکارەو پێشمەرگەکان، توانیان گەمارۆی دوژمن تێک بشکێننو راویان بنێن. حەماسەو قارەمانەتی پێشمەرگەکانو فەرماندەهی ئەو نەمرە بەرادەیەک بوو کە عەبدوڵڵا بەهرامی لەسەر گلکۆی شەهید سەلاح رووی لەهاورێیانی کرد گوتی "ئەوە تەنیا ئیمانی پێشمەرگە بوو کە دوژمنی شکاند بڵێنی بە سەلاح دەدەین تا سەر وەفاداری رێگای بین."

پێشمەرگەی ئازا، کادری بە ئیمان، فەرماندەی بە توانا، لە کۆنگرەی ٦ بۆوە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو بە وزەو توانای پترو ئیمانێکی قوڵتر بە خەباتی نەتەوەکەی، وەک ئەندامی ناوەندی ئاژوان بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانی بەرەو جنووبی کوردستان وەڕێ کەوت، لە گەڕانەوەی بۆ ناوچە هێندە تێنەپەڕیبوو کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشیان کردە سەر ناوچە ئازاد کراوەکانی دیواندەرە، کە پاش شەڕێکی قارەمانانە بە داخەوە وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا لە گوندی "نەرگەسەڵە"ی دیواندەرە گیانی پێشکەش بە رزگاری نەتەوەکەی کرد.

---




**مستەفا حوسێنیو دوو برای شەهیدی**

دایەگیان توخواکەی ئەگەر بگریو لە سەرلەشی بێ گیانی رۆڵەی بێ نازت فرمێسک ببارێنی، تۆ خواکەی ئەگەر جلوبەرگی رەش بپۆشی، دوژمن بە خۆتو بە نەتەوەکەت خۆش بکەی. بە توسقاڵێک سرنجدان بە مێژووی خەباتی خوێناوی گەلان، بۆت دەر دەکەوی کە بۆ گەیشتن بە ئازادی دەبێ خوێن بدەی. ئازادی خوێنبایی‌یەکی گرانە کە بە لافاوی خوێنی هەزاران لاوی دڵسووتاوی دڵپڕ لەگڕی نیشتمانپەروەری وەدی دێ، ئەوە بۆ تۆ دایکی دڵسووتاو، روو دەکەمە شاهۆی چیای سەرکەش و سەربەرز لە نێو ئاسمانی کاروانی شەهیدانی ئەو مەڵبەندە، ژیانو بە سەرهاتی ٣ رۆڵەی پێشمەرگەت، ٣ کوڕی قارەمان، ٣ برای تێکۆشەر لە ماوەی چەند ساڵ خەباتی بێچانو کۆڵنەداندا، بە فیدا کردنی گیانی پیرۆزی خۆیانو رشتنی خوێنی پاکی خۆیان ئاگری ئەم خەباتە رەوایەیان گەشاوە راگرتو سەرئەنجام لاپەڕەکانی مێژووی خوێناوی میللەتیان بە خوێنی خۆیان نووسییەوە بۆ باس دەکەم.

مستەفا، تاهیر، سابیری حوسێنی، ٣ برا بوون لە گوندی "وارامچی" ناوچەی ئێناخی لە دایک بوون، تازە برا گەورەکەیان قۆناغی لاوی تێدەپەڕاند کە هەموویان لە خۆشەویستی باوک بێبەش مانەوە. دایە حەبیبە ٧ منداڵی بە سەغیری گەورە کردو٣ رۆڵەی پێشکەش بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو گەلی کوردی کردوە.

مستەفا حوسینی کوڕی محمدو حەبیبە، لە بنەماڵەیەکی هەژارو کەم دەرامەتی ناوچەی ئێناخی لە گوندی "وارامچی" لە دایک بووە.

مستەفا هەر لە سەرتای منداڵییەوە لە خۆشەویستیو سەرپەرستی باوکی بێبەش دەبێت. ئەرکی پەروەردە کردنی چوار براو دوو خوشک دەکەویتە ئەستۆی دایکێکی خۆڕاگرو دڵسۆز، هەر بەم هۆیەوە ئەم منداڵە بێ

باوکانە بە ناوی دایکیانەوە ناوبانگیان دەرکرد بوو.

ئەو دایکە قارەمانە، ساردو گەرمی چێشتوو ژیانی پڕمەینەتی لەو پەڕی دڵسۆزیو بەرپرسایەتیدا منداڵەکانی گەورە کردنو لەئاکامدا سێ کەس لە کوڕەکانی لەو پەڕی سەخاوەتو دڵ ئاواڵەییەوە پێشکەش بە بارەگای ئازادی خاکو نەتەوەکەی کرد.

مستەفا لەگەڵ کوێرەوەریو مەینەتییەکانی ژیان وردە وردە گەورە کرد بەهۆی نزیکایەتیو تێکەڵاوی ناوچەکە لەگەڵ شۆڕشی ئەیلول تێکەڵاوی سیاسەت و شۆڕش دەبێ.

ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی لە باشوری کوردستان پێوەندی بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە دەگرێ. دواتر بە هۆی ئاڵۆزی ناوچەکە بۆ خۆپاراستنو بەردەوام بوون لە خەباتدا بۆ ماوەیەک لەگوندی ماوەت لە پەنای باڵی مەکتەبی سیاسی پارتیدا لەگەڵ هاوڕێیانی نیشتەجێ دەبێو دواتر دەبێتە پێشمەرگەی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی.

بەهۆی لێهاتوویی‌و شارەزایی زۆر زوو بوو بە جێگای باوەڕی بەرپرسانو پلەی سەرلقی پێ سپێردرا. پاش هێور بوونەوەی کێشە نێوخۆییەکانی پارتی بە ڕەسمی بوو بە یەکێک لە سەر لقە سەرکەوتووەکانی پارتی لە ناوچەی هەڵەبجە. هەروەک باس کرا مستەفاو براکانی بە هۆی لە دەست دانی باوکیانەوە لە سەر دەمی منداڵیدا بە ناوی دایکیانەوە ناوبانگیان دەر کردبوو.

حەبیبە، کورت کراوەکەی حەبە ناوبانگە بۆ ئەم قارەمانانە، مستەفا حەبە ناوێکی دیاری نێو ڕیزەکانی پارتیو هەروەها خەڵکی ناوچەکەش بوو.

ساڵی١٣٥٧ لە پاش ڕووخانی نیزامی پاشایەتیو ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو دامەزرانی ڕێکخراوەکانی، لە شارو گوندکانی کوردستان، مستەفا دەبێتە ئەندامی کومیتەی هەورامانو جوانڕۆو پاشان وەک بەرپرسی نیزامیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو ناوچانە.

پاش ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتیو بێ سەرەو بەرەیی لە شارەکانی ئێراندا، لە لایەن کومیتەی جوانڕۆ وهەورامانەوە بەرپرسایەتی پاراستنی ئەمنیەتو ئارامی ناوچەکە بە شارو گوندەکانەوە بە مستەفا سپێردرا.

ناوبراو وەک کەسێکی خۆشناوو جێگای باوەڕی خەڵکی ناوچەکە لە کێشە کۆمەڵایەتیو سیاسیەکاندا دەوری بەرچاوی هەبوو. پاراستنی ئەمنیەتیو سمینارو کۆبوونەوە بەربڵاوەکان بۆ چارەسەرکردنی گرفتی ناوچەکە ڕۆڵی باشی گێڕا.

لە تەحەسونی" قوڕی قەڵا "وەک ئەندامی شوڕای تەحەسونەکە هەڵبژێردرا، پاراستنی ئەمنیەتی بەشدارانی تەحەسونیشی پێ ئەسپێردرا. لە هاتنی هەیئەتی حکومەت بۆ وتوویژ لەگەڵ شوڕای تەحەسونەکە دەورێکی زۆر باشی هەبوو.

پاشان سپای پاسدارانو جاشەکانو مەکتەبی قورئانییەکان کەوتبوونە پیلانگێڕی بۆ تێکدانی تەحەسونی قوڕیقەڵا. هەر بۆیە مستەفا بۆ پوچەڵ کردنەوەی ئەم پیلانە لە هەوڵو تەقەلا دابوو .

شەوی ٢٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ تیمێک لە هێزەکانی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو بەنیازی دزەکردن بۆ لای"قوڕی قەڵا "بوون لە نیزیک گوندی "بندەرە" دەکەونە کەمینی پێشمەرگەکانو لەتەقەو لێکدانێکی کورتدا چەند پاسدارێک دەکوژرێنو ئەوانی دیکە بەرەو دواوە پاشەکشە دەکەن.

رۆژی دوای ٢٥ی گەلاویژ پاسدارو جاشەکانی بە هەموو هێزیانەوە پەلاماریان هێنایەوەو پاش شەڕێکی خوێناوی بە داخەوە مستەفا بریندار دەبێ لەڕێگای نەخۆشخانە بە هۆی کاری بوونی برینەکەی شەهید دەبێ. هەواڵی شەهیدبوونی مستەفای حەبە، شۆڕەسواری ناوچەی ئێناخی بوو بەهۆی غەم وپەژارەی دڵسۆزانی خەباتی ڕەوای نەتەوەکەمان.

شەهید مستەفا کەسایەتییەکی تایبەت بەخۆی هەبوو. خۆشەویستو جێگای ڕێزی کۆمەڵانی خەڵک بوو. فەرماندەیەکی نیزامییو سیاسییەکی بەتوانا بوو.

بەو شێوەیە ئەم کەسایەتی بەرزو پێگەیشتوە بوو بە یەکەم شەهیدی دەستی سپای تازە بە دەسەڵات گەیشتوی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەی هەورامانو جوانڕۆ.

مستەفا دوو کوڕو دوو کچی بە یادگار لێ بەجێماوە، دواتر هەر دوو کوڕەکەی بوون بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتو لە ژیانی پێشمەرگایەتی وبەرخۆداندا بریندارو کەم ئەندام بوون. بەداخێکی گرانەوە یەکێک لە کوڕەکانی جەهانبەخش لە سنوری نێوان باشورو رۆژهەڵاتی کوردستان کەوتە سەر مین گیانی لە دەستدا.

جەهانشادی کوڕە چووکەی شەهید مستەفا لە پێشمەرگایەتی لاقێکی لە دەستداوە ئێستا لە وڵاتی نوروێژ دەژی.

شێرە ژنی کورد بە دوای شەهید بوونی تێکۆشەرو قارەمانو کوڕە فەرماندەکەی کوڕێکی دیکەی بە ناوی تاهیر حوسێنی چەکی برا شەهیدەکەی لە شان کردو بوو بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو مەسئوولییەتی فەرماندەی پەلی پێ سپێردرا بە داخەوە کوڕی تێکۆشەر لەرۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٦٢ لە هێرش بۆ سەر مۆڵگەی دوژمن لە گوندی ماسان(نەیجوڵ) کەوتە بەر گوڵلەی داگیرکەران، گیانی پێشکەش بە خاکی نیشتمان کرد. شەهید تاهیر سێ کیژۆڵەی دڵپاکو رووسووری لە پاش خۆی بۆ نیشتمان بەجێ هیشت.

دایکە حەبیبە جارێکی دیکە جەرگی بریندار بوو بە دەنگی سەربەرزانە هاواری دەکرد کوڕی من سەر بەرزن، قارەمانن، کوڕی میللەتن، شانازییان پێوە دەکەم. هێشتا خوێنی دوو رۆڵەی بە لەشەوە مابوو سابیری حوسینی سێهەمین کوڕی فیداکاری پێشکەش بە نیشتمان کرد. تەنیا ٣ مانگ دوای تاهیر، کوڕە فەرماندەیەکی دیکەی قارەمانی میللەتەکەمان بوو بە سێهەمین شەهیدی بنەماڵە.

سابیر لە ساڵی ١٣٣٠ لە دایک بوو بەرەبەرە کە گەورە دەبێ ڕەوانەی قوتابخانە کرا، سابیر لە تەمەنی حەوت ساڵیدا پێ دەنێتە قوتابخانە تا پۆلی شەشی سەرەتایی قۆناغەکانی خوێندن بە سەرکەوتوویەوە تەواو دەکات.

سابیر لە تەمەنی شازدە حەڤدە ساڵان لە لایەن ساواکەوە دەست بە سەر دەکرێتو ڕەوانەی زیندانی جەڵدیان دەکرێت پاش ماوەیەک ئەشکەنجەو ئازار بە هۆی کەمی تەمەنیەوە ئازاد دەبێ، پاش ئازاد بوونیش لە لایەن ساواکەوە لەژێر چاوەدێریدا دەبێ. دواتر ئێران بە جێ دەهێڵێتو خۆی دەگەیەنێتە لای مستەفای برای، کە سەرلقی پارتی دەبێت، ناوبراو بەکردەوە بەشداری شۆڕشی باشوری کوردستان دەکات.

سابیر پاش ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتیو تێکۆشانی ئاشکرای حیزب دبێتە ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، پاش شەهید بوونی، شەهید مستەفا، سابیر زۆر زوو توانی جێگای بەتاڵی پڕ بکاتەوە. ناوبراو بوو بە جێگای ڕێزی نێو کۆمەڵانی خەڵکو کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات.

لە شەڕی سێ مانگەدا بوو بە بەرپرسی نیزامیی کومیتەی باینگان، ئەو بەرپرسایەتییە زۆر بە باشی بەڕێوە برد. لە پێکهێنانی هێزی شاهۆ، سابیر بوو بە سەر لکی، لکی شەهید مستەفا.

ساڵی ١٣٦١ بوو بە جێگری هێزی شاهۆ. سابیر فەرماندەیەکی تێگەیشتوو پێگەیشتوو بوو بە واتای وشە خۆشەویستی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکو پێشمەرگە بوو .

لە باری سیاسییەوە کادرێکی بە هەڵویستو دوربین بوو، لە باری نیزامییەوە فەرماندەو پێشمەرگەو پارتیزانێکی بە ئەزموونی ڕاستەقینە بوو. لەباری کۆمەڵایەتیەوە خاوەن پێگەیەکی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی بوو، لە ئاست کێشەو گیروگرفتەکانی حیزبو کۆمەڵگاو بنەماڵەدا بە تواناو سەرکەوتوو بوو زۆر بە سانایی بە سەر تەنگ وچەڵەمەکاندا زاڵ دەبوو.


سەرەڕای بەرپرسایەتی هێزێکی بەربڵاوی وەک هێزی شاهۆ لە ناوچەیەکی ئاڵۆزدا سەرپەرستی دایکێکی پیرو پەک کەوتوو، منداڵی دوو برای شەهیدی بە ئەستۆوە بوو.

سابیر لە زۆربەی شەڕە حەماسیەکانی ناوچەی هەورامان، بایگان، پیرپرچن، قوریقەڵا، ئاتەشگاو مەڕەخێڵ ڕۆلی قارەمانەتی گێڕاو بە یادی شەهیدانو برا شەهیدەکانی زۆر ئازایانە بەر پرچی دوژمنی دەداوەو هەمیشە لە سەنگەری پێشەوە پێشمەرگەی ڕێنوێنی دەکردو شەڕی دەکرد.

شەوی ٣١ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاوی بۆ هەڵگرتنی شوێن پێی تیمێکی ئیتلاعاتی عەمەلیاتی لە ناوچەی قەدەغە کراوی باشوری کوردستان، لە گەڵ تیمێکی چەند کەسی پێشمەرگە دەچنە شوێنێک بەناوی چنارە لە نیو باخە وێرانو سوتاوکانی چنارە، لە پڕ دەکەونە بەر دەسڕێژی هێزەکانی حکومەتی بەعسو دوژمنانی نەتەوەکەمانو لە یەکەم دەسڕێژدا سابیرحوسێنی شەهید دەبێت.

بەم چەشنە دایکە حەبیبە، ٣ کوڕی بە بێ باوک گەورە کرد. ٣ قارەمان، ٣ لەخۆبووردوو، ٣ شۆڕشگێڕ، ٣ ئەستێرەی گەشی ئاسمانی کوردەواری پێشکەش بە خەڵکی کوردستان کردو ٣ڕۆڵەی هەڵکەوتووی نێو کوورەی خەباتی نەتەوەکەمان لە لایەن داگیرکەرانی نیشمانە داگیر کراوەکەمان شەهید بوون.

---




محەممەد عەزیزقادری

ئەوانەی لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی نەتەوەکەیاندا ڕاپەڕیون، بیریان لەوە کردۆتەوە کە لەوانەیە خۆیان هیچ کات بەروو بوونی ئەم دارە پیرۆزەیان بە قسمەت نەبێت کەچی دیسانیش بە تینو گوڕتر لە جاران ڕێگەی سەختو پڕلە کەندو لەندو هەڵدێرو گەورەیان بڕیوە، چونکی ئەم مرۆڤانە بۆ ئەوە ڕانەپەڕیون خۆیان وەک تاکە کەس ئازاد بکەن بە ڵکوو ئەوان بە مەبەستی ئازاد کردنی نیشتمانو نەتەوە بندەستو چەوساوەکەیان ڕێگەی خەباتو بەر خۆدانیان گرتۆتە پێشو ئیمانیان بەو ڕاستییە هێناوە کە ئەو ڕێچکەیەی شکاندویانە کوێر نابێتەوەو پڕ ڕێبوارتر لە پێشوو، دەبێتە ڕێبازێکی پیرۆز بۆ نەوەی داهاتوو.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خاوەنی مێژوویەکی گەورە لە فیداکاریو قوربانیدانن. لە ڕیزی تێکۆشەرانی ئەم حیزبەو خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ناوی سەدان و هەزاران قارەمان دەبینرێ کە بە داخەوە هێشتا ئەو دەرفەتە بۆ زۆربەی زۆریان نەڕەخساوە، تا ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیان بەو جۆرەی پێویستە، بیانناسن. حەمەعەزیز قادری، یەک لەو قارەمانانەیە کە هەموو تەمەنی بۆ نەتەوەکەی تەرخان کردبوو.

محەممەدعەزیز قادری لە ساڵی١٣٣٤ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەری ئاوایی "نەروێ"ی سەر بە شارستانی پاوە چاوی بە دنیای پڕ لە کوێرەوەری کردەوە بەرەبەرە قۆناغی منداڵی تێپەڕاندو بەهۆی گیروگرفتی ژیان بە ناچاری رووی لەکاری تاقەت پڕوکێن کرد، بۆ پەیدا کردنی بژێوی باشتری بنەماڵە دەستی بەکارو کاسبی کرد. حەمەعەزیزی قادری تاڵیو سوێرییەکانی ژیانی بە تەواوی چێشتبوو، کاتێک شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی رێژیمی پاشایەتی دەستی پێکرد، حەمەعەزیز کە بە چاوی خۆی زوڵمو ستەمی رێژیمی شای دیبوو بەشداریی لە خۆپیشاندانەکاندا کرد. پاش رووخانی رێژیمی شاو، هاتنە سەر کاری رێژیمی کۆماری ئیسلامیو زەوت کردنی دەسکەوتەکانی شۆڕش لەلایەن ئاخوندەکانەوە، کاتێک کە رێژیم هێرشی هێنایە سەر کوردستان، ئەو پێوەندی بە تەشکیلاتی حیزبەوە لە شاری نەوسوود گرت. دوای فتوای خومەینیو هێرش بۆ سەر خەڵکی کوردستان لە هاوینی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی حەمەعەزیز چەکی شەڕەفی لەشان کردو لە هێزی شاهۆ سازمان دراو ئەرکی دیفاع لە خاکی کوردستانی وەستۆ گرتوو، قۆڵی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ رێژیمی کۆنەپەرستی ئاخوندیو دیفاع لەمافو ئازادییەکانی گەلی کورد هەڵماڵی.

محەممەدعەزیز قادری هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەت بە حیزبو گەلەکەی تەرخان کردو لە شەڕەکانی ناوچەی هەوراماندا بەشداری چالاکانەی کرد. لاوێکی هێدیو هێمنو لەسەرەخۆ بوو، هەر لەو کاتەشدا پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمانو خاوەنی ئیمانێکی شۆڕشگێڕانە بوو، فیداکاری، لێهاتوویی، ئازایەتی، لێوەشاوەیی بوونە هۆی ئەوە پلەکانی پێشمەرگایەتی ببڕێو لەهێزی شاهۆ بەرپرسایەتی سەرپەل، فەرماندەری لکو سەرئەنجام بە فەرماندەری هێزی شاهۆ دیاری بکرێ. ئازایەتی حەمەعەزیز قادری وێردی سەر زمانی هاوسەنگەرانو خەڵکی ناوچە بوو. دەستو تفەنگ، رەختو تفەنگ، لیباسی پێشمەرگایەتی هەر لەخۆی جوان بوو. حەمەعەزیز لە زۆربەی مەئمووریەتەکانی حیزبدا بەشدار بوو، لە زۆر عەمەلیاتی قارەمانانەدا بەشداری کرد. ئەو مەسئوولییەتەی بە دڵسۆزییەوە لە ناوچەکانی هەورامان جوانرۆو دالاهۆ بەڕێوە برد، سەرەرای ئازایەتیو لەخۆبووردوویی، کوڕێکی خۆش قەلبو دڵپاک، کردەوەو رەوشت پاکی لەگەڵ هاوسەنگەرانی کردبوویانە سمبولێکی بەرزی خۆشەویستیو نموونەی قارەمانێکی چاونەترسی نێو قارەمانانی هێزی شاهۆ.

حەمەعەزیز قادری بەداخەوە رۆژی ٢٨ی رەزبەری ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی لە کاتێکدا لە مەئمووریەتێکی حیزبی لەگەڵ ٦ هاوسەنگەری دیکەی لە ناوچەی هەورامان دەگەڕانەوە بە پێی پیلانێکی خائینانەی بزووتنەوەی ئیسلامی تەحویلی رێژیمی کۆماری ئیسلامی درانەوە. بەو شێوەیە قۆناغێکی تازە لە ژیانی سیاسیی حەمەعەزیز قادری لە نێو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دەستی پێکرد.

لەو ٧ کەسە لەزیندانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی کەوتنە بەر ئازارو ئەشکەنجەیەکی دڕەندانە، یەکیان رزگار بوو. جەللادانی رێژیم زۆریان هەوڵدا بە چۆکیاندا بێننو ئیرادەی پێشمەرگانەیان تێک بشکێنن، بەڵام ئەوان

کە ئیمانیکی قووڵیان بە حیزبەکەیان بوو، لێوە ئەمیندارەکانیان هەڵنەپچڕیو دڵی خۆیان کردە گەنجینەی سەر بە مۆری نهێنییەکانی حیزب. ئەوان زیندانیان کردە مەیدانی شەڕو بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمی ئاخوندیو لەم بوارەش دا رووسوور هاتەدەرو نیشانیاندا کە بە راستی پێشمەرگەی حیزبو گەلەکەیانن. ڕێژیمی دژی گەلی کاتێک زانی کە ناتوانێ بەسەر ئیمانی کوڕانی دێموکڕاتدا سەرکەوێ، حەمەعەزیز قادری لەگەڵ ٥ تیکۆشەری دیکە بە ناوەکانی ئەرشەد رەزایی، یونس محەممەدپوور، ئەدنان ئیسماعیلی، موزەفەرکازمی و مەعروف سوهرابی ئێعدام کرد، بەم شێوەیە ژیانی حەمەعەزیزو هاوڕێیانی کۆتایی هات. ئەو تێکۆشەرانە لەزیندانیش هەر پێشمەرگە بوون. ئەگەر هەرکام لەوانە چەند جار لە سەنگەردا بریندار بوون، بەڵام لە زیندانی ڕێژیمدا هەموو رۆژێ جارێک بریندار دەبوونو جەلادەکان هێشتا نەیانتوانی بەچۆکیاندا بێنن.

بەدڵنیایی ئەو پۆلە هەڵۆیەی چیاکانی شاهۆی سەربەرز بوون، کە ڕێژیمی کۆنەپەرستی هیچکات نەیتوانی دەستی بە شاباڵی ئەوانە رابگاو خوێناوی بکا. بەڵام هەم کۆماری ئیسلامیو هەم ئەو خۆفرۆشانەی کە دەستیان لەداوخستنو پاشان ئێعدامی ئەم پۆلە پێشمەرگەیەدا هەبوو، بەو کارە دزێوە پەڵەیەکی رەش بۆ هەمیشە بە نێوچاوانی خائینانو خۆفرۆشان دەمێنیتەوە. بۆ هەمیشە رووڕەشی مێژوونو رۆژێک دادێ کە دەستی عەداڵەت گەروویان ڕێک بگوشێو سەری شۆڕیان لە دادگای خەڵک دابخەن.

---




## ئەبووبەکر یوسفی

خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لەماوەی زیاتر لە ٧ دەیەی خەباتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی کە رزگاری خەڵکی کوردستان لە ژێر ستەم بووە شەهیدی زۆری داوەو زۆر رۆڵەی بە

بیروباوەڕی کردۆتە قۆچی قوربانی، لەسەر قافڵەی شەهیدان قازی محەممەد ڕابگرە تا ڕێبەرانی وەک شەهید دوکتورقاسملوو وشەرەفکەندیو تا شەهیدانی ئەمساڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بێشک لەو ڕێگایە قوربانی زۆر دراوە، دیسان فیداکاریو خۆبەختکردن تا وەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانیان گیانبازی پتری دەوێ‌و، دیسان لاوانی خوێنگەرمو شۆڕشگێڕی وڵاتەکەمان لە سەنگەری شەهیدان، سەنگەری دیفاع لە مەوجوودییەتو شەرەفی نەتەوەکەماندا تا سەرکەوتن بە سەر دوژمنانیداو تا وەدیهێنانی ئامانجەکانیان درێژە بەخەباتی ڕەوایان دەدەن. یەکێک لەو ڕۆڵە تێکۆشەرو ماندوو نەناسانە شەهید ئەبووبوکر یوسفی لە هێزی شاهۆ یاد دەکەینەوە.

ئەبووبەکر یوسفی لە سەردەمێکدا کە تیشکی ئازادی پڕشنگی هاویشتبووە کوردستان، بەشێک لە خاکی نیشتمانو لە کاتێکدا کۆماری کوردستان قیبلەگای ئازادیخوازی کورد، پسانی زنجیری دیلیو یەخسیری لەدەستو پێی گەلە هەژارو بەشخوراوەکەمانی بە گوێی گەلانی بندەست ڕادەگەیاند، لە یەکێک لەبنەماڵە هەژارەکانی کوردستان لە شاری نودشەی ناوچەی هەورامان لە دایکێکی زەحمەتکێشی بێبەش لەهەموو خۆشییەکانی ژیان لەدایک بوو.

ئەبووبەکر لە زەریای نەبوونیدا گەورە بوو هەر بۆیەش نەیتوانی دەرگای قوتابخانە بکاتەوەو دنیایەکی ڕووناکتر ببینێ. ژیانی هەر لە سەردەمی منداڵییەوە لە گەڵ نەداریو بێبەشیو بەشخوراوی هاودەمو تێکەڵاو بوو. هەر کە تەمەنی گەیشتە ١٢ساڵە تێکەڵاوی ئوردووی زەحمەتکێشان بوو بەم تەمەنە کەمەوە لەشی کزو باریکی دایە بەرکارو، بوو بە گۆچانی دەستی باوکی پیری.

ئەبووبەکر بەرەبەرە گەورە بوو بە ناچاری بۆ وەدەست هێنانی داهاتێکی زیاتر کە بتوانێ یارمەتی بە هەڵسووڕانی هەرچی باشتری ژیانی بنەماڵەکەی بکا پەڕیوەی شارەکانی دیکەی ئێران بێ‌و بە کرێکاری ژیان تێپەڕ دەکردو بوو بە کۆڵەکەی هەرە قایمی بنەماڵە زەحمەتکێشەکەی.

ئەو ژیانە پڕلە چەرمەسەرییەی ئەبووبەکر تا دەست پێکردنی خۆپێشاندانەکانی دژی ڕێژیمی پاشایەتیو هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی بەمجۆرە تێپەڕی. ناوبراو لە کورەی چارە ڕەشیو ڕەنجو نەهامەتیو بێبەشێ قاڵ ببوو. لەڕاستیدا دەیزانی نەداری بەری چ دارێکەو دەیزانی زوڵمو ستەمو زۆرداری مانای چییە؟! بە هەموو دەمارو پێستو خوێنی لەشییەوە چەوسانەوەی هەست پێدەکرد، بۆیە لەگەڵ دەست پێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب، بۆ ئەبووبکر دەرفەت بوو کە لە پێناو ئازادیو بەختەوەریدا خەبات بکاو هەوری ڕەشی نەکبەتی سێبەری شومی لەسەر نەتەوەکەی لابدا تا بتوانێ بە ئازادی بڵێ کوردمو خاوەنی کەسایەتی خۆمم. بۆیە لە مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا چەکی پێشمەرگایەتی لەشان کردو لە هێزی شاهۆدا دەستی بە تێکۆشانو چالاکی خۆی کرد.

پاش ئەوەی خومەینی خوێنمژ لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ لە دژی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیهادی ڕاگەیاند، ئەبووکری یوسفی یەکێک لەو کوڕە بە توانایانە بوو کە شێلگیرانەو شۆڕشگێڕانە بۆ دیفاع لە گەلەکەی بۆ بەرپرچدانەوەی پیلانە ڕەنگاو ڕەنگەکانی دوژمنانی کوردستان چوە نێو سەنگەری شەڕەفەوە، ئەو بە هەموو هێزو تواناوە بەرانبەر بە لەشکری پەلاماردەری کۆماری ئیسلامی ڕاوەستا.

ئەبووبەکر یوسفی لە شەڕەکاندا نیشانیدا بە بیروباوەڕە، نیشانیدا شێلگیرانەو لێبڕاوانە لەگەلەکەیو ئامانجە ڕەواکانی دیفاع دەکاو پێشمەرگەیەکی کارامەو لێوەشاوەیە، بۆیە بە فەرماندەری دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی لکی ٢٥ی گەلاوێژی ئەوکاتی هێزی شاهۆ دیاری کرا. لەڕاستیدا لە شەڕەکاندا سەلماندی کە قارەمان ودڵسۆزە، سەلماندی کە بەراست ئەوینداری حیزبەکەیەتیو شانازی بەوە دەکا کە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانە.

شەڕە حەماسیەکانی دەوروبەری پاوە، دووئاو، سەرکۆیە، شاهیدی بۆ لەخۆبووردوویی‌و ئازایەتی‌و نەترسی ئەم شێرە کوڕەی دێموکرات دەدەن. قارەمانەتی ئەبووبەکری بەئیمانو بیروباوەڕ وێردی زمانی خەڵکی ناوچەی پاوە، نەوسوود، نودشە، ژاوەرۆو کامیاران بوو، ئێستاش یادی قارەمانەتی‌و دەستو بردو هێرشی ئازایانەی لە نێو دڵی خەڵکی قارەمانی ئەو ناوچەیەدا ماوەتەوەو بۆ هەتا هەتایە لەدڵی ساکار، بەڵام پڕلە خۆشەویستی حیزبو نەتەوەکەیاندا تۆمار کراوە هەموو ئەو لێوەشاوەیی‌و قارەمانەتیانە بوونە هۆی ئەوە کە ئەبووبەکری بە بیروباوەڕو شۆڕشگێڕ بە فەرماندەری لکی ٢٥ی گەلاوێژ هێزی شاهۆ دیاری بکرێ.

ئەبووبەکر بەکردەوە نیشانیدا شیاوی پلەی بەرزترە، نیشانیدا چەندە خەڵکو گەلەکەی خۆش دەوێ، نیشانیدا چەندە ئەویندار ئازادی‌یەو لە میدانی خەباتو بەربەرەکانی شۆڕشگێڕانەیدا چەندە بارهاتوو لێهاتوویە. هەموو فکری خزمەت بە حیزبو باش بەڕێوەبردنی کارەکانی بوو.

ئەبووبەکر فیداکار لە مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لەگەڵ پێشمەرگەکانی ژێر فەرماندەری بۆ ئەنجامی مەئمووریەت ڕەوانەی ناوچەی سەلاسی باوەجانی کران، لەو ناوچەیە گەلالەی عەمەلیاتی هێرش بۆ سەر مۆڵگەی دوژمن لە "بانەدار"ی دارشتو شەوی ٥ی بانەمەڕ ڕۆڵە قارەمانەکانی ئەو لکە بۆ بەڕێوە بردنی ئەو عەمەلیاتە دەست بەکار بوون، لە هێرشێکی کوتوپڕو شۆڕشگێڕانە بۆ سەر پایەگای ڕێژیم پاش شەڕێکی سەنگەر بەسەنگەرو دەستەو یەخەدا توانیان دەست بەسەر پایەگادا بگرنو ژمارەیەکیش بە دیل بگرن، لەو شەڕەدا ئەبووبەکری فەرماندە زۆر ئازایانە لە سەنگەری پێشەوەدا هاوڕێیانی فەرماندەیی دەکرد لێرەدا لەپڕ گوللەی بەکرێگیراوێک سینگی ئەبووبەکری پێکاو بە توندی برینداری کرد، بەڵام بەداخەوە بە هۆی قورسی برینەکەی پاش چەند سەعات بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ چاوەکانی لەسەر یەک داناو ماڵئاوایی لە هاوسەنگەرانی کرد.




**محەممەد ئەمین نادری ناسراو بە (حەملەڕوش)**

**تا زوڵم لێکراوانو چەوساوان لەکۆڕی خەبات و بەربەرەکانی کردندا کۆ نەبنو لە بەرامبەر پێشێل کرانی مافەکانیان رانەوەستنو بە گژ ناهەقیدا نەچنەوە، تا وڵات پارێزان سینگیان بە گوللەی شەوپەرەستانی دڵ ڕەقو قینلەزگو دوژمنانی ئازادییەوە نەنێن، تا لاوە بە هەستو خوێن گەرمەکان پۆل پۆل نەیەنە ریزی شۆڕشی کوردستانەوە، تا لێشاوی فرمێسکو خوێن نەبێتە دەریای شەپۆلانو تەختو بەختی سەر کوتکەران ڕا نەماڵێ، ئازادیو بەختەوەری نایەتە بەرهەم.**

**ئەو کەسانەی تەمەنی خۆیان بەختی بەرژەوەندی گشتی گەلەکەیان دەکەن و بە سەر بەرزیو رووسووری دەستەملانی خاکە پیرۆزەکەیان دەبن، لە نێو کۆمەڵانی بەرینی خەڵکدا جێگای هەتا هەتایان بۆ تەرخان دەکرێو لە پاش مردنیش ناوو ناوبانگیان بە زیندوویی دەمێنێتەوە. هەر بۆیە لاوانو شۆڕەسوارانی گەلی کوردو مرۆڤە هەڵکەوتوەکان، ئەوینداری رێگای ئازادیو دێموکراسی، بۆ وەدەست هێنانی ئەو ژیانە سەر بەرزانەیەو، لە پێناوی هێنانی ئازادیدا، خەبات دەکەنو بە فیداکاریو گیانبازیو خۆ بەخت کردن، رچەی خەبات دەشکێننو بە خوێنی خۆیان نەمامی ئازادی پاراو دەکەن. رێز لەیادو فیداکاری یەکێک لەو فەرماندە قارەمانانەی گەلەکەمان لەناوچەی پاوە دەگرین.**

**محەممەدئەمین نادری ناسراو بە حەملەڕوش لەگوندە جوانو خنجیلانەکەی "نۆریاو" لەیەک کیلومیتری شاری پاوە لەدایک بووە، بە هۆی نەبوونی قوتابخانە لەگوندەکەیانو کەمداهاتی بنەماڵەکەیان لەخوێندن بێبەشو هەر لەمنداڵییەوە لەگەڵ زەحمەتو کوێرەوەریی ئاشنا بوو. بە هۆی دەست کورتیو نەبوونی قوتابخانە**

لەئاوایییەکەیان نەیتوانی بخوێنێو بەمجۆرە لە نیعمەتی خوێندن بێبەش بوو. بۆیە هەر لەمنداڵییەوە لەشی شلکی دایە بەر کارو کاسبی.

لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی بەشداری چالاکانەی کردو ڕۆڵی بەرچاوی گێڕا. پاش ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بە لێوردبوونەوەو هەڵسەنگاندنی وردبینانە، ڕیزەکانی حیزبی هەڵبژاردو لە سەرتای شۆڕش١٣٥٧ بۆ درێژەدان بە خەبات لەناوچەی هەوراماندا ئەرکی تەشکیلاتیو نیزامیی پێ ئەسپێردرا. پاش شەڕی پاوەو فەرمانە بەد ناوەکەی خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژدا جیهاد بۆ سەر کوردستانو گەلی کورد، محەممەد ئەمین بوو بە ناوێکی جێگای هومێدی نیشتمان پەروەرانو لەو لاشەوە ناوێکی تۆقێنەر بۆ سپای داگیرکەرو خۆفرۆشانی ناوچە.

بەهۆی فیداکاریو قارەمانەتی لەماوەیەکی کورتدا، حەملەڕوش بوو بە نمونەی ئازایەتیو، کەوتە سەرزاری دانیشتوانی هەورامانو جوانڕۆ.

لە شەڕی سێ مانگەدا زیاتر خۆی دەرخستو ناوچەی نەوسودو نۆدشەو دووئاوو مەلاندەرێ کردە دۆزەخی سپا دڵڕەقەکەی کۆماری ئیسلامی.

پاش دەیان ساڵ لە شەهیدبوونی، تانکو ماشێنە سوتاوەکانی دۆڵو هەڵدێری سەر جادەکانی ملەندوو پێچەکانی نەوسود ودووئاو، مەلاندەرێ نیشانەی قارەمانەتی حەملەڕوشبوو.

لە کاتی سازماندەهی هێزەکان لەلایەن حیزبەوەو دامەزراندنی هێزی شاهۆ، حەملەڕوش وەک فەرماندەری یەکێک لەلکەکانی هێزی شاهۆ دیاری کرا. هەروەک چاوەڕوان دەکرا زۆر سەرکەوتوانە ئەو قۆناغەشی بڕیو چەند عەمەلیاتی سەرکەوتووانەی بەڕێوە برد.

لە دەیان هێرشو پەلاماردا گورزی کاریگەری لەسپای هێرشکەر وەشاندو سەرکەوتنی بۆ گەلەکەیو هێزی سەربەرزی شاهۆ تۆمار کرد. وەک فەرماندەرێکی کارامە، خاراو، خاوەن ئەزموونو بە توانا ئەرکی پێ ئەسپێردراوی جێبەجێ دەکرد. لەماوەیەکی کورتدا لێهاتوویی و دڵسۆزی خۆی نیشانداو دەریخست کە ئازاو فیداکارو بەجەرگە، دەریخست کە باوەری کوردایەتی قایمو قوڵە. بەمجۆرە زۆری نەکێشا فیداکاریو هەست بە بەرپرسایەتی کردنی حەملەڕوش بووە بەوێردی سەر زمانی هاوسەنگەرانی.

بەداخەوە زۆر نەژیا کە زیاتر خزمەت بەگەلەکەی بکا. لە ڕۆژی ١٦ی بانەمەری ساڵی ١٣٥٩ لەشەڕێکی دەستەو یەخەو قارەمانانەدا لە بەرپرچدانەوەی هێرشی داگیرکەرانی کوردستاندا بۆ سەر "کەمەرەبەتاڵی" ناوچەی پاوە کە بە دەیان بەکریگیراو و جاش کوژران لەم شەڕەدا محەممەئەمین نادری ناسراو بە حەملەڕوش

گیانی شیرینی بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپارد. تەرمی پیرۆزی شەهید حەملەڕوش بە بەشداری خەڵکێکی زۆری ناوچەکە و هاوسەنگەرانی لە گوندی نجار بە خاک سپێردرا.

---




**ئەرشەد رەزایی**

ڕۆڵەگیان، ئەگەر من مردم نابێ لە سەرلەشی بێ گیانی باوکی پێشمەرگەت فرمێسک بباریێنی، نابێ جلوبەرگی رەش بپۆشی، نەیارانو دوژمنی کۆنەپەرەست بە خۆتو بە نەتەوەکەت خۆش بکەی. ئاوڕدانەوەیەک بە مێژووی خەباتی خوێناوی گەلانی زۆرلێکراو، بۆت دەر دەکەوی کە بۆ گەیشتن بە ئازادیو سەربەستی، سەدانو هەزاران رۆڵەی وەک منی پێویستەو دەبێ خوێن بدەی. ئازادی خوێنباییەکی گرانە کە بە لافاوی خوێنی هەزاران لاوی دڵسووتاوی دڵ پڕ لەگڕی نیشتانپەروەری وەدی دێ، ئەوە بۆ تۆ رۆڵەی دڵسووتاو، روو دەکەمە شاهۆی چیای سەرکەش و سەربەرز لە نێو ئاسمانی کاروانی فەرماندەرانی شەهیدی ئەو مەڵبەندە، ژیانو بە سەرهاتی باوکی پێشمەرگەت، فەرماندەی قارەمان ئەرشەد رەزایی، کە لە ماوەی چەند ساڵ خەباتی بێچانو کۆڵنەداندا، بە فیداکردنی گیانی پیرۆزی خۆیو رشتنی خوێنی پاکی ئاگری ئەم خەباتە رەوایەی گەشاندەوەو، سەرئەنجام لاپەڕەکانی مێژووی خوێناوی میللەتی بە خوێنی خۆی نووسییەوە بۆ باس دەکەم.

ئەرشەد رەزایی لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە ئاوایی شۆشمێ سەر بە شاری نەوسوود لەنیو ئامێزی دایکی خۆشەویستی چاوی بەدنیا روون کردەوە، بەرەبەرە کە گەورە بوو رەوانەی قوتابخانە کراو پۆلەکانی خوێندنی تا سێهەمی ناوەندی بە سەرکەوتووی بڕی، بەهۆی وەزعی نالەباری ژیانو دەست پێکردنی خۆپێشاندان دژی رێژیمی

پاشایەتی نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدا. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانو هەڵگیرسانی شەڕی نێوان ئێرانو عێراق لەساڵی ١٣٥٩ بەهۆی ئەوە گوندی شۆشمێ لەژێر ئاگری هەردوو حکومەتی ئێرانو عێراق دابوو بە ناچاری ماڵی ئەرشەد رەزایی وەک زۆر بنەماڵەی دیکەی ئەو مەڵبەندە ئاوارە دەبنو هەر لەمنداڵییەوە تامی تاڵی ئاوارەی دەچێژێو لە باشوری کوردستان نیشتەجێ دەبن.

ئەرشەد رەزایی دوای ئاوارەی پێوەندیی بە کۆمیتەی حیزب لە هەورامان گرتو وەک لایەنگری حیزب دەستی بە تێکۆشان کرد. سەرئەنجام جینایەتەکانی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، ئەویان هێنایە ئەو بڕوایە بۆ بەرەنگار بوونەوەی رێژیم. لەساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی‌دا بچێتە ریزی پێشمەرگەکانی هێزی شاهۆ، شانبەشانی تیکۆشەرانی ئەو مەڵبەندە لە سەنگەری خەباتو تێکۆشان بەرەنگاری داگیرکەرانی کوردستان بێتەوە. ئەرشەد هەر زوو نیشانی‌دا کە پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمانەو لەپێناو ئامانجەکانی حیزبو گەلەکەی‌دا ئامادیە گیانی ببەخشێ. لە چەندین عەمەلیات دژی هێزەکانی رێژیمی ئاخوندی‌دا ورەو ئازایەتیی خۆی نواند. هەموو لێوەشاوەیی خۆی بۆ خزمەتی حیزبو گەلەکەی تەرخان کرد. زۆر زوو جێگای خۆی لە نێو هاوسەنگەرانی‌دا بکاتەوە. لە شەڕەکاندا ئازاو بە ورەو، لە بەڕێوەبردنی مەئمووریيەتە جۆراوجۆرەکان‌دا بێدەریغ بوو. کاری بەردەوامو ماندوو بوون بۆ بەختەوەری، هەڵسووڕانی بەرچاو، فیداکاریو لەخۆبووردوویی لەتایبەتمەندی ئەرشەد بوون کە وەک سەرپەل، جێگری دەستە، فەرماندەی دەستە، کادری سیاسی وسەرئەنجام وەک فەرماندەری لک دیاری بکرێ. ئەرشەد پێشمەرگەیەکی هەڵسووڕو فەرماندەیەکی لێوەشاوە بوو، گورجوگۆڵو کارلێهاتوو بوو، بەدەستو بردو زەبر وەشێنو، نارەتەی شیرانەی زراوی دوژمنی توقاندبوو. شەڕە حەماسیەکانی کەللەقەندی، ئاوسێ، ناوشاری نەوسوود، قەڵاگا، شۆشمێ، شەڕەکانی کۆساڵانو پشتی تەنگیسەر، ناوچەی داڵاهۆو سەلاسی باوەجانی، بەمۆ، چیای نۆدشە نموونەیەکی چووکەن لە قارەمانەتیو ئازایەتیو فەرماندەهی ئەرشەدی رەزاییو ئێستاش ئەو مەڵبەندە باسی قارەمانەتی ئەو بۆ نەوەکانیان دەگێڕنەوە.

ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی نەقلی کۆمیتەی ئەمنیەت کراو لەو ئورگانەش زۆر بە رێکوپێکی کارەکانی خۆی بەڕێوە دەبرد پاش ساڵێک لەسازماندەهی نوێ‌دا وەک ئەندامی کۆمیتە شارستانی پاوەو فەرماندەری دەستەی کوماندۆ دیاری کرا.

ئەرشەد رەزایی بەداخەوە رۆژی ٢٨ی رەزبەری ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی لە کاتێکدا لە مەئمووریيەتێکی حیزبی لە گەڵ ٦ هاوسەنگەری دیکەی لە ناوچەی هەورامان دەگەڕانەوە بە پێی پیلانێکی خائینانەی بزووتنەوەی ئیسلامی تەحویلی ریژیمی کۆماری ئیسلامی درانەوە. بەو شێوەیە قۆناغێکی تازە لەژیانی سیاسیی ئەرشەد لەنێو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا دەستی پێکرد.

لەو ٧ کەسە لە زیندانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا کەوتنە بەر ئازارو ئەشکەنجەیەکی دڕەندانە، یەکیان ڕزگار بوو. جەللادانی ڕێژیم زۆریان هەوڵدا بەچۆکیاندا بێنن‌و ئیرادەی پێشمەرگانەیان تێک بشکێنن، بەڵام ئەوان کە ئیمانیکی قووڵیان بە حیزبەکەیان بوو، لێوە ئەمینداره‌کانیان هەڵنەپچڕی‌و دڵی خۆیان کردە گۆرستانی نهێنی‌یەکانی حیزب. ئەوان زیندانیان کردە مەیدانی شەڕو بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمی ئاخوندی‌و لەم بوارەشدا ڕووسوور هاتەدەرو، نیشانیاندا کە بەراستی پێشمەرگەی حیزبو گەلەکەیانن. ڕێژیمی دژی گەلی کاتێک زانی کە ناتوانێ بە سەر ئیمانی کوڕانی دێموکڕاتدا سەرکەوێ، ئەرشەد ڕەزایی لەگەڵ ٥ تیکۆشەری دیکەی بە ناوەکانی محەممەد عەزیز قادری، یونس محەممەدپوور، ئەدنان ئیسماعیلی، موزەفەر کازمی‌و مەعروف سوهرابی ئێعدام کرد. بەم شێوەیە ژیانی ئەرشەدو هاوڕێیانی کۆتایی هات. بەڵام هەم کۆماری ئیسلامی‌و هەم ئەو خۆفرۆشانەی کە دەستیان لەداوخستن‌و پاشان ئێعدامی ئەم پۆلە پێشمەرگەیەدا هەبوو، بەوکارە دزێوە پەڵەیەکی ڕەشیان بۆ هەمیشە بە نێوچاوانی خائینان‌و خۆفرۆشان دەمێنیتەوە. بۆ هەمیشە ڕووڕەشی مێژوون‌و ڕۆژێک دادێ کە سەری شۆڕیان لە دادگای خەڵک دابخەن.

سلاو لە لە گیانی پاکی ئەرشەد ڕەزایی وهاوڕێیانی وهەموو شەهیدانی کوردستان.

---




**ئەنوەر ئەمینی**

ناوچەی هەورامان مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیەو جێگای بەربەرەکانیو کێبەرکێ بووە بەتایبەت لەدەورانی حاکمانی نێوخۆییو دەسەڵاتی حکوومەتی بابانەکان، ئەردەڵانەکان، هێرشی قزڵباش، عوسمانیو سەفەوی، هەمیشە مەیدانی بەربەرەکانی بووە.

لەماوەی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی رۆڵەکانی ئەو مەڵبەندە وێڕای ناوچە جۆربەجۆرەکانی دیکەی کوردستان قۆڵی دیفاعیان لەخاکو نیشتمان لە بەرامبەر دوژمن هەڵماڵیو، زۆر ئازایانە داکۆکیان لەئاوو خاکی نیشتمان کرد زۆر رۆڵەی ئازاو قارەمان گیانی خۆیان بەخت کرد، تا نەتەوەکەیان بە سەربەستی بژی. لە نێو سەدان رۆڵەی فیداکار کە گیانی خۆیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی کرد یادێک لە فەرماندەی قارەمان لە هێزی شاهۆ ئەنوەر ئەمینی دەکەینەوە.

چەند ئەستەمە بتەوێ کەسایەتی پێشمەرگەیەکی نیشتمانپەروەرو شۆڕشگێڕ لەکاتو سەردەمێکی تایبەتدا دەرببڕیتو وشەی گونجاو کە دەربڕی ئەوکەسایەتیە بێت بۆت پەیدا نەبێ، یان توانای دەربڕینی ئەو هەستە دەرونیەی خۆت نەبێ لە سەر ئەو کەسایەتیە. ئەنوەر دەروەیانی(دەربەیانی) یەکێک لەو کەسانەی کە وشەی گونجاو و پڕ بە پێستی دەربڕی کەسایەتیەکەی ئاستەمە. ئەنوەر پڵنگی کاتی تەنگانە بوو بۆ تێکشکانی دوژمنی داگیرکەرو چڵکاوخۆرانی گەل فرۆش، ئەنوەر هەڵۆی تیژ ڕەو بوو لە کاتی هەڵمەت و پەلاماردا.

هاوینی ساڵی ١٣٣٣ی هەتاوی منداڵێک لە نێو بنەماڵەییەکی هەژارو کەم دەرامەت لە دایکێک بە ناوی کافیەو باوکێک بەناوی ئەحمەد، لە ئاوایی دەرەوەیانی(دەرەبەیان) هەورامان لەدایک دەبێت، ئەو بنەماڵەیە ناوی ئەنوەریان لە سەر منداڵەکەیان دانا .

ئەنوەر ئەمینی لە باوەشی ئەو دایکو باوکە دڵسۆزەدا وەردە وردە گەورە بوو، بە هۆی هەژاری و هەلومەرجی ژیانی ئەو دەم و نەبوونی قوتابخانە لە گوندەکەیان لەخوێندن بێبەش دەبێتو، لەتەمەنی هەشت ساڵیدا لەجێگای قوتابخانەو خوێندن دەبێتە یاریدەری باوکو دایکیو، باخەوانیو دروێنەو داسو ئاژەڵداری جێگای پیتەکانی الفو بێی گرتەوە.

ئەنوەر لە ڕەوتی ژیانی پڕ کوێرەوەرو بەشمەینەتیدا، بە کردەوە هەستی بە ژێر دەستیو بێ مافی کردبوو هەر بۆیە پاش ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژی دەسەڵاتی سەرە ڕۆی پاشایەتی رووی لە کاری سیاسی کرد، دواجار لە تێکۆشانی تەشکیلاتیو پاش دامەرزانی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەورامان بۆ چڕکردنەوەی کارو تێکۆشانی دژی زۆرداریو بێ مافی پێوەندی کرد بە تەشکیلاتی حیزبەوە. لەکاتی داسەپاندنی شەڕی پاوەو فەرمانی خومەینی بۆ سەر کوردستان دەستی دایە چەکو لەریزی تێکۆشەرانی دێموکڕات لە هەورامان سازمان درا.

ئەنوەری لاوو کەم ئەزمونی فەنو فنونی شەڕ زۆر زوو لەژێر دەستی شەهید محمد ئەمین نادری (حەملەڕوش) خۆی پێگەیاندو بوو بە یەکێک لە باشترین پێشمەرگەو پارتیزانی بە هەڵمەت و دوژمن تۆقێن.

لەشەڕی سێ مانگەدا لە دەستەیەکی بچوکی چەندکەسیدا لە ژێر فەرمانەدری حەملەڕوشدا ناوچەی نەوسوود، دووئاوو مەلاندەریان کردە گۆڕستانی داگیرکەرانو خۆفرۆشانو بەتەواوی دوژمنیان تاساند. بە گرتنی پاسگای دووئاو دوژمن بەجۆرێک تاسابوو کە لە ناوچە دوورەکانی وەک باینگانو جوانرۆ خۆیان پێ ڕانەگیراو بە گشتی خۆیان لەشاری پاوەو جوانرۆ خزاند. ئەم سەرکەوتنانە بوو بە هۆی بەرز بوونەوەی ورەی خەڵکو پێشمەرگە.

ئەنوەر ئەمینی لەم سەرکەوتنانەدا دەوری تایبەتی گێڕاو پشتیوانیەکی بە هێزیش بوو بۆ فەرماندەهی لەداڕشتنی پلان و مەئمورییەتەکانیدا.

پاش شەهید بوونی حەملەڕوش، توانایی ئەنوەر زیاتر دەرکەوت لە دواتر جێگای بەتاڵی شەهید محمدئەمینی پڕ کردەوەو، بوو بە فەرماندەی لکی شەهید محمدامین نادری (حەملە ڕووش). بە بێ لەخۆباییبوون ئەنوەر شایستەی ناوی پیرۆزی پێشمەرگەو فەرماندە بوو .

ئەنوەر کەسێکی خۆنەویست، بە ورە، هەڵمەتبەرو دڵ پاک، خۆشەویستی خەڵکو پێشمەرگە بوو، ئەو لە بەشی هەرەزۆری چالاکییەکانی هێزی شاهۆدا ماندوونەناسانە دەور و ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەبوو.

ناوبراو لە دەیانو بگرە لە سەدان عەمەلیاتو شەڕو گەمارۆ و هێرشی سەختی دوژمندا لە ناوچەی هەورامان حەماسەو شانازی خوڵقاندو هێزی پۆشتەو پەرداخی سپای داگیرکەرو زەبەنی خۆفرۆشانی جۆراجۆری خۆماڵی زەلیلو زەبوونی هەڵمەت و پەلامارەکانی ئەنوەر ئەمینی بوون.

با ئاوڕێک لەدەفتەری بیرەوەری کاک مەنسوور ئیراندووست بدەینەوە بزانین چۆن باسی شەهید ئەنوەر ئەمینی دەکا.

"کاتژمێر لای دووی دوانیوەڕۆ دەستەیەکی چەند کەسی پێشمەرگە لە چەند میترییەوە کەوتبوینە گەمارۆی جاشەکانەوە، تەنیا شارەزای ئەو ناوچەیە من بووم، هەستم دەکرد دەرباز بوون ئاستەمەو هەر ئەوەندەم بۆ هات کە بڵێم هاوڕێیان ئەگەر زەبری گورچکبڕیان لێ نەدەین دەرباز بوون محاڵە. قرمەی چەکو نەعرەتەی شێرانەی ئەنوەر تێکەڵ بە یەکو داوای تەسلیم بوونی جاشەکانی دەکرد هەڵمەتەکەی هێندە بە زەبرو چاوەڕوان نەکراو بوو جاشەکان پرشو بڵاو بونەوەو هاواری زەبوونانەیان بەرز بۆوە. پێشمەرگەکان هەلیان دەست کەوەت بۆ دەرباز بون (هەر چەندە دواتر دوو پێشمەرگە شەهید بون و سیانی دیکەش برینداربوون) من و ئەنوەر تاک بووینەوە، داوتر لە یەک دابڕاین، من کە شارەزای ئەو ناوە بووم لەگەڵ تاریک بوونی هەوا خۆم دەرباز کرد، بەڵام ئەنوەر مایەوەو تا سەعات دوازدەی شەو لەگەمارۆدا بوو. من سێ سەعات پێش لە ئەنوەر دەرباز ببوم، لای سەعات سێی شەو بە ئیحتیاتەوە لە شوێنی دیاری کراوی یەک گرتنەوە نیزیک بومەوە لە نەکاو و چاوەڕوان نەکراو کەسێک دەنگی دامو دای لەمیلی کەڵەشینکۆفەکەی، ئەویش ئەنوەر بوو پێش من خۆی گەیاندبوە شوێنی دیاری کراو کە لەگەڵ هاوڕێیان یەکیان گرتبۆوە. کە دەبینێت هاوڕێیانی برینداروهیلاکنو شەکەت ماندوون بۆ خۆی سەرەڕای 10 سەعات شەڕی دەستەویەخەو برینی ڕێگایەکی زۆر دەبێتە کێشکی هاوڕێیان. مەبەست لە گێڕانەوەی ئەم بە سەرهاتە ئەوەیە کە ئەو هەڵمەتە پڵنگ ئاسایەو دەرباز بوون لە تواناو وەرەی هەموو کەسدا نیە بۆیە دەکرێت ئەنوەر وەک پڵنگی هەورامان ناو ببەم."

ئەنوەر لە شەڕەکانی نەوسود، دووئاو، مەلاندەریان، ئەشکەوتی حاجی ئەوڕەحمان، تونیلی دووئاو، بەرزاییەکانی پەروینی، بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی دوژمن بۆ سەر بنکەکانی هێزی شاهۆ لەئاوەزنێ و دەرتوی دەوری سەرەکی و فەرماندەهی زۆربەی ئەم شەڕانە بوو.

دامو دەزگاو ڕایەڵە جۆراجۆرەکانی کۆماری ئیسلامی بۆیان دەرکەوتبوو کە لەمیدانی شەڕو بەربەرەکانیدا توانای لە داو خستنو سەرئەنجام لە ناو بردنی ئەنوەری قارەمانیان نیە. پەنایان بردە بەر دەیان پیلانی ترسنۆکانەو بێ ڕەوشتانە.

کاک مەنسوور ئیراندووست بەمجۆرە باسی شەهید بوونی ئەنوەر ئەمینی دەکا.

"سەرئەنجام پاش کارەساتی هەڵەبجە ئەنوەر بە پشوودان لە هەڵەبجە دەمێنێتەوە، پاش مانگێک مانەوەی لەهەڵەبجە کۆماری ئیسلامی توانی بە هاوکاری خۆفرۆشانی پیلانە شومەکەی جێبەجێ بکاتو لە دەوروبەری گوندی "بۆین" لەساڵی ١٣٦٧ی هەتاویدا لە کردەوەیەکی نهێنیو بێ ڕەوشتانە لە داوی بخات و بێ سەروشوێنی بکات.

بەم جۆرە ڕۆڵەیەکی شۆڕشگێڕو ماندوونەناس گیانی شیرینی کردە فیدای ئازادی نەتەوەیەکی زوڵم لێکراو و خاکی داگیرکراو.

مەنسوور ئیراندوست دەڵێ "کە بیر لە ڕابردوو دەکەمەوەو دەگەڕێمەوە بۆ ئەو سەردەمانەی کە ئەنوەر لەهەڵمەتو پلاماردا چۆن ڕەوەی جاشو پاسدارەکانی تێک دەشکاندو ڕاوی دەنان، سەری ڕێز لە ئاستی ڕۆحی بەرزەفڕی ئەنوەر دادەنوێنم .

هاوسەنگەرانی دەیان جار شاهیدی قارەمانەتی و فیداکاری ئەنوەر بوون کە لەڕۆژە سەختەکاندا لە خۆی نیشان دەداو شانازی و سەرکەوتنی دەخوڵقاند."

ڕۆحی ئەنوەر ئەمینیو هەموو شەهیدان شاد شانازیش بۆ بنەماڵەی سەربەرزی ئەنوەر کە ڕۆڵەیەکی وەها فیداکاریان پێشکەش بە بارەگای ئازادی گەل و نیشتمان کرد .

---




**سەید فەرەج حوسێنی**

کاتێک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، کوردستانی خۆڕاگرو قارەمانی وەبەر پەلاماری درەندانەی خۆی داوە، خەڵکی کوردستان لەژێر ڕێبەری حیزبی دێموکڕاتدا دیفاعیان لەمافو مەوجودییەتی خۆیان کردو لە درێژەی ئەو خەباتو بەربەرەکانییەدا باشترین ڕۆڵەکانی خۆیان بەختی ئازادیو بەختەوەری کردوە، ڕۆڵەی قارەمان، فەرماندەی خۆڕاگرو شۆڕشگێڕ کە گیانی پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردوە شەهید سەیدفەرج حوسێنی لە ناوچەی هەورامان کە ڕێز لە ناو و تێکۆشانی لە هێزی شاهۆ دەگرین.

سەیدفەرەج حوسێنی ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی لە کاتێکدا دێموکڕاسێکی نسبی باڵی بە سەر ئێراندا کێشاو، لە کوردستان بەرەبەرە ڕێکخراوەکانی حیزبی دەبووژانەوە لەوەها هەلومەرجێکی ئەوتۆ لە باوەشی بنەماڵەیەکی


هەژارو زەحمەتکێشی گوندی "بەلەبزان"ی هەورامان لە دایک بوە. هەر لەمنداڵییەوە ژیانی ئاوێتەی هەژاریو دەست کورتیو ستەمو بێبەشیو چەوساندنەوە بوە. تەمەنی منداڵیی ئەویش وەک زۆربەی هەرە زۆری منداڵانی ئەم کوردستانە لە کوێرەوەریدا تێپەڕی. هەر بەو هۆیەشەوە بوو نەیتوانی بچێتە قوتابخانەو نەخوێندەوار مایەوە. مێرمنداڵ بوو کە شانی دایە بە کاروکاسبی. ئەو سەرەڕای هەموو ئەو مەینەتییانە زۆر ئازایانە وێڕای بنەماڵەی دەستی بە کارو کاسبیو ئارەقە ڕشتن کردو بە مەبەستی پەیدا کردنی پێداویستییەکانی ژیان. سەید فەرج هەر چەند نەخوێندەوار بوو، بەڵام هەر لە منداڵییەوە هەستی بە چەوسانەوە کردبوو.

کاتێک بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پەرەی گرتو لە بەرانبەریش دا پەلاماری دوژمنانی ئازادی توندو تیژتر بوو، سەید فەرج حوسێنی بڕیاریدا بچێتە ریزی خەباتکارانەوە. بۆ ئەو مەبەستە ساڵی ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزب ١١ی رەشەممەی ١٣٥٧ بوو بە پێشمەرگەو، وەک تێکۆشەرێکی هەڵسووڕ تێکۆشانی خۆی دەست پێکرد، بەمجۆرە قۆناغێکی تازە لە ژیانی ناوبراودا دەستی پێکرد. سەید فەرج سەبارەت بە ئازایەتیو فیداکاری، سەبارەت بە ورەی بەرزو ماندوو بوونی، سەبارەت بە ئیمانی قووڵ بە ڕێبازی حیزبو بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەی زۆر زوو جێگای خۆی لە نێو ریزی هاوسەنگەرانیدا کردەوە. ئەو ئامادەی هەر چەشنە فیداکاریو گیانبازییەک بوو. لە بەڕێوە بردنی ئەرکو مەئمووریەتە حیزبییەکاندا جیددیو رووسوور بوو. هەرئەوەش بوو کە وەک سەرپەل دیاری بکرێ، بەهۆی ئەزموونێک کە لەماوی کورتدا بەدەستی هێنابوو توانی زوو خۆی لەگەڵ هەلومەرجی نوێ ڕێک بخاو وەک پێشمەرگەیەکی بە دیسیپلین چاوی لێ بکرێو خزمەتی حیزبو گەلەکەی دەکرد. هەر لەو ماوە کەمەدا توانی بە ئاکارو کردەوەی جوانو بەشداری کردن لە شەڕکاندا جێگای خۆی لە نێو هاوسەنگەرانیدا بکاتەوە، سەید فەرج بە هۆی ئەو تایبەتمەندیانەوە کە تایبەتمەندی پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمانو چاو نەترسو بەنەزمو دیسیپلینە، پلەکانی حیزبی یەک بەدوای یەکدا بە سەرکەوتنەوە بڕیو بە فەرماندەری یەکێک لە لکەکانی هێزی شاهۆ دیاری کرا. لە ژێر فەرماندەهی سەید فەرجی شۆڕشگێڕو قارەماندا دەیان زەبری کاریگەر لە پەیکەری هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامی کەوت.

سەید فەرج حوسێنی ئەگەرچی خوێندەوارییەکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام بە کردەوە سەلماندی کە لە پێناوی دیفاع لە نەتەوەکەیدا لە هیچ چەشنە لەخۆبووردووییەک دریغی ناکا، لەمەیدانی بەرەو ڕووبوون لەگەڵ دوژمندا بەتایبەت لەناوچەی هەورامان، کامیاران، رەوانسەرو جوانرۆدا سەلماندی کە ئازاو نەترسە. ئەو پێشمەرگەو فەرماندەیەکی سادقو رووح سووک بوو، لەسەر ئامانجو بەڕێوە بردنی کارەکانی شێلگیر بوو. ناوبراو ئازاو قارەمان بوو، لەئاست دوژمندا رق ئەستوورو لەبەرانبەر خەڵکو هاوڕێیانیدا لەسەرەخۆ بوو. بۆ بڕیاردانی حیزبی سەر لە پێناو بوو.

بەداخەوە رۆژی ٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی لەبێساران لەشەڕ لەگەڵ کۆمەڵە سینگی سەید فەرەجی پێکراو خوێنە سوورە ئاڵەکەی رژایە سەر خاکی پاکی نیشتمانو بۆ هەتا هەتایە ماڵئاوایی لە هاوسەنگەرانی کردو درێژە پێدانی رێگاو رێبازەکەی بە هاوسەنگەرانی سپارد

---




سەید عێزەت حەسەنپوور

ساڵەهای ساڵە گەلی کورد لە پێناو وەدەست هێنانی مافو ئازادییەکانیدا بەردەوام خەباتی کردوە، لەو پێناوەدا مێژوویەکی پڕ لەشانازیو پڕ لەحەماسەو خوێنی هەیە. نەتەوەیەک کە بە پیلانێک هەم خاکو هەم خەڵکەکەی دابەشو لەتوپەت کراوەو، لەلایەن رێژیمەکانی حاکم بەسەر کوردستاندا لە مەترسی تواندنەوەو لە بەین چوونو لە ژێر فشارو ئەشکنجەدا بووە بەو حاڵەش ئەو زەبرو زەنگو ئێشو ئازاردانە ورەی نەڕووخاوەو کۆڵی لەخەباتو تێکۆشانو قوربانیدان نەداوە. لەگۆڕەپانی مڵملانی دەر نەکوتووەو نەیان توانیوە دەری بکەن، بەڵکوو قورسو قایم لەدژی چەوسێنەرانو داگیرکەراندا راوەستاوە، لەهەر بەشێکی ئەم کوردستانە تێکۆشانی خۆی بە دژی حکومەتە زۆردارەکانو دەسەڵاتدارانی حاکم بەسەر کوردستاندا درێژەی بە خەبات داوەو مانو مەوجوودییەتی خۆی پاراستوە.

خەباتی رەوای خەڵکی کوردستانی ئێران رەنگدانەوەی ئەو هەمووە زوڵمو زۆرەو زەبرو زەنگەیە کە لەمێژە بەسەر گەلەکەماندا سەپاوە. لە٧ دەیە لەوە پێشەوە قورساییو رێبەری ئەو بزوتنەوە لەئەستۆی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە، کە بۆ وەدیهێنانی ئامانجە بەرزو پیرۆزەکانی گەلی کورد خەبات دەکا. لەو ماوەیەدا بە

سەدانو هەزاران رۆڵەی فیداکار گیانی خۆیان پێشکەش بەو گەلە بەشخوراوە کردوە. عیزەت حەسەنپوور دووهەمین شەهیدی بنەماڵە یەکێک لەو قارەمانانە بوو کە گەورەترین سەرمایەی ژیانی واتە گیانی پێشکەش کرد.

ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لەو کاتەیدا کە رێژیمی پاشایەتی سێبەری شومی بە تەواوی بەسەر ئێراندا کێشا بوو عێزەت حەسەنپوور دووهەمین شەهیدی بنەماڵە، لەگوندی "نەروێ" هەورامان چاوی بەدنیای پڕلە کوێرەوەری کردەوەو بەرە بەرە لەگەڵ تێپەڕینی ژیان پێبەپێ گەورەتر دەبوو ئەزموونی ژیانی وەسەریەک دەناو وانەکانی قوتابخانەی تا دواناوەندی خوێند لەو سەرو بەندەدا بوو کە شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوتو رێژیمی پاشایەتی لەزبڵدانی مێژوو هاویشترا. زۆری نەکێشا کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو ویست وداخوازی‌یەکانی تەواوی چینوتوێژەکانی خەڵکی ئێران بەگشتیو کوردستان بە تایبەتی پێشێل کردو داواکانی خەڵکی بە ئاورو ئاسن وەڵام دایەوە. هەر لەو کاتەدا حیزبی دێموکڕات بە کردەوە لەمەیداندا دژی ئەم دیکتاتۆرییە راوەستاو لاوانی لە دەوری خۆی کۆکردەوە. عیزەتیش وێڕای زۆریەک لەلاوانی ئەو ئاوو خاکە نەیتوانی لەئاست زوڵمو زۆری رێژیمی دەسەڵاتداری ئێران دەرحەق بە گەلەکەی چاو هەڵنەبڕێ. بۆ ئەم مەبەستە قۆڵی خەباتی هەڵماڵیو ساڵی ١٣٥٨ لەریزی یەکیتی لاوانی دێموکڕاتدا دەستی بە تێکۆشانی سیاسی خۆی کرد. هێشتا ماوەیەکی کورت لە پێشمەرگایەتی ناوبراو تێنەپەڕی کە کۆماری ئیسلامی هێرشی بۆ سەر ناوچەی هەورامان دەست پێکرد. هەر بۆیەش بڕیاریدا چەکی پێشمەرگایەتی لەشان بکاو دیفاع لە ئاو خاکو زێدی خۆی بکا، ئەو هەڵویستە شۆڕشگێڕانەیە بوو بەهۆی ئەوە وێڕای چەند کەس لە هاوسەنگەرانی لە ناوچەی هەورامان وەک هەڵۆیەکی سەربەرز پێش بە پەلامارەدەران بگرێ. دوژمن بە چەکی جۆراوجۆرو هێزی زۆرو بە پشتیوانی هێلیکوپتێر پەلاماری "سەرکۆیان"ی دا، بەڵام ئەوە کوڕی وەک عێزەت بەسەدان لە مەیدان دابوو کەقۆڵی دیفاع لە زێدی خۆیان هەڵماڵی زەبری کاریگەریان لێوەشاندنو هێزی دوژمنیان سەرەو خوار لە بەرزایی سەرکۆ پاک کردەوە. شەڕەکانی تاشو سەرکۆ، کەللەقەندی باسی ئەو داستانانە دەکەن کە عیزەتی کوڕی دێموکڕات حەماسەی تێدا خوڵقاندوە ئێستاش هەروا وەک یادگاری خەڵکی ئەو مەڵبەندە باسی لێوە دەکەن.

ئەو زۆر زوو بوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانیو هەموویان رێزیان دەگرتو رێزی دەگرتن. پێشمەرگەیەکی روح سووکو لەسەرە خۆو بە ئەخلاق بوو. لەنێو خەڵکی ناوچەشدا خۆشەویست بوو. لە ماوەیەکی کورتدا جێگەی خۆی لە نێو ریزی پێشمەرگەکاندا کردەوەو وەک پێشمەرگەیەکی بە ئیمانو دڵسۆزو خاوەن بیروباوەڕ ناسرا. ئەو لە بەڕێوە بردنی کارە حیزبیو پێ ئەسپێردراوەکانیدا جیددیو رێکوپێک بوو. نموونەی پێشمەرگەی خاوەن نەزمو دیسیپلین بوو، لە هێرشی بەربڵاوی کۆنەپەرستی بۆسەر شاری نەوسود تەنیا عیزەتو پەلێک پێشمەرگە

وێڕای هێزی بەرگری دەرسێکی لەبیر نەکراویان بە هێزی بەکرێگیراوی کۆماری ئیسلامی داو لەو لاپەڕە زێڕینانەن کە لە تۆمار کردنیدا رۆلی بەر چاوی هەبوو.

عێزەت بە هۆی ئازایەتی هەموو پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕی لەجێگری پەل، سەرپەل‌و فەرماندەری لکو، سەرئەنجام سالی ١٣٦٧ وەک جێگری هێزی شاهۆ دیاری کرا، پاشان وەک فەرماندەری ئەو هێزە قارەمانە دیاری کرا. بە هۆی لێهاتووی لەسالی ١٣٧٠ بوو بە فەرماندەری هێزی بێستوون. لەو مەلبەندەش ئەوەی لەتوانای دابوو ئەرکی خۆی بە جێگەیاند. سەرتەنگی‌سەر، بێساران، گەلێن، دەرەکەولەیگەلێن، هەوراوی تەنگیسەر، بەرزاییەکانی ئالمانەی مەریوان، سەرشیوی مەریوان، کوڕەمریەم‌و کۆسالان بوونە مەیدانی خەباتو بەربەرەکانی عیزەتی حەسەن پوورو زۆر قارەمانەتی تێدا نواند.

ناو براو نەک هەر پێشمەرگەیەکی ئازاو فەرماندەیەکی بە توانا بوو بەلکوو کادرێکی لێهاتووی سیاسی بوو لە دەورەی سیاسی مودیرییەتدا بەشداری کردوە زۆر ئازایانە توانی بە سەرکەوتوویی تەواوی بکا. شیوو دۆل‌و بەرزایی‌و هەموو ناوچەی هەورامان شاهیدی بۆ قارەمانەتی عیزەت حەسەنپوور دەدەن. شەڕە بەناو بانگەکانی نەوسوود، تونێلی دووئاو، کەللەقەندی، شۆشمێ، کاگوژە، قەلاگا، ناوشاری پاوە عێزەتیان لە نێو کورەی خەباتدا قال کردوو، بوو بە یەکێک لەفەرماندە فیداکارەکانی حیزبی دێموکڕات. ناوبراو برایەکی بەناوی کامیل حەسەن‌پوور کە فەرماندەری لک بوو شەهید بوو.

کۆماری ئیسلامی لە سالی ١٣٦٨ پەلاماری گوندی نەرویَ، زیدی عێزەت دەداو خەلکی ئەو گوندە قارەمانە بۆ ماوەی چەند سال دەربەدەر دەکەن‌و لەزێدی خۆیان دەریان دەکەن.

عێزەت لە دالاهۆو بەمۆش زۆر قارەمانەتی نواند هەر وەک چاوەڕوان دەکرا زۆر زوو خۆی نیشان داو لەبەر لێهاتوویی‌و ئازایەتی لەم مەسئوولییەتەشدا سەر بلێندو روو سوورو سەر کەوتوو هاتەدەر. لە عەمەلیاتەکانی ناوچەی هێزی بێستوون فیداکاریی لەخۆی نیشان داو سەلماندی کە لە هەموو شوێنێک دژی زۆرداران بە ورەیەو ئازایانە بەگژ داگیرکەراندا دەچێتەوە. هێزی رێژیم هەمیشە لەبەرامبەریدا زەبوون بوو. ناوبراو تەواوی ژیانی خزمەت کردن بە نەتەوەکەی بوو بەلام بەداخەوە لەرۆژی ٣٠ گەلاوێژی سالی ١٣٧١ی هەتاوی لەگەل دوو هاوسەنگەی دیکەی لە قسلان کەوتنە سەر مین وگیانی پاکی پێشکەش بە گەلەکەی کرد.

---




## کامیل حەسەن‌پوور دووهەمین شەهیدی بنەماڵە

ئاوایی نەڕوێ لە ناوچەی هەورامان یەکیک لەو ئاوایی‌یانەیە کە کۆمەڵێک تێکۆشەری قارەمانی لێکەوتەوەو لەماوەی دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامی زۆر ئازایانە دژی وەستانەوە، پۆلێک هەڵۆی سەربەرزی شاهۆ بوون کە بەردەوام چاوەدێری ئاو وخاکو نیشتمانیان دەکردو لە دوژمنیان دەپاراست. ئەم شۆڕشگێڕانە تا دوا دڵۆپی خوێنیان بەرەنگاری کۆنەپەرستی بوونەوە. یەکێک لەو خەباتگێرانە کە ناو یادی بەرز رادەگرین شەهید کامیل حەسەن‌پوور دووهەمین شەهیدی بنەماڵەیە، لە ناوچەی هەورامان.

لە کاتێکدا کە خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ١٣٤٦ و ٤٧ سەرکوت کراو دۆخێکی نالەبار بەسەر کوردستاندا زاڵ بوو، رێژیمی پاشایەتی سێبەری شوومی بەسەر کوردستاندا کێشابوو لەوەها رۆژگارێک کورپەیەک بەناوی کامیل حەسەن‌پوور لە ئاوایی "نەڕوێ" سەربە ناوچەی هەورامان چاوی بە دنیای روون کردەوە. لەتەمەنی٧ ساڵی‌دا رەوانەی قوتابخانە کراو تا دەورانی دواناوەندی زۆر زیرەکانە دەرسی خوێندی. بەڵام چارەنووس وابوو کە لەگەڵ ژان لەدایک بێو بە ژانیش گەورە بێو خۆشیو چێژی ژیانیش بۆ ئەو ئاواتێکی گەورە بوو کە قەت وەدی نەهات. کامیل رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر خۆی ماندوو دەکرد تا بەرهەمی کاری پتر بێو بۆشایی نەبوونی لە بنەماڵەدا پڕ بکاتەوە.

ژیانی کامیل حەسەن‌پوور تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەمجۆرە تێپەڕی. بەڵام جنایەتەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا بە تەواوی هەستی لاوی زەحمەتکێشی خەوشدار کرد. هەرچەند لە هەل‌ومەرجێکی ئاستەمدا دەژیا، بەڵام دیگوت" کاتێک گەلی کورد لەنێو بچێ منیش لەنێو دەچم‌و ژیان بۆ منو بۆ باقی هەژارانی کوردستان مانای نیە. کاتێک سەربەست نەبم، ژیان چ مانایەکی هەیە."

دوای ئەوەی دڵڕەشانو کۆنەپەرستانی کۆماری ئیسلامی کە بە خوێنی هەزاران لاوو پیرو جوانی خەڵکی ئێران بە دەسەڵات گەیشتبوون داخوازی بە حەقو رەوای خەڵکی کوردستانیان بە ئاگرو ئاسن وڵام دایەوە، کامیلی تامەزرۆی ئازادیو رزگاری گەلی کوردی هێنایە سەر ئەو بڕوایە، لە گەرمەی شەڕەکانی سەرەتای دەیەی ١٣٦٠ دا بڕیاری شۆڕشگێڕانەی داو لە بنەماڵەی زەحمەتکێش ماڵئاوایی کردو لیباسی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لەبەر کردو هاتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بوو بە پشتو پەنای برا تێکۆشەرەکەی عیزەت حەسەن پوور.

کامیل لە ماوەیەکی کورتدا خۆی نیشانداو بە هەڵگرتنی چەکی شەڕەف ئامادەی شەڕی حەقخوازانەی گەلەکەمان لەدژی پێشێلکەرانی مافو ئازادییەکانی گەلی کورد بوو.

ناوبراو بە ئیمانێکی بەهێزترو بیرو باوەڕێکی قووڵتر قۆڵی بۆ خەبات دژی دوژمنانی ئازادیو هەموو ئەو کەسانەی خەونی نابوودیی گەلی کوردیان دیبوو هەڵماڵی. کوڕێکی لەبەر دڵانو بە نەزمو لەسەرخۆو بە بیروباوەڕو هەڵسووڕ بوو، لەماوەیەکی کورتدا دەرکەوت بە ئیمانەوە رۆڵەی حیزبی دێموکراتەو، قەت سەر بۆ دوژمن دانانەوێنێ. زۆر ئازایانە لەشەڕ لەگەڵ دوژمن بەگژیان دا دەچۆوەو لە شەڕەکانی ناوچەی هەورامان‌دا بەشداری چالاکانی دەکرد.


کامیل لە نێو ریزەکانی حیزبدا بەهۆی لێهاتووییو تێگەیشتوویی لە لایەن کومیتە شارستانەوە ناردرایە دەورەی سیاسیو پاش تێپەڕ کردنی سەرکەوتوانەی ئەو دەورەیە گەڕایەوە کۆمیتەو، ئەمجارەیان بە ئەزموونێکی پتری سیاسییەوە وەک کادرێکی لێزانو لێهاتوو شێلگیر دەستی بەکار کرد، ناوبراو هەمیشە بێوچان خەریکی خوێندنەوە بوو ئەو خوێندنەوەیە لە پێگەیاندنو بردنە سەری ئاگاهیو سیاسی بوونی ئەودا نەخشێکی بەرچاوی هەبوو.

ئەو دواتر بەهۆی سیفەتە شۆڕشگێڕییەکانیو ئیمانی قووڵی بە رێبازی دێموکڕات بەرپرسایەتی نیزامیی پێ سپێردراو وەک سەرپەلو پاشان بە هۆی ئازایەتیو بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی وەک فەرماندەری لک دیاری کرا. کامیلی خۆڕاگرو چاونەترس شانی وەبەر ئەو مەسئولییەتە قورسە داو زۆر ئازایانەو دڵگەرمتر لە پێشوو ئەرکەکانی حیزبی جێبەجێ کرد. لەو ماوەیەدا توانا نیزامییەکانی کامیل بۆ کومیتەی مەڵبەندی یەکو هێزی زاگرۆس بەرچاو بوو. ئازایەتییەکەی وێردی سەرزمانی هاوسەنگەرانیو، بەتایبەت لە شەڕەکانی نیەر، کەللەقەندی، سەرتەنگیسەرو زۆر شەڕی دیکەی ناوچەی هەورامان نەخشی چاکی گێڕا.

رۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی، لە کاتێکدا دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی زاگرۆسو بێستون، بۆ حەسانەوە چووبوونە شوێنێک بە ناوی باخە بووچکەڵە، لەلایەن هێزی دوژمنەوە هێرشیان بۆ کرا. سەعاتی ١/٥ ی پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژە شەڕێکی توندو خوێناوی دەستی پێکردو ئەو شەڕە تا سەعاتی ٨ی

ئێوارێ درێژە دەکێشێو سەرئەنجام بە شکانی دوژمن کۆتایی دێت. ژمارەیەکی زۆر لەهێزی دوژمن دەکوژرێ. بەڵام بەداخەوە لەو شەڕەدا سێ پێشمەرگەی قارەمان، ٣ فەرماندەی کارامەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ناوەکانی کامیل حەسەن پوور فەرماندەری لک، حەسەن مینبەری فەرماندەری لک، نەجمەدین مینبەری جێگری لک شەهید بوونو چوونە نێو کاروانی شەهیدانی ڕێگای ئازادی و گیانیان بەختی مافو ئازادییەکانی گەلە بەشخوراوەکەیان دەکەن. یادیان بەخێر بێ و ڕێگایان هەروا پڕ ڕێبوار بێ.

---



شەهید وەلی عەوێزی

ئاوایی "نەڕوێ" یەکێک لەو ئاوایییانەی هەورامانە کە کۆمەڵێک ڕۆڵەی فیداکارو ئازای لێ هەڵکەوت لە ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا قۆڵیان هەڵماڵیو زۆر ئازایانە لەبەرامبەر ناعەدالەتییەکانی ئەو ڕێژیمە وەستانەوە، وەک هەڵۆیەکی تیژباڵی شاهۆی سەربەرز ئەوەندەی لە ژیاندا مابوون چاوەدێری ئاو خاک و نیشتمانیان دەکردو نەیان دەهێشت پۆستاڵی پیسی دوژمنان بێتە ناوچەکەیان و زۆر ئازایانە تا دوا دڵۆپی خوێنی گەشیان وەفادار بە ڕێبازیان مانەوەو بە خوێنی خۆیان حەقانییەتی گەلەکەیان تۆمار کردو سەریان لە وریبازەدا دانا، یەکێک لەو کەسانە شەهید وەلی عەوێزی خەڵکی ئاوایی نەروێ لەهێزی شاهۆی سەربەرز.

وەلی عەوێزی کاتێک چاوی بەدنیای روون کردەوە کە ساواک بـاڵی رەشی خۆی بەسەر کوردستاندا دەکێشا وئەنـدامانی حیزبـی دێمـوکراتی کوردستانی رەوانەی سیاچاڵەکانی پاشـایەتی لەسـاڵی ١٣٣٦ی هەتـاوی دەست پێکردبـوو. لەوەهـا بارودۆخێـک چاوەگەشـەکانی بە جـوانی نـاوچەی هەورامـان کـردەوە، بەرە بەرە بە هەوای بێگەردی هەورامان پێرۆکە بوو. رۆژهات ومانگ تێپەڕی وەڵـی بـاوەخۆش بـوو وێـڕای بنەمـاڵەکەی ملی بەر کـارو ژیانی نەمر نەژی نا. ئەو ژیانە تـاڵە کە بەرۆکی بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستانی گرتبـوو بنەمـاڵەی وەلـی یەک لەهەزران بنەماڵانە بوو کە تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەمجۆرە تێپەڕی.

دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی و هاتنی رێژیمی تـازە بەدەسەلات گەیستووی ئیسلامی، زیـاتر لە رێژیمی پاشـایەتی سەرکوت و خەفەقـانی دەست پێکـردو هێـزی کۆنەپەرستی بەکوردستـان وەر کـردو جنـایەتی رێژیمی ئیسلامی هەستی وەلی عەوێزی زەحمەتکێشی خەوشدار کرد، هەر چەند ژیانی ئەو لە ئاستێکی نەزم دابـوو بەلام باشـی هەسـت بەوە کردبـوو کە نەتەوەکەی لە تـوانەوە دایە بـۆیە پێـی وابـوو ژیـان بـێ ئـازادی و سەربەسـتی مانایەکی نیە. هەربۆیەش دوای ئەوەی هێزی کۆماری ئیسلامی بەسەدان وهەزاران لاوی کوردیان قەتلو عام کـردو بە ئاگر ئاسن ولامی داخوازەکانی گەلی کوردیان دایەوە رۆڵەی قارەمان وێرای چەند کەس لە گونـدەکەی خۆیـان شانیان بەر قورسایی داو کاتێک دیتیان کە حیزبی دیموکراتی کوردستـان بە کـردەوە دژی زۆرداری وەسـتاوەتەوە، ئەوان بوونە پێشرەوی ئەو بەربەرەکانییە کە لەلایەن دوژمنەوە هێرشیـان هێنـابوو. وەلـی وەک زۆر لاوی دیکەی کوردستان قۆڵی لە خەبات هەڵماڵی هەر لەیەکەم رۆژەکانی کۆمیتەی حیزبی لەو نـاوچەیە دەستی بەتێکۆشـانی سیاسی کرد، ناوبراو وەک هەلۆیەکی بەرزەفر لە گەڵ چەند کەس لە هاوڕێیانی چاوی بە نیشتمانەوە بوو توانی پـێش بەهێرشـکەران بگـرن، کاتێـک دوژمـن بە چەکـی قـورس وهێـزی زۆرو سـێ هێلیکـۆپتێرەوە پەلامـاری "سەرکۆیان"ی دا قارەمانانی وەک وەلی بەدەیان و سەدان لە بەرەکانی شەڕ بوون کە قۆلێ بەربەرەکانی لە زێدی خۆیان هەڵماڵی و هێزی کۆماری ئیسلامییان بەرەو خوار راماڵی وچیای سەرکۆیان لە دوژمن پـاک کـردەوە. ئەوە یەکەم شەڕی ئازایانەی وەلی نەبوو بەڵکوو شـەڕەکانی کەللەقەنـدی وتـاش باسـی ئەو داستـانانە دەکەن کە کـوڕ دێموکرات حەماسەی تێدا خوڵقاندوە کەوەک لاپەڕەیەکی پرشەنگدار لە دەفتەری پێشمەرگایەتیدا تۆمار کراوە.

وەلی لەماویەکی دا بوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانی بۆیەو زۆر زوو بەرپەسـایەتی پێسپێردراو بە مانـدوو بوونی بەردەوام لەکارکردندا توانی مەسئوولییەتی قورس وەگرێ و وەک فەرمانـدەری لـک لە نـاوچەی هەورامـان دیاری بکرێ. ناوبراو لە بەڕێوەبردنی ئەرکە پیرۆزەکانی دا سەر لەپێناو بوو بۆ هەموو مەئمووریەتێکی حیزبـی ئامادە بوو کەسێکی مودیر، پێشمەرگەیەکی ئـازاو بەئیمـان، خـاوەن نەزم وبەدسیپلین بـوو ئـاو تایبەتمەنـدییانە وای کرد کە یەکێک لە باشتری وخۆشەویسترین تێکۆشەرەمانی ئەو ناوچەیە بێ.

کاتێک دوژمن پەلاماری ناوچەی دا ئەوە وەلی چەند تیمێکی چووکەی دیکە پێشمەرگە و هێزی بەرگری بوون کە دەرسێکی لەبیر نەکراویان بە هێزی کۆماری ئیسلامی داو لەو لاپەڕە زێڕینانەن کە لە تۆمار کردنی رۆڵی بەرچاوی بوو.

ئەو کەسایەتێکی کۆمەڵایەتی لە ناو خەلکی ناوچەکەو خۆشەویستی کۆمەڵانی خەلک بوو لەراستیدا بە مەعنای کلیمە پێشمەرگەی حیزب وگەلەکەی بوو. هەرچی توانای هەیبوو بۆ رێکوپێکی بەڕێوەبردن و ئەنجامگەیاندنی ئەرکە پیرۆزەکانی وەگەڕی خستبوو. تا کاتی شەهید بوونی لە دەیان کەمین و بەربەرەکانی و گرتنی مولگەی دوژمن بەشداری چالاکانەی دەکرد کە خەلکی قارەمانی ئەو ناوچەیە هەمیشە یادی ئەو رۆڵە فیداکارە دەکەنەوە وەک قارەمانێکی بوێرو ئازا ناوی دێنن.

بەداخەوە مەرگ مەودای پێنەدا کە زیاتر خزمەت بەنەتەوە بەشخوراوەکەی بکا لە رۆژی ٢٥ی خەزەلوەری ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی لە شەری ناوخۆی لەگەڵ کۆمەڵە شەهید کرا.

---




**عێزەت ئەحمەدی**

عێزەت ئەحمەدی لە ساڵی١٣٢٠ی هەتاوی لەئاوایی "کۆمەدەرە" ناوچەی هەورامان چاوی بە دنیای روون کردەوە کاتێک تەمەنی گەیشتە ٧ ساڵان بێ دەرەتانی رێگای قوتابخانەی لێبەست، ژیانی پڕلە ئازارو مەینەت بەشیو کەندوکۆسپەکانی رۆژگارو نابەرابەری نێوان چینوتوێژەکانی کۆمەڵەکەی لەو ناوچەیەدا، بوونە هۆی

ئەوە کە هەر لە تەمەنی لاوەتی‌دا هەست بە بندەستی‌و کۆیلەتی بکاو بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو نیزامەو، خۆ رزگارکردن لەو ژیانە داسەپێنراوە بەدوای رێگای چارەسەردا بگەڕێ‌و عاشق‌و ئەویندار ژیانی پێشمەرگایەتی ببێ.

عێزەت دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بوو بە هاوکاری کومیتەی ئینقلابو پاشان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد دەستی دایە چەکو بێ سێ‌و دوو کردن هاتە نێو ریزی پێشمەگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کورستان، تا رێگای پێشەوا درێژە پێبداو ئامانجە لەمێژینەکانی گەلی کورد بە حەوڵو تێکۆشانی بێوچانی بێنێتە دی.

ناوبراو بە بیروباوەر لەشەڕی ٣ مانگە وەک شاهۆی سەرکەش بەرانبەر بە هێرشی دوژمنان راوەستاو لەسەنگەردا وەی دەدا بە هاوسەنگەرانی، هانی دەدان هەتا قورس‌و قایمتر لە بەرانبەر هێرشی دەوژمنانی کوردستاندا کە هەڕەشە لەماڵو مەوجوودییەتی گەلی کورد دەکەن بوەستن.

ناوبراو رۆژ بەرۆژ زیاتر ئەزموونی لە ژیانی پێشمەرگایەتی دەخستە سەر یەک، بە چەشنێک کە بە هۆی کارامەیی بە هۆی دڵسۆزی‌و بیرو باوەڕی قایمی ئەو، کە لەم کاتەدا بە ورەو شۆڕشگێڕ بۆتە هاودەمی شاخ‌و کێوەکانی کوردستان‌و بۆ رزگاری‌و وەدیهێنانی ئامانجی حیزب بۆتە هاوسەنگەری لاوانی خوێنگەرمو بەهەست، بە تەواوی وێردی زمانی خەڵکو رۆڵە شۆڕشگێڕەکانی دێموکڕات‌و سەنبولی خۆڕاگری‌و ئازایەتی‌و بە نەزمو دیسیپلین بوو.

بە دەست پێکردنی هێرش وپەلاماری رژێمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان‌و پان‌و بەرین بوونەوەی مەیدانی خەبات، عێزەت ئەرکی قورستری کەوتە سەر شانی‌و لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی حیزبی لە ناوچەی هەوراماندا لێاقەت‌و شایەستەگی لەخۆی نیشاندا.

عێزەت ئەحمەدی کەسایەتییەکی پاک، لەکاری نیزامیی بێ وێنە بوو هەم وەک فەرماندە، هەم وەک پێشمەرگە هەمیشە ورەبەخش بۆ هاوسەنگەرانی، لە سەخترین شەرایتدا بێ هیوایی پێوە دیار نەبوو. زۆر جاریشی لەکاری تەشکیلاتی‌دا خۆی ماندوو دەکردو هەمیشە هەوڵی دەدا کە خەڵکی لەدەوری ئاڵای حیزبەکەی کۆ بکاتەوە. هەر لەو کاتەدا پێشمەرگەیەکی ئازاو، کادرێکی سیاسی پێگەیشتوو بوو، فەرماندەیەکی لێوەشاوەش بوو. لەبردنە پێشی سیاسەت‌و رێبازی حیزبدا شارەزا بوو بە خسوسیاتەی کە هەیبوو جیگای خۆی لەناو کادرو پێشمەرگە کرد بۆوە. ئەو پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بە هێزی لەناو خەڵک بوو زۆر جار خەڵک بۆ چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان سەردانی عێزەتیان دەکرد.

عێزەت ئەحمەدی فەرماندەیەکی هەست بە مەسئولییەت‌و، پیلانەکانی دوژمنی پووچەڵ دەکردەوە. هەمیشە هاورێکانی بە ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە رێنوێنی دەکرد. ئاخرین رۆژەکانی ساڵی ١٣٦٦ دوژمنی کۆنەپەرستی

ئیسلامی رۆژی ٢٤ی رەشەممەی هێرشی بۆ ناوچەی هەورامانو هەڵەبجە دەست پێکرد. کاتێک پێشمەرگەکانی ژێر فەرماندەهی شەهید عیزەت لەو دەورووبەرە دەبوون بە فەرماندەهی ناوبراو کاتژمێری ١٢ی شەو پێشیان بە هێرشی پەلاماردەر گرتو لەسەنگەری پێشەوە شەڕی دەکرد، وەک هەمیشە لەشەڕەکەدا هاوسەنگەرانی رێنوێنی دەکرد کە بە جۆرێک بەهۆی فەرماندەهی رێکوپێکی، دوژمن ناچار بە پاشەکشە بەرەو پایەگای شێخان ودووئاو و دەورووبەری شاری نەوسود بوون. جارێکی دیکە هێزی دووژمن لەجادەی دووئاوو مەڕەخێل بۆ قەرەبووی شکستەکەی هێرشی هێنایەوەو بە پشتیوانی هێزی زۆری رێژیم لە "تراشە"و "کونەکەڵ" لەبەرەی ناڵەپانەوە بەپشتیوانی چەکی قورسی هێرشی کردەوە لەو شەڕگەیە عێزەت ئەحمەدیو ئەنوەر دەرەوەیانی بوون کە سەر لەنوێ چۆکیان بە دوژمن داداو چەندین کوژراویان پێ بەجێهێشت، لەئاخری شەڕەکەدا پاش شەڕێکی دەستەو یەخەو شەڕە نارنجەک عێزەت ئەحمەدی بە نارنجەک بە توندی بریندار بوو، بەڵام بەداخەوە پاش چەند سەعات بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ چاوی لە سەریەک داناو بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە هاوسەنگەرانی کرد.

---

# هێزی بێستون




## شاپور فیروزی

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان زیاتر لە سێ چارەگە سەدەیە دژی ڕێژیمە زۆردارەکان وەستاوەو بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەکەی خەبات دەکا. بە تایبەتی لەماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی بە سەر وڵاتی ئێراندا بە دەیان هەزار ڕۆڵەی کورد هاتوونە ریزەکانی حیزبی دێموکڕاتو لە بەرانبەر دڕندەترینو کۆنە پەرەستترین ڕێژیمی سەردەمدا خەباتیان کردووەو بە هەزاران کەس لەوان گیانیان لە پێناوی ئامانجەکانی گەلەکەیاندا بەخشیوە. یەکێک لەو ڕۆڵە تێکۆشەرانە شەهید شاپور فیروزییە.

شاپوری فیروزی بە پێی نووسراوەکانی خۆی ساڵی ١٣٢٤ لەسەردەمی گەشانەوەی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان، لەبنەماڵەیەکی هەژارو بێدەرەتانی شاری کرماشان چاوی بۆ دنیای روون، بەڵام پڕلە کوێرەوەری کردەوە. گەورە بوونی شاپوور بە قۆناغێکی سەختی ژیاندا تێپەڕی. لەکاتێکدا کتێبی وەبن پیلی داو رووی لەقوتابخانە کرد کە باوکی لەهەموو کات زیاتر لە باری ئابوورییەوە بێدەرەتان بوو. هەرچەند بنەماڵەیەکی خێزاندار بوون بەڵام باوکی خوێندنی منداڵەکانی بۆ گرینگ بوو.

شاپور لەپشووی هاویندا بە شاگرد نانەواییو میکانیکی داهاتێکی کەمی وەدەست دێنا بۆ ئەوەی کەلێنێکی بچووک بۆ بنەماڵەکەی پڕ بکاتەوە، بە هۆی هەوڵو ماندوو بوونی لەرادە بەدەر قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی بڕیو پێی نایە قۆناغی دواناوەندی. هەرچەند گەورەتر دەبوو تێپەڕاندنی ژیانی بنەماڵەکەی ناهەموارتر دەبوو، بۆیە نەیتوانی لەوە زیاتر درێژە بە خوێندن بدا بە یەکجاری ماڵئاوایی

لەقوتابخانە کردو رووی لە کارو کاسبی کرد. لەرێگای پیشەی شۆفێرییەوە هەوڵی دەدا بژێوو ژیانێکی سەربەرزانە بۆ خۆیو بنەماڵەکەی دەستەبەر بکا. پاش ماوەیەک بە هۆی شارەزابوون لە کارەکەی لەپارێزگای سنە لەئیدارەی رێگاوبان دامەزرا، بە دەست پێکردنی ئەو کارە بەرەبەرە لەباری ئابوورییەوە بووژانەوە.

تێکەڵبوونی شاپور لەگەڵ دنیای سیاسەتو چاندنی بیری ئازادی لە دەروونیدا بۆ ساڵی ١٣٥٤ دەگەڕێتەوە. لەو سەردەمەدا سێبەری زەبرو زەنگی رێژیمی پاشایەتی باڵی بە سەر وڵاتدا کێشابوو، بەڵام شاپور ترسی لە لەشدا نەبوو. کاتێک هەستی کرد کە نەتەوەکەی بەشخوراوە رێگای رزگاریو دەرباز بوونی لەبەرنامەی حیزبی دێموکراتدا دیتەوەو پێوەندی تەشکیلاتیی لەگەڵ کادرەکانی رێکخستنی نەهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزراندو تێکۆشانی بەنهێنی تەشکیلاتی دەست پێکرد. هەر ئەرکێکی بۆیان دیاری کردبوایە بە باشی بەڕێوەی دەبردو بە هەموو وجوودییەوە تێدەکۆشا.

لەسەرەتای خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بێ‌راوەستان لە رێپێوانەکاندا بەشداری دەکردو لەهەموو دەرفەتێکی لەبار بۆ هاندانی خەڵک دژی رێژیمی شا کەڵکی وەردەگرت.

دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتیو سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویو ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزب لەمەڵبەندی کرماشانو کامیاران، پێوەندیی خۆی لەگەل حیزب نوێ کردەوە. وەک بۆ خۆی لەیادداشتەکانیدا نووسیویەتی" لەکومیتەی ژاندارمەریدا ئەرکی وەئەستۆ گرتبوو، بەڵام لە کردەوەدا پێشمەرگەو کادرێکی دڵسۆزی حیزبەکەی بوو. هەر بۆیە رێژیم لێی وەگومان کەوتو، شەوی ٢٠ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی، فەرماندەی ژاندارمەری بە هێزێکی زۆرەوە دەفتەری پاسگای گەمارۆداو چەکی کردن."

بە دوای ئەو رووداوەدا بە تەواوی بۆی روون بۆوە کە سیاسەتی رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو نەک هیچی بۆ کورد پێ نیە، بەڵکوو نکۆڵی لەشوناسو مافو ئازادییەکانیشی دەکا. بۆیە بڕیاری یەکلاکەرەوەی داو لە کومیتەی شارستانی کامیاراندا تێکۆشانی تەواو وەختی دەست پێکرد. ئەو وێڕای تێکۆشەرانی دێموکڕات لەناوچەی کامیاران شانی دایە بەر قورسایی کارەکانو بۆ بووژانەوەی رێکخراوی حیزبی هەرچی لەتوانای دابوو کردی.

دوای شەڕی سێ مانگە لەکونفرانسی ناوچەی کامیاران کە لە سەرەتای زستانی ١٣٥٨ بەڕێوە چوو دەنگی متمانەی کۆنفرانسی وەدەست هێناو، بوو بە بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی کامیاران. وەئەستۆ گرتنی بەرپرسایەتیی قورس شاپوری زیاتر لەرێبازی پیرۆزی سوورتر کرد. زۆر ماندوونەناسانە درێژەی بە تێکۆشانو ئەرکی حیزبیدا. ئەو بۆ هەموو کارو مەئموورییەتێکی حیزبی سەر لەپێناو بوو.

هەر لەو ساڵەدا بوو کە بە نوێنەری کۆنگرەی ٤ هەڵبژێردرا، بەڵام بە هۆی دۆخی نالەبارو ئاڵۆزی ناوچەکە لەسەر بڕیاری حیزب لەناوچە مایەوەو لەکۆنگرە بەشدار نەبوو. دوای تەواو بوونی کۆنگرەی چوار لە

لایەن کومیتەی ناوەندییەوە بە راوێژکاری کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو، هەر لەم کاتەدا وەک فەرماندەری هێزی بێستوون دیاری کرا.

ساڵی ١٣٦٠دوابەدوای تێکەڵ کردنی دوو کومیتەی شارستانی کرماشانو کامیاران بوو بە ئەندامی ناوەندی ئاژوانو بەرپرسایەتیی هێزی بێستوونی پێ ئەسپێردرایەوە. هەر لەو ساڵەدا لە کۆنگرەی ٥ی حیزبدا وەک جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو فەرماندەری هێزی بێستوونی وەستۆ گرتەوە.

شاپوری فیروزی لە فەرماندە بژاردەکانی حیزبی دێموکڕات بوو، ئەو ئەوەندە بە بیروباوەر بوو کە بە شەهید بوونی ئەردەشیری کوڕی، تاقە جگەرگۆشەکەی کە وەک خۆی لەریزی تێکۆشەرانی دێموکڕاتدا پێشمەرگە بوو، توسقاڵێک ورەی نەهاتە خوارێو هەنگاوی پێشل نەبوو. شایانی باسە ئەردەشیری کوڕی چەند رۆژێک پێش شەهید بوونی بە هۆی هاوسەنگەرێکیەوە ئەم پەیامەی بۆ باوکی ناردوە.

"منو باوکم دوو هاوڕێی واقعی بووین کە بۆ یەکجاریش لە یەکتر نەرەنجاین، رێزمان بۆ وەیستی یەکتر هەبوو. زۆرم پێخۆش بوو ئەو راسپاردەیەی پێ بگەیەنمو ماڵئاوایی لێبکەم، بەڵام بەداخەوە درەنگ بوە. پێی بڵێ کە هاوڕێکەت داوای لێکردووی خۆڕاگر بی. وابیر بکەوە کە هیچکات منت نەبووەو تەماشای ئەردەشیرەکانی هاوڕێت بکە. ئەو رێگایەی ئاگاهانە هەڵت بژاردوە درێژە بدەو، بۆ بەرەو پێش بردنی تێبکۆشە.، هەرکات بیرت کردم ئەو شێعرەی بخوێنەوە کە پێکەوە دەمانخوێندەوە. بەڵام هەوڵ بدە لەو کاتەدا پەژارە بە سەرتدا زاڵ نەبێ".

فەرماندەی بە توانا شاپوری فیروزی بە هۆی سەرکەوتن لەراپەراندنی بەرێوەبردنی ئەرکە سیاسیو نیزامییەکانیدا لە کۆنگرەی ٦ی حیزب بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. پاشان وەک ئەندامی ناوەندی ئاژوانیش دیاری کرا.

لەکۆنگرەی ٧ی حیزب بە جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو لەکۆمیسیۆنی سیاسی نیزامیی ئەرکی نوێی بۆ دیاری کرا. شاپوری فیروزی سەبارەت بەو ئەرکە تازەیە ئاوا دەڵێ: لەو کومیسیونەدا زۆر زانیاریم وەدەست هێنا، بە تایبەت ئاشنا بوونم بە کاری تەشکیلاتیو هەروەها تایبەتمەندیو بۆچوونی هاوڕێیانی حیزبیم. چونکە تا ئەو کاتە بە هۆی تێکۆشانم لەناوچەداو دوور بوونم لەرێبەرایەتی لێی بێبەش بووم. کار کردنی ئەو ماوەیەم لەو کومیسیونەدا چەندی بڵێی گرینگو بە سوود بوو هەرچەند بۆ منێک مانەوە لەو کومیسیونەدا کە لەسەرەتای خەباتی چەکدارانەوە تا ئێستا بەردەوام لەگەڵ پێشمەرگەکان لەناوچە نیزامیی کراوەکاندا لە تێکهەڵچوون لەگەڵ بەکرێگیراوانی رێژیمدا بوومو تەنانەت ماوەی خوێندنەوەشم نەبووە، وەک زانستگەیەک وابوو، بەڵام بەو حاڵەش خۆگونجاندنم لەگەڵ ئەو قۆناغە کارێکی هاسان نەبوو".


شاپور لە دژوارترین قۆناغی خەباتدا لەگەل پێشمەرگە ژیا. سەرکەوتوویی ئەو لە فەرماندەیی هێزی بێستونڕدا ناوبانگی ئەو هێزەی گەیاندە لای خەلکی کوردستانو زۆربەی ناوچەکانی کوردستان. هێزەکانی رێژیم زۆریان هەوڵدا بۆ تاقەجارێکیش ئەو هێزە لەداو بخەنو یا غافڵگیری بکەن، بەڵام هەموو هەوڵەکانی لەگەڵ شکست رووبەروو دەبۆوە.

لە زۆربەی شاخو دەشتو دۆڵو چیاکانی ناوچەی کرماشان، کامیاران، مەریوانو پاوە بە فەرمانەدەیی ئەو رۆڵە تێکۆشەرەی دیموکرات عەمەلیاتی قارەمانانە ئەنجام دراوەو زەبری زۆر کاریگەری لە دوژمن وەشێندراوە. شەڕە بە ناوبانگەکانی نێو شاری کامیاران، دەرەویان، پشتە، بێڵەوار، شیرینسوار، شاڕێی کرماشان - سنە، ناڵەشکێنە، ماویان، شەریفاوا، بزوەش، چیای شاهۆ، ناوچەی تیلەکۆ، ژاوەرۆ، چرووسانە، گرگر، نێو شاری کرماشان، تەختی زەنگی، نەرگسلە، شانشینو بەردەسپیو چەندین عەمەلیاتی سەرکەوتوانەی دیکە بە فەرماندەیی شاپور فیروزی ئەنجام دران، ئێستاش لەبیری خەڵکی ئەو ناوچانەدا بە زیندوویی ماوەتەوە.

کاتێک ٥٩ لاوی مەهاباد لەرۆژی ١٢ی جۆزەردان ساڵی ١٣٦٢ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە ئێعدام کران، بە تۆڵەی ئەو ٥٩ لاوە، ٥٩ عەمەلیاتی سەرکەوتوانە بە فەرماندەیی شاپور فیروزی لە ناوچەکانی خوارووی کوردستان ئەنجام دراو، بەم چەشنە لاپەڕەیەکی زێڕین لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەدا تۆمار کراوە. ئەو بە تەواوی خەڵکیو خاکی دیار دەکەوت، رێزی لەخەڵک دەگرتو زۆر جار دەیگوتەوە کە بەو بایە دەژیم کە لەلای خەڵکەوە دێ. شاپوری فیروزی سەرەرای ئەرکە سیاسیو نیزامییەکانی، لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی تەنەخی نەدەکرد. بەشێکی زۆر لەبیرەوەرییەکانی خۆی نووسییەوەو بۆ لاوانی کوردی بە یادگار بەجێهێشت. هەرچەند بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا کە بۆخۆی بە چاپکراوی بیانبینێ، بەڵام لەم دواییانەدا بە هەوڵی هاوسەنگەرانی دوو بەرگی لێ چاپ کراوە.

بەداخەوە شەوی ١٠ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٧١، لە کاتێکدا لە شوێنی پشوودانی خۆی خەریکی دارشتنی بیرەوەرییەکانی بوو، لە لایەن کەسێکەوە تەقەی لێ دەکرێو شەهید دەکرێ. بەم چەشنە روحی مەزنی فڕیە ئاسمانی نەمریی شەهیدانی کوردو کوردستان.

---




## سالار ئیبراهیمی

سروشتی ئەفسوناوی کوردستان بە ئاوو هەوای سازگارو دارو دەوەنو، چەمو چەمەنو، تاڤگەو لوتکەو، بنارو زەمەندو، بژوێنو قۆپیو نزارو، لاپاڵو کانیاوی بەر تریفەی مانگەشەو، کە وەک بووکی خەیاڵ خۆی دەنوێنێ، مەلو پەلەوەرو باڵندەی خۆش ئاواز لە شەقەی باڵ دەدەنو بەستەو گۆرانی دەچڕن، سروە تارای سروشت رادەژێنێو گوارەی گوێی داربەروەکان بە ناز دەلەرێنەوە، شەماڵ شلکە گیای خاوی کوێستانی بەلا دادەخاو کەروێشکە راوی پێ دەکا، فرمێسکی چاوی ئاسمان بەسەر پەلکی شا گوڵاندا دێتە خوارێو بولبولی هەزار دەستان شێتو شەیدا دەکاو دڵان دەرفێنێو هەستان دەبزوێنێ، گشت بۆ ئەوەیە کە مرۆڤ بە ئازادی تێیدا بژیو بۆ ژیان کەڵکی لێ وەرگرێ.

بەڵام بەداخەوە ئەو دیمەنە هەست بزوێنەو ئەو سروشتە رەنگینە، بە هۆی سیاسەتی دژی ئازادیو کۆنە پەرەستانەی کوردکوژان، بۆ گەلی کورد کراوەتە بەندیخانەیەکی سەر داپۆشراو. بە مەبەستی خنکاندنی هەر جۆرە دەنگێکی ئازادی خوازانە لە گەرواداو سەرکوت کردنی هەرشێوە بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی گەمارۆ دراوەو ئەم نیشتمانە رەنگینە کەوتۆتە بەر تەوژمی گڕو دووکەڵی بارووتو سیمای جوانو رەنگینی ژاکاوە.

هەر بۆیە گەلی کوردیش بە درێژایی تەمەنی بۆ رزگارکردنی زێدو ژینگەی ئاڵای خەباتی لەسەر شەپۆلی دەستان شەکاوە راگرتوەو بە ئاشکراو نهێنی بۆ تاوێک رانەوەستاوەو هەنگاوی پێشل نەبوە.

لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەو خەباتە سەختو خوێناویە، بە رێبەرایەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەیان ساڵە هەر درێژەی هەیەو گەلێک شۆڕەسواری ناودارو رۆڵەی فیداکاری کردۆتە قۆچی قوربانیو بۆدابین کردنی ویستو داخوازە رەواکانی گەلەکەی زۆر هەورازو نشیوی بڕیون.

سەر هەڵدەبڕم بەرەو ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەی کاروانی شەهیدانی کوردستان، یادی رۆڵەی نیشتمان، یادی تێکۆشەری خاوەن بڕواو ئیمان، یادی رۆڵەی بەوەجو شایستەی حیزب، سالار، ئەو سالارەی بەراستی سالار بوو، دەکەینەوە.

سالار ئیبراهیمی ساڵی١٣٤٠ی هەتاوی لەئاوایی "گۆمەتە"ی ناوچەی بێڵەواری شاری کامیاران لەباوەشی بنەماڵەیەکی جووتیاردا چاوی بە دنیای پڕلە زوڵمو نابەرانبەری هەڵێنا. لە ٧ ساڵی رەوانەی قوتابخانە کراو توانی تا پۆلی ٥ی سەرەتایی دەرس بخوێنێ. پاشان بە هۆی وەزعی نالەباری ئەو کاتی بنەماڵەکەی نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدا، بۆیە قۆڵی لەکار هەڵماڵیو توانی کەلێنێک لە گیروگرفتی مادیی بنەماڵەکەی پڕ بکاتەوە. کاتێک کە گەورەتر بوو رووی کردە شارەکانی دیکەی ئێرانو تا ساڵی ١٣٥٧ بە تەمای دابینکردنی بژێوی بنەماڵەکەی رووی لە زۆربەک لە شارەکانی ئێران کرد. لەو ماوەیەدا ئاستی بیر کردنەوەی بەربڵاوتر بوو، زیاتر هەستی بە بێبەشیو چەوسانەوەی نەتەوەی کورد دەکرد. کارکردن لەشارەکانی دیکە هەستی نەتەوەییو رقی چینایەتی ئەویان بەهێزتر دەکرد، بۆیە وەک لاوێک دڵی پڕ بوو لە رقو تووڕەیی زیاتر دەرهەق بە رێژیمی دەسەڵاتداری ئەو کاتی پاشایەتی.

لە سەروبەندی خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا گەڕایەوە شاری کامیارانو پاش سەرکەوتنی شۆڕشو ئاشکرا بوونی تێکۆشانی سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەناوچەی کامیاران، بە سەدان کەس لە لاوەکانی ئەو شارە روویان کردە ریزەکانی حیزبی دێموکڕات، سالار ئیبراهیمی یەکێک لەو لاوانە بوو کە وەک لایەنگری حیزب لە تەشکیلاتی حیزبدا سازمان درا.

بەدەست پێکردنی هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی بۆ سەر کوردستان کە یەکەمین جار شاری کامیاران لەزستانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا کەوتە بەر هێرشی پەلاماری رێژیم، برایەکی قارەمانی سالار بەناوی سمایل ئیبراهیمی شەهید بوو. شەهید بوونی براکەی گڕوتینی خستە دڵو دەروونی سالاری لاوی تازە پێگەیشتوو، بۆیە بڕیاریدا ببێتە پێشمەرگەو رێگای برا شەهیدەکەی درێژە پێ بدا، بەمجۆرە چووە ریزی پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبو چەکی شەڕفو شانازی کردە شان.

سالار لەماوەیەکی کورتدا لێهاتووییو دڵسۆزی خۆی نیشانداو بە حەولو ماندووبوونی نیشانیدا کە ئازاو فیداکارو بە جەرگە. دەریخست کە باوەری حیزبیانەی قایمو قۆڵو پتەوە. بەمجۆرە زۆری نەکێشا فیداکاریو هەست بە بەرپرسایەتی کردنی سالار بووە بە وێردی سەر زمانی هاوسەنگەرانی. ئەو سەبارەت بە لێوشاوەیی لەکاری نیزامییدا، ساڵی ١٣٥٩ وەک فەرماندەری پەل دیاری کرا، بەهاری ساڵی ١٣٦٠ کاتێک هێزی بێستوون پێکهات، سالار لەلایەن حیزبەوە وەک یەکێک لەفەرماندە لکەکانی ئەو هێزە دیاری کرا، ناوبراو ماوەی ٣ ساڵ وەک فەرماندەری لک ئەرکی بەجێگەیاند. لەماوەی ئەو سێ ساڵەدا دەیان شەڕی حەماسی لە ناوچەکانی

کامیاران، کرماشان، رەوانسەر، بێڵەوارو ژاوەرۆ، سوورسوورو لەیلاخ، چەمشاری سنە، دیواندەرەو مەریوان بەڕێوە برد.

سالار ئیبراهیمی لە بەهاری ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی وەک جێگری فەرماندەری هێزی بێستوونو مشاویری کومیتەی شارستانی کرماشان دیاری کرا، لە کونفرانسی پاییزی ساڵی١٣٦٤ بە ئەندامی کومیتەی شارستانو نوێنەری کونگرەی ٧ حیزب هەڵبژێردرا. بەهاری ساڵی١٣٦٥ی هەتاوی بەهۆی پێکهاتنی مەڵبەندی یەکی کوردستان، بەرپرسی نیزامیی ناوچەی کرماشان وەستۆ گرت، سەرئەنجام لەهاوینی هەمان ساڵدا ئەرکو بەرپرسایەتی فەرماندەری عەمەلیاتی هێزی زاگرۆسی پێ سپێردراو چەند مانگ دواتر بەهۆی لێوەشاوەیی بوو بە جێگری فەرماندەری هێزی زاگرۆس.

سالار بە حەق هەموو تواناو لیاقەتی خۆی لەخزمەت بە حیزبو خەڵکدا خستە کار. ناوبراو لە هەشت ساڵ پێشمەرگاتیدا دەیان عەمەلیاتی گەورەو چووکەی فەرماندەهی کرد، لەماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیدا ٨ جار بریندار بوو، لەهاوینی ساڵی ١٣٦٠ چاوێکی لەدەست دا، بەڵام کۆڵی نەداو نەسرەوتو بۆ درێژەدانی خەبات زیاتر خۆی ماندوو دەکرد. سالار چەندین جار لەلایەن هێزی بێستوونو زاگرۆسو تەشکیلاتی حیزبەوە تەشویق کرا. ناوی سالار وەک قارەمانێکی ئازاو دێموکڕات ببوو بە وێردی سەر زمانی کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکانی کامیارانو کرماشانو، ببووە نمونەی پێشمەرگەیەکی باشو ماموستایەکی پارتیزانی ناوچەکانی کامیارانو خوارووی کوردستان.

ئەو خاوەنی خوو رەوشتی شۆڕشگێڕانە بوو، لە کورەی ژیانی سەختو دژوار داو، لەمەیدانی هەشت ساڵ شەڕو بەربەرەکانیدا قاڵ ببوو، خارابوو، چقڵی چاوی دوژمن بوو، ترسو دڵەخورپەی دەخستە ناو دڵی دوژمنەوە، ناوبراو ماندووبوونو ترسو مردنی نەدەناسی. خۆبەخشکردنی بۆ نەتەوەکەی بە لەدایکبوونێکی تازەی لەقەڵەم دەدا، ئەو فەرماندەرێکی کارامە، لێوەشاوە، لێهاتوو، لەکڵ دەرهاتوو بوو. هاوڕێکانی، خەڵک، چیاکان، رێگاکان، تفەنگەکان، هەموویان شاهیدی بۆ ئەوە دەدەن سالار پێشمەرگەیەکی هەڵکەوتووی حیزب بوو، خۆشەویستی ناو خەڵک بوو هاوڕێیانی بە نەزمو ئینزبات بار دەهێنا.

ئەو هەمیشە دەیگوت" مەیدانی خەبات باشترین قوتابخانەی ژیانی شۆڕشگێڕانە، ئازایەتی هەر ئەوە نیە کە لەبەرامبەر دوژمندا قایم راوەستی، نەبەزی، خۆڕاگریو پشوو درێژیو هەڵنەهاتن لە مەیدانی خەباتدا گەورەترین ئازایەتیە، چونکە سەرئەنجام سەرکەوتنی گشتی لەسەر ئەو بناغەیەوە دادەمەزرێ".

شەوی ٨ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی لەکاتێکدا پێشمەرگەکان لەعەمەلیاتی موڵگەی "دەژن" بەرەو "چاوگەی ئاوێر" دەگەڕانەوە. لەسەر چاوگەی ئاوێر کەوتنە کەمینی هێزەکانی دوژمن. پاش شەڕێکی قارەمانانەی

پێشمەرگەکانی کوردستان بە فەرماندەیی سالاری قارەمان کەمینی دژی گەلیان تێک شکاند، بە داخەوە دڵی پڕ لەهیواو تاسەی قارەمانی کورد سالار ئیبراهیمی کەوتە بەر دەسڕێژی گوللەی بەکرێگیراوانو لە لێدان کەوت.

تەنیا یەک ڕۆژ لە شەهید بوونی تێپەڕی بوو کە بۆ بەیانی قوتابییەکانی سالار ئیبراهیمی لە بەرزاییەکانی "کوچکچەرموو" و "مێرگەسار" بە یادی سالار لە شەڕێکی دە سەعاتەدا بە دەیان کەسیان لەهێزەکانی دوژمن کوشت.

بەمجۆرە سالار ئیبراهیمی فەرماندەو مامۆستای پارتیزانەکانی حیزب لە ناوچەکانی کرماشانو کامیارانو سنە شەهید بوو، بەڵام ناوی، ئازایەتی، وتەکانی، دەرسەکانی، بۆ هەمیشە بوونە مایەی گوڕو تین بەخشین بە کاروانی خەباتی حیزبو خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

---




محەممەدکەریم نەدیمی

لەساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی لەگوندی"زێوییە"ی بێڵەواری ناوچەی کامیاران لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو زەحمەتکێش لەدایک بوو ئەو کات بە هۆی کاری وەرزێڕی نەیتوانی بچێتە قوتابخانەو لەخوێندن بێبەش مایەوە. بەرە بەرە کە گەورە بوو وەک مێرمنداڵێکی تازە پێ گەیشتوو لەشی ناسکی لەگەڵ مووچەو مەزرا خاراو شەوو ڕۆژی لەمووچەو مەزراو لەکوێرەوەری تێپەڕ دەکرد. هەرچەند سەوادی نەبوو بەڵام زیرەکو وریا بوو لە نێو خەڵکدا خۆشەویست بوو.

بەرووخانی ڕێژیمی پاشایەتی شایی لەدڵ دەگەڕا، لەساڵی ١٣٥٧ بە دوایی هاتنە سەر کاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیو ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکڕات، هەستی کوردایەتی لەهزرو مێشکی ریشەی داکوتاو، بۆیە لەساڵی ١٣٥٩ لەهێزی بێستوون وەک پێشمەرگە دەستی بە تێکۆشانی خۆی کرد. لە سەرەتادا پێشمەرگەیەکی سادەو کەم ئەزموون، بەڵام لە کارو تێکۆشانیدا کەسایەتییەکی بەرز دەهاتە بەرچاو. بڕیاراتی حیزبی بە باشی بەڕێوە دەبرد، لە یەکەم شەڕەکاندا خۆی نیشانداو شەهامەتی محەممەد کەریم بە رادەیەک بوو کە ڕۆژ بەرۆژ قارەمانیکی بوێرو لەکڵدەرهاتووی لێدرووست بوو، ترس لە وجوودی دا نەبوو زۆر ئازایانە هەڵی دەکوتا سەر سەنگەری دوژمنو هیچ سەنگەرێک لە بەر تیری هەڵمەتی ناوبراو خۆی نەدەگرت.

محەممەدکەریمی نەدیمی لە زۆربەی مەئموورییەتەکانی حیزبی ناوچەی کامیارانو کرماشان بەشداری کردووە هەر زۆر زوو وەک پێشمەرگەیەکی بە هەستو ئازاو قارەمان جێگای خۆی لە ریزی هاوسەنگەرانیدا کردبۆوە. لاوێکی ژیرو وریاو رووح سووک بوو سەرتاسەری وجوودی ئێحساساتی شۆڕشگێڕانە بوو، لە هێرش کردن بۆ سەر پایەگای "ونج " لە پشتی خراجیانو دەست بەسەرداگرتنی، ئەوەندە قارەمانانە دەستی بە سەر سەنگەری دوژمندا دەگرت ئەوندە لە پێشەوە بوو کە چاوی چەپی کەوتە بەر گوللەی دوژمنو لەدەستیدا، بەڵام محەممەدکەریم ئەوە یەکەم جاری نەبوو کە بریندار دەبێ، زۆر جار بەرپرسەکانی پێیان راگەیاندبوو کە لەشەڕدا زۆر دەچێتە پێشەوە نابێ بەمجۆرە هەڵسو کەوت بکا. شاپوڕ فیروزی لە نووسراوەکانیدا دەنووسێ: "کاتێک چاوی لەدەستدا لە نەخۆشخانەی ئاوایی "بزوەش" سەردانم کرد هەر چاوی بەمن کەوت پێکەنیو گوتی لەوەی کە لە کاتی گرتنی پایەگادا سەرەڕۆیم کردووەو جوابی تۆم نەداوە داوای لێ بوردنت لێ دەکەم، پاشان بە پێکەنینەوە گوتی ئێستا باشتر کە چاوی چەپەم لەدست داوە،" پێکەنیم گوتم بۆ؟ محەممەدکەریمی قارەمان ئاوای وڵام داومەوە. "لە پێشدا ئاقڵ بووم، ئەو جار سەنگەر بەسەنگەر دەچمە پێش، پاشان چاوی چەپەم دەرهاتووە سیلەگرتنم ئامادەیە، پێویست بە نیشانە رەوی نیە تا دەگەمە سەنگەری دوژمن روحی لەبەر نەماوە، دواتریش هیچ ترسێکم لە گیاندا نەماوە قەوڵ بێ ئەو پێشمەرگەیە بم کە حیزبی دێموکڕات دەیهەوێ."

قسەی محەممەد کەریم زۆر راستو سادقانە بوو، بوو بە پێشمەرگەیەک کەحیزب دەیویست، ئازاو بە جەرگو نەترس بوو، ئیمانێکی قووڵی بە سیاسەتەکانی حیزب و ڕێبازی بزووتنەوەی نەتەوەکەی هەبووە بە نەزمو دیسیپلین بوو لە شەڕەکاندا هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەدا بوو ئەو تایبەتمەندیەو زۆر تایبەتمەندی دیکە وای کرد کە قارەمانی نەتەوەکەمان مەسئوولییەتی پێ بسپێردرێ، وەک سەر پەلو پاشان بوو بە جێگری لکو سەرئەنجام بەفەرماندەری لک دیاری بکرێ. لەراستیدا قارەمانێکی لێ درووست بوو، فەرماندەیەکی لێ درووست بوو کە هەڵومەرجی ئەوکاتی پێشمەرگە پێویستی بوو. هەمیشە لە بەڕێوە بردنی بڕیاراتی حیزبی سەر لەپێناو بوو، سەوادی نەبوو بەڵام دەرکو ئاگاهی لە زۆرکەسی خوێندەوار زیاتر بوو. ئەو تەنیا ناوی فەرماندەی لەسەر

نەبوو بەڵکوو فەرماندەیەک بوو ئازا، ئاگا، لێزان، مودیرو بە تاکتیک، لە هەمووی گرینگتر تەشکیلاتیو بە دیسیپلین بوو.

محەممەدکەریم نەدیمی کاتێک بۆ جوانکاری چاوی سەردانی نەخۆشخانەی حیزبی کردبوو لەو ماوەیەدا تاکوو چاوی مەسنووعی‌یان بۆ درووست کرد لای کاک فەتاحی کاویان فێری خوێندو نووسینی کوردی بوو.

دوای گەڕانەوە لە نەخۆشخانە دەستی بە تیکۆشان کردەوەو تەنیا چەند رۆژێک بوو گەڕابۆوە کە لە هێرش بۆ سەر مۆڵگەی دوژمن لە "سیویە" جاریکی دیکە بریندار بۆوە تەنیا دوو رۆژ دوای ئەو برینەشی لە نەخۆشخانە مایەوەو گەڕاوە مەتەرێزی ئازادیو بۆ رۆژی سێهەم برینی بە لەشیەوە مابوو لە شەڕی تەنگیسەرو نیەر قارەمانەتی لە خۆی نیشانداو لەوێش بۆ جاری سێهەم بریندار بۆوە. ناوبراو لە هەموو فیداکاریو لەخۆبووردوویی هێزی بێستوون رۆڵی بەر چاوی هەبووە لەو شەڕانەی کە بەشدار بووە لەسەنگەری یەکەمدا لوولەی چەکی رووبەرووی دوژمن دیار بوو، پێشمەرگەکانی ژێر دەسەلاتی دەرسی شەرەفو شەهامەتو خۆڕاگری لە مامۆستاکەیان فێر دەبوون، لە راستی‌دا لە پێناو پاراستی حیسییەتی میللەتی کورد تێدەکۆشا.

شەڕە حەماسەکانی نموونەیەکی چووکەن لە رۆڵەی خەباتکاری ناوچەی کامیاران، کە بۆ هەمیشە لە لاپەڕەکانی مێژووی حیزبی دێموکڕاتو خەباتی رزگاری خوازانەی کورددا دەدرۆشێتەوەو وەک ئەستیرەیەکی پڕشەنگدار لە ئاسمانی خەباتی نەتەوەکەماندا لە مەڵبەندی کرماشانو کامیاران بە بەرزی دەمێنیتەوە.

محەممەد کەریم چەندین ساڵ دوژمن لە ناوو ناوبانگی دڵە خورپەی بوو لەگەڵ ئەوەدا هێشتا دوو جێگای لەشی برینی پێوە بوو بەڵام لەکاتی تەنگانەدا هەر ئەوەندە بەس بوو ئەگەر دەستی بە تفەنگەکەی رادەگەیشت وەک هەموو جارێ زۆر سەربەرزانەو جوامێرانە لەبەرامبەر دوژمن دەوستاوە.

بەڵام مخابن رۆژی ١١ی خەرمانانی ١٣٦٤ غافڵگیر کرابوو، با لەزمان هاوسەنگەرێکی بە ناوی مەولود عەبدوڵلاهی کە کاتی شەهید بوونی لە نزیکی حەمەکەریم نەدیمی بووە ببیستین.

"ئیوارەی روژی ١٠ی خەرمانانی ١٣٦٤ لە چیای شاهۆ دەستەیەک کادرو پێشمەرگە بە فەرماندەی حەمەکەریم بۆ هێنانی تداروکات بەرەو گوندی میسوراو رۆیشتین، هەر لەو کاتەدا دوژمن هێزێکی زۆری کۆ کردبووەو لە ناوچەی خزاندبوو، بە نزیکبوونەوەی ئێمە لە گوندی میسوراو بۆمان دەرکەوت کە هێزی دوژمنی لێ جێگیر بووە بۆیە بڕیارماندا بچینە دەشتی "گوورگەچاڵ" هەڵکەوتوو لە نێوان گوندەکانی" تیلەکولون" و "میسوراو" لە بناری چیای شاهۆ. لەوێ لای دۆستێکی حیزب خۆشەویست کە شوان بوو پشوومانداو تا کاتژمێری ٤ی بەیانی، پاشان خواحافیزیمان لێ کردو بەرەو گۆڕقلیچ، ئێمە کە ٥ کەس بووین بڕیاری مانەوە دراو منو شەهید رەشاد زۆر لە حەمەکەریم پاڕاینەوە لێرە پشوو نەدەین بەرەو چیای شاهۆ بڕۆین، بەڵام حەمەکەریم کە هیچکات لەدوژمن نەترسابوو بڕیاری کۆتایی دابوو گوتی" دەمێنمەوە ئەگەر بەتەنیا بم تا بەیانی نان بۆ پێشمەرگەش دەبەمەوە".

کاتژمێری ٦ی بەیانی رۆژی ١١ی خەرمانانی ١٣٦٤ بوو شەهید ساڵح گودەرزی نگهبان بوو گوتی مامۆستا مەولود هەستە گەمارۆ دراوین، حەمەکەریم ١٠ میتر دوور بوو کاتێک گوێی لە وشەی گەمارۆ بوو هەستا هاتە لای منو ساڵح، دووربینەکەی وەرگرتوو چاوی لەدەورووبەر کرد گوتی: مەولود ئەمرۆ کۆتایی ژیانمانە! لەو قسانە دابووین درانیە بەر دەسرێژو نارنجەک باران کراین، حەمەکەریم گەڕاوە بۆ لای چەکەکەی بەڵام دوژمن زۆر نزیک بووە نەیتوانی دەستی بە چەکەکەی رابگا، بەناچاری بۆ لای ئێمە گەڕاوە هاوارم کرد حەمەکەریم راوەستە؟ ئەو رانەوەستا چووە شوێنی نگهبانی ساڵح، بەڵام دوژمن ئەویشی گرتبوو حەمەکەریم درایە بەردەسرێژو زوو هاوارم کرد رەشاد لەوانەیە حەمەکەریم شەهید کرابێ، دەستمان بە شەڕێکی مانونەمان کرد، دەرفەتمان هێنا چوینە سەری، دەستو لاقی گوللەی بەر کەوتبوو زۆری لێ پاڕاینەوە کە هەستێ وردە وردە دەکشێینەوە بەڵام گوتی: لاقم شکاوە ناتوانم ئێوە بڕۆن حەیفە بکوژرێن، لە زمانی منەوە خواحافیزی لە هیوای کورم بکەن، بە هاورێیانم بڵێن ئەوە باوەڕە مقاومەت دەکا.

بەڵام ئێمە نەمان دەتوانی فەرماندەکەمان بەجێ بێڵین، ئەو کە زانی بە جێی ناهێلین بە ساڵحی گوت چەکەکەی خۆت بدە بەمن ئێوەش هێرش بکەن. شەڕ هەر گەرم دەبوو لە نەکاو دەنگی گوللەیەک هاواری ساڵح سرنجی ئێمەی راکێشا، حەمەکەریم بڕیارەی دابوو بۆ ئەوەی هاورێیانی نەکوژرێن خۆشی بە زیندووی نەکەوێتە دەستی دوژمن".

بەڵێ بەمجۆرە شەهید حەمەکەریم نەدیمی باشی دەزانی هاوسەنگەرانی دڵیان نایە فەرماندەی قارەمان، ماموستای پارتیزانەکانی بێستوون بەجێ بێلن، زۆر هاوار دەکا کە ئاخر گوللەی لێ دەن ئەوان بڕۆن! بەڵام کێ دڵی دەهات رۆڵەی ئاوا قارەمان بەجێ بێڵی، ناوبراو کاتێک دەزانێ ئاڵقەی گەمارۆ زۆر توندەو دەزانێ کە هاوسەنگەرانی هیچکات ئەوەی ئەو داوای دەکا جێبەجێ نابێ، هەرچەند دەیزانی تازە رێگای دەرباز بوونی نەماوە چونکی لە کوورەی خەباتو قارەمانەتیدا قاڵ ببوو، بۆیە بە هاوسەنگەرەکەی دەڵێ تا تۆ دێیەوە تفەنگەکەی خۆت بدە بە من، با هێزی دوژمن نەگاتە سەر من، تەنیا چەند هەنگاو دوور دەکەوێتەوە لوولەی چەکەکی بە دڵی خۆیەوە دەنێ دەڵێ" خودا حافیز حیزبی دێموکڕات، خودا حافیز هاوسەنگەرانم، دڵنیا بن ناهێلم دوژمن بە من پێکەنێ" بە گوتنی ئەو قسانە قامک بە ماشەی چەکەکەی دا دێنێ دڵی پڕ هیوای لێواولێو لە خۆشەویستی کوردستانو تینووی ئازادی لە لیدان کەوت. بەمجۆرە قارەمانێک کە لەدەیان حەماسەدا دوژمنی بە چۆک داهێنابوو شەهید بوو. پاڵەوانی خەباتی چەکداری، مامۆستای پارتیزانەکانی بێستوون، هێرش کردنە سەر مۆڵگەکانی رێژیم، گرتنی جادەکانی نێوان شارەکان، قسە خۆشەکانی لەنێو خەڵکو هەواڵانی، فەرماندەهیو فیداکاریو کۆڵنەدانی، بوونە چرایەکی روونـاکی بە کاروانی خەباتو، ژیانو خەباتی بووە سەرمەشقی ژیانو خەباتی هاوسەنگەرانی.




**ئەحمەد موزەفەری**

ناسراوە بە ئەحلە مسری لە ساڵی١٣٤٠ هەتاوی لە داوێنی بنەماڵەیەکی هەژارو زەحمەتکێشی ئاوایی "پشتە"ی ڕەوانسەر چاوی بە رووی دنیای روونڎا کردەوە، قۆناغی منداڵی ناوبراویش وێڕای زۆربەی منداڵانی گوندنشینەکانی کوردەواریی ئەو سەردەمە لە بێبەشیو نەداریدا تێپەڕ بوو، لەبەر نزمیی باری ژیانی نەیتوانی بچێتە قوتابخانەو لە خوێندنگە بێبەش مایەوەو بۆ باشتر کردنی ژیانی بنەماڵە رووی لەکاری رەنجبەریو گاوانیو شوانی کرد. ناوبراو ٤ خوشکو برایەکو دایکێکی پیری هەبو بە ناوی پورە میسریو هەر بە خۆشەویستی دایکییەوە ناوی لێنرا ئەحلە میسری. بەرە بەرە لەگەڵ ژیانی سەخت بەڵام سەربەرزانە، دەستو پەنجەی نەرم دەکرد، ئەحلەمسری هەرچەند خوێندەواری نەبوو بەڵام دەیزانی کورد چیەو چ نەتەوەیەکە.

بە دەست پێکردنی شۆڕشو ڕاپەڕینی خەڵک بە دژی حکوومەتی گەندەڵی شاهەنشاهی ئەویش شان بەشانی لاوانی وڵات لەو ڕاپەڕینەدا بەشداریی کرد بەو ئامانجە کە حکوومەتی شا برووخێو گەلەکەی بە مافە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی بگا. بەڵام کە دیتی بە هاتنە سەر کاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەسکەوتەکانی شۆڕش خرانە ژێر پێو دیکتاتۆرییەکی تازە باڵی بە سەر ئێراندا کێشاوەو کەوتۆتە سەرکوتکردنی ئازادیو مافەرەواکانی گەلانی ئێرانو لەبەرانبەریشدا خەڵکی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، کەوتۆتە دیفاع کردن لەمافو مەوجوودییەتی خۆیو بۆ ئەم مەبەستەش هەزاران لاوی ئازاو بەجەرگ چەکی پێشمەرگایەتییان کردۆتە شانو بەرەنگاری لەشکریانی جەهلو نەزانی بوونەتەوە، لەساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی چەکی پێشمەرگایەتیی کردە شانو لە هێزی بێستووندا سازمان درا. بەمجۆرە قوناغێکی تازە لە ژیانی ئەحمەد موزەفەریدا دەستی پێکرد.

ئەحلە مسری کوڕی زەحمەتکێشی کورد بە بێ ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان چەکی بینیبێ یان دەورەیەکی سەربازی دیتبێو بێ ئەوەی خوێندەواری هەبێ، ببووە بە فەرماندەیەکی ئازاو بوێر، بە جەرگ کە خۆی تەنیا هێزێکو لە هێزدا ورە بەخشو لە شەڕدا یەک پارچە ئاگرو قارەمان بوو. ئەحمەد لاوێکی ژیرو ڕۆح سووک بوو. سەرتاسەری وجوودی ئیحساساتی شۆرشگێرانە بوو، ئازاو بە جەرگو نەترس بوو، ئیمانێکی قووڵی بە سیاسەتەکانی حیزبو ڕێبازی بزووتنەوەی گەلەکەی هەبوو. بە نەزمو دیسیپلین بوو، لە شەڕەکان دا هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەدا بوو. بەهۆی ئازایەتیو لێوەشاوەیی بەرپرسایەتی پێئەسپێردراو چەندین عەمەلیاتی ئازایانەی بەڕێوە برد دواتر وەک فەرماندەری لکی شەهید محەممەد شەریف دیاری کرا.

شەهید شاپوری فیروزی لە نووسراوەکانی خۆیدا بەمجۆرە باسی شەهید ئەحلە مسری دەکا.

"ئەگەر باسی ئەحمەد مسری بکەمو چەندین ساڵ دانیشم باس لە سەداقەت، داوێن پاکی، حەقیقەت، ئینسانییەت، قارەمانەتی، فیداکاریو لەخۆبووردوویی بکەم هێشتا هیچم باس نەکردوە، کوڕێکی قەدباریکو لاوێکی ژیکەڵەو لەسەرەخۆ بوو، زۆر کەم تەوەقوع، کەم دوێنو مەتین، شەڕەفو کەرامەتی لە هەموو وجوودی دەباری، لەگەڵ ئەوەی لاوێکی کەم تەمەن بوو بەڵام وەک باوک رەفتاری لەگەڵ پێشمەرگەکانی ژێر دەسەڵاتی دەکرد، تەنانەت زۆرجار بۆ شۆردنی لباس یارمەتی پێشمەرگەکانی دەکرد. بە دەیان جار بۆ پەیدا کردنی پارونانێک بۆ هاوسەنگەرانی خۆی لەمەترسی هاویشت، کەسێکی پاکوخاوێن، رەختو تفەنگ خاوێن، لە کاتی شەڕ لە گەڵ دوژمن دەتکوت خۆی بۆ شایی بەزمو رەزم ئامادە دەکا هەمیشە لەشەڕدا وەک هەڵۆ وابوو دوژمن لە بەرامبەریدا هەمیشە زەبوون بوو لەو سەنگەر بۆ ئەوسەنگەر، لەوشاخ بۆئەو شاخ، ماندوو نەناسانە پێشمەرگەکانی سازمان دەدا. تەنانەت جارێک لە شەڕێکدا لە نێوان " لۆنەکۆن" و "لۆنسادات" و" بێڵەوار" بە تەنیا ٤ ماشین کە هەڵگری دۆشکەو نەفەرات بوون دەردێکی بە هیزی دوژمن کرد کە هەموویان رایان کردو بەتەنیا هەر ٤ ماشێنی ئاگردا."

ئەحمەد موزەفەری ئەوەندە قارەمانو خۆشەویست بوو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ کوشتنی ئەو یەک میلیون تەمەنی بە جاسووسێک دابوو تا مەسمومی بکا، بەڵام کاتێک جاسووسەکە چاوی پێی دەکەوێ هەڵسو کەوتی شەهید ئەحلە مسری دەبینێ دەست بۆ ئەو جنایەتە ناباو لە مەسموم کردنی پەشیمان دەبێتەوە ".

ئەحلە مسری وەک لاوێکی بە ئیمان وازی لە ژیانی ئاسوودەیی خۆی هێنابوو لەو کاتەوە ریزی خەباتکارانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی هەڵبژارد بوو هەر لە رۆژەکانی یەکەمەوە بوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانی، ئازایەتیو بوێری لە تایبەتمەندییەکانی هەرە بەرزی بوو قارەمانەتی ئەو لە شەڕەکانی کەشکەمیر کە گوردانی زەربەتی کامیاران بە تەواوی تەفروتونا بوو، چیای زەڕنە کە چەندین جار روویدا، جادەی سنە- هەمەدان لە نزیک پادگانی مووژەژ کە فەرماندەی بەدناوی سپای پاسداران بە ناوی تالبی کوژرا، شەڕی ١٤ سەعاتەی

چەمشار، شەڕی ئاواییەکانی تەجەرە، میراوا، نەڕان، سمان، قەسریان، چناران، لەشەڕی گرتنی ٦ پایەگای ڕێژیم لە گوندەکانی نیەر، تەنگیسەرو میراو، هەروەها لە تێک شکاندنی گەمارۆی گەورەی سەر هێزی بێستوون لە بەرزاییەکانی "تا "گلێیان" و"پەشاوە"، بەشێک لەو تابلۆ جوامێرانەیە کە ئەحمەد موزەفەری بە ئازایەتی نەخشاندوویەتیو شایەدی بۆ بوێریو ئازایەتی ئەو شۆڕە سوارە دەدەن. خۆشەویستترین لای مرۆڤ گیانەو ژیانە، شەهید وەک ئاو خواردنەوە سووکو سانا بەخشیویە بە نیشتمان، ئەوە باوەری قووڵی ئەحلە مسری بوو بۆیەش لە هیچ گیان فیداییەک سڵی نەکردەوە.

شەو و ڕۆژ، گەرماو سەرما، شیو ودۆڵ، تەلانو بەندەن، هەورازو نشیو، قەتپاڵو لێرەوارو خەڵکی قارەمانی کامیارانو ڕەوانسەر ژاوەرۆ بێڵەوار هەموو شاهیدی بۆ ڕۆڵەی تیکۆشەری دێموکڕات دەدەن کە چەندە لەخۆبووردوو ئازاو فیداکارو بەبڕشت بوو.

بەداخەوە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٣کە بەرەو ناوچەی کامیاران دەگەڕانەوە لە نزیک ئاوایی وشکەڵانی مەریوان کەوتنە کەمینی کۆمەڵەوە لە گەڵ ٧ هاوسەنگەری دیکەی بەناوەکانی هوشیار منبری، هاشم منبری، واسع منبری، غەفار ئازادوەند، عەلی جواهیری، بەشیر سوبحانیو سەعدی ڕەحمانی گیانی خۆیان پێشکەش بە ئازادی کردو بە خوێنی خۆیان لاپەڕەیەکی زێرینیان بۆ نەتەوەکەیان تۆمار کرد.

---




## حەسەن منبری

کەس نیە لە کوردستان ناوبانگی "نیەر"ی نەبیستبێ. لە مێژە گوندی نیەر نازناوی مەکۆی قارەمان پەروەری پێدراوە. ئەو گوندە تا ئێستا بە دەیان کەسی لە لاوەکانی خۆی کردون بە قوربانی فیدای ئامانجە بەرزەکانی حیزب وگەلی کوردی کردوون. "نیەر" لە ناوچەی ژاوەرۆی سنە، لە داوێنی کێوەکانی مێرگەوار، لەنێو دۆڵێکی کپو لە ئامێزی دارستانێکی سەر سەوزدا هەڵکەوتووە. گوندێکی خۆشو دڵ رفێنو سازگارە. نزیکەی ٥٠٠ ماڵ دەبێ. خەڵکی ئەم ئاواییە زۆربەیان خزمو کەسو کاری یەکترنو شۆرەتیان منبرییە. ئەو شۆرەتە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان ئاشنایە. زیاتر لە پەنجا کەس لە منبرییەکانی گوندی نیەر لە سەنگەری خەباتو بەربەرەکانی لەگەڵ رێژیمی کۆنە پەرەستیدا شەهید بوون.

ئەم جارەی بەرنامەی فەرماندەرانی شەهید، یادو بیرەوەری یەکێک لە شەهیدە سەربەرزەکانی حیزبو گەل، کە لە گوندی نیەردا چاوی بە دنیا هەڵێنابوو سەرئەنجام لە رەوتی خەباتو بەربەرەکانیدا شەهید بوو، حەسەنی منبری لە هێزی بێستون رێز دەگرینو مەرگی سەربەرزانەو پێشمەرگایەتی دەکەینە سەرمەشق.

حەسەنی منبری، ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی لە ئاوایییە جوانو رازاوەکەی نیەر چاوی بە دنیای پڕ لە زوڵمو بێ عەداڵەت هەڵێنابوو، تەمەنی منداڵیی ئەویش وەک تەمەنی منداڵی زۆربەی منداڵانی کوردستان لە رەنجو کوێرەوەریو مەحرومییەتدا تێپەڕی بوو. نەیتوانی بوو بخوێنێو بچێتە قوتابخانە. بە منداڵی شانی دابوە بەر رەنجو ئازارو ئارەقە رشتنو کوێرەوەری. بە منداڵی دایکی کۆچی دوای کردبوو. دواتر کە کەمێک باخۆشتر ببوو، بۆ کارو دابین کردنی خەرجی خۆی، رووی کرد بووە شارە جۆراو جۆرەکانی ئێرانو کرێکاری کردبوو. هەموو ئەمانە

حەسەنیان لە بۆتەی کوێرەوەریدا قاڵ کرد بۆوە. هەربۆیە سەرتاسەری وجودی هەستی عەدالەت خوازانەو خەباتگێرانە بوو.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانو گەشەسەندی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد حەسەن پێوەندی بە تەشکیلاتی حیزبەوە گرتو وەک لایەنگرێک دەستی بە کارو تێکۆشان کردو بەو پەڕی علاقەوە کاری دەکرد. سەرەنجام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گرتیو ڕەوانەی زیندانی کرد. ئەو گرتنو زیندانی کردنە چەند جار دووبارە بووەو سەرئەنجام ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی، حەسەنی مینبەری بە توندی کەوتە ژێر چاوەدێری. ڕۆژی ٢٧ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی، هێزە دژی گەلییەکانی ڕێژیم بۆ گرتنی حەسەن دەوری ماڵی دەدەن بەڵام حەسەن زوو خۆی دەرباز دەکاو خۆی دەگەیەنێتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزب لە هێزی بێستوون. بەم جۆرە قۆناخێکی تازە لە ژیانی حەسەن دەست پێدەکاو دەبێتە پێشمەرگە.


حەسەن زۆر زوو نیشانیدا کە رۆڵەیەکی بەوەجو فیداکاری حیزبە. زوو توانی ڕێزو خۆشەویستی هاورێیانی بۆلای خۆی راکێشێ. ئازاو بەوەجو هەڵسووڕ بوو. ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی وەک فەرماندەری پەل لە هێزی بێستونی ئەو کات دیاری کرا. ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی وەک فەرماندەری لک کاری پێ سپێردراو لەهێزی زاگرۆسدا تێکۆشانی خۆی درێژە پێدا. حەسەن لە هەموو مەسئوولییەتەکانیدا جیدیو کارامەو لێهاتوو بوو. پێویستە بگوترێ کە حەسەنی منبری برایەکی قارەمانیشی لە سەنگەری خەبات لەگەڵ دوژمنانی ئازادیدا شەهید بوو. ئەو برا سەر بەرزەی حەسەن، شەهیدی نەمرو هەمیشە زیندووی حیزب، عەبدول حەسەن منبری کە پاییزی ساڵی ٦٢ لە جەریانی گیرانی مۆڵگەکانی دوژمن لە مێسوراو نیەرو تەنگی سەردا گیانی خۆی بەخت کرد. حەسەنی منبری جێگای بڕواو متمانەی خەڵکو زەحمەتکێشانی ناوچە بوو. ناوو ئازایەتیو قارەمانەتی ئەو وێردی سەر زمانی خەڵک بوو.

حەسەنی منبری لە جەریانی ژیانی پێشمەرگایەتیدا چەند جار بریندار بوو. چوار جار بە نووسراوە تەشویق کرابوو. لە شەڕەکانی ئەوکاتی ناوچەکانی بێڵەوار، هەورامان، لەیلاخ، ژاوەرۆ، چەمشار، مەریوانو دیواندەرەدا نەقشێکی گرنگی دەگێرا. حەسەن کادرێکی سیاسی هەڵسورو ڕێکخەریش بوو.

بەداخەوە زۆر نەژیا تا خزمەتی زۆرتر بە حیزب و گەل بکا. ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی، لە کاتێکدا دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی زاگرۆسو بێستون، بۆ حەسانەوە چووبوونە شوێنێک بە ناوی باخە بووچکەڵە، دوژمن پێیان دەزانێو لەچەند لاوە هێرشیان دەکرێتە سەر. سەعاتی ١/٥ ی پاش نیوەرۆی ئەو ڕۆژە شەڕێکی توندو خوێناوی دەست پێدەکات ئەو شەڕە تا سەعاتی ٨ی ئێوارێ دەکێشێو سەرئەنجام بە شکانی دوژمن کۆتایی دێت. مخابن لەو شەڕەدا سێ پێشمەرگەی قارەمان، ٣ فەرماندەی کارامەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ناوەکانی حەسەن مینبەری فەرماندەری لک، کامیل حەسەن پوور فەرماندەری لک، نەجمەدین

مینبەری جێگری لک شەهید دەبن‌و دەچنە نێو کاروانی شەهیدانی ڕێگای ئازادی‌و گیانیان بەختی مافو ئازادییەکانی گەلە بەشخوراوەکەیان دەکەن. یادیان بەخێر بێ و ڕێگایان هەروا پڕ ڕێبوار بێ.

---------------------------------------------------------------




**محەممەد محەممەدی ناسراو بە (حەمە ئاسنگەرانی)**

بوون یا نەبوون! ئەوە کەڵکەڵەی مرۆڤە کە بەدرێژایی مێژوو بیرو زەینی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە. بەڵام هەموو پیرۆزییەکانی ژیان‌و مرۆڤ بە تەنیا هەر ئەوەندەیەو لەم چەمک و واتایەدا خۆی دەبینێتەوە؟ لە ڕاستیدا ئەوەی بەلای مرۆڤە مەزنەکان‌و ئینسانە هەڵکەوتووەکانەوە زۆر زیاتر لە چەمکی بوون یا نەبوون گرینگی پەیدا کردووە، کەیفییەت‌و بایەخە بەرزەکانی ژیان‌و ئینسانییەتە، کە خود واتایەکی سەد چەندان‌و پیرۆزی بەم چەمکە بەخشیوە. لای مرۆڤە سەربەرزو ئازادەکان ئەوەی گرینگە چۆن بوون‌و چۆن ژیانە کە ڕەهەندێکی واڵاتر بە ئینسان‌و ئینسانییەت دەبەخشێ کە واتە گرینگ چۆن بوونە، ئەو ڕەهەندە بەرزی کە لەهەر دەورەیەکدا تەنیا لە سیمای ژمارەیەکی کەم مرۆڤەکاندا خۆ دەنوێنێ.

چاوخشاندن بە سەر کارنامەی قارەمانانی هێزی بێستوون بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو هێزە زۆر سیمای ناسراوی تێدابووە کە بە خوێنی خۆیان داری ئازادییان ئاوداوەو تەنانەت ئاڵای خەباتیان هەرشکاوە ڕاگرت، قارەمانانی وەک شاپور فیروزی، سالار ئیبراهیمی، محەممەدکەریم نەدیمی، ئەحلە میسری‌و منبری سەدان شەهیدی دیکە بە خوێنی خۆیان کوردستانیان نەخشاندبوو ئەمجارەش لاپەڕەکانی ژیانی قارەمانی وەک محەممەدی محەممەدی ناسراو بە حەمە ئاسنگەرانی لە هێزی بێستوون هەڵدەدەینەوەو یادو ناوی بەرز ڕادەگرین.

محەممەد محەممەدی ناسراو بە (حەمە ئاسنگەرانی) لە ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی لە ئاوایی ئاسنگەرانی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش چاوی بە دنیای روون کردەوە، بەرەبەرە کە گەورە بوو کتێبی بە دەستەوە گرتو رووی لە قوتابخانە کرد پۆلەکانی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان تەواو کرد، بەڵام بەداخەوە وەک زۆربەی منداڵانی ئەو سەردەمەی کوردستان نەیتوانی لەوە زیاتر درێژە بە خوێندن بداو وێڕای بنەماڵەکەی رووی لەکاری وەرزێڕی کردو پاشان بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر رووی لە شارەکانی ئەهوازو ئابادان کرد، محەممەد تا رووخانی رێژیمی پاشایەتی لەو شارانە کاری کرێکاری دەکرد. پاش هاتنەسەرکاری رێژیمی کۆماری ئیسلامیو دەست بەسەر داگرتنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێرانو بەتایبەتی گەلی کورد لەلایەن ئەو رێژیمەوە، محەممەد خۆی بە بنکەی حیزبی ناساندو یەکێک لەو لاوانە بوو بە هەموو تواناوە ئەرکی حیزبی بەڕێوە دەبرد، کاتێک کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشیان کردە سەر شاری کامیاران، حەمە ئاسنگەرانی لەو کەسانە بوو بۆ دیفاع لەشاری کامیاران لە ریزی تیکۆشەرانی دێموکڕاتدا سازمان دراو وەک پێشمەرگەیەکی ئازا بەربەرەکانی لە شارەکەی دەکرد.

دوای گرتنەوەی شاری کامیاران وێڕای هاوسەنگەرانی چیاو دۆڵو شاخەکانی کوردستانی لە دوژمن کردە دۆزەخو لە چەندی شەڕی قارەمانانەدا وەک شەڕی ماویان، پشتە، ئەلەک، ماراو، کوڕەدەرە، تەختی زەنگی وێڕای هاوسەنگەرانی دەرسێکی باشیان بە هێزی کۆنەپەرستی داو نیشانی دا کە بەڕاستی رۆڵەیەکی لێهاتوو فیداکارو بوێرە.

هەروەها لە هاوینی ساڵی١٣٦٠ی هەتاوی لە شەڕی قارەمانانەی نێوان گوندەکانی کوڕەدەرەو تەختی زەنگیدا بریندار بوو پاش سارێژ بوونەوەی برینەکەی بە ورەیەکی بەرزترەوە گەڕاوە سەنگەرو ئازایانە بە گژ دوژمندا دەچۆوە.


حەمە ئاسنگەرانی بە هۆی لێزانیو هەڵسووڕانی بێوچان، بوو بە ئەندامی کومیتەی کامیاران. ناوبراو سەرەرای ئەوە کادرێکی خۆشەویست لەناو خەڵکو هاوسەنگەرانی دابوو هەمیشە وەک پێشمەرگەیەکی قارەمان لەشەڕەکاندا بەشداری دەکرد. ئازایەتی، فیداکاری، بوێریو خۆشەویستی لە نێو هاوسەنگەرانیدا لەو تایبەتمەندییانە بوون، کە لەساڵی ١٣٦١ی هەتاوی لە لایەن کومیتەی کرماشانو هێزی بێستوونەوە وەک فەرماندەری لکی شەهید نادر دیاری بکرێ.

محەممەد ئاسنگەرانی لەو ماوەیەدا وەک فەرماندەیەکی بەتواناو شیاوی ئەو ئەرکە بوو کە پێی ئەسپێردرا بوو. لەگەڵ هاوسەنگەرانی بە توازوع، رووخۆش زۆر دۆستانە کارەکانی لەگەڵ پێشمەرگەکان بەڕێوە دەبرد، هەر لەم کاتەدا ئەوەندی لەگەڵ پێشمەرگەکان لەسەرەخۆ بوو لەبەرامبەر دوژمن زۆر توندو چالاکو هەڵمەتبەر بوو.

شەوی ١٦ی جۆزەردان ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی پێشمەرگەکانی هێزی بێستوونو زرێباری مەریوان لەسەعاتی ١١ی شەو هێرشیان کردە سەر پایەگای دوژمن لە گوندی "وێزیەر" شەڕێکی گەرم لەنێوان هێزی پێشمەرگە لەلایەکو هێزی دوژمن لە لایەکی دیکە دەستی پێکرد، پاش شەڕێکی قارەمانانە زەبرێکی کاریگەریان لە دوژمن وەشاند، کوڕی تێکۆشەری قارەمان بە فەرماندەهی رێکوپێکی هەڵمەتی بۆ دوژمن دەبرد، بەڵام بەداخەوە لە گەرمەی شەڕدا گوللەی جنایەتکارانو خۆفرۆشان سینگی رۆڵەی قارەمانی گەلەکەمان محەممەد محەممەدی ناسراو (بە حەمە ئاسنگەران) دڕیو خوێنی پاکی کەوتە سەر خاکی پاکی کوردستانو گیانی خۆی کە گەورەتری سەرمایەی ژیانی بوو بە گەلەکەی بەخشی.

---

## هێزی شەریفزادە




**خەلیلی محەممەدی( ناسراو بە خەلیلە سوور)**

خەباتگێڕانی راستەقینەی نەتەوەی کورد ساڵانێکی زۆرە، شێلگیرانەو ماندوویی نەناسانە بۆ گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنوسی نەتەوەکەیان لە هیچ هەوڵو تێکۆشانێک تەنەخیان نەکردووەو نایکەنو هەر لەم پێناوەشدا، بە دەیان هەزار تێکۆشەر گیانی پاکی خۆیان فیدای ئامانجە بەرزەکانی گەلەکەیان کردووە. تاکوو سەرەنجام ئەم گەلە بتوانێ وەک نەتەوەیەکی بەختەوەری سەر گۆی زەوی بژیو خاوەنی شوناسو ئیرادەی خۆی بێ.

ئەم گەلە نەسرەوتوو و ئـازادی ویسـتە لەپێنـاو دەسـتەبەر بـوونی ئامـانجە رەواکـانیدا خـوێنێکی زۆری داوە، باغو موچەو مەزرای سووتـاوە، دەربەدەر بووە، مـاڵی کـاول بـووە، گوندەکانی تـەختو خـاپوور کـراونو تەنـانەت ژینۆساید کراوەو بگرە نیشتمانەکەیان لێ لەتوپەت کردووە. بەڵام هیچکام لەم کردەوە دژە مرۆییانە نەیتوانیـوە بە چۆکی دابێنـێو بەردەوام وەک نەتەوەیەکـی زینـدوو، نەبەز، کۆڵنەدەرو روو لە گەشە لە جموجـۆڵو خەبـاتو تێکۆشاندا بووە.

خەلیل محەممەدی ساڵی ١٣٣٨ لە ئاوایی "سیاسەران" سەر بە ناوچەی" حوسین ئاوا"ی سنە لـە بنەماڵەیـەکی دەست کورتو هەژار لـە دایک بـوو تەمـەنی منـداڵی تێپـەڕ نـەکردبوو کە ماڵەکـەیان چـووە شـاری سنەو لـەوێ گیرسانەوە. خەلیل هەر لە منداڵییەوە بـۆ پەیـدا کردنـی بژێـوی بنەماڵەکەی دەسـتی بـە کـارو کاسبی کـرد. تـا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی ١٣٥٧ی هەتـاوی هیچکـات بـۆ پەیـدا کردنـی بژێـوی ژیـانی نەمرنـەژی نەوەسـتا. دوای سـەرکەوتنی شـۆڕش، خـەلیل لەسـاڵی ١٣٥٨ ریـزی هـەڵۆ سـەربەرزەکانی دێمـوکراتی لـە هێـزی شەریفزادە هەڵبژاردو دەستی بە تێکۆشانی سیاسی کردو وەک پێشمەرگەیەکی لێهـاتوو خـۆی نیشـان داو، بـوو بـە نمونەی پێشمەرگەکانی هێزی شەریفزادە.

بە هۆی ئازایـەتی لـە شـەڕەکاندا پـاش ماوەیـەک وەک سـەرپەل دیـاری کـراو سـاڵی ٦٢ بـە فەرمانـدەری لـک دیاری کرا. خەلیل وەک فەرماندە لکێکی بە تواناو بە ئەزموون زۆر شەڕی ناوچـەی سنەی فەرمانـدەیی کـرد. لـە شەڕەکانی بەرووەر، سەرجۆ، ئازایەتی کەم وێنەی لە خۆی نیشاندا.

با لێرە ئاوڕێـک لـە "کوردسـتانی خوێنـاوی" ئـازا سـەکری بدەینـەوە بـزانین لـە سەرشـەهیدانی شـاری شـەهید خەلیلە سوور چی وتوە.

سنە سەرتۆپی دڵی یارانە سەرگوڵی باغی ئەویندارانە
سنەکەم سوورە گوڵی، دڵ خوێنە ئاڵی رووتەختی زەوی بژوێنە
پڕ لە ئازایە، کەژی نەخشینی دەنگی ژین بەرزە لەدەشتی ژینی
لەشە پۆلایە چەمی ناوەستێ بەستەڵەک خوێنی دڵی نابەستێ
گەر بە خێرایی دەنووسێ خا دڵی خوێناوی لەشی پڕ زامە
باڵیسەربەرزی ژیان دەر سنەی بەرزە هەڵۆی هەرمانە
سنە کانیاوی ورەی دڵدا رەندی سەرتۆپی لەلادێو شارە
شارو دێی قەلبی خەباتوخو لە ژمار نایە بەڵێ ئەم شوێنە

پـاش ٣ سـاڵ بەرپرسـایەتیی لـەو هێـزەدا، سـاڵی ١٣٦٥ وەک فەرمانـدەری لـک رەوانـەی مەڵبەنـدی ٢ لـە ناوچـەکانی سـەقزو دیوانـدەرە کـرا. ئازایـەتیی خـەلیل لـەم ناوچانـەش بـوو بـە وێـردی سـەر زمـانی خـەڵکو

پێشمەرگە. شەڕەکانی شاخەڕەشی جەوشەن، پشتی مازوار، کاکەسیا، کۆڵ، دۆزەغدەرە، نێرگەسەڵە، دەرەگاوان، شاقەلا، دەرەویان فارس، باین چوو، جادەی سنە- سەقز، بانە- سەقز، باغیشێخان نمونەیەکی چووکەن لە ئازایەتیو فیداکارییەکانی خەلیلە سوور. ناوبرا چەند جار برینداربووە، بۆ وێنە لە شەڕی کۆڵو دۆزەغدەرە زۆر بە توندی بریندار بوو. هەموو جارێ پاش ساڕێژبوونەوەی برینەکەی لە مەترسیی شەڕەفو کوردایەتیدا سەربەرزانە دەهاتەوە مەیدانو برینەکانی گەرمایی تینی بەرخۆدانی لە نێو دڵو دەروونی پڕ لە هەستیدا بە تینو بە هێزتر دەکرد.

خەلیل لە ساڵی ١٣٧١ گەڕایەوە مەڵبەندی یەکو لەو مەڵبەندە دەستی بە تێکۆشان کردەوە. ساڵی ٧٣ کرا بە جێگری هێزی زاگرۆسو، ساڵی ١٣٧٤ کرا بە فەرماندەری ئەو هێزەو، لەو مەسئولییەتەش دا نیشانیدا کە فەرماندەیەکی لەخۆبوردوو فیداکارو بە توانایە. لە ساڵی ١٣٧٥ لە سازماندەهی تازەدا وەک فەرماندەری بەتالیونی زاگرۆس دیاری کراو تا کاتی شەهید بوونی ئەو ئەرکە گرینگەی بەڕێوە برد.

خەلیل فەرماندەرێکی ئازاو لێهاتوو دڵسۆز بوو. ئەو خۆشەویستی کادرو پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکانی سنەو سەقز ودیواندەرە بوو. ڕێزی بۆ خەڵک دادەنا زۆر جار دووپاتی دەکردەوە "من بۆیە شەوو شەو نەخوونی دەکێشم تا خۆمو نەتەوەم نانێکی بەخۆشی بخۆینو هەوای ئازادی هەڵمژین". خەلیل هەمیشە لە سەر هەست بوو دوژمنی بەکەم نەدەگرت.

قسەیەکی شەهید وەستا ئەحمەد کە لە ساڵی ١٣٦٧ لە چیای وەنەوشە دەیگووت" بە ئاواتەوەم کە ببینم خەلیلە سوور ٥ دەقیقە خەوی لی کەوتبێ". سووربوونی خەلیل لە سەر کارو ئەرکەکانی وای کردبوو هەر کەس جارێک چاوی پێ کەوتبایە بۆی دەر دەکەوت کە چەندە بە تواناو ئەرک ناسە.

بەداخەوە ڕۆژی ٣ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٥ لە شەڕو تێک هەڵچوون لە گەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە گوندی "سەرجۆ" لە ناوچەی چەمشاری سنە پاش شەڕێکی ئازایانە گیانی پێشکەش بە نەتەوە بەشخوراوەکەی کردو سەری کردە پردە بازی سەرکەوتن.

---




## سەروان ئێقباڵ کەریم نژاد

هەموو رۆژێکی تەمەنی حیزبە خۆشەویستەکەمان، حیزبێک کە زیاتر لە ٧٠ ساڵە لە پێناوی ئازادی و سەرکەوتنی نەتەوەی کوردو وەدیهێنانی ئاوات وئامانجەکانیدا تێدەکۆشێ، یادە، بیرەوەرییە، بیرەوەریی تاڵو شیرین، بیرەوەریی حەماسەو خوێن وشانازی خوڵقاندنی قارەمانەتیی گیانبازانی رێگای ئازادی وبیرەوەریی هەڵس وکەوتی حەکیمانەی حیزبەکەمانە.

رۆژی ٢٩ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٢ یەکێک لەو رۆژە لەبیر نەکراوانەی حیزبەکەمانە کە لەودا حەماسەو قارەمانەتییو خۆڕاگری رۆڵە بە جەرگەکانی حیزبی دێموکڕات تۆمار کرا. پێشمەرگە ئازاکانی دێموکڕات لە مەڵبەندی سنە لە شەڕێکی قارەمانانەدا لەگەڵ دوژمنانی ئازادی، سەنگەریان بە خوێنی خۆیان سوور کرد، لاپەڕەیەکی زێڕینی دیکەیان لە خۆڕاگریو سوور بوون لەمەڕ رێبازو ئامانجیان بە لاپەڕەکانی مێژووی خەبات زیاد کردو، بە شانازییەوە سەریان نایەوەو سەریان بۆ دوژمن نەوی نەکردو کۆڵیان نەداو نەبەزین. یەکێک لەو خەبات گێڕانەو ماندوو نەناسانە کە یادی دەکەینەوە فەرماندەری لێوەشاوەو لە کڵدەرهاتوو سەروان ئێقباڵی کەریمنەژاد لە شارستانی سنەیە.

سەروان ئێقباڵی کەریم نەژاد لە ساڵی ١٣٢٤ هەتاوی کاتێک کە ئاڵا سەربەرزەی کوردستان لە ژێر سێبەری دەسەڵاتە پڕ شکۆکەی کۆماری کوردستاندا دەگەشایەوە لە بنەماڵەیەکی لادێی کوردەواری هەژار لە ئاوایی "نەوەڕە"ی سەر بە شارستانی سنە لە دایک بوو، هەر لە تەمەنی منداڵی وەک زۆربەی منداڵانی ئاوایی لە کەموکوڕییەکانی ژیان بێبەش نەبوو، بەرەبەرە کە گەورە بوو رەوانەی قوتابخانە کرا، کاریشی دەکرد بەڵکوو

یارمەتی بنەماڵەکەی بدا، لە کاتێکدا پۆلی سێی ناوەندی دەخوێند رووی لە ئاموزشگای گروهبانی کردو بەڵام لە خوێندنیش ساتێک غافڵ نەبوو بەمجۆرە بڕوانامەی دیپلۆمی وەرگرت.

پاشان چووە زانستەگەی نیزامیی‌و پاش بڕینی ئەو قۆناغە لە لقی تۆپخانەدا درێژەی بە ئەرکی سەرشانی‌داو بۆ ماوەی پازدە ساڵ لە تۆپخانەدا کاری کرد. لەو بارەوە ئەزموونێکی باشی خستە سەریەک. ناوبراو ئەفسەرێکی بەهەستو نیشتمانپەروەر بوو هەمیشە لەبیری ئازادی‌دا بوو. ئەو هەستە پیرۆزەی سەروان ئێقبال بۆ هاوپایەکانی هەستێکی ناسراو بوو، سەرەڕای زەبرو زەنگی نێو پادگانەکان هیچکات سەری بۆ ملهوڕی فەرماندەرانی دانەدەنواندو لە بەرانبەریاندا هەڵویستی دەگرت. لە زۆربەی پادگانەکاندا کاری کردو ماوەی چەند ساڵیش لە پادگانی مەهاباد بوو، لەو ماوەیەدا ناوی سەروان ئێقبال کەریم نژاد بۆ لاوەکانی مەهاباد بە تایبەت ئەوانەی لە نێو پادگان دابوون ناوێکی ئاشنا بوو، ئاشنا لەبەر نیشتمانپەروەی، لە بەر شەهامەت ونەترسی، لە بەرامبەر فەرماندە دژی گەلییەکانی ئەرتەشی شادا. هەربۆیە هەموو سەربازو ئەفسەرە نیشتمانپەروەرەکان رێزیان لێ دەگرت. سەروان ئێقبال یەکێک لەو ئەفسەرانە بوو کە ترسی لە دڵ رانەدەگرتو لە بەرامبەر هەموو ناحەقییەکدا شێرانە رادەوەستا، بەڵام لەگەڵ ئەفرادی ژێر دەسەڵاتو فەرماندەری خۆی هێمنو لەسەرەخۆ بوو وەک براو هاوڕێ هەڵسو کەوتی لەگەڵ دەکردن ورێزی دەگرتن.

پاش رووخانی رێژیمی پاشایەتی‌و بە گۆڕسپاردنی، دواتر بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی، سەروان ئێقباڵ یەکێک لەو ئەفسەرە شۆڕشگێڕانە بوو کە پێوەندی بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە گرتو لە هەموو دەرفەتەکاندا لە ئەزموونەکانی خۆی بۆ خزمەت بە پێشمەرگە کەڵکی وەردەگرت. پاش ئەوەی رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی وڵامی ویستوداخوازەکانی گەلی کوردی بە گوللەو بارووت دایەوەو شەڕی بە سەر نەتەوەی کورد داسەپاند پاشانیش دەستی بە قەتڵوعامی رۆڵەکانی کورد کرد، پاش ئەوەی شاری سنەی خەباتو خوێن کەوتە بەر هێرشی درندانەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ژنو منداڵ وپیرولاو، وێکڕا قەتڵوعام کران، سەروان ئێقباڵی کەریم نژاد وەک ئەفسەرێکی شۆڕشگێڕ دەنگی نارەزایەتی لەنێو پادگانی سنەدا بەرز کردەوەو ئەو کردەوە درندانەیەی مەحکوم کرد هەربۆیە لەلایەن رێژیمەوە دەست بەسەر کراو تەحویلی دادگای نیزامیی درا. ناوبراو بۆ ماوەی دوو ساڵ لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەدا بەند کرا. پاش ئەوەی لە زیندان ئازاد کرا چی دیکە ئامادە نەبوو خزمەت بە دووژمنی سوێند خۆری نەتەوەی کورد بکاو بە پێی ئەو هەستە شۆڕشگێڕانەیەی کە لە دەروونی‌دا پنگی خوارد بۆوە، ریزی تێکۆشەرانی دێموکڕاتی بۆ خەبات لە پێناو رزگاری‌دا هەڵبژاردو تێکۆشانی دیفاعی چەکدارانەی دەست پێکرد. لە سەرەتاوە بەرپرسایەتی رێکخستنی پێشمەرگەکانی هێزی شەریفزادەی پێ سپێردراو وەک راوێژکاری نیزامیی ناوەندی ئاژوانیش دیاری کرا. پاش ماوەیەک بوو بە فەرماندەری هێزی شەریفزادە.

ناوبراو لەوماوەیەی فەرماندەری هێزی شەریفزادە بوو، هەموو تواناو مودیرییەتیو لێزانی خۆی بۆ کاروباری نیزامیی وەکار خستو ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی لەوهێزەدا پێکهێنا. هەربۆیە ئەو هێزە یەکێک لە کاراترینو بە ئەزموونترینو رێکوپێکترین هێزەکانی حیزبی دێموکڕات بوو. بە پێی گەلاڵەی رێکوپێک تەنگی بە هێزەکانی رێژیم هەڵچنیبوو، رۆژ نەبوو رۆڵە تێکۆشەرەکانی هێزی شەریفزادە بە فەرماندەیی سەروان ئێقبال زەبری کاریگەر لە هێزەکانی دوژمن نەوەشێنن. ناوو ناوبانگی سەروان ئێقبال بۆ دوژمن ببوو بە چقڵی چاوو بە بیستنی ناوەکەی ترسو لەرزە هێزەکانی رێژیمی دادەگرت.

سەروان ئێقباڵ بایخێکی زۆری بە هێزی خەڵک پشتیوانی راستەقینەی جووڵانەوە دەدا، زۆر جاران بە هاوسەنگەرانی دەگوت" شۆڕشو جووڵانەوە کاتێک سەر دەکەوێ کە رێشەی لە نێو دڵی زەحمەتکێشان داکوتابێ،" بۆیە بەگرینگییەکی لە رادەبەدەری بە پێوەندی نێوان خەڵکو پێشمەرگە دەداو هەمیشە هەوڵی دەدا ئەو پێوەندییە قایمو پتەوتر بکا، بەدایم خۆی لەخەڵک نزیک دەکردەوەو بە زمانی خۆیان لەگەڵیان قسەی دەکرد. هەر بۆیەش خەڵک ئەویان وەک کوڕی خۆیان چاو لێ دەکردو خۆشیان دەویست وڕێزیان لێ دەگرت.

نەزمو دیسیپلینیو هێمنیو لەسەرەخۆیی لەو تایبەتمەندییانە بوون کە سەروان ئێقباڵی پێ دەناسرایەوە، ناوبراو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە پێشمەرگە دەبێ بە پێێ نەزمو ئەخلاقو کردەوەی شۆڕشگێڕانەو ئاکاری جوان لەگەڵ خەڵک رووبەروو بیو لە رووی کردەوەی پەسەند تێبکۆشیو بە شێوەیەک هەڵسوکەوت بکا کە خەڵک بۆ لای حیزب رابکێشێ.

ئەزموونی فەرماندەیی، مودیرییەتی رێکوپێک، کردەوەی شۆڕشگێڕانە، سەروان ئێقباڵیان کردبوە جێی بڕواو خۆشەویستی هاوسەنگەرانیو، بە تەواوی جێی خۆی لەنێو دڵی خەڵکی ناوچەی سنەدا کردبۆوەو زەحمەتکێشانی ئەو ناوچەیە سەروان ئیقباڵیان وەک پێشمەرگەیەکی شۆڕشگێڕو فەرماندەیەکی لێهاتوو چاو لێ دەکرد.

ئەو پێشمەرگە تێکۆشەرە، ئەو فەرماندە بە زیپکو لێوەشاوەیە، جێی هیواو هۆمێدی حیزبی دێموکڕات بوو چونکی بە کردەوە سەلماندبووی کە ئەویندار‌ی حیزبو خەباتگێڕێکی راستەقینەی رێگای دیاری کردنی مافی چارەنووسی نەتەوەکەیەتی. بەڵام زۆر بەداخەوە سەروان ئێقباڵ ئەو دەرفەتەی بۆ نەرەخسا کە زیاتر خزمەت بە حیزبو گەلە بەشخوراوەکەی بکاو، وەک ئەستێرەیەکی پڕشەنگدار لە ئاسمانی خەباتی رەوای نەتەوەی کورد ئاوا بوو.

رۆژی ٢٧ تا ٢٩ی گلاوێژی ١٣٦٢ ناوچەی لەیلاخی سنە، گۆڕەپانی حەماسەو هەڵمەتی دەستەیەک لە پێشمەرگە فیداکارەکانی هێزی شەریفزادە بوو کە شێرانەو ئازایانە لەبەرانبەر هێرشی دڕندانەی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیدا، سەنگەری دیفاع لە بوونومانی نەتەوەکەیان گرتو، تا دوا فیشەکو دوا دڵۆپی خوێنو دوا

هەناسەی ژیانیان، لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان شەڕیان کردو، دەرسی کۆڵنەدانو بە چۆکدا نەهاتنیان بۆ هاوسەنگەرانیان بەجێهێشت، دەرسێک کە بۆ نەسلەکانی دوای خۆیان بیکەنە سەرمەشقی ڕێگای خەباتیان.

لەشکریان کۆماری ئیسلامی بە هێزێکی لە ئەژمار نەهاتوو بە پشتیوانی تانکو تۆپو خۆمپارەو کاتیوشادا، لە هەموو لایەکەوە بە مەبەستی تەفروتونا کردنی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی سنە، پەلاماری دڕندانەی بۆ سەر ناوچەی" ڕمشتو میراوە" دەست پێکرد. دوژمن هەموو ڕێگاکانی لەپێشمەرگە گرتبوو هیچ ڕێگایەکی دەرباز بوونی بۆ نەهێشتبوونەوە. پێشمەرگەی دێموکڕات دوو ڕێگای لە بەر بوو، یا تەسلیم بوون یان مەرگی سەربەرزانە. بۆیە وەک هەمیشە ڕێگای دووهەمیان هەڵبژاردو بەڵێنیاندا بە شانازییەوە خۆیان فیدا بکەن، بەڵام لەبەرامبەر دوژمندا سەر نەوی نەکەن. پاش ئەو بەڵێنییە، بە بڕیاری فەرماندەری کار لێهاتوو سەروان ئێقباڵی کەریم نەژاد بە مەبەستی شکاندنی گەمارۆی دووژمن دەست بەکار بوون، ئێقباڵی فەرماندە لە پێشەوەی هاوڕێیانیدا دەست بە کار بوو هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی دوژمنو چەندین کوژراویان پێ بە جێهێشتن. ناوچەی "ڕمشتو میراوە" ئاگرو ئاسنی بەسەردا دەباریو نوقمی گڕوو دووکەڵ بوو. لە هەموو لایەک گرمەی تۆپو قریشکەی بیکەسیو هاژەی کاتیوشاو لورەی خۆمپارە دەنگی دەدایەوەو شاخو پێدەشتی دەدڕیو بەرەو سەنگەری ڕۆڵەکانی دێموکڕات دەچوو، بەڵام هێزی پێشمەرگە قەت لە ئاورو ئاسنی دوژمن نەترساوەو هەر بەرەو سەنگەری دوژمن پێشڕەویان دەکرد.

سەرئەنجام پاش سێ ڕۆژ شەڕی دەستەو یەخەو سەنگەر بەسەنگەر، سێ ڕۆژ حەماسە خوڵقاندنو قارەمانەتیی نواندن، سێ ڕۆژ بەربەرەکانی کردن بە فەرماندەری سەروان ئێقباڵ کەریم نژاد گەمارۆی دوژمن تێک شکێندرا، لە دوا کاتەکانی شەڕدا بەداخەوە سینگی پڕ لە شەهامەتو غیرەتی فەرماندەری لێوەشاوەی حیزبەکەمان سەروان ئێقباڵی کەریمنەژاد لەگەڵ ١٥ هاوسەنگەری دیکەی بەناوەکانی، موزەفەری تابیعی جێگری فەرماندەری هێز، شوکڕوڵڵای وەیسی فەرماندەری لک، زاهید عەلامی فەرماندەری لک، حەبیبوڵڵای وەیسی فەرماندەری دەستە، عەباسی شەریعەتی ئەندامی کومیتە ناوچە، توفیق ئەسەدنژاد جێگری لک، عەبدوڵڵای ڕەزایی فەرماندەری دەستە، ئەمیری محەممەدی، ناسر ڕۆستەمی، محەممەدی زیبایی، یەدوڵڵای هادی، ئەمیری ئەنساری، هاشمی سەلاحیان، حەمید یەحیەویو عەلی حەبیب نژاد کەوتنە بەر گوللەی دوژمنی کۆنە پەرەستیو تێکەڵ بە کاروانی بە خوێنی سووری شەهیدان بوون.

خەڵکی ناوچەی سنە بە بیستنی شەهید بوونی فەرماندەری هێزی شەریفزادە لە گەڵ ١٥ هاوسەنگەری دیکەی بە داخبوونو هەرلەم کاتەشدا ڕۆڵەکانی دێموکڕات بە شەهید بوونی فەرماندەرەکەیان نەک ورەیان بەر نەدا بەڵکوو چەندین عەمەلیاتی سەرکەوتوانەیان بە یادی ئەوان بەڕێوە برد. سڵاو لە شەهیدانی ٢٩ی گلاوێژ سالی ١٣٦٢ سەروان ئیقبالی کەریم نژادو پازدە هاوسەنگەری.




## شاڕوخ مرادی

هەر کۆمەڵگایەیک کە زوڵمو زۆری لێ بێو جیاوازیو ناعەداڵەتی کۆمەڵایەتی هەبێ رۆڵەکانی لە رووی ناچارییەوە زۆر ئازایانە بەرەنگاری داگیرکەران دەبنەوەو بە خوێنی خۆیان حەقانییەتی گەلەکەیان دەسەلمێننو ئازایانە لە دوژمن رادەپەڕن. گەلی کورد قارەمانی زۆری لە رێی سەربەستی نەتەوەکەی بەخت کردوە، بە دەیانو سەدانو هەزاران تێکۆشەری نێو ریزی هێزە سیاسییەکانو بە دەیانو هەزاران شەهیدی بێدیفاعی کردۆتە خوێنبایی ئازادیی کوردو رزگاریی کوردستان. نە لە کەس شاراوەیەو نە بەشاراوەیی دەمێنێتەوە کە بەشی هەرە زۆری ئەو قوربانییانە بەتایبەتی ئەوانەی کادرو پێشمەرگەو فەرماندەری خەباتی چەکدارانە بوون سەر بە حیزبی دێموکڕات بوون. ئەمە لەگەڵ هەموو ناخۆشیو ئێشوئازارەکانی جیگەی فەخرو شانازییەکی گەورەیەو تێکۆشەرانی دێموکڕات هەقیانە پێی بنازنو پێی سەربەرز بن. بەتایبەتی ئەگەر لە بیرمان نەچێو لەبەر چاو بێ کە میراتگرانی ئەو شەهیدە سەربەرزانە هەروا رێبواری رێگاکەیانو هەروا ئامادەن بۆ ئەوەی هەرکات پێویست بێ گیان بەخت بکەنو رێبازی سەرکەوتن تەخت بکەن.

ئەمجارە بەرەو مەڵبەندی خەباتو خوێن مەڵبەندی خۆڕاگریو قارەمانەتی رۆڵەکانی دێموکڕات لە خوارووی کوردستاندا شۆڕ دەبینەوە، لەنێو کۆشکی خوێنینی فەرماندەراندا یادی هەڵۆیەکی چیاکانی زاگرۆس دەکەینەوە. فەرماندەیەک کە ١٣ ساڵ لە تەمەنی زێڕینو لاوەتی خۆی ماندوویی‌نەناسانە لە خزمەت بە ئامانجە بەرزەکانی نەتەوەکەی دابێو لەو پێناوەدا لە هیچ هەوڵو گیان فیداییەک تەنەخی نەکردبێو سەرەنجام هەر لەم پێناوەشدا گیانی خۆی بەخت کردبێ.

شاڕوخ مرادی سالی ١٣٣٧ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی نیشتمان پەروەری شاری سنەی خۆڕاگر چاوی بە دنیای روون هەڵێنا. شاڕوخ هێشتا دەورووبەری خۆی نەناسیبوو کە لە تەمەنێکی کەمدا باوکی خۆشەویستی لەدەست داو هەر بۆیە لە تەمەنی منداڵییەوە لەشی شلکی بەر کارو کوێرەوەریدا تا بتوانێ ژیانێکی نەمر نەژی تێپەڕ بکەن. ئەو ماندوبوونەو تاڵی ژیان وای کرد کە لەتەمەنی لاوییەوە هەست بەوە بکا چەوساوان دەبێ لەچنگ ناعەداڵەتییەکانی کۆمەڵ رزگاریان بێ.

لەشۆڕشی ساڵی١٣٥٧ بەشداری چالاکانە دەکاو پاشان توانی هەناسەیەکی راحەت بەدڵی خۆی هەڵکێشێ. شاروخی مرادی دوا بەدوای ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو هێرشی هێزی سەرکوتکەری رێژیمی تازە بە دەسەلات گەیشتوو بۆ سەر کوردستانو هێرشی نەوروزی خوێناوی بۆ شاری سنەی قارەمان نەیتوانی لەئاست ئەو هێرشەدا بێدەنگ بێو رێبازی پڕ لەشانازیی حیزبی دێموکراتی هەڵبژاردو ساڵی١٣٥٩ی هەتاوی لەریزی پێشمەرگەکانی هێزی شەهید شەریفزادەدا سازمان درا.

شاروخ چەکی شەرەفی لەشان کردو رێگای شۆڕشگێڕانی گرتەپێشو بڕیاریدا لەگەڵ خەڵکی کوردستانو حیزبەکەی تێبکۆشێ. هەر بەو بۆچوونو بیروباوەڕە پیرۆزەوە هاتە نێو ریزی پێشمەرکەکانی حیزبی دێموکڕاتو قۆڵی خەباتی، بۆ خەبات دژی کۆنەپەرەستانو هەموو ئەو کەسانەی کە دژی ئازادی نەتەوەی کوردن، هەڵماڵیو لە مەیدانی کردەوەدا نیشانیدا کە کوڕێکی دڵسۆزو پێشمەرگەیەکی راستەقینەو خەباتگێڕێکی وەفاداری ئامانجەکانی نەتەوەی کوردە. هەربۆیە لەماوەیەکی کورتدا بوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانیو خەڵکی ناوچە.

شاڕوخ مرادی کوڕێکی هێدیو لەسەرەخۆو بە نەزمو بەدیسیپلینو لەگەڵ ئەوەش دا ئازاو نەترسو بێباک بوو، هەر بۆیە هەموو هاوسەنگەرانی رێزیان لێ دەگرتو خۆشیان دەویست. ناوبراو دڵگەرمیەکی لەڕادە بەدەری بە ژیانی پێشمەرگایەتی هەبوو. هەموو ئەو تایبەتمەندییانەو ئازایەتی شاڕوخ لە چەندین شەڕی ناوچەی سنەو چالاکیو هەڵسوڕی ئەو لە خەبات دژی دوژمنانی ئازادیدا، وەک قەڵایەکی پۆڵاین لەبەرامبەر دژیگەلییەکاندا ئەوی کردە خۆشەویستی هەموو هاوسەنگەرانی وخەڵکی ناوچەی سنە.

لەساڵی ١٣٦٢ لە سەر داوای حیزب بۆ خزمەت کردن روو لە ناوچەی دیواندەرە دەکاو لەوێ وەک سەرپەل دیاری دەکرێ، شاڕوخی خۆڕاگرو چاونەترس شانی بەر ئەو مەسئولییەتە داو زۆر ئازایانەو دڵگەرمتر لە پێشوو ئەرکەکانی حیزبی جێبەجێ دەکردو لەو ماوەیەدا توانا نیزامییەکانی شاڕوخ بۆ کومیتەی شارستانو هێزی شەهیدانی دیواندەرە روون دەبێتەوە. بۆیە لە ساڵی ١٣٦٣ وەک فەرماندەری لک دیاری دەکرێو دوای سازماندەهی نوێی حیزب لە سالی ١٣٦٥ ئەو لە هێزی دووی رێبەندان وەک فەرماندەری لک دیاری دەکرێو پاشان لەساڵی ١٣٦٦ وەک فەرماندەری هێز دەستی بە کار کردو سەرئەنجام لەساڵی ١٣٧٠ وەک فەرماندەری هێزی زاگرۆس دیاری کرا.

شاڕوخ مرادی لە کەمترین ماوەدا نیشانیدا کە توانای ئەو مەسئوولییەتەی هەیەو فەرماندەرێکی باش‌و خاوەن تەرح‌و گەلاڵەی سەرکەوتووانەیە. شەڕەکانی ناوچەی سەقزو دیواندەرەو سنە شاهیدی بۆ ئازایەتی ناوبراو دەدەن. لە کاتی تەنگانەدا بوێرانە بریاری دەدا، شەڕەکانی شاخەڕەشی جەوشەن، دەرەزیارەت، کاکە سیا، مازوار، دەرەقوڵە، وەنەوشە، جادەی سەقز بانە، سەقز سنە، شیرین سوارو کوڕە مریەم، نموونەیەکی چووکەن لە فەرماندەهی ئەو هەڵۆ چاو نەترسەی دێموکڕات کە بە فەرماندەری ئەو بەڕێوە دەچوون.

شاڕوخ مرادی لە مەکتەبی حیزبی دێموکڕاتدا فێری خوێندن‌و نووسین بوو بۆیە هیچکات لە فێربوون رانەوەستا لەو بوارەشدا توانی خۆی پێ بگەیەنێ. ئینسانێکی بە حەوسەلەو قسەخۆش بوو، توانیبووی جێگای تایبەتی لە نێو دڵی هەموو پێشمەرگەکاندا بکاتەوە. لە ڕاستیدا ئەو هەم کادرو هەمیش فەرماندەرێکی دڵسۆزو هەڵسووڕو چالاک بوو.

هێزە دڵڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کە هیچ کات لە بەرەنگاری‌و ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ شاڕوخدا نەیانتوانی بە ئامانج بگەن، بۆیە لە پیلانێکی دژی مرۆڤانەدا، لە رۆژی ٢١ی خەزەڵوەر ساڵی ١٣٧٢ لە کاتێکدا کە لە شاری دەربەندیخان بەرەو بنکەکانیان بۆ ناوتاق لە گەڵ چەند هاوڕێی دیکەی دەگەڕایەوە بە ماشێنەوە کەوتنە سەر مین‌و بەداخەوە شاڕوخ مرادی لەگەڵ ٤ هاوسەنگەری دیکەی بەناوەکانی ئەنوەر ئیبراهیمی، سەلاح مرادیان، رەشید رۆستەمی‌و تاهیر مەنووچێهری شەهید بوون. بەمجۆرە شاڕوخ مرادی رەشەبای مەرگ نەمامی تەمەنی بەلا داخست‌و گوڵی هیواو ئاواتەکانی پەڕپەڕ بوو..

چاوت لێمە، چاردەخۆرێکم بە نێو قەدەوەیە، ئاغابانوویەک لەسەر، هۆی خەڵکی سنە!، ساراڵ‌و ژاوەرۆ؟، چەمشارو لەیلاخ؟، حوسێناوە؟ شاروخ‌مرادی هەلۆی هەرمانە، سنەیی، شارو دێت، قەلبی خەباتو خوێنە، کوا لە ئەژمار دێ فیداکارانت، لکێک پێشمەرگە، بەرەوە ساراڵ دێن، خەلیلە سوور سەرگوڵیانە، دەستەیەک پێشمەرگە، لەژاوەرۆی سوورەوە، لەنێو منبەرییەوە، سەردەکەون، حەسەن منبری پێشرەویانە، پۆلێک هەڵۆی بەرزەفڕ لە چەمشارەوە بەرەوە سنە شۆڕ بوونەوە، سەید مەنسوور رێبەریانە.

کوا ئیقباڵی کەریمنژادو عوسمانی دادخا؟ قارەمانێکی زامدار میوانتانە! سەرچۆپی پێیە، لە چۆمی سیروان‌و دەربەندیخانەوە هاتوە،

شە پۆلێک لەخوێنی پێشمەرگە، هەرلە هەوەتوو،تا سەرتوون، لەشاخەڕەشی جەوشەنەوە، دەشتی شارەزووری پێواوە، زارۆکی ئێوە، دەردو ئێشی ئەو دەڤەرە، بە کۆڵ چلچەمەی دادەدەن، با لە نیشتمان بینێژن زاگرۆسی لێ دیارە.

---




## موزەفەر تابعی

نایەکسانیو نادادوەری کە بە درێژایی مێژوو بەسەر تاکی کورد داسەپاوە، تاکی کورد بە خوێنو ئێسکەوە هەستی بەو بێ مافیە کردووەو هەوڵ دەدا تا مافەکانی دەستە بەر بکا، هەربۆیەش بەدرێژایی چەندین سەدە لە هیچ بستێکی ئەو کوردستانە مەزنە نەبووە ئاوری شۆڕشو مافخوازی ئەو گەلە زوڵم لێکراوە بکوژێتەوە.

کاتێک گەلێک هەستی شۆڕشگێڕانەی بەرەو راپەڕین دەرواو دەیهەوێ لە دیلی رزگاری بێ قوربانییەکانی بە خوێن بایی سەرکەوتن دادەنێو تارای سووری بە مراد نەگیشتووی گەنجانو لاوان بە پێی سونەتی کۆنو لەمێژینە، وەکوو ئاڵای سووری خوێناوی شۆڕش بە سەر گۆڕی شەهیداندا دەکێشی بەرەو پێشەوە دەڕوا.

موزەفەر تابعی لە گوندە خنجیلانەکەی "لۆن "لە ناوچەی بێڵەوار لە دایک بووە، وەک زۆربەی منداڵانی کورد هەر لەمنداڵییەوە لەگەڵ ئازارو مەینەتیو ئاواتەکانی نیشتمانەکەی ئاشنا بووەو تا گەورەتر بووەو توانایی بیر کردنەوەی زیاتر بووە زیاتر لە راستییەکانی وڵاتەکەی گەیشتووە. ئەو دوای ئەوەی دەچێتە قوتابخانە، زۆر ئازایانە قۆناغەکانی خوێندن دەبڕێو تا وەرگرتنی پلەی دیپلۆم درێژەی بە خوێندن داوە. لە گەڵ دەست پێکردنی شۆڕشی مەزنی گەلانی ئێران لەدژی رژیمی پاشایەتی، ئەویش کە لاوێکی تازە پێگەیشتوو لەسەر هەستو وریا بوو، پێی نایە گۆڕەپانی کاری سیاسییەوە. لەگەڵ دەست پێکرانی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکڕاتو هێرشی نیزامیی کۆماری ئیسلامی بەدەسەڵات گەیشتووەکان، موزەفەر تابعی هەر زوو تێگەیشتو پێویستە بۆ بەرەنگار بوونەوەی کۆنە پەرەستیو بەرگری لە دەسکەوتو بەرژەوەندییەکانی کوردستان چەک هەڵگرێو روو بکاتە بەرەکانی شەڕی رژیمی ئیسلامی، بۆیە دەستی دایە چەکو لباسی پڕلە شانازی پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی لەبەر کرد. رۆڵەی کوردی زەحمەتکێشو یاری بە وەفای هەژارانی ناوچەکانی سنە

بە یەک دنیا ئاواتو ئارەزوو چەکی دەست دایەو بە گڕ داگیرکەراندا دەچووە. لە ماوەیەکی کورتدا لە نێو هاوسەنگەرانیدا جێگای خۆی کردەوە وەک قارەمانێکی بە ئەزموون چاوی لێ دەکرا. پێشمەرگەیەکی بە ئەخلاقو لە بەر دڵان بوو لە شەڕەکاندا هەمیشە رۆڵی بەر چاوی هەبوو، هەڵسووڕی، لە سەرەخۆیو بە نەزم بوونی، ئازا، بە ورەو خاوەنی گەلێک سیفەتی خەبات گێڕانە بوو. ئاکاری شۆڕشگێڕانە کردی بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانیو رێزیان لێ دەگرتو رێزی دەگرتن.

موزەفەر تابعی لە عەمەلیاتەکانی دژی دوژمن، لێوەشاوەیی خۆی نیشاندا قارەمانەتییەکەی لەشەوی نەورۆزی 59 شاری سنەدا وەک لاپەڕەیەکی زێڕین لە کارنامەی پێشمەرگەی دێموکڕاتدا جێی خۆی کردەوەو موزەفەری گەیاندە فەرماندەری لک. لەو مەسئولییەتەدا هەموو وزەو توانایی‌و پسپۆڕی خۆی بەکار هێنا. ئەو لەکاتی تەنگانەدا خۆی نەدەدۆڕاندو هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەدا پێشمەرگەی رێنوێنی دەکرد. موزەفەر بەوپەڕی بیروباوەڕو ئیمانەوە ئامادەی فیداکاری بوو. باش لە ئوسوولەکانی حیزبی گەیشتبوو، وەک فەرماندەیەکی نموونەو بەنەزم چاوی لێدەکرا. زۆر وەختناس بوو هەمیشە لەکاتی دیاری کراودا ئامادە بوو. لە چالاکیی پێشمەرگانەی خۆی لەگەڵ هاوڕێیانی لەنێو شاری سنە دەورووبەردا نیشانیدا کە لەم شەڕە هەر چوار دەوری هاوڕێ موزەفەر گیرا بوو بە تەواوی کەوتبووە گەمارۆی دوژمنەوە، بەڵام بێئەوەی کە ورە بەربداو لە بەرانبەر دوژمندا بەچۆک دابێ بە ئیمانێکی قایمو ورەیەکی بەرزەوە شەڕی دەکردو گەمارۆی پاسدارە دژی گەلییەکانی تێک شکاند. هەرچەند لەو شەڕەدا کەوتە بەر پڕیشکی نارنجۆکو بریندار بوو، بەڵام دیسان ورەی بەر نەداو بەڵکوو ئەوی زیاتر هاندا کە شەڕ بکاو دوژمن لە بەرانبەر ورەو ئازایەتی خۆیدا بەچۆک دابێنێ.

موزەفەر تابعی دڵسۆزیو فیداکاریو ئوسوولی بوونی، قارەمانەتیو لێهاتوویی بوە هۆی ئەوە وەک جێگری هێزی شەهید شەریفزادە دیاری بکرێو لەو ئەرکەشدا رووسور هاتە دەرو، تا کاتی شەهید بوونی ئەم مەسئوولییەتەی بەڕێوە برد. ئیمان وسەداقەتی نیشانیدا کە سوورە لە سەر رێبازەکەیو بڕیاری دابوو کە خەباتی بێوچان تا سەرکەوتن درێژە پێبدا. هەربۆیە بە فەرماندەهی ناوبراو چەندین عەمەلیاتی سەر جادەی سنە دیواندەرە ئازایانە بەشداری چالاکانەو فەرماندەهی کرد. بەڵام زۆر بەداخەوە شەهید موزەفەری تابعی ئەو دەرفەتەی بۆ نەرەخسا کە زیاتر خزمەت بە حیزبو گەلە بەشخوراوەکەی بکاو، وەک ئەستێرەیەکی پڕشەنگدار لە ئاسمانی خەباتی رەوای نەتەوەی کورد ئاوا بوو.


رۆژی ٢٧ تا ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٦٢ لەشکریان کۆماری ئیسلامی بە هێزێکی لە ئەژمار نەهاتوو بە پشتیوانی تانکو تۆپو خۆمپارەو کاتیوشادا، لە هەموو لایەکەوە بە مەبەستی تەفروو تونا کردنی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی سنە، پەلاماری دڕندانەی بۆ سەر ناوچەی" ڕمشتو میراوە" دەست پێکرد. دوژمن هەموو رێگاکانی لە پێشمەرگە گرتبوو هیچ رێگایەکی دەرباز بوونی بۆ نەهێشتبوونەوە. پێشمەرگەی دێموکڕات دوو رێگای لەبەر بوو،

یـا تەسلیم بـوون یـان مەرگی سـەربەرزانە، بۆیـە وەک هەمیشـە رێگـای دووهـەمیان هـەڵبژاردو بـەڵێنیاندا بـە شانازییەوە خۆیان فیدا بکەن بەڵام لەبەرامبەر دوژمندا سەر نەوی نەکەن. پاش ئەو بەڵێنییە، بڕیاریـاندا بـە مەبەسـتی شکاندنی گـەمارۆی دووژمن دەست بـەکار بـوون، کـوڕانی دێموکڕات، کە چەنـدین فەرمانـدەی قـارەمـان بەشداری ئەو شەڕە بوونو تەنانەت سەروان ئێقباڵ کەریمنژاد حزووری هەبوو، لە پێشەوەی هاوڕێیانیاندا دەست بە کار بوونو هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی دوژمنو چەندین کوژراویـان پـێ بەجێهێشتن. ناوچەی لـەیلاخی سنە، گۆڕەپانی حەماسەو هەڵمەتی دەستەیەک لە پێشمەرگە فیداکارەکانی هێزی شەریفزادە بوو کە جوامێرانەو ئازایانـە لەبەرانبـەر هێرشـی دڕندانـەی بـە کرێگیراوانـی کۆمـاری ئیسـلامیدا، سـەنگەری دیفـاع لـە بوونومـانی نەتەوەکەیان گرتو، تـا دوا فیشەکو دوا دڵۆپی خوێنو دوا هەناسـەی ژیانیـان، لەگـەڵ داگیرکـەرانی کوردسـتان شەڕیان کردو دەرسی کۆڵنەدانو بەچۆکدا نەهاتنیان بۆ هاوسەنگەرانیان بەجێهێشت، دەرسێک کە بۆ نەسلەکانی دوای خۆیان بیکەنە سەرمەشقی رێگای خەباتیان.

ناوچەی "ڕمشت ومیراوە" ئاگرو ئاسنی بەسەردا دەبـاریو نـوقمی گـڕوو دووکـەڵ بـوو. بـەڵام هێـزی پێشمەرگە قەت لە ئاورو ئاسنی دوژمن نەترساوەو هەر بەرەو سەنگەری دوژمن پێشڕەویان دەکرد.

سـەرئەنجام پـاش سـێ ڕۆژ شـەڕی دەسـتەو یەخـەو سـەنگەر بەسـەنگەر، سـێ ڕۆژ حەماسـە خوڵقانـدنو قارەمانەتیی نواندن، سێ ڕۆژ بەربەرەکانی کردن بە فەرمانـدەری مـوزەفەر تـابعی وسەروان ئێقبـاڵ کـەریم نـژاد گەمارۆی دوژمن تێک شکێندرا، لـەماوەی ٣ ڕۆژ شەڕدا بەداخەوە سینگی پڕ لەشەهامەت غیرەتـی فەرمانـدەری لێوەشـاوە، مـوزەفەر تـابعی لەگـەل ١٥ هاوسـەنگەری دیکـەی کە بەشێکیان فەرمانـدە بـوون بـەناوەکانی: سـەروان ئێقبـاڵ کەریمنـژاد فەرمانـدەری هێـز، شـوکرۆڵڵای وەیسـی فەرمانـدەری لـک، زاهیـد عـەلامی فەرمانـدەری لـک، حەبیبوڵڵای وەیسی فەرماندەری دەستە، عەباسی شەریعەتی ئەندامی کومیتـە نـاوچە، توفیق ئەسـەدنژاد جێگـری لـک، عەبـدوڵڵای ڕەزایـی فەرمانـدەری دەسـتە، ئـەمیری محەممـەدی پێشـمەرگە، ناسـر ڕۆسـتەمی پێشـمەرگە، محەممەدی زیبـایی پێشـمەرگە، یـەدوڵڵای هـادی پێشمەرگە، ئـەمیری ئەنسـاری پێشـمەرگە، هاشمی سـەلاحیان پێشمەرگە، پێشمەرگە، حەمید یەحیەوی پێشمەرگەو عەلی حەبیب نژاد پێشمەرگە کەوتنـە بـەر گوللـەی دوژمنـی کۆنە پەرەستی و تێکەڵ بە کاروانی بە خوێنی سووری شەهیدان بوون.

---




## ڕۆستەم قەوامی

شەهیدان ڕێی ڕوونکەرەوەی ڕێگای خەباتن. ئەوان ئەو تێکۆشەرە خەباتگێرانە بوون کە هەموو تواناو لێزانی خۆیان بۆ خزمەت بە گەلو ئاوو خاکیاندا خستبووە کارو دواتر هەر لەو ڕێگاو ڕێبازەشدا گیانیان فیدا کرد. کەواتە شەهیدان لە هەموومان مەزنترو بەخشەندەترن. بۆیە ئەرکی نیشتمانیو ئینسانیو حیزبیو ئەخلاقیمانە هەمیشە یادیان بکەینو ڕێزیان بگرینو داستانی خەباتو مردنی سەربەرزانەیان بکەینە توێشەبەرەی ڕێگای خەباتو تێپەڕینمان بە مەیدانی پڕ لەکەندو لەندی تێکۆشانی سیاسیو خەباتگێڕانەماندا. یادی قارەمانێک دەکەینەوە کە هەموو ژیانی بۆ گەلەکەی دا شەهید ڕۆستەم قەوامی ناسراو بە ڕۆستەمە سوور.

مانگی گلاوێژی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی، دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات بە مەبەستی بەڕێوە بردنی کاری حیزبی چوونە نێو شاری سنە، پێشمەرگەکان بە شێوەی نهێنی خەریکی کاری حیزبیو ئەرکە دیاری کراوەکانیان بوون. شەوی ٢٥ی گلاوێژ لە ئاکامی خەیانەتی خۆفرۆشێکدا دوو کەس لە هاوڕێیان بە ناوەکانی ڕۆستەم قەوامی ناسراو بە ڕۆستەمە سوورو سەید فازڵ ئیبراهیمی لە نێو شاردا کەوتنە داوی هێزی ڕێژیمو بەدیل گیران. ئەو دوو تێکۆشەرەی حیزب ڕەوانەی چاڵە ڕەشەکانی ڕێژیمی ڕەشپەرستان کرانو خرانە ژێر توندترین ئەشکەنجەو ئازار. بەڵام ڕۆڵەکانی دێموکڕات کە لەمەکتەبی حیزبی دێموکراتدا پەروەردە کرابوون، ئازایانەو قارەمانانە دیفاعیان لەبیروباوەری خۆیانو ئامانجەکانی حیزبو داخوازەکانی گەل کردو دوژمن نەیتوانی بەسەر ورەو کێوی ئیمانو بڕوایاندا سەرکەوێ. ئەو دوو قارەمانە زیندانیان کردە مەیدانێکی دیکەی خەباتو تێکۆشانو، بوون بە سەمبولی مقاوەمەتو خوڕاگری. پاش دووساڵو نیو دوژمنانی ئازادی کە زانیان ناتوانن لێوی ئەمینداری ئەوان بەزیانی خەڵکو حیزب هەڵپچڕنو شکەنجەو ئازار کار لە بیرو باوەڕیان ناکا،

جەلادانی کۆنەپەرستی سەرشۆڕانەو زەبوونانە ڕۆژی ١٥ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٧ ئەو دوو تێکۆشەرەی دێموکڕات، ڕۆستەم قەوامیو سەید فازڵی ئیبراهیمییان ئێعدام کرد.

ڕۆستەم قەوامی ناسراو بە ڕۆستەمە سوور لە ساڵی١٣٤١ی هەتاوی لە داوێنی بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە شاری سنە لەدایک بووە. چوار ساڵانە بوو کە دایکی خۆشەویستی بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کردو ئەوی لە نێو دنیایەک خەمو پەژارەو هەناسە ساردیدا بەجێهێشت. بەمجۆرە هەر لەمنداڵییەوە لە گەڵ هەناسە ساردیو مەینەت بەشی گیرۆدە بوو. هەژاریو دەسکورتی بوون بە هۆی ئەوە کە ڕۆستەم لەشارێکی وەک سنە نەتوانێ بچێتە قوتابخانە، ئەویش وەک سەدان لاوی دیکەی ئەم کوردستانە ببوو بە قوربانی ستەمو نابەرامبەری کۆمەڵایەتیو چەوساندنەوەی نەتەوایەتی.

ڕۆستەم لە ٨ ساڵیدا شانی دایە بەر کار کردنو ئارەقە ڕشتنو بە شاگرد قاوەچی ژیانی شەڕافەتمەندانەی خۆی هەڵ دەسووڕاندو یارمەتی بنەماڵەکەشی دەکرد، دواتر بۆ کار کردن ڕووی لەشاری تاران کرد، زۆری نەکێشا کە گەڕایەوە شاری سنە. ئەو ژیانە دنیایەک ڕقو قینی شۆڕشگێڕانەی لە نێو دڵی ڕۆستەمدا کۆ کرد بۆوە. ڕقی لە هەموو ئەو وەزعە نا لەبارانە بوو کە بەسەر کۆمەڵگاو ژیانی خەڵکدا دەسەڵاتداریان دەکرد. بۆیە کاتێک ڕاپەڕینی پڕشکۆی گەلانی ئێران بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی دەستی پێکرد، ڕۆستەمیش شانبەشانی خەڵک بەشداری ئەو ڕاپەڕینەی کرد.

ڕۆستەم قەوامی پاش سەرکەوتنی شۆڕش ئاگاهانە ڕێبازی حیزبی دێموکڕاتی هەڵبژاردو سەرئەنجام ئەو لاوە قارەمانە شاری سنە لە نەورۆژی ساڵی ١٣٥٩ بوو بە پێشمەرگەو، پێشمەرگانە ژیاو پێشمەرگانە خەباتی کردو پێشمەرگانەش سەری داناو تەواوی تەمەنی خۆی بۆ خزمەت بە ئامانجەکانی گەلی کورد تەرخان کرد. ناوبراو بڕواو ئیمانی قووڵی بە ئازادی نەتەوەکەی بوو. وشیارانە بەرنامەو ڕێبازی حیزبی دێموکڕاتی هەڵبژاردو خەباتی بۆ دەکرد، بەتەواوی هەستی بە ژێر چەپۆکیو بێبەشی گەلەکەی کردبوو، بۆیە ئازایانە بۆ ئازادیو بەختەوەری گەلەکەی تێدەکۆشا، ئەو بۆ بردنە پێش سیاسەتەکانی حیزب توانایی زۆری هەبوو. خەڵک زۆریان خۆش دەویستو ڕێزیان دەگرت.

سەبارەت بەلێوەشاوەییو لێهاتوویی زۆر زوو وەک فارەماندری پەلێک لە پێشمەرگەکانی هێزی شەریفزادە دیاری کرا. لە عەمەلیاتە گەورەکانی ناوچەکانی ژاوەرۆ، چەمشار، لەیلاخ، ساڕاڵی دیوەاندەرەو حوسێناوەدا بەشداری چالاکانەی هەبوو، ئازاو بەهیمەتو جوامێر بوو. لە پێناو بەڕێوە بردنی ئەرکەکانیدا لەهیچ فیداکاریەک دریغی نەدەکرد، بە دژی دوژمنانو ناحەزانی حیزب ڕادەوەستا، چونکە چاک دەیزانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئیرادەی گەلو خەباتی ڕەوای خەڵکی کوردستانە.

ڕۆستەمە سوور لە مەیدانی کاری نیزامیی‌و جم‌وجۆڵ‌و عەمەلیاتی پارتیزانی‌دا گەڵاڵە دارێژێکی بە توانا بوو. گوێڕایەڵی سیاسەت‌و بڕیارەکانی حیزب‌و بەنەزم‌و دیسیپلین بوو. لەشەڕەکان‌دا فەرماندەرێکی ئازاو کارامەو لەجەولەو کاروبارەکانی دیکەی ژیانی ئاسایی پێشمەرگانەدا وەرەو هیواو هۆمێدی بە هاوسەنگەرانی دەداو جێگای متمانەیان بوو. ئەو تایبەتمەندییانە ڕۆستەمیان وەک سیمایەکی بەووەج لە ریزەکانی هێزی شەریفزادەدا ناساند، بۆیەش دواتر لە لایەن تەشکیلاتی حیزبەوە وەک فەرماندەری لک ئەرکی پێ سپێردراو تاکاتی شەهید بوونی ئەو ئەرکەی بە رووسووری‌یەوە بەڕێوە برد. هەروەک لە پێشدا باس کرا لەکاتی بەڕێوە بردنی ئەرکە حیزبی‌یەکانی‌دا لەنێو شاری سنەدا گیراو پاش ئەشکنجەو ئازارێکی زۆر لە نێوەڕاستی مانگی خەرمانانی ١٣٦٧ی هەتاوی لە گەڵ هاورێیەکی بە ناوی سەید فازڵ ئیبراهیمی لە سێدارە دراو بە بەخشینی گیانی خۆی، بە دوژمنی سەلماند کە خەبات بۆ ئازادی‌و رزگاری لە سێدارە بڵیندترو بەرزترن.

---




زاهید عەلامی

ڕۆژێک دێ لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتی ئازاد، بە کوێرایی چاوی دوژمنانی نەتەوەکەمان، هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە هەموو چین‌و توێژەکانی‌یەوە بە شارو لادێوە گەورەو چکۆڵە، گشت تامەزرۆیانی ڕێگای ئازادی، پۆڵ‌پۆل دەست بدەنە دەستی پێشمەرگەکان‌و وێڕای بنەماڵەی بەرێزی شەهیدەکان روو بکەنە سەر گڵکۆی بە تاراو گوڵاڵەسوورە نەخشاوی شەهیدان، کڕنوشیان بۆ بەرن‌و بە دەنگی دڵیرانەو پڕ لەخۆشی‌و شادی بۆ سەرکەوتنی نەتەوەو، وەدی‌هێنانی ئامانجی ئەو شەهیدە هەمیشە زیندوانە هاوار بکەین و یەکدەنگ بڵێین:

ئەی شەهیدان، ئەی شەهیدان نامرن ناوو نیشانتان
ئێوە بوونە رەهبەری مە بوونە پشتو سەنگەری مە

پاشان بنەماڵەی شەهیدان بە شانازییەوە لە کاتێکدا دڵۆپدڵۆپ فرمێسکی چاویان دەرژێتە سەر ئەو گڵکۆیەی کە خۆشەویستی ئەوانو خەڵکی کوردستان بە ئارامی چووە لەخەوێکی ئەبەدییەوە دڵنەوایی خەڵکو هاوسەنگەرە شەهیدەکانیان بدەنەوە.

تا شەهید خوێنی نەرێژێ تاکوو گەڵ تاڵی نەچێژێ
داری ئازادی شین نابێ باغی ژینمان رەنگین نابی

سەرئەنجام رۆژێکی وا لە گەلی کورد لەرۆژهەلاتی کوردستان دادێ، رۆژێک دادێ نەتەوەکەمان بووکی ئازادی لە باوەش بگرێو بانگی ئازادی لێ بداو هاواری رزگاریو سەربەستی بە گوێی گەلانی دنیا بگەیەنێ، لەم بوارەشدا رۆڵە شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد، تێکۆشەرانی ریگای ئازادی بۆ گەیشتن بە لووتکەی سەرکەوتنو سەربەرزی لەهیچ فیداکارییەکو تێکۆشانێک دریغیان نەکردوە گیانی خۆشیان لەو رێبازەدا بەخت کردوە، یەکێک لەو قارەمانانە کە بۆ گەڵ خەباتی کردو لە پێناو ئەویشدا گیانی بەخت کرد شەهید زاهید عەلامی لە ناوچەی سنەیە.

زاهید عەلامی لەساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی ئایینی لە گەرەکی چوارباغی سنە لەدایک بووە لە نێو چوارچێوەی پڕلە خۆشەویستیو دڵپاکی بنەماڵەکەیدا گەورە بوو، هەر لە منداڵییەوە وریاو ژیکەڵەو لەسەردڵان بوو لە تەمەنی ٦ساڵی پێی نایە قوتابخانەو باوکیشی لە پێگەیاندنو تێگەیاندنی کوڕەکەیدا نەقشێکی گرینگی هەبوو، بۆ ئەوەی زاهید لە داهاتوودا بۆ خۆیو کۆمەڵگاکەی کەسایەتێکی بەکەڵک بێ. هەر بۆیەش لەخوێندندا قوتابییەکی زیرەکو وریاو خۆشەویستی هاوپۆلەکانی بوو، بە هۆی هەلومەرجی ژیانی ئەوکات توانی تا ٣ی ناوەندی دەرس بخوێنێ. پاشان رووی لە کار کردو، بوو بە کارمەندی ئیدارەی لەشساغی و بۆ ماوەیەک لەشارەکانی سنەو مەریوان کاری کرد.

کاتێک گەلانی ئێران لە ریزی یەکگرتوودا لەدژی رێژیمی پاشایەتی راپەڕینو نیشانیاندا کە هیچ شتێک کار ناکاتە سەر داخوازە شۆڕشگێرانەکەیان. زاهیدیش لێبڕاوانە لە ریزی خۆپێشاندەراندا ڕقی شۆڕشگێڕانەی بە رێژیمی پاشایەتی برێژێ. نەورۆزی خوێناوی ساڵی ١٣٥٨ی سنە، کە زەنگێکی پڕلە مەترسی بۆ گەلی کورد بوو، لەوڕا بە هۆی پیلانی رێژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامیی تازە بەدەسەلات گەیشتوو، بە سەدان کەس لەخەڵکی بێدیفاعی شاری سنە شەهید بوون، ئەوە کاری کردە سەر هەستی ناسکی شۆڕشگێڕانەی زاهید عەلامیو بریاری دا ببێتە پێشمەرگەو گیانی خۆی لەپێناو پاراستنی گەلەکەیدا فیدا بکا. بۆیە لەساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی دەستی دایە چەکو چووە ریزی کۆمەڵەوەو بەلام پاش ساڵێک ئەو رێکخراوەی بە جێهێشت.

لەساڵی ١٣٥٩ بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیو چەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەشاری بۆکان لە شان کردو شەرەفی ئەمدامەتی وەرگرت. ماوەی یەکساڵ لە شاری بۆکان خزمەتی پێشمەرگایەتی خۆی کرد پاش ساڵێک خزمەت لە هێزی بەیان، لەساڵی ١٣٦٠ نەقڵی وەرگرتو گەڕایەوە ناوەندی ئاژوان. زاهید پاش ماوەیەک لە لایەن فەرماندەری هێزی شەهید شەریفزادە، سەروان ئێقباڵ کەریم نەژاد بە بەرپرسی نیزامیی ناوەندی ئاژوان دیاری کرا.

پاش ئەوەی رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی پەلاماری درەندانەی بۆ سەر ناوچەی ژاوەرۆ دەست پێکردو ئەو ناوچەیە لە لایەن رێژیمەوە داگیر کرا، زاهید لەلایەن کۆمیتە شارستانی سنەو هێزی شەریفزادەوە بە فەرماندەری لکی یەک دیاری کرا. زاهید عەلامی رۆڵەی بە بیروباوەری گەلەکەمان بە هۆی فەرماندەری رێکوپێکی لەسازماندانی پێشمەرگە لەشەڕداو، بەشداری لێبڕاوانەی خۆی لە بەربەرەکانی دژی هێزەکانی رێژیمدا ببووە خۆشەویستی هاوسەنگەرانیو قارەمانەتی ئەو تێکۆشەرە وێردی زمانی خەڵکو هاوسەنگەرانی بوو.

شەڕی بە تەنیاییو شۆڕشگێڕانەی ئەو رۆڵە قارەمانە، لەگەڵ هێلیکۆپتێری دوژمن لەسەر تیرە شاخی" کوچک کوڕی" ناوچەی ژاوەرۆ کە زاهید بە ئازایەتیو هەڵمەتی کەم وێنەی، پێشگیری لە هاتنەخوارێی ئەو هێلیکۆپتێرانەی کرد بۆ هەتاهەتایە وەک یادگارێکی پیرۆز لە قارەمانەتیو نەبەزی ئەو رۆڵە ئازاو قارەمانە لە نێو دڵی خەڵکدا ماوەتەوە. زاهید عەلامی وەک مامۆستایەکی شارەزای نیزامیی دایم پێشمەرگەکانی رێنوێنی دەکرد، فێری فەنی شەڕو رێگای بەربەرەکانی لەگەڵ دووژمن دەکردن وەک فەرماندەرێکی لێزان، کارامەو بە ئەزموون، ئەوەی دەیزانی بە سەخاوەتەوە فێری پێشمەرگەکانی دەکرد، بۆیە لە بەر خۆشەویستی هاوسەنگەرانی پێیان دەگوت "پدر زاهید". پدر زاهید هەموو حەوڵو تەقەلای ئەوە بوو چاوەڕوانی هاوسەنگەرانی جێبەجێ بکاو زانیاری خۆی بەرێتە سەرێ بۆ ئەوەی زیاتر خزمەتی حیزبەکەیو گەلەکەی بکا، زۆر جار رووی لە هاوسەنگەرانی دەکرد بە زمانی ساکارانەو پڕ لە خۆشەویستی پێی دەگوتن.

" ئێمە کوڕی ئەو خەڵکەین بۆخۆمان رێگای بەربەرەکانیمان هەڵبژاردوە، هاتووین بۆ پێشمەرگایەتی، نابێ منەت لەسەر خەڵک بکەین، نابێ زەحمەتی ئەوان بە فیڕۆ بدەین رەفتارمان دەبێ پاکو سادقانەو لە خزمات ئاواتی خەڵکەکەمان دابێ، دەبێ شەرەفو ئابڕووی خەڵک لە دەست درێژی داگیرکەران بپارێزرێو نەیەڵین دوژمن بحەسێتەوە، هەر جارێ لە شوێنێک بە شێوەی پارتیزانی دەستی لێ بوەشێنینو سەرکەوتنمان لەو شێوە رەفتارە دایە".

زاهیدی شۆڕشگێر بە کردەوەش بۆ ئەم بیروباوەڕە پیرۆزە هەنگاوی هەڵدەگرت، بە گەڵاڵەی رێکوپێکی نیزامیی دوژمنی دەتەزاند، لەشەڕەکانی ساڵەکانی ١٣٦١ و ٦٢ لە ناوچەکانی چەمشار، حوسێناوە، ساراڵ، کەرێزە، هەروەها شەڕەکانی سلواتئاوای رێگای سنە- هەمەدان، رێگای مارنج- مووژەژو، چەند عەمەلیاتی نێو

شاری سنە، شەڕەکانی تەجەرە، میراوە، نەران، باینچوو، ساڕاڵ فەرماندەری ڕێکوپێکی، شۆڕشگێڕانەو بە نەزمی ڕۆڵەی تێکۆشەری حیزبەکەمان زاهید عەلامی زۆر بەرچاو بوو. بەراستی قەڵەم توانای نووسینی ئازایەتی شۆڕشگێڕی، لێزانیو دڵسۆزیو بیروباوەڕی قایمی ئەو شۆڕەسوارەی دێموکراتی نیە. هەرچی بڵێینو بنووسن هەر کەمەو ناتوانێ ئەم قارەمانە نەمرە بەوجۆرەی کە هەبوو بە خەڵکو خەباتگێڕانی بناسێنین.

پدر زاهید لە بەڕێوەبردنی بڕیارەکانی حیزبیدا سەرلەریّو پێشمەرگەیەکی زۆر شێلگیرو لێبڕاو بەنەزم بوو، لە گەڵ هەموو هاوڕێیانی لەسەرەخۆ بوو بەدڵ خۆشی دەویستنو دۆستانەو حیزبیانە رەفتاری لەگەڵ دەکردن، بەوپەڕی وجوودییەوە وەک پێشمەرگەو فەرماندەیەکی مونەزەم بڕیاراتی فەرماندەری سەرەوەی بەڕێوە دەبرد.

مانگی گلاوێژی ساڵی ١٣٦٢ شەهید ئیقباڵ کەریم نەژاد فەرماندەری هێزی ئەوکاتی شەریفزادە پەیامی بۆ پدەر زاهید کە فەرماندری لک بوو لەگەڵ پێشمەرگەکانی ژێر فەرماندری بۆ لای هێز کە لە ناوچەی لەیلاخ بوون بگەڕێنەوە. پدەر زاهید بێ سێودوو لێکردن وەڕێ کەوت، لە ڕێگا چەندین کەمینیان بۆ دوژمن دانایەوەو زەبری زۆر گاریگەریان لەدوژمن وەشاندو چەندین ماشینیان لێئاور تێبەردا. لەو زنجیرە عەمەلیاتانە دوژمن بەتەواو تاسابوو وەک ورچی برینندار بەدوای پێشمەرگەکاندا دەگەڕا. بۆیە لەچەند لاوە دوژمن هێرشی کردە پێشمەرگەکانی لکی یەکی شەهید شەریفزادەو لکەکانی دیکە کە ماوەیەکی کەم لێک دوور بوون. زاهید عەلامی، پدەر زاهیدی قارەمانەکانی هێزی شەریفزادە هەر وەک عادەتی بوو بە گەڵاڵەی ڕێکوپێکی نیزامییو وەرەی بەرزییەوە پەلاماری دەبردە سەر دژی گەلییەکانو چەندین جار هێرشی دوژمنیان تێک شکاند. دوژمن رۆژی ٢٧ی گلاوێژ سەر لە نوێ هێرشی بۆ پێشمەرگەکان هێنایەوە، پدەر زاهیدو هاوسەنگەرانی لە ئاوایی " سەرکارێز"ی ناوچەی بێڵەواری کامیاران لەگەڵ بەکرێگیراوانی ڕێژیم دەرگیر بوون. شەڕێکی تووند دەستی پێکرد بەفەرماندەری ئەو قارەمان زیاتر لە ٥٠ کەس لە هێزی دوژمن کوژرانو بریندار بوون، لەم شەڕە لەکاتێکدا پێشمەرگەکان لەچەند قۆڵەوە خەریکی تێکشکاندنی دواین پەلەقاژەی دوژمن بوون قەلبی پاکو بێخەوشی پڕلە هەستی شۆڕشگێڕانەی زاهیدی فەرماندە، بە گوللەی جنایەتکاران پێکراو خوێنی رژایە نێو سەنگەری شەڕەفو بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە کوردستانو حیزبەکەیو هاوسەنگەرانی کرد.

بەداخەوە زاهید نەگەیشتە لای مامۆستای شۆڕشگێڕی سەروان ئیقباڵی قارەمان، ئەویش قەت چاوی بە ئەو هاوسەنگەرانی لە لکی یەک نەکەوتەوە، چونکە دوو ڕۆژ دوای جوانەمەرگ بوونی زاهید، ئیقباڵی قارەمانیش لەگەڵ چەند هاوسەنگەری دیکەی لە شەڕێکی حماسیو شۆڕشگێڕانەدا کە ٣ رۆژی خایاند بەرەو کاروانی شەهیدانی سوورخەڵاتی گەل وەڕێ کەوتو کفنی سووری شەهیدانی پۆشی. لە دەستدانی شۆڕەسوارانی دێموکڕات تەمی خەمی خستە سەردڵی زەحمەتکێشانی ناوچەی سنەو هەموو ئەویندارانی ڕێگای ئازادی.

(بە داخەوە وێنەی دەست نەکەوت)




## ئەنوەر ئیبراهیمی

ناوچەی ژاوەرۆی سنە یەکێک لە مەترێزە گرینگەکانی خەباتی رزگاری خوازانەی نەتەوەی کوردە. خەڵکی خەباتگێری دێموکرات پەروەری ئەو ناوچەیە، هەمیشە بە دڵەوە لایەنگری حیزبەکەیان، حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون‌و باشترین‌و بە وەفاترین رۆڵەکانی خۆیان، رەوانەی ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردوە.

لە مێژووی دەیان ساڵەی خەباتو بەربەرەکانی گەلی کورد لەپێناوی ئازادی‌و دێموکراسی‌دا، کەم گوندو ئاوایی ئەو ناوچەیە دەبینرێ کە رۆڵەیەکی یا چەند قارەمانی پێشکەش بە نیشتمان نەکردبێ، تەنانەت کەم بنەماڵەی کوردستانی خۆشەویستو خۆڕاگر دەبینرێ کە جگەر گۆشەیەک، یا خۆشەویستێکی پێشکەش بە بارەگای ئازادی نەکردبێ، ئاوایی تەنگیسەر لە ناوچەی ژاوەرۆی سنە، یەکێک لەو گوندانەیە زیاتر لە٢٠ خەباتکارو رۆڵەی شۆڕشگێڕو قارەمانی کە بەرەنج‌و کوێرەوەرییەکانی ژیان گەورە کرد لە پێناو بەختەوەری نەتەوەکەی‌دا فیدای کردوە، ئەو گوندە تا ئێستا بە دەیان کەسی لە لاوەکانی خۆی کردۆتە قوربانی‌و فیدای ئامانجە بەرزەکانی حیزبو گەلەکەی کرد، لە نێو باخچەی شەهیدانی سەربەرزی گوندە قارەمانەکەی تەنگیسەر یادی هەڵوەرینی گوڵێک دەکەینەوە کە هەموو ژیانی لەپێناو رزگاری وڵاتدا دانا، شەهید ئەنوەر ئیبراهیمی لە هێزی زاگرۆس.

ئەنوەر ئیبراهیمی ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە ئاوایی سەربەرزی تەنگیسەر لە ناوچەی ژاوەرۆ لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر چاوی بەدنیای روون هەڵێنا. بەرەبەرە لەژێر سێبەری بنەماڵەکەی پێبەپێ گەورە بوو پاشان رەوانەی قوتابخانە کراو وێڕای هاوپۆلەکانی وانەکانی زۆر ئازایان دەبڕی‌و توانی تا پۆلی ٥ی سەرەتایی دەرس

بخوێنێ.


پاشان لەخۆپیشاندانەکانی دژی رژێمی پاشایەتی بەشداری کرد. رووخانی رژێمی پاشایەتیو ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەو دەرفەتەی بە ئەنوەر رەخساند کە بە کردەوە بێتە مەیدانی خەباتەوەو بە ئاشکرا بۆ وەدی هێنانی ئەو ئامانجە پیرۆزانەی کە خۆشی دەویستن خەبات بکا، ئەنوەر بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لەبەر کردو چەکی شەرەفو دیفاع لە ناموس کەرامەتی گەلەکەی دەست دایەو لە ریزی پێشمەرگەکانی هێزی شەهید شەریفزادە سازمان درا.

ئەنوەر زوو توانی ببێتە خۆشەویستی خەڵکی ناوچەو هاوسەنگەرانی چونکی لە هەموو وجوودی ئیمانو بیروباوەری پتەوی بە خەباتی نەتەوەکەی لە ئاکارو کردەوەیدا شۆڕشگێڕ بوونو دڵسۆزیو لێبڕاویو شێلگیربوون لەسەر درێژە پێدانی ئامانجو رێبازیدا بەدی دەکرد. ئەو تایبەتمەندییانە لە مەیدانی شەڕدا لە بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمندا خۆی دەنواند، کاتێک لە دوژمن سەنگەری دەگرت، کاتێک هێرشی بۆ سەر دوژمنانی کوردو کوردستان دەست پێدەکرد کەس توانای خۆراگری لەئاست نەعرەتەی شێرانەیو هەڵمەتو پەلاماری شۆڕشگێڕانەیدا نەبوو. تایبەتمەندی دیکەی ئەنوەر هەربەو ئەندازەیەی نەتەوەکەی خۆش دەویست هەربەو رادەیەش هاوسەنگەرانی خۆش دەویست.

ئەنوەر بە هۆی لێهاتوویی بەرپرسایەتی جۆراوجۆری هەبوو جێگری پەل، سەرپەل جێگری لکو سەرئەنجام وەک فەرماندەری لک کاری پێ ئەسپێردرا.

ئەنوەر لەو پلەیەدا نیشانیدا فەرماندەرێکی بەکەڵکەو لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیدا ماندوویەتی نەدەناسی. ئەو تایبەتمەندییانە وای کرد کە وەک فەرماندەری لک دیاری بکرێ. لەو پۆستەشدا چالاکانە مەئمووریەتی حیزبی بەڕێوە دەبردو بە لێوەشاوەیی رێنوێنیو فەرماندەری پێشمەرگەکانی دەکرد. لە ناوچەکانی مەریوان وسنەو کامیاران بە باشی ئەرکو مەئمووریەتی خۆی جێبەجێ کرد.

هێزە دڵرەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کە هیچ کات لە بەرەنگاریو رووبەرووبوونەوە لە گەڵ ئەنوەردا نەیانتوانی بە ئامانج بگەن، بۆیە لە پیلانێکی دژی مرۆڤانەدا، لە رۆژی ٢١ی خەزەڵوەر ساڵی ١٣٧٢ لە کاتێکدا کە لە شاری دەربەندیخان بەرەو بنکەکانیان بۆ ناوتاق لە گەڵ چەند هاوڕێی دیکەی دەگەڕایەوە بە ماشێنەوە کەوتنە سەرمینو بەداخەوە ئەنوەر ئیبراهیمی لەگەڵ٤ هاوسەنگەری دیکەی بەناوەکانی: شاڕوخ مرادی فەرماندەری هێز، سەلاح مرادیان، رەشید رۆستەمیو تاهیر مەنووچێهری شەهید بوون. بەمجۆرە ئەنوەر ئیبراهیمی رەشەبای مەرگ نەمامی تەمەنی بەلا داخستو گوڵی هیواو ئاواتەکانی پەرپەڕ بوو.




## شوکرووڵا ئەڵاوەیسی

ئاوایی "کۆرکورە" گوندێکی ناوچەی سنەیە کە وەک زۆربەی گوندەکانی دیکە خەڵکێکی نیشتمان پەروەری تێدایە، ئەوەی لە مێژوودا بۆیان ماوەتەوەو هەمیشە شانازی پێدەکەن کۆمەڵێک کوڕی بەتواناو لاوی ئازایان پەروەردە کرد کە پێشکەشی شۆڕشی کوردستانیان کردوە. ئاوایی "کۆرکورە" نزیک بە ١٠ شەهیدی هەیە کە دژی داگیرکەرانی کوردستان خەباتیان کردو لە سەنگەری دیفاع لە ئاو خاکو نیشتمان گیانیان کردە پردەبازی سەرکەوتن، یەکێک لەو قارەمانانە، شەهید شوکرووڵا ئەڵاوەیسی‌یە، کە باس لە ژیانو بەسەرهاتی ئەو فەرماندە لێهاتووە لە ناوچەی سنە دەکەین.

شوکرووڵا ئەڵاوەیسی لەساڵی ١٣٣٨ کاتێک کە ساواکو ژاندارمەکانی رێژیمی پاشایەتی پەلاماری تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیاندا، چاوی بە دنیای پڕ لە کوێرەوەری لە گوندە خنجیلانەکەی "کۆرکورە" هەڵیناو لە باوەشی گەرمی بنەماڵەی خۆشەویستی بەرەبەر گەورە بوو. پاشان بۆ تێپەڕاندنی ژیانی نەمر نەژی رووی لەشاری سنە کردوەو لەو شارە رەوانەی قوتابخانە کرا، هەر لە منداڵییەوە بۆ پەیدا کردنی بژێوی بنەماڵەکەی دەستی بە کاروکاسبی کرد. تا سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی هیچ کات بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیانی نەمرنەژی نەوەستا. دوای سەرکەوتنی شۆڕش، شوکرووڵا لە ساڵی ١٣٥٨ ریزی هەڵۆ سەربەرزەکانی دێموکڕاتی لەهێزی شەریفزادە هەڵبژاردو دەستی بە تێکۆشانی سیاسی کرد. وەک پێشمەرگەیەکی لێهاتوو خۆی نیشان داو، بوو بە نمونەی پێشمەرگەکانی هێزی شەریفزادە. دیارە ناوبراو خۆی لەگەڵ ٤ برای دیکە بە ناوەکانی حەبیبوڵا ، فەتحوڵا، نەسرۆڵاو ئەسەدوڵا بە یەکەوە پێشمەرگە بوونو پاشان لەسەر ئیجازەی حیزب

ڕێگایـان درا کە ٣ لە براکـانی بـۆ ژیـانی ئـاسایی خۆیـان بگەڕێـنەوە کە خزمەتـی بنەماڵەکەیـان بـکەن، بەڵام شەهید شـوکرووڵا وێـڕای بـراکەی دیکەی بە نـاوی حەبیبـووڵا ئەڵاوەیسـی زۆر لێبـڕاوانەو ئازایـانە لە مەیـدانی خەباتدا دژی کۆماری ئیسلامی تێکۆشـانی خۆیـان درێـژەداو هەردووکیـان لە یەک ڕۆژداو لە یەک شەڕدا گیانیـان پێشکەش بە نەتەوەکەیان کرد.

شوکرووڵا لەسەرتـای پێشمەرگایەتی لەلکی موبەسری دەستی بەتێکۆشـان کـردو بەمجۆرە قونـاغێکی نـوێ لـە ژیـانی نـاوبراو دەستی پێکـرد. هەر بە هـۆی هەڵسـووڕان و تێکۆشـانی بەردەوامـی لەماوەیـەکی کـورتدا بـوو بـە خۆشەویسـتی هاوسـەنگەرانی، وەک پێشـمەرگەیەکی ڕوح سـووکو ئـازاو نـەترسو خـاوەن بیروبـاوەڕ لـەنێو هاوسەنگەرانیدا ناوبانگی دەرکرد. ناوبراو بڕوای خۆی بە ڕێبـازی پیـرۆزی حیزبەکەی هـەر لـە یەکەم چالاکی پێشمەرگانەی لەگەڵ هاوڕێیانی لە ناوچەی سنەی خوێناوی نیشاندا. بە هـۆی ئازایـەتیو لێزانیو لێوەشاوەییو دەستو بـردو شارەزایی لـە بـواری نیزامیـیدا، بـوو بە هـۆی ئەوە وەک سەرپەل لـە لکی موبەسری دیـاری کـرا، شـوکرووڵا لەناوچەکـانی سـنە، کامیـاران، دیوانـدەرە، سـاراڵ، لەیـلاخ، چەمشـاری سـنەو ژاوەرۆ هەروەهـا کەلاتەرزان، بەرپلەیی مەریوان ئازایەتی لە خۆی نیشاندا، ئازایەتیو فەرماندەهی ئەو بـوو بە هـۆی ئەوە وەک جێگری لکو سەرئەنجام وەک فەرماندەری لکی شەهید موبەسری دیاری بکرێ.

شوکرووڵا ئینسانێکی فیداکارو باوەرمەند بە رزگاری گەلەکەیو ڕێبـازی حیزبەکەی بوو لە نـاو هاوسەنگەرانی جێگـای تـایبەتی خـۆیی هەبـوو. کەسێکی قسـە خـۆشو دڵسـۆز بـوو بـۆ هاوڕێیـانی. لە بەر ئـازایەتیو لە خۆبـووردوویی بـووە خۆشەویستی کۆمەلانی خەڵکیش. خەڵـک خۆشەویست بـوو ڕێـزی بـۆ خەڵـک دادەنـا چـونکی بەباشی بۆی دەرکەوتبـوو کە ژیـانی سەربەستی زەحمەتو کوێرەوەری زۆری پێویستە، نەتەوەی کـورد پێویستی بەکەسانی زۆر وەک ئەو هەیە. ئەوانە هەموو دەردی خەڵکی کوردستان بوون کە شوکرووڵا تێکەڵ بە خوێنی بوون ولە کاتی لاوییەوە هەستی پێکرد بوو.

لـە زۆربـەی شـاخو دەشتو دۆڵو چیاکـانی ناوچـەی سنەو مـەریوان بـە فەرمانـدەیی ئـەو ڕۆڵـە تێکۆشـەرەی دێموکڕات عەمەلیاتی قارەمانانە ئەنجام دراوەو زەبری زۆر کاریگەری لە دوژمن وەشێندراوە.

ئازایەتیو فیداکاری شوکرووڵای کردبـووە جێی بـڕواو خۆشەویستی هاوسەنگەرانیو، بە تـەواوی جێـی خـۆی لـەنێو دڵـی خـەڵکی ناوچـەی سنەدا کـرد بۆوەو زەحمەتکێشـانی ئـەو ناوچەیـە ناوبراویـان وەک پێشمەرگەیەکی شۆڕشگێڕ پشتیوانی خۆیان چاو لێ دەکرد.

ئەو پێشمەرگە تێکۆشەرە، ئەو فەرماندە بە زیپکو لێوەشاوەیە، جێی هیـواو هۆمێدی حیزبـی دێمـوکڕات بـوو چونکی بە کردەوە سەلماند بووی کە ئەوینداری حیزب و خـەباتگێڕێکی ڕاستەقینەی ڕێگـای دیـاری کردنـی مـافی چارەنووسی نەتەوەکەیەتی.

بەڵام زۆر بەداخەوە شوکرووڵا ئەو دەرفەتەی بۆ نەرەخسا کە زیاتر خزمەت بە حیزبو گەلەبەشخوراوەکەی بکاو، وەک ئەستێرەیەکی پڕشەنگدار لە ئاسمانی خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد ئاوا بوو.

رۆژی ٢٧تا ٢٩ی گلاوێژی ١٣٦٢ ناوچەی لەیلاخی سنە، گۆڕەپانی حەماسەو هەڵمەتی دەستەیەک لە پێشمەرگە فیداکارەکانی هێزی شەریفزادە بوو کە ئازایانە لەبەرانبەر هێرشی دڕندانەی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیدا، سەنگەری دیفاع لە بوونومانی نەتەوەکەیان گرتو تا دوا فیشەکو دوا دڵۆپی خوێنو دوا هەناسەی ژیانیان، لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان شەڕیان کردو، دەرسی کۆڵنەدانو بەچۆکدا نەهاتنیان بۆ هاوسەنگەرانیان بەجێهێشت، دەرسێک کە بۆ نەسلەکانی دوای خۆیان ببکەنە سەرمەشقی ڕێگای خەباتیان.

کۆماری ئیسلامی بە هێزێکی لە ئەژمار نەهاتوو بە پشتیوانی ئەنواعی چەکی قورس، لە هەموو لایەکەوە بە مەبەستی لەناو بردنی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی سنە، هێرشی وەحشیانەی بۆ سەر ناوچەی" ڕمشتو میراوە" هێنا. دوژمن هەموو شوێنی دەربازبوونو ڕێگاکانی لەپێشمەرگە گرتبوو هیچ جێگایەکی خۆدەرباز کردنی بۆ نەهێشتبوونەوە. پێشمەرگەی دێموکڕات دوو ڕێگای لەبەر بوو، یا سەر بۆ دوژمن نەوی بکەن یان بەسەربەرزی سەر بنێنەوە. بۆیە وەک عادەتیان بوو ڕێگای دووهەمیان هەڵبژاردو بەڵێنیاندا بە شانازییەوە خۆیان فیدا بکەن. بەڵام لەبەرامبەر دوژمندا سەر نەوی نەکەن. پاش ئەو بەڵێنییە، بە بڕیاری فەرماندەری کار لێهاتووسەروان ئێقباڵی کەریم نەژاد بە مەبەستی شکاندنی گەمارۆی دووژمن میلەی چەکانیان کێشاو بە ناوی دێموکڕات زیندوویە هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی دوژمنو چەندین کوژراویان پێ بەجێهێشتن. هێزی پێشمەرگە قەت لە ئاورو ئاسنی دوژمن نەترساوەو هەر بەرەو سەنگەری دوژمن پێشڕەویان دەکرد.

سەرئەنجام پاش سێ رۆژ شەڕی دەستەو یەخەو سەنگەر بەسەنگەر، سێ رۆژ حەماسە خوڵقاندنو قارەمانەتیی نواندن، سێ رۆژ بەربەرەکانی کردن، بەداخەوە سینگی پڕلە شەهامەت غیرەتی فەرماندەری لێوەشاوەی حیزبەکەمان شوکرووڵا ئەلاوەیسی لەگەل ١٥کەس هاوسەنگەری دیکەی بەناوەکانی: سەروان ئیقباڵ کەریمنژاد فەرماندەری هێز، موزەفەری تابیعی جێگری فەرماندەری هێز، حەبیبوڵڵای ئەلاوەیسی برای شەهید شوکرووڵا فەرماندەری دەستە، عەباسی شەریعەتی ئەندامی کومیتە ناوچە، توفیق ئەسەدنژاد جێگری لک، عەبدوڵڵای رەزایی فەرماندەری دەستە، ئەمیری محەممەدی پێشمەرگە، ناسر رۆستەمی پێشمەرگە ، محەممەدی زیبایی پێشمەرگە، یەدوڵڵای هادی پێشمەرگە، ئەمیری ئەنساری پێشمەرگە، هاشمی سەلاحیان پێشمەرگە، حەمید یەحیەوی پێشمەرگەو عەلی حەبیب نژاد پێشمەرگە کەوتنە بەر گوللەی دوژمنی کۆنە پەرەستیو تێکەڵ بە کاروانی بە خوێنی سووری شەهیدان بوون.

---




## مەحموود کاکەخانی

بەهار جارێکی دیکە دەرو دەشتی بەکراسی سەوز داپۆشی، داوێنی چیاکانو جۆگەو جوێبار بە وەنەوشەو گوڵی رەنگاو رەنگی بەهاری رازا بۆوە، شەوان شنەی بەهاری دەنگی خوڕەی چەمو، وێک کەوتنی لکوپۆی دارەبیەکانی قەراغی چەمو، بۆنی عەتری گوڵانی کوێستانانی تا ئاواییەکان دەبرد. رۆژانیش پاش ئەوەی چاوی خەواڵوو داوێنی خەوی ئاڵۆزی بەردەدا، بناری چیا، دیمەکارو پێدەشت کە پۆلپۆل مەرومالاتی پێوەر دەبوو دواتر هەموو لە حەشیمەت ڕەش هەڵدەگەڕا، هەر کەس بۆ کارێکو هەریەکەی بۆ مەبەستێک، وەرزێڕان هەر کەس بۆ کاری خۆی، کیژان بۆ گوڵچنینو رنینەوەی گژوگیای بەهاریو، بەجوانیو بۆنو بەرامەی تەبیعەت ئەوەندی دیکە دەگەشانەوە، بلوێری شوانو خرینگەی بازنەی بێری وەک دەنگێکی هەست بزوێن تێکەڵی دیمەنی سەرنج راکێشی سرووشت دەبوو، بەفراوی بەفری قەد پاڵی زنجیرە کێوەکانی ناوچە، بە خوڕ بە جۆگەو جوێبار دادەگەڕانو تێکەڵ بە ئاوی چلچەمە دەبوونەوە، لەوەها دیمەنێکدا گوندێکی خنجیلانە لەناوچەی کەلاتەرزانی نێوان سنەو مەریواندا بە ناوی "بەڕوەر" هەیە. کە لەخەڵکێکی دڵسافو بێگەرد پێک هاتووە. لەو گوندەدا بنەماڵەیەک هەیە بە ناوی کاکەخانی، کاتێک دەستم بۆ پێنووس بردو ویستم ئاوڕێک لەژیانی فەرماندەری لک، شەهیدمەحموود کاکەخانی بدەمەوە، لاپەڕەکانی مێژووی پێشمەرگەکانی هێزی شەهید شەریفزادەم هەڵدەدایەوە. نەمدەزانی چۆن دەست پێبکەم. پاش بیرێکی قووڵ، ئەو جارە دەستم برد بۆ پێنووس بە مەبەستی ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو، لە قوژبنێک تووشی ناوێکی ئاشنا وەک بنەماڵەی کاکەخانی دەبمو یادێکی شیرینم بۆ زیندوو دەبێتەوە. ئەو جارە نووکی قەڵەم لە سەر سینگی سپیی کاغەز دادەگرم بە نیازی تۆمارکردنی مێژووی براکانی

کاکەخانی لە یەک بنەماڵە. چەندین ناوی ناودار خۆیان دەخزێننە ناو پەردەکانی مێشکم. لە چی ڕا دەست پێ بکەم چۆنی بنووسم؟ چونکی شەهید بوونی ٦ برا لەیەک سەنگەردا، شەهیدان: شەریف کاکەخانی، سەلاح کاکەخانی، عەلی کاکەخانی، ئەحمەد کاکەخانی، سەعید کاکەخانیو مەحموود کاکەخانی نە لە توانای قەڵەم دایە، نە کاغەزەکانی سپی جێگای دەبێتەوە، چونکی ئەو کاتەی لە گەڵ مێشکی ماندووم سرتە دەکەم، دەکەومەوە یادی شەهیدانی نیشتمان. ئەو شەهیدانەی سەنگەری ڕێگای خەباتی خۆیان بە درێژە دەرانیان سپاردوە. بۆیە ئەمجارە بڕیارم داوە لاپەڕەی کاغەزی سپی بە ڕەستەی جوانو بۆن خۆش بۆ بنەماڵەی کاکەخانی برازێنمەوە.

مەحموود کاکەخانی ساڵی١٣٤٠ی هەتاوی لەئاوایی "بەڕوەر" لەناوچەی کەڵاتەرزان، لە نێوان سنەو مەریوان چاوە گەشەکانی بەڕووی دنیادا کردەوە، بەرەبەرە کە گەورە بوو لە تەمەنی ٧ ساڵیدا ڕەوانەی قوتابخانە کراو توانی تا ٥ی سەرەتایی دەرس بخوێنێ. وەزعییەتی ژیانی بنەماڵەکەی بوتە هۆی ئەوەی کە لە خوێندنی قۆناغەکانی دیکە بێبەش بێ. هەر بۆیە لە تەمەنی منداڵییەوە کاری وەرزێڕیو جووتیاری لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەکەی دەست پێکردو تا سەردەمی رووخانی حکوومەتی پاشایەتی لە نێو شەپۆلی ژیانی سەختو پڕ لە کوێرەوەری دا گەورە بوو.

بەهاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیو دەست پێکردنی جینایەتەکانی ئەو رێژیمە لە کوردستان، بە تەواوی هەستی لاوی زەحمەتکێشی خەوشەدار کرد. لەگەڵ ئەوەی مەحموود لاو بوو، ئەو راستیەی بە تەواوی بۆ ڕوون بۆوە کە جیاوازی چەندە زۆرەو بە چ چاوێک چاو لە کورد دەکرێ. هەر بۆیە وێڕای براکانی سەرتای خەباتی خۆی لە ڕیزی "سۆپای رزگاری" کە ئەو کات لە ناوچەی مەریوانو سنە بوون دەست پێکرد. هێرشی ئەو رێژیمە بۆ سەر کوردستانو دەست پێکرانی زەبرو زەنگو ڕەشەکوژیو سەرکوتو خەفەقان لەلایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە مەحموود زیاتر هەستی بە چەوسانەوەی گەلەکەی کردو زۆرتر ئاوێتەی ژانو ئازاری نەتەوەکەی بوو بۆیە بڕیاریدا ڕێگای رۆڵەکانی دێموکڕات هەڵبژێرێ.

پاش ماوەیەک پێوەندی بە کۆمیتەی ناوچەی حوسێنئاوا سەر بەشارستانی سنە دەکات. لە پێشدا کەریمی برایو دواتر مەحموود کاکەخانی وێڕای براکانی دیکەی ریزەکانی حیزبی دێموکڕاتیان هەڵبژاردو وەک پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمان لەهێزی شەریفزادە لەلکی شەهید محەممەدئەمین سۆفیپوور سازمان دران. لەماوەیەکی کورتدا بە کردەوە نەترسیو بوێری خۆی نیشان داو جێگای خۆی لەنێو دڵی هاوسەنگەرانیدا کردەوە. ئیمانێکی پتەوی بە حیزبو ڕێبازەکەی هەبوو هەر بۆیە تێدەکۆشا زیاتر پلەی زانیاری خۆی بەرێتە سەرێو باشتر خۆی پێبگەیەنێ، نووسراوەکانی حیزبی بە وردی دەخوێندەوەو لەگەڵ هاوسەنگەرانیدا باسو شیکردنەوەی لەسەر دەکردن.

مەحمـوودی قـارەمـان براکانیشـی وەک ئەو قـارەمـانو فیـداکار بـوون، شـەڕەکانی نـاوچەی سـنە، چەمشـار، کەلاتەرزان، لەیلاخ، ناوچەی حوسێنئاوا، ساراڵ، سەرشیوی مەریوان، شەڕی بەناو بانگی کۆڵو باینچوو، زۆربەی شەڕەکانی دیکەی ناوچە سنەو مەریوان نموونەیەکی چووکەن لە فیدکاری مەحموودو برا شەهیدەکانی.

بە هـۆی لێزانـیو ئـازایەتیو فیـداکاریو، ئاکـار جـوان، بـەهۆی کـردەوەی شۆڕشگێڕانەو ئـەخلاقی جـوانو دڵسـۆزیو لـەخۆبووردوویی جێـی خـۆی لـەنێو دڵـی هاوسەنگەرانیو خـەڵکی ناوچە کردبـۆوەو پـڕ بـەدڵ خۆشیـان دەویسـت. لە مەیـدانی کـاری نیزامیـیو جموجـۆڵو عەمەلیـاتی پـارتیزانیدا گەلاڵە دارێژێکـی بە توانـا بـوو. گوێڕایەڵی سیاسەتو بڕیارەکانی حیزب بوو، بەنەزمو دیسیپلین بـوو. لەشـەڕەکاندا فەرمانـدەرێکی ئـازاو کـارامە بوو، لەجەولەو کاروبارەکانی دیکەی ژیانی ئـاسایی پێشمەرگانەدا، ورەو هیـواو هۆمێدی بەهاوسـەنگەرانی دەداو جێگـای متمانەیـان بـوو ئەو تایبەتمەنـدییانە شـەهید مەحموودیـان وەک سیمایەکی بەوەج لەریزەکـانی هێـزی شەریفزادەدا ناسـاند، بـۆیەش دواتـر لە لایەن تەشکیلاتی حیـزبەوە وەک فەرمانـدەری لکی شـەهید مەحمـوودی کەڕەمی دیاری کراو ئەرکی پێ سپێردراو تاکاتی شەهید بوونی ئەو ئەرکەی بە رووسوورییەوە بەڕێوە بـرد. لـەو بەرپرسـایەتیدا زۆری پێنـەچوو کارامـەییو زیرەکـی ئـەو بـۆ هاوسـەنگەرانی زیـاتر دەرکـەوت. لەشـەڕەکاندا چالاکانەتر بەشداری دەکرد. تایبەتمەندی دیکەی مەحموود ورە بەرز، خـاوەن ئیرادەیەکـی پـولایین، دڵسـۆز بـۆ خاکونیشتمان، بەدیسپلینو لە هێچ فیداکارییەک دریغی نەدەکرد.

بەداخەوە ئەو ٦ برایە، لە ماوەی کەمتر لە ٤ ساڵ گیانیان پێشکەش بە بارەگای ئـازادی کـردو یەک لەدوای یەک شەهید کران. بنەمـاڵەی کاکەخـانی برینیـان سـاڕێژ نەدەبـۆوە کە رۆڵەیەکـی دیکەیـان پێشکەش بە ڕێگـای رزگـاری دەکـردو سـەرلەنوێ برینەکانیـان دەکـولانەوە، تەنـانەت مەحمـوودی فەرمانـدە لە گەڵ برایەکـی چلەی ماتەمینی تەواو نەبوو شەهید بوو.

رۆژی ١٤ی خـاکەلێوەی سـاڵی ١٣٦٣ی هەتـاوی رێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی پەلامـاری زێـدی مەحمـوودی داو، مەحمـوودی قـارەمـان وەک هەمیشـە پێشـمەرگەکانی رێنـوێنی دەکـردو لەسـەنگەری پێشـەوەدا پـاش شـەڕێکی قارەمانانەو وەشاندنی زەبرێکی قورسو کاریگەر لە دوژمن پاشەکشەیان بە دوژمن کرد لە راونـانی هێـزی دوژمن بەداخەوە لە گوندی "بەڕوەر" خوێنی سووری لە پێناو رزگاریو دیفاع لە ئـازادیو بەختـەوەری گـەلدا رژایـە سـەر خاکی پیرۆزی نیشتمانو گیانی پێشکەش بە بارەگای ئازادی کـرد. بەمجـۆرە جـارێکی دیکە بنەمـاڵەی کاکەخـانی دڵیـان برینـی قورسـی هەڵگـرتەوەو ٦ رۆڵەیـان پێشـکەش بەو نەتەوە بەشـخوراوە کـردو بـۆ هەمیشـە لەمێـژووی نەتەوەکەمـاندا وەک لاپەڕەیەکـی پڕشـەنگدار لەخەبـاتو تێکۆشـانیان دەمێنیتـەوە. هەزاران سڵاو لەو شـەش بـرا قارەمـانە، شەهیدان: مەحموودکاکەخـانی، شـەریف کاکەخـانی، سـەلاح کاکەخـانی، عەلـی کاکەخـانی، ئەحمەد کاکەخانی، سەعید کاکەخانیو هەمووشەهیدانی سوورخەلاتی نەتەوەکەمان.




**محەممەد خودا مرادی**

**زۆرن ئـەو کەسـانەی کـە کـورد قـەرز داری ئـەوانن شـەهیدان لەسـەرووەری ئـەو کەسـانەن کـە هـەر کامیـان مێژوویـەکی لێوانلێـو لـە جـوامێری ونەبـەردیو نەبـەزی بـۆ نەتەوەکـەیان تۆمـار کـردوە ئەوانـە لـە شـەوەزەنگی تـاریکستـانی ئـەو کوردستـانە خۆشەویستەدا بـوون بـە مانگـە شـەوێکی ڕێگـای ڕزگـاری کـە ڕووناکـایی خستـە ئـەو وڵاتـەوە، ژیانیـان و قارەمانـەتییان بـۆ ئیمـەی ڕێبوارانیـان بۆتـە سـەرمەشقی خـەباتو تێکۆشـانمان، یـەک لـەو هەزاران شەهیدە، یەک لەو سەدان فەرماندە شەهیدانە محەممەد خودامرادی لە مەڵبەندی سنەی خوێناوییە.**

**محەممەدی خودامرادی کاتێک چاوی بەدنیای روون کردەوە کە نەتەوەکەی لە بەشێکی بـەرچاوی ئاوخاکەکەی هەوای ئازادی هەڵدەمژی، واتە سێبەری کۆماری کوردستـان بەسـەریەوە بـوو واتـە ژیـان بەسەربەسـتی لـە وڵاتـی خۆت، بۆ یەکەمین جار کورد دەسەڵاتی سیاسیی بەدەستی خۆیەوە بوو لە هەلومەرجێکی ئەوتۆ بە ئازاد ژیان، لە ساڵی ١٣٢٥ لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەری لە ئاوایی شیان لە ناوچەی سنە چاوە گەشەکانی کردەوە.**

**بـەڵام چـارەنووس وابـوو کـە لەگـەڵ ژان لـە دایـک بـێو بـە ژان گـەورە بـێ. خۆشـیو چێـژی ژیـانیش بـۆ ئـەو ئاواتێکی گەورە بوو کە قـەت وەدی نـەهات. هـەر بۆیـەش نـەیتوانی بچێتـە قوتـابخانە، کـاتێکیش کـە گـەورەتر دەبـوو ڕۆژ لەگـەڵ ڕۆژ زیـاتر خـۆی مانـدوو دەکـرد تـا بـەرووبووی کـاری پتـر بـێو بۆشـایی ژیـان لـە بنەماڵـەدا پڕبکاتەوە.**

**ژیانی محەممـەد خودامرادی تـا سـەرکەوتنی شۆڕشـی گـەلانی ئێـران بـەمجۆرە تێپـەڕی. جنایەتـەکانی ڕێژیمـی ئاخوندی لە کوردستـان بەتـەواوی هەستی لاوی زەحمەتکێشی خەوشدار کـرد بـوو. هەرچەنـد لـە هەلومەرجێکی**

ئاستەم دا دەژیا، بەڵام دیگوت: کاتێک نەتەوەی کورد لەنێو بچێ منیش لەنێو دەچمو ژیان بۆ منو بۆ باقی هەژارانی کوردستان مانای نیە. کاتێک ئازاد نەبم، ژیان چ مانایەکی هەیە

ئەو کاتەی کە پێویست بوو بۆ ئازادی گیانی ببەخشێ خەباتی دەست پێکرد چەکی دیفاع لە شەرەفو کەرامەتی گەلەکەی دەست دایە ولە هێزی شەهید شەریفزادە سازمان درا. ئەوە لەکاتێکدا بوو کە باری قورسی ژیانی بنەماڵە تەنگی پێ هەڵچنیبوون بەڵام بەهەست کردن بە بەرپرسایەتی باشی دەزانی کە ئەرکی قورستری لەسەر شانە، چونکی باشی دەزانی بۆ کام ئامانج وبڕوا چەکی دەست داوەتێ. بۆیە خۆی بۆ خەباتیکی توندوتیژ دژی دوژمنانی گەلەکەی ئامادە کردبوو. وەک لاوێکی بە زیبکوزاکوون خۆی بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادە کردبوو، بۆیە هەر لەسەرەتای دەست بەکار بوونی وەک پێشمەرگەیەکی لێهاتوو بەتوانا دەرکەوت. دەستو تفەنگی دوژمن تۆقێن بوو ئازایەتییەکەی بەجۆرێک بوو کە مەسئوولییەتی پێ بسپێردرێو پاشان وەک فەرماندەری لکی شەهید محەممەدی موبەسری دیاری بکرێ. لەو بەرپرسایەتییەش خۆی زیاتر دەرخست، فەرماندەیەکی بوێرو ئازای مەڵبەندی سنەی خوێناوی بوو بەشداری دەیان شەڕی قارەمانانەی کرد، لە ئازایەتیو دەستکردنەوەدا کەم وێنە بوو، هەر جارێ لە شوێنێک دەستی لە دوژمن دەوەشاندو لە چاوترووکانێک خۆی گوم دەکردو دیسان لە شوێنێکی دیکە زەبرێکی لە داگیرکەران دەدایەوە.

محەممەد ئەو کارە بەنرخانەی، ئەو هەڵسوکەوتانەی سەری لە دوژمن دەشێواند، ئەو تایبەتمەندییانە بوونە هۆی ئەوە وەک قارەمانیک لە ناوچەی سنە چاوی لێ بکرێو ببێتە خۆشەویستی خەڵک وکادرو پێشمەرگەکان. بە ڕقی شۆڕگێڕانەوە هەڵی دەکوتایە سەر دوژمن بۆ ئەوەی مجالی دەستکردنەوەی پێنەدا، لە گەڵ هاوسەنگەرانی مەشرەف خۆش، قسە خۆش، لەسەرەخۆ، نەسرەوتوو هەمیشە ڕێنوێنی هاوسەنگەرانی دەکرد. ئۆقرەی نەدەگرت لە فێرگەی بارهێنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی سنە دەرسی خۆڕاگری بە هاوسەنگەرانی دەکوتەوە ئەوەی لە مەیدانی کردەوە وەک ئەزموون وەسەر یەکی دەخست بە پێشمەرگەکانی ژێر دەسەلاتی خۆی دەکوتەوە.

شەهید محەممەد خودامرادی زۆر شەڕی قارەمانانەی کرد لە سەنگەری پێشەوەدا هاوڕێیانی ڕێنوێنی دەکرد هیچکات لە دوژمن غافڵ نەبوو. تایبەتمەندی هەر بەرچاوی ناوبراو فەرماندەیەکی راستگوو، شێلگیرو راستو دڵسۆزێکی راستەقینەی گەلەکەی بوو.

محەممەدی خودامرادی وەک هەمیشە جەسوورانە بڕیاری دا کە لە نێوان جادەی سنە کرماشان کەمینێک بۆ هێزەکانی دوژمن دانێتەوە هەڵۆئاسا لە جادەی ناوبراو ڕۆژی ١١ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی کەمینیان بۆ دژی گەلییەکان دانایەوە پاش ماوەیەک مانەوە لەسەر ئەو جادەی ژمارەیەکی بەرچاو لە هێزی دوژمن کەوتنە داوی قارەمانانی دێموکراتەوە شەڕێکی گەرم لە نێوان هێزی پێشمەرگە لەلایەکو هێزی کۆماری ئیسلامیی لە لایەکی دیکەوە دەستی پێکرد، کوڕانی دێموکرات زەبرێکی کاریگەریان لە دوژمن وەشاند ژمارەیەکی بەرچاویان لێ

کوشتن و چەکوچۆڵێکی بەرچاو بەدەسکەوت گیرا لەو عەمەلیاتەدا محەممەد خودامرادی کەوتە بەرگوللەی داگیرکەرانو بریندار بوو بەداخەوە پاش ماوەیەکی زۆر بەربەرکانی لەگەڵ مەرگ لە لە نەخۆشخانەی گوندی تەوریوەر روحی مەزنی فڕیە ئاسمانی نەمریی شەهیدانی کوردوکوردستان.

---




حەمەدەمین سۆفیپوور

لە هەڵدانەوەی لاپەڕە زیرینەکانی مێژووی خەباتی حەقخوازانەی نەتەوەکەمان، زۆر رۆڵەی قارەمان لە ریزی پێشمەرگەکانی کوردستان بۆ دیفاع لەمانو مەوجوودییەتی نەتەوەکەیو بۆ پاراستنی مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان، هاتۆتە گۆڕەپانو لەو ڕێگایەدا تا ئەمڕۆکە، بەسەدان وهەزاران داستانی پڕلەسەروەریو ئازایەتی، فیداکاری ولەخۆبووردووییان تۆمار کردووەو کە لە مێژووی خەباتی خوێناویی نەتەوەکەماندا دەدرەوشێنەوەو دەمێننەوە. لەم دەرفەتەدا ژیانی پر لە کەندو کۆسپو پڕ لە هەورازو نشێوی پێشمەرگەیەکی قارەمان فەرماندەیەکی لێهاتوو پێشکەش دەکەین کە سەرانسەری ژیانی دەردو رەنجو کوێرەوەری بوو بەڵام هەرگیز لە ژیانیدا نەبەزی بەڵکوو ئازایانە بەسەر کۆسپەکانی ژیاندا زاڵ بوو، ئەم فەرماندەیەش شەهید حەمەدەمینی سوفیپوور لە ناوچەی سنەیە.

محەممەد ئەمین سۆفیپوور لە ساڵی ١٣٢٣ لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە شارە قارەمانەکەی سنەدا چاوی بە جیهان پشکووت، منداڵ بوو بابی لە دەست داو دەردی بێ بابیو بێبەش لەخۆشەویستی ئەو، بوو بە هۆی

ئەوە حەمەدەمین زووتـرو زۆرتـر لە هەڤـاڵانی دەردی نەداری هەست پـێ بکـا، لەبەر ئەوەی پـاش مردنـی بـابی ناچار بوو بۆ دابین کردنی ژیانی خۆیو خەرجی خوێندنی کار بکاو بـۆ وەدەست هێنـانی کـار ئەم شـارو ئەو شـار بکا. نەداری بەربینگی پێ گرتبوو، رێگای نەدەدا حەمەدەمینی مێرمنداڵ سەرەرای عەلاقەیەکی زۆر بە خوێنـدن، درێژە بە خوێندن بدا، هەر بە سەوادی خوێندنو نووسینی قانع بوو.

ئەو لە منـداڵییەوە هەسـتی کـوردایەتیو نیشـتمان پەروەری لە دەرونـی حەمەدەمینـی سـۆفی پـووردا خـۆی دەنواند، بەڵام زەبرو زەنگی رێژیمی بێزراوی پەهلەوی رێگای دەربڕینی ئەو هەستە پـاکەی بە دڵسۆزانو ئەوین دارانی رێگای ئازادی نەداو هەر بۆیەش شەهیدی نەمر لە وڵات چووە دەرێ تـا بەڵکو بتـوانێ خـۆی بگەیەنێتە پێشمەرگە قـارەمانەکـانی کوردسـتان. بەڵام لە سنووردا گیـراو تەحویلی رێژیمـی شـای گۆڕبەگـۆڕ دراوە، کە دوای ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر رێژیمی کـۆنە پەرەستی پەهـلەوی حەمەدەمینـی رەوانەی سەربـازی کـرد. لە پـادگـانـدا حەمەدەمـین دژی ئەو ئەفسـەرو دەرەجەدارە بەکرێگیـراوانە دەجـوڵایەوە کە زوڵمیـان لە سـەربـازەکان دەکـرد. حەمەدەمین سۆفی پوور پاش تەواو کردنی سەربازی دەستی بە کرێکاری کردو پاشـان ژیـانی هاوبەشی پێکهێنـا، بەڵام نەدەوەستاو نەسرەوتنی نەبوو. بێوچان لە فکری پێکهێنانی هەستەکانی نیزامیی دابوو، ئەو هەموو جارێ لەبەر فشارو زەبـرو زەنگـی حـاکم بەسـەر وڵاتدا توشـی شکست دەبـوو لەکـارەکەیدا سـەرنەکەوت. نـاوبراو فکـری رووخانی رێژیم هەمیشە مێشکو بیری بە خۆیەوە خەریک کردبوو. هەر بۆیە کاتێک ئاگری شۆڕشی گەلانی ئێران لە دوورەوە تینی گەیشت، حەمەدەمینی سۆفی پوور بۆ بەتین کردنی ئەو ئاگرەو داگرتنی هەموو لایەک بە نۆرەی خۆی هەوڵیدا.

حەمەدەمین لە خۆپیشاندانەکانی دژی رێژیمی پەهلەویدا بەشداری کرد. پاش سـەرکەوتنی شـۆڕش هـاتە نێـو ریزی تێکۆشەرانی دیموکراتو چالاکانە بۆبردنە پێشی سیاسەتی حیزب لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا تێدەکۆشـا. لە شەڕی داسەپاوی ساڵی ١٣٥٨دا، حەمەدەمینی بە ئەزموونو تەجروبەیەک کە لەشەڕی چەکدارانەدا بووی، دەسـتی بە رێکوپێک کردنی پێشمەرگەکان کردو فەرمانـدەری پێشمەرگەکانی لە شـەڕی داسەپاوی رێـژیم بەسـەر گەلـی کورددا لەشاری سنە بە دەستەوە گرت. دلێریو قارەمانی حەمەدەمین لە شەڕەکانی نێو شاری سنەدا، بوو بە هۆی ئەوە سەرەنجی خەڵک بۆ لای حیزبی دێموکڕات راکێشێ. دوای ئەوەی رێژیمی کۆنە پەرەستی کۆماری ئیسلامی بە تەواوی هێزییەوە شـاری سنەی کوتـا، حەمەدەمین لە شـار نەچۆوە دەرو هەروا خەریکی پێکهێنـانی هەستەکانی نیزامیی بوو، لە هەموو دەرفەتێک بۆ وەشاندی زەبری گورچکبڕ لە دوژمنـی فاشیسـتو کۆنەپەرەست کەڵکـی وەر دەگرت. لە مانگی بەفرانبەری ساڵی ١٣٥٨دا کاتێک جاشو پاسدارەکان هێرشی درندانەی خۆیان بۆسەر کامیاران دەست پێکـرد، فەرمانـدەی قـارەمـان حەمەدەمینـی سـۆفی پـوور لەگەڵ لـکەکەی رەوانەی نـاوچەی کامیـاران کـراو لەوێش بە زەبری دوژمن شکێنی خۆی دوژمنی وەلەرزە دەخستو زەبری زۆر کاریگەری لە دوژمن وەشاند .

لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاویدا کە هجومی دووبارەی ڕێژیمی کۆنە پەرەستان بۆسەر کوردستان دەستی پێکردو شاری سنە بۆ ماوەی مانگێک کەوتە بەر ئاگری تۆپو خومپارەی دوژمن. حەمەدەمینی سۆفی پوور وێڕای خەڵکی قارەمانی سنە، قارەمانەتیو لەخۆبووردوویان نواندو دوژمنی وەلەرزین خستبوو لەهەموو کۆڵانەکانو شەقامەکانی شاردا حەمەدەمینی پێشمەرگەی حیزب، ڕۆڵەی بەجەرگو ئازای گەلەکەمان لە سەنگەری یەکەمدا بوو. ناوی ئەو بۆ هەموو پێشمەرگەکانو خەڵکی خۆڕاگری سنە ناوێکی ئاشناو لەسەر زارو زمانان بوو چونکە لەهەر جێگایەک هێرشی کردبایە سەر دوژمن تێکی دەشکاندو قەڵای دوژمنی تێک دەقرماند. کاتێک پێشمەرگە قارەمانەکان لە بەر ئاگری بێ ئەمانی دوژمنی دژی گەلیو بۆ بەرگری لەکۆشتاری خەڵکی بێدیفاع شاریان بەجێ هیشت، حەمەدەمین بە چاوێکی پڕ لە فرمێسک بەڵام قەلبێکی پۆڵایینو ورەیەکی بەرزەوە لەگەڵ هاوسەنگەرانی شاری بە جێهێشتو چیا بەرزەکانی کردە سەنگەری دیفاع لە گیانو نامووسی گەلەکەیو لەوێش هەدای نەداو ئاوری لەسەر پشتی دوژمن دەکردەوە.

سەرئەنجام لەرۆژی ١٧ی پووشپەر ساڵی ١٣٥٩ کاتێک ستوونێکی نیزامیی لەهێرشکەران، هێرشیان بۆ سەر ناوچەی باینچو دەست پێکرد حەمەدەمین لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکان پێشی بەو ستوونە گرتو بە زەبری کاری خۆی توانی ستوونەکە ناچار بە تەسلیم بکا. لە حاڵێکدا حەمەدەمین سۆفیپوور بۆ لەناو بردنی یەکجاری ستوونەکە دەچووە پێش، لە نەکاو بەکرێگیراوێکی ڕێژیم دڵی پڕ لە خۆشەویستی حەمەدەمینی دایە بەر گوللەو خوێنی گەشی ڕشتە سەرخاکی پیرۆزی نیشتمانو هاوڕێیانی داخدار کرد. ناوی سۆفیپوور قارەمانەتی ودلێری حەماسەی ئەو قارەمانە بوو بە سەرمەشقی هەموو پێشمەرگەکانی مەڵبەندی سنەی خۆڕاگر.

---




سەید ئەمیر عەبدی

رۆژی ١٨ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی سەید ئەمیری عەبدی وێرای فەرماندەرەکەی عوسمانی دادخا لەگەڵ ٥کەس لە هاوسەنگەرانی بۆ شناسایی پێگەو دامەزراوەکانی ڕێژیم دەچنە ناوچەی حوسێناوای سنە. لەگەڕانەوەدا شەویان بەسەردادێو لە گوندی "کێلەچەرموو" دەمێننەوە. بەداخەوە بە هۆی خۆفرۆشانەوە دوژمن هەست بەبوونیان لەو گوندە دەکاو سەعات ٣ی نیوە شەوی ١٩ی خەزەڵوەر دەوری ئەو گوندەو بەتایبەتی شوێنی مانەوەیان دەدەنو هەوڵ دەدەن کە بەدیلیان بگرن. بەڵام ئەوان لە ئەزموونی چەند ساڵ خەباتو تێکۆشاندا فێر بوون کە خۆڕاگر بن، بۆیە سەنگەر لە دوژمن دەگرنو شەڕێکی نابەرانبەر دەست پێدەکا. پاش دوو سەعات شەڕ دەستەو یەخە بەداخەوە سەید ئەمیر عەبدی لەگەڵ عوسمانیدادخا فەرماندەری هێزی شەریفزادەو ٥ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی: محمد رەحیمی جێگری لک، سەید خالید حوسێنی سەرپەل، سمایل ناسری پێشمەرگەی ئەرکانی هێز، وەستا ساڵح ناسری پێشمەرگە، محەممەد ساڵح تەهماسبی پێشمەرگە شەهید بوونو رێگای خەباتیان بە هاوسەنگەرانیان سپارد. هەرچەند شەهیدبوونی دوا بەدوای یەکی، دوو فەرماندەر لەماوەی سێ مانگ بەتایبەت بۆ پێشمەرگەکانی هێزی شەریفزادە داخێکی زۆر گران بوو، بەڵام پێشمەرگەکانی ناوچەی سنە نەک ورەیان بەرنەدا بەڵکوو چەندین عەمەلیاتی ئازایانەیان بە یادی ئەوان بەڕێوە بردو یادی فەرماندە شەهیدەکانیان هەمیشە زیندوو ڕاگرت.

سەیدئەمیر عەبدی لەساڵی ١٣٣٥ لە گەرەکی جەوراوا، کە یەکێک لەگەرەکە کۆنەکانی شاری سنەیە لە بنەماڵەیەکی خۆشناوی ئەو شارە خوێناوییە چاوی بەدنیای روون کردەوە، باوکی کەسێکی بازاریو کاسبکار بوو کە ژیانی منداڵەکانی پێ دابین دەکرد، ئەمیر لە ژێر سێبەری باوکی زەحمەتکێشدا هەڵیداو رەوانەی

قوتابخانە کرا. ژیانی ئەمیر تا شۆڕشی گەلانی ئێران وەک زۆربەی خەڵکی دیکەی شاری سنەی تێپەڕی. لەساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بەدەست پێکردنی خۆپێشاندانەکان سەیدئەمیر وەک هەموو خەڵکی شاری سنە بەشداری چالاکانەی کرد تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بە سەر حکوومەتی پاشایەتی.

پاش ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، هەستی کوردایەتی لە ناو دڵیدا گەرای کرد. ئەو ئاواتەخوازی رزگاری گەلەکەی لەو وەزعە بوو، بۆ ئەم مەبەستە کاتێک بنکەی حیزبی لەشاری سنە دامەزرا، بێ سێودوو کردن ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی هەڵبژاردو لە هێزی شەریفزادە سازمان درا. ناوبراو هەر لەسەرەتاوە زۆر ئازایانە دەرکەوت لەشەڕەکانی پادگانی سنە لەساڵی ١٣٥٨ هەروەها لە شەڕی ٢٤ رۆژەی سنە لە بەهاری ١٣٥٩ ئازایەتی لەخۆی نیشاندا، شەڕی کامیاران، چەمشاری سنە، چەمقەسابخانە، سەداوسیما، چەمباوریزو زۆر شوێنی دیکە ئازایەتی سەید ئەمیر بوو بە وێردی سەر زمانان.

پاش ئەوەی شاری سنە لەلایەن داگیر کەرانەوە داگیر کراو پێشمەرگە رووی لە گوندەکانو چیاکانی کوردستان کرد سەید ئەمیر وەک سەرپەل دیاری کرا. ناوبراو وەک فەرماندەیەکی باش لە ناوچەکانی لیلاخ، حوسێنئاوا، کەڵاتەرزانو چوونەوە ناو شاری سنە بە دژی داگیرکەران عەمەلیاتی بەڕێوە دەبرد، تەنانەت لە ناوچەی حوسێنئاوا هەیئەتێکی رێژیمی دەست بەسەر کرد. ئەو نیشانیدا رۆڵەیەکی قارەمانی رێگای ئامانجە نەتەوایەتییەکانی گەلەکەیەتی.

هەر مەئموورییەتێکی پێیان دەسپارد بە بێ راوەستان بەڕێوەی دەبرد. لەگەڵ هاوسەنگەرانی رووخۆشو لەسەرخۆ بوو. ئیمانێکی قووڵی بە ئامانجەکانی حیزبەکەیو گەلەکەی هەبوو، ئەو لە ماوەیەکی کورتدا جێگەی خۆی لە نێو ریزی پێشمەرگەکاندا کردەوەو، فەرماندەیەکی بە ئیمانو دڵسۆزو خاوەن بیروباوەڕ ناسرا. ئەو لە بەڕێوە بردنی کارە حیزبیو پێ ئەسپێردراوەکانیدا جیددیو رێکوپێک بوو. نموونەی پێشمەرگەی خاوەن نەزمو دیسیپلین بوو، لێهاتوویی، فیداکاریو ئازایەتیی سەید ئەمیر بوو بە هۆی ئەوە کە وەک فەرماندەری لک لە هێزی شەریفزادە دیاری بکرێ.

سەید ئەمیر کاتێک بەفەرماندەری لک دیاری کرا زۆر ناوچەی دیکە بۆ کاری حیزبی چوو. بەشداری سەید ئەمیر لەشەڕەکانی ناوچەی ژاوەرۆ، گاوەرۆ، بێڵەواری کامیاران، سونقورو کولیای، بۆ هەمیشە لەدەفتەری بیرەوەری پێشمەرگەکانی شەریفزادەدا ماوەتەوە. کاتێک پایەگای کالیسەر لەسەر جادەی کامیاران بۆ مەریوان دەستی بەسەر داگیرا بۆ ماوەیەکی زۆر لەلایەن ئەمیری فەرماندەوە پارێزگاری لێکرا کە وەک شوێنێکی ستراتیژی چاوی لێدەکرا.

سەیدئەمیر عەبدی فەرماندەیەکی بەهەست، روحسووک، لەگەڵ پێشمەرگەکانی ژێر دەسەڵاتی وەک برایەکی باش هەڵسووکەوتی دەکرد لە هێچ ئەرکێکی حیزبی دریغی نەدەکرد ئەوەی لە توانای دابوو لە باری سیاسیەوە بە هاورێیانی خۆی دەگوتەوە. ئەو هەمیشە لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە پێشمەرگە دەبێ نموونەی ئەخلاق بێ.

هەروەک لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا نیوەشەوی ١٩ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی سەید ئەمیری عەبدی وێڕای فەرماندەرەکەی عوسمانی دادخا لەگەل ٥کەس لە هاوسەنگەرانی بۆ شناسایی پێگەکانی رێژیم روو لە ناوچەی حوسێناوەی سنە دەکەن. لەو شەڕە دابوو سەید ئەمیری عەبدی سینگی بە گوللەی دوژمن کون کراو دڵی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوتو خوێنی تێکەڵ بە خوێنی ٦ قارەمانی دیکەی حیزب، بە ناوەکانی١- عوسمان دادخا فەرماندەری هێز، ٢- محەممەد رەحیمی جێگری لک،٣- ساڵح ناسری پێشمەرگەی ئەرکانی هێز،٤- سەید خالید حوسێنی سەرپەل، ٥- ئیسماعیلی ناسری، ٦- ساڵح تهماسبی شەهید بوونو خوێنیان رژایە سەر خاکی کوردستانو، بوو بە گوڵاڵە سوورەی قەد شاخەکانی گوندی کێلەچەرموو خەمو ماتەمین بەسەر خەڵکی ئەم ناوچەیەدا باری. بەمجۆرە کوڕی زەحمەتکێشی دێموکرات لە ٢٧ تەمین مۆمی ژیانیدا لە نێوەراستی پاییزی تەبیعەتدا گوڵی ژیانی هەڵپرووکاو چرای عومری کوژایەوە.

---

# هێزی زرێباری مەریوان




## مەنسوور فەتاحی

ناوچەی شامیانی مەریوان یەکێک لەو ناوچە بە دیمەنانەی کوردستانی رۆژهەڵاتە کە بە درێژایی شەڕی داسەپاوی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بەسەر کورددا، شانبەشانی ناوچەکانی دیکەی کوردستان، بەشداریی لەخەباتی رەوای کورددا کردووە، باشترینو لێهاتووترین رۆڵەکانی خۆی پێشکەش بە بارەگای ئازادیو سەربەستی کورد کردوە.

ئاوایی "کەڕاوا" یەکێک لەگوندەکانی ناوچەی شامیانی مەریوانەو دیمەنێکی هەست بزوێنو دڵرفێنی سروشتی رازاوەی ئەو ناوچەیەی لەخۆ گرتوە. ئەو گوندە لەسەر بەشێک لە چۆمی سیروانو لە بەرامبەر زنجیرە کێوی کۆساڵان لەسەر شارێگەی سنە - مەریوان هەڵکەوتوە.

خەڵکی ئاوایی "کەڕاوا" هەرچەند لەبەشی سۆرانیشینی ناوچەی شامیان نیشتەجێن بە زاراوەی هەورامی دەدوێن چۆمی سیروان ئەو گوندەی لە ئاوایی هەورامی نشینەکانی دیکە، جیا کردۆتەوە.

ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی لە نێو بنەماڵەیەکی مامناوەندی ئاوایی "کەڕاوا" بە ناوی بنەماڵەی ڕەشەهەورامی منداڵێکی خوێنگەرم پێی نایە قۆناغی ژیانو ناوی مەنسووریان لەسەر دانا. چەند ساڵ دواتر بنەماڵەی مامەڕەشە بۆ مەریوان کۆچیان کرد، لەوێ مەنسووریان نارده قوتابخانەو وەک قوتابییەکی زیرەک پۆلەکانی خوێندنی سەرەتایی بە دوای یەکدا بڕی، پاش چەند ساڵ بنەماڵەی مامەڕەشە بۆ شاری پاوە کۆچیان کردو لەوێ درێژەی بە خوێندندا. دوای چەند ساڵ دووبارە گەڕانەوە شاری مەریوان، سەرئەنجام ساڵی ١٣٥٦ لە

رشتەی علومی تەبیعیدا بڕوانامەی دیپلۆمی وەرگرت.

منسووری فەتاحی هەر زۆر زوو بە دەورووبەرەکەی سەلماند کە کەسێکی بە بەهرەو تایبەتە. بەهرەی هونەری لە خۆشنووسیو وێنەکێشاندا هەبوو. لەرشتەی وەرزشی زۆرانبازیشدا بە تواناو لێهاتوو بوو، چەند جار لە پێش بڕکێیی ئوستانی پلەی یەکەم تا سێهەمی بەدەست هێنابوو.

سالی ١٣٥٦ کە سالّی دەست پێکردنی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵک دژی ڕێژیمی پاشایەتی بوو، مەنسوور فەتاحی لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی دیکەیدا بێ ئەوەی ئاگاداری خەباتێکی سیاسیو خەتێکی دیاری کراو بن گروهێکی زەربەتیان پێکهێنا شەوانە هێرشیان دەکردە سەر داموو دەزگای ڕێژیمی پاشایەتیو زەبریان لێ دەوەشاند.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانو ئاشکرا بوونی تیکۆشانی حیزب، لەگەڵ چەند هاوڕێی دیکەی "کانوونی فاروغتەحسیلاتیان" دامەزراند. پاشان لە ژێر تەعسیری بەرپرسی کانوونەوە ریزی چریکە فیدایییەکانی خەڵکی ئێرانیان هەڵبژارد، بە هۆی زاناییو کارلێهاتوویی وەک بەرپرسی نیزامیی ناوچەی مەریوان دیاری کرا، لەشەڕی سێ مانگەدا بە کردەوە قارەمانەتی خۆی سەلماند. بەدوای لێکترازانی چریکە فیدایییەکانو مانەوە لە باڵی ئەقەلێیەتدا، بیری نەتەوایەتی لە بیری مەنسووری ڕەشە هەورامیدا ریشەی داکوتاو بەرەو سەنگەری خەبات بۆ وەدیهێنانی مافی نەتەوەکەی هەنگاوی ناو، لەگەڵ چەند هاوڕێی دیکەی ریزی خەباتگێڕانی دێموکراتیان هەڵبژاردو لە هێزی زرێباری مەریوان سازمان درا.

هاتنی مەنسوور فەتاحی بۆ نێو ریزەکانی حیزبی دێموکڕات لاپەڕەیەکی نوێ بوو لە ژیانی سیاسی ئەو رۆڵە تێکۆشەرە. هێشتا ماوەیەکی کەم بەسەر ئەو قۆناغەی ژیانیدا تێپەڕی کە بە کردەوە دڵسۆزیو لێهاتوویی خۆی نیشاندا. هەر بۆیە ساڵی ١٣٦١ لەسەر بڕیاری دەفتەری سیاسی بە جیگری فەرماندەری هێزی زرێباری مەریوان دیاری کرا. ساڵی ١٣٦٢ دوای شەهید بوونی فەرماندەری هێزی زرێبار حسام ئەسعەدی، مەنسوور فەتاحی بە فەرماندەری هێز دیاری کرا، لەو پۆستەشدا هەروەک چاوەڕوان دەکرا، گۆی سەرکەوتنی لەمەیدان بردە دەرێ.

ساڵی١٣٦٤ی هەتاوی پاش گۆنگرەی ٧ی حیزب کە یەکێک لە بەشداران بوو، بە فەرماندەری هێزی شەهید عەزیزیوسفی دیاری کرا لەو ناوچەیەش رووسوور هاتەدەر. لە کۆنگرەی هەشتەم بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو بەرپرسایەتی مەڵبەندی یەکی جنووبی پێ سپێردرا.

لە کۆنگرەی ٩ وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو لە کومیسیونی سیاسی نیزامیی وەک جێگرو بەشی تەشکیلات کاری دەکرد. ساڵی ١٣٧٣ لەسەر بڕیاری دەفتەری سیاسی بەرپرسی مەڵبەندی یەکی پێ سپێردراو تا کۆنگرای ١٠ی حیزب ئەو ئەرکەی بەڕێوە برد. دوای کۆنگرە لە ساڵی ١٣٧٤ لە کۆمیسیونی رادیو کاری نوێی دەست پێکرد.

مەنسوور فەتاحی بەدوای هەڵوەشاندنەوەی مەڵبەندەکان لە سەر بڕیاری دەفتەری سیاسی بەرپرسایەتی کومیتەی شارستانی پاوەی پێ سپێردراو تاکاتی شەهیدبوونی بەوپەری فیداکارییەوە لەو پۆستەشدا تێکۆشاو خزمەتی کرد. ناوبراو سەرەڕای تێگەیشتوویی سیاسیو مودیرییەت لە بەرپرسایەتیدا، لەباری نیزامییەوە فەرماندەیەکی کارامەو لەکڵ دەرهاتووی حیزب بوو. لە کاتی شەڕو تێکهەڵچوون لەگەڵ دوژمندا، ورەی بە هاوسەنگەرانی دەبەخشیو بەکردەوەش لەگەڵیان بوو. ئەو هیچکات ترسی نەدەناسی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمندا وەک چیا سەرکەشەکانی شاهۆ، کۆسالان رادەوەستاو فەرماندەهی پێشمەرگەکانی دەکرد.

لە دەورانی فەرماندەری خۆیدا لە دەیان عەمەلیاتی گەورەو بچووکدا بەشداری کرد، سەبرو حەوسەلەو ورەی بەرزی ئەو لەکاتی شەڕو تەنگانەدا، ئێستاش لەسەر زمانی هاوسەنگەرانییەتی.

مەنسوری فەتاحی بۆ هەر جێگایەکی کوردستان مەئموورییەتی پێ سپێردرابایە بە گیانو دڵ بەڕێوەی دەبردو خۆی بە پێشمەرگەی هەموو ناوچەکانی کوردستان دەزانی ئێستاش ئەو رەستەیەی لە گوێی هاوسەنگەرانی دەنگ دەداتەوە کە دەیگوت "ئەگەر حیزب مەئموورییەتێکی پێ سپاردی، بیر لە گەورەو چووکەیی مەکەوە بەڵکوو بیر لەوە بکەوە کە ئەرکی حیزبەو دەبێ بەڕێوەی بەری، هەر کارێکی کە حیزب بۆی دیاری کردی بە گیانو بەدڵ ئەنجامی بدەو هیچ دوودڵی لێ مەکە".

تێکۆشەرێکی نێو ریزەکانی حیزب، کەسێکی بەئیرادەو خاوەن هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە بوو لە گەڵ ئەوەدا کە زۆر عاتفی بوو، سیمایەکی جیدی ئیرادەیەکی پۆلایینی هەبوو. خەڵکی ناوچەی مەریوان، سنە، ژاوەرۆ هەورامانی تەخت، سەقزو دیواندەرە، لە نزیکەوە مەنسووری فەتاحییان خۆش دەویست، بۆیە بۆ ناساندنی ئەو فیداکارە هەر ئەوەندە بەسە بڵێین، لەسەنگەرەوە دەستی پێکردو لەرووی تەشکیلاتییەوە متمانەی کۆنگرەکانی حیزبی وەدەست هێناو لە کۆتاییدا لە نیو دڵی خەڵکەکەیدا جێی خۆی کردەوەو، گەیشتە رێبەریو خۆشەویستی حیزبو خەڵکی کوردستان.

هەر بۆیە رێژیمی تێرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی زۆر جار لەرێگای جۆراوجۆر لەهەوڵی ئەوەدا بوو کەزەربەی لێبدا، بەداخەوە بە کەڵک وەرگرتن لە هەلومەرجی تایبەتی کوردستانی عێراق، بەهۆی کەسانی نەفس نزمو خۆفرۆشەوە هەلی بۆ رەخساو لە کردەوەیەکی تێرۆریستیدا مەنسووری فەتاحی ناسراو بە مەنسووری رەشەهەورامییان شەهید کرد.

رۆژی ١٧ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٧٦ لەگەڵ ژمارەیەک لەهاورێیانی بە دوو ماشێنەوە بۆ کاری حیزبی لەسولیمانی بەرەو بنکەی دەفتەری سیاسی رێکەوتن، بەڵام لەنزیک شاری"دووکان" کەوتنە بەر دەسڕێژی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیو شەهید مەنسوورو هاورێیانی لێیان وەدەست دێنو تێرۆریستەکان راو دەنێنو دەست بەسەر ماشێنی تێرۆریستەکانو کۆمەڵێک بەڵگەی تیرۆریستیدا دەگرن. بەداخەوە لەدواین کاتی شەڕ

**مەنسووری فەتاحی ناسراو بە مەنسووری رەشەهەورامی کەوتە بەر گوللەی گەل فرۆشان وکوردکوژانو، گیانی پێشکەش بە نیشتمان کرد.**

---




**ئەسعەد موقەدەسی**

**لەهەر لایەکو جێگایەکەوە لاپەڕەکانی مێژووی چەندین ساڵەی بێ پسانەوەی خەباتی ئاشکراو نهێنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەڵدەینەوە، بە مێژووی پڕ لەشانازی رۆڵە خەباتگێرو شۆڕشگێڕەکانیدا بچینەوە بەباشی بۆمان دەردەکەوێ کە تێکۆشەرە قارەمانو فیداکارەکانو کارامەکانی ئەو نەتەوە خۆڕاگرە، بۆ گەیشتن بە ئامانجی بەرزی شەهیدان، چۆن دەستیان لەژیانی ئاسایی خۆیان هەڵگرتووە، تەنانەت لە گیانی خۆشیان مایەیان داناوە.**

**ئەوانەی ئەو رێگا پیرۆزەیان گرتۆتەبەرو لەو رێگا پیرۆزەشدا بە هەزاران رۆڵەی کۆڵنەدەرو ماندوونەناسو دڵ پڕلە ئاواتو هیوا، بە خوێنی گەشی خۆیان مێژووی خەباتیان نووسیوەتەوەو سەری بەرزیان کردۆتە پردەبازی سەرکەوتنو جێگای هەمیشەییان لە نێو دڵی ئازادیخوازاندا بۆخۆیان تەرخان کردوە. لە یادی فەرماندەرانی شەهید، پێشمەرگەی تێکۆشەرو ئازا، رۆڵەی دڵپاک کە بۆ نەتەوەکەی ژیاو لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجی بەرزی شەهیداندا خۆی فیدا کرد، ئەسعەدی موقەدەسی لە مەریوان باس دەکەین.**

**ئەسعەد موقەدەسی لە ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی هەژار لە ئاوایی "بۆڕیەر"ی ناوچەی ژاوەرۆی مەریوان چاوی بۆ ژیان کردۆتەوە، هێشتا ئەسعەد منداڵ بوو کە بە هۆی گیروگرفت ژیانی بنەماڵەکەی ئاوایی**

بۆریەریان بەجێهێشتو لە شاری تاران گیرسانەوە. سەرەڕای کەموکوڕی باری ژیان لە تەمەنی ٧ ساڵی ڕەوانەی قوتابخانە کراو بە داخەوە بە هۆی تەنگ دەستی بنەماڵەکەی توانی تا پۆلی دووهەمی ناوەندی دەرس بخوێنێ، بە دوای ئەوە ماڵئاوایی لە قوتابخانە کردو ملی بەر کاروکاسبی ناو شان بەشانی باوکی بۆ پەیدا کردنی بژێوی ماڵەوە زەحمەتی دەکێشاو وەک شاگرد میکانیکو لە ماوەیەکی کەمدا شارەزایی لەوبوارەدا وەدەست هێنا.

لەنێو لاوانی هاوتەمەنی خۆشەویست بوو لەگەڵیان کۆ دەبۆوە، زۆر تایبەتمەندی باشی لە وجوودیدا هەبوو، هەر ئەو تایبەتمەندییانەش وایان کرد، ئەو کۆڕو کۆبوونەوانە (بە تایبەت لە ناوچەی ژیان دا) ئەو تێیدا بەشدار دەبوو، ببنە دەرەتانێک بۆئەوەی بە شێوەیەکی لێبڕاوانەو بە ئاگاهیەوە بەرەنگاری بە ئامانجە ڕەواکانی نەتەوەکەی بکاو هاوکاتیش ئەو دۆخە پڕ لە ستەمەش وێنە بکا کە نەتەوەکەی تێیدا دەژی.

لە ساڵی ١٣٦٣ بە ئیجباری گیراو لە سەربازخانەکانی مەریوان خزمەتی زۆرە ملی بەسەردا سەپا، بەڵام بە هۆی ئەوەکە لە ناوەرۆکی سیاسەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە تەواوی هەستی کردبوو نەیتوانی لەوە زیاتر چاو لێکەری جنایەتەکانی ڕێژیم بێو لە مانگی گەلاوێژی ئەوساڵە لە سەربازی رای کردو خوی بە یەکێک لە ڕێکخراوەکانی ئوپوزیسیونی کوردی ناساند.

ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی ریزی تێکۆشەرانی دێموکڕاتی هەڵبژاردو ئەرکی خزمەت بە نەتەوە زوڵم لێکراوەکەی لە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبدا دەست پێکرد. ئەسعەدی موقەدەسی لەگەڵ ئەوەیدا پێشمەرگەیەکی ئازاو چاو نەترس وزەبر وەشێن بوو، بڕوایەکی قوڵیشی بە تەشکیلات بوو، بەهۆی لێ هاتوویی‌و کارزانی بەرپرسایەتی جۆراوجۆری وەئەستۆ گرت لە زۆر بواردا تێکۆشا، لە ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتی خۆیدا لە زۆر عەمەلیاتی سەرکەوتوانە بەشداری کرد. بە هۆی ئازایەتی لە ساڵی ١٣٦٩بە سەرپەل دیاری کراو پاشان وەک جێگری لک کاری دەکرد لەو مەسئوولییەتانە سەربەرزوو رووسوور هاتەدەر.

شەڕە بەناوبانگەکانی کوڕە میانە، پشتی تفلێ، لە شەڕەکانی ناوچەی ژاوەرۆ، تەنگی سەر، سەرو نزارە، حومەی مەریوان، شەڕەکانی مەنتەقەی بێڵەواری کامیاران، شەڕی کۆڕەی مریەم، میروەیسی، بێساران‌و بنچڵەی‌شاهۆ، نمونەیەکی چووکەن لە حماسەکانی ئەسعەدی موقەدەسی کە هیچکات لە خەبات نەوەستا.

ناوبراو بڕوایەکی قووڵی بە ڕێبازەکەی هەبوو، هەموو ئاواتەکانی لەسەر کەوتنی خەباتو، بە ئاوات گەیشتنی نەتەوەکەیدا کۆ کردبۆوە. ئەسعەد کوڕێکی ئازاو هەڵسووڕ بوو، بۆ هەر مەئموورییەتێکی حیزبی کە پێیان دەسپارد سەری لە ڕێ دابوو، بێ سێو دوو لێ کردن بە ئەنجامی دەگەیاند. فەرماندەیەکی هەڵسووڕو تێگەیشتوو بوو. بۆ روونکردنەوەی خەڵک لە هەر دەرفەتێک کەڵکی وەردەگرتو قسەی بۆ دەکردن‌و سیاسەتەکانی حیزبی بۆ شی دەکردنەوە. هەر بۆیەش ڕەوانەی دەورە کراو وەک کادرێکی بە توانا هەڵسووڕانی هەبوو.

ئەسعەد لاوێکی بە هەستو ئاکار جوان بوو. بەهۆی کردەوەی شۆڕشگێڕانەو ئەخلاقی جوانو دڵسۆزیو لەخۆبووردوویی جێی خۆی لەنێو دڵی هاوسەنگەرانیو خەڵکی ناوچەی مەریوان کرد بۆوەو پڕبەدڵ خۆشیان دەویست. بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەوە لەلایەن حیزبەوە بە فەرماندەری دەستەی کوماندۆی هێزی کرماشان دیاری کرا. ناوبراو بۆ ئەوەی نیشان بدات کە شیاوی ئەم پلەیە، پتر کاری دەکردو زیاتر لە ئەندازە خۆی ماندوو دەکرد. هەست بە مەسئولییەتو تێکۆشان بۆ فێربوونو هەوڵدان بۆ خەبات دژی ڕێژیمی ئاخوندی تایبەتمەندی هەرە بەرچاوی ئەسعەدی موقەدەسی بوو. ئامانجی ئەسعەد رزگاری نەتەوەکەی بوو بۆیە زۆرجار لەلای هاوڕێکانی دەیگوت "تەنیا ئاواتم ئەوەیە کە رزگاری گەلەکەم بەچاوی خۆم ببینم"، بەڵام بەداخەوە دوژمنانی ئازادیو مرۆڤایەتی نەیانهێشت ئاواتی شۆڕە لاوی کورد بێتە دیو بە نامرادی سەری نایەوە. لەرۆژی ٢٨ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی لە شەڕو بەرەنگارێکی ئازایانەدا لە چیای شاهۆ لە گەڵ هاوسەنگەرێکی بە ناوی نادر وەزیری شەهید بوو بۆ هەتاهەتایە ناوو یادی لە دڵی خەڵکو هاوڕێیانیدا ماوە روحی شادو رێگای پڕ رێبوار بێ.

-----------------------------------------------------------------




**سەدیق فیروزی**

زۆر سەختەو لەتوانای قەڵەم دابێ، تەنانەت کارێکی سانا نیە کە بتوانی هەموو ژیانو بەرخۆدانی کەسیک بنووسی کە باشترین کاتەکانی ژیانی بۆ نەتەوەکەی تەرخان کرد بە رەستەیەک، پاڕاگرافێکو تەنانەت چەند لاپەڕەش، ناوی بەرزی ئەوانە لێک بدرێتەوە، بۆیە ئەگەر ژیانی ئەو قارەمانانە لێک بدەمەوەو هەڵسەنگێنم

دەبێ بەهەموو چرکە ساتەکانی مێژووی کوردستاندا بچمەوە، لەبەر ئەوەی ناوو یادی شەهیدان پیرۆزترینو گەورەترین بەرهەمی شۆڕشی کوردستانن کە هەستی سۆزو خۆشەویستی لە دەروونی هەر تاکێکی کورددا دەجوولێنن. لەبەر ئەوەی ژیانو فیداکاریی هەر شەهیدێکی ئەم ئاوخاکو نیشتمانە، دەتوانێ هەڵگری پەرتووکێکی سەدان لاپەڕە بێ کە لە سەری بنووسرێ. لەبەر ئەوەی باش دەزانین شەهید لووتکەی فیداکاریو خۆبەخشینە.

ئەمجارە بۆ شەهیدێکی دیکەی ئەو ئاوخاکە روو لە شامیانی مەریوان دەکەینەوە سەختی دژواری خەبات، زیاتر هانیدا بۆ بەرێوە بردنی ئەرکەکانیو بە هەموو توانا تێدەکۆشا. ئەو کەسەی هیچکات هەستی بە ماندوویيو شەکەتی نەدەکرد شەهید سەدیق فیروزیيە یادی دەکرێتەوە.

سەدیق فیروزی لەساڵی١٣٣٩ لەئاوایی نسڵ (ناوچەی شامیان)ی مەریوان لەدایک بوو. بەرە بەرە کە گەورە بووە رەوانەی قوتابخانە کراوە هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ رەنجو کوێرەوەری دەستەو یەخە بوو لە سەرانسەری دەورانی خوێندنیدا ناچار لەکاتی پشووداندا کاتی خۆی بۆ کارکردن تەرخان بکا تا خەرجی خوێندنی خۆی پەیدا بکاو لەهەمان کاتدا بتوانێ یارمەتێک بە بنەماڵە هەژارەکەی بکا، بەمجۆرە خوێندنی تا وەرگرتنی دیپلۆم لە شارەکانی مەریوانو سنە درێژە پێدا.

لەخۆپیشاندانەکانی ساڵی١٣٥٧ی هەتاوی دژی رێژیمی شاهنشاهی لەشاری مەریوانو سنە بەشداری کرد. ژیانی سیاسی سەدیق فیروزی لە سەرەتای ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوییەوە دەستی پێکرد. لە سەرەتادا وەک ئەندامی جەمعیەتی قوتابیانی سنە، بۆ رێکوپێک کردنی خەباتی قوتابیان تێکۆشا. پاشان پێوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرت. لاوی تازە خەباتکار وەک بەرپرسی یەکیەتی لاوانی ئاواییەکانی نسڵو گۆشخانی دیاری کرا. هەر لەو کاتەدا سەرەرای تەمەن کەمی بە هۆی لێهاتوویی لەلایەن خەڵکی ئاواییەکەیانەوە وەک شوورای ئاوایی نسڵ هەڵبژێردرا. سەدیقی فیروزی لاو تازە دەستی بە کاری شۆڕشگێری کرد بوو کە باوکی کۆچی دوایی کرد. سەدیقی لەگەڵ کۆمەڵێک تەنگو چەڵەمەی ژیان بەجێهێشت. بۆیە لەکاتێکی ئاوادا دەبوایە بڕیار بدا لە دوو رێگا یەکیان هەڵبژێری. یا دەست لەخەباتو تێکۆشان هەڵبگرێو پێوشوێنی بنەماڵە هەژارەکەی بکەوێ، یا رێگای خەباتو تێکۆشانی سەختو پڕ لەشانازی درێژە بدا. بەڵام ئەو کەسێکی سیاسیو تێگەیشتوو بوو دەیزانی قازانجی بنەماڵەکەی بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندی گشتی نەتەوەیی، بۆیە تێکۆشانی سیاسی هەڵبژاردو هەموو شتێکی وەلاناو، ژیانی خۆی بۆ رێگای رزگاری نەتەوەکەی، رزگاری بنەماڵەکەشی بوو تەرخان کرد.

سەدیق فیروزی سەختیو دژواری خەباتو گیروگرفتی ژیانی رۆژانەی کە تێکەڵ لەگەڵ فشارو زۆری رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنەماڵەکەی، نەک هەر نەیان توانی ئەو رۆڵە قارەمانە لە خەباتو تێکۆشان سارد

بکەنەوە بەڵکوو هەر ئەندازە فشار زۆرتر دەبوو هەر بەو رادەیە بڕواو ئیمانی قایمی بۆ بەربەرەکانی بەرزتر دەبۆوە.

سەدیق فیروزی لە پێشمەرگایەتی‌یەوە دەستی پێکرد، ئازاو بە جەرگ بوو لەزۆر شەڕی قارەمانانەدا بەشداری کرد، پاشان وەک کادری سیاسی لک دیاری کرا، کادرێکی بە تواناو سیاسی‌و هەڵسووڕ بوو بۆیە لە کۆنفرانس‌دا بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی مەریوان هەڵبژێردراو بە بەرپرسی کۆمیتە لە ناوچەکانی شامیان‌و سەرشیو دیاری کرا. ئەو کوڕی رۆژی تەنگانەو هاوسەنگەرێکی وەفاداری شۆڕشگێڕان بوو، ئەو تەنیا پێشمەرگەیەکی ئازا نەبوو بەڵکو بۆ پێگەیاندنی خۆی‌و هاوڕێیانی لە باری سیاسی‌یەوە زۆری هەوڵ دەدا هەر مەئموورییەتێکی حیزب پێی ئەسپاردبایە بە گیان‌و بە دڵ بەڕێوەی دەبرد. پاشان بە هۆی لێوەشاوەیی بەرپرسایەتی لکی کەوتە سەرشان‌و لە زۆر شەڕی قارەمانانەدا رۆڵی سەرەکی گێڕا، بە هۆی کارامەی تێگەیشتوویی سیاسی بە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستانی مەریوان‌و پاشان لە سازماندەهی تازەدا بە ئەندامی مەڵبەندی یەکی جنووب‌و بەرپرسایەتی کۆمیتەی شارستانی مەریوان پێ‌ئەسپێردرا.

سەدیق فیروزی لە کۆنگرەی ٨ی حیزبدا وەک ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو دوای کۆنگرە ئەندامەتی مەڵبەندی یەکو بەرپرسایەتی کۆمیتەی شارستانی کرماشانی پێ ئەسپێردرا. کوڕی شۆڕشگێڕی دێموکڕات بەردەوام هەوڵی دەدا خۆی پێ بگەیەنێ‌و پەروەردە بێ. پلەی تێگەیشتووی زانیاری خۆی بە کەڵک وەرگرتن لەهەموو ئەزموونەکانی خەباتو خوێندنەوە، بەشداربوون لەدەورە سیاسی‌و نیزامیی‌یەکاندا بەرێتە سەر. هەربۆیەش ئەو قارەمانە زۆر زوو هەڵی‌داو بە تێکۆشانی بێ وچان‌و بە نیشاندانی فیداکاری‌و لەخۆبووردوویی سەلماندی کە شیاوی بەرپرسایەتی بەرزترە.

سەختی دژواری خەبات، زیاتر هانی دەدا بۆ بەڕێوە بردنی ئەرکەکانی‌و بە هەموو توانا تێدەکۆشا، هیچکات هەستی بە ماندوویی‌و شەکەتی نەدەکرد. ئەو شۆڕشگێڕێکی بەئیمان‌و بە ورەو کادرێکی لێزان‌و تێگەیشتوو بوو، هونەرمەندێکی بە زەوق‌و سەلیقەش بوو. بە نەقاشی‌و فیلم هەڵگرتن عەلاقەیەکی زۆری هەبوو دووربین لەشان، بن بەردو رەوەزو دەوەن، لەگەڵ پێشمەرگان دەگەڕاو لە جەریانی ژیانی خەڵکو خەباتی پێشمەرگەکان وێنەی هەڵدەگرت وەک بەڵگە بۆ داهاتوو تۆماری دەکرد.

سەدیق فیروزی لە ئاخرین بەرپرسایەتیدا نیشانی‌دا کە بەدڵ‌و گیان کە بۆ جێبەجێ کردنی بڕیاراتی حیزب ئامادەیەو خەبات لەرێگای ئازادی‌و وەدیهینانی ئامانجی نەتەوەکەی لە هەموو کات سوورترە. ئەگەرچی گوڵی تەمەنی زوو هەڵپڕوکا، بەڵام هەر لەو ماوە کورتەی ژیانی‌دا نیشانی‌دا کە شۆڕشگێڕێکی کەم وێنەو خەباتگێڕێکی بەئیمان‌و وەفادار بە ئامانجی بەرزی گەلەکەیەتی. خۆشەویستی خەڵکی ناوچەی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان بوو بە تایبەت ناوچەی مەریوان‌و ژاوەرۆ و شامیان.

زەحمەتکێشـانی ئەو نـاوچـانە سـەدیقی فیـروزی لەخۆیـان دەزانـی دەردو دڵیـان لەلا دەکـردو ڕێنوێنییەکـانی ئەویـان لە گـوێ دەگـرت، خـاکیو خەڵکی، سەرو ڕووخۆش بـوو. کـادرێکی بە ئەزموونو لێوەشـاوە پێشکەش بە بارەگای ئازادی کرد.

بەداخەوە کەم ژیا، ڕۆژی ٢٧ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٧ لە شەڕێکی قارەمانانە لەگەڵ بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی لەناوچەی کامیاران شەهید کراو گیانی خۆی کردە پردە بازی سەرکەوتنی نەتەوەکەی.

بەڵام ڕۆڵەکانی دێموکڕات وەک نیشانیان دابوو نەک ورەیان بەر نەدا بەڵکوو لە درێژەدانی ڕێگـای خەبـاتدا دڵگەرمتـر بـوون، ڕۆلەکـانی دێمـوکڕات بەتـایبەتی بە پشـتیوانانی بـێ دریغـی خەڵکـی کوردسـتان کە شـەهید سەدیقیان لە داوێنی خۆیاندا پەروەردە کردبوو یـادی ئەویـان هەر زینـدوو ڕاگـرتو کـردەوە بەنرخەکـانی شـەهید سەدیق فیروزییان کردە مەشغەڵی ڕێگای خەباتی خۆیان.

---




محەممەدکەریم فرووغی

لەهەر کۆمەڵگـایەکدا کە زوڵـمو زۆرو چەوسـاندنەوە هەبـێ، خەبـاتو بەربەرەکـانێش بەردەوامە. مێـژووی نەتەوەی کورد شاهیدی خەباتو تێکۆشانی ڕۆڵەکانییەتیو تائێستاش ئەو خەباتە بە شێوەی جۆراوجۆر لەلایەن ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیەوە درێژەی هەیە. نەتەوەی کورد لەرەوتی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی خۆیداو هەمیشە بە گـوێرەی هەلـومەرج، هەوڵـی داوە بـۆ ئەوەی ئـازادیی وەدەسـت بێنـێ. فیـداکاریو لەخۆبـووردوویی و گیانبـازیو قوربانیدانی ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە باشترین بەڵگەن بۆ ئەو قسەیە.

مێـژووی خوێنـاوی ئەو گەل‌و نیشـتمانە ئەوەمـان پـێ دەڵـێ کە تـا نەتەوەی کـورد هەیە دەنگ‌و هـاواری بـۆ خەبـات‌و گەیشتن بە مافەکانی بێدەنگ ناکرێ. چونکی نەتەوەیەکی خۆڕاگرو، ئامادەشە نرخی ئازادی خۆی بـدا، ئامادەیە باشترین‌و بە ئەمەگترین ڕۆڵەکانی خۆی بکاتە قوربانی. کوێی ئەم پێدەشتانە، لەو شاخ‌و کێوانە، لەو شیودۆڵانە، لە شارو دێ، لەمووچەو مەزرا، لە هەمـوو جێیەکی ئەم کوردستانە بە ڕۆڵەیەکی ئەم نیشتمانە بە خوێن شەلاڵ نەبووبێ.

شـەهیدان سـەرووەرانی مێژوومـانن، ئەو ڕۆلانەی بە سـەخاوەتەوە گیانیـان کـردە خـوڵقێنەری مێـژوو، بـۆیە جێگـای خـۆیەتی ڕێزیـان لـێ بگـرین. پێویسـتە ئـێمەش بە درێـژەدان بە ڕێگایـان، بە کەڵـک وەرگـرتن‌و دەرس وەرگرتن لە ژیان‌و خەباتیان ڕێزیان لێ بگرین.

یەکێک لەو ڕۆڵە فیداکارانە کە لەو ڕێگایەدا سەری سەربەرزی دانا ڕێز لە یادو ناوی دەگرین، شەهید حەمە کەریم فروغی لە ناوچەی مەریوانە.

حەمەکەریمی فروغی سـاڵی ١٣٤٥ی هەتـاوی لە داوێنـی بنەمـاڵەیەکی زەحمەتکێشـی ئـاوایی ژاوەرۆی نـاوچەی مەریوان چاوی بە ژیانێکی نابەرامبەرو پڕ لە تەنگ‌و چەڵەمە هەڵێناو بزەی شادی خستە سەرلێوی دایک‌و بـابی هەژاری. بەهـۆی نەداری‌و دەسـت کـورتی بنەمـاڵەی لەرونـاکی زانسـت‌و خوێنـدن بێـبەش مـاوەتەوەو دەرگـای قوتابخانەی نەکردۆتەوە. هەر لە تەمەنی مێرمنداڵی دا بۆ کرێکاری‌و بەدەست هێنـانی بژێـوی ژیـانی بنەمـاڵەی ڕووی کردۆتە شارە گەورەکانی ئێران‌و لە بەرامبەر داهاتێکی کەمدا هێزی باسک‌و دەست‌و مەچەکی مانـدوو بـوە. گەڕان بە شارەکانی ئێرانداو دووری لەزێدی خۆی‌و تێکەلاو بوونی لەگەڵ زەحمەتکێشانی ولاتەکەی، بوو بە هۆی ئەوە کە زیاتر هەست بە چەوسانەوە بکاو زۆرتر تامی تـاڵی بندەستی بچێژێ. سەرەنجام پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی‌و تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، ڕێبـازی حیزبـی هەڵبـژاردو تێکۆشـانی تەشکیلاتی دەست پێکرد. بە پێی توانا هاوکاری تێکۆشەرانی حیزبی دەکرد.

سـاڵی ١٣٦١ چەکی دەست دایەو بە کردەوە پێی نایە گۆڕەپانی خەبـاتی چەکدارانەو لەریـزی پێشمەرگەکانی هێـزی زرێبـاری مەریـواندا سـازمان درا. سـاڵی١٣٦٣ بـۆ دەورەی سـەرەتای پێشـمەرگە ڕەوانەی فێـرگەی سیاسـی نیزامیـی کـراو ئەو قۆناغەشـی بە سـەرکەوتنەوە تێپەڕکـردو گەڕایەوە ریـزی هاوسـەنگەرانی‌و بە ئەزمـوونێکی زیـاترەوە تێکۆشـانی دەست پێکرد. حەمە کەریم پێشمەرگەیەکی ئـازاو نەتـرس‌و بێبـاک بـوو، هەر بەو بـۆنەوە ساڵی ١٣٦٥ بە جێگر پەل دیاری کراو چالاکانەو سەرکەوتوانە ئەو قۆناغەشی تێپەڕ کردو بە کردەوە نیشـانیدا کە هەڵگـری بەر پرسـایەتی زیـاترە. هەر بـۆیە دواتـر بە فەرمانـدەری پەل‌و پاشـان بە فەرمانـدەری لـک هەڵبژێردرا. شەڕە بەناوبانگەکانی ئەو نـاوچەیە وەک شەڕی ژاوەرۆ، کەلاتەرزان، کۆماسی، شـامیان، سەرشیو، هەورامان، ساڕاڵ‌و بەرپلەی ساراڵ، ناوچەکانی بانە، سەقز، دیوانـدەرە، سنە، کامیـاران‌و کوڕەی‌میـانە، کوچک

چەرمووی کاشنەر، شەڕی کەللە قەندی، نێو شاری مەریوانو لێدانی فرۆکە خانەی سنە کە بەشێکی زۆریان لە ژێر فەرماندەری شەهید حەمە کەریمدا بەڕێوە چوون، بۆ هەمیشە شاهیدی لەسەر ئازایەتی ئیرادەی پتەوی ئەو رۆڵە فیداکارە دەدەنو بۆ هەتا هەتایە مۆرکی شەهامەتو فەرماندەهی حەمە کەریمیان پێوە دیارە.

حەمە کەریم کوڕێکی بە ئەخلاق، گەل دۆست، زیرەکو وشیارو لێوەشاوە بوو. هەربۆیە لە نێو هاوسەنگەرانیو خەڵکی ناوچەدا مرۆڤێکی خۆش ناوو خۆشەویستی هەموویان بوو.

چەندین جار لەلایەن هێزو کۆمیتەی شارستانەوە بە نووسراوە تەشویق کرابوو. جارێک لە شەڕدا بە توندی بریندار بوو. بەڵام پاش چاک بوونەوە هەر حەمە کەریمەکەی جاران بوو هەر بەو ئیمانەوە لە سەنگەری دیفاع لە مافی گەلەکەیدا مایەوە.

بەڵام حەیفو مخابن، رۆژی ٥ی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٧٤ لەئاوایی "بندۆڵ"ی مەریوان لەشەڕێکی خوێناویدا شەهید کراو تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوو.

شەهید حەمە کەریم لەو شەڕەدا کە چەکەکەی لە دەست پەڕیبوو، و چەکەکەی کەوتبوە بەردەستی جاشەکان، بە بێسیمەکەی داوای لە هاوسەنگەرانی کرد کە فریای کەون. پێشمەرگەکان کە لە شەڕی سەنگەر بە سەنگەردا بەرەو پیری دەچوون. دیسان بانگی کردنەوەو گوتی" ئەوە چەند گوولەی دیکەم وێکەوتو شەهید دەبم، ماڵئاواییتان لێ دەکەمو داوام ئەوەیە کە رێبازی من درێژە پێ بدەن" ئەوە دوا وشەی حەمە کەریم بوو کە ئێستاش لە گوێی هاوسەنگەرانیدا دەزرینگێتەوە.

---




## حسام ئەسعەدی

ئەو کاتەی تیشکی خۆرلە هەموو کات بەهێزترو بەتینترە، کە چاوی لێ دەکەی جگە لە چاو نووقاندن هیچ دەسەڵاتێکی دیکە نیە. کاتێک شەپۆلی بەسامو بە تەوژمی زەریای بێ پایان چاو لێ دەکەی کە تا چاو دەبینێ شەپۆل دوای شەپۆل بە تەوژمێکی زیاتر دێتو هیچ بەربەستێک ناتوانێ پێشی بگرێ، وەختێک لە تاریکە شەوی بەهاردا بە نێو لێڕەوارو دارستانی زەمندو چڕدا دەڕۆی، لە ترسی شەوە زەنگی بێدەنگی‌دا مچرووکێک بە لەش دادێ‌و سەرت سوور دەمێنێ.

ئەوانە مەزنتر لەدەسەڵاتی ئینسان‌و بیری قودرەتی سروشتن. بەڵام کاتێک کە ئیمانی پتەو ورەی بەرزی پێشمەرگە دەکەونەوە بیرمو بیری لێ دەکەمەوە، بە لای نەتەوەی زۆڵم لێکراو لە خۆری جیهان روونـاکترو بە هێزتری، لە زەریای بێ‌پایان سەردەمی تۆفان بە سامترو لە شەوە زەنگی دارستان بە هەیبەتتری. چوونکی مێژوو قارەمانەتی وئازایەتی بۆ سەبت کردووی کە هێزی زۆرو پوشتەو پەرداخی دوژمن بە مۆدیرینترین چەکی دەستی‌و توپو خۆمپارەو کاتیوشاو فرۆکە بە دڕندانەترین شێوەی بێ بەزەییانە هێرشیان بۆ دەکردی، تۆ ئەو قارەمانەی‌و گلێنەی چاوی کوردوکوردستانی، قامک لە سەر پەلاپیتکەی تفەنگو گیانت لەسەر دەست دانـاو، بە گژ داگیرکەراندا چوویەوە، سەرئەنجام گەورەترین سەرمایەی ژیانت بۆ نەتەوە بەشخوراوەکەت دانا.

حسام ئەسعەدی سـاڵی ١٣٣٨ی هەتـاوی لەکاتێکدا ساواک پەلاماری رۆڵە تێکۆشەرەکانی دێموکراتی دەدا لەئـاوایی کەس‌نەزانی سەرشیوی سەقز رۆڵەیەکی خوێنگەرم لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەرو نیشتمانپەروەر چاوی بەدنیای روون کردەوە هێشتا دوو بەهاری لەتەمەنی تێنەپەڕی کە باوکی خۆشەویستی لەدەستداو ئەرکی گەورە کردنو بەخێو کردنی کەوتە سەرشانی برا گەورەکەی.

بەرەبەرە کە گەورە بوو کتێبی بەدەستەوە گرتو ڕەوانەی قوتابخانەی کەسنەزان کرا، دەورانی سەرەتایی زۆر ئازایانە بڕیو وەک قوتابییەکی زیرەک دەرسی دەخوێند، بەهۆی ئەوە لەگوندی کەسنەزان قوتابخانەی ناوەندی لێ نەبوو حیسامیش کوڕێکی دەرس خوێن بوو بۆ درێژەدانی خوێندن ڕەوانەی شاری بانە کراو، ماوەی ٣ ساڵ دەورانی ناوەندی لەوشارە تەواو کرد. ئەو هاوینانیش دەگەڕایەوە ئاوایی‌و یارمەتی دەکردن تا بتوانێ گۆشەیەک لەژیانی ناخۆش ئەوکات کەم بکاتەوە.

حیسام ئەسعەدی بۆ درێژەدانی خوێندن ڕووی لەشاری سنە کردو لە هنرستانی سەنعەتی‌و لەڕشتەی برق ناونووسی کرد. چوونی ناوبراو بۆ شارەکانی بانەو سنە بوو بە هۆی ئەوە کە هەست بەزۆر شت بکاو لە خوێندن زیاتر چاوو گوێی کراوە.

لەساڵی ١٣٥٦ بڕوانامەی دیپلۆمی وەرگرتوو هاوکات لەو زستانەشدا پێوەندی بە حیزبی دێموکڕاتەوە لە باشووری کوردستان گرت، ئەمجارە خۆی زیاتر ماندوو دەکردو لەنێو هاوڵاتی زیاتر زوڵم‌و زۆری ڕێژیمی پاشایەتی بۆ هاوپۆلانی شیی دەکردەوەو زیاتری ئەو ڕێژیمەی دەناساند.

بەرەبەرە خۆپێشاندان دژی ڕێژیمی پاشایەتی دەستی پێکرد ئەوەیش وەک یەکێک لەهەزاران لاوی کوردستان لە ڕێ پێوانەکانی شاری سەقزو سنە دژی ڕێژیمی پاشایەتی بەشداری کرد. لەساڵێ ١٣٥٧ لە ئەزموونی زانکۆی ئەفسەری بەشداری کردو بە پلەیەکی باش وەرگیرا، بەڵام بەهۆی ئەوە هەستی نەتەوایەتی‌و کارکردن بۆ حیزبەکەی لەو سەردەمەدا خۆی لەزانکۆی ئەفسەری بوارد.

پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی‌و تێکۆشانی ئاشکرای حیزب حیسام ئەسعەدی لەڕێگای ڕێبەری شەهیدەوە دوکتور قاسملوو، لەدوای ١١ی ڕەشەمەمەی ١٣٥٧ی هەتاوی لەشاری سنە هاتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزب‌و چەکی شەڕفی لە شان کرد. حیسام زوو توانی تواناکانی تەشکیلاتی خۆی نیشان بداو وەک لاوێکی خوێنگەرم لە مەیدان خۆی نیشاندا، بۆیە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وەک تێکۆشەرێکی بەتوانا ڕەوانەی ناوچەی کامیارانی کرد.

با بزانین لەکاتی خۆیدا هاوڕێکی لە دەفتەری خاتراتی چی بۆ نووسیوە. "لە ناوچەی کامیاراندا حیسام ناوێکی ناسراوو جێگای ڕێزی خەڵک بوو، هەر لەبەر ئازایەتی ئەو، چەندین منداڵی تازە لە دایک بووی ئەو سەردەمە ناوی حیسامیان لێنرا.

حیسام ئەسعەدی خەڵکی ئاوایی کەسنەزانی سەقز بوو، بەڵام لە ناوچەکانی کامیاراندا بە حیسام بانەی ناوبانگی دەر کردبوو. کاتێک بنکەی حیزبی دێموکڕات هێشتا لەنێو شاری کامیاراندا بوو، ئەو لاوانەی کە بڕێک تەمەنیان لە من گەورەتر بوو ئەیان گێڕاوە کە حیزب مەسئولێکی لاوی هێناوە کە فرە خوێنگەرمەو هەوڵ ئەدا لاوەکان لە دەوری یەکیتی لاوانی دێموکڕات (اتحادیە جوانان دمکرات) ڕێک بخا. لەبیرمە ئەو دەمە لاوەکان زیاتر هاتووچۆی بنکەی ڕێکخراوەکانی دیکەیان ئەکرد هەتا حیزبی دێموکڕات، بەڵام دوای هاتنی حیسام

ئەسعەدی بۆ کامیاران، ئەو جار زۆر لەلاوانی ئەو شارە روویان لە بنکەکانی حیزبی دێموکڕات کرد زۆر لەو لاوانە چالاکانە دەستیان دایە بە کاری حیزبیو دواتریش چەند کەسێکیان بوونە پێشمەرگە.

من هیچکات نەچوومە ئەو بنکەو حیسامم هەر لە دورەوە دەبینی. هەتا کاتی شەڕی کامیاران، کاتێک هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران زستانی ساڵی ١٣٥٨ هێرشیان هێنایەوە سەر شاری کامیاران هێشتا هەوا تاریک بوو کە لەخواری شارەوە روو بە کرماشان تەقە دەستی پێکردو خەڵکی شار لە خەوی خۆش ڕاچڵەکان. ئەو رۆژە سەرەڕای هەوڵو تەقەلای باوکو دایکم کە نەیان دەهێشت لەماڵ برۆمە دەرەوە، کاتێک هەوا بە تەواوی رۆشن بوو خۆم لە ماڵ دزییەوەو گەیشتمە نێوشار.

شاری کامیاران ئەو دەمە هەر یەک شەقامی گەورەی هەبوو کە ئەویش هەمان جادەی کرماشان ـ سنە بوو کە بە ناوەندی شاردا ئەچۆوە. کاتێک من گەیشتمە سەر چوارڕێیانی نێوەڕاستی شار، کاک حیسام ئەسعەدیش پەیدا بوو وادیار بوو ئەو بەنیاز بوو دیسان بگەڕێتەوە بۆ بەشی خواری شار کە زیاتر شەڕ لەوێ بەردەوام بوو. ئەو بە شێوەی زیکزاکی ئەچووە پێش، منیش کەوتمە دوای ئەوو بە لاسایی کردنەوەی زیکزاکی بە دوایدا رۆیشتم هەتا گەیشتینە کۆلانێک کە لەخوار گاراجی کرماشان کە ئەچوو بۆ مزگەوتی جامعە، شاپور فیروزیو حوسێن قیخابابا لە سەر ماڵێکو لە کۆماجی ئەو ماڵەوە تەقەیان ئەکرد لەسەر کۆلانەکەش بێجگە لە حیسام پێشمەرگەیکی دیکەشی لێبوو کە بێجگە لە چەکەکەی دەستی کلاشێنکۆفێکیشی بە جامەدانەیەک بەستبووی بە ناوشانیدا، کورێکی کامیارانیش وەک من بێ چەک. لێرەدا بوو کە دوای چەند ساڵ زانیم ئەو لاوە سالار ئیبراهیمی بووە. من بێجگە لە چەند جارێک ئەویش کورت ئیتر لەگەڵ کاک حیسامی ئەسعەدی نەبووم بە ناسراوو هاوڕێ. لە دوایین رۆژەکانی پاییزی ساڵی ١٣٦١ هەتاوی حیسامی فەرماندەی ئازا کە بۆ لاوانی هاوتەمەنی من لەو سەردەمەدا ببوە سیمبولی پێشمەرگەیەکی ئازاو زاناو فیداکار، لە شەڕێکدا لە نزدیک ئاوای بێسارانو سەرهویەی ناوچەی ژاوەرۆی مەریوان بە گوللەی هێزی سەرکوتگەری ئێران شەهید بوو."

بەڵێ حسام ئەسعەدی بوو بە یارو یاوەری دوو هاوڕێی دیکە وەک شاپور فیروزیو سالاری ئیبراهیمی کە لە زستانی ١٣٥٨ دەرسێکی لەبیر نەکراویان بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، حیسام لەهەر جووڵانەوەیەکی پێشمەرگە کۆمەڵێک ئەزموونی وەسەریەک دەنا، بە دوای کۆنگرەی ٥ی حیزب داوای کرد کە بگرێتەوە ناوچەی سەقز، بەڵام دەفتەری سیاسی ئەرکی قورستری بۆ دیاری کردو لەمانگی بەفرانباری ساڵی ١٣٦٠ وەک فەرماندەری هێزی زرێباری مەریوانی دیاری کرد. کاتێک ئەو ئیبلاغەیان پێ راگەیاند قۆڵی زیاتر لەکارو تێکۆشان هەڵماڵیو بێڕاوەستان خۆی بە هێزی قارەمانی زرێبار ناساند، بۆیە بەهەست کردن بەو مەسئولییەتە بەتایبەتی لە هەلومەرجی ناسکی ئەو کاتدا ئەو مەسئوولییەتەی قەبوڵ کردو رووی کردە ناوچەی مەریوانو لای هاوسەنگەرانی لەهێزی زرێبارو لەماوەیەکی کورتدا رووحێکی تازەی بە هێزەکەو نەزمو دیسیپلینی پێدا. ناوبرا

لەگەڵ ئەوەی فەرماندەیەکی لەخۆبووردوو بوو کادریکی بە توانا بوو، بەزمانێکی شیرینو پاراو لەگەڵ خەڵکی مەریوان دەدواو سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەگەڵ باس دەکردن.

حیسام لە عەمەلیاتەکانی دژی دوژمن لێوەشاوەیی خۆی نیشاندا، قارەمانەتییەکەی لەشەڕی جادەی سنە_ مەریوان وەک لاپەڕەیەکی زێڕین لە کارنامەی پێشمەرگەی دێموکرات جێی خۆی کردەوەو حیسامی گەیاندە ئاستێکی خۆشەویستی چونکی نیشانی داو دەریخست کە وێرای پێشمەرگەکان هێرش دەکاتە سەر دوژمن.

حیسام لەو مەسئولییەتەدا هەموو وزەو توانایی‌و پسپۆڕی خۆی بەکار هێناو چەندین مۆڵگە لەو مەڵبەندە گیرانو سەدان بەکرێگیراو کوژران. ئەو لەکاتی تەنگانەدا خۆی نەدەدۆڕاندو هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەدا پێشمەرگەی رێنوێنی دەکرد هەوڵیدا بە یارمەتی فەرماندەرانی دیکە هێزی زرێبار بکا بە نموونەی هێزەکانی حیزب.

رۆژی ٣٠ خەزەڵوەری سالی ١٣٦١ی هەتاوی هێشتا ساڵێک لە فەرماندەهی حیسام لەو هێزە تێنەپەڕیبوو کە هێزەکانی رێژیم بەسەدان بەکرێگیراو لە جاشو پاسدار هێرشیان کردە بەرزاییەکانی بێساران، کە شێرە کوڕانی دێموکرات بڕیاریاندا دەرسێکی باش بە داگیر کەران بدەن لەماوەی چەند سەعاتدا هەموو بەرزاییەکانیان لێ ئەستاندنەوە دەرسێکی لەبیر نەکراویان بە هێزی کۆنەپەرستی‌داو بۆ هەمیشە لەمێژووی حەماسەکانی ئەو مەڵبەندەدا دەمێنێتەوە بەداخەوە لە دوایین کاتی شەڕ کوڕی دێموکرات حیسام ئەسعەدی لەگەڵ هاوڕێیەکی بەناوی تەها عەباسی ناسراو بەتەها دگاگایی بە گوللەی شەوپەرەستان دابێژدابێژ کرانو شەهیدبوون. خوێنی حیسام ئەسعەدی و تەها دگاگایی تێکەڵ بە یەک بوونو چوونە نێو کاروانی نەمرانی مێژووی گەلی کورد.

---




## برایم ئەحمەدی

ئەو خوێنانەی بۆ رزگاری ئاوو خاکو وڵات رژاونو دەرژێن، مێژوو نیشانی داوە لە بەجەرگترینو ئەمەگناسترین رۆڵەکانی ئەوە نەتەوەیە دەرژێ، ئەو شۆڕشگێڕانە بۆ ساتێک هەدایان نەداو بەردەوام دژی داگیرکەران خەباتیان کرد.

ناوچەی مەریوان بە درێژایی شەڕی داسەپاوی رژێمی کۆماری ئیسلامی بەسەر کورددا، وێڕای ناوچەکانی دیکەی کوردستان، بەشداریی لەخەباتی حەقخوازانەی کورددا کردووەو، باشترینو بە تواناترین شێرەکوڕانی خۆی پێشکەش بە بارەگای ئازادیو سەربەستی کورد کردوە. لەو مەڵبەندە جوانە زۆر رۆڵەی قارەمان گیانی خۆیان بۆ نەتەوەکەیان داناوو خۆیان کردە کۆچی قوربانیو لە ئاسۆی هەرمانی کوردستاندا ئاڵای سەربەرزییان شەکاندەوە، یەکێک لەئاڵا هەڵگرانو پێشەنگانی ئەو قەتارە کوڕی قارەمانی چەمشاری سنە برایم ئەحمەدییە، کە لەبەرنامەی فەرماندەرانی شەهید یادی دەکەینەوە.

برایم ئەحمەدی مێژووی لەدایکبوونی، باسی ساڵی ١٣٣٩ لە ئامێزی ئاوێرو ئارێز لە گوندی "ئارەنان" دەکا، برایم لەو گوندە خنجیلانەیە چاوی بەدنیای روون کردەوە. بەرەبەرە کە قۆناغی منداڵی تێپەڕاند رەوانەی قوتابخانە کراو پۆڵەکانی سەرەتاییو ناوەندی بە باشی بڕی. لەسەروبەندی خۆپێشنادانەکانی گەلانی ئێران پۆلەکانی دواناوەندی دەخوێند کە ئەویش وەک لاوانی دیکەی کوردستان لەریزی خۆپێشاندەران دابوو. برایم هەر لە سەرەتای قۆناغی لاویەتیدا وەک کەسێکی تێگەیشتوو بە هەستو ئازادیخواز بیری دەکردەوەو لە گەڵ ئێشو ئازارەکانی نەتەوەکەی دەژیا.

کاتێک دەسکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێرانو بەتایبەتی خەڵکی کوردستان کەوتە بەر پەلاماری هێزی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی، برایم ئەحمەدی بوو بە پێشمەرگەو لە سازمانی چریکی فیداییدا دەستی بە تێکۆشانی سیاسی خۆی کرد.

لە شەڕی نەورۆزی ساڵی ١٣٥٩ وەک کوڕە کوردێکی باش دیفاعی لێبڕاوانەی لەخەڵکی قارەمانی ئەو شارە کرد. پاش چەند ساڵ لەگەڵ چەند هاوڕێی هاتە ریزی تێکۆشەرانی دێموکڕاتەوەو لە هێزی شەهیدانی زرێباری مەریوان ئەرکی پێشمەرگایەتی دەست پێکرد. بە هەڵسووڕانی بەردوامو بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی سرنجی فەرماندەرانو بەرپرسانی بۆ لای خۆی راکێشا، ئازایەتیو فیداکاری برایم بوو بە هۆی ئەوە لە پاییزی ساڵی ١٣٦٣ وەک فەرماندەری عەمەلیاتو جێگری هێزی زرێباری مەریوان دیاری بکرێ. ناوبراو لەو مەسئوولییەتەدا وێڕای هاوسەنگەرانی لەو هێزە لەمەڵبەندی مەریوان دەرسێکی باشیان بە هێزی سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامیداو هەر رۆژێ لە شوێنێک شانازی بۆ گەلەکەی تۆمار دەکرد بە چەشنێک کە دوای ماوەیەک ببوو بە فەرماندەیەکی قارەمانو لێهاتوو، بۆیە لەساڵی ١٣٦٤ وەک فەرماندەری هێزی زرێبار دیاری کرا. ناوبراو بە فەرماندەهی رێکوپێکو بەجێی توانی زۆر سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێنا. برایم ئەحمەدی کادرێکی تێگەیشتوو، لێزان، بە ئیمان، بە ورە، وەفادار بە رێبازی شەهیدانو، فەرماندەرێکی کارامەو بە بڕشت بوو. شۆڕشگێرێکی لێبڕاو کە لە دژوارترین هەلومەرجەکاندا ئەرکی پێ ئەسپێردراوی بەوپەڕی لێهاتووییو دڵسۆزییەوە جێبەجێ دەکرد. لەو ماوەیەی کە فەرماندەری هێزی زرێبار بوو، هەموو تواناو مودیرییەتیو لێزانی خۆی بۆ کاروباری نیزامیی وەکار خستو ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی لەوهێزەدا پێک هێنا. ئەو خۆشەویستی خەڵک بوو، جێی متمانەی ئەویندارانی ئازادیو سەرجەم هاوسەنگەرانی بوو. بە لێوەشاوەیی هەموو پلەیەکی پێشمەرگایەتی بڕی. برایم لەکاتێکدا بەرپرسایەتی هێزی زرێباری وەستۆ گرت کە ئەو ناوچەیەی ئەوکاری تێدا دەکرد کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەک رۆژانە پەلاماری دەدا. بە پشت بەستن بە ئیرادەی هاوسەنگەرانیو لێوەشاوەیی خۆی لە بەرەکانی شەڕدا تەنگی بە هێزەکانی رێژیم هەڵچنیبوو. رۆژ نەبوو رۆڵە تێکۆشەرەکانی هێزی زرێبار بە فەرماندەیی برایم ئەحمەدی زەبری کاریگەر لە هێزەکانی دوژمن نەوەشێنن. حەماسەکانی جادەی سنە – مەریوان، جادەی سنە کرماشان، حەسەناوە، تەوریوەر، ژاوەرۆو شامیان نموونەیەکی چووکەن کە لەدەفتەری بیرەوەری پێشمەرگەکانی ئەو مەڵبەندە بە فەرماندەهی برایم ئەحمەدی تۆمار کراوە.

لەبەهاری ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی لە سازماندەهی نوێدا کە لە هێزی زاگرۆس پێکهات وەک فەرماندەری لکو جێگری هێز دیاری کرا. لەو پۆستەشدا وەک فەرماندەرێکی کارامە، خاراو، خاوەن ئەزموونو بە توانا ئەرکی پێ ئەسپێردراوی جێبەجێ دەکرد. برایم نەک پێشمەرگەی ئازاو فەرماندەی بەتوانا بوو بەڵکوو کادرێکی لێهاتووی سیاسی لە نێو کۆمەڵانی خەڵک بوو هەمیشە سیاسەتەکانی حیزبی لەنێو خەڵکدا بڵاو دەکردەوە. تێکۆشەرێکی

نێو ریزەکانی حیزبی دێموکڕات، کەسێکی بەئیرادەو خاوەن هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە بوو. لەگەڵ ئەوەدا کە زۆر عاتفی بوو، سیمایەکی جیدیو ئیرادەیەکی پۆڵایینی هەبوو. خەڵکی ناوچەکانی مەریوان، سنە، ژاوەرۆ لە نزیکەوە برایم ئەحمەدییان دەناسیوخۆشیان دەویست. بۆیە بۆ ناساندنی ئەو فیداکارە هەر ئەوەندە بەسە بڵێین، لەنێو کاری رۆژانەی بنکەو سەنگەرەوە دەستی پێکردو لە رووی تەشکیلاتیەوە متمانەی تەشکیلاتی وەدەست هێناو لە کۆتاییدا لەنێو دڵی خەڵکەکەیدا جێی خۆی کردەوە. بەداخەوە رۆژی ٥ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٥ لە شەڕێکی حەماسیدا لە "رزاو" کە دوایین فیداکاری برایم ئەحمەدی بوو گیانی پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردو بەخوێنی خۆی لاپەڕەکانی مێژووی نەتەوەکەی نووسییەوە.

---

## هێزی شەهیدانی دیواندەرە



شەهید سەروان برایم بەهرامپوور

**برایم بەهرامپوور**

ئێستا دەیان ساڵە کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دژی رێژیمی کۆماری ئیسلامی وەستاوەتەوەو لەو ماوەدا بە شێوەی جۆراوجۆر خەباتی خۆی نەوەستاندووەو قۆناغی جۆراوجۆری بڕیوە، رێژیمی کۆنە پەرەستی ئێران بۆ سەرکوت کردنی جووڵانەوەی کورد لە هیچ جنایەتێک نەپرینگاوەتەوەو هەموو رێگەو رەفتارێکی دژی ئینسانی بە مەبەستی بە چۆک داهێنانی خەڵکی کوردستانو پێشمەرگە بە تاقی کردۆتەوە. هەر لە قەڵا چۆکردنی خەڵکی بێ دیفاعی کوردستانەوە بگرە تا ئابلۆوقەدانی ئابووریو تۆپو خۆمپارەبارانی شارو دێو مووچەو مەزراکانو

کاول کردنی دێهاتو بە کارهێنانی بۆمی ناپاڵمو زیندانو ئەشکەنجەو لە سێدارە دانو راونانو تۆقاندنو وەگەر خستنی ماشێنی پڕوپاگەندەی ژاراوی...... بەڵام لە گەڵ گشت ئەوانەشدا نەیتوانیوە لە وورەی پۆڵاینی خەڵکو هێزی پێشمەرگە کەم بکاتەوە. تەواوی پیلانەکانی بوونەتە بڵقی سەرئاوو، کوردستان بوّتە گۆڕستانی ئاڵقە لەگوێیەکانی کۆنە پەرستیو قەلاّی خەباتی دژی کۆنە پەرستی. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، کوردستانی خۆاگرو قارەمانی وەبەر پەلاماری درەندانەی خۆی داوە، خەڵکی کوردستان لەژێر رێبەری حیزبی دێموکراتدا دیفاعیان لە مافو مەوجودییەتی خۆیان کردوە. یەکێک لەو قارەمانانە برایم بەهرامپوور کە تا دوا هەناسەی ژیانی داکۆکی لە گەلەکەی کرد.

رۆژی ١٥ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٣٣ هەتاوی لە بنەماڵەیەکی وەرزێڕی کورد خۆشەویست لە شاری دیواندەرە برایم بەهرامپوور چاوی بە رووی دنیای رووندا کردەوەو لە تەمەنی ٧ ساڵیدا کتێبی بنپیلی داو رووی لە قوتابخانە کردو تا پۆلی ٥ی سەرەتایی زۆر زیرەکانە دەرسی خوێند. کاتێک قۆناغی سەرەتایی دەخوێند بۆ مامۆستاکان دەرکەوت کە لاوێکی بە توانایە. هەر بۆیەش بوو بە خۆشەویستی مامۆستاو هاوپۆلەکانی. زیرەکیی برایم بوو بە هۆی ئەوە بنەماڵەکەی بە ئۆگرییەکی زیاترەوە رۆڵەکەیان رەوانەی قۆناغی ناوەندی بکەن. ناوبراو تا سێهەمی ناوەندی لە شاری دیواندەرە دەرسی خوێندو دوای تەواو کردنی ئەو دەورەیە بۆ درێژەدانی خوێندن لە لایەن بنەماڵەکەیەوە رەوانەی شاری سنە کرا. مانەوە لە شاری سنە بۆ برایم بوو بە دەرفەتێکی لەبار کە زیاتر لە باری ژیانی خەڵکو ئەزموونی کۆمەلایەتی بزانێو لە گەڵ خەڵک تێکەلاوی پەیدا بکاو زیاتر هەست بە ئێشو ئازاری خەڵکەکەی بکا. مانەوەی زیاتری ئەو لە شاری سنە، بوو بە هۆی ئەوەیکە زۆرتر لەگەڵ خەڵکو دەورووبەر ئاشنایەتی پەیدا بکاو زیاتر دەورووبەری خۆی بناسێ.

برایم بەهرامپوور لە دەورانی دواناوەندی بە تەواوی هەستی بە جیاوازییەکان کرد. بۆیە هەوڵی دەدا بە درێژەدان بە خوێندن هەرچی زیاتر خۆی بە زانست تەیار بکاتو خۆی بۆ خزمەت بە خاکو خەڵکەکەی ئامادە بکات. هەر بۆیە بە پلەیەکی بەرز لە ساڵی ١٣٥٠ لە دەبیرستانی فەنی شاری سنە دیپلۆمی وەرگرت. دوای وەرگرتنی دیپلۆم لەتاقیکاری زانکۆی ئەفسەری وەرگیرا. دوای تێپەڕاندنی تاقیکارییەکان، لە زانکۆی هێزی هەوایی شیراز قەبوڵ کرا. ناوبراو هاوکات لە گەڵ تێکەلاوی لە گەڵ هاوقۆتابییەکانی لە زانکۆی ئەفسەریو وردبوونەوەی لە دەورووبەری خۆی زیاتر هەستی بە چەوسانەوەی نەتەوەکەی کرد. لەو دەورانەدا لەگەڵ زۆر کەس لەدانیشتوانی نەتەوەکانی دیکەی بەشدار لەزانکۆ ئاشنا بوو. ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی زانکۆی هێزی هەوابوردی شیرازی بە پلەیەکی باش تەواو کردو لە ساڵی ١٣٥٥ لە لایەن رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بۆ چاوەدێری نێوان حکومەتی سورییەو ئیسرائیل، داوا لەرێژیمی پاشایەتی کرا کە چەند ئەفسەرێکی بەتواناو

کارلێهاتوو بەو رێکخراوەیە بناسێنێ. یەکێک لەو ئەفسەرانە برایم بەهرامپوور بوو کە لە ماوەی ساڵێک مانەوەی لەخاکی ئیسرائیلو فەلەستیندا کۆڵێک ئەزموونی خستە سەریەک.

کاتێک کە گەڕاوە بۆ ئێران بەرەبەرە دەنگی ناڕەزایەتی خەڵکی ئێران پەرەی دەستاندو هەست دەکرا کە ئاڵوگۆڕێکی قوولْ بەڕێوەیە، بۆیە برایم لەپاییزی ساڵی ١٣٥٦ پێوەندی بە رێبەری نەمر شەهید دوکتور قاسملوو گرتو وەک زۆر لە ئەفسەرە نیشتمانپەروەرکانی دیکە بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکڕاتو ئەوە بۆ ناوبراو یەکەم دەرفەت بوو کە خۆی لە کاری سیاسیدا ببینێتەوە.

پێش ڕاپەڕینی گەلانی ئێران برایم بەهرامپوور رەوانەی لەشکری ٢٨ی کوردستان دەکرێتەوە. دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی برایم بەهرامپوور لە نێو پادگاندا لە سەر ناساندنی حیزبی دێموکڕاتو بزووتنەوەی مافویستانەی خەڵکی کوردستان بۆ ئەرتەشییەکان قسە دەکا. بەلام رێژیمی تازە بەدەسەلات گەیشتوو چاوی دیتنی کەسانی وەک سەروان برایمی بەهرامپووری نەبوو. بۆیە بڕیاری دەست بەسەرکردنو ئێعدام کردنیان بۆ دەرکرد. کە هەر ئەوکات لە لایەن چەند دڵسۆزێکی هاوڕێی خۆیەوە ئاگادار دەکرێتەوە کە فریای خۆی بکەوێ. هەر بۆیە خۆی دەرباز دەکاو بە رووکردنە نێو هێزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات، چەکی بەرگری لە خاکو نیشتمانو خەڵکەکەی دەکاتە شان.

کاتێک هێزەکانی کۆماری ئیسلامی پەلاماری کوردستانیدا رۆڵەی قارەمانی کورد، سەروانبرایم بەهرامپوور خۆی گەیاندە هێزی شەهیدانی دیواندەرەو لەوێ سازمان دراو هەر زوو خۆی وەک کوڕێکی بە توانا نیشان دا. بۆیە لەلایەن کۆمیتە شارستانی دیواندەرە پێشنیاری فەرماندەری هێزی پێکراو دەفتەری سیاسیش ئەو پێشنیارەی پەسەند کردو وەک فەرماندەری هێزی پێشمەرگە ئەو ناوچەیە دیاری کرا. لەکاتێکدا ئەو بە فەرماندەری هێز دیاری کرا، کە لەراستیدا کوردستان بە هەموو شێوەیەک لەلایەن دژی گەلییەکانەوە پەلامار درابوو. بەتایبەتی ناوچەی دیواندەرە. هەر بۆیە سەروان برایم بەهرامپوور زۆر ئازایانە هێزەکەی سازمان دایەوەو لەچەندین بەربەرەکانیدا شکستی بە هێزەکانی رێژیم هێنا. لەو ماوەیەی فەرماندەری هێزی دیواندەرە بوو، هەموو تواناو مودیرییەتیو لێزانی خۆی بۆ کاروباری نیزامیی وەکار خستو نەزمو دیسیپلینی بەهێزی لەو هێزەدا پێکهێنا.

ناوبراو خۆشەویستی خەڵک بوو، جێی متمانەی ئەوینداران ئازادیو سەرجەم هاوسەنگەرانی بوو. بە لێوەشاوەیی هەموو پلەیەکی پێشمەرگایەتی بڕیو لەکاتێکدا بەرپرسایەتی هێزی دیواندەری وەستۆ گرت کە ئەو ناوچەیەی ئەوکاری تێدا دەکرد بە ناسکترین هەلومەرجی سیاسیو ئەمنییەتیدا تێدەپەڕیو کۆماری ئیسلامی رۆژ نەبوو پەلاماری شوێنێک نەدا. برایم بەهرامپوور ئەفسەریکی لایق، کادرێکی بەتوانا، فەرماندەیەکی بە زیبکۆ لێوەشاوە لە مەیدان دابوو. بەپشت بەستبن بە ئیرادەی هێزو تواناو لێوەشاوەیی خۆی لە بەرەکانی شەڕدا تەنگی بە هێزەکانی رێژیم هەڵچنیبوو. رۆژ نەبوو رۆڵە تێکۆشەرەکانی هێزی شەهیدانی دیواندەرە بە فەرماندەیی

سەروان ناوبراو زەبری کاریگەر لەهێزەکانی دوژمن نەوەشێنن. ناوو ناوبانگی سەروان برایم بۆ دوژمن ببوو بە چقڵی چاو و بە بیستنی ناوەکەی ترسو لەرزە دڵی هێزەکانی ڕێژیمی دادەگرت. فەرماندەی لەخۆبووردوو، ئەزموونی دوو فەرماندەهی شەڕی کلاسیکو پارتیزانی لێک گرێ داو سەری لە هێزی کۆنە پەرستی دەشێواند.

بەهاری ساڵی ١٣٥٩ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشی خۆیان بۆ سەر کوردستان چڕتر کردەوە. بۆیە کمیتەی شارستانی دیواندەرە بڕیاریدا کە شار بە جێ بێڵنو لەدەوروبەری شار بمێننەوە. فەرماندەری بەتوانای هێزی پێشمەرگەی کوردستان چەندین عەمەلیاتی دژی هێزەکانی ڕێژیم بەڕێوە بردو هەمیشە هێزەکانی ڕێژیم لە ئاست زەبری ئەو خەباتکارەدا زەبوونو داماو بوو.

ڕۆژی١٤ی جۆزەردانی ساڵی١٣٥٩ی هەتاوی لەکاتێکدا کە سەروان برایم لە دەوروبەری شارەوە چاوەدێری هێزی ڕێژیمی دەکرد لکێک لە پێشمەرگەکان لە شوێنێکی دیکە لە گەمارۆی هێزی ڕێژیم کەوتبوون. کوڕی تێکۆشەری دێموکڕات لەگەڵ دەستەیەکی دیکە بە یارمەتی هاوسەنگەرانی دەچێو زەبرێکی کاریگەر لە هێزی دوژمن دەدەنو گەمارۆی دوژمن تێک دەشکێنن، کە لەو شەڕەدا لاقی بریندار دەبێو هاوسەنگەرانی بۆ شوێنێکی دیکەی بە ناوی "گڵەسوورە" بۆ ژێر دارێک رایدەگوێزن، بەڵام شەڕ هەروا توند درێژەی دەبێ کە لەو کاتەدا دەستەیەک خۆفرۆش هەست بەبوونی رۆڵەی دێموکڕات لەوشوێنە دەکەنو خۆیانی لێنزیک دەکەنەوەو بەر دەسرێژی دەدەنو بە داخەوە دڵە پڕ لەهیواکەی لە لێدان دەکەوێو بەرەو کاروانی نەمران لە شەقەی باڵیدا.

---




## عەلی دۆستی

لە مێژووی دەیان ساڵەی خەباتو بەربەرەکانی گەلی کورد لەپێناوی ئازادیو دێموکراسیدا، زۆر جار رۆڵە تێکۆشەرەکانی دێموکرات لە زۆر شوێنی ئەم کوردستانە لەلایەن هێزی زۆری کۆماری ئیسلامی گەمارۆ دراونو ئەوانیش لە دوو ڕێگا زیاتر لە پێشیان نەبووە یان دەبوو تەسلیم بن، یان دەبوو خوێنیان بڕژێو دەرسی فیداکاریو کۆڵنەدانیان بۆ هاوسەنگەرانیان بە میرات بە جێبێڵن. ئەم ١٨ قارەمانە وەک لەمەیدانی بەرخۆدانو خۆڕاگری دەرسیان خوێند بوو بڕیاری دووهەمیان هەڵبژاردو بە فەرماندەهی رۆڵەی تێکۆشەر کە یەکێک لەو ١٨ قارەمانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو تا دوا هەناسەو دوا دڵۆپ خوێنی خەباتی کردو بە شانازییەوە لە پێناو ئامانجی گەلی کورددا سەری نایەوە عەلی دۆستی لە هێزی شەهیدانی دیواندەرە بوو.

عەلی دۆستی لەساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی، کاتێک چاوی بە دنیای روون کردەوە هاوکات بوو لەگەڵ کودیتای ٢٨ی گەلاوێژی کە بووە هۆی لە ناوبردنی حکومەتی دوکتور محەممەد موسەدیق، لەبنەماڵەیەکی هەژاری شاری دیواندەرە چاوی کرایەوە ژیانی لەشارە خنجیلانەکەی دیواندەرەدا لە گەڵ خەڵکی بێبەشو ستەم لێکراوی ئەو شارە تێپەڕ کرد، پاش ئەوەی قۆناغی سەرەتایی بڕی پێینایە قۆتابخانە تا مێشکی بە عیلمو زانست روون بکاتەوە، بەڵام وەک زۆربەی زۆری منداڵە بێبەشەکانی ئەوکاتی کوردستان هەژاریو دەست کورتی بەربینگی بە بنەماڵەکەی گرت. باوکی بە ناچاری عەلی لە قوتابخانە گێڕایەوە تابتوانێ یارمەتیدەری باوکی بێو ژیانی نەمرنەژی خۆی ڕێکوپێک بکا.

عەلی دۆستی نەیتوانی لە پۆلی ٦ زیاتر بخوێنێو بۆیە شانبەشانی باوکی دەستی بە کاروکاسبی دەکرد هەرچەند مێرمنداڵێکی تازە پێگەیشتوو کەم ئەزموون بوو بەڵام تێدەکۆشا بە باشترین شێوە ئەرکی خۆی لە

پێناو بنەماڵەکەیدا بەرێوە بەریو یاریدەدەرێکی باشی بنەماڵەکەی بێ، بەمجۆرە عەلی پێی‌نایە مەیدانی کۆمەڵگاو لە نزیکەوە لەگەڵ دەردو ژانی گەلەکەی، لەگەڵ بێبەشیو زوڵمو زۆرو چەوسانەوە ئاشنا بوو بەو مێرمنداڵییەی زوڵمو زۆر بە دەمارو پێستەوە هەست پێ دەکردو دەیزانی گەلەکەی بە چ شێوەیەک لەلایەن رێژیمی پاشایەتییەوە خراوەتە ژێر فشارو ستەمەوە دەچەوسێتەوە، بۆیە بیری ئازادیخوازی، بیری لاوی بەهەستی دیواندەرەیی بە خۆیەوە خەریک کرد بوو دەی‌هەویست نەتەوەکەی لە زۆڵمو زۆر لە چنگ ژاندەرمەو رێژیمی پاشایەتی رزگار بکا. پاش ماوەیەک ژاندەرمەکان هەستیان بە بیری ئازادیخوازی عەلی دۆستی کردبوو لەبەر ئەوەی ئەو رۆڵە تێکۆشەرو دڵپاکەی نەتەوەکەمان لە هەموو دەرفەتێک بۆ دژایەتی خۆی لەگەڵ ئەوانو لەقاودانی جنایەتەکانی رێژیمی پاشایەتیو روونکردنەوەی خەڵکو شیکردنەوەی دەردو ژانەکانی کۆمەڵی کوردەواری کەڵکی وەر دەگرت، بۆیە لەلایەن رێژیمەوە لەگەڵ دەستەیەکی دیکە لە شۆڕشگێڕان لەساڵی ١٣٥٤ گیرانو رەوانەی بەندیخانەی رێژیمی پاشایەتی کران.

عەلی دۆستی لە دادگایەگی رەواڵەتی رێژیمی پاشایەتی بە ١٥ ساڵ زیندان مەحکوم کرا، ١٥ ساڵ زیندان لە پێناو فکرێکی پێشکەوتوو، لە پێناو ئازادیو رزگاری گەلەکەی، عەلی تەنیا دوو ساڵ لە بەندیخانەی رێژیمی پاشایەتی دابوو کە جووجۆڵی گەلانی ئێران بۆ پسانی زنجیری سەرەڕۆییو دیکتاتۆری دەستی پێکرد. هەموو زیندانییەکان چاوەڕوانی گەلانی ئێران بوون کە دەرگای زیندانەکان بشکێنن. بەردەوامبوونو دەست پێکردنەوەی خۆپێشاندانەکان، داماویو زەلیل بوونی رێژیمی پاشایەتی لە ئاست رقی شۆڕشگێڕانەی کۆمەلانی خەڵکی ئێران وەرەی بە رێژیم بەردا.

عەلی دۆستی لە پاییزی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بە هاوکاری ٢٢ کەس لە هاوبەندیەکانی پەلاماری شۆڕشگێڕانەی بۆ سەر جبەخانەی بەندیخانەی شاری سنە دەست پێکرد لە ماوەیەکی کورتدا دەرگای جبەخانەی شکاندوو دەستیان بە چەک راگەیشتو لە ماوەیەکی کورتدا هێرشیان کردە سەر نگهبانەکان چەکیان کردنو توانیان دەرگای زیندان بشکێننو ٧٠٠ کەس لە بەندییەکان لە بەندیخانە رێژیمی پاشایەتی رزگار بکەن. عەلی دۆستی شۆڕشگێڕ پاش ئەنجامی ئەو کردەوە شۆڕشگێرانەیە گەڕایەوە دیواندەرەو بۆ ماوەیەک لە گوندەکانی دەوروبەر ژیانی تێپەڕ کرد.

پاش رووخانی رێژیمی پاشایەتیو هێرشی رێژیمی کۆنەپەرەسی تازە بە دەسەلات گەیشتووی ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کوردستان، عەلی دۆستی وەک لاوێکی شۆڕشگێڕو بەهەست قۆڵی خەباتی دژی دوژمنی گەلی کورد هەڵماڵیو چەکی پاراستی شەرەفو مەوجوودییەتی گەلەکەیو هێنانە دی دیموکراسیو ئازادی لەشان کردو بە شانازییەوە هاتە نێو ریزی تێکۆشەرانی دیموکرات. ئەمجارەش عەلی دۆستی بە کردەوە هاتە مەیدانی خەباتەوە، بۆیە چالاکانە وەک پێشمەرگەیەکی قارەمانو کۆڵنەدەر، وەک کورە کوردێکی دڵپاک کە دڵی بۆ

ئازادیو رزگاری گەلەکەی لێ دەداو دەیهەویٚ بە ئازادی لەسەر خاکو نیشتمان خۆی بژیو بۆ خۆی حاکم بەسەر ژیانو ماڵی خۆیدا بێ.

عەلی دۆستی، زۆر زوو بوو بە خۆشەویستی خەڵک، لەمێژ بوو ناسیاو ناوبانگی بە ئازایەتی بڵاو ببۆوە، شان بەشانی هاوسەنگەرانی لەشەڕ دژی هێزە کۆنەپەرەستەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بەشداری دەکرد، حماسەو شانازی دەخوڵقاند، لەشەڕەکانی سەر رێگای دیواندەرە- سنە، دیواندەرە- سەقز، زەرینە، حاجی سیدو, نێو شاری دیواندەرەدا قارەمانەتی نواند، بە لەخۆبووردوویی‌و ئازایەتی ورەی دەدا بە هاوسەنگەرانی‌و وەک پێشمەرگەیەکی دڵسۆز فیداکار لە نێو هاوسەنگەرانیدا ناوبانگی دەرکردبوو. لەشەڕ دژی هێزی بەکرێگیراواندا شێلگیر بوو. بە هەر هەڵمەتو هێرشێکی بۆسەر دوژمنانی گەلی کورددا، دوژمنی تێک دەشکاندو بە چەشنێک عەلی دۆستی تێکۆشەرو شۆڕشگێڕ بوو بە خۆشەویستی هەموو هاوسەنگەرانی‌و خەڵکی ناوچەی دیواندەرە، بوو بە سەمبولی مقاومەتو خۆڕاگری، کۆڵنەدانو دڵسۆزی، تێکۆشەری‌و نەترسی، ئەو تایبەتمەندیە بەرزانە بوونە هۆی ئەوە کە لاوی بە ئەمەگو بە هەست بە فەرماندەری لکی پێشمەرگەکانی شەهید "رئۆفی خزرئەلیاسی" دیاری کرێ.

عەلی دۆستی لەو پلەو بەرپرسایەتی‌یەدا توانی کارامەیی‌و لێهاتوویی‌و لێوەشاوەیی خۆی بە کردەوە بسەلمێنێ‌و چەندین عەمەلیاتی قارەمانانە بە فەرماندەیی ناوبراو لە ناوچەکانی دیواندەرە بەڕێوە چوو.

لە سەرەتای بەهاری ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی کوردستان سەراپا کراسی کەسکی بەهاری پۆشیبوو، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان مەئمورییەت بە عەلی دۆستی‌و ١٧ کەس لە هاوسەنگەرانی بۆ ناوچەی بیجار دەدا، عەلی وەک هەمیشە سەر لە پێناو بوو بۆ بەڕێوە بردنی ئەرکی حیزبی، بۆیە کۆمەڵێک پێشمەرگەی دیاری کردو بێ سێودوو لێکردن بەرەو ناوچەی بیجار وەڕێ کەوت، پاش چەند رۆژ مانەوە لەو ناوچەیە دوژمنی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران، کە هەستی بە بوونی پێشمەرگە لەو ناوچەیە کردبوو رۆژی ٢١ی خاکەلێوەی ساڵی١٣٦٠ی هەتاوی لە شارەکانی تیکاب، دیواندەرەو بیجار، هێزێکی زۆری وەسەر عەلی قارەمان لەگەڵ ١٧ هاوسەنگەرەکەی لە گوندی "سەڵواتئاوا"ی بیجار گێرا. دوژمن بە تەواوی دەوری ١٨ رۆڵەی کۆڵنەدەری دێموکڕاتی تەنیبوو خستبووینە گەمارۆی توندی خۆیەوە، رۆڵە خۆڕاگرەکانی دێموکڕات یان دەبوو تەسلیم بن، یان دەبوو خوێنیان برژێ‌و دەرسی فیداکاری‌و کۆڵنەدانیان بۆ هاوسەنگەرانیان بە میرات بە جێبێڵن. رۆژ، رۆژی بەرخۆدانی کوڕەکانی دێموکڕات بوو، هەربۆیە عەلی دۆستی فەرماندەری لێوەشاوەو کارامەی دێموکڕات بڕیاری هێرش بۆسەر دوژمنو شکاندنی گەمارۆی هێزی کۆنەپەرستی‌و مقاومەتو بەربەرەکانی تا ئاخرین فیشەکی بە هاوسەنگەرانی‌دا.

کوڕانی دێموکڕات بەورەو ئیمانی قـایمەوە شەڕێکی دەستەو یەخەیـان دەست پێکرد شەڕێکی قـورس‌و گەرم‌و خوێنـاوی لەئـارا دابـوو لە هەر لایەک دوژمـن پەلامـاری دەهێنـا قـارەمانـانی دێموکڕات لە سـەنگەری ئـازادیدا هەڵیان دەکوتا سەر دوژمن کەلاکیان دەخستن. شەڕ دەهـات گەرمتـر دەبـوو ئـاڵقەی گەمـارۆ لە رۆڵەکـانی گەلـی کورد تەنگتر دەبۆوە. دوژمن بە هەموو شێوەیەک ئاورو ئاسنی بە سەر پێشمەرگەکاندا دەباراند، داوای تەسلیم بوونی لێدەکردن بەڵام تێکۆشەرانی رێگای ئازادی، کوڕانی قارەمانی دێموکڕات پەیمان‌و بەڵێنیان لەگەڵ حیزب‌و میللەتیان بەستبوو کە یان سەردەکەون یان بە شانازییەوە خوێنیان لەسەنگەری شەرەفو ئـازادیدا بڕێـژن، بـۆیە شێرانەو ئازایـانە هێرشیان بۆسـەر دوژمـن دەبـردو بە هەڵـمەت‌و خۆڕاگریـان هەوڵـی دوژمنیـان بـۆ بە چـۆک داهێنانیان پووچەڵ دەکردەوە.

سـەرئەنجام پـاش ٨ سـەعات مقـاومەت‌و خـۆڕاگری، ٨ سـەعات نەبەردی حماسـەی قارەمانـانە، ٨سـەعات کـۆڵنەدان‌و دەرسـی خـۆڕاگری، عەلـی دۆسـتی قارەمـان‌و ١٧ هاوسـەنگەرەکەی بە ناوەکـانی ١-عەبـاس ئەحـمەدی سەرپەل ٢- محەممەدساڵح سەنعەتی پێشمەرگە ٣- ئەمجەد غەفاری پێشمەرگە ٤- عارف کاکەخانی پێشمەرگە٥- نەعـمەت مرادی پێشمەرگە ٦- محەممەدکەریـم تەدخیـز پێشمەرگە ٧- رەحمـان باباخـانی پێشمەرگە ٨- عەلـی خالیدیان پێشمەرگە ٩- سەعید فەتحوڵاهی پێشمەرگە ١٠- جەمشید باوەیسی پێشمەرگە ١١- مەنسوری باوەیسی پێشمەرگە ١٢- محەممەد گلەیی پێشمەرگە ١٣- مەحموود مرادی پێشمەرگە ١٤- حەبیبەڵا فەلاحی پێشمەرگە ١٥- عەبدوڵا محەممەدی پێشمەرگە ١٦- محەممەدرەشید سادقی پێشمەرگە ١٧- محەممەد رەعنـایی پێشمەرگە شەهید بوون. ئەو قارەمانانە تەرمیان کەوتە سەرعەرزو لەسەنگەری شەرەفو ئـازادیدا خـاکی پیـرۆزی کوردستـانیان لە بـاوەش گـرت‌و بـۆ هەمیشە چاویـان لەسـەر یەک دانـاو خوێنیـان رژایە سەر خـاکی پیـرۆزی نیشـتمان، ئەو رۆڵە گیانبـازو لەخۆبـووردووانە قەول‌و بەڵێنیـان بردەسـەر، سەریان بـۆ دوژمنـی داخ لەدڵ نەوی نەکـردو لە بەهـاری تەبیعەتدا، بەهاری ١٨ لاوی قارەمانی دێموکڕات بوو بەگوڵالە سورەو، لە حیزب‌و لە زەحمەتکێشـانی کوردسـتان بۆ هەمیشە ماڵئاوایان کردو لاپەڕێکی زێڕینیان بە مێژووی سەرانسەر خەبات‌و قارەمـانەتی نەتەوەی کـورد زیـاد کرد. بە شەهید بوونی ١٨ رۆڵەی دێموکڕات خەڵکی کوردستان بەگشتی‌و ناوچەی دیواندەرە بەتـایبەتی تـازیەدار بوون‌و تەمی خەم دایگرتن. بەڵام زەبری پەیتا پەیتای هێزی پێشمەرگەی دێموکڕات لە پەیکەری رێژیمی کۆماری ئیسلامی بزەی خستە سەرلێوی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان‌و هەموو بە پێکەنینەوە بە یەکتریان دەگوت رێگای شەهید عەلی دۆستی‌و هاوڕێکـانی درێژەیـان هەیە. لەم یـادەدا بەڵێن دەدەیـن تـا سەرکەوتنی یەکجـاری بەسـەر دوژمنای ئازادی رێگای شەهیدان هەردرێژەی دەبێ‌و خوێنی عەلی دۆستی‌و هاوسەنگەرانی دەستـەبەری سـەرکەوتن‌و مەشخەڵی پڕ نووری رێگای خەبات‌و تێکۆشانی پێشمەرگەکانی دێموکڕات‌و میللەتی کوردە.

# هێزی ئاربابا




**غەففوور هەمزەیی**

نەتەوەی کورد بە بارتەقای باڵای مێژوو لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی رزگاری خوازانەی خۆیدا، ماندوونەناسانە درێژەی بە تێکۆشان داوەو لە بەرانبەر زەبرو زەنگ و ئیعدام و رەشەکوژی و سەرکوت و خەفەقاندا ملی بۆ داگیرکەران و چەوسێنەران ڕانەکێشاوەو بە چۆک دا نەهاتووە. رۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە لێ براوانەو بە ئیمانێکی پۆڵاینەوە درێژەیان بە خەبات داوەو لە پێشکەش کردنی گیانی پاکیان بۆ دابینکردنی ویستو داخوازەکانی نەتەوەیی یان بەر چاو تەنگ نەبوون.

تا چەوساوان و لە کۆڕی خەبات و بەربەرەکانی کردندا یەک دەنگ نەبن و لە بەرامبەر پێشێل کەرانی مافی مرۆڤدا رانەوەستن و بە گژ ناهەقیدا نەچنەوە، تا وڵات پارێزان سینگیان بە گوللەی شەو پەرستانی دڵ ڕەق و قین لەزگ و دوژمنانی ئازادییەوە نەنێن، تا لاوە بە هەست و خوێن گەرمەکان پۆل پۆل نەبنە قوربانی ویستو داخوازە لە مێژینەکانیان، تا لێشاوی فرمێسک و خوێن نەبێتە دەریای شەپۆلان و تەخت و بەختی سەر کوتکەران را نەماڵێ، ئازادی و بەختەوەری نایەتە بەرهەم. روون و ئاشکرایە کە مێژوویی پڕ لە شانازی و پڕ لە سەروەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە کردەوە نیشانی داوە کە لە رابردووی خەباتی دەیان ساڵەی پڕ لە فرمێسک و خوێن و دارماڵ لە حەماسەو خۆ راگریی خۆیدا، پشت ئەستوور بە پشتیوانی هەمە لایەنەی خەڵکی کوردستان و هێزی باسک و دەست و مەچەکی رۆڵە فیداکارەکانی، لە بەرانبەر رێژیمە دژ بە کوردە یەک لەدوای

یەکەکانی زاڵ بە سەر وڵاتەکەمان دا، درێـژەی بە خەبات داوەو ماندوویینەناسانە بەرەو ترووپکی رزگاری هەنگاوی ناوەتەوە.

غەفوور هەمزەیی لەو چوار چێوەیەدا سەرئەنجام بەڵێنی وەفاداریی بە حیزب و نەتەوەکەی بردە سەرو بە روو سووری دەستە ملانی خاکی پیرۆزی وڵاتەکەی بوو.

غەفوور هەمزەیی لە ساڵی ١٣٢٣ لە بناری ئاربابا، لە شاری بانەو لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی چاوی بەدنیای پڕلە رەنجو کوێرەوەری هەڵێنا. پاشان دوای تێپەرکردنی قۆناغی منداڵی، هەر لە شاری بانە خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی تەواو کرد، لەساڵی ١٣٣٨ چۆتە دانشسەرای موقەدەماتیو پاش دوو ساڵ لە گوندەکانی ناوچەی بانە بۆتە ماموستاو دەرسی بە منداڵانی هەژارو بێ دەرەتانی ئەو ناوچەیە دەگوتەوە.

غەفوور هەمزەیی پاش ٧ساڵ وانە وتنەوە لە کۆنکۆری زانستگەدا بەشداری کردو لە زانستگەی تەورێز وەرگیرا، پاش تێپەربوونی دەورانی زانستگە بە سەرکەوتوویی‌و وەرگرتنی لیسانسی ئەدەبیاتی زمانی فارسی، گەڕاوە شاری بانەو لە یەکێک لە دەبیرستانەکانی ئەو شارە دەرسی دەگوتەوە.

ژیانی سیاسی غەفوور هەمزەیی لە ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی دەست پێ دەکاو لەو کاتەوە پێوەندی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە دەگرێ‌و وەک ئەندامێکی تێکۆشەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەست بە کار بوو، لەخۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ وەک رووناکبیرێک لاوانی بۆ یەکگرتوویی‌و خۆپێشاندان هان دەدا.

زۆری نەکێشا کە ریژیمی کۆماری ئیسلامی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو ویستوداخوازییەکانی تەواوی چین وتووێژەکانی خەڵکی ئێران بەگشتی‌و کوردستان بە تایبەتی پێشێل بکاو ویستو داخوازی خەڵک بە ئاورو ئاسن وەڵام دایەوە. هەر لەو کاتەدا حیزبی دیموکرات بە کردەوە لە مەیداندا دژی ئەم دیکتاتۆرییە راوەستاو لاوانی لەدەوری خۆی کۆ کردەوە، غەفوور هەمزەیی وێڕای زۆریەک لە لاوانی ئەو ئاو وخاکە نەیتوانی لە ئاست زوڵم و زۆری رێژیمی ئاخوندی دەرحەق بە گەلەکەی چاو هەڵنەبرێ. بۆیە لەریزەکانی حیزب بە ئاشکرا دەستی بە خەبات کردو بە ئیمانێکی بە هێزترو بیروباوەرێکی قووڵتر قۆڵی بۆ خەبات دژی دوژمنانی ئازادی‌و هەموو ئەو کەسانەی خەونی نابوودیی گەلی کوردیان دیبوو هەڵماڵی. ساڵی ١35٧ هەموو پلەو پایەیەکی ئیداری‌و هەر جۆرە مەقامو بەرپرسایەتی‌یەکی لە کاری ماموستایەتی بە جێ‌بهێڵێ‌و پاشماوەی ژیانی لەریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتدا بۆ خەباتو تێکۆشان لەپێناوی رزگاری هاونیشتمانانی لە بێ‌مافی‌و ژێرچەپۆکی‌و دیکتاتۆری تەرخان بکا.

لەساڵی ١٣٥٨ لە کۆنفرانسی کۆمیتە شارسانی بانە بە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی هەڵبژێردرا، لە ساڵی ١٣٦٠ وەک مشاویری کۆمیتەی ناوەندی دیاری کرا. پاشان بەرپرسایەتی کۆمیتە شارستانی بانەیان پێ سپارد. لە ساڵی ١٣٦١و ١٣٦٢ وەک بەرپرسی کۆمیتە شارستانی بۆکان دیاری کراو کە لەو ناوچەیەش خزمەتێکی

بەرچاوی کردو سیاسەتەکانی حیزبی لە ناو خەڵکدا تەبلیغ دەکرد وەک کادرێکی هەڵسووڕ لە بەر چاو بوو. لە کۆنگرەی ٦ی حیزب لە ساڵی ١٣٦٢ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو تا کاتی شەهید بوونی وەک ئەندامێکی بە تواناو چالاکی رێبەری ئەرکی پێ ئەسپێردراوی بەڕیوە برد. لەژیانی حیزبایەتیدا بە هەموو هەستو تواناو فیداکارییەوە تێکۆشاو بە لێهاتوویییەوە پلەکانی سەرکەوتن لە ئەرکە حیزبییەکانیدا یەک لە دوایەک بڕی.

لە ساڵی ١٣٦٤ دوای کۆنگرەی ٧ بوو بە بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوە لە شاری سولێمانیو دواتر پێوەندییەکانی دەرەوە لە بەغدای پێ سپێردرا. لە ماوەی ٩ ساڵ تێکۆشانی شەهید غەفوور لەو پۆستەدا جێگای رەزامەندی رێبەرانی بوو.

ئەو کوڕی رۆژانی تەنگانەی حیزب بوو بەرامبەر بە حیزبو رێبازەکەی رۆڵەیەکی بە ئەمەگو وەفادار بوو و قەت لە بیروباوەڕیدا ناهومێدیو لەرزۆک بوون بەدی نەکرا. بەرپرسێکی مودیرو قاتع بوو، هەمیشە دەم بە پیکەنینو لەکاتی کاری حیزبی زۆر جیدی بوو.

غەفوور هەمزەیی ئینسانێکی خەڵکیو خاکی، دڵپاکو مەجلیس خۆشو کادرو بەرپرسێکی لێوەشاوەو خۆشەویست بوو، بەراستی کەسێکی جیدی، هەڵسوور، بەهۆشو وریاو لە کارو تێکۆشانی حیزبی ماندوویی نەدەناسی، هەوڵی دەدا پلەی زانیاری سیاسی خۆی بەرەو سەر بەرێ، بە رێکوپێکی ئەو ئەرکەی بۆیان دیاری کردبوو بەڕێوە دەبرد.

رۆژی ١٣ی گلاوێژی سالی ١٣٧٣ لە بەر دەرگای ماڵی خۆی لە شاری بەغدا کەوتە بەر دەسڕێژی تێرۆریستانەوە بە داخەوە دەستی تێرۆر گیانی لێ ئەستاندوو بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە حیزبەکەیو نەتەوەکەی کرد.

---




## محەممەدئەمین مەعرووفی

خەڵکی کوردستان بە درێژای مێژوو بۆ بەدەستهێنانی مافە ئینسانییەکانی بە هەزاران رۆڵەی کردۆتە قوربانیو، بگرە لەوەش زیاتر ئاوارەو دەربەدەرو زیندانی کراون، هەرچەند ئەو هەمووە قوربانییە دڵی هەرکوردێکی نیشتمانپەروەر دەهەژێنێ بەڵام مایەی سەربلیندیو سەربەرزی نەتەوەی کوردە، چونکی لەگەڵ ئەوەی خوێنی زۆری داوە بەڵام ئێستاش هەر بۆ بەدەست هێنانی ئازادی خەبات دەکاو سەختییەکانی ژیانو کوێرەوەریو ماندوو بوون هەنگاوی بە رێبوارانی ئەو خەباتە شل نەکردوە.

زۆر بە زەحمەت دەبینرێ نەتەوەیەک بە بێ قوربانی رۆڵەکانی بە ئازادی گەیشتبێ، بەڵام لەسەر گۆی زەوی کەم نەتەوە هەیە بە ئەندازەی میللەتی کورد لەژێر ستەم زوڵمدا بچەوسێتەوەو هەر لەوکاتەشدا بێ پسانەوە خەباتی خۆی بۆ رزگاری نەتەوەکەی درێژە پێداوەو زۆر کوڕی تێکۆشەرو خەباتکار دژی رێژیمە زۆردارەکان وەستاونەوەو گیانیان کردۆتە قوربانی تا نەتەوەکەیان داهاتووی ئاسوودەی هەبێ، محەممەدئەمین مەعرووفی یەکێک لەو کەسانەیە کە لەگەل دوو رێژیمی پاشایەتیو کۆماری ئیسلامی بەربەرەکانی کردوە.

محەممەدئەمین مەعرووفی ساڵی١٣٠٥ لە شاری بانە چاوی بە دنیای روون کردەوە بەرەبەرە کە گەورە بوو لەتەمەنی ٧ ساڵاندا ناردیانە قوتابخانە. ئەو سەرەڕای کەموکوڕییەکانی ژیان پۆلەکانی دەورەی سەرەتایی بە دوای یەکدا بڕیو پۆلی ٦ی سەرەتایی تەواو کرد، پاشان لەتەمەنی ١٢ ساڵیدا وێڕای باقی بنەماڵەکەیان دەستی بە کار کردو ئارەقەی دەڕشت تا بتوانێ ژیانێکی باشتر بۆ بنەماڵەکەی دابین بکا. محەممەدئەمین زستانانیش لەکار کردن رانەدەوەستاو بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیان لەحەول دابوو. ئینسانێکی رووخۆشو قسەخۆش بوو قسەی ناحەقی لە کەس قەبوڵ نەدەکرد. بە تێپەڕ کردنی قۆناغی ژیان رۆژ لەگەڵ رۆژ ماندووتر

دەبوو بۆیە نەیتوانی ئەو وەزعە تەحەمول بکاو لەساڵی ١٣٣٢ بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو زۆر ماندوونەناسانە کارو چالاکی خۆی لە ناوچەی بانە دەست پێکردو قۆڵی هاوکاریی لەگەڵ ئەو خەباتکارانە هەڵماڵی. بۆ بەرێوەبردنو راپەڕاندنی ئەرکەکانی، بە ئیمان بە رزگاریی نەتەوەکەی لە ژێر ستەمو چەوسانەوەی رێژیمی پاشایەتیو دەستو پێوەندەکانی لە هیچ کەندو کۆسپێک سڵی نەکرد. دوای سەرکوت کردنی راپەڕینە پڕشکۆکەی چەکدارانی ساڵەکانی ١٣٤٦ و ٤٧ بۆ بووژانەوەی رێکخراوی حیزب سەردانی کوردستانی عێراق دەکا لەگەڵ کادرەکانی ئەو کات بەرنامەریزی دەکەنەوە. پاش گەڕانەوە لەلایەن دەستو پێوەندییەکانی رێژیمی شاوە شناسایی دەکریو بۆ ماوەی دوو ساڵ لەبەندیخانەی ئیسفەهاندا زیندانی دەکرێ.

محەممەدئەمین لەگەڵ دەست پێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران هیواو گەشبینیی زۆر کەوتەوە دڵیو زۆر چالاکانە بەشداریی لە رێ‌پێوانەکانی دژی رێژیمی پاشایەتیدا کردو، خەڵکی هان دەداو رێکی دەخستن تا لە خۆپێشاندانەکانی دژی رێژیمدا بەشداری بکەن. محەممەدئەمین لە رێ‌پێوانەکانی شارەکانی بانەدا چالاکانە بەشداریی کرد. هەر لەوکاتەدا پێوەندیی خۆی لەگەڵ تێکۆشەرانی دێموکڕات کە لە بەندیخانەکانو لە کوردستانی عێراقەوە گەڕابوونەوە، نوێ کردەوە.

محەممەدئەمین مەعرووفی بە ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزب، پێوەندیی بە بەرپرسانو رێکخراوەکانی حیزبەوە گرتو لە رێکخستنەوەو سازماندانی تەشکیلاتی حیزبو لە پێکهێنانو دروستکردنی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی بانەدا رۆلی باشی گێڕا. ئەو لەڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان جێی گرتبوو بەڵێنی دابوو شەوی بخاتە سەر رۆژو، هەدا نەداو نەسرەوێ. ئەو رێچکەی خەبات بۆ سەر بەستی مرۆڤایەتی گرتبوە بەرو، نیگای تاسەباری پیرە پیاوانی پشت چەماو، رەنجەڕۆیی دایکانی جەرگ سووتاوی رۆڵە کوژراو، هانی دەدا کە کۆڵ نەداو ورەی هەروا بەرز بێ.


محەممەدئەمین مەعرووفی وەک کادرێکی باشی حیزبی لەو ناچەیەدا کاری دەکردو لەیەکەم کۆنفرانسی کۆمیتە شارستانی بانە بوو بە ئەندامی کۆمیتە شارستانو لە نێو خەڵکدا سیاسەتەکانی حیزبی تەبلیغ دەکرد. بە دەست پێکردنی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆسەر کوردستان ناوبراو لە زۆربەی مەئمورییەتو شەڕەکانی ناوچەی بانەدا بەشداریی کرد پاشان بەرپرسایەتی نیزامیی پێ‌ئەسپێردراو وەک فەرماندەیەک نەخشو رۆڵی خۆی بەجێ گەیاند. عەمەلیاتەکانی سەر جادەی سەقز ـ بانە، شەڕی گەردەنەی‌کەلیخان، عەمەلیاتی بەرگری لە شاری بانە، بەرەنگار بوونەوەی هێزەکانی رێژیم لەگوندی بۆیەن، هەڵمەتو حەماسەکانی شێرە کوڕانی دێموکراتو ئازایەتیو بە دست وبردی ناوبراو بوون.

محەممەدئەمین لە گەڵ هاوسەنگەرانی لە سەرەخۆ و روو خۆش بوو هەمیشە لە سەر دوژمنی وێرانکەری کۆماری ئیسلامی بۆیان دەدوا، جگە لەوە لە نێو خەڵکیشدا خۆشەویست بوو ناوی ئازایەتی ئەو لە سەر زاری

خەڵک بوو داستانی حماسەکانی بۆ یەکتریان دەگێڕاوە. ئەو تایبەتمەندییانە بوونە هۆی ئەوە کە وەک فەرماندەری لک دیاری بکرێ و لەو مەسئوولییەتەش نیشانیدا کە بەراستی قارەمانی ئەو خاکو نیشتمانەیە بە جۆرێک دوژمن لە ناوی زراوی تۆقیبوو.

رۆژی ٢٢ی پووشپەری ساڵی ١٣٥٩ هێزە بەکرێ گیراوەکانی کۆماری ئیسلامی لە شاری بانەوە لەژێر پشتیوانیی سێهێلیکۆپتێر هێرشێکی بەربلاویان بۆسەر پێشمەرگەکانی دێموکرات لە نزیک ئاوایی بۆیەن هێنا. پێشمەرگەکان زۆر ئازایانە بەرەنگاری هێرشکەران بوونەوە. لەم شەڕەدا محەممەدئەمینی قارەمان لە سەنگەری پێشەوەدا بوو، لە شەڕێکی ٦ سەعاتەدا جارێکی دیکە سەلماندی کە شۆڕشگێڕەو لە کوورەی خەباتدا قاڵ بووە. لەو شەڕە دابوو کە دەیان کەس لە هێزی داگیرکەر کوژراو بریندار بوو. بە دەیان چەکوچۆڵ بەدەسکەوت گیرا. بە داخەوە محەممەدئەمینی مەعرووفی زەحمەتکێش لەگەڵ سێ هاوسەنگەری دیکەی بەناوی حەسەن محەممەدپوور سەرپەل، مەجید سەرحەدی پێشمەرگەو جەلال قادەرزادە پێشمەرگە کەوتنە بەر گوللەی دژی گەلییەکانو خوێنیان رژایە سەر خاکی کوردستانو گیانیان لەپێناو ئازادیو بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمناندا بەخشیو چوونە ریزی کاروانی شەهیدانو ئاڵای خەباتیان بە هاوسەنگەرانی سپارد.

---




عەلی حەنیفی

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە مێژووی پڕلە سەروەریی‌و هەورازو نشێوی خۆیدا زۆر ڕێگای سەختو پڕ لەکەندو لەندی بڕیوە، زۆر تاڵی ناخۆشی بەخۆیەوە دیوەو سەرکەوتنی زۆریشی لە مەیدانی خەباتدا وەدست

هێناوە، بە فیداکاریو کۆڵنەدەری رۆڵە قارەمانو فیداکارەکانی رێگای خەباتی درێژە پێداوەو تا سەرکەوتن بەسەر دوژمنانی کوردستاندا هەر درێژەی دەبێ. لەم رێبازە پیرۆزەدا تێکۆشەرانو شۆڕشگێڕان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەکەیان گیانی خۆیان کردۆتە قۆچی قوربانیو شانازی و سەرفیرازیان بۆ حیزبو نەتەوە تۆمار کردوە، یەکێک لەو تێکۆشەرانە کە بەرەنجو کوێرەوەری گەورە بوو لە پێناو رزگاری زەحمەتکێشاندا بە سەخاوەتەوە گیانی بەخشیو بوو بە سەمبولی خۆڕاگریو شۆڕشگێڕی بۆ هاوسەنگەرانی، فەرماندەی ئازای زەحمەتکێشانی ناوچەی بانە شەهید عەلی حەنیفی ناسراو بە عەلیڕەش یاد دەکەینەوە.

عەلی حەنیفی لە یەکێک لە کۆخەکانی دەوروبەری شارە دێی "ئاڕمردە" لە بنەماڵەیەکی زۆر زەحمەتکێشو هەژار لە دایک بوو. باوکی سەرەڕای ئەو هەمووە رەنجو زەحمەتەی دەکێشا، دیسان بە دژواری خەرجو بژێوی ماڵەوە دابین بکا. زۆڵمو زۆریش دەردێک بوو لە هەزاران دەردی بێ دەرمانی ئەو بنەماڵەیە. عەلی کە نیازی بە ئاگاداریو سەرپەرستی بوو باوکی زەحمەتکێشی لەدەستدا، دوای مردنی باوکی ژیانی عەلیو بنەماڵەکەی زۆر بەسەختیو ناخۆش تێدەپەڕی. موحتاجی بەردەرگای پێ گرتبوون. عەلی بەو تەمەنە کەمەوە بە هۆی نەبوونی تواناو وزەی کارکردن نەیدەتوانی نیازو پێداویستی ماڵەوە دابین بکا، فەقیری نەداری کارێکی قووڵی کردە سەر هەستو دەروونی دایکی زەحمەتکێشو هەژاری عەلیڕەش، برسییەتی منداڵەکانی لەلایەکو بێ سەرپەرستو زۆڵمو زۆریش لەلایەکی دیکەوە دایکی عەلی خستە تەنگانەوە شوێنی لەسەر روحی داناوەو تووشی نەخۆشی رەوانی هات. نەخۆشیو گۆڕانی حاڵی دایکی عەلی بەهۆی نەداریو نەبوونی پووڵی دەرمانو دوکتور بۆ چارە نەکرا. سەرئەنجام بڕستی لێبڕیو چاوی لەسەریەک داناو عەلیو کچو کوڕێکی دیکەی بێ سەرپەرەست هێشتەوە. ئەو کات عەلیڕەش تەمەنی ١٢ ساڵە دەبوو بێجگە لەدەردو مەینەت شتێکی دیکەیان وەرێ نەدەهات خزمێکی سەرپەرستی گرتە ئەستۆ.

عەلی بۆ ئەوەی بتوانێ لەسەر پێی خۆی راوەستێ لە تەمەنی ١٣ ساڵە پەڕیوەی شاری سولیمانی کوردستانی عێراق بوو خەریکی کاری کرێکاریو شاگرد ماشێنیو هەموو کارێکی شەڕافەتمەندانە بوو، هەموو هەوڵی ئەوە بوو چاو لەدەستی خەڵک نەبێ. عەلیڕەش بەرەبەرە لەسەر پێی خۆی راوەستا بە تەواوی بووە لاوێکی پێگەیشتوو لەگەڵ رەنجو کوێرەوەرییەکان بارهاتبوو، لە نێو کۆمەڵدا قاڵ ببوو سەختییەکانو دەردو ژانەکانی گەلەکەی دەناسی. پاش ئەوەی تا رادەیەک توانی لەسەر پێی خۆی رابوەستێ لەگەڵ کچە هەژارێک ژیانی هاوبەشی پێک هێناو قۆناغێکی تازە لەژیانیدا پێک هات.

دوابە دوای ئەوەی کە شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوتو رێکخراوەی حیزبی بە ئاشکرا لە شارو گوندەکانی کوردستان دامەزرا، عەلیڕەش بێ راوەستان چەکی شەڕەفو دیفاع لە کەرامەتو ئامانجی گەلەکەی دەستدایەو هاتە نێو ریزی پێشمەرگەکانی هێزی ئاربابا.

عەلـیـیەرەش پـاش مـاوەیەکی کـورت نیشـانیدا پێشـمەرگەیەکی بە بیروبـاوەڕو دێمـوکڕاتێکی شۆڕشـگێڕو خەباتگێڕێکی قارەمانو کۆڵنەدەرە، لە شەڕی ٣ مانگەدا ئەم رۆڵە زەحمەتکێشو بەهەستە، بە بەڕێوە بردنی عەمەلیاتی شۆڕشگێڕانە، بە نەبەزیو کارامەیی لە ناوچەی بانە سەلماندی کە پێشمەرگەیەکی لێزانو بەجەرگو شـارەزایە، بـۆیە وەک فەرمانـدەری گروهـی زەربەتـی پێشـمەرگەکانی هێـزی شـەهیدانی وێـردی دیـاری کـرا. قارەمـانەتی ئەم رۆڵە کۆڵنەدەرەی دێموکڕات لە شەڕی ٣ مـانگەدا بـۆ خەڵکـی شـاری بـانەو دەوروبەر شـتێکی شاراوە نیە سەرەڕای ئەوە دوژمن بەتەواوی شاری بانەی تەنیبوو شەوانە بە شێوەی پارتیزانی دەچووە ناو شـاری بانەو خائینانو خۆفرۆشانی دەێنـا دەرەوەو، بەچەشنێک عەلـیـیەرەش ببـوە وێـردی زمـانی خەڵـک. نـاوی عەلـی هیواو هۆمێدی بەخەڵکی شارو دەوروبەری دەبەخشیو زەندەقی دوژمنی دەبردو جـاشو پاسدار بە بیسـتنی نـاوی عەلـیـیەرەشی قارەمان وەلەرزە دەکەوتن. پاش هێرشی دووبـار بۆ سەر خەڵکی کوردستانو دەست پێکردنـی شەڕی ٣٧ رۆژەی شاری بـانە، شۆڕشگێڕ بوونی عەلـی قـارەمان رۆڵەی بە ئەمەگی حیزبـی دێموکڕاتی کوردسـتان هێنـدەی دیکە دەنگی دایەوەو خۆشەویستی ناوبراو لە نێو دڵی زەحمەتکێشانی ناوچەی بـانەدا ئەوەنـدی دیکە زیـاد کـرد. لە شەڕی ٣٧ رۆژەی بـانە لە بەهاری ساڵی ١٣٥٩دا، ستوونی زرەهی قەزوین بۆ گرتنەوەی شاری بـانە بەرەو ئەو شـوێنە بەرێ کەوت قـارەمـانەتیو کـۆڵنەدەری پێشـمەرگەکانی حیزبـی دێمـوکڕاتی کوردسـتان لە بەرەنگـاری لەشکریانی پەلاماردەر بۆ خۆی چیرۆکێکە لە فیداکاریو کۆڵنەدەری پێشمەرگەکانی هێزی ئاربابـاو لاپەڕێکە لە لاپەڕەکـانی پـڕلە شـانازی حەماسە خۆڵقێنەرەکـانی نەتەوەکەمـان کە رۆڵەکـانی دێموکڕات بەڵایەکیـان بەسـەر لەشکری پەلامـاردەر هێنـا کە نەسلی ئێسـتا دەبـێ وەک چیرۆکێـک لەحەماسەو شـانازیو فیـداکاری پێشمەرگەی دێموکڕات بیگێڕێتەوە، لەم شەڕەدا عەلـیـیەرەشی قارەمانو کۆڵنەدەر ئیمانی بە خەباتی نەتەوەکەیو بیروباوەری بە ئامانجی سەلماند. عەلی بەرەنگاری ستوونی نیزامیی دوژمن بوو لە شەڕێکی قارەمانانەدا تـوانی فەرمانـدەری ستوونی نیزامیی بەدیل بگرێ. فەرمانـدەری ستوونی دوژمن بە نیشـانەی تەسلیم بـوون دەستەکانی بەرز کـردەوە عەلـی بەرەو فەرمانـدەری دوژمـن چـوو، بەڵام فەرمانـدەری خـائینی دوژمـن لەپـڕ دەستی بـۆ دەمـانچەکەی بـردو تەقەی لە عەلی قارەمانی نێو سەنگەر کردەو بریندار کرد. سەرەڕای ئەوە عەلی بە برینداری هێرشی بۆ سەر فەرماندەی جنایەتکار بردو نەیهێشت دەرباز بێو بەدیلی گرت، بەمجۆرە ستوونی گەورەی نیزامیی قەزوین لە ژێر زەبری دوژمن شکێنی رۆڵەکانی دێموکڕات بە فیداکاری عەلـیـیەرەشو سەدان عەلـیـیەرەشی دیکە تەفرو تونـا بـوو دەیان ماشێن سووتێنران، سەدان کەس لە هێـزی بەکرێگیـراوی رێـژیم کـوژرانو برینـدار بـوونو چەنـدین قەبـزە چەکی جۆراوجـۆر بـوونە دەسکەوتی پێشمەرگەکانو سەری هێـزی رێژیمی کۆنە پەرستی ئیسلامی وەچیـای بەرزی ئاربـابا کەوت.

عەلیپەڕەشی قارەمانو شۆرشگێر پاش ساڕێژبوونەوەی برینەکەی بە گوڕتر لە جاران گەڕایەوە سەنگەری شەڕەفو ئازادی، بوو بە فەرماندەری دەستەی شەهید حەسەن دێموکڕات. ناوبراو دەیان چالاکیو شانازی بۆ حیزبو نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان خوڵقاند. عەلی لەراستیدا ببوە مامۆستایەکی شارەزا لە کاری نیزامییدا، چەند قارەمانی کۆڵنەدەرو فیداکار لە مەکتەبی ئازایەتی وخەباتگێڕی ئەم تێکۆشەرە زەحمەتکێشو بە بیروباوەڕەدا بار هاتبوون. عەلی قۆناغەکانی سەرکەوتنی یەک بە دوای یەکدا بڕی، رۆژ بەرۆژ کارامەییو لێهاتوویی پتری لە خۆی نیشاندا بۆیە لەلایەن فەرماندەری هێزەوە وەک فەرماندەری لکی یەکی هێزی شەهیدانی وێردی دیاری کرا.

لکی یەکی ئەم هێزە بە فەرماندەریو قارەمانەتی ئەم فەرماندەرە بەوەجو کۆڵنەدەرە دەیان عەمەلیاتی نەبەزانەی لە ناوچەی بانە بەڕێوە برد، دەیان زەبریان لەدوژمن وەشاند دەیان هێرشی دوژمنیان تێک شکاند بە وریاییو وشیارییەوە هەموو نەقشەو پیلانەکانی دوژمنانی کوردستانیان پووچەڵ دەکردەوە.

مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی هێزی کۆماری ئیسلامی پەلاماری دڕندانەیان بۆسەر جادەی بانە– سەردەشت بۆ چەندەمین جار دەست پێکرد، پێشمەرگە ئازاکانی هێزی شەهیدانی وێردی لە سەنگەری ئازادیدا بەرەنگاری دوژمن بوونەوە عەلیپەڕەشی قارەمانیش بەرانبەر بە دوژمن حەماسەو شانازی دەخوڵقاند، سینگی کردبووە قەڵغانی دیفاع لە نەتەوەکەی دەیان ماشێنی دوژمن لەو هێرشەدا سوتێنران، بەسەدان کەس لەهێزی رێژیم کوژران، رێژیم بە تانکو تۆپو فرۆکەو هێلیکۆپتێر مەیدانی شەڕی دەکوتا. بەمجۆرە دەرگای قۆناغێکی دیکە لەخەباتو خۆڕاگری بەسەر پێشمەرگەکەندا کەرایەوە، سەرکەوتنە یەک بەدوای یەکەکانی هێزی پێشمەرگە شادیو خوشحاڵی زۆری خستبووە نێو پێشمەرگەکان.

رۆژی ٦ی گەلاوێژیش شەڕ هەر بەردەوام بوو رۆڵەکانی دێموکڕات دڵگەرمترو بە وزەو تینێکی زیاترەوە خەریکی دیفاع لەکوردستانو ئامانجەکانیان بوون. کوژراوەکانی دوژمنو ماشێنە سووتاوەکانیان کەلێنو قوژبنی رێگای بانە - سەردەشتی داگرتبوو، شەڕ هەروا گەرم بوو. پێشمەرگەیەک بە سینگە خشکە خۆی گەیاندە چەند هاوڕێی بە ئەسپایی وتی شەهید بوو، هاوسەنگەرانی ئەوانەی لەو سەنگەرە دابوون وتیان کێ شەهید بوو؟ گوتی: محەممەد مروەتی، محەممەد نەجات، ساڵح باڵولی، سەلیم قادری. هەموویان بەسەر سوورمانەوە وتیان کێی دیکەش؟ پێشمەرگەیەک لەبەرخۆیەوە گوتی عەلیپەڕەشیش شەهید بوو. بەڵام یەکێک لە هاوسەنگەرانی گوتی زۆر باشە ئێستا شەڕەو فەرماندە شەهید بووە نابێ بڵاوی بکەنەوە تا شەڕ تەواو دەبی.

شەڕ تەواو بوو، دوژمن تێکشکاو کوژراوێکی زۆری لە پاش خۆی بە جێهێشت. بەڵام رۆڵەکانی گەڵ تەرمی ٥ قارەمانی مەیدانی خەباتو تێکۆشانیان لەسەر شان داناو لە کاتێکدا رقو قینی شۆڕشگێڕانەیان سەرانسەری وجوودی داگرتبوون بە خوێندنەوەی سروودی ئەی شەهیدان تەرمی ٥ هاوسەنگەرەکەیان تەسلیم بە خاکی

نیشتمان کرد. شەهیدی بوونی عەلیەڕەش‌و هاوڕێیانی لەناوچەی بانە دەنگی دایەوە، زەحمەتکێشان فرمێسکیان بۆ ڕشتن، خەم‌و پەژارە دایگرتن، بەڵام پێ نەچوو ڕێبوارانی ڕێگای شەهید عەلیەڕەش توانیان چەندین ستوونی هێرشکەر لەجادەی بانە- سەردەشتدا تێک بشکێنن‌و یەکێک لەگەورەترین فەرماندەرانی بەکرێگیراوی ڕێژیم بە ناوی سەرگورد شەهرامفەر بکوژن‌و، یادی هاوسەنگەر شەهیدەکانیان نوێ بکەنەوەو کوڵی دڵی خەڵکی زەحمەتکێش‌و دڵپڕ لەخەمی ناوچەی بانە دامرکێنن. بەمجۆرە عەلی شۆڕشگێڕ کە بە هەزاری گەورە بوو لە هەژارانی کوردستان ماڵئاوایی کرد سەلماندی کە تا دوا دڵۆپی خوێن‌و دوا هەناسەی ژیان وەفادار بە ڕێگاو ئامانجی بوو.

---




**جەلال ڕەشیدی**

لە ڕەوتی شۆڕشی خەڵکی کوردستان بۆ وەدەست هێنانی ئازادی‌و مافە پێشێلکراوەکانیان، لاوانی چالاک‌و بە ئەمەگی کوردستان بە ئیمانی پۆڵایین بۆ خەبات دژی چەوسێنەران‌و زۆرداران هاتنە مەیدان‌و بەو پەڕی لەخۆبووردوویی‌و فیداکارییەوە ورەی شۆڕشگێڕانیان قایم‌و قایمتر کردووە بە حەماسەو گیانبازی نیشانیانداوە کە کوردستان مەیدانی بەربەرەکانی گەلێکی زۆر لێکراو، بەڵام نەبەزو شۆڕشگێڕ دژی زاڵمان‌و دوژمنانی ئازادی‌و ئینسانیەتە. لاوانی بە هەست‌و شۆڕشگێڕی کوردستان، ئەم سەربەرزانە خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادی‌و دێموکراسی، ئاڵا هەڵگری خەبات‌و بەربەرەکانی دژی کۆنەپەرەستان‌و خوێنمژانی مێژوون. ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی کورد لەبەرامبەر هەر چەشنە دیکتاتۆرییەک ئەوەی سەلماندوە کە ڕێژیمی کۆنەپەرستی ناتوانێ گەلێکی

راپەڕیوو زیندوو، کە لە مەوجوودییەتی خۆی بە هەموو ڕێگایەکی حەقخوازانە دیفاع دەکا لەنێو بەرێ، یەکێک لەم خەباتگێڕانە کە لە پێناو دیفاع لە ئامانجی نەتەوەکەی بە سەخاوەتەوە گیانی بەخشیو، لە بەرنامەی فەرماندەرانی شەهیدی ئەمجاردا باسی لێوە دەکەین شەهید جەلال ڕەشیدی لە ناوچەی بانەیە.

جەلال ڕەشیدی لە یەکێک لە گوندەکانی دەوروبەری سەقز چاوی بە جیهان پشکووت. هەروەک کۆرپەی هەموو زەحمەتکێشێکی کورد ژیانی لەگەڵ هەژاریو بێبەشیو ژانو دەرد تێکەڵ بووە. بابی جەلال بۆ ئەوەی بتوانێ ژیانێکی نەمر نەژی بۆ بنەماڵەکەی پێک بێنێ کرێکاری دەکرد. هەر ئەوەندە بەسە بڵێین لە نێو گوندەکەیاندا کەس لە بنەماڵەی جەلال هەژارتر نەبووە. بابی جەلال بۆ ئەوەی نانی خۆی لە چنگ نەداری کە وەک مۆتەکە خۆی بەسەر ژیانی بنەماڵەکەی کێشابوو ڕزگار بکا بە ماڵو منداڵەوە چووە شاری سەقزو دەستی بە کرێکاری کرد. سەرەڕای ئەو هەمووە تەنگو چەڵەمەیەی کە لەگەڵی بەرەو ڕوو ببوو دیسان جەلالی ناردە بەر خوێندن، جەلالیش وەک منداڵێکی پیتۆڵو وریا دەرسی دەخوێندو بە هەموو توانایەوە تێدەکۆشا. بێدەرەتانیو نەداری کە تایبەتی وڵاتە پاش کەوتوەکانو مافی نابەرامبەری چینایەتیە بەر بینگی بابی جەلالی ڕەشیدی بەرنەداو زەحمەتو کوێرەوەری لە ڕادەبەدەر بۆ پەیدا کردنی پارونانێک بە تەواوی خستبوویە تەنگانەوە. هەر بۆیە ناچار بوو ماڵەکەی لە شاری سەقز بار بکاو لەگەڵ ماڵو منداڵەکەی ڕوو لەشاری بانە بکات. جەلال ڕەشیدی بەم جۆرە وێڕای ڕەنجو کوێرەوەریەکی زۆرو چێشتنی تاڵیو ناڕەحەتییەکانی سەردەمی خوێندن توانی دیپلۆم وەربگرێت. پاشان ڕەوانەی سەربازی کراو پاش خزمەتی ئیجباری گەڕایەوە شاری بانەو، لە یەکێک لە ئیدارەکانی ئەو شارە دامەزراو دەستی بەکار کرد. جەلال ڕەشیدی لاوی ڕوناکبیرو تێگەیشتوی گەلەکەمان سەرچاوەی ئەو هەمووە بەدبەختیو چارەڕەشیو ستەم لێکراوی گەلەکەی لە بوونی حکومەتی پاشایەتیدا دەدی، بۆیە بە هەموو شێوەیەک لە چوارچێوەی ئیدارەو شوێنی کارکردن هەستی پاکو پیرۆزی خۆی دەر دەبڕی.

جەلال ڕەشیدی لاوی زەحمەتکێشی نەتەوەکەمان پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران وەک لاوێکی بەر پرسو مەسئول بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی شومی پاوانخوازی کە شۆڕشی ئێرانی خستبۆوە مەترسیەوە هاتە مەیدانی خەباتو، چووە نێو ڕیزی سازمانی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران. پاش ماوەیەک لەگەڵ چەند هاوسەنگەری دیکەی هاتە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان.

ڕۆڵەی ئازای گەلەکەمان کاتێک کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هەموو هێزو توانایەوە لە زەویو ئاسمانەوە شاری بانەی ئاور باران دەکرد بابی یەکێک لەو کەسانە بوو کەوتە بەر تۆپو خۆمپارەی دوژمنانی ئازادیو گیانی لەدەست دا. دوای ئەو کارەساتە بە حەق جەلال ڕەشیدی لاوی شۆڕشگێڕو دڵسۆزی گەلەکەمان توانی بەهۆی سور بوون لەسەر ئامانجو ڕێبازی جێی خۆی لەنێو هاوسەنگەرانی لەهێزی شەهیدانی وێردی ئەوکاتدا بکاتەوە. بەهۆی تێگەیشتوویو دڵسۆزی بوو بە کادری سیاسی لکی٣ی شەهید قادر شەریفو بە کاری سیاسیو

بردنە سەری ئاگاهی پێشمەرگەکان هەوڵی زۆری دا. ناوبراو شان بەشانی هاوسەنگەرانی لە چەندین عەمەلیاتی قارەمانانەدا بەشداری چالاکانەی کرد. دەیان شانازی بۆ حیزبەکەی تۆمار کرد. بەڕاستی لە نێو زەحمەتکێشانی ناوچەی بانە زۆر خۆشەویست بوو قەت هەستی بە جیایی لەگەڵ ئەوان نەدەکرد.

جەلال بە هـۆی لێهـاتوویی لە کۆنفرانسـی کـۆمیتەی شارسـتان بە ئەنـدامی کـومیتەی شارسـتانی بـانە هەڵبژێردراو، پاشـان درێژەی بە کـاری سیاسی لەلک دا. دڵسۆزیو لێبـڕاویو سووربوون لەسەر ئامانجەکـانیو ئـازایەتی لە شەڕەکاندا هەروەهـا شـارەزا بـوون لە فەنو تـاکتیکی شـەڕ، پـاش مـاوەیەک بە فەرمانـدەری لکی شـەهید قـادر شـەریف دیـاری کـرا. جەلالـی ڕەشـیدی فەرمانـدەری ئـازاو لێوەشـاوەو بە دەسـتو بـردی لکـی٣ی شەهیدانی وردی، لەم بەرپرسیایەتیە تازەیەدا قۆناغێکی نوێی دژی دوژمن لە ناوچەی بانە کردەوە، ڕۆژ نەبـوو عەمەلیات بەڕێوە نەبـا، ڕۆژ نەبـوو لە مەڵبەنـدی بـانە زەبـر لە دوژمـن نەوەشێنێ، بە چەشنێک نـاوی لکـی٣ی شەهیدانی وەردی بە فەرماندەی جەلالی قارەمان ناوێکی ئاشنا بۆ دۆستو دوژمن بوو. بۆ دوژمن مایەی نیگەرانیو تـرسو دڵە خـورپەو، بـۆ دۆسـتیش مـایەی شـانازیو فەخـر بـوو. هەڵمەتـی جەلال لە شـەڕەکانداو نەقشـەی ڕێـکوپێکی نیزامیـی، نەترسـیو ئـازایەتیو ئەخـلاقو کـردەوەی شۆڕشـگێڕانەی ئەوەنـدەی دیـکەی لای خەڵـکو هاوسەنگەرانی خۆشەویستتر کرد.

جەلال پاش ماوەیەک بە هۆی شارەزایی زۆر کە لە تاکتیکی شەڕدا، هەروەها بە هۆی نەترسیو ئازایەتی بە فەرماندەری دەستەی زەربەتی هێزی شەهیدانی وردی دیاری کرا، لەو مەیدانەشدا بیرو باوەڕی قـووڵی سەلماند بە جۆرێک بووە نموونەی خۆڕاگری دێموکراتێکی ڕاستەقینە.

جەلال پـارتیزانێکی کـارامەو بە وەجـی گەلەکەمـان لە عەمەلیاتەکـانی بـۆیەن، ئـاڕمردە، ڕێگاکـانی بـانە- سەردەشت، بـانە- سەقز نەخشێکی بەر چاوی هەبـوو لە هەر عەمەلیاتێک بەشداری کردبـا بە هـۆی شـارەزایی تەواو لەشەڕ ورەی بەرزی سەرکەوتن نەسیبی پێشمەرگەو، شکستو سەر شۆڕی بەشی دوژمنانی ئازادی بوو.

جەلال کوڕێکی بەزیبکوزاکۆن بەراست شۆڕشگێڕ بـوو، هەر کەسێک تۆسـقاڵێک کـزی لە ورەیـدا پێـک هاتبـا، یان لە ئەخلاقو کردەوەی شۆڕشگێڕانەیدا شتێکی بەدی کردبـایە ڕەخـنەی لێدەگـرتو ڕێگـای دروسـتو هەڵوێستی شۆڕشگێرانەی پێ نیشان دەکرد.

ڕۆژی ١١ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦١ی هەتـاوی پێشمەرگەکانی دەسـتەی زەربەتـی هێـزی شەهیدانی وێـردی ئەو کات بە فەرماندەیی پارتیزانی قارەمانو خۆڕاگر جەلالی ڕەشیدی ڕێگای تەداروکاتی دووژمنیان لە نێوان بانە - سەقز خستە چاوەدێری خۆیانەوەو توانیان دەستێکی باش لە دوژمن بوەشێننو بە سەرکەوتنەوە شوێنی عەمەلیات بەجێ بێڵن. دژمنی خوێن ڕێژی کۆماری ئیسلامی لە مۆڵگەکانی دەوروبەردا بە توندترین شێوە شوێنی پاشەکشەی پێشمەرگەکانی ئاوربـاران دەکـرد، کاتێـک گەیشـتنە شوێنی دیـاریکراو بەهـۆی سـەرکەوتنێک کە لەو عەمەلیـاتە

بەدەستیان هێنابوو ماندوویی‌و شەکەتیان بە روویانەوە دیار نەبوو. جەلال چاوێک بە هاوسەنگەرانی‌دا داخشێنێ‌و یەکێک لە هاورێیانی پێشمەرگەی دیار نابێ، نارەحەتی هەموو گیان‌و لەشی دادەگرێت ماوەیەک چاوەروانی‌دا دەبێ بەڵکو هاوسەنگەرەکەی بگەرێتەوە. پاش ماوەیەک بە ناچاری بەتەنیا بۆ ئەو شوێنەی کە پاشەکشەیان کردبوو بەدوای هاوسەنگەرەکەی‌دا دەگەرێتەوە، جەلال هەر درێژەی بە رێگا رۆیشتن دەداو تۆپبارانی دوژمنیش هەر درێژەی هەبوو بە داخەوە قەت چاوی بە هاوسەنگەرەکەی نەکەوتەوەو کەوتە بەر پریشکی تۆپەکانی دوژمن‌و لاقی پەری. جەلال ئەوجاو دەبوو لەگەڵ مەرگ بەربەرەکانی بکا. دەستی بە هیچ شوێنیک رانەدەگەیشت، خوێنی دڵۆپ دلۆپ لە برینی دەچۆری‌و بەرەو تەواو بوون دەچوو، بۆ ئەوەی لە دوا کاتەکانی ژیانی‌دا چەکی دیفاع لە شەرەفو کەرامەتی گەلەکەی نەکەوێتە دەست دوژمن چەکو رەختەکەی شاردەوەو بە پشتێنەکەی لاقی پەریوی بەست. لە پەنایەک هەڵتروشکاو چاوەروان مایەوە تا دوا دڵۆپی لەشی تەواو بێ، پاش ماوەیەک هاوسەنگەرانی پێوشوێنی فەرماندە کەوتن بە داخەوە لەگەران بەدوایدا یەکێک لە پێشمەرگەکان هاوار دەکات کە جەلال لێرە لاقی پەریوەو شەهید بووە. بەم جۆرە کوری قارەمان، کوری تێکۆشەری دێموکرات، رۆڵەی مەیدانی خەبات‌و شۆرش تێکۆشەری زەحمەتکێشی ناوچەی بانە بۆ هەمیشە چاوی لەسەر یەک داناو ماڵئاوایی لە هاوسەنگەرانی‌و حیزبەکەی‌و خەڵکی ناوچەی بانە کرد.

---




**مستەفا رەحیمی**

لەساڵی ١٢٩٠ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی وەرزێرو هەژار لەگوندی کانی‌زۆرابی ناوچەی سەقز لەدایک بوو لەنێو دەریایی زۆڵم‌و ستەمی دەرەبەگایەتی‌دا گەورە بوو، کەندو کۆسپەکان سەر رێگای ژیانی بە ئاسوودەیی لێ

گرتبوو بە هۆی ئەوە لە گوندەکەیان قوتابخانە نەبوو دەرەبەگەکان دژی چاوو گوێ کرانەوەی منداڵانی وەرزێران بوون مستەفاش نەیتوانی بچێتە قوتابخانەو هەر لەمنداڵییەوە دەبوو بچەوسێتەوە پاشان بنەماڵەکەی بە هۆی ستەمو زۆرداری ئاغای دێو نەبوونی ژیانێکی بە ئاسوودە لە"کانیزۆراب" باری کردو لە ئاوایی "کانیناو"ی ناوچەی بابۆسی بانە گیرسانەوە. مستەفا بە هۆی نەبوونی زەویوزار وەک رەشایی ئەم ئاواییە دەستی بە شوانی کرد. بەرە بەرە گەورە بوو تەمەنی ٢٥ ساڵە بوو کە باوکی بە هۆی نەخۆشی دنیای پڕ لە زوڵمو زۆری بە جێهێشتو ئەرکی سەرشانی قورستر بوو. پاش ماوەیەک دەردێکی دیکە بە سەدان دەردی دیکەوە زیاد بوو ئەوەیش لەدەستدانی دایکی خۆشەویستی بوو.

زوڵمو زۆری ژاندارمەکان وای لە خەڵک کرد کە مستەفا چەکێک بکرێو لە دەرفەتی لەباردا بەرامبەر ژاندارمەکان رابوەستێو، دیفاع لە خۆی بکا هەر ئەودەم بوو کە تیشکی هیواو ئازادی لە شاخو بەندەنەکانی ناوچەی مەهاباد هەڵاتو، کۆماری کوردستان بە دەستی بەتواناى پێشەوا قازی محەممەد دامەزرا.

مستەفا رحیمی وەک هەموو کوردێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر شادیو لەدڵ گەڕاو دەستی دایە چەکو بۆ پارێزگاری لە کۆماری تازە دامەزراوی کوردستان بوو بە پێشمەرگەو چالاکانە لە شەڕەکانی میرەدێ، کۆندەلانو ناوچەی رەبەت لە سەردەمی کۆماردا بەشداری کرد. پاش ئەوەی چرای تەمەنی کۆمار بە دەستی رژێمی پاشایەتیو نۆکەرانی کوژایەوە مستەفا قەت دوژمنایەتی رژێمی بەرانبەر بە گەلی کورد لە بیر نەچووەو قەت وەی شۆڕشگێڕانەی بەرنەداو لە بەرانبەر زوڵمو ستەمی ژاندارمەکاندا ملی کەچ نەکرد. لە درێژایی تەمەنیدا هەتا ئەو کات رژێمی پاشایەتی رووخا مامستەفا لەنێو خەڵکدا بەهۆی کردەوەی شۆڕشگێڕانەیو دڵسۆزی بە ئینسانێکی بە بیروباوڕ ناسرابوو لە بەرانبەر ناحەقیدا رادەوەستا.

مام مستەفا دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بۆ جارێکی دیکەش بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد دەستی دایە چەکو بێ سێودوو کردن هاتە نێو ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، تا رێگای پێشەوا درێژە پێ بداو ئامانجە لە مێژینەکانی گەلی کورد بە حەوڵو تێکۆشانی بێ وچانی بێنێتە دی.

مام مستەفای بە بیروباوەڕ لە شەڕی ٣ مانگە وەک ئاربابای سەرکەش بەرانبەر بە هێرشی دوژمنان راوەستاو لەسەنگەردا وەی دەدا بە هاوسەنگەرانی، هانی دەدان هەتا قورسو قایمتر لە بەرانبەر هێرشی دەوژمنانی کوردستاندا، کە هەڕەشە لەماڵو مەوجوودییەتی گەلی کورد دەکەن بوەستن. ئەو رۆژبەرۆژ زیاتر ئەزموونی لەژیانی پێشمەرگایەتی دەخستە سەر یەک، بە چەشنیک کە بە هۆی کارامەیی بە هۆی دڵسۆزیو بیرو باوەڕی قایمی ئەو کە لەم تەمەنەدا بە ورەو شۆڕشگێڕ بۆتە هاودەمی شاخو کێوەکانی کوردستانو، بۆ رزگاریو وەدیهێنانی ئامانجی حیزب، بۆتە هاوسەنگەری لاوانی خوێن گەرمو بەهەست، بەتەواوی وێردی زمانی خەڵکو رۆڵە شۆڕشگێڕەکانی دێموکراتو سەنبولی خۆڕاگریو ئازایەتیو بە نەزمو دیسیپلین بوو. ئەم تایبەتمەندیانە بوو

بەهۆی ئەوە مستەفا رەحیمی لە پاییزی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاویدا بە فەرماندەری دەستەیەک لە پێشمەرگەکان دیاری بکرێ بە کردەوە نیشانیدا شیاوی ئەم ئەرکەیەو دەتوانێ بەرپرسایەتی زیاتری بە هۆی لێهاتوویی پێ بسپێردرێ.

مام مستەفا وەک فەرماندەیەکی بەوەجو کارامە لەشەڕەکاندا نەقشی خۆی دەنواندو لە سەنگەری پێشەوەدا بوو، بە بەرنامەوە شەڕی دەکرد شەڕەکانی کەلیخان، چۆمی رەشە قەلات، ئاربابا، دەوسێنە، پشتی کانیناو، پشتی بۆیەن، رێگای بانە ئارمردەو، بانە سردەشت هەمووی شاهیدی بۆ بوێریو ئازایەتی ئەم قارەمانە نەمرەو ئەم دڵسۆزە نیشتمانپەروەرەو فەرماندە هەڵمەت بەر دەدەن. دوژمن بە بیستنی ناوی زراوی تۆقیبوو چونکە دەیانزانی لە هەر شەڕێکدا بەشدار بکا ناتوانن خۆ دەرباز بکەن.

مام مستەفای قارەمان رۆژ لەگەل رۆژدا لێهاتووییو کارامەیی خۆێ پتر دەر دەخست، پاش ماوەیەک بە فەرماندەری لکی شەهید حەمەدەمینی معروفی لە هێزی ئاربابا دیاری کرا. ناوبراو بە هەموو هەستو وجودییەوە لە ئامانجەکانی گەل دیفاعی دەکرد. هەرچەند یەکێک لە کوڕەکانی بە ناوی ئەحمەد شەهید بوو بەڵام شەهید بوونی ئەحمەدی کوڕی ئیمانی ئەوی لە خەبات دژی دوژمنانی زیاتر کرد.

مامستەفا فەرماندەیەکی هەست بە مەسئوولییەتو پیلانەکانی دوژمنی پووچەڵ دەکردەوە هەمیشە هاوڕێکانی بە ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە رێنوێنی دەکرد.

رۆژی ٢٨ی گلاوێژی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی، هەتاو بە رەنگی زەردیو بە خەمباری لە پشت کێوەکانی ناوچەی بانە خۆی دەر دەخست، سەعات بوو بە ١١ی سەر لە بەیانی جاشە خۆفرۆشەکانو گروهی بەناو زەربەتی سپای پاسداران هێرشیان کردە سەر بازاری خێڵەڕەشو، بە چەکی ئارپیجیو بیکیسی ئاورباران کرد، کاتێک پێشمەرگەکانی ژێر فەرماندەهی مچەڕەش لەو دەورووبەرە بوون بەفەرماندەهی ناوبراو هێرشیان بۆ هێزی پەلاماردەر کردو مستەفا لەسەنگەری پێشەوە شەڕی دەکردو وەک هەمیشە لەشەڕەکەدا هاوسەنگەرانی رێنوێنی دەکرد کە بە جۆرێک بەهۆی فەرماندەهی رێکوپێکی دوژمن ناچار بە پاشەکشە بوو چەندین کوژراویان بە جێهێشت، لە ئاخری شەڕەکەدا بە داخەوە مستەفا رەحیمی ناسراو بە مچەڕەش کەوتە بەر گوللەی داگیرکەرانی کوردستانو بە توندی بریندار بوو بەڵام بەداخەوە پاش یەک سەعاتونیو بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ چاوی لە سەریەک داناو بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە هاوسەنگەرانی کرد.

---



**عەولا شێنانی دووهەمین شەهید**

لەراستییدا هەژارانی ئەو کوردستانە لە زۆربەی قوناغەکانی ژیاندا بوونەتە قوربانی دەسەڵاتخوازانو ملهورانی دەوروبەری دەسەلات، هۆکاری زۆر روونە، چونکی بەدرێژای مێژوو دەسەڵاتداران حاکم بەسەر وڵاتدا خەڵکی بێدەرەتانی چەوساندۆتەوە. ئەو زوڵمو زۆرەی کە لە خەڵکی هەژار دەکرێ دەگاتە ئێسقانو لە رووی ناچاری دەفاع لەمانو مەوجوودییەتی خۆی دەکا. ئێستا ئەو زوڵمە ئەگەر زوڵمێکی نەتەوەیی بێ ئەرکی هەژاران قورستر دەکا، عەولا شێنانی یەکێک لەو رۆڵە هەژارانە بوو بە بەردەوامی بەربەرەکانی لە بەرامبەر زۆرداران کردوە.

عەولا شێنانی ساڵی ١٣٣٣ لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش و هەژاری گوندی شێنان سەر بە ناوچەی بانە لەدایک بوو لە بەر نەداریودەستکورتی بنەماڵەکەیان نەیتوانی بچێتە قۆتابخانە. هێشتا هەر منداڵ بوو بۆ پەیداکردنی بژێوی ماڵ رووی لە شارەکانی دیکەی ئێران کرد. ساڵانێکی زۆر لە شارەکانی دیکەی ئێران بۆ ژیانیکی نەمرنەژی ئارەقەی رەشت. پێش شۆڕشی گەلانی ئێران بە هۆی قەبووڵ نەکردنی زوڵم وزۆر و بیگاری هەمیشە لەگەڵ دەرەبەگەکانی گوندەکەی خۆیان لە کێشە و بەربەرەکانی دابوو.

بە سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران و ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزب، ترۆسکەی رووناکی لەدڵی عەولا شێنانیدا کرایەوە و ئازادی وبەختەوەری لە ئامانج وریبازی حیزبی دیموکراتدا دیتەوە، بۆیە ساڵی ١٣٥٨ بوو بە پێشمەرگەو لە لکی ٢ی هێزی شەهیدانی وێردی بانە سازمان درا.

عەولا شێنانی لەماوەیەکی کورتدا لێهاتوویی و دڵسۆزی خۆی نیشانداو دەریخست کە پێشمەرگەیەکی ئازاو فیداکارو بە جەرگە. دەرکەوت کە باوەری حیزبیانەی قایموقۆڵە. بەمجۆرە زۆری نەکێشا فیداکاریو هەست بە

بەرپرسایەتی کردنی عەولاشێنانی بوو بەوێردی سەر زمانی هاوسەنگەرانی. ناوبراو تا ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی وەک پێشمەرگەیەکی بە ئیمان وئازا لەو هێزە خزمەتی کرد.

عەولاشێنانی برایەکی بە ناوی سەعدوون ساڵی ١٣٦٥ پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوو لە ناوچەی بانە شەهید بوو، شەهید بوونی براکەی زیاتر ئەوەی هاندا کە لەخەبات توندو تۆڵتر بێو بەبیروباوەڕتر بۆ خەبات کردن هەنگاوی دەنا. بۆ خۆشی بێجگە لەوەی بە دیان وسەدان جار لە یەک میتری مەردن گەڕاوەتەوە دوو جار لە شەڕدا بریندار بوو بەڵام ئەو جۆرە مەترسییانە هیچکات نەیانتوانی لە خۆشەویستی کوردستان ولە باوەری عەولا شێنانی لاوازو کەم رەنگ بکاتەوە.

ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی بۆ خزمەت کردنی پێشمەرگایەتیی رووی لە ناوچەی بۆکان کرد، پاش ماوەیەک وەک جێگری لک و پاشان وەک فەرماندەری لک دیاری کرا. لەو مەسئولییەتانەش دا زۆر رووسوور هاتە دەرو هەر ئەرکێکی حیزب پێی سپێربوایە بە جوانی بەڕێوەی دەبرد. لە ساڵی ١٣٦٧ لە سەر بریاری دەفتەری سیاسی گەڕاوە هیزی ئاربابـاو، وەک فەرماندەری هێز دیاری کرا. هەرچی ئەزموونی فەرماندەری عەولا شێنانی دەوڵەمەند دەبوو لیهاتووی زیاتری لە خۆی نیشان دەدا، چاوەروانی حیزبەکەشی لەوە زیاتر دەبوو، هەر بۆیە بە دوای شەهیدبوونی فەرماندەری قارەمانی شەرەکانی بۆکان شەهید وەستا ئەحمەد، ئەرکی سەرپەرەستی هێزی بەیان بە عەولا شێنانی سپێردرا. لە سالانی ٦٨ تا ٧١ وەک رۆڵەیەکی بە ئیمان ئەرکی خۆی زۆر شۆرشگێڕانە بە جێگەیاند. عەولاشێنانی کە هەرچەشنە خزمەتێک بە حیزبی دێموکڕات وجووڵانەوەی شۆڕشگێڕانە نەتەوەکەی بۆ خۆی بە شانازی دەزانی، هەموو ناوچەکانی کوردستان بۆ ئەو خۆشەویست بوو. سالی ١٣٧٢ بەخوشحاڵییەوە داوای دەفتەری سیاسی قەبووڵ کردو فەرماندەری هێزی ٢ی رێبەندانی لە سەقز وەئەستۆ گرت. لەم ناوچەیەش بە رێکوپێکی ئەرکی خۆی بەرێوە برد.

عەولا شێنانی تەنیا فەرماندەریکی قارەمان ولێهاتوو نەبوو بەڵکوو کادرێکی تێگەیشتوو خۆشەویستی کۆمەلانی خەڵک بوو. ئەو کە بەداخەوە پێشتر نەخوێندەوار بوو لە پێشمەرگایەتیو لەحیزبی دێموکڕاتدا فێری خوێندن ونووسین بوو. لە مەکتەبی دیموکرات و لە ئامێزی پڕ لە خۆشەویستی خەڵکی کوردستاندا خۆی پێ گەیاند. بەراستی کەسێکی لەسەرەخۆ بوو عەولاشێنانی بۆ پێشمەرگەکانی ژێر فەرماندەری خۆی، وەک براو باوکێکی دڵسۆز بوو بەرامبەر بە خەڵکی حیزبدۆستو پێشمەرگە پەروەریش، ئینسانێکی خاکی وسەمیمی بوو قەدری خۆشەویستی بێ سنووری ئەوان بەرامبەر بە پێشمەرگەی دەزانی، لە گەڵ حیزبەکەیو نیشتمانەکەیو نەتەوەکەی دەست ودڵ وداوێن پاک بوو، ئەوانی تا رادەی پەرەستن خۆش دەویست و لە پێناو خزمەتی ئەواندا ئامادە بوو نەک هەر دووریو دابڕانی پەیتا پەیتای هاوسەرو جگەرگۆشەکانی قەبووڵ بکا بەڵکوو لە گیان بەختکردن ومەترسیی بە جێهێشتنی بە یەکجاری خۆی بۆ شەهید کردن لە پێناو نیشتمان دانابوو.

ساڵی ١٣٧٤ عەوڵاشێنانی تووشی نەخۆشێکی دژوار بوو ئەو نەخۆشییە لە کاری خست وپاش چەندجار عەمەل کردنی دوکتورەکان، لە ساڵی ١٣٨٠ لە وڵاتی نۆرویژ گیرسایەوە کە دیارە بەردەوام لەژێر چاوەدێری پزیشک دابوو. بە داخەوە رۆژی ١٤ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ لە شاری ترۆندهایمی نۆرویژ کۆچی دوای کردو پاشان لە خاکی کوردستان لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکڕات لە شاری کۆیە لە نێو غەم وپەژارەی هاوڕێیانیدا بە خاکی نیشتمان سپێردرا.

---

## هێزی عەزیزیوسفی




**سەدیق فەروخیان**

لەو کاتەدا کە گیانو جەستەی شەهیدان دوا ماچی لێکجیا بوونەوەی هەتاهەتایی یەکتر دەکەنو خوێنی گەشیان خاکی پیرۆزی وڵات ئاو دەدات، داری ئازادیی گەشە دەکا، چرۆی سەرکەوتن دەپشکوێ، شالووری سەرمەست بە دەنگی زۆڵالی گورانی (داری ئاڵا) دەڵێتو ژیانی ئاسوودەییو نوێ بوونەوەی دوارۆژی گەل دێتە پێکەنین. هەر بۆیەش رێگەیان نەپساوەو نەوە لەدوای نەوە بە باڵای مێژووی رۆژگار یادیان تازە دەکەنەوەو دەبنە شاگردو رێبواری رێگایانو، رێگا بەردانیشیان بە نەمانی زۆردارانەوە دەبەستنەوە. هەڵۆ ئەگەر بەرز دەفڕێ لاسای بەرزیی شەهیدان دەکاتەوە. لەم بەرنامەیەدا یادی هەڵۆیەکی بەرزەفڕ دەکەینەوە، یادی شەهیدێک کە هەموو خۆشییەکانی ژیانی وەلا ناو تا دوا هەناسەی ژیانی بە سەربەرزیی ژیا، ئەویش شەهید سەدیقی

فەڕوخیانە لە ناوچەی سەقز.

هێشتا ئەو کوودەتا شوومەی کە دژی دەوڵەتی موسەدیق بەڕێوە چووبوو، دەنگوباسی لە ناو خەڵکدا مابوو و ڕێژیمی پاشایەتی بەرەبەرە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی خۆی بە سەر وڵاتدا دەسەپاند کە لەو سەروبەندەداو لە هەلومەرجی نالەباری سیاسی ئەو کات واتە لە ساڵی ١٣٣٣ی هەتاوی، لە گوندی "کیسەڵان"ی سەرشیوی سەقز کۆرپەیەک لە دایک دەبێ کە ناوی سەدیقی لەسەر دادەنێن. لە دایکبوونی سەدیق خۆشحاڵی لەڕادەبەدەری خستە ناو بنەماڵەو کەسوکارییەوەو وردە وردە لە ئامێزی دایکی خۆشەویستی‌دا گەورە و خڕە کە بوو؛ تازە کاتی چوونی بۆ قوتابخانە دەهات کە ماڵیان بەرەو شاری سەقز کۆچی کردو لەوێ گیرسانەوە. هەر لە شاری سەقز مێشکی بە پیتەکانی ئەلف و بێ شارەزا بوون و وەک دەگوترێ قوتابییەکی زیت و زۆر وریا و کراوە بووە. هەر بە هۆی ئەو تایبەتمەندی و بەهرانەی کە هەیبووە زۆر زوو هەستی بە سیاسەتی پڕ لە جیاوازی دانانی حکوومەتی حەمە ڕەزا شای پەهلەوی دەرهەق بە کورد کرد، بۆ وێنە ئەو سیاسەتە کە نەیدەهێشت لاوانی کورد لە قوتابخانە دا بە کوردی بخوێنن و جلوبەرگی کوردی لەبەر بکەن، هەستی خاوێنی کوردانەی لە ناخی‌دا جۆش درا. سەدیق فەڕوخیان ئەگەرچی بە تەمەن منداڵ بوو، بەڵام زۆر جار بابەتی سیاسی لە ناو قوتابخانەدا دەورووژاند و بۆ هاوپۆلەکانی شیدەکردەوە، لە قۆناغی دواناوەندی لە گەڵ چەند لاوی دیکەی سەقزی بێ ئەوەی سەر بە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی بن، لە ناو قوتابخانەکەیان دەستیان بە کاری سیاسی کرد.

سەدیق فەڕوخیان بەهۆی بەردەوامیی لە کاری سیاسی، ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی لەلایەن ساواکەوە دەست بەسەر دەکرێ‌و بۆ ماوەی دوو ساڵ‌و نێو لە زیندانی ڕێژیمی پاشایەتی‌دا ئەشکەنجە و ئازاری دەدەن. کاتێک لەساڵی ١٣٥٧ ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دەستی پێکرد کۆمەڵێک زیندانی ئازاد کران، سەدیقی فەروخیان یەکێک لەو کەسانە بوو؛ ناوبراو هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمی ئازادکرانییەوە پێوەندی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە گرتو شەڕەفی ئەندامی حیزبی پێ بەخشراو دەستی بە تێکۆشان کردو هاتە ریزی ڕێبازی پڕ لە شانازی ڕێکخستنەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوەو هەوڵ‌و تێکۆشانی بێ‌وچانی خۆی بۆ ڕزگاری گەلەکەی دەست پێکرد.

ناوبراو لەساڵی ١٣٥٧ دوای تێکۆشانی ئاشکرای حیزب، لە سەرەتای ساڵی ١٣٥٨دا وەک ئەندامی کۆمیتەی شارستانی سەقز هەڵبژێردراو هاوکات مەسئوولییەتی نیزامیی ئەو ناوچەیەی پێ‌ئەسپێردرا. لەو مەسئوولییەتدا زۆر ڕووسوور هاتەدەرو بە لێوەشاوەیی خۆی نیشانی‌دا کە کوڕی ڕۆژی تەنگانەیە. سەدیق فەڕوخیان بە هۆی ئازایەتی لە شەڕەکاندا بەتایبەتی لە پاییزی ساڵی ١٣٥٨ لە جادەی نێوان سەقز -مەریوان زۆر بەتوندی بریندار بوو؛ هەر چەند برینەکەی قورس بوو، بەڵام پاش ساڕێژ بوونەوەی برینەکەی بێ ئەوەی تۆسقاڵێک کار

بکاتە سەر ورەی پۆڵایینی، ئازاتر لە پێشوو گەڕایەوە مەیدانی خەباتو تێکۆشان و باشتر لە جاران قۆڵی لە کار و تێکۆشان هەڵماڵی و بەگژ دوژمنانی گەلەکەماندا چۆوە.

سەدیق فەرخیان بەهۆی بەڕێوەبردنی لێهاتووانەی ئەرکە دیاریکراوەکانی، لەساڵی ١٣٥٩ وەک ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستانی سەقز هەڵبژێردرا، لەو پۆستەشدا ئەوپەڕی لێهاتوویی لە خۆی نیشاندا و تەنانەت لە کاتی جیابوونەوەی تاقمی ٧ کەسیدا زۆر بەتوندی دژی ئەوان وەستاوەو بەهەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی بەرپەرچی دەدانەوە.

کارو تێکۆشان، ماندوویینەناسی، بەدەم دەردو مەرگی خەڵکەوە بوون و سووربوون لە سەر خەبات، سەدیقی قارەمانو خۆڕاگری لە کوورەی خەباتدا قاڵ کردبوو و ببوو بە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەی سەقزو هەوشار، هەر بۆیە لەساڵی ١٣٦٢ بە هۆی ئەزموونی کاری تەشکیلانیو پێشمەرگایەتی وەک بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی هەوشار دیاری کرا.

ژیانی سەدیقی فەرخیان لە ناوچەی هەوشار هەروەک پێشوو وەک پێشمەرگەکان وابوو، ئەو لە گەڵ پێشمەرگە دەژیا و هیچکات خۆی لە هاوسەنگەرانی جیا نەدەکردەوە. بۆ خەڵکو حیزبەکەی ژیا و لە پێناو سەربەستی خەڵک سەری دانا.


سەدیقی فەرخیان بە هۆی تواناکانی لە کۆنگرەی شەشی حیزبدا بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو لە یەکەم پلینۆمی دوای کۆنگرە لە ناوەندی ئاژوان کاری بۆ دیاری کرا، ناوبراو سەرەڕای کارکردن لە ناوەندی ئاژوان راستەوخۆ بەرپرسایەتی کاری سیاسیو تەشکیلاتیو پێشمەرگەکانی ناوچەی هەوشاری پێ سپێردرا، پاشان سەرپەرستی کۆمیتەی شارستانی سەقزیشی وەئەستۆ گرت. زانایيو ئازایەتیو چالاکیو لەخۆبوردوویی سەدیق بووە هۆی ئەوە کە لە نێو هاوسەنگەرانیدا وەک نموونەی حیزبییەکی هەڵسووڕو خۆشناو بناسرێ. هەر کارێکی پێئەسپێردرابایە بەباشی بەڕێوەی دەبرد و لە هیچ فیداکارییەک درێغیی نەدەکرد و بە کورتی لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکی شۆڕشگێڕانەی زۆر شێلگیر بوو. توانایی لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی نیشتمانپەروەرانەو شۆڕشگێڕانەی حیزبی دێموکڕات، لێزانی، دڵسۆزی، هەوڵو تێکۆشانی بێوچان ئەویان کردبووە سیمایەکی جێگای متمانە لە نێو خەڵکی ناوچەدا.

سەدیقی فەرخیان هەم پێشمەرگە و هەم کادرو هەم رێبەرێکی لێهاتوو بوو و لە زۆر شەڕی قارەمانانەدا بەشداری کرد. ئەگەرچی وەک پسپۆڕێکی کاری تەشکیلاتی لەئاستی حیزبدا ناوی دەرکردبوو، لە ئازایەتیو نەترسیو شەڕکەریدا، لە هیچ قارەمانێکی مەڵبەندەکەی خۆی، نەدەمایەوە.

لەگەڵ جێژنی نەورۆز و سەرەتای ساڵی ١٣٦٤ کە پێشمەرگەکان بەرەو نەورۆز و دەست پێکردنەوەی ساڵێکی دیکە لە خەباتو تیکۆشان دەچوون، لە یەکەم شەوی جێژنی نەورۆز کە پێشمەرگەکان لە دەوری یەکتر

کۆبـوونەوە لە لایەن کۆمەڵەوە هێـرش کـرایە سـەر بنکەکانیـانو خـوێنی سـووری سـەدیقی فەروخیـان تـێکەڵ بە گوڵاڵە سوورەی بەهارانی دەشتی شلێر بوو و مخابن یاری بە وفاداری ناوچەی سەقز لە شەڕی ناوخۆییدا شەهید کرا.

---




## ئەسەدوڵا سولێمانپوور

بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە هەرکام لەبەشەکانی کوردستاندا ژمارەیەکی یـەکجار زۆری لـە رۆڵـەکانی ئـەم نەتەوەیـە تێدا بوونەتـە قوربـانی. ئـەو قوربـانی دانـەی خـەڵکی کوردسـتان بـواری جۆراوجـۆری هەبووە. گیران، زیندان، ئەشکەنجە، دوور خرانەوە، ئاوارەییو دەربەدەری، سووتمان، مـاڵوێرانی، کوشتنوبڕین تاڵانو راوڕووت، هەرکام بوارێکی ئەم قوربانی دانەن. بەڵام شاراوە نیە کە چڵە پۆپەی فیداکاریو قوربانی دان گیان بەخشینو شەهید بوون لە پێناوی بیرو باوەڕو گەلو نیشتمان دایە. لە قوربانی داندا کەس نای گەیەنێتە ئەو کەسەی گەورەترین سەرمایەی ژیان، واتە گیانی لەسەر لەپی دەست دادەنێو دەیکاتە دەزمایەی سەرکەوتنی ئامـانجو ئاواتـەکانی نەتەوەی خـۆی، مەگـەر ئـەو دایکـە لـە خۆبووردووانـە کـە رۆڵـە شـیرنەکانیان دەنێرنـە قوربانگاو بۆ هەتا هەتایە داخ لە سەر دڵیانو تاجی سەروەری لە سەر سەریان دادەنێن.

ئەوە جێگای شانازییە کە خەڵکی کوردستان دەنگی نارەزایەتیی خۆی دژی رێژیمە زۆردارەکان بەرز کردۆتەوەو هیچ زۆڵمو زۆرییەکی لە داگیرکەران قەبووڵ نەکردوەو سەلماندوویەتی ئەگەر داگیرکەران مل بۆ داخوازییەکانی

رانەکێشێ‌و شەڕی پێ بفرۆشێ، ناچاریان کردوە کە دەست بۆ چەک بەرێ‌و دیفاعی پێ لە خۆی بکا.

هەرچەند ئەو رێژیمە بە هەموو جۆرە پیلانێک، دژی حیزبی دێموکڕات وخەڵکی کوردستان دەجووڵایەوە، بەڵام لاوان وشێرەکوڕانی کورد لە مێژ بوو بڕیاریان دابوو مل بۆ زوڵم‌و زۆر نەوی نەکەن‌و لە پێناو سەربەستی نیشتماندا ئامادە بوون هەموو شتێک وەلا بنێن‌و تەنانەت گیانیان ببەخشن. هەربۆیەش ریزەکانی حیزبی دێموکڕات بێ‌پسانەوە شێرە ژنان‌و کوڕانی کوردستان روویان تێ‌کردوەو پۆل پۆل چەکی شانازیان بۆ بەربەرەکانی لە شان کردوەو لەهیچ کەندو کۆسپو لەمپەرێک نەدەپرینگانەوە. بۆیەش بەسەدان‌و هەزاران رۆڵەی قارەمان بە باوەشی ئاواڵەوە بە پیری مەرگەوە چوون‌و گیانی پاکیان بۆ مەبەستی پیرۆزیان (واتا ژیان بە ئازادی) بەخت کرد.

ئەسەدوڵا سولێمانپوور لەساڵی ١٣٢٧ لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی‌و دەست رۆیشتوو لە ئاوایی قاراوەی ناوچەی خوڕخوڕەی سەقز لەدایک بوو. باوکی شەهید ئەسەد پێشمەرگەی کۆمار بوو ئەمەش وای کرد بنەماڵەکەی لە سەردەمی کۆمارەوە تێکەڵی کاری سیاسی بن، بەرەبەرە کە تەمەنی گەیشتە ٧ساڵی وێڕای هاوتەمەنەکانی کتێبی بە دەستەوە گرت‌و رووی لە قوتابخانەی ئاوایی کردو پۆلی ٥ی سەرەتایی لەم گوندە تەواو کرد. پاشان بۆ پلەکانی بەرزترو درێژەدانی خوێندن رووی لە شاری سەقز کردو لەو شارەش دیپلۆمی وەرگرت.

پاش وەرگرتنی دیپلۆم لە دەوروبەری شاری سەقز ماوەی دوو ساڵ کاری سپای دانشی کرد بە دوای ئەودا وەک ماموستا دیاری کراو لە گوندەکانی "ئاقڵاوە" لە ناوچەی سەرشیوی سەقز, قاراوە، مەندیل‌بەسەر، قاقڵاوەی بۆکان‌و ناوشاری سەقز خزمەتی منداڵانی دەکرد فێری زانستی دەکردن.

ئەسەد هەرچەند لە بنەماڵەیاکی دەوڵەمەند گەورە ببوو بەڵام هیچ کات ژیانی دەوڵەمەندانەی بەلاوە گرینگ نەبوو، ئەو زۆر جار لە سەردەمی دەسەڵاتداری پاشایەتی لە بیری هەژاران دابوو چەندین جار بە هۆی دژایەتی لەگەڵ رێژیم لەلایەن بەکرێگیراوانی حکومەتی پەهلەوی‌یەوە بە بیانووی جۆراوجۆر ئازارو ئەزییەت کراو تەنانەت تا ئەو جێگایەی لەزێدی خۆی دووری بخەنەوەو پەڕیوەی هەندەران بوو. پاش ماوەیەک دووڕ کەوتنەوەو، لەرزینی پایەکانی دەسەڵاتی پاشایەتی لەکوردستان، گەڕایەوە زێدو نیشتمانی خۆی.

ناوبراو لەو سەرو بەندەدا بوو کە راپەڕینی گەلانی ئێران بەدژی حکوومەتی گەندەڵی پاشایەتی دەستی پێکرد. ناو براو لە هەموو خۆپێشاندانەکانی سەقز بەشداری کردو وەک لاوێکی بەهەست خەڵکی دژی رێژیمی پاشایەتی هان دەدا. بە دوای تێک رووخانی حکوومەتی شادا، فەزایەکی سیاسی‌و شۆڕشگێڕانە سەرتاسەری ئێرانی داگرت‌و تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەستی پێکرد. ئەسەد سولێمانپوور بیروڕای پیرۆزی کوردایەتی‌و هەست کردن بە چەوسانەوەی نەتەوەکەی، پارێزگاری لە مافو ئازادییەکانی گەلەکەی

رزگار بوون لەچنگ زۆرداری، رزگاری خۆیو بنەماڵەکەی لەو ڕێگایەدا پەیدا کرد بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ گەلی کوردی دەست نیشان کردبوو، بۆیە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی هەڵبژاردو، بوو بە پێشمەرگەو لە هێزی عەزیزی یوسفی ئەوکاتدا سازمان دراو دەستی کرد بە خەباتو تێکۆشان. ئەو بەراستی پێشمەرگەیەکی بوێرو ئازاو قارەمان، پارتیزانێکی هەڵسووڕو کوڕی ڕۆژی تەنگانە بوو. لە زۆربەی شەڕەکانی ئەو کاتی ناوچەی سەقزو دیواندەرەدا رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو.

شەڕەکانی ناوشاری سەقز، دیواندەرە، گەردەنەی فیلان، تاقی نێوان ئێرانشاو سوننەتە، کەلی مەحمووداوە، کەچەڵمییان، جادەی قەوخو شەڕەکانی سەرشیوی سەقز نمونەیەکی چووکەن لە ئازایەتی شەهید ئەسەد سولێمانپوور.

لەخۆبووردوویی، بڕوا بە خۆبوونو پێداگری زۆر لەسەر بەرێوەبردنی ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانی حیزبو هەروەها ڕێزو خۆشەویستی لەناو خەڵکدا، دڵسۆزیو فیداکاری، لە کردەوە پەسەندەکانی ئەسەد سولێمانپوور بوو، ئەسەد بە تێکۆشانی بێوچانیو بە هەڵمەتی دوژمن شکێنی نیشانیدا شیاوی پلەو بەرپرسایەتییەو بۆیە پلەکانی سەرپەل، سەردەستەو فەرماندە لکی، یەک لەداوییەک پێسپێردرا. ئەو لەکاری فەرماندەییدا ڕۆڵەیەکی کارلێهاتوو، ئازاو بە بەرنامە بوو. بەچەشنێک کە قارەمانیەتیو نەترسی ناوبراو لە ناوچەی سەقز دەنگی دایەوە. دوژمن بۆ بەچۆک داهێنانی ئەسەدوڵاو دوور خستنەوەی لە خەباتی عادڵانەی گەلەکەیو دوور خستنەوە لە پێشمەرگایەتی زۆر پیلانی بۆ داناو کە هەموویان لەگەڵ شکست ڕووبەروو بوونەوە.

ئەسەدی سولێمانپوور زۆر جار لە شەهیدەکانی کوردستان بیری دەکردەوەو دەیگوت" دەبێ داری ئاڵای رزگاری لە سەر کۆگای کاسەسەری گیانبازان داکوترێو بە سۆزی هەنسکو هەناسەی رۆڵە کوژراوانی نەتەوەکەمان بشەکێتەوە ئەگینا بە مەبەستی پیرۆزمان کە ئازادی نیشتمانی پیرۆزمانە ناگەین".

ئازایەتیو دڵێری ئەسەدوڵا بە چەشنێک کاری کرد بووە سەر پێشمەرگەکانی هێزی عەزیزی یوسفی کە خواستی هەموویانو لە سەر داوای هەموویان وەک جێگری فەرماندەری هێزو فەرماندەری عەمەلیات دیاری کرا.

ئەسەد سولێمانپوور بۆ ئەوەی نیشان بدات کە شیاوی ئەم پلەیە پتر کاری دەکردو زیاتر لە ئەندازە خۆی ماندوو دەکرد. هەست بە مەسئولییەتو تێکۆشان بۆ فێربوونو هەوڵدان بۆ خەبات دژی رێژیمی ئاخوندی چەندین عەمەلیاتی سەرکەوتوانە، تایبەتمەندی هەرە بەرچاوی ئەسەد سولیمانپوور بوون.

ئەسەد سولێمانپور سێهەمین شەهیدی بنەماڵەیە. بەداخێکی گرانەوە رۆژی ٢٤ی پووشپەری ساڵی ١٣٦١ لە دوو کیلومیتری شاری سەقز لە شوێنێک بە ناوی "پلەیئاسانە" لە لایەن جاشو پاسدارەوە هێرشیان دەکرێتە سەرو گەمارۆیان دەدەن پاش شەڕێکی قارەمانانە، لەم شەڕە حەماسیو قارەمانانەیەدا بوو کە لاوی تێکۆشەر، کوڕی ماندوو نەناس، پێشمەرگەی شۆڕشگێڕی دێموکرات ئەسەدوڵا سولێمانپور لەگەڵ هاوسەنگەرێکی بە ناوی

**عوسمان گەڵباغی ناسرا بە عوسمانی گوڵشەن شەهید بوونو خوێنی سووریان لە پێناو رزگاریو دیفاع لە ئازادیو بەختەوەری نەتەوەکەیاندا رژایە سەر خاکی پیرۆزی نیشتمانو لە نێو خەمو پەژارەی هاورێیانیدا لە زێدی خۆی بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا.**

---




**عەلی خەلیفەزادە ناسراو بە (عەلی باڵدار)**

**زستانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بوو. بۆکان بووکی رازاوەی موکریان، لە گەمارۆیەکی توندی ئابووری دابوو سەرمایەکی سەخت بەرێوە بوو کۆمیتەی شارشتانی بۆکان خەریکی ئیشو کاری رۆژانە بوو، کۆمەڵێک پێشمەرگە دانیشتبوون کە لەپڕ هەواڵیان هێنا کە دوو کەس لە ساینقەلارا بە چەکەوە هاتونەتەوە ببنە پێشمەرگە. قادر خەلیفەزادە، هاتنەوەی پیلانێکی گەورەی دوژمنی ئاشکرا کرد کە هێزەکانی رێژیم لە فکری بەرێوە بردنی دابوون. پاشان ئەو کەسە بوو تەمەنی خۆی بەختی بەرژەوەندی گشتی نەتەوەکەی کردو بە سەربەرزی و رووسووری دەستەملانی خاکە پیرۆزەکەی بوو. لە نێو کۆمەلانی خەڵکدا جێگای هەتا هەتای بۆ تەرخان دەکرێو لە پاش مردنیش ناو و ناوبانگی بە زیندوویی مایەوە. هەر بۆیە لاوانو شۆڕەسوارانی نەتەوەی کوردو ئینسانە خەباتگێڕو هەڵکەوتوەکان، ئەویندارانی رێگای ئازادیو دێموکراسی، بۆ وەدەست هێنانی ئەو ژیانە سەر بەرزانەیەو، لە پێناوی وەدیهێنانی ئازادی دا، خەبات دەکەنو بە فیداکاریو گیانبازیو خۆبەخت کردن، بە خوێنی خۆیان نەمامی ئازادی پاراو دەکەن.**

ئەمجارەیان سەرهەڵدەبڕین بەرەو فەیزۆلابەگی، سەرشیو، خوڕخورە، تیلەکۆو گەورگایەتیو سەرئەنجام بەرەو سەقزی خوێناویو یادو بیرەوەریی شەهیدێکی ڕێی بەختیاریی گەلو نیشتمان ڕێز دەگرین. لاوێکی دیکەی قارەمانی دێموکڕات، ڕۆڵەیەکی خەباتگێڕو بە ئەمەگ، کوڕە کوردێکی دڵسۆزو ئەویندار ی ڕێگای ڕزگاری نەتەوەکەمان کە گیانی لە پێناو ئامانجی وەدیهێنانی ئاواتی بەرزی شەهیداندا بەخشی. شەهید قادر خەڵیفەزادە، ناسراو بە عەلی باڵدار.

قادر خەڵیفەزادە وەک زۆربەی پێشمەرگەو فەرماندە قارەمانەکانی دیکەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بنەماڵەیەکی هەژاری ئاوایی سەرچاوەی سەر بە شاری سەقز لە ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی لە دایک بوو. بەشی قادری هەژار هەر لەمنداڵییەوە ڕەنجو کوێرەوەریو هەژاریی بوو. هەژاری سێبەری نەگریسی هاویشتبووە سەربنەماڵەکەی.

قادر لە تەمەنی ٦ ساڵی ڕەوانەی قوتابخانە کرا. بەڵام زۆری پێ نەچوو دەردێکی گران، ژانو ئێشێکی دیکە کەوتە ژیانی خۆیو بنەماڵەکەیو باوکی خۆشەویستی لەدەستدا. لە دەستدانی باوکی شوێنەوارێکی ناخۆشی لە سەر چارەنووسی قادر دانا. هەربۆیە بە ناچاری ماڵئاوایی لە قوتابخانەو هاوپۆلەکانی کرد. بۆ بەڕێوە چوونی ژیانی ئەندامانی بنەماڵەکەی پێی نایە مەیدانی کارو شانو لەشی کزو لاوازی دایە بەر کاری سەختو دژوار. هەرچەند ژیانی ئەو سەردەم بەتایبەت پەیدا کردنی نان بۆ کۆمەڵێک منداڵی بێ سەرپەرەست بۆ قادر زۆر دژوارو پڕگیروگرفت بوو، بەڵام ڕاوەستانی نەبوو بۆ ڕزگاری خاوخێزان لەچنگ هەژاری زۆری زەحمەت کێشا، شاربەشار بۆ پەیدا کردنی کار دەگەڕا بێ ئەوەی توسقاڵێک وڕەی لەدەست بدا.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانو هێرشی ڕێژیمی کۆنەپەرستی بۆ سەر کوردستان قادر بە هۆی دوو کەسی نەفس نزمو نیشتمان فرۆش بۆ ماوەیەک کاری لە سەر کرا کە پشت لە خاکو نیشتمانو گەلەکەی بکا. بەڵام چەکەرەی نیشتمانپەروەریو لە خەمدابوونی هەژارانی نیشتمان هەر زوو قادریان لە خەوی غەفڵەت ڕاپەڕاندو بۆ باوەشی گەلیان گێڕایەوە. هەر بۆیە لە زستانی ١٣٥٨ چەکی پڕلە شانازیی پێشمەرگایەتیی بۆ ڕزگاری نەتەوەکەی لەچنگ دیلیو کویلەتی، بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ستەمکارانو دیکتاتۆرانو دوژمنانی نەتەوەکەی لەشان کردو لە شاری بۆکان لەهێزی بەیاندا سازمان درا. هاتنەوەی قادر پیلانێکی گەورەی دوژمنی ئاشکرا کرد کە هێزەکانی ڕێژیم لە فکری بەڕێوە بردنی دابوون.

قادری خەڵیفەزادە زۆری نەخایاند وریاییو وشیاریو سەداقەتو قارەمانەتی خۆی نیشاندا درووستیو ڕاستی ئەو شۆڕشگێڕە، دەستو بردو نەبەزی لەشەڕ دژی بەکرێگیراوانی داخ لەدڵ، قادری کردە خۆشەویستی خەڵکو لەناو هاوسەنگەرانیدا بە هۆی قارەمانەتیو لێوەشاوەیی بە "عەلی باڵدار" ناوبانگی دەرکرد. ئەم ناوە هەروا بەخۆڕایی لەسەری دانەنرا. پێشمەرگەیەک بوو توندوتۆڵ، بەوەرە، کارامەو نەزمو دیسیپلینیو باوەڕ پتەوی بوو

بە هۆی ئەوە ببێتە سەرپەل. عەلیباڵدار لەو بەرپرسایەتیدا ئەو پەڕی شەهامەتو نەترسی لەخۆی نیشاندا بەکردەوە سەلماندی کە شیاوی ئەو پلەو بەرپرسایەتییە. بۆیە پاش ماوەیەکیکەم بە فەرماندەری لک دیاری کرا. عەلی باڵدار رۆژ لە گەڵ رۆژ وەک پێشمەرگەیەکی قارەمان خۆی لە نێو دڵی هاوڕێیانیو خەڵک ناوچەکانی سەقزو بۆکاندا جێ دەکردەوە. هێزەکانی دوژمن کە ناوی عەلی باڵداریان دەبیست دڵیان وەلەرزین دەکەوتو ورەیان دادەبەزی. عەلی باڵدار لەگرتنی چەندین مۆڵگەی دوژمندا عەمەلیاتەکانی فەرماندەیی دەکردو چەند جاریش لە شەڕدا بریندار ببوو. هەموو جارێ پاش سارێژ بوونەوەی برینەکانی بە ورەیەکی قایمتر لە جاران دەگەڕایەوە سەنگەری دیفاع لە نەتەوە بەشخوراوەکەی. بەم کردەوە جوامێرانەی دەرسی خۆڕاگریو مقاومەتو نەترسیو ئیمان بە رێبازو ئامانجی فێری هاوسەنگەرانی دەکرد.

زستانی ساڵی ١٣٦١عەلی باڵداری قارەمانو بوێر بریاریدا بگرێتەوە ناوچەی سەقزو لەوێ درێژە بە پێشمەرگایەتی بدات. ئەو لە کاتی ماڵاوایی لە هاوسەنگەرانی دا پێی وتن."بۆ من جیاوازی نیە، لە هەر جێگایەکی ئەم کوردستانە حیزب کارم پێ بسپێرێ، ئامادەم لە پیناو ئامانجەکانی حیزبو خەڵک دا بمرم، بۆیە رێگام بدەن بچمەوە شوێنی لە دایکبوونی خۆم ناوچەی سەقز."

عەلی باڵدار لەزستانی ١٣٦١ خواحافیزی لە هاوسەنگەرانی لە هێزی بەیان کردو لە هێزی عەزیزی یوسفی دەستی بە تێکۆشان کرد. تەنیا دوو مانگ لەکاری حیزبی لەو ناوچەیە تێدەپەڕی، کە لەو دوو مانگەدا لەهەموو بارێکەوە خۆی بۆ هاوسەنگەرە تازەکانی ناساندو جێی خۆی لە نێو دڵی رۆڵە قارەمانەکانی هێزی شەهید عەزیز یوسفیدا کردەوە. هەربۆیە پاش ماوەیەکی کورت لە لکی شەهید ئەسعد سولیمانپووردا بە فەرماندەری لک دیاری کرا.

بیستنی ئەو هەواڵە کە عەلی باڵدار هاتۆتەوە ناوچەی سەقزو فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی گرتۆتە ئەستۆ، خورپەی خستە دڵی هێزەکانی رێژیم و خۆفرۆشانی جاشخانەی میرەدێ لە ترسی عەلی باڵدار کونەمشکیان لێ ببوو بە قەیسەری.

عەلیباڵدار هەر زۆر زوو لە ناوچەکانی سەقزدا بە پشت بەستن بە هاوسەنگەرانی پێشمەرگەیو هاوکاریی بێ دریغی خەڵکی ناوچەکە توانی هێرش بۆ سەر هێزەکانی دوژمن دەست پێ بکات. لەزۆربەی عەمەلیاتەکانی ناوچەی سەقزدا بەشداری چالاکانەی کرد، لە شەڕی نێوشاری سەقز رۆڵی سەرەکی گێڕاو وەک فەرماندەیەکی بەتوانا شەڕی کۆڵان بە کۆڵانی هیدایەت دەکرد، لە تێک شکاندنی ستوونی دوژمن لە ئاوایی "ئاڕەبەلەنگ" لە سەرشیوی سەقز رۆڵێکی بەرچاو لەبیر نەکراوی گێڕا. لە کەمینەکانی جادەی سەقز - سنە، سەقز - مەریوان، سەقز - بۆکان دەرسێکی بە هێزی رێژیمدا کە تاڵەواری مەرگی پی چێشتن، لە دەفتەری حەماسەکانی هێزی

پێشمەرگەدا بۆ هەمیشە دەمێننەوە. لە هەموو عەمەلیاتەکاندا شوێنی سەختی بۆ خۆی هەڵدەبژاردو لەسەنگەری پێشەوەدا شەڕی دەکرد.

ئەو قارەمانە نەبەزەی کورد گەلاڵە دارێژێکی کارامەی نیزامیی بوو، رۆڵەیەکی هەڵکەوتوو، فەرماندەیەکی بەوەجو لێوەشاوەی هێزی عەزیزی یوسفی بوو. دەستوبردی، کۆڵنەدانی، ورەی بەرزی، بەتەواوی عەلی کردبووە خۆشەویستی خەڵکو هاوسەنگەرانی. لە مەیدانی شەڕو بەربەرەکانی دا یەکپارچە ئاور بوو. خەڵکی ناوچە بە بیستنی ناوی عەلی باڵدارو حەماسەکانی خۆیو هاوسەنگەرانی شایی لە دڵیان دەگەڕاو وەک کوڕی خۆیان خۆشیان دەویست. بۆ پێشمەرگەو هاوسەنگەرانی هاوڕێیەکی باش، برایەکی دڵسۆزو پێشمەرگەیەکی نمونە بوو.

قانع بوو، ئاگاهانە قانع بوو. زۆر جاران لە حەقی خۆی خۆش دەبوو بۆ هاوسەنگەرانی. لە هەموو جێگایەک حازر بە خزمەتو لەخۆبووردوو بوو.

هەر سەنگەرێک عەلی باڵدار گرتبای، دوژمن ورەی بەردەداو دۆڕانی حەتمی دەبوو. لە بەر ئەوەی عەلی باڵداری قارەمان، توندوتۆڵو هەڵسووڕ، بە هەر دەسرێژێک کەلاکی دوژمنی دەخستو لە ژێر زەبری گورچکبڕی خۆیدا داماوی دەکردن.

یەکی پووشپەری ساڵی ١٣٦٢ هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران پاش شەڕێکی داسەپاو بە سەر پێشمەرگەکانی هێزی عەزیزی یوسفیدا گوندی "کەسنەزان"یان گرتەوەو لە گۆڕستانی ئەم ئاواییەدا دەستیان دایە شکاندنی کێلی شەهیدانو گۆڕی چەندین شەهیدی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان شێواند. ئەو کردەوە دژی ئینسانییەی هێزەکانی رێژیم، لەگەڵ هەڵویستی شۆڕشگێڕانەی خەڵک رووبەروو بۆوە.

کاتێک کە عەلی باڵدار هەواڵی شێواندنی گۆڕی هاوسەنگەرانی دەبیستێ، وێڕای هاوسەنگەرانی هەڵۆ ئاسا هێرش دەکەنە سەر مۆڵگەی هێزە سەرکوت کەرەکانی رێژیم لە ئاوایی کەسنەزانو پێشمەرگە هەڵمەت بەرەکانی دێموکڕات بە گەمارۆدانی مۆڵگەی هێزەکانی رێژیم چاوەڕوانی بڕیاری قارەمانانەی فەرماندەکەیان عەلی باڵدار دەبن. لە گەڵ نەعرەتەی شێرانەی عەلی باڵدار پێشمەرگە ئازاکانی دێموکڕات سەنگەر بە سەنگەر لە دوژمن دەچنە پێشو گەمارۆیان لێ تەنگتر دەکەنەوە. دوای ماوەیەک لە قارەمانێتی عەلی باڵدارو هاوسەنگەرانی تێکۆشەرانی دێموکڕات پایگاکە بە تەواوی تەفرووتونا دەکەنو ئاورێ تێبەردەدەن.

لە کاتێکدا کە فەرماندە عەلی باڵدار لە سەنگەرەکەی وەدەر دەکەوێ بۆ ئەوەی بزانێ چ ئاسەوارێک لە هێزە دژی گەلییەکان ماوە، بەداخێکی گرانەوە لە پڕ گوللەی خائینێکی نیشتمان فرۆش قەلافەتی پیاوانەی فەرماندەری بوێرو ئازا دەخاتە سەرعەرزیو خوێنی سووری سەنگەری دلێریو قارەمانەتی رەنگین دەکاو بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە هاوسەنگەرەکانی دەکاو لە باوەشی نیشتمانی دایکدا ئارام دەگرێ.

شەهید بوونی عەلی باڵداری فەرماندە، بە رادەیەک شوێنی لە سەر هاوسەنگەرانی دانا کە موڵگەی دوژمنیان سەرەڕای ئەوە بەتەواوی تەفروتونا بوو، بە جێ هێشتو تەرمی بێ گیانی مامۆستای بە جەرگو پارتیزانیان لەسەر شان داناو گەڕانەوە تا بە خاکی بسپێرنو فیداکاریو کۆڵنەدەری، راستیو سەداقەتی بکەنە تێشووی رێگای خەباتیان.

هەواڵی شەهید بوونی رۆڵەی شۆڕشگێر، فەرماندەی قارەمان، خۆشەویستی زەحمەتکێشانی سەقز، عەلی باڵدار دڵی بە هەزاران کەسی خەمبار کردو ئەژنۆی خەمیان لەباوەش گرت، داخو غەمو پەژارە دایگرتن، بەڵام زۆری پێ نەچوو نەعرەتەی شێرانەی کوڕەکانی عەزیزی یوسفی لە رێگای سەقز- مەریوانو لەخورخورەی سەقز دەنگی دایەوەو بە هێرشی شێرانەیان، بەخۆڕاگری قارەمانەیان هاواریان کرد: "ئێمە هەموومان عەلی باڵدارین، چونکی ماموستاکەمان، فەرماندەکەمان فێری کردین کە چۆن سەربەرزانە بفرین. چونکی هاوسەنگەرو درێژە پێدەری رێگای عەلی باڵدارو شەهیدانی دیکەی گەلینو لە مەکتەبی ئەوان دا دەرسی خۆڕاگریو لەخۆبووردوویی فێر بووین سەنگەری هەروا قایمەو رێگای بەردەوام.

---




**محەممەد محەممەدی (ناسراو بە حەمە چەتە)**

نەتەوەی کورد لە مێژووی پرلە شانازی خۆیدا یەکجار زۆر رووداوی ناخۆشو دڵتەزێنی بە خۆیەوە دیوەو لە پێناوی ئازادیو سەربەستیو دابینکردنی مافی وەک یەک بۆ نەتەوە زوڵم لێکراوەو مافخوازەکەی، زۆر کوڕی بڵیمەتو لێهاتوو کارامەی پێشکەشی بە خاکی نیشتمان کردوە. کەمنین ئەو قارەمانانەی لەکاتی تەنگانەدا

بوونە هەوێنی هیواو ئومید بۆ نەتەوەکەیانو، ئازایانە سینگیان هێنایە پێشو لەرزەیان خستە پەیکەری دوژمنی داگیرکەر. کەمنین ئەو رۆڵە لەخۆبووردووانەی کە بە بیستنی ناڵەو زاڵەی گەل دەستیان بەرز کردەوەو بوونە لەمپەرو بەرگری بۆ خاکو نیشتیمانی داگیرکراویان. کەم نین ئەو ئینسانە ئازاو نەبەزانەی کە تا ئاخر هەناسەو دوا دڵۆپو دوا تنۆکی خوێن دڵیان بۆئازادیو رزگاری لێیداو گیانیان بۆ نیشتمان بەخشی. کەم نین چیرۆکی ئەو پاڵەوانانە، ئەو تێکۆشەرە بە ئەمەگو سەر لەپێناوانە کە سینگیان کردە قەڵغانی خۆڕاگریو بەرخۆدانو بوونە هێزو پێزی نەتەوەیەکی نەحەساوەو ئازار دیتوو کە بە درێژایی مێژوو کوێرەوەری دیوە. محەممەدی محەممەدی یەکێک لەو رۆڵە بەلیمەتانەیە کە خۆی بۆ نیشتمان دانا.

محەممەد محەممەدی لە دایکبوونی هاوکاتە لە گەڵ درووست بوونی کۆمەڵەی ژێکاف. لەساڵی ١٣٢١ی هەتاوی لەگوندی" تەمربەگ" لەناوچەی تیلەکۆی سەقز چاوی بە دنیای روون کردەوە، بنەماڵەکەی هەژارترین بنەماڵەی ئاوایی بوون، بۆیە ژیانی محەممەدو بنەماڵەکەی رووی تێریو تەسەلیو بەختەوەریی بە خۆیەوە نەدی. فەقیریو هەژاری بەرگی نەخوازراو بوو کە بە بەژنو باڵای بنەماڵەی محەممەد بڕا بوو. تەمەنی منداڵیی ئەویش وەک زۆربەی هەرە زۆری منداڵانی ئەم کوردستانە لە کوێرەوەریدا تێپەڕی. هەر بەو هۆیەشەوە بوو نەیتوانی بچێتە قوتابخانەو نەخوێندەوار مایەوە. مێرمنداڵ بوو کە شان بە شانی باوکی دەستی بە کارو کاسبی کرد.

محەممەد کە دەستی چەپو راستی خۆی ناسی چاوی بە تەواوی کراوە بوو ژیانی هاوبەشی پێک هێناو، ماڵی بەرەو ئاوایی تەخت گوێزرایەوە. لە ئاوایی تەخت خەریکی کاری وەرزێری باخو باخات بوو. لەو گوندە ناوی حەمەچەتەی بەسەردا بڕا! بەڵام بۆ ئەو ناوە؟ لەگوندی تەخت لەلایەن ئاغای گوندو ژاندارمەکانی رێژیمی شاوە فشاری بۆ دێنن. سەرئەنجام رۆژێک لە مووچەو مەزرا لە لایەن ئاغای ئاواییو ژاندەرمەکان هێرشی بۆ دەکرێو ئەویش زۆر ئازایانە لێیان وەدەست دێو بەدەستی خاڵی لێیان دەداو پاشان ناوبراو روو لەئاوایی ناکاتەوە هەر لەشاخی دەمێنێتەوە بەمجۆرە رێژیمی پاشایەتیو دەستو پێوەندییەکانی ئەگەر کەسێک لەبەرامبەریاندا راوەستابایە، ناوی چەتەیان لێ دەنا. بەڵام محەممەدی قارەمان سەری بۆ نەوی نەکردنو ئازایانە لەبەرامبەریاندا وەستایەوە.

ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کە سەرەتای دەست پێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە دژی رێژیمی گەندەڵو بێزراوی پاشایەتی بوو ئەویش وێڕای خۆپێشاندەران بێزاری خۆی لە رێژیمی حەمەرەزا شای پەهلەوی دەربڕی. دوای ئەوە کە شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوتو هێزە سیاسییەکان تێکۆشانی ئاشکرای خۆیان دەست پێکرد. محەممەد بە گوێرەی ناسیاوییەک کە لەسەر حیزبی دێموکڕات هەیبوو وەک کوڕە کوردێکی بەهەستو نیشتمانپەروەر ئەو حیزبەی وەک وەدیهێنەری ئامانجەکانی خەڵکی کوردستانی پەسەند کردو، بوو بە پێشمەرگەی وەفاداری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو دەستی دایە چەکو لە نێو ریزی شۆڕشگێڕانی دێموکڕاتو لە هێزی عەزیزی یوسفی بوو بە

پێشمەرگە.

لەو ساڵانەی کە هێرشی جەنایەتکارانی دژە کوردی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ کوشتنو قەڵاچۆی شارو گوندەکانی کوردستان لەو پەڕی خۆیدا بوو، ئەو جەنایەتکارانەی کە گڕی بە لرفەی ڤینو رقیان تەنیا بە خوێنی کورد دادەمرکاوە هەر رۆژەو هەر سەعاتەی لە ئاواییەکو لە شەقامی شارێک یا قوژبنی ماڵو کۆڵانێک سینگی گەنجو پیرانی نەتەوەی کوردیان کونکون دەکرد، محەممەد پێشمەرگە دژی ئەو ستەمو بێدادیانە راپەڕی بوو. ئەو دەیزانی کە وەکو مرۆڤێک ئەرکی سەر شانێتی لە بەرامبەر دوژمنە داگیر کەرو جەنایەتکارەکانی کوردستان دانابێ بێ دەنگ بێو دەست لە سەر دەست دابنێ.

پێشمەرگەیەکی بەوەجو بیروباوەڕ بوو، بۆ بەڕێوە بردنی ئەرکو مەئموورییەتی حیزبی ئەوپەڕی دڵسۆزیو فیداکاری لەخۆی دەنواند. هەرچەند سەوادی نەبوو لە بردنە سەری ئاستی زانیاریی شۆڕشگێڕانە هەرگیز غافڵ نەبوو. ئاگاهی بەنیسبەت هەلومەرجی کوردستان، خەڵک دۆستی، خاکەڕایی، ماندوو نەناسیو ئامادەی بۆ بەڕێوە بردنی ئەرکەکانی حیزبی زۆر زوو محەممەدی کردە سیمایەکی ناسراو خۆشەویستی حیزبی دێموکڕات لە سەقز، هەر ئەوە کە ناوی پێشمەرگەی لەسەر بوو پێی گەورەترین شانازی بوو.


هەر لە رۆژەکانی هەوەڵی پێشمەرگایەتیدا نیشانیدا چەندە کوڕێکی بە ئەدەبو بە هەستە. لەماوەیەکی کورتدا توانی جێگای خۆی لەنێو دڵی هاوسەنگەرانیدا بکاتەوە. ئەو هەروەها لاوێکی بەدەستو بردو قارەمان بوو کوڕێکی ئازاو لەخۆبووردوو بوو، لە ئاست دوژمندا رق ئەستوورو، لە بەرانبەر خەڵکو هاوڕێیانیدا لەسەرەخۆ بوو. بۆ بڕیاردانی حیزبی سەر لەپێناو بوو زۆر چالاکانە لە شەڕەکاندا بەشداریی دەکرد. بەتایبەتی وەک پێشمەرگەیەکی بە تواناو ئازا لە ناو شاری سەقز فیداکاری کرد. بەهۆی لێهاتوویو کارامەیی لە فەنو تاکتیکی شەڕی پارتیزانیدا پلەکانی پێشمەرگایەتیی یەک بە دوای یەک دا بڕیو ئەو تایبەتمەندییانە بوونە هۆی ئەوە کە بە فەرماندەری لک دیاری کرێ. محەممەد بە هەموو تواناوە بۆ بردنە سەری پلەی زانیاری خۆی هەوڵی دەداو ئەرکی پێئەسپێردراوی بە باشی بەڕێوە دەبرد.

محەممەد محەممەدی لاوێکی ژیرو رۆح سووک، سەرتاسەری وجوودی ئیحساساتی شۆڕشگێڕانە بوو، ئازاو بە جەرگو نەترس بوو، ئیمانێکی قووڵی بە سیاسەتەکانی حیزبو ڕێبازی بزووتنەوەی گەلەکەی هەبوو. بە نەزمو دیسیپلین بوو، لە شەڕەکاندا هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەدا بوو. هەر شوێنێک محەممەد سەنگەری لێ گرتبایە مەحاڵ بوو دوژمن بتوانێ زەفەری پێ بەرێ. ناوبراو فەرماندەرێکی لێهاتوو شارەزا، ئینسانێکی تێکۆشەرو هەڵسووڕ بوو، جێگای رێزو خۆشەویستی هاوسەنگەرانیو خەڵکی ناوچە بوو، هیچکات هەستی بە ناهومێدیو دەستە وەستانی نەدەکرد، شەڕە حەماسییەکانی جادەی سەقز- سنە، سەقز- بانە، سوننەتە، تیلەکۆ، خوڕخوڕە، ئێرانشا، بۆ هەمیشە شاهیدی جوامێریو ئازایەتیو لەخۆبووردوویی ئەو رۆڵە تێکۆشەرەی حیزبو گەلەکەمانن.

محەممەد بێجگە لەوە کە پێشمەرگەیەکی ئازاو نەترس بوو، زۆر بە نەزمو رووح سووکیش بوو، یەکێک لەو پێشمەرگانە بوو کە هەموو ژیانی پڕ شانازی لە پێشمەرگایەتی‌دا خاڵی لاوازی نیشان نەدا، هیچکات لای پێشمەرگەکان هەڵسووکەوتێکی وای نەکرد یان بەشێوەیەک خۆی نیشان نەدا کە زەبر بە فەرماندە لکی حیزبەکەی بکەوێ. زۆرجار دووپاتی دەکردەوە کە پێشمەرگە چاوی لە فەرماندەکەیەتی ئەگەر هەڵەکاریو چەوتی هەبێ، پێشمەرگەش چاوی لێ دەکاو لە ئاکامدا تایبەتمەندیی فەرماندەیی خۆی لەدەست دەدا. محەممەد لەماوەی تەمەنی خەباتگێڕیو تێکۆشانی خۆی‌دا گەلێک قارەمانەتی بۆ حیزبو نەتەوەکەی تۆمار دەکاو وەکوو میرات بۆ بزافی نەتەوەی کوردستان بە جێیان دەهێڵێت.

بەداخەوە ئاخرین حەماسەو قارەمانەتی رۆژی ٤ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٠ بە پێی گەڵاڵەیەکی داڕێژراو لەسەر جادەی سەقز - سنە کەمینیان بۆ هێزەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی نایەوەو پاش شەڕێکی قارەمانانە لەگەڵ ٣ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوکانی تۆفیق محەممەدزادە، عەبدوڵڵا مەجیدپوورو سابیرمرادی شەهید بوونو تێکەڵ بە کاروانی لەپسان نەهاتووی شەهیدانی حیزبو گەل بوون.

---




ئەحمەد کەریمنیا (ناسراو بە ئەحمەد تەمووغەیی)

سێهەم رۆژی بەهاری ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی بوو تازە خۆر بە تینی خۆی بەرەبەرە بەفری شاخەکانی دەتواندەوەو سەوزەگیای بەهارو تەبیعەتی جوانی کوردستان لە خەوی زستان راست ببوونەوە، شنەی شەماڵ بە ئەسپایی مزگێنی هاتنی بەهارو زیندوو بوونەوەی دێنا، هەموو کەس خوشحاڵ بوو لەوەی کە زستانی ساردیان سەرەڕای بێ

دەرەتانی لە نێو تەمو ڕۆڵو شاخەدا رابردوو بەهاریان لێ داهاتەوە، وەرزێکی دیکە تێکۆشانو چالاکی دەستی پێکرد. خەڵک پۆل پۆل لەبن گوێسوانە هۆدەی ماڵان دانیشتبوون خۆیان لەبەر تینی گەرمای خۆر هەڵخستبوو، سەعات بوو بە ٥ی ئێوارێ کاتی رادیۆ کوردستان هاتو دەستی بە بڵاو کرنەوەی هەواڵەکان کرد باسی شەڕی ناخۆیی کرد کە لە یەکەم ڕۆژی بەهاری ساڵی ١٣٦٤ لە "نەرمەڵاس" رووی دابوو لە نێو شەهیدەکاندا ناوی ئەحمەد تەمووغەی هات. ئەحمەد تەمووغەی کێ بوو، کە ئەوکەسانەی دەیانناسی بۆی بە پەرۆش بوون؟ ئەحمەد کێ بوو کە ئێستاش ناوی لە نێو دڵی هاوسەنگەرانیو خەڵکی زەحمەتکێشو دڵسۆزی ناوچەی سەقزی خوێناوی دایە؟

ئەحمەد کەریمنیا ناسراو بە ئەحمەد تەمووغەیی کوڕی زەحمەتکێشی لادێیی بوو کە ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی جووتیار لە ئاوایی تەمووغەی ناوچەی گەورکی سەقز لەدایک بوو ژیانی جیا لە زەحمەتکێشەکانی لادێیی نەبوو هەر وەک ئەوان دەژیا هەر وەک ئەوان زوڵمی لێ دەکراو دەچەوسایەوە، هەر وەک ئەوانیش لە خۆشییەکانی ژیان بێبەش بوو. ئەحمەد لەگوندی تەمووغە گەورە بوو هەر لەو گوندەش ڕەوانەی قوتابخانە کرا. هاوینان لە یەکەم ڕۆژی پشووی هاویندا دەستی بە قوڵەداریک دەگرتو، دەبوو بە شوانو دۆڵ ودەرو دەشتی ئاوایی تەمووغەی دەپێواو، تا کرانەوەی قوتابخانە لە مەزرا دەبوو.

ئەحمەد تەمووغەیی تا پۆلی ٥ی سەرەتایی دەرسی خوێندو پاشان یاریدەی باوکی لە مووچەو مەزرا دەداو زۆری زەحمەتکێشا بەڵام سەرەڕای ماندوو بوونێکی زۆری خۆی بنەماڵە ژیانیان هەروا هەژارانە بوو. ئەحمەد لەگەڵ گەیشتنی تافی لاوی بۆ کرێکاری رووی لە شاری تاران، کەرەجو سمنان کردو پاش چەند ساڵان هاتە شاری بانەو دەستی بە بەننایی کرد. ئەم گێرەو کێشەیەی ژیان، ئەم هەورازو نشێوەی سەر ڕێگای ژیان، ئەحمەدی لەگەڵ ژیانی توێژی هەژاران ئاشنا کرد، دەردو زامەکانی ئەوانی ناسیو شارەزایی دەردو نەهامەتییەکانی خەڵکی دیکەو هەروەها ئەم زوڵمو زۆرە بوو کە ڕێژیمی پاشایەتی لێی دەکردن .

ئەحمەد تەمووغەیی لە تەمەنی ١٨ ساڵان لە لایەن ڕێژیمەوە قۆڵ بەست کراو ڕەوانەی پادگانە نیزامییەکان کرا. ئەحمەد لە کاتی خۆپێشاندانی دژی ڕێژیمی پاشایەتی سەرباز بوو، بۆیە لە سەربازخانە ڕای کردو خۆی لە نێو خۆپێشاندەراندا دیتەوە وێڕای خەڵکی سەقزی خوێناوی بەشداری کرد .

رووخانی ڕێژیمی پاشایەتیو ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان چاوو گوێی ئەحمەدی بە تەواوی کردەوە عەلاقەی کاری سیاسی تێدا بەهێز بوو، نووری هیواو هومێدی بە دوا ڕۆژێکی ڕووناکی گەلەکەی لە دڵو دەروونیدا پێک هێنا، بەڵام کردەوەی ڕێژیمی کۆنەپەرستی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو، لەلایەک ئەحمەد تەمووغەیی شڵەژاندو لە لایەکی دیکەش ئەو بڕوایەی تێدا بەهێز بوو کە دەبێ دژی زۆردارانو هەموو ئەو کەسانەی چاویان بڕیوەتە لەنێو بردنی مانو مەوجوودییەتی گەلەکەی خەبات بکا. کردەوەکانی ڕێژیم دژی

خەڵکی کوردستانو خەبات لەپێناوی دیفاع لەحەقانیەتی خەباتی ڕەوای نەتەوەکەمان ئەحمەد تەمووغەیی خستبووە سەر دوو ڕێیانەیەک. یا خزمەت بە دایکو باوکی پیریو، یا خەبات لەپێناو پاراستنی نەتەوەکەیدا. دەبوو یەکیان هەڵبژێرێ وەک کوڕێکی شۆڕشگێڕو نیشتمانپەروەر هاتە سەر ئەم باوەرە کە بەختەوەریو کامەرانی دایکو باوکی لە گرێوی بەختەوەریو ڕزگاری گەلەکەی دایە، بۆیە ڕێگای دووهەمی هەڵبژارد ڕێگای شۆڕشگێڕانو خەباتگێڕانی کورد. ڕێگای خەبات بۆ دابینکردنی ئازادیە دێموکڕاتییەکانو وەدیهێنانی نەتەوایەتییەکان .

ئەحمەد تەمووغەیی لە بەهاری ساڵی١٣٦١ دەستی دایە چەکو، هاتە نێو ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتو لە هێزی عەزیزی یوسفی دەستی بە تێکۆشانی سیاسی کرد. ئەحمەد لەسەرەتای پێشمەرگایەتی نیشانیدا بە بیرو باوەڕو بەنەزمو دیسیپلینو ئازایە، ئەحمەد لەناوچەی فەیزوڵابەگی، تیلەکۆ، خوڕخوڕە، سەرشیوو گەورگی سەقز وەک پێشمەرگە خزمەتی بە نەتەوەکەی دەکرد، بۆیەش جێی لەنێو دڵی ئەو خەڵکەدا کردبۆوەهە. جێی متمانەو باوەڕ پێکراوی خەڵکی ئەو ناوچانە بوو. یارێکی وەفاداری زەحمەتکێشان بوو لە دەردو خەمەکانیان خەم دایدەگرتو لەگەڵ شادییەکانیان شادی دەکرد.

ئەحمەد بێجگە لەوەی پێشمەرگەیەکی ئازاو بەبیروباوەر بوو کوڕێکی تێگەیشتوو شارەزا بە سیاسەتی حیزبیش بوو هەمیشە هاوڕێیانی بۆ پاراستنی نەزمو دیسیپلین پەیرەوی لە بڕیارەکانی حیزب هان دەدا.

کوڕی شۆڕشگێڕو زەحمەتکێشی کورد بە هۆی ئەم تایبەتمەندییانەو زۆر تایبەتمەندی شۆڕشگێڕانەی دیکە لە ساڵی ١٣٦٣ بە فەرماندەری لکێک لە پێشمەرگەکانی هێزی شەهید عەزیزی یوسفی دیاری کرا. شەڕە حەماسەکانی تێکۆشەرانی ناوچەی سەقزی خوێناوی، لە ئایچی، میرەدێ، سەرشیو، بە فەرماندەری راستەوخۆو بەڕێوجێی کوڕەشۆڕشگێڕی قارەمان ئەحمەد تەموغەیی بەڕێوە چوو، بە چەشنێک کە ئەو لکە بە فەرماندەری ئەحمەدی قارەمانو لێزان دەیان عەمەلیاتی شۆڕشگێڕانەی بەڕێوە بردو زراوی دوژمنی لەناوچەی سەقز برد بوو.

لە پاییزی ساڵی١٣٦٣ بە پێشمەرگەکانی ژێر فەرماندەری ئەحمەد تەمووغەیی بڕیار درا بچنە بنکەی کومیتە شارستانی سەقز، فەرماندەری لێزانو بە بیروباوەر وەک هەمیشە بە پێی بڕیار بێ سێو دوو لێکردن بەرەو بنکەکانی کۆمیتە شارستان وەڕێ کەوت پاش ماوەیەک مانەوە ڕەوانەی گوندی نەرمەلاس کرا. چوونی ئەحمەد هاوکات بوو لەگەڵ جێژنی نەورۆز سەرەتای ساڵی ١٣٦٤ کە پێشمەرگەکان بەرەو نەورۆزی پیرۆزو دەست پێکردنەوەی ساڵێکی دیکە لە خەباتو تێکۆشان دەچوون شنەبای بەهاری ڕوحو لەشی ئەوانیشی بووژاندبووە شەوی جێژن بوو پێشمەرگەکان لە دەوری یەکتر کۆ ببوونەوە لە یەکەم شەوی جێژنی نەورۆز لە لایەن کۆمەڵەوە هێرش کرایە سەر بنکەکانیانو خوێنی سووری ئەحمەد تەمووغەیی بوو بە گوڵالە سووری بەهارانی دەشتی شلێرو یاری بەوەفای ناوچەی سەقز لەشەڕی ناوخۆی شەهید کراو کوڕی زەحمەتکێشی دێموکڕات لە ٢٧ تەمین بەهاری ژیانیدا لە یەکەم ڕۆژی بەهاری تەبیعەتدا گوڵی ژیانی هەڵپرووکاو چرای عومری کوژایەوە.




## بابەشێخ حیسامی

شەهید بابەشێخ حیسامی لە ساڵی ١٣٢٣ی هەتاوی لە کاتێکدا بەرەبەرە حیزبی دێموکڕات چەکەرەی دەکردو ریشەی بە ناو خەڵکدا دادەکوتا، لە بنەماڵەیەکی ئایینی خانەقای نەقشبەندییەکان چاوی بەدنیای روون کردۆتەوە. تەنیا مانگێگ بوو چاوی بە دنیای پڕ لە کوێرەوەری کرد بۆوە، لە سۆزی باوکایەتی بێبەری دەبێ‌و باوکی (شێخ عارف) بۆ هەمیشە ماڵئاواییان لێ دەکا. باوکی شەهید کاک بابەشێخ لەسەر داوای مامی کە شێخ حیسامەدینی باخەکۆن بووە زێدی خۆی واتە گوڵپی سەر بە خورماڵ‌و شارەزوور لە باشووری کوردستان بەجێ دەهێڵێ‌و ئەویش لەگوندی "زاناوا" سەر بە ئێرانشای شاری سەقز دەگیرسێتەوە. پاش ماوەیەک روو لە گوندی خۆشێنان لە ناوچەی خوڕخوڕەی سەقز دەکاو جگە لە کاری ئایینی وەرزێڕیش بەشێک دەبێ لەژیانی بنەماڵەو بژێوی خۆی دابین دەکا. عەلی خانی تەخت وەک خاڵێکی دڵسۆز یارمەتیی بابە شێخ حیسامی دەدا تا ئاستی خوێندنی باڵا بخوێنێ‌و بەردەوام پشتیوانییان لێدەکات.

بابا شیخ حیسامی هەر زوو تێکەڵ بە سیاسەت دەبێ‌و لە سەردەمی پاشایەتی چەند جار لە بەندیخانە کراوەو تەنانەت لە زێدو خاکی دوور خراوەتەوە.

بابەشێخ حیسامی قوناغەکانی خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و دواناوەندی تەواو کردووە پاشان لە پەروەردەی مامۆستایان درێژەی بە خوێندن داوەو لە شاری مەریوان وەک چاوەدێری مامۆستایان لە ئاموزش‌و پەروەرش دامەزراوە. پاش ماوەیەک ژیانی هاوبەش پێک دەێنێ‌و بەرهەمی ئەو ژیانە ٣ کوڕپە دەبێ. لە ساڵی ١٣٤٦ لە سەروبەندی خەباتی چەکداری روو لە شاری سنە دەکا، بەڵام زۆری پێ ناچێ کە لەساڵی ١٣٤٨ پاش

سەرکوت کردنی خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی٤٦ و٤٧ لە لایەن ساواکەوە بۆ "گەڕووس" لەشاری بیجاڕ تەبعید دەکرێ، پاش هەوڵو ماندوو بوونێکی زۆر بۆ درێژەدانی خوێندن رووی لە شاری تەورێز دەکاو ئەدەبیاتی زمانی فارسی لە زانکۆی ئازەرئابادگانی تەورێز تەواو دەکات

لە ساڵی ١٣٥٦ و ٥٧ بەرپرسایەتی زۆر کاری قورسی هەستەی کردوە لەشارەکانی کوردستانو ئێران. کاری نەهێنی بە بەردەوامی بەڕێوە بردوە. زۆر جووڵەو بزافی نهێنیو هەستەکانی شاراوەی ناو شارەکانی ئێرانو کوردستانی ئیدارە کردووە. پاشان لە نزیکەوە لەگەڵ شەهید دوکتور قاسملوو چاو پێکەوتن دەکاو زیاتر ئامادەگی بۆ کار کردن پەیدا دەکا. لە خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ دژی رێژیمی پاشایەتی رۆڵی سەرەکی دەگێڕێو خەڵکی سازمان دەدا. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانو ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری سەقز، ئەو لە یەکەم کەسەکان بوو کە خەڵکی لەدەوری ئاڵاو رێبازی حیزبی دێموکرات کۆ کردەوە. هەر بۆیە وەک بەرپرسی سیاسیو نیزامیی شار دیاری کرا.

باباشێخ حیسامی بە بەشداری کردنی لە کۆنگەری ٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان نیشانیدا توانای سیاسی هەیە بۆیە دوای گەڕانەوە لە کۆنگرە وەک بەرپرسی سیاسیو نەفەری یەکەم لەشاری سەقز کاری دەکرد. ئەو لە لادانی کۆمەڵێک لایەنگرانی حیزبی توودە لەدوای کۆنگرە زۆر بە توندی دژیان وەستاوەو وەک قەڵایەکی خۆڕاگر پاڵپشتی حیزبەکەی بوو.

باباشیخ حیسامی کاتی جهادی خومەینی بۆ سەر خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٣٥٨ لە گەڵ ئەوەی کە بەرپرسێکی سیاسی بوو بەڵام لەسەنگەری بەرگری لە خاکو نیشتمان قۆڵی هەڵماڵیو وەک پێشمەرگەیەکی فیداکار شان بەشانی هاوسەنگەرانی بە گژ داکیر کەراندا دەچۆوەو لەشەڕەکانی ناو شاری سەقز ئازایەتی لەخۆی نیشان دەداو بە گیانو بەدڵ پارێزگاری لە سەقزی خوێناوی دەکرد.


باباشێخ لە باری کۆمەڵایەتی، لە ناو شاری سەقز کەسایەتیکی بەرز بوو. خۆشناو، زمانی ئیقناعی هەبوو بۆیە لە هەموو کۆبوونەوەکانی لەگەڵ خەڵک بە رەزایەت کۆتای دەهات، ناو براو زۆر تایبەتمەندی بەرزی هەبوو لە وتەکانیدا هەمیشە سەروەری کوردستانو سەربەخۆی حیزبەکەی پێ لەهەموو شتێک بە لاوە گرینگتر بوو هەر بۆیەش بۆ ئازادی نەتەوەکەی هەموو نرخێکی بەهەرزان دەزانی.

لە رێکەوتی ٧ی بانەمەری ساڵی ١٣٥٩ هەتاوی رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ناو شاری سەقزی بە چەکی قورس ئاور باران کرد بابا شێخ حیسامی بەسەختی بریندار بوو بەرەو نەخۆشخانەی بۆکان کە ئەو کات بەدەست هێزی پێشمەرگەوە بوو رەوانە کرا.

شارەزای زمانی انگلیسی بوو بە جەستەی خوێناوی وبریندارییەوە بۆ راگەیاندن نێو دەوڵەتی لێدوانی داو بە تایبەتی لەگەڵ رادیۆ بیبیسی هەڵوێستەکانی حزبەکەی ئاشکرا کردو کۆماری ئیسلامی بە خوێنی خۆیو هەزاران

هاوسەنگەرو رۆڵەی کورد ریسواو شەرمەزارتر کرد. پاشان کە برینەکەی زۆر سەخت بوو لە سەر بڕیاری شەهید د. قاسملووی نەمر بۆ نەخۆشخانەی مەهاباد رەوانە کراو دوای چەند نەشتەرگەرییەک بە داخەوە رۆژی ٩ی بانەمەر ساڵی ١٣٥٩ هەتاوی دڵی لە لێدوان کەوتو چووە نێو کاروانی نەمرانەوە. لە رۆژی ناشتنی تەرمە پیرۆزەکەی شەهید باباشێخ لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان خەڵک روویان لە شاری مەهاباد کردو بۆ دوا ماڵئاوایی لە شەهید باباشیخ حیسامی لە گۆڕستانی مەهاباد ئامادە بوونو بە خاکی نیشتمانیان سپارد. ناوبراو لە سەر وەسیەتی خۆی لە شاری پێشەوا و لە نزیک شەهید عەزیز یوسفی تەرمی پاکی بە خاک سپێردرا.

---




## تاهیر ساڵحی

تاهیر ساڵحی لەشاری سەقز لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش چاوی بەدنیای روون کردەوە. خۆشەویستی ماڵێ بوو، هەر بۆیە دایکو بابی پتر زەحمەتیان کێشا تا کوڕی خۆشەویستیان چاو لە دەست نەبێ. لەتەمەنی حەوت ساڵیدا رەوانەی قوتابخانە کراو دواتر بەهۆی هێندێک گیروگرفت نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدا. ئەو رێگای یارمەتی کردن بە باوکی گرتە بەرو هەوێنی ژیانی ساکارانەی تاهیر بوو بە زەحمەتو کوێرەوەریو رەنج کێشان. هەرچەند لەگەڵ کوێرەوەری گەورە بوو، بەڵام رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر هەستی بە زوڵمو زۆر دەکرد. بەرە بەرە کە گەورە بوو هەر لە منداڵییەوە یارمەتی باوکیدا کە لە فەلەکەی هەڵۆ لە شاری سەقز چایخانەی هەبوو.

ساڵی ١٣٥٧کە سەرەتای دەست پێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە دژی ڕێژیمی گەندەڵی‌و بێزراوی پاشایەتی بوو لەریزی خۆپێشاندەران‌و ئەویش وێڕای ئەوان بێزاری خۆی لە ڕێژیمی حەمەرەزا شای پەهلەوی دەربڕی. دوای ئەوە کە شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت‌و حیزبی دێموکراتی کوردستان تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەست پێکرد. تاهیر بە گوێرەی ناسیاوی‌یەک کە لەسەر حیزبی دێموکرات هەیبوو وەک کوڕە کوردێکی بەهەست‌و نیشتمان پەروەر ئەو حیزبەی وەک وەدی‌هێنەری ئامانجەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران پەسەند کردو، بوو بە لایەنگرێکی وەفاداری حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و، هاوینی ساڵی ١٣٥٨ دەستی دایە چەکو لە نێو ریزی شۆڕشگێڕانی دێموکرات‌و لە هێزی عەزیزی یوسفی بوو بە پێشمەرگەو لە ناو ئەو هێزەدا بە هەڵۆ ناوبانگی دەرکرد.

تاهیر بە وشیارییەوە کاری پێشمەرگایەتی خۆی دەست پێکردو بوو بە پێشمەرگەیەکی ئازاو بە ئیمان. ئەو هەوڵی دەدا لەگەڵ هاوسەنگەرانی‌و خەڵک کردەوەو رەفتارو هەستان‌و دانیشتنی شۆڕشگێڕانە بێ. جگە لەمانەش خۆی ماندوو دەکرد بۆ ئەوەی زیاتر لە سیاسەتی حیزب ئاگادار بێ. تاهیر بە لێهاتوویی‌و لێوەشاوەیی‌یەوە ئەرکە پیرۆزەکانی بە ڕێکوپێکی بەڕێوە دەبردو بڕیارەکانی حیزبی جێبەجێ دەکرد. پاش ئەوەی شاری سەقز لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیمی ئاخوندییەوە کەوتە بەر پەلامارو داگیر کرا، تاهیر وێڕای تێکۆشەرانی حیزب‌و هاوسەنگەرانی درێژەی بە تێکۆشانی سیاسی‌و نیزامیی خۆی داو چیاکانی ناوچەی سەقزو هەوشاری لە دوژمن کردە گۆڕستان. ناوبراو بەهۆی ئەوە کە ئەزموونێکی باشی لە شۆڕش بە دەست هێنابوو بە هۆی ئازایەتی بە سەرپەل دیاری کرا ئەو ئەرکەشی بە جوانی بەڕێوە برد بە تایبەت لە شەڕەکانی سێ مانگە، دەرەقووڵەو خۆشێنان ئازایەتی کەم وێنەی نواند. تاهیر ساڵحی ساڵی ١٣٦٢ بوو بەهاوڕێی شەهید سەدیق فەروخیان‌و رووی لە ناوچەی هەشار کرد پاش ماوەیەک کار لەو ناوچەیە تاهیر وەک فارەماندەری لک دیاری کرا لەو پۆستەش دا کارامەیی خۆی نیشاندا. ناوبراو لەماوەی پێشمەرگایەتی‌دا نموونەی سەداقەت‌و راستی‌و دروستی بوو. هەستان‌و دانیشتنی‌و کردەوەکانی لە خزمەت ئامانجەکانی جووڵانەوەدا بوو. چالاکی‌و هەڵسوڕی ئەو لە خەبات دژی دوژمنانی ئازادی‌دا بەرچاو بوو. لە زۆربەی شەڕەکاندا بەشداریی چالاکانەی هەبوو، وەک قەڵایەکی پۆڵاین لەبەرامبەر دژی‌گەلییەکاندا رادەوەستا. تاهیر بە تێکۆشانی بێ‌وچانی‌و بە هەڵمەتی دوژمن شکێنی نیشانی‌دا شیاوی ئەم پلەو بەرپرسایەتییەو لە کاری فەرماندەیی‌دا ڕۆڵەیەکی کارلێهاتوو و ئازایە، بە چەشنێک کە قارەمانیەتی‌و نەترسی تاهیر لە ناوچەی سەقز دەنگی دایەوە. شەڕەکانی ناوچەی سەقز، هەوشارو فەیزوڵابەگی نموونەیەکی چووکەن کە وەک یادگار لە دەفتەری بیرەوەری هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ماوەتەوە.

ڕۆژی یەکی رەشەممەی ساڵی ١٣٦٢ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی پەلاماری گوندی "کانی‌چەرمووی" داو پاش شەڕێکی قارەمانانە تاهیر ساڵحی کەوتە بەر گوللەی داگیرکەران‌و چرای تەمەنی لە ٢٥ ساڵی‌دا کوژایەوەو

سینگی کەوتە بەر گوللەی دوژمنانی ئازادیو خوێنی رژایە سەر خاکی کوردستانو بەم چەشنە چیا سەربەرزەکانی کانیچەرموو بە خوێنی خۆی سوور کردو رێگای خەباتی بە هاوسەنگەرانی سپارد.

---




**خەلیل مرادی**


رێژیمی خوێنرێژی کۆماری ئیسلامی شەڕی دژی خەڵکی کوردستانو جیهاد بۆ کوردستانی راگەیاندوە لە سەرتاسەری کوردستان شەڕ بەگەرمی بەردەوام بوو، سەعاتی ٣ی دوانیوەڕۆ ئاخرین رۆژەکانی هاوینی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بوو لە گەڕەکێکی شاری سەقز بەرەو جادەی بانە شەڕەکە زۆر گەرم بوو بەردەوام لە پادگانیش تۆپو خۆمپارە وەک باران دەباری، هەموو جارێ بەگرمەی تۆپێک ماڵێک یان لادیوارێک دەهاتە خوارێ، پێشمەرگە زۆربەی کۆڵانەکانیان گرتبوو هێلیکۆپتێر بەسەر شاری سەقزدا دەسووڕاویەوەو بەردەوام شوێنەکانی پێشمەرگەی راکێتباران دەکرد، جاشو پاسداریش بە کۆڵاناندا فشاریان هێنابوو، هەموو جارێ کە تێک دەشکا شەهیدێک یا چەند شەهید دەدرا. لەپڕ دەستەیەک پێشمەرگە لەپشتەوە هاتن بۆ یارمەتی ئەو شەڕگەیە، یەکیان تەمەنی ٢٠ ساڵ زیاتر دەبوو پەستەکێک لەبەر، زۆر زوو لەماوەی چەند دەقیقەدا سازماندەهی کردو هەر چەند کەس بە کۆڵانێکداو خۆشی لە پێشەوەی هەموان دەستی بە پێشرەوی کرد، لە ماوەی یەک سەعاتدا هێزی رێژیمیان تیکشکاندو بەرەو دواوە پاشەکشەیان کردو کەلاکی زۆری دوژمن بەجێما. پاش تەواو بوونی شەڕ دەرکەوت ئەوە ئازایەتی خەلیلی مرادی بوو کە لەو رۆژەدا فیدکاری خوڵقاند. لەوێڕا چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرا کە جێگەی هیواو هۆمیدی حیزبەکەی بوو هەتا کاتی شەهید بوونی هەروا بە ئازایەتیو قارەمانەتی لە

ریزی تێکۆشەرانی دێموکڕات خەباتی بۆ نەمانی زوڵم‌و ستەم کرد.

لەساڵی ١٣٣٨ لەو سەروبەندەی کە بەکرێگیراوانی شاو ساواکو پۆلیس پەلاماری ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەدەن ناوچەی سەقزیش لە راودوونان‌و گرتنی ئەندامانی حیزبی بێبەش نەبوو. لە وەها دۆخێکدا خەلیل مرادی لە شارستانی سەقزی خوێناوی لەداوێنی دایکێکی رووسوور چاوی بەدنیای روون کردەوە، پاشان بەرەبەرە گەورە بوو لە تەمەنی ٧ ساڵی دەفتەرو قەڵەمی بن پیلی داو رێگای قوتابخانەو خوێندنگەی بەر نەدا تا توانی دیپلۆم وەربگرێ. لە قوتابخانە خۆشەویستی هەواڵەکانی بوو زۆر زیرەک دەرس خوێن‌و وانەکانی بە سەرکەوتووی دەبرێ. پاش وەرگرتنی دیپلۆم رەوانەی سەربازی کراو پاشان لە ئەرتەش وەک دەرجەداریک کاری دەکرد. ئەو ماوەیەی لە ئەرتەش دابوو بە تەواوی جیاوازی نەتەوەیی بۆ دەرکەوتبوو بۆیە پاش رووخانی رێژیمی پاشایەتی‌و هاتنە سەرکاری رێژیمی کۆماری ئیسلامی‌و، ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزب، هاتە نێو ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. زۆر زوو نیشانیدا کە رۆڵەیەکی هەڵکەوتووی گەلەو ئیمانی بە رێبازو ئامانجی هەیەو ئامادەیە لە پێناو رزگاری گەلەکەیدا خۆی فیدا بکا. ئەو ئەزموونی نیزامیی لە ئەرتەش فێری بوو وەک وانە بە پێشمەرگەکانی دەکوتەوە. خەلیل لەکاتی هێرش‌و پەلامار بۆ سەر دژمن دا شێری مەیدانی نەبەرد بوو زۆر ئازایانە هەڵی دەکوتایە سەر دوژمن. لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی سەقزدا بەشداری کردو هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەی شەڕدا بوو، سەنگەرێک خەلیلی مرادی لێبا دوژمن نەیدەتوانی خۆی راگرێ‌و لەبەر زەربەی ئەو نەدەوەستا. قارەمانەتی‌و فیداکاری رۆڵەکانی هێزی عەزیزی یوسفی بە تایبەتی خەلیل مرادی وێردی زمانی هەموو پێشمەرگەکان بوو، کە شان بەشانی ئەو دژی کۆنەپەرەستان لەم رێگایە شەڕیان دەکرد. خەلیلی قارەمان لاوی دڵپاکو شۆڕشگێڕ زۆری پێ نەچوو ئازایەتی‌و شۆڕشگێڕ بوونی خۆی نیشاندا، کوڕێکی لەسەرخۆ، پێشمەرگەیەگی ئازاو کۆڵنەدەر، لەخۆبووردوو، بەنەزم‌و دیسیپلین بوو، بە چەشنێک بوو بە جێی باوەری هاوسەنگەرانی‌و خەڵکی ناوچەی سەقز، ئازایەتی ناوبراو بوو بە هۆی ئەوە بە فەرماندەری لک لەهێزی شەهید عەزیزی یوسفی دیاری بکرێ. خەلیل مرادی لاوی تێگەیشتوو پێگەیشتوی حیزبەکەمان. کوڕی رەنج‌و کوێرەوەری توانی بە لێوەشاویەکی زۆرەوە لەسەر لکیدا ئەرکی خۆی زۆر بەباشی بەرێوە بەرێ. قارەمانەتی ئەم رۆڵە تێکۆشەرە لە شەڕی نێو شاری سەقز، جادەی سەقز- بانە، سەقز - مەریوان، ئازایەتی لە خۆی بنوێنێ، شەڕەکانی ساڵی١٣٦٠ و ١٣٦١ بۆ هاوسەنگەرانی پتر دەرکەوت. لەم شەڕانەدا خەلیل قارەمانانە هەڵی کوتایە سەر دوژمن‌و سەنگەر بە سەنگەر لەگەڵ دوژمنانی کوردستان شەڕی دەکرد. لەساڵی ١٣٦١ بە هۆی موشکیلاتی کە بۆی هاتە پێش، لەسەر داوای خۆی نەقلی دەفتەری سیاسی بوو. بەهۆی ئەوە لەسەرەتای شۆڕش لە گەڵ رێبەری شەهید پێوەندی هەبوو لە لایەن شەهید دوکتور قاسملووە رێزی تایبەتی لێدەگیرا.

خەلیلی مرادی پاش ماوەیەک لە بنکەی دەفتەری سیاسی لە هێزی شەهید هەژار وەک فەرماندەری لک دیاری کرا، ناوبراو لەو هێزەش زۆر ئازایانە لە بەربەرەکانی دژی هێزی داگیرکەر وەستایەوە، لەشەڕەکانی جادەی سەردەشت پیرانشارو ناوچەی ئالانی سەردەشت رۆڵی باشی گێڕا بەچەشنێک کە بوو بە خۆشەویستی هەموو پێشمەرگەکانی هێزی هەژارو، وەک مامۆستایەکی سیاسیو نیزامیی چاوی لێ دەکرا. کاتێک هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە پاییز ساڵی١٣٦٢ هێرشیان کردە سەر ناوچەی ئالانی سەردەشتو ئەو ناوچەیان داگیر کرد، رۆژی ١٠ی خەزەڵوەر لەکاتی هێرش بۆ پایەگای "نۆڕێ" لە ناوچەی ئالانی سەردەشت پاش شەڕێکی قارەمانانەو دەستەویەخە گیانی پێشکەش بە نیشتمان کردو ئاڵای دێموکڕاتو کوردایەتی بەخوێنی سوورو گەشی شەکاوە ڕاگرت. بە شەهید بوونی ڕۆڵەی دێموکڕات خەلیل مردای تەمی خەم ناوچەی سەقزی خوێناویو دڵسۆزی داگرت.

---




**عومەر مرادی**

کاروانی شەهیدانمان دوورو درێژە، بەڵام رەنگە لەوەش درێژتر بێ، ئێمە لەمێژە بریارمان داوە بۆ شەهیدەکانمان ناگرین و رەشیان بۆ ناپۆشین، بەڵکو پاداشیان دەدەینەوە کە(باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژە پێ دانی رێگایانە). لە وتە بە نرخەکانی رێبەری مەزنمان شەهید دوکتور قاسملووی نەمر.

گەلێک خاوەنی زیاتر لە نێو سەدە خەباتی بێ پسانەوەو خوێناوی، بێگومان شەهید بوون چاوی ناترسێنێ، تا زیاتری لێ شەهید بکرێ لە سەر داوای رەوای سوورتر دەبێو خەباتی توندو تیژ دەکا. رۆڵە خوێن گەرمو

بەشەڕەفەکانی گەلی کورد ئالآی خەبات شەکاوە رادەگرن‌و تا گەیشتن بە ئامانجی پیرۆزی گەلەکەیان هەدا نادەن. یەکێک لەو رۆڵە خوێن گەرمانە کە لە بەرنامەی فەرماندەرانی شەهیدیدا یادو بیرەوەری رێزدەگرین عومەری مرادی ناسراو بە" سیروان" لە هێزی شەهید عزیزی یوسفی‌یە.

عومەری مرادی ناسراو بە سیروان ساڵی ١٣٤١ لە ئاوایی قەبەغلوو سەر بە شارستانی سەقز لە بنەماڵەیەکی هەژاری چەوساوە چاوی بە ژیان هەڵێناوە. عومەر بە هۆی نەداری‌و دەست کورتی بنەماڵەکەی بۆ وەدەست هێنانی بژێوی ژیانی رۆژانە، هەر لە منداڵییەوە لەشی ناسکو ساوای داوەتە بەر تەوژمی کارو کاسپی‌و بە درێژایی رۆژ ئارەقەی ڕشتووەو تەنیا ماوەیەکی کورت توانیویەتی بچێتە خوێندنگەو پۆلەکانی سەرەتایی بە سەر کەوتنەوە تێپەڕ بکا. عومەر هەر لە منداڵی‌یەوە کوڕێکی زیرەکو خۆشەویستی هاوپۆلەکانی بووە. ژیانی هەژاری‌و بندەستی‌و بێبەشی بۆتە هۆی ئەوە کە هاوڕێ عومەر زۆر زوو هەست بە چەوسانەوە بکاو بێزاری لەو ژیانە داسەپاوە دەر بڕێ. هەر بۆیە لە سەرەتای راپەڕینی خەڵکی وەزاڵە هاتووە لە دژی رێژیمی بێزراوی بنەماڵەی پەهلەوی تێکەڵ بە شەپۆلی جەماوەر بووەو تا گۆڕکرانی رێژیمی سەڵتەنەتی رانەوەستا. پاش ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان راستەوخۆ هاتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات‌و لە هێزی شەهید عزیزی یوسفی سازمان درا.

عومەر مرادی کوڕێکی خۆش ئەخلاق‌و پێشمەرگەیەکی بە دەست‌و بردو لێوەشاوە بوو. لەنێو هەوسەنگەرانی‌دا رێزی تایبەتی لێ دەگیرا لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەدا بەشداری دەکردو نەقشی بەرچاوی وەئەستۆ دەگرت.

لە ساڵی ١٣٦٢ بۆ دیتنی دەورەی مودیرییەت رەوانەی فێرگەی سیاسی نیزامیی کرا، پاش بەدەست هێنانی سەرکەوتنێکی باش لە دەورەی مودیرییەت، گەڕاوە هێزو بە جیگری لک دیاری کرا. لە شەڕی بەناو بانگی قەبەغڵوو کە وەک فەرماندەرێکی لێزان ئەرکەکانی بەڕێوە دەبرد برینداد کرا. بەڵام پاش سارێژ بوونەوەی برینەکەی گەڕایەوە سەنگەری خەبات‌و چالاکانەتر لە پێشوو ئەرکەکانی بەڕێوە دەبردن.

عومەر مرادی هەمیشە لە شەڕەکاندا سەنگەری پێشەوەی دەگرت‌و وەرەی بە هاوسەنگەرانی دەداو بارانەی گوللەی بەسەر دوژمناندا دەباراندو کونەمشکی لێدەکردنە قەیسەری. فیداکاری‌و لەخۆبووردوویی عومەرمرادی بوو بە هۆی ئەوە کە بەرپرسایەتی گرینگتری پێ بسپێردرێ‌و ئەرکی قورستر بخرێتە سەرشانی. هەر بۆیە بایخی زۆرتری پێ دراو وەک فەرماندەری لک دیاری کرا. لەو پۆستەشدا رووسوورو سەربەرز هاتەدەرو بەنەزم‌و بەدیسیپلین، هەڵسووڕو دڵسۆز، گەلالە دارێژێکی بە رێکوپێک، لێوەشاوەیی خۆی نیشان‌داو سەرکەوتنی بەرچاو گەورەی بەدەست هێنا.

رۆژی یەکی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هێزێکی زۆرو پۆشتەو پەرداخەوە هێرشێکی بەربلاوی بۆ سەرگوندی "سماقلۆو" دەست پێکرد. پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی عەزیزی یوسفی

بەرەنگاری هێزی کۆنەپەرستی بوونەوەو زەبرێکی قورسیان لە دوژمن وەشاند. بەڵام بەداخەوە لە گەرمەی شەڕدا گوللەی جنایەتکاران سینگی عومەر مرادی فەرماندەی پێکاو دڵە گەورەکەی لەلێدان کەوت بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە هاوسەنگەرانو حیزبەکەی کردو گەورەترین سەرمایەی ژیانی کە گیانی بوو پێشکەش بە نەتەوەکەی کرد.

---------------------------------------------------------------------




**غولام خەڵیفەزادە**

بە ئاوڕدانەوە لە مێژووی ئینسانە شۆڕشگێڕو خەباتگێڕەکان بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو کەسانەی بە دەردو مەرگی نەتەوەکەیانەوە، خۆیان ماندوو کردوە چەندە بەرز خۆیان نواندوە، چونکی بە خوێندنەوەی ژیانی سەر بەرزانەی ئەوانە روونو ئاشکرایە کە داری ئازادی گەلەکەمان بە خوێنی ئەوان ئاو دراوە. ئەگەرچی نەتەوەیەک بۆ ئەوەی کە بگاتە مافی خۆیو بە سەر بەستیو ئازادی بژی دەبێ تێبکۆشێو ژیانی پێشکەشی بارەگای ئازادی بکات. لاوانی ئازیز گیانی خۆیان کردە پردە بازگەی گەیشتن بە ئازادی. گەلی کوردیش بۆ گەیشتن بەئازادیو مافی بەر حەقی خۆی زۆر رۆڵەی باشی خۆی فیدای ئەم رێگایە کردووە. هەر دەم لە بەرامبەر دیکتاتۆڕەکاندا راوەستاوە، هەتا ئێستاش حیزبی دێموکڕاتی کوردستان خەباتی خۆی درێژە پێ دەدات. بەجۆرێک نەتەوەی ئێمە باشترین رۆڵەی خۆی فیدای کوردستان کردوە بە خوێنی پاکی شەهیدان خەملێوە. هێندێک لەوان وەک ئەستێرەیەکی گەشی کوردستان لە مێژوودا پرشنگدارنو نێوی خاترەی وان هەر دەم لە دڵی هاوڕێو هاوسەنگەرو درێژە دەری رێگای خەباتی واندا دیارن. یادی خەباتکارێکی شاری سەقز شەهید غولام خەڵیفەزادە دەکەینەوە.

غـولام خەڵـیفەزادە کاتێـک چـاوی بە دنیـای روون لە شـاری سـەقز کـردەوە سیخوڕەکانی ڕێژیمـی شاهنشـاهی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەساڵی ١٣٣٧را پێچی زیندان دەکرد، ئەوە سەرەتـای ژیانێکی ناخۆش بوو کە لەیەکەم هەناسەکانی ژیانیدا ئەو راودوونـانە شـاری سـەقزیشی گـرتەوەو کۆمەڵێک لە ئەنـدامانی حیـزب لە نـاوچەی سـەقزیش بـێ بەری لەو گـرتنە نەبـوون. بەرە بەرە کە گەورە بـوو رەوانەی قوتـابخـانە کـراو پۆلەکـانی سەرتـایی وناوەندی بە دوای یەکدا بڕی.

غولام خەڵیفەزادە تـا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بە سەر حکوومەتی پاشایەتی، بە رەنجو کوێرەوەری ژیانی تێپەڕ کرد. ئەو بە تـەواوی بـۆی دەرکەوتبوو کە چۆن دەچەوسێتەوە. هەر بـۆیە لەمنـداڵییەوە هەسـتی کوردایەتی لە ناو دڵیدا گەرای کرد. ئەو ئاواتەخوازی رزگاری گەلەکەی لەو وەزعە بوو.

لـە خۆپیشـاندانەکانی سـاڵی ١٣٥٧ی هـەتاوی لـە دژی حکوومـەتی پاشـایەتی بەشـداریی چالاکانـەی کـرد. بەدوای هاتنە سەرکاری ڕێژیمـی ئیسلامی، لەسـاڵی ١٣٥٨هـەتاوی لەڕیـزی سـازمانی چریکەفیـداییەکانی خەڵکی ئێران تێکۆشانی سیاسیو پێشمەرگانەی دەست پێکرد، لەوێش بەهۆی لێوەشاوەییو لەخۆبووردوویی‌یەوە جێی خۆی کـردەوە، سـەرئەنجام ئـەوین بـە حیزبـی دێمـوکراتو ئیمـانو بڕوایـەک کـە بـە ڕێبـازی حیـزب لـە دەروونـی شۆڕشگێڕانەی غولام دابوو پـاش ٤ ساڵ لەو ڕێکخراوەیە، لە سەرتـای سـاڵی١٣٦٢ی هـەتاوی لەگەڵ هـاوڕێیەکی دێـنە ریـزی تێکۆشـەرانی حیزبـی دێموکراتەوەو وەک پێشـمەرگەیەک لەهێزی عەزیـزی یوسفی لەنـاوچەی سـەقز سازمان دەدرێ، بە هۆی ناسیاوی کە کۆمیتەی سەقز لە ناوبراوی هەبوو ئەو هەر زوو توانی جێگای خۆی لە نێو دڵـی هاوسـەنگەرانیدا بکاتـەوەو وەک پێشـمەرگەیەکی ئـازاو قـارەمـان لـە شـەڕەکانی ناوچـەی سـەقزدا بەشـداری چالاکـانـەی کـرد. بـە تـایبـەتی لـە شـەڕەکانی نێـو شـاری سـەقز، جـادەی سـەقز ـ بۆکـان نیشـانیدا رۆڵـەیـەکی قارەمانی ڕێگای ئامانجە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلەکەیەتی. هەر مەئمووریەتێکی پێیـان دەسپارد بـەبێ راوەسـتان بـەڕێوەی دەبـرد. لەگـەڵ هاوسـەنگەرانی رووخـۆشو لەسـەرخۆ بـوو. ئەو تـایبەتمەنـدییانە وای کـرد کە غـولام خەڵیفەزادە زۆر زوو بەرپرسایەتی پێ بدرێو وەک جێگری لکی ٣ی شەهید ئەسەد سولیمانپوور دیـاری بکـرێ، پاشان وەک فەرماندەری لک ئەرکی پێ سپێردرا. غولام خەڵیفـەزادە ئـەو مەسئوولییەتەی بـەو پـەڕی عەلاقـەوە وەرگرتو سەلماندی کە توانایی بەڕێوەبردنی ئەم مەسئوولییەتەی هەیە، ئیمـان بـە ڕێبازەکەی وای لـێکرد بـوو چاوی لە گوللە نەدەترساو هەمیشە لە سەنگەرەکانی یەکەمی خۆڕاگری دابێ. فەرماندەییو لێوەشاوەییو چـالاکی ئـەو رۆڵـە بـە بیـرو بـاوەڕەی دێمـوکرات زۆر زوو دەرکـەوت، بـە جۆرێـک کـە لـە ماوەیـەکی کـورتدا بەشـداری بەربەرەکانییـەکانی دژ بـە هێزەکـانی ڕێژیمـی کـردو بـە حـەق حەماسـەو قارەمانـەتی لـە دەفتـەری بیـرەوەری پێشمەرگەی کوردستاندا تۆمار کرد. شوێنە جۆراوجۆرەکانی ڕێگای سەقز ـ بۆکان، سەقز - سنە، سەقز بانە ونێو شاری سەقز شاهیدی حەماسە خوڵقاندنی ئەو شێرە کوڕەی دێموکراتن.

غـولآم خەڵـيفەزادە وەک لاوێکـی نيشـتمانپەروەر بيـری دەکـردەوە. لـە هـەر هـەلێکی رەخسـاودا سياسـەتەکانی حيزبی بۆ خەڵک شيی دەکردەوە جێگيربـوونی ئـەو هەسـتە پيـرۆزە لـە دەروونـیدا تـا زيـاتری پـێ دەچـوو زۆرتـر کڵپەو بڵێسەی دەستاندو بەرەو سەنگەری خەبـاتو تێکۆشان دڵگەرمتری دەکرد.

غولآم خەڵيفەزادە بەهۆی شارەزا بوون لە ناوشاری سەقز چەندين عەمەلياتی قارەمانانەی بەڕێوە برد بـوو. شـەوی ٢٩ی ڕێبەنـدانی سـاڵی ١٣٦٣ بـۆ عەمەليـات روو لە نـاو شـاری سـەقز دەکەنو لە گەڕەکـانی حەمـاڵاواو قەرەچیئـاوا، بـۆ بە سزاگەياندنی چەنـد جاشـی خۆفرۆش سـەر لەماڵەکانيـان دەدەن. غـولآمو هاوڕێيـانی داوای تەسليم بوونيان لـێدەکەن بەلآم جاشە خۆفرۆشـەکان تەقەيـان لێـدەکەنو بەداخەوە کـوڕی تێکۆشـەری دێمـوکڕات غـولآم خەڵـيفەزادە دەکەوێـتە بەر گـوللەی بەکرێگيـراوان گيـانی پێشـکەش بە خـاکو نيشـتمان کـرد، بـەمجۆرە خـەباتگێری نەتەوەکەمـان لەتەمـەنی ٢٦ سـاڵیدا چـرای تەمـەنی کوژايـەوەو خـوێنی سـووری ڕژايـە سـەر خـاکی کوردستانو سەنگەری خەبـاتو بەربەرکانيی بە هاوسەنگەرانی سپارد.

---

# هێزی شەهیدانی هەوشار




## عەباس ئەکرەمی

ناوچەی هەوشار یەکێک لە سەنگەرە گرینگەکانی خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کوردە، خەڵکی خەباتگێڕو دێموکرات پەروەری ئەو ناوچەیە هەمیشە بەدڵەوە لایەنگری حیزبەکەیان، حیزبی دێموکراتی کوردستان بوونو باشترینو بەوەفاترین رۆڵەکانی خۆیان، رەوانەی ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردوە.

دوژمنی کۆنەپەرەستو داخ لەدڵ زۆری هەوڵ داوە خەڵکی ئەو ناوچەیە لە حیزبی دێموکراتو جووڵانەوە دابڕێ، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو لەو رێگایەش داماو هاتۆتە دەر. رۆڵە قارەمانەکانی هەوشار لە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیمۆکراتدا قارەمانەتیو ئازایەتیی کەم وێنەیان نواندوە کە هەتا هەتایە لە مێژووی خەباتو بەربەرەکانیی گەلەکەماندا جێگایەکی تایبەتی هەیە. عەباس ئەکرەمی یەکێک لە خەباتکارانی ناوچەی هەوشار کە بە سەخاوەتەوە گیانی بەخشی بۆ ئەوەی رێگای رزگاریی نەتەوەکەی نزیک بکاتەوە.

عەباسی ئەکرەمی ساڵی ١٣٣٩ لە داوێنی بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی ئاوایی "داشبڵاغی" ناوچەی هەوشار لەدایک بوو. هەر لەمنداڵییەوە لەگەڵ زەحمەت و کوێرەوەریی ئاشنا بوو. بە هۆی دەستکورتی لەلایەکو نەبوونی قوتابخانە لە ئاواییەکەیان لەلایەکی دیکەوە، نەیتوانی دەرس بخوێنێو بەمجۆرە لە نیعمەتی خوێندن بێبەش بوو. بۆیە هەر لە منداڵییەوە لەشی شلکی دایە بەر کارو کاسبیو لە مووچەو مەزراو دەشتو بەندەنەکان دەستی بە کار کرد. تازە پێی نابوە تەمەنی ١٢ ساڵان کە باوکی خۆشەویستی کۆچی دوای کردو غەمێکی گەورە کەوتە

سەر شانی.

عەبـاس کە بەرە بەرە گەورە دەبـوو بـۆ کـارکردن رووی لە شـارەکانی دیکەی ئێران کـرد. لەوێ بـوو کە بـۆی دەرکەوت نەتەوەی کورد لە مافو ئازادییەکانی بێبەش کراوە. پاییزی ساڵی ١٣٥٨ وەک سەربـاز رەوانەی پادگانی ئەردەبیڵ کرا. لەو سەردەمەدا بوو عەباس زۆر بە باشی نێوەڕۆکی رێژیمی تـازە بە دەسەڵات گەیشتووی ناسیو بۆی دەرکەوت کە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ رێژیم پێشوو نییە. هەر بـۆیە پـاش ٣ مانـگ زیـاتر لەگەڵ ٤٠ کەس لە سەربازە کوردەکان رایان کردو خۆی گەیاندە ئاوایی خۆیان.

لەو سەرو بەندەدا تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان هەموو کوردستانی داگرتبـوو. عەبـاس بە ناسینێک کە لەسەر رابـردووی حیزبـی دێموکرات هەیبـوو پێوەنـدیی بە ریزەکـانی حیـزبەوە گـرتو لە رەشەممەی سـاڵی ١٣٥٨ راسـتەوخۆ چـۆتە ریـزی تێکۆشـەرانی حیـزبەوەو بەرگـی پیـرۆزی پێشـمەرگایەتی پۆشـی. وەک پێشمەرگەی نمـوونە وێـڕای هاوسەنگەرانی هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەدا بـوو. بەرەبەرە لە شەڕەکاندا خۆی نیشاندا، ئازاو بە جەرگو بەنەزم و بە دیسیپلین بوو. هەر بۆیە ساڵی ١٣٦٠ بە فەرماندەری پەل دیاری کرا.

عەبـاس ئەکرەمـی خـاوەنی دوو تایبەتمەنـدیی بەرچـاو بـوو هەم زۆر بە ورە بـوو، هەم زۆر بە دیسـیپلینو ئینزبـات، هەر بۆیەش جێگای متمانەی هاوسەنگەرانی بوو.

ساڵی ١٣٦٢ کاتێک دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی هەوشار بـۆ مەئمـوورییەت بەرەو نـاوچەی سەردەشتو پیرانشار وەڕێ کەوتن عەباس یەکێک لەو پێشمەرگە قارەمانـانە بـوو کە رۆڵـی بەرچـاوی لەو مەئمـوورییەتەدا گێـڕاو تەنـانەت لەو مەئمـوورییەتەدا بـۆ سێیەمین جـار برینـدار بـوو. بەڵام ئەو جـارەش دوای سـارێژبوونەوەی برینەکانی گەڕایەوە سەنگەری خەباتو بەربەرەکانی.

لێهاتوویی عەباس بوو بە هۆی ئەوە کە وەک فەرماندەری لکی ٣ی شەهیدانی هەوشار دیاری بکرێ. بە هـۆی نەترسـیو ئـازایەتیو لێوەشـاوەیی لەو بەرپرسـایەتییەش سـەرکەوتوو هـاتەدەر. تێدەکۆشـا نەزمو ئینزبـاتی شۆڕشگێڕانە لە نێـو پێشمەرگەکاندا جێگیـر بکـا. نـاوبراو لەو ئەرکەدا ئەوپەڕی دڵسۆزیو لێوەشـاوەیی لە خـۆی نیشاندا. عەباس بە تەواوی گوڵی کردبوو، ببوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانی. ئەو لە هەمانکاتـدا توانیبـووی پێوەندییەکی نزیکو قووڵ لەگەڵ پێشمەرگەکانو خەڵکی ناوچەدا درووست بکا.

بەمجـۆرە عەبـاس بـوو بە سیمایەکی تێکۆشـەر پـوختەو بە ئەزمـوونی نێـو تەشـکیلاتی حیزبـی دێمـوکراتی کوردستان. هەر بۆیە بەهاری ساڵی ١٣٦٤ لە لایەن تەشکیلاتی حیزبەوە بە فەرماندەری پێشمەرگەکانی نـاوچەی هەوشار دیاری کرا. بە وەئەستۆ گرتنی ئەو بەرپرسایەتییە شایی لە دڵ دەگەڕاو بە دەیان عەمەلیاتی لەنـاوچە جۆراوجۆرەکـانی کوردسـتان بەڕێـوە بـرد. شـەڕەکانی تیکـاب، نـاوچەی هەوشـار، نێـو شـاری تیکـاب، نێـو شـاری سـاینقەڵا، جـادەی سـەقز- دیوانـدەرە، گرتنـی پێگەکـانی ئاوبـارە، قەرەداخ، شـەڕی ئەسکەندەری میـانە، چەک

کردنی جاشەکانی ئینچەو شەڕەکانی ناوچەی سەرشیوو تیلەکۆ و خوڕخوڕەو فەیزووڵلابەگیو دەیان عەمەلیاتی گەورەو بچوکی دیکە بەشی هەرە زۆریان بە فەرماندەیی عەباس ئەکرەمی ئەنجام دران.

عەباس جیا لەوە کە فەرماندەیەکی شایستە بوو، هەمیشە وەک کادرێکی لێهاتوو سیاسەتەکانی حیزبی بۆ خەڵک شی دەکردەوە. لەنێو خەڵکدا خۆشەویست بوو پێوەندییەکی قووڵی لەگەڵ خەڵکی ناوچەدا بوو. لە بەرانبەر دوژمنانی نەتەوەکەیدا قورسو قایم راوەستابوو، بۆ ساتێکیش لە سزاگەیاندنی خۆفرۆشانو بەکرێگیراوان کەمتەرخەمی نەدەکرد. دوژمن باشی دەزانی عەباس ئەکرەمی چەندە دڵسۆزی جووڵانەوەو حیزبەکەیەتی بۆیە لە هەوڵی لەنێو بردنی دابوو.

پاییزی ساڵی ١٣٦٤ فەرماندە عەباس دوای ئەنجامدانی چەند عەمەلیاتی قارەمانانەو وەشاندنی زەبری گورچکبڕ لە هێزەکانی رێژیم لە ناوچەکانی خوارووی کوردستان، لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکان بەرەو ناوچەی هەوشار گەڕانەوە. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی رۆژی ٢٢ی بەفرانباری ١٣٦٤ هێرشیان کردە سەر ئاوایی" تورکان بلاغ " ئەو شوێنەی فەرماندە عەباسو هاوڕێیانی لێ مابوونەوە. فەرماندەری قارەمان ئەمجارەش وەک هەمیشە پێشمەرگەکان سازمان دا. لە نێو ئاواییدا شەڕێکی توند دەستی پێکرد. هێزی سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی کە وەرەی هاتنە پێشەوەی نەبوو، ئاوایی وەبەر تۆپ خومپارە دا. هەر بۆیە عەباس لە بەر پاراستنی گیانی خەڵک بڕیاری چوونەدەر لە ئاوایی داو بەرەو بەرزایی "ئەورەزاق" هەڵدەکشان. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە پێشتر هێزی کۆنەپەرستی چیای ئەورەزاقی گرتبوو. بۆیە شەڕێکی قورسو نابەرامبەر لەو بەرزاییە دەستی پێکرد.

لەو شەڕە خوێناوییەدا بەداخەوە عەباس ئەکرەمی کەوتە بەر گوللەی داگیرکەرانو دڵی پڕ لە هیواو تاسەی لە لێدان کەوتو ماڵئاوایی لە خەڵکی بەئەمەگی ناوچەی هەوشارو حیزبە خۆشەویستەکەی کردو درێژەی رێگای پڕ کەندولەندی خەباتی بە هاوسەنگەرانی سپارد. لە یادو بیرەوەریی شەهیدبوونی هاوڕێ عەباسی ئەکرەمیدا جوانترین سڵاوی وەفاو خەباتو خۆڕاگری دەنێرین بۆ گیانی پاکیو، هەموو شەهیدانی رێگای رزگاریی نەتەوەکەمان.

---




## سەید کامیل حەیدەری

سەید کامیل حەیدەری کوڕی "سەید محەممەدی چراخەواڵ"، لە ساڵی ١٣٢٨ لە ئاوایی چراخەواڵ لەدایک بوو. باوکی سەید کامیل کە پیاوێکی ئایینی بوو لە پلەی شێخایەتیدا لە ئاوابییەکەیان خاوەنی تەکیەو بارەگای تایبەتی خۆیان بوون کە بە دەیان سۆفی دەروێش ڕۆژانە بە عیبادەتەوە خەریک بوونو بە گشتی ئەم بنەماڵەیە لە ناوچەی هەوشار ڕێزێکی تایبەتییان لێ دەگیراو خۆشەویستی خەڵکی ئەم ناوچەیە بوون.

سەید کامیل حەیدەری خوێندنی قۆناغی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان تەواو کرد. بۆ بەردەوام بوون لە خوێندن، لەگەڵ برایەکی بەناوی ناجیل چوونە شاریساینقەڵاو قۆناغی ناوەندییان لەو شارە تەواو کرد. دواجار بە بنەماڵەوە ڕوویان لە شاری کرماشان کردو بڕوانامەی دیپلۆمی لەو شارە وەرگرت. لە پاش تەواو کردنی خوێندن لە ڕادیۆ کوردیی کرماشان دامەزراو و بۆ ماوەیەک لەو ڕادیۆیەدا کاری کرد. پاشان وەک مامۆستا لە قوتابخانەکانی ئەم شارە سەرقاڵی وانە گوتنەوە بوو. سەید کامیل هەر لەم قۆناغە لە ژیانیدا لە گەڵ خاتوونێک ژیانی هاوبەشی پێک هێناوبەرهەمی ژیانیان کچێک بە ناوی موژدە بوو.

سەید کامیل هەر لە منداڵییەوە مرۆڤێکی لە سەرخۆو وردبین بوو. بە ئیلهام وەرگرتن لە بنەماڵەکەیو بەتایبەت باوکی کە باوەڕێکی قووڵی بە سەربەستیی خەڵکو خاکەکەی هەبوو، ئەویش کەسێکی گەلدۆستو نیشتمانپەروەر بوو، هیواو ئومێدی ئازادی کوردو کوردستان بوو. هەر لە سەرەتای دەستپێکی شۆڕشی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویو ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، وەک هەموو کوردێکی شۆڕشگێڕ هەستی بە ئەرکی نیشتیمانی خۆی کرد. لەگەڵ هاوڕێیەکی بەنای شەهید عەباس وەلیزادە کە خەڵکی ئاوایی

قۆزلووی هەوشار بوو لە شاری کرماشان دوو بەدوو هەوڵیان دەدا بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی تەشکیلاتی نهێنی حیزب لەو شارەدا تێکۆشانی حیزبیو کاری سیاسی خۆیان درێژە پێ بدەن. ئەوە بوو کە توانییان لە ڕێگای کەسانی متمان پێکراو پێوەندی بە شەهید کەماڵ دەباغی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبو بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب لە ناوچەی کرماشانەوە بگرن. دوای پێوەندی گرتنیان بە شەهید کەماڵ دەباغییەوە سەید کامیل لە گەڵ هاوڕێکانی دیکەی کارو ئەرکی حیزبییان پێ ئەسپێردراو ڕەسمەن هاتنە نێو ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە.

دوای ئەوەی کە لەلایەن چەند کەسێکی خائین بە گەلو نیشتمان بەشێک لە تەشکیلاتی نهێنی حیزب لە شاری کرماشان ئاشکرا دەبێتو بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب لەو ناوچەیە شەهید کەماڵ دەباغیو چەند کەس لە هاوڕێیانی دەست بە سەرو ئێعدام دەکرێن، سەید کامیل حەیدەری ناچار بە بەجێهێشتنی کرماشان دەبێتو هاوڕێ لە گەڵ بنەماڵەکەی خۆی دەگەیەنێتە کۆمیتە شارەستانی هەوشار لە ئاوایی سەفاخانە لە ناوچەی هەوشار.

سەید کامیل زۆر بەزووی لە ناو کادرو پێشمەرگەکانی کومیتە شارستان دا جێی خۆی کردەوەو وەک هاوسەنگەرانی چەکی دیفاع لە خاکو گەلەکەی کردە شان. هەر لە یەکەم ڕۆژی بەرێوە بردنی ئەرکەکانییەوە نیشانیدا کە بە باوەڕێکی پتەو قووڵ بە سەربەستیی نەتەوەکەی پێی ناوەتە گۆڕەپانی تێکۆشانی بەکردەوە. هەرکات پێشمەرگەکان خۆیان ساز دەدا بۆ چالاکی ئەویش شان بەشانیان بەشداری دەکرد.

سەید کامیل حەیدەری ڕۆژبەڕۆژ تواناییو لێهاتوویی سیاسییو وردبینیی بۆ هاوڕێیانی لە کومیتە شارستانی هەوشار دەردەکەوت. هەر بۆیە بە مەبەستی نزیک کردنەوەی لە کۆمیتە شارستانو کەڵک وەرگرتن لە توانایییەکانی لە لایەن هاوڕێکانیەوە وەک هاوکاری بەشی ماڵیی کۆمیتە شارستانی هەوشار دیاری کرا.

سەید کامیل ئینسانێکی خاوەن کەسایەتیو لە نێو هاوسەنگەرانیدا جێی ڕێز بوو. زۆربەی هاوسەنگەرانی سفرەی دڵیان لای سەید کامیل دەکردەوەو ئەویش بە حەوسەلەوە گوێی بۆ رادەگرتنو هەوڵی دەدا خۆی بە شەریکی ئێشو ئازارەکانیان بزانێ. هەر بۆیە لە نێو خەڵکو هاوسەنگەرانیدا بە ئاغا سەید کامیل ناوی دەرکردو ببوو بە یەکێک لە خۆشەویستترین پێشمەرگەکانی ناوچەی هەوشار.

ئازایەتیو قارەمانێتی پێشمەرگەکانی حیزب لە ناوچەی هەوشار نە تەنیا لە نێو خەڵکی ناوچەکە دا ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ لە پەرە ئەستاندن دا بوو، بەڵکو زۆر جار بە تاسەوە لە نێو پێشمەرگەکانی حیزب لەهێزەکانی دیکەدا باسی لێوە دەکرا. هێزی "شەهیدانی هەوشار" نموونەی ئازایەتیو قارەمانێتی نواندن بوو کە توانی لە ماوەی سێ چوار ساڵی سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا زەبری گورچکبڕ لە هێزە سەرکوتکەرەکان بوەشێنێ. هەر بۆیە ڕێژیم لە پیلانێکی بەربلاوی سەرکوت کردنیدا لە بەهاری ساڵی ١٣٦٣ دا

هێزێکی پۆشتەو پەرداخو تەیار بە پشتیوانیی تانکو تۆپو هێزی ئاسمانی ڕەوانەی ناوچەکە کرد کە دوای شەڕێکی ٧ ڕۆژە لە نزیک ئاوایی قۆزلوو و زەربە لێدانێکی قورس لە هێزەکانی دوژمن، لە سەر بڕیاری حیزبو بە مەبەستی پاراستنی خەڵک لە تۆڵەسەندنەوەی ڕێژیم، هێزی پێشمەرگە ناچار بە چۆل کردنی ناوچەی هەوشار بوو.

پاش ماوەیەک دوور کەوتنەوەی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی هەوشار، سەید کامیل حەیدەری وەک بەرپرسی کۆمیتە شارستانی هەوشار دیاری کرا یەکەم بڕیاری کومیتە شارستان ئەوە بوو کە پێشمەرگە بەرەبەرە خۆی لە ناوچەکە نزیک بکاتەوەو لە خەڵک دانەبڕێ. دوای ئەو ساغ بوونەوە پێشمەرگەکانی هەوشار بە بەرپرسایەتی سەید کامیل کە لە زۆربەی جەولەکاندا شان بە شانی هاوسەنگەرانی بوو، توانیان چەند جارێک تا قوڵایی ناوچەکە بچن و بەرگری لە خەڵک و نیشتمانەکەیان بکەن کە لەو ماوەیەدا تووشی زۆر شەڕو دەرگیری بوون کە سەید کامیل زۆر بوێرانە بەشداری ئەو شەڕانەی کرد. سەید کامیل تا کاتی فیداکردنی گیانی بە خاکو نیشتمانو خەڵکەکەی وەک بەرپرسی کۆمیتە شارستانی هەوشار خزمەتی کرد.

لە دوایین جەولەیدا سەید کامیل هاوڕێ لە گەڵ شەهید عەباس ئەکرەمی بڕیاریان دا کە بچنەوە بۆ ناوچەی هەوشار. هێزو کومیتە شارستانیان بە سەر سێ دەستە دا دابەش کرد. لکی یەک بە بەرپرسایەتی شەهید خەلیل مەحمودی بەرەو ئاواییەکانی چۆپلیو قسقاپان بەڕێ کەوتن. لکی دوو بەرەو ساینقەڵاو ناوچەی جەغەتوو، لکی سێ لەگەڵ شەهید سەید کامیل و شەهید عەباس ئەکرەمی بەرەو دۆڵی زاخۆرانی بەڕێ کەوتن. لە ماوەی چەند ڕۆژێک هەر لکەو چەند عەمەلیاتی سەرکەوتوانەی بەڕێوە بردو توانییان زەبرێکی باش لە هێزەکانی دوژمن بوەشێنن.

وا بڕیار بوو کە ئەو سێ لکە لە هەوارەکانی ئاغدەرەی سەروو لە قسقاپان یەک بگرنەوەو بەرەو ناوچەی سەقز بگەڕێنەوە. بەڵام بەداخەوە توشی چەند شەڕێکی دژوار بوونەوە. ئەو لکەی کە لەگەڵ سەید کامیلو شەهید عەباس ئەکرەمی لە حاڵی جەولە دابوون دەچنە سەر پایەگای " قەرەزاخ "و زۆر سەرکەوتوانە ئەو پایەگایە دەگرن. پێشمەرگەکان بۆ پشوودان دەچنە هەوارەکانی پشت ئاغدەرەی سەروو. هەر لەو شوێنەو بەیانی واتە ٦ی پوشپەڕی ساڵی ١٣٦٤ کاتێک کە پێشمەرگەکان دەچن بۆ نانەوەی کەمین، بەداخەوە دەکەونە ناو کەمینی جاشو پاسدارەکانی ڕێژیمو شەڕ لە نێوان هێزی پێشمەرگە لە لایەکو هێزی ڕێژیم لەلایەکی دیکەوە دەست پێ دەکا، بە خوێنی پێشمەرگەیەک کەمینی دوژمن تێک دەشکێنن. بەدوای ئەو کەمینە شوێنی ڕێگایان دەگۆڕنو لەکاتی ڕێگا بڕیندا دەکەونە کەمینێکی دیکەی هیزی ڕێژێمو شەڕێکی سەخت لە نێوان پێشمەرگەکانو هێزی ڕێژیمدا دەست پێدەکات. لە ماوەی دوو ڕۆژ شەڕو بەربەرەکانیو کەوتنە کەمینەوە، بەداخەوە سەید کامیل

حەیدەری لە گەڵ ١٣ ڕۆڵەی کۆڵنەدەرو نیشتمان پەروەری کورد بۆ دیفاع لە خاکی پیرۆزی کوردستان شەهید دەبن‌و دەچنە ناو کاروانی نەمرانەوەو سەنگەری خەبات بۆ هاوڕێ پێشمەرگەکانیان بەجێ دەهێڵن .

ئەگەرچی دوو ڕۆژی بەردەوام شەڕو بەربەرەکانی لەگەڵ هێزی پۆشتەو پەرداخی کۆنەپەرستی ١٤ قارەمان شەهید بوون بەڵام دەرسێکی لەبیر نەکراویان بە هێزی کۆنەپەرستیدا کە بۆ مێژووی نەتەوەکەمان وەک لاپەڕەیەکی پڕشەنگدار لە دەفتەری حەماسەکانی هێزی پێشمەرگەدا تۆمار کراوە.

ناوی ئەو رۆڵە قارەمانانە کە خوێنیان تێکەڵ بە یەک بوو بریتین لە:

سەید کامیل حەیدەری خەڵکی چراخەواڵ بەرپرسی کومیتە شارستانی هەوشار، ئەحمەد عوسمانی خەڵکی سنە ئەندامی کومیتە شارستان، مەحموود ئەڵماس نژاد خەڵکی قسقاپان سەرپەل، ئێقباڵ ئوستادی خەڵکی قۆزلووی هەوشار، ساڵح شیری خەڵکی ئەحمەد ئاوا دووهەمین شەهیدی بنەماڵە، ڕەحمان ڕەسوڵ نژاد خەڵکی قسقاپان، محەممەد عەباس نژاد خەڵکی قسقاپان، سەدیق شیری خەڵکی قسقاپان، سۆفی‌ئەولم جەوادی خەڵکی مەمەر، عەزیز ئیسحاقیان خەڵکی خارخار، ناسر دەشتی خەڵکی تاشەکەو، فەیزوڵا عەباسی خەڵکی عەلیاوا، محەممەد سەفایی خەڵکی چەپدەرەو سەعید فەیزی خەڵکی داش‌بەرات.

بۆ شەهید بوونی ئەو پێشمەرگانە خەڵکی ناوچەی هەوشار زۆر بە بەداخ بوون ڕەشپۆش بوون. لەچلەی شەهید بوونی سەید کامیل‌و هەڤاڵەکانی‌دا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شارەکانی کرماشان، سەقز، بۆکان، سایەنقەڵا، تیکاب‌و ناوچەی هەوشار لە گوندی سەفاخانە بەشدار بوون. کچی شەهید سەید کامیل بە ناوی موژدە حەیدەری کە ئەو کات تەمەنی ٨ ساڵ دەبوو هاتبوون بۆ سەر گڵکۆی نەمران‌و سروودی ئەی شەهیدان دەڵێتەوە.

---




**عەبدوڵڵا عەبدی (ناسراو بە عەبە سەلبێ)**

کێ دەتوانێ حاشا لەو مێژوویە بکا کە بەخوێنی لاوانی وڵاتەکەم نووسراوەتەوە، بڕوانە ئەو ڕۆژە مێژووییە، کە تەنیا دلۆپێکە لە دەریایەکە لە مێژووی پڕلە شانازی پێشمەرگەی دێموکڕات، ٤٨ سەعات شەڕو بەربەرەکانی، ٤٨ سەعات فیدارکاری بە قرچەی گەرما، بۆنی باڕووت، گرمەی گوللە تۆپو لوورەی خۆمپارەو هاژەی کاتیوشا سەراپای گوندی داگرتبوو شەڕ سات بەسات گەرمتر دەبوو ڕۆژی دووهەم تەقەمەنی بەرەو کەمی دەهات پاش ٣٥ سەعات خۆڕاگری شەڕ هەر درێژەی هەبوو دوژمنی غدار هێرشەکەی بێ بەزییانە بوو، کاتژمێری ١٠ی بەیانی ڕۆژی دووهەم پێشمەرگەیەک زۆر بەتوندی بریندار بوو لەبەر گەرمی شەڕ زۆر دژوار بوو کەس بتوانێ فریای بکەوێ. لە هەموو لایەک ئاوایی گەمارۆ درابوو بەڵام پێشمەرگەیەکی سوورکارە، فەرماندیەکی قارەمان، بە نێو ئاگرو ئاسنڈا خۆی گەیاندە زامدارەکە، کاتێک برینداڕەکە چاوی بەرز کردەوە دیتی فەرماندەکەیەتیو بزەیەکی هات، وتی هەر ئەوەندە چاوم بە تۆ کەوت هەناسەی ڕاحەت هەڵدەکێشم، فەرماندە گوتی: یا دەمرم یا ڕزگارت دەکەم. بەڵێ ئەوە قارەمانەتیو ئازایەتی شەهید عەبە سەلبێ بوو برینداڕەکەی دەرباز کردو ٤٨ سەعاتیش لە بەرامبەر هێزی دوژمندا وێڕای هاوسەنگەرانی خۆڕاگری کرد.

عەبدوڵڵا عەبدی ناسراو بە عەبە سەلبێ، لە کاتێکدا لە گوندی داشبەراتی ناوچەی هەوشار لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لەدایک بوو کە دەربەگایەتی دوایین ڕۆژەکانی خۆی لە ساڵی ١٣٤٢ تێدەپەڕاند، بەرەبەرە بە نازی دایکو باوکی گەورە بوو لە تەمەنی ٧ ساڵی ڕەوانەی قوتابخانە کرا زۆر زیرەکانەو ئازایانە پۆلەکانی سەرەتایی بڕیو پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن ڕەوانەی شاری تیکاب کراو توانی تا پۆلی یەکی ناوەندی دەرس بخوێنێ. بە داخەوە ژیانی سەردەم ڕێگای نەدا کە لەوە زیاتر درێژە بەخوێندن بدا بۆیە تا سەر

کەوتنی راپەڕینی گەلانی ئێران شانبەشانی باوکی کاری وەرزێڕی دەکرد. کوێرەوەرییەکانی ژیان، لە عەبدوڵڵای لاو کەسێکی چاو کراوەو پوختەو زیرەکی بار هێنابوو هەر ئەوە وای کرد کە عەبدوڵڵا زۆر چالاکانە بەشداری خۆپێشاندانەکانی دژی رێژیمی پاشایەتی بکا.

عەبدوڵڵا لە ساڵەکانی منداڵییەوە وەک زۆربەی منداڵانی ئەو دەڤەرە لەگەل یادی حیزبەکەی‌و کۆماری کوردستان ناسیاوی بوو. کاتێک کۆماری ئیسلامی دەستیان بەسەر چارەنووسی گەلانی ئێران داگرتو وەیشوومەیان خستە وڵاتو بە تایبەتی بە هاویشتنی یەکەم تیری نەگبەتی خۆیانو رێژیمەکەیان بۆ کوردستان، بە دەست پێکردنی هێرشی رێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کوردستان، عەبدوڵڵا چەکی پڕ لەشانازی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی کردە شانو بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشی‌و قانع گوتەنی، "ئامادەی مەیدانم‌و ئەم بەرگە کە پۆشیم کفنە، نەوەکوو چاکەتو پانتۆڵە لە بەرما" بۆ دیفاع لەگەلی کورد لە هێزی شەهیدانی هەوشار سازمان درا، هەر زۆر زوو لە ناوچەی هەوشار خۆی نیشاندا. ناوچەی هەوشار یەکێک لەو ناوچانە بوو کە کۆماری ئیسلامی هەر لەسەرەتای ساڵی ١٣٥٨ پەلاماریدا. بۆیە وەک پێشمەرگەیەکی قارەمان زوو دەریخست کە بۆ رزگاری نیشتمانو ئاو وخاکەکەی سەر لە پێناوەو لە هیچ فیداکارییەک تەنەخی ناکا. لە مەیدانی شەڕدا شەڕکەرێک بوو، حەماسەکانی وەک ئاوی حەیات، خەم وخەفەتیان لە دڵ دەر دەکردو ئەویندارانی گەلو نیشتمانیان بە موژدەی رزگاری، بە مزگێنی راماڵینی دوژمن لە شەڕەکاندا خوشحاڵ دەکرد. لە رێکو پێک کردنی لکو هێزەکە هاوکاری بەر چاوی فەرماندەرانی خۆی دەکرد. عەبدوڵڵا لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەکانی کوردستان بە تایبەتی جنووبی کوردستان بەشداری کرد. بۆ پێشمەرگەو هاوسەنگەرانی هاوڕێیەکی باش، برایەکی دڵسۆزو پێشمەرگەیەکی نمونە بوو. قانع بوو، بەلێزانی قانع بوو. زۆر جاران لە حەقی خۆی خۆش دەبوو بۆ هاوسەنگەرانی دەبەخشی. بە دیسیپلین بوو لە هەموو جێگایەک ئامادە بە خزمەتو لەخۆبووردوویی بوو، خۆی بە پێشمەرگەی هەموو کوردستان دەزانی.

ناوبراو بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکانی لەدەشتی موکریانو ناوچەی سەردەشتو بانەو سەقزو دیواندەرەو سنەو ژاوەرۆ هەموو شاهیدن لە حزوری شەهید عەبە سەلبێ. ئەو تەنیا شەڕکەرێکی ئازا نەبوو بەڵکوو دیسیپلینی حیزبی بە جوانی بەڕێوە دەبرد، بە ئەرکی خۆی دەزانی کە بەرامبەر کەسانی کار نەکەرو تەمبەڵ رابوەستێ، لە خۆبایی نەبوو هەرچی زەمان رادەبردو هەلومەرجی شۆڕش دژوارتر دەبوو هەر لەو کاتەشدا مەسئوولییەتی زیاترو قورستری پێ دەسپێردرا. بە هۆی لێوەشاوەیی‌و ئازایەتی‌و دڵسۆزی کرا بە فەرماندەری لکو لە ناوچەی هەوشار ئەوجار پتر دەریخست کە لێرەشدا بەلیمەتێکەو ئەو کاڵایە رێکی باڵایەو بۆ دوژمن هەروا بەڵایەو خۆشەویستی حیزب ونیشتمانی گەرمتر لە دڵدایە.

عەبە سەلبێ فەرماندەرێکی ئازاو فیداکار، قارەمان، قارەمانێک نەک هەر بەقسە بەڵکوو دوژمن لێی دەترسا، چونکی لەهەر ناوچەیەکی هەوشار شەڕ بوایەو عەبە سەلبێ حزووری بوایە شکستی دوژمن حەتمی بوو. جێگا پەنجەی تا کاتی شەهیدبوونی لەهەموو شەڕەکانی ئەو مەڵبەندەدا لە دڵو بیری خەڵکی ناوچەدا ماوەتەوە. حەماسەو قارەمانەتی عەبەسەلبێ لەشەڕی ئاواییەکانی دارەتوو و کوچەتەڵا بە جۆرێک بوو کە ماوەی ٤٨ سەعات لە بەرامبەر هێزی داگیرکەر بەربەرەکانی کرد، ئەگەرچی ٢١ پێشمەرگە شەهید بوون چەند پێشمەرگەش بەبریندار بەدیل گیران بەڵام عەبە سەلبێ لەگەڵ هاوسەنگەرانی تامی ژەهریان بەگەرووی دووژمن داکردو زیاتر لە ٥٠٠ کەس لە هێزی کۆماری ئیسلامی کوژرا. ئازایەتی لەو رۆژە کە لە ناوبراو بینرا تا ئێستاش خەڵکی ئەو گوندەو ناوچەی هەوشار بۆ رۆڵەکانیان وەک بەڵگەیەکی زیندوو لە حەماسەی ئەو قارەمانە دەگێڕنەوە. عەبە سەلبێ هەر ئەو شەڕەی فەرماندەهی نەکرد بوو کاتێک لە گوندی تەختەو باشماخ لەلایەن هێزەکانی رێژیمەوە هێرشیان بۆ دەکرێ جارێکی دیکە سەلماندی کە کوڕی دێموکڕات لە رۆژی تەنگانەدا دەتوانێ زەبری کاریگەر لە دوژمن بدا.

عەبە سەلبێ لاوێکی بە هەستو ئاکار جوان بوو. بەهۆی کردەوەی شۆڕشگێڕانەو ئەخلاقی جوانو دڵسۆزیو لەخۆبووردوویی جێی خۆی لەنێو دڵی هاوسەنگەرانیو خەڵکی ناوچە کرد بۆوەو پڕ بەدڵ خۆشیان دەویست، بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەوە لەلایەن کۆمیتە شارستانەوە بە نووسراوە تەشویق کرا.

عەبەسەلبێ بۆ ئەوەی نیشان بدات کە شیاوی ئەم پلەیە، پتر کاری دەکردو زیاتر لە ئەندازە خۆی ماندوو دەکرد. لە کاتی پێویستدا زۆر لە سەرەخۆ هێدیو هێمن بوو. لەکاتی خۆشیو لە بەرامبەر دوژمنی غەداردا توندوتیژو بە هەڵمەت بوو. هەست بە مەسئولییەتو تێکۆشان بۆ فێربوونو هەوڵدان بۆ خەبات دژی رێژیمی ئاخوندی تایبەتمەندی هەرە بەرچاوی ناوبراو بوو. بە بیرو باوەڕ زیاتر لە جاران هەستی بە بەرپرسایەتی دەکرد. هەموو هەوڵی ئەوە بوو لە شەڕەکاندا زۆرترین زەربە لە دوژمن بکەوێ بەڵام کەمترین شەهید بدا یا کەسی شەهید نەبێ. ئامانجی عەبەسەلبێ رزگاری نەتەوەکەی بوو بۆیە زۆرجار لەلای هاوڕێکانی دەیگوت "تەنیا ئاواتم ئەوەیە کە رزگاری گەلەکەم بەچاوی خۆم ببینم".

عەبە سەلبێ تەنیا فەرماندەیەکی شەڕکەر نەبوو بەڵکوو وەک کادرێکی بەتوانا لە نێو لکەکەی کاری دەکرد لە کۆنفرانسی کومیتە شارستان دەنگی متمانەی پێدراو وەک نوێنەری کۆنگرەی ٧ بەشداری کۆنگرەی حیزب بوو.

بەداخەوە مەرگ مەودای پێ نەدا کە خزمەتی زیاتر بە خەڵکو حیزبەکەی بکا رۆژی ٢ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٥ لە شەڕی ناوخۆی لە بنحانەی پشت ئاوایی "ماسییەریکۆن" شەهید بوو، بەمجۆرە کوڕی قارەمانی گەلی کورد خوێنی لە پێناوی بەرژەوەندی گەلەکەیدا بەخت کردو رێگای تێکۆشانی بە هاوسەنگەرانی سپارد. شەهید عەبە سەلبێ دووهەمین شەهید بنەماڵەیە، برایەکی بە ناوی حەسەن عەبدی ناسراو بە حەسەن سەلبێ چەکی

برا شەهیدەکەی لەشان کردو زۆر ئازایانە ڕێگای براکەی درێژەدا. بەداخەوە دوو ساڵ دوای شەهید بوونی عەبە سەلبێ حەسەنی برای  لە ڕۆژی ١٦ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٧ لەچیای وەنەوشە شەهید بوو.

---




سەدیق ئەدیمی

تا شەهید خوێنی نەڕێژێ          تاکوو گەڵ تاڵی نەچێژێ
داری ئازادی شین نابێ          باغی ژینمان ڕەنگین نابی

ئێمەی ڕۆڵەی کورد نەسل لەدوای نەسل ڕێبواری ئەو شەهیدانە بووین کە بۆ بەختەوەری نەتەوەکەیان گیانیان بەخشیوە. بەتایبەتی لە دوای دامەزرانی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانو کۆماری کوردستان لاوانی کورد بە پۆل ئامادە بوون کە ڕێبازی نەتەوەیی ئەو حیزبە بگرنەبەرو، وەک هیوای دوارۆژی ڕزگاری خۆیان چاوی لێ بکەن بۆ ئەم مەبەستە بەدەیانو سەدانو هەزاران لاوی کورد ئەم ڕێبازە پیرۆزەیان هەڵبژاردوە، یەکێک لەوانە شەهید سەدیق ئەدیمییە لە ناوچەی هەوشار.

سەدیق ئەدیمی لە ساڵی ١٣٤٢ لە ئاوایی "هەمزە قاسم" لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی ناوچەی هەوشار چاوی بە دنیای ڕوون هەڵێنا. هەر چەند لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی پێبەپێ گەورەتر دەبوو بەڵام بەهۆی نەبوونی پێداویستییەکانی ژیان نەیتوانی بچێتە قوتابخانەو، بۆیە شان بەشانی باوکیو باقی ئەندامانی بنەماڵە ڕووی لە کاری وەرزێری کرد. قۆناغی سەر هەڵدانی سەدیق هاوکات بوو لەگەڵ شۆڕشی گەلانی ئێرانو هەر لەو

دەورانەدا هەستی کوردایەتیی لە هزرو مێشکیدا چەکەرەی کرد. دوای ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبو هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کوردستان، سەدیق زیاتر پرسە سیاسی‌یەکانی رۆژی بۆ روون بۆوەو داهاتووی نەتەوەکەی لە بەرنامەی حیزبی دێموکڕاتدا دیتەوە. هێرشی رێژیم لە زستانی ساڵی ١٣٥٨ بۆ سەر ناوچەی هەوشارو کوشتنی خەڵکی بێدیفاعی کوردستان لەلایەن رێژیمەوە، زیاتر سەدیقی بەرەو کوردایەتی هان داو گڕی لە دەروونی بەردا. بۆیە بڕیاریدا ببێتە پێشمەرگەو لەریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕات دەست بە تێکۆشان بکا. سەدیق بە تەمەن زۆر بچووک بوو، بەڵام هەستی نەتەوەیی زۆر بە هێز بوو. لە تەمەنی ١٦ ساڵی دا پێوەندی کرد بە بنکەی قسقۆپی‌و داوای کرد ببێتە پێشمەرگە. بەڵام بە هۆی کەمی تەمەنی‌یەوە هەر لەو بنکەیەدا مایەوەو کاری بنکەکەیان پێ ئەسپارد.

سەدیق کوڕێکی چاو نەترس‌و خوێن شیرین بوو. لە ناو دڵی پێشمەرگەکاندا جێی خۆی کردبووەو ئەوانیش زۆریان خۆش دەویست. بەڵام رۆژ نەبوو داوای چەک هەڵگرتن لە پێشمەرگە نەکاتو خوازیاری ئەرکی زیاتر نەبێ. لە هەمان کاتیشدا مرۆڤێکی بە ئیمان‌و خۆش ئەخلاق بوو. سەر ئەنجام پاش شارەزا بوون لەچەکو ماوەیەک لە کاری بنکە چەکی پێدراو لە یەکێک لە لکەکانی هێزی شەهیدانی هەوشار سازمان درا.

سەدیق لەماوەی پێشمەرگایەتی‌یدا کوڕێکی لەسەرەخۆو بە ئیمان‌و رەوشت پاک بوو لەگەڵ هاوسەنگەرانی مەتین بوو. ئیمان‌و سەداقەتی نیشانی‌دا کە سوورە لە سەر ریبازەکەی‌و بڕیاری دابوو کە خەباتی بێ وچان تا سەر کەوتن درێژە پێ بدا. لەچەندین عەمەلیاتی ناوچەی هەوشار ئازایانە بەشداری چالاکانەی کرد. لە رووبەروو بوونەوە لە بەرامبەر بە دوژمن زۆر هەڵمەت بەرو زیرەک بوو. زۆری نەخایاند بەهۆی زیرەکی‌و چاو نەترسی کرا بە سەرپەلی پەلێک لە پێشمەرگەکان لە بنکەی قسقۆپی. لەو بەرپرسایەتی‌یەدا زۆر ئەرکی پێ دەسپێردرا کە سەرکەوتوانە ڕای دەپەڕاند.


سەدیق زۆر زوو بوو بە پێشمەرگەیەکی بوێرو ئازاو قارەمان، پارتیزانێکی هەڵسووڕو کوڕی رۆژی تەنگانە بوو لە زۆربەی شەڕەکاندا بەشداری کردو نەقشی بەر چاوی هەبوو. ناوبراو پلەکانی نیزامیی یەک لە دوای یەک بە سەرکەوتوویی بڕی‌و بە فەرماندەری لکی ٢ لە هێزی شەهیدانی هەوشار دیاری کرا. لە زۆربەی زۆری چالاکیەکانی ناوچەی هەوشار بەشداری کردووەو حەماسەی خوڵقاند، بە دەیان عەمەلیاتی سەرکەوتوانەی ئەنجام دا. گرتنی پایەگای قشلاغ، شەڕی لەبیر نەکراوی دارتووو کوچەتەڵا کە ٤٨ کاتژمێر درێژەی کێشاو شەڕێکی زۆر سەختو نابەرامبەر بوو، ئەنجامەکەشی کوشتنی زیاتر لە ٥٠٠ جاش‌و پاسدارو سەرباز بوو کە لە مەیدانی شەڕەکەدا بەجێ مابوو. ئەو شەڕە شەڕێکی دەستەویەخەو ماڵ بەماڵ بوو. بەداخەوە لەو شەڕەدا ٣٢ پێشمەرگەی حیزب شەهیدو ئەسیر کران. لە سێهەمین چالاکی ئەو عەمەلیاتە لە ڕێگای ساحێب بۆ سەقز بوو. کە لە کەمینێک دا زیاتر لە ٢٦ ماشین پڕ لە جاش‌و پاسدار کوژران‌و کەرەسەکانیان بە دەستکەوت گیرا. سەدیق

بەشداری چالاکانەی هەبوو.

لە شەڕی کانیسپی سەروو کە لە کاتژمێر پێنجی بەیانی تا چواری ئێوارە بەردەوام بوو، دوژمن بە هەموو جۆرە چەکێکی قورس ئاوایی دەکوتا سەدیق یەکێک لەو کوڕانە بوو کە خۆبەخشانە هەڵمەتی بردە سەر تۆپخانەی دوژمن بەرەو ڕووی ئاوایی کانیسپیو بە تەواوی تێکی شکاندن. شەڕەکانی ناو شاری ساینقەڵا هەموو بەڵگەیەکی زیندوون بۆ ئازایەتی ئەو تێکۆشەرە نەمرە.

بەڵام بەداخەوە سەدیق لە ڕۆژی ٣١ی بانەمەری ساڵی ١٣٦٤ لە شەڕی ناوخۆیی لە پشت ئاوایی دەرەویانی شێخ لە ناوچەی سەقز شەهید بوو و سەنگەری خەباتی بە هاوسەنگەرانی سپارد. بۆ هەتا هەتایە چاوی لەسەر یەک داناو ماڵئاوایی لە نیشتمان کرد.

------------------------------------------------------------




## ئەبووبەکر فیازی

لە بەرنامەیەکی تایبەتدا باسی یەکێک لەگوندە خۆڕاگرەکانی ناوچەی هەوشارمان کرد کە خاوەنی ٢٤ شەهیدی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە، گوندی "گوێئاغاج" یەکێک لەو گوندە شۆڕشگێڕانە بووە کە هەمیشە لەبەرامبەر داگیرکەرانی کوردستان ئازایانە وەستاونەوە بەدانی خوێنی ڕۆڵەکانیان هەمیشە سەریان بەرز ڕاگرتوە، لە نێو ٢٤ شەهیدی گوێئاغاج چەندین فەرماندەی قارەمان دەبینرێن، ئەمڕۆ لە نێو باخچەی فەرماندەراندا ژیانی سەربەرزانەی فەرماندەیەکی بوێرو شۆڕشگێڕ خەڵکی ئاوایی گوێئاغاج لە مەڵبەندی

هەوشاری قارەمان پێشکەش دەکەین کە تەمەنی لاوی خۆی بەختی ئازادیو سەربەستی نەتەوەکەی کردو بە سەر بەرزی ژیاو بەسەر بەرزی سەری نایەوە، بەلام سەری بۆ کۆنە پەرەستەکانو دژی گەلییەکان دانەنواند، فەرماندەی شەهید ئەبووبەکر فیازی لە هێزی شەهیدانی هەوشارە.

ئەبووبەکر فیازی لە ساڵی١٣٤١ی هەتاوی لە گوندی "گۆیئاغاج" هاتە سەر دنیاو شادی خستە نێو ژیانی بنەماڵەیەک کە هەژاریو نەداری سێبەری ڕەشی بەسەریاندا کیشا بوو. ئەو کوڕەیان بە ئەبووبەکر ناودێر کرد. ئەبووبەکر هەر وەک هەموو منداڵانی کوردستان بە هەژاریو نەداری گەورە بوو. بەلام هەستیو سۆزی گەل ویستی لەدڵو دەروونیدا دەگەشاوە، کوڕێکی ئەوەندە وشیار بوو ساڵی دووهەمی سەرەتایی دەرسی دەخوێند کە لە مامۆستاکەی پرسی مامۆستا گۆیئاغاج یانی چی؟ کاتێک بۆی دەرکەوت گوێئاغاج وشەیەکی کوردی نیە بەلام ناوی گوندەکەیانە بۆ ئەو ناوێکی ناخۆش بوو، زۆر جار قۆتابیان لەدایکو بابیان دەپرسی بۆ چی ناوی گوندەکەمان کوردی نیە. گەرچی ئەم پرسیارە لە زاری منداڵێکی ٩ساڵە دەهاتە دەر بەلام پێشاندەری هەستێک بوو کە لە دڵو دەروونیدا بلێسەی دەدا هەستێک بوو کە لەگەڵی گەورە دەبوو دەبووژایەوە. ئەبووبەکر فیازی رۆڵەی گەل هەر لە منداڵییەوە لە سەر پێی خۆی راوەستاو چاو لە دەستی کەس نەبوو کاری دەکرد ڕەنجی دەکێشا تا ژیانی قورسایی نەخاتە سەر شانی بابی.

ئەبووبەکر فیازی مێرمنداڵێک بوو کە هاتە نێو ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان زۆر زوو نیشانیدا کە رۆڵەیەکی هەڵکەوتووی گەلەو ئیمانی بە رێبازو ئامانجی هەیەو ئامادەیە لە پێناو رزگاری گەلەکەیدا خۆی فیدا بکا لە کاتی هێرشو پەلامار بۆ سەر دوژمن دا شێری مەیدانی نەبەرد بوو زۆر ئازایانە هەڵی دەکوتایە سەر دوژمن. لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی هەوشاردا بەشداری کردو هەمیشە سەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕی بۆخۆی هەڵدەبژارد.

سەنگەرێک ئەبووبەکری لێبا دوژمن نەیدەتوانی خۆی راگرێو لەبەر زەبری ئەو نەدەوەستا، قارەمانەتیو فیداکاری رۆڵەکانی هێزی شەهیدانی هەوشار بە تایبەتی ئەبووبەکر فیازی وێردی زمانی هەموو پێشمەرگەکان بوو. کە شانبەشانی ئەو دژی کۆنەپەرەستان لەم رێگایە شەڕیان دەکرد. لە مەئمووریيەتی جادەی سەردەشت_ پیرانشار بەشداری چالاکانەی کرد، لە کاتی گەڕانەوەی پێشمەرگەکانی هەوشار لەرێگای پیرانشار- سەردەشت بۆ هەوشار کارزانیو لێهاتوویيو کارامەیی ئەبووبەکر ببوو بە هۆی ئەوە بە فەرماندەی لک بکرێ، لکی ئەبووبەکر ناوچەی هەوشاری بۆ دوژمن وەلەرزە خستبوو کاتێک پێشمەرگەکان لە زستانی١٣٦٠ لە مەئمووریيەتی قزقاپان چەندین سەعات لە کوێستانە سەر بەرزەکانی ماینبلاغ مانەوەو کەوتبوونە گەمارۆی دوژمن، لێزانیو فەرماندەری ئەبووبەکری فیازی بوو پێشمەرگەکانی لە سەرمای سەختی ماینبلاغو گەمارۆی دوژمن رزگار کرد. ئەبووبەکر لە دژوارترین قۆناغی خەباتدا لەگەڵ پێشمەرگە ژیا. سەرکەوتوویی ئەو لە فەرماندەیی لکەکەیدا

ناوبانگی ئەو لکەی گەیاندە لای ناوچەکانی دیکەی سەقزو بۆکانو هەوشارو زۆربەی ناوچەکانی کوردستان.

ئەبووبەکر لەگەڵ ئەوەیدا پێشمەرگەیەکی ئازاو چاو نەترسو زەبر وەشێن بوو، بڕوایەکی قوڵیشی بە تەشکیلات بوو، لەخۆبووردوویی، بڕوا بە خۆبوونو پێداگری زۆر لەسەر بەڕێوە بردنی ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانی حیزبو هەروەها ڕێزو خۆشەویستی لەناو خەڵکدا، دڵسۆزیو فیداکاری، هاوکاری هاوسەنگەرانی، ریزگرتنی خەڵک لەکردەوە پەسەندەکانی ئەبووبەکر فیازی بوو. هەست بە مەسئولییەتو تێکۆشان بۆ فێربوونو هەوڵدان بۆ خەبات دژی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لەتایبەتمەندیە هەرە بەرچاوی ئەبووبەکر بوون.

ئەبووبەکری نەمر کاتێک لەبەرە بەیانی رۆژی ١١ی رەشەممەی ١٣٦١دا لە ریگای ساینقەلا بە تۆڵەی خوێنی ٢شەهید کەمینی نابۆوە زەبرێکی کاریگەریان لە دوژمن وەشاند بەلام لەو عەمەلیاتەدا بەداخەوە بە گوللەی دوژمنان دڵی پڕلە هیوای لە کار کەوت. لە ناکاو چیای بەیان هاواری بەرز بووە بانگی کرد چیای سوورسات، پارتیزانی گەل پارێزەری شەرەف، بە گوللەی دوژمنانمان تەرمی کەوتۆتە سەر خاکی نیشتمان، هۆشت لە لەشی جوانو شیرینی بێ لەرزەو ناڵەیان هاوڕێ ئاهی بسۆزو شینو گریانی سوورەسات هەوری رەشی خستە ناوچەی هەوشارو هەورەتریشقەی ئەو هەورە دڵی هەموو دایکانی هەڵقرچاند. ئەوەی چاوی بە بەژنو بالای کەوتبوو ئەوەی ئازایەتی ئەوی بیستووە ئەوەی فیداکارەکانی دیبێ کە چۆن دوژمنی بە چۆک دادێنا، رەشی پۆشی و فرمێسکی هەڵوەراند.

---



## کەریم قازی ناسراو بە کەریمی حاجی

مێژووی خوێناویی نەتەوەکەمان پەڕبەپەڕ هەڵدەدەمەوە. پڕ لە سەربەرزی و شانازییە. قارەمانانی ئەو مێژووە خوێناوییە کەم نین، چونکی بەدرێژایی ئەو مێژوو ئەو گەلە خوێنی لەبەر ڕۆیوە، ئەویش خوێنیک کە لە بژاردەکانی کۆمەڵ بوون، ئەوان بە جوامێری خۆیان سەلماندیان کە گەلی کورد زیندوویە، هەروەها فیلمی تراژێدیای خەباتی خوێناوی گەل، زۆر مێرخاس و جوامێری پێناساندین. لە ناویاندا ناوی بەرزی، قەڵای خوێناویی، پەیکەری هەستی شۆڕشگێری، کەریمی عەبدی ناسراو بە کەریمی حاجی یەک لە وانە.

کەریم عەبدی ناسراو بە کەریمی حاجی ساڵی ١٣٣٣ لە ئاوایی باغچەمەشەدی سەربە ناوچەی هەوشاری خوێناویی لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی چاوی گەشی بەرووی دنیادا کردەو، لە باوەشی دایکی دڵسۆزیدا پێرۆکە بوو. پاشان لە تەمەنی ٧ ساڵیدا ڕەوانەی قوتابخانە کراو زۆر زیرەکانە پۆلەکانی خوێندی تا ٥ی سەرەتایی لە گوندی باغچەمەشەد تەواو کرد. پاشان بەهۆی وەزعی ژیانی ئەوکاتی گوندنشینەکانو بنەماڵەی، هەوڵی بەردەوام بوونی بۆ نەرەخساو وێڕای بنەماڵەکەی بە کاری کشتوکاڵەوە خەریکی ژیانی ڕۆژانە بوون.

ژیانی کەریم تا شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویی گەلانی ئێران بەمجۆرە درێژەی کێشا. بەسەرهەڵدانی ڕێپیوانەکانو خۆپێشاندانەکان ناوبراو وەک لاوێکی ڕووناکبیر شانبەشانی لاوە هاوتەمەنەکانی لە ناوچەی هەوشار لە خۆپێشاندانەکانی دژی ڕێژیمی پاشایەتی بەشداری چالاکانەی کرد. پاش سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، کەریم ئامادە بوو بۆ ژیانێکی بەختەوەرانەی نەتەوەکەی هەموو خۆشییەکی ژیان وەلا نێو، گەیشن بە سەربەستیی نەتەوەکەیو بەئازادی ژیانی لە بەرنامەو ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا دیتەوە، هەربۆیە بێ‌سێ‌ودوو لیکردن ریزی خەباتگێرانی دێموکراتی هەڵبژاردو وەک پێشمەرگەیەکی نەترسو فیداکار لەناوچەی هەوشار تێکەڵ بە کۆڕی هاوسەنگەرانی بوو و دەستی بەتێکۆشانی سیاسی خۆی کرد.

کەریم عەبدی بەهۆی لیهاتوویی‌و شارەزایی لەبواری سیاسی‌دا، پاش ماوەیەک ناردرایە کۆمیتەی ناوچەو لە مەیدانی کردەوەدا سەلماندی‌و نیشانی‌دا کەشیاوی وەئەستۆ گرتنی بەرپرسایەتی قورسترەو، وەک کادری تەشکیلاتیی ناوچەی سووروسات دیاری کرا. لەگەڵ کادرەکانی ئەو ناوچەیە لەنێو خەڵکی پێشمەرگە پەروەری ناوچەی هەوشار ئەرکی بەڕیوە دەبردو لە ماوەیەکی کەمدا بوو بەکادرێکی لێوەشاوەی تەشکیلاتیی بە دیسیپلین‌و نهێنی کارو، لە هەموو وردەکارییەکانی تەشکیلاتی شارەزا بوو. بەڵام کەریم تەنیا کادری سیاسی‌و تەشکیلاتی نەبوو، بەڵکوو پێشمەرگەیەکی قارەمان‌و ئازاو نەترس بوو، لەگەڵ پێشمەرگەکان لە شەڕەکانی ناوچەدا بەشداریی چالاکانەی دەکرد.

لەو ماوەیەدا زۆر هەڵسووڕاوانە سیاسەتەکانی حیزبی لە نێو خەڵکدا شیی دەکردەوە زۆری پێ نەچوو کە وەک کادرێکی شارەزا لە ناوچەکەدا ناوبانگی دەرکردو لە لایەن کۆمیتەی شارستانی هەوشارەوە وەک کادری سیاسیی لە هێزی هەوشار دیاری کرا. ناوبراو کە وەک کادرێکی بەتوانا لە هێز کاری دەکرد، جگە لەوەی کادرێکی سیاسی بوو لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی هەوشاردا بەشداری چالاکانەی کرد.

کۆماری ئیسلامی پاش ئەوەی هێرشێکی هەمەلایەنەی بۆ گرتنەوی ناوچەی هەوشار دەست پێکرد، هێزی شەهیدانی هەوشار رووی لەناوچەی سەقز کرد. لە هاوینی ساڵی ١٣٦٢ کەریمی عەبدی رەوانەی دەوری مودیرییەت کراو پاش تەواو کردنی دەورەکەی گەڕاوە هێزی شەهیدانی هەوشارو وەک فەرماندەری لک دیاری کرا. ناوبراو لە زۆر شەڕی قارەمانانەدا بەشداریی کرد نەترسی‌و ئازایەتی ئەو بوو بە وێردی سەرزمانی هاوسەنگەرانی‌و بوو بە خۆشەویستی خەڵکی ناوچەکە.

کەریم لەژیانی حیزبایەتی‌دا بە هەموو هەستو تواناو فیداکارییەوە تێکۆشاو بە لێهاتوویی‌یەوە پلە تەشکیلاتییەکانی یەک لەدوای یەک بڕین. ئەو کوڕی رۆژی تەنگانەو هیوای دوا رۆژی حیزبو گەلەکەی بوو. بەرامبەر بە حیزبو رێبازەکەی رۆڵەیەکی بە ئەمەگو وەفادار بوو و قەت لە بیروباوەڕی دا ناهومێدی‌و لەرزۆک بوون بەدی نەکرا.

تایبەتمەندی کەریمی حاجی ئەوە بوو لە گەڵ هاوسەنگەرانی لەسەرەخۆ، بەئەخلاق، کارزان، لێهاتوو لە کاری پێ ئەسپێردراوی‌و، لە بەرامبەر دوژمندا هەڵمەتبەرو چاونەترس بوو محاڵ بوو دوژمن بتوانێ لەسەنگەردا زەفەری پێ بەرێ تا دوژمن وەخۆ دەکەوت ئەو جەندەکی دەخستە سەر زەوی.

لە زستانی ساڵی ١٣٦٢ پێشمەرگەکانی ناوچەی هەوشار گەرانەوە نێو خەڵکی قارەمانی ئەو ناوچەیەو لە گەڵ پێشوازییەکی گەرمی خەڵک رووبەروو بوونەوە. دوژمن کەچاوی دیتنی ئەو پێشوازییەی نەبوو بەهێزێکی زۆری سەدان کەسی‌و بە تۆپخانەیەکی قورس‌و بە پشتیوانی هێزی هەوایی هێرشی بۆسەر رۆڵە فیداکارەکانی دێموکرات لە گوندی کووپەقڕان و دارەتوو کووچەتەڵا دەست پێکرد. کوڕانی دێموکرات کە لە هێرشی بەربڵاوی

دوژمن ئاگادار بوون، خۆیان بۆ شەڕی مانوونەمان ئامادە کرد. لە بەرەبەیانی رۆژی ٢٨ی مانگی رێبەندانی ساڵی ١٣٦٢ شەڕ دەستی پێکردو تا رۆژی ٣٠ی رێبەندان بەردەوام بوو. قارەمانانی دێموکرات بڕیاریان دابوو کە بە خوێنی خۆیان وڵاتەکەیان بپارێزن و لە پێناوی خاکو نیشتماندا سەری سەربەرزی دانێن. رۆڵەکانی حیزبی دێموکرات کە لەمێژە پەیمانیان بەستووە لە مەیدانی خەبات بۆ ئازادیدا یان شەهید بن، یان سەرکەون، کەریمی حاجی بەو پەیمانە وەفادار مابوو.

بەمجۆرە پاش ٤٨ سەعات شەڕو بەربەرەکانی توانیان زیاتر لە ٣٠٠ کەس لە بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی بکوژن و خۆیان لە گەمارۆی دوژمن رزگار بکەن. بەڵام بەداخەوە ١٩ قارەمانی دێموکرات لەو بەربەرەکانی‌یە دا شەهید بوون و ١٢ کەس بەدیل گیران کە یەکیان کەریم عەبدی ناسراو بە کەریمی حاجی بوو. ئەو لەزیندانیشدا هەر پێشمەرگە مایەوەو لەبەرامبەر جەلادانی رێژیمدا راوەستاو، ئازارو ئەشکەنجە نەیتوانی کۆڵی پێداداو سەرئەنجام لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٣ بەشێوەیەکی درەندانە وێڕای هاوسەنگەرە بە دیلگیراوەکانی لە شاری تیکاب گوللەباران کران.

ئەوان ئەو پەیمانو بەڵێنیانە لەگەڵ خوێنی شەهیدان و خەڵکی کوردستان بردە سەر کە تادوا تنۆکی خوێنیان سەنگەر چۆڵ نەکەن. هەرچەند شەهید بوونی ٣١ قارەمان داخێکی گەورە بوو لەسەر دڵی خەڵکی کوردستان، بەڵام لەلایەکی دیکەوە جێگەی شانازییە کە قارەمانانی دێموکرات گیانیان لە پێناو ئازادی و سەربەستی نیشتماندا بەخت کرد، قارەمانانیک کە ٣شەو ٣رۆژ بەچەکی سووک لەبەرامبەر شەپۆلی ئینسانیی داگیرکەراندا راوەستان، ئەوان بە خۆڕاگریو خوێنی خۆیان نیشانیاندا کە وەفادار بە رێبازی شەهیدانو حیزبەکەیانن، سەلماندیان کە دوژمنی فاشیست بە شەپۆلی ئینسانیو چەکی جبەخانەی زەبەلاحو چەکی پێشکەوتوو ناتوانێ هێزو بیروباوەڕی کوڕانی دێموکرات لاواز بکا، هەزاران سلاو لەگیانی نەمری شەهیدانی ٣٠ی ریبەندانی ساڵی ١٣٦٢و، هەزران سلاو لە قارەمانەتیو خۆڕاگریو بەرخۆدانیان.

---




## خەلیل مەحموودی

مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە ناوی‌مەزنی ئەو ئینسانە گەورانەی کە تاسەباری ئازادی بوونو ژیانیان بە بێ ئازادی نەویستووە. ئەو کەسانەی کە بە تێگەیشتن لەو راستیەی"کە مرۆڤ شیاوی ژیانێکی ئازادو سەربەستەو ژینی دیلێتی مەرگێکی بە جوڵەیە" راپەڕیون لە پێناو وەدیهێنانی ئەم ئامانجە پیرۆزودا. دیارە زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی بۆ وەدیهێنانی ئازادیو خەونە سەوزەکانی مرۆڤ خەباتیان کردوە بیریان لەوە کردۆتەوە کە لە وانەیە خۆیان هیچ کات بەرووبوونی ئەم دارە پیرۆزەیان بە قسمەت نەبێت کەچی دیسانیش بە تینو گوڕتر لە جاران ڕێگەی سەختو پڕلە کەندو لەندوو هەڵدێری گەورەیان بڕیوە، چونکی ئەم مرۆڤانە بۆ ئەوە رانەپەڕیون خۆیان وەک تاکە کەس ئازاد بکەن بە ڵکوو ئەوان بە مەبەستی ئازادکردنی نیشتمانو نەتەوە بندەستو چەوساوەکەیان ڕێگەی خەباتو بەر خۆدانیان گرتۆتە پێشو ئیمانیان بەو راستیە هێناوە کە ئەو ڕێچکەیەی شکاندوویانە کوێر نابێتەوەو پڕ رێبوارتر لەپێشوو، دەبێتە رێبازێکی پیرۆز بۆ نەوەی داهاتوو. ئازادی لە فەلسەفەو روانگەی ئەو مەزنە مرۆڤانەوە، گەلێک واتەی هەیە کە خەبات خۆی بەشێکە لە ئازادیو واتایەکی قووڵە لە ژیان.

خەلیل مەحموودی لەساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی کوردەواری ئاوایی "قوڵدەرە"ی سەروو لە ناوچەی هەوشار لە دایک بوو ژیانی منداڵی خەلیل جیا لە ژیانی منداڵانی ناز لێ‌شێواوی ئەو سەردەمە نەبووە. بەهۆی هەلومەرجی ژیانی ئەو کات لە ئاواییەکەیان دەرگای خوێندنگا زوو بەسەریدا داخرا.

هەر لە تەمەنی منداڵییەوە دەستی کرد بە کارو کاسبیو کرێکاری. بۆ ئەوەی سووکاییەک بخاتە سەر ژیانی هەژاری بنەماڵەکەی. هەرچی گەورەتر دەبوو ئەرکی سەرشانی قورستر دەبوو. شانی دا بەر کاری وەرزێڕیو بە درێژایی رۆژ ئارەقەی دەڕشت. ئەو ژیانە پڕلە چەرمەسەرییە وای کرد کە خەلیل زیاتر هەست بە چەوسانەوە بکاو هەوڵی خۆ رزگار کردن لەم مەینەتییە بکەوێتە نێو مێشکییەوە، بەتایبەتی کاتێک زوڵمو زۆری کار بە دەستانی دوو رژێمی پاشایەتیو کۆماری ئیسلامیو ئەو جیاوازییەی نیسبەت بە گەلە بێبەشەکەی بە چاوی خۆی دەیدیت رقو قینێکی پیرۆز دەروونی هەڵدەقرچاند.

خەلیل هەر لە یەکەم خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بەشداری کرد. زۆر چاو نەترسانەو ئازایانە لە هەموو خۆپیشاندانەکان دژی گۆپاڵ بە دەستەکانی حەمەڕەزا شادا چالاکانە بەشداری کرد. لە سەرەتاکانی شۆڕشی گەلانی ئێران دەستی دایە چەکی شەڕەفو هاتە نێو ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتو بوو بە پێشمەرگە. لەو ساڵانەدا هێرشی جەنایەتکارانی دژە کوردی (رژێمی ئیسلامی ئێران) بۆ کوشتنو قەلاچۆی شارو گوندەکانی کوردستان لەو پەڕی خۆیدا بوو. ئەو جەنایەتکارانەی کە گڕی بە لێشاوی قینورقیان تەنیا بە خوێنی کورد دادەمرکاوە هەر رۆژەو هەر سەعاتەی لە ئاواییەکو، لە شەقامی شارێک، یا قوژبنی ماڵو کۆلانێک، سینگی گەنجو پیرانی نەتەوەی کوردیان کونکون دەکرد، خەلیلی پێشمەرگە دژی ئەو ستەمو بێدادیانە راپەڕی بوو. ئەو دەیزانی کە وەک مرۆڤێک ئەرکی سەر شانێتی لە بەرامبەر دوژمنە داگیر کەرو جەنایەتکارەکانی کوردستاندا نابێ بێدەنگ بێو دەست لەسەر دەست دابنێ. بۆیە لە زۆر شەڕی ئازایانەی ناوچەی هەوشارو تکابدا بەشداری چالاکانەی کرد، ئازایەتی ئەو بوو بە هۆی ئەوە کە وەک سەرپەلو پاشان وەک فەرماندەری لک دیاری بکرێ. وەک کوڕێکی دڵسۆز لەو هێزەدا خزمەتی کرد، لە پێناو ئامانجی نەتەوەکەیدا لە هیچ فیداکارییەک درێغی نەدەکرد. خەلیل لەماوەی تەمەنی خەباتگێڕیو تێکۆشانی خۆیدا گەلێک قارەمانەتی بۆ حیزبو نەتەوەکەی تۆمار کردو وەکو میرات بۆ بزافی نەتەوەی کوردستانی بە جێهێشت. خەلیل لەماوەی تەمەنی پێشمەرگایەتی خۆیدا بە ئیمانو بڕوایەکی قووڵەوە ئەرکەکانی بەڕێوە دەبرد. لە زۆربەی شەڕە حەماسییەکانی ناوچەدا بە شداری چالاکانەی کردووەو داستانی حەماسەو بوێری بۆ مێژووی حیزبو نەتەوەکەی تۆمار کردووە. شەڕەکانی تکاب، نێو شاری سایینقەلا، کوچەتەلا، شاهیدی ئازایەتی ئەو شەهیدە سەر بەرزەن. خەلیل فەرماندەرێکی ئازاو فیداکار، قارەمان، قارەمانێک نەک هەر بەقسە بەڵکوو بە کردەوە لەمەیدانی بەربەرەکانیدا دوژمن لێی دەترسا، چونکی لەهەر ناوچەیەکی هەوشار شەڕ بوایەو خەلیل مەحموودی حزووری بوایە شکستی دوژمن بێ ئەملاوئەولا بوو، جێگا پەنجەی تاکاتی شەهید بوونی لە هەموو شەڕەکانی ئەو مەڵبەندەدا لە دڵو بیری خەڵکی ناوچەدا ماوەتەوە. لە شەڕی "کانیسپیسەروو" کە لە کاتژمێر پێنجی بەیانی تا چواری ئێوارێ بەردەوام بوو دوژمن بە هەموو جۆرە چەکێکی قورس ئاوایی دەکوتا خەلیل یەکێک لەو کوڕانە

بـوو کە لە تێکشـکاندنی دوژمـن بەرەو ڕووی ئـاوایی کانیسپی بە تەواوی رۆڵـی بەر چـاوی هەبـوو. هەروەهـا شەڕەکانی ناو شاری ساینقەلا هەموو بەڵگەیەکی زیندوون بۆ ئازایەتی ئەو تێکۆشەرە نەمرە.

حەوتەمین رۆژی بەهـاری سـاڵی ١٣٦٥ی هەتـاوی بـوو تـازە خـۆر بە تینـی خـۆی بەربەرە بەفـری شـاخەکانی دەتواندەوەو سەوزەگیای بەهارو تەبیعەتی جوانی کوردستان لە خەوی زستان راست ببوونەوە، شنەی شەماڵ بە ئەسپایی مزگێنی هاتنی بەهارو زیندوو بوونەوەی دێنـا، هەمـوو کەس خوشحاڵ بـوو لەوەی کە زستانی سـاردیان سەرەڕای بێ دەرەتانی لە نێو تەمو دۆڵو شاخەدا رابردوو بەهاریان لـێ داهـاتەوە، وەرزێکـی دیکەی تێکۆشـان و چـالاکی دەسـتی پێکـرد. خەڵـک لە نـوێژی عەسـر گەڕابـوونەوەو پۆلپـۆل لە بـن گوێسـوانەی هـۆدەی مـاڵان دانیشتبوون خۆیان لەبەر تینی گەرمای خۆر هەڵخستبوو. سەعات ٥ی ئێوارێ هەمان رۆژ ٧ی خـاکەلێوەی ١٣٦٥ی هەتـاوی لە ئـاوایی حەسەنـاوا چەنـد پیشـمەرگە لە گەڵ خەلیـل خەریکـی کـاری حیزبـی بـوون. لە پـڕ هەواڵـی هاتنی هێزی داگیرکەری کۆماری ئیسلامییان بە پێشمەرگەکان راگەیاند، کاتێـک خـاوەن مـاڵ ویسـتی لە دەرگـای ماڵێ بچێتە دەرەوە کەوتە بەر دەسڕێژی جاشو پاسدار کوژرا.

پاشان شەڕێکی دەستەو یەخە لە ئـاوایی حەسەنـاوا دەسـتی پێکـرد ئەگەرچـی ژمـارەی پێشـمەرگەکان ٨ کەس بوون بەڵام وەک هەمیشە لەبەرامبەر هێـزی پۆشـتەی کۆنەپەرستیدا راوەسـتانو ئـامادە بـوون بە خـوێنی خۆیـان لاپەڕەکانی سەروەری هێزی پێشمەرگەی دێموکرات بنووسنەوەو پـاش دوو سـەعات شـەڕی قـارەمانـانە بە داخەوە خەلیلی مەحموودی خوێنی خۆی کردە چرای رێگـای تیکۆشـانی نەتەوەکەیو گیـانی پێشکەش بە بـارەگـای ئـازادی کرد.

---




## عەبدوولڕەحمان ڕەزایی

شک لەوە دانیە هەر کاتێک کە باس لە بزووتنەوەی کوردستان یا خەباتی خەڵکی کوردستان بێتە گۆڕێ، ناوی پێشمەرگەش وەک ڕۆڵە فیداکارەکانی گەلەکەمان کە لەو خەباتەدا ڕۆڵی دیارو بەرچاوی هەیە، دێتە گۆڕێ. ئیدی ئێستا کەم کەس هەیە کە نەزانێ خەباتی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان لە ڕەوتی بەرەو پێشبردنو گەشەدار بوونی خۆی هەتا چ ڕادەیەک بەهرەی لە خۆڕاگریو فیداکاری پێشمەرگە وەرگرتوە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە بە هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیو لە قۆناغی ئێستادا ڕێژیم ڕێگایەکی ئەوتۆی نەهێشتۆتەوە کە خەڵکی کوردستان بتوانن بە شێوەیەکی هێمنانە ویستو داخوازییەکانیان بێنە گۆڕێو لەم ڕێگایەوە ویستەکانیان بێنە دی. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوە، لە ڕێگای نیزامییو ڕێگای زەبرو زەنگ وڵامی ئەو داوایەی دایەوە. خەڵکی کوردستان لەسەر ئەو داوا ڕەوایەی خۆیان پێداگر بوونو بە ناچاری پەنایان بردە بەر دیفاعی چەکدارانە بۆ ئەوەی خۆیان لەنێو چوونو خاشەبڕکردن بپارێزن. هەر بۆیەش بە هەزاران لاوی کورد هاتنە ریزی تێکۆشەرانی دێموکراتەوە بۆ دیفاع لە بوونو مەوجوودییەتی خۆیان بوونە پێشمەرگە، یەکێک لەو فیداکارانە عەبدولڕەحمانی ڕەزایی لە ناوچەی هەوشاری خوێناوییە.

عەبدولڕەحمان ڕەزایی لەساڵی ١٣٣٧ هەتاوی لەئاوایی "قۆجە" سەر بە ناوچەی هەوشار چاوی بەدنیای ڕوون کردۆتەوە. بەرە بەرە کە گەورە بوو چاوی بە دنیای پڕلە ناعەداڵەتی کەوت کە تا ئێستاش گەلەکەی بۆ لابردنی زوڵمو ستەم خەباتی بۆ دەکا. ساڵ هاتنو چوون، عەبدولڕەحمان ڕەزایی بوو بە لاوێکی بەشانو باهۆ، ئێشو ئازاری ژیان چرو قایمی بار هێنابوو، ئیرادەیەکی پتەوی تێدا پێک هاتبوو، شانی لەبەر زۆر ئەرکو ئازاری قورس ڕادەگرت. قوتابخانەی ژیانیش چەوسێنەرانیان بە ناوبراو ناساند بوو. لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی

هەتاوی بە دژی رێژیمی پاشایەتی بەشداری چالاکانەی کردو رۆڵی بەرچاوی گێڕا. پاش ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە لێوردبوونەوەو هەڵسەنگاندنی وردبینانە، ریزەکانی حیزبی هەڵبژاردو ساڵی ١٣٥٨ بۆ درێژەدان بە خەباتو خۆراگری لەهێزی شەهیدانی هەوشاردا ئەرکی پێشمەرگایەتی بەڕێوە دەبرد.

شۆڕشی گەلانی ئێران ئەو دەرفەتەی بۆ عەبدولڕەحمان رەزایی رەخساند کە بەکردەوە بێتە مەیدانی خەباتەوەو بە ئاشکرا بۆ وەدی هێنانی ئەو ئامانجە پیرۆزانەی کە خۆشی دەویستن خەبات بکا، چەکی شەڕەفو دیفاع لە ناموسو کەرامەتی گەلەکەی دەست دایەو قۆڵی لە داگیرکەرانی کوردستان هەڵماڵی. ناوبراو زوو توانی ببێتە خۆشەویستی خەڵکی ناوچەو هاوسەنگەرانی چونکی لە هەموو وجوودی ئیمانو بیروباوەری پتەوی بە خەباتی نەتەوەکەی لە ئاکارو کردەوەیدا شۆڕشگێر بوونو دڵسۆزیو لێبراویو شێلگیربوون لەسەر درێژە پێدانی ئامانجو رێبازیدا بەدی دەکرا. لە ماوەیەکی کورتدا بەکردەوە نیشانیدا شیاوی بەرپرسایەتییە. بە لێوەشاوەیی نواندن، رەچاو کردنی دیسیپلین، هەڵسووڕانو فیداکاری لەشەڕی سێمانگەدا، سرنجی بەرپرسانو هاوسەنگەرانی بۆ لای خۆی راکێشا. رابردووی خەباتگێڕانە، تێگەیشتوویی لە مەسایلی سیاسیو هەوڵدان بۆ فێربوونو رێکوپێکیو جێکردنەوە لەدڵی هاوسەنگەران، ورە بەرزی، ئیمانی پتەو بەحیزبو، شارەزایی لە گەڵاڵە دارشتنو زەبر وەشاندن لەدوژمن، چەند تایبەتمەندی بەکەڵک بوون کە لە عەبدولڕەحمان رەزاییدا بەدی دەکران. بۆیە بەرپرسایەتی پێسپێردراو لەو مەیدانەش زۆر ئازایانە هاتە مەیدان. پاش چەند شەڕی قارەمانانە وەک فەرماندەری لکو فەرماندەری زەربەتی هێزی هەوشار دیاری کرا. ئەو تایبەتمەندییانە لە مەیدانی شەڕ لە بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمندا خۆی دەنواند، کاتێک لە دوژمن سەنگەری دەگرت، کاتێک هێرشی بۆ سەر هێزی بەکرێگیراوی دوژمن دەست پێدەکرد کەس توانای خۆڕاگری لەئاست هەڵمەتو پەلاماری شۆڕشگێڕانەیدا نەبوو.

زۆر راستو سادقانە بوو بە پێشمەرگەیەک کە حیزب لەو ناوچەیە چاوەڕوانی لێی بوو، ئازاو بە جەرگو نەترس بوو لەراستیدا قارەمانێکی لە مەیدانی کردەوەدا لێ درووست بوو، فەرماندەیەکی لێدرووست بوو کە هەڵومەرجی ئەوکاتی پێشمەرگە پێویستی بوو، هەمیشە لە بەڕێوە بردنی بڕیاراتی حیزبی سەر لەپێناو بوو. سەوادی کلاسیکی زۆر نەبوو بەڵام هەستی نیشتمانپەروەریو دەرکو پێزانینی لە زۆرکەسی سەوادار زیاتر بوو. ئەو تەنیا ناوی فەرماندەی لەسەر نەبوو بەڵکوو فەرماندەیەک بوو ئازا، ئاگا، لێزان، مودیرو بەتاکتیک، لەهەمووی گرینگتر تەشکیلاتیو بەدیسیپلین بوو.

رۆژی ٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ لەشەڕێکی توندو نابەرابەر لە نێوان پێشمەرگەکانو هێزی داگیرکەر لەهێرش بۆ سەر پایەگای کوچەتەڵای هەوشار دەستی پێکرد. عەبدولڕەحمانی رەزایی پێشەنگی هەڵمەتبەرانی ئەو شەڕە بەناوبانگەیە. لەم بەرەنگارییە ئازایانەیەدا پەیمانی یامردن یا سەرکەوتنی بردە سەرو بە خوێنی ئاڵی خۆی سەنەدی لەشکان نەهاتووی نەتەوەکەی ئیمزا کرد. بەمجۆرە رۆڵەیەکی دیکەی قارەمانی مەڵبەندی

هەوشاری خوێناوی، پێشمەرگەیەکی فیداکارو لەخۆبووردوو، فەرمانەدەیەکی لێهاتوو بە توانا بە سەربەرزیو گیانبازییەوە چووە ریزی کاروانی شەهیدانی سوورخەڵاتی نەتەوەکەمانو بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە هاوسەنگەرانو نیشتمانەکەی کرد .

---




محەممەد مەحموودی

ئەو لاوە تێکۆشەرانەی لە پێناوی وەدیهێنانی ئاشتیو ئازادیو دێموکڕاسی و مافی نەتەوایەتیەکانیاندا، دەستیان لەخۆش گوزەرانی هەڵگرتووەو دەشتو دۆڵو چیاو لێڕەواریان لەباوەش گرتووە. لە بەرامبەر هێرشو پەلامارو گڕو باڕووتو ئاگرو ئاسنی دوژمنانی ئازادیدا سینگیان کردۆتە قەڵغانی گوللەو، فشارو زەبروزەنگی چەوسێنەران لەخەبات ساردی نەکردونەتەوەو هەنگاوی پێشل نەکردونو بە چۆکی دانەهێناون. لەو پێوەندیەدا بە هەزاران کوڕی کوردی دڵپڕ لە ئاوات بونەتە قوربانیو گیانیان بەختی ئامانجیان کردووەو سەری بەرزیان کردوە بەردەبازی ڕێگای سەرکەوتن. یەکێک لەو ڕۆڵە قارەمانانە کە بۆ گەلەکەی ژیاوە هەر لەو ڕێگایەش سەری داناو لە بەرنامەی فەرماندەرانی شەهید یادو بیرەوەری ڕێز دەگرین، شەهید محەممەد مەحمودی ناسراو بە محەممەد "هەڵانی" دووهەمین شەهیدی بنەماڵەکەی لە ناوچەی هەوشارە.

محەممەدی مەحمودی ناسراو بە محەممەد "هەلانی" ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی ئاوایی ئەحمەدئاوای هەوشار چاوی بۆ ژیان کردەوە بەرەبەرە بە شیری دایکو لە باوەشی بنەماڵەکەیدا

گەورە بـوو. حەوت سـاڵە بـوو کە رووی کـردە قوتـابخـانەو تـا پـۆلی پێنجـی سـەرەتـایی دەرسـی خوێنـد وەک زۆربەی بنەماڵەکـانی نـاوچەی هەوشـار بەهـۆی نزمـی بـاری ئـابووری وازی لە خوێنـدن هێنـاو شـانیدا بەرکـارو کاسبیو ئارەقەڕشتن. تەمەنی ١٢ ساڵە بوو کە دایکی کۆچی دوایـی کـردو خەمێکی گرانـی لەسـەر دڵـی محەممەد بەجێ هێشت.

محەممەد بۆ وەدەستهێنانی کارێکی باشترو بـردنە سـەری بـاری ژیـانی بنەمـاڵەکەی رووی کـردە شـاری تـارانو دەستی دایە کرێکاریو لە شیرکەتەکاندا کاری دەکرد. لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا بە ئیجباری گیراو لە پادگانەکانی تەورێزو عەجەبشێر خزمەتی زۆرە ملی سەربازی پێکرا. لە سەرەتـای دەست پێکردنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی تێکەڵ بە شەپۆلی نارازیان بوو. لە خۆپێشـاندانەکانی خەڵکی نـاوچەی هەوشـاردا چالاکـانە بەشداری دەکردو ئازایانە ئەرکی سەرشانی بەڕێوە دەبرد. بە ئاشکرابوونی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێمـوکراتی کوردستان لەریزی تێکۆشەرانی هێزی شەهیدانی هەوشـار سـازمان درا. محەممەدی مەحمودی لە شـەڕی داسەپاوی سێ مـانگەدا لە بەرامبەر هێرشو پەلامـاری لەشکری کۆنەپەرستی بـۆ سـەر کوردستـاندا، ئەو پەڕی فیـداکاریو لەخۆبووردوویی لە خۆی نیشانداو زۆری پێنەچوو کە سەداقەتو فیـداکاری خـۆی بە کـردەوە سـەلماندو، بـوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانیو خەڵکی ناوچەی هەوشار. کردەوەو ئاکاری پەسندو جوامێرانەی محەممەد بوو بەهۆی ئەوە کە هەر لە پاییزی ئەو ساڵەدا واتە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بەرپرسایەتی پەلێکی لە پێشمەرگەکانی لکی دووی هێـزی شـەهیدانی هەوشـاری پـێ بسپێردرێ. لەمـاوەی ئەو بەرپرسـایەتیەدا بەر چـاوترین ئەرکەکـانی کە بەڕێـوەی بـردن بەشـداری کردنـی لە شـەڕەکانی گونـدەکانی ئەحمەدئـاوا، حەسـەنئاوا، چەمیبـارعەزیز، بە سزاگەیاندنی خۆفرۆشانو، زەبر وەشاندن بوو لە مۆڵگەکانی نێو شاری تیکاب کە وەک فەرماندەیەکی کارامەو بە ئەزموون بەرنامەو پلانی بۆ داڕشتبوون. ئەو تایبەتمەندییانە وای کـرد کە وەک جێگری فەرمانـدەری لـک دیـاری بکرێ. لەم بەر پرسایەتیەدا دەست بەسەر داگرتنی مۆڵگەی نێوان ئاغەجەرو قۆزلوو کە شەوی ١٢ی بـانەمەری ١٣٦١ی هەتـاوی گەمارۆیان دانو ئەوەی بە زینـدوویی دەرچوون بەدیل گیـران. جێـی سەرنجە بەکرێگیراونـی ئەو مـۆڵگەیە لە ئـازارو ئەشـکەنجەی خەڵکـی ئەو نـاوچەیەدا دەسـتیان لە هـیچ کردەوەیەکـی دژی ئینسـانی نەدەگێڕایەوەو گیانیان لەزۆر کەسی بێ تاوان ئەستاند بوو.

محەممەدی مەحمودی پێشمەرگەیەکی بەنەزمو گوێڕایەڵ بـۆ ئەرکو مەئموورییەتەکـانی حیـزب بـوو. ئیمـانێکی قووڵی بە ئامانجەکانی هەبـوو بەڵام سـەد مخـابن ڕۆژی یەکـی خەرمـانـانی سـاڵی ١٣٦١ی هەتـاوی ژمـارەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی شەهیدانی هەوشار کە لە گەشتی سیاسی نیزامیدا بوون لە گوندی کـولتەپەی جانگیرخـان لە نـاوچەی فەیزوڵابەگـی سـەقز جێگیـر بـوون دوژمنـی دژی ئـازادی کە هەسـتی بە بـوونی پێشـمەرگەکان لەو مەڵبەندە کرد، لەشارەکانی تیکاب، سایینقەڵا، سەقزو دیواندەرە هێزی کۆکردەوەو تەیار بە هەموو جۆرە چەکێک

هێرشیان کردە سەر پێشمەرگەکان. شەڕێکی تووندو دەستەویەخە لەنێوان پارێزەرانی کۆنەپەرستیو ڕۆڵە بە هەیبەتەکانی دیموکراتدا دەستی پێکرد دوژمن زەبرێکی بەژانی وێکەوتوو دەیان کەسی لێکوژراو بریندار بوون. لەو شەڕە نابەرامبەرەدا کە هێزی لە ئەژمار نەهاتووی دوژمن چوار دەوری پێشمەرگەکانی ئەڵقەی گەمارۆی دابوون بەداخەوە ٦ ڕۆڵەی دڵ پڕلەئاواتی گەلە چەوساوەو زوڵم لێکراوەکەمان بەناوەکانی محەممەدی مەحمودی، کەریمی قارەمانی، ڕەسوڵی عەولادی، خالیدی جەدی، خالیدی مینایی، ڕەئوف وەیسی، بەدیل گیرانو لە تکاب ئێعدام کرانو چوونە ریزی کاروانی شەهیدانی کوردستانەوە.

---




**محەممەد زولفەقاری**

کاتێک ئاوڕ لە رابردوو دەدینەوەو لە مێژووی خەباتی سەختو خوێناوی چەند ساڵەی نەتەوەکەمان ورد دەبینەوە، کاتێک چاومان دەکەینەوەو تابلۆی زێڕینی حەماسەو خۆڕاگریی لە مێژساڵەی ڕۆڵە دلێرو ئەمەگ ناسەکانی گەلە زۆر لێکراوەکەمان سەیر دەکەین، کاتێک نرکەی شێرانەی قارەمانانی کورد لە گۆڕەپانی خەباتو ململانێدا لە گەڵ کوردکوژان دەبینین، سەرئەنجام کاتێک لە دەریای بێ لێواری شاعیرو نووسەرو ناسک هەستو ئاوازی دەنگی بە ئاهەنگی دەنگە خۆشەکان دەروانین کە بە شێعرو پەخشان و دەقی ئەدەبی بە قەلافەتو بەژنو باڵای خەباتگێڕاندا هەڵدەڵێنو، شەهیدە سەربەرزەکان دەلاوێنەوە، راستەوخۆ قەلافەتی مێرانەی پێشمەرگە بە بەرچاومان زەق دەبێتەوەو خۆ دەنوێنێ کە دەڵێ:

دایەگیان! مەگری لەسەر تەرمم شەهیدی میللەتم

بیرکەوە بڕوانە ڕێبازی غروور و عیزەتم

گیانی شیرینم لە پێناوی وەتەن قوربانی کرد

هەتا هەتایە بۆ دوژمنی خوێنم بەسام و هەیبەتم

لە بەرنامەی فەرماندەرانی شەهیدی لە ناوچەی هەوشار بەسەرهاتی ڕۆڵەیەکی خەباتکار کە بە هەژاریو نەداری گەورە بوو ولە ڕێگای وەدیهێنانی ئامانجی زەحمەتکێشاندا شۆڕشگێڕانە خەباتی کرد دەخەینە بەرچاو کە سەربەرزانە سەری نایەوە شەهید محەممەد زولفەقاری لە هێزی شەهیدانی هەوشارە.

ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی محەممەدی زولفەقاری لە نێو بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی ئاوایی" ئەمیرئاوا"ی سەر بە شارستانی زەنجان چاوی بە دنیای روون پشکوت. محەممەد لەگەل منداڵانی گوندە خنجیلانەکەی ئەمیرئاواو لەنێو بنەماڵەکەی گەورە بوو، لەگەڵ دەردو ژانو بێ بەشیەکانی نەتەوەکەیو منداڵێکی بێبەش لە خۆشییەکانی ژیان فرچکی گرت. محەممەد بەر لەوەی چاوی بەدنیای روون بکەوێ بەر لەوەی موحیبەتو خۆشەویستی باوکی پێ بگا، بەر لەوەی زاری بە وشەی بابە بکاتەوە باوکی لەدەست داو هەر لە منداڵییەوە سێبەری باوکی لە سەر لاچوو. سەر پەرەستی محەممەد کەوتە سەرشانی باپیری کە جەرگی هەڵ قرچابوو. بۆیە یادگاری کوڕەکەی بە باشی چاوەدێری دەکرد. لە تەمەنی ٧ ساڵی لە شاری تکاب رەوانەی قۆتابخانەی کردو ٥ی سەرەتایی لەو شارە تەواو کرد پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن محەممەدی رەوانەی شاری زەنجان کرد. باپیری بەوپەری دڵسۆزییەوە خەرجی محەممەدی دابین دەکرد. محەممەد سێهەمی ناوەندی بوو کە شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوتو، هوروژمی لەشکریانی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو بۆ سەر کوردستانی ستەم لێکراو دەستی پێکرد، لەو سەروبەندەدا محەممەد زولفەقاری لە شاری تکاب گیراو ماوەی ٣ مانگ لە بەندیخانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئازارو ئەشکەنجە درا پاش ئازاد بوون لاوی تێکۆشەری کورد ماهییەتی ڕێژیمی تازەی بۆ دەرکەوتبوو لە لایەکی دیکە بەهۆی دراوسێ بوونی گوندەکەیان لەگەڵ شاری زەنجانو ئەو بێ حورمەتییەی کاربەدەستانی ڕێژیم دەرحەق بە کوردەکانی ناوچەی زەنجان رەچاویان دەکرد، بوو بە هۆی ئەوە محەممەد زولفەقاری لەگەڵ ستەمی نەتەوایەتیو زوڵمو زۆر ئاشنا بێو بە چاو دیتی کە گەلەکەی چۆن زوڵمی لێ دەکرێو بەچ شێوەیەک لە لایەن ڕێژیمی ئیسلامی پەلامار دەدرێ. بۆیە ئەویش بڕیاریدا شانبەشانی تێکۆشەرانی ریگای ئازادی تا لابردنی ستەمی نەتەوەییو گۆڕکردنی دوژمنانی سوێند خواردووی گەلی کورد خەبات بکا.

محەممەد ساڵی ١٣٥٩ بە شانازیو سەربەرزییەوە هاتە نێو ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو چەکی کوردایەتیو دیفاع لە کەرامەتو شەرەفی گەلەکەی لەشان کردو لە هێزی شەهیدانی هەوشار دەستی بە تێکۆشانو بەرێوەبردنی ئەرکە پیرۆزەکانی پێشمەرگایەتی کرد، محەممەدی قارەمان لاوی دڵپاکو

شۆڕشگێڕ زۆری پێ نەچوو ئازایەتیو شۆڕشگێڕ بوونی خۆی نیشاندا، کوڕێکی لەسەرخۆ، پێشمەرگەیەکی ئازاو کۆڵنەدەر، لەخۆبووردوو، بەنەزمو دیسیپلین بوو، بە چەشنێک بوو بە جێی باوەڕی هاوسەنگەرانیو خەڵکی ناوچەی هەوشار. ئازایەتی محەممەد بوو بە هۆی ئەوە بە سەرپەلی پەلێک لە پێشمەرگەکانی ناوچەی هەوشار دیاری کرا.

محەممەدی زولفەقاری لاوی تێگەیشتوو پێگەیشتووی حیزبەکەمان. کوڕی رەنجو زەحمەتکێش توانی بە لێوەشاویەکی زۆرەوە لەسەر پەلیدا ئەرکی خۆی زۆر بە باشی بەڕێوە بەرێ. قارەمانەتی ئەم رۆڵە تێکۆشەرە لە شەڕی فەیزوڵابەگی لە ساڵی ١٣٦١ی هەتاویدا بۆ هاوسەنگەرانی پتر دەرکەوت. لەم شەڕەدا محەممەد قارەمانانە هەڵی کوتایە سەر دوژمنو سەنگەر بە سەنگەر لەگەڵ دوژمنانی کوردستان شەڕی دەکرد. لەم بەربەرەکانییەدا محەممەد بریندار بوو، بەڵام دیسان کۆڵی نەدا هێزەکانی دوژمنیش لەم شەڕەدا دوو هاوسەنگەری برینداری محەممەدیان گەمارۆدا بوو. هەرچەند محەممەد خوێنی لە برینەکانی دەچۆڕا بەڵام شێرانە بۆ ڕزگاری ئەم دوو هاوسەرنگەرەی هێرشی بردە سەر دوژمنو بە فیداکاریەکی کەم وێنە کە تەنیا لەبوێرو قارەمانەتی کوڕی دێموکڕات دەوەشێتەوە توانی دوو هاوسەنگەرە بریندارەکەی لە گەمارۆی دوژمن رزگار بکات.

محەممەدی زولفەقاری پێشمەرگەی بە ئەمەکو وەفاداری دێموکڕات بێجگە لە ئەرکی سەر پەلی کاری دەرمانیشی دەکرد. لە سەنگەردا هەر لەو کاتەدا کە شەڕی دەکردو هێرشی دوژمنی بەرپەرچ دەدایەوەو هاوسەنگەرە برینداره‌کانیشی دەرمان دەکرد. مەیدان مەیدانی ئەو بوو رۆڵەی کوردی زەحمەتکێش لە مەیدانی کردەوەدا نیشانیدا چەندە لێوەشاوەو چەندە لە خزمەت گەلەکەی دابێ تەنانەت نیشانیدا کە ئامادەیە گیانیشی پێشکەش ڕێگای ڕزگاری گەلەکەی بکات، ئامادەیە بۆ لابردنی ستەمو چەوسانەوە، بۆ کامەرانیو بەختەوەری گەلەکەی سەرمایەی ژیانیشی بەخت بکات. بەم هۆیەو بەهۆی تایبەتمەندی شۆڕشگێڕانەی کە لە وجودی ئەم تێکۆشەرەدا هەبوو، بوو بە فەرماندەری لکی شەهید هەڵۆ لە هێزی شەهیدانی هەوشار دیاری کرا، ئەم لکە بە فەرماندەری لاوی تێکۆشەر محەممەد زولفەقاری دەیان عەمەلیاتی کەم وێنەو قارەمانانەی لە ناوچەکانی زەنجان، هەوشار، ڕێگای سەقز_ سنە بەڕێوە برد کە هەر یەکەی شانازییەکە بۆ حیزبەکەمانو زەبرێکە کە لە پەیکەری دوژمنی جەنایەتکارو کوردکوژ دەکەوت. هەر ساتێکو رۆژێک کە ڕادەبرد قارەمانەتیو راستیو دڵسۆزی محەممەد پتر خۆی دەنواندو زیاتر جێی لەنێو دڵی هاوسەنگەرانی دەکردەوە.

محەممەد سەنبولێک بوو لە قارەمانەتیو فیداکاریو نەترسیو راستیو دڵسۆزی بۆ هاوسەنگەرانی، هەر بۆیە ئەرکێکی قورسترو گەورەتریان پێ ئەسپارد. شیاوی ئەوە بوو کە بەرپرسایەتی جێگری فەرماندەری هێزی شەهیدانی هەوشاری پێ بسپێردرێ. محەممەد زولفەقاری لەو بەرپرسایەتیەشدا بە کردەوە نیشانیدا کە دەتوانێ بە باشترین شێوە ئەرکی پێ ئەسپێردراوی بەڕێوە بەرێو، پێشمەرگەکانی بە ڕێکوپێکی فەرماندەری بکا.

رۆژی ٣٠ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی دوژمنی جنایەتکارو خوێنڕێژی کۆماری ئیسلامی هێزێکی زۆری لە شارەکانی هەمەدان، زەنجان، کامیاران، مەریوان، تیکاب، سایینقەلا، سنە، دیواندەرە، بیجاڕ، سەقزو بۆکان کۆکردەوەو پەلاماری درندانەی بۆ سەر ناوچەی فەیزوڵابەگی هێنا، کوڕە قارەمانەکانی مەڵبەندی هەوشار حەماسە خوڵقێنەکانی چیاکانی ماینبلاغ و سووروسات سینگیان کردە قەڵغانی دیفاع لە شەرەفو کەرامەتی گەلەکەیان، هەر بۆیە دەستیان کرد بە دیفاعێکی سەختو قارەمانانە. هێزەکانی کۆنەپەرستی بە ئاورو ئاسن سەنگەری کوڕە دلێرەکانی دێموکراتیان دەکوتاو ناوچەی فەیزوڵابەگییان بەتەواوی گەمارۆ دابوو. شەڕ دەهاتوو گەرمتر دەبوو کوڕەکانی دێموکرات بەهەڵمەتو پەلاماریان شانازییان دەخوڵقاندو سەنگەری ئازادییان دەپاراست، پارێزەرانی ئازادی سەنگەر بە سەنگەر لەگەڵ بەکرێگیراوان شەڕیان دەکرد، خەڵکی زەحمەتکێشی ناوچەی هەوشار چاویان بریبوە تێکۆشەرانی دێموکرات کە چۆن لە ناوچەی فەیزوڵابەگی پارێزگاریان دەکرد. دوژمن ئاڵقەی گەمارۆی توندو تیژتر دەکرد پێشمەرگەکان کە بەڵێنیان بە گەلەکەیان دابوو لەرێگای گەلو ئامانجیاندا سەردانێن بەلام تەسلیمی دوژمنانی گەلەکەیان نەبن، هەربۆیە زۆر ئازایانە هێرشیان دەکردەوە سەر دوژمنو سەنگەرەکانیان لێدەستاندنەوە، لەشەڕێکی حەماسیو پرلە فیداکاریدا قارەمانانی دێموکرات توانیان زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە هێزی دوژمن بکوژن و ژمارەیەکیش بریندار بکەن. پێشمەرگەکان بە ئازایەتی توانیان گەمارۆی دوژمن لە شەرگەیەک تێک بشکێننو محەممەدی زولفەقاری لە گەمارۆی دوژمن ڕزگاری بوو چاوی بە دەستەیەکی دیکە لە پێشمەرگەکان کەوت کە لە گەمارۆی دوژمندان، بۆ تێکشکاندنی گەمارۆی دوژمن لەم شەرگەیەش هەڵمەتی قارەمانانەی بۆ سەر دوژمن دەست پێکرد بە فیداکاریو لەخۆبووردوویی لەگەڵ هاوسەنگەرانی توانی گەمارۆی دوژمن بشکێنن. لەم هێرشەدا بوو کە دڵی لاوی کۆڵنەدەرو تێکۆشەرو فەرماندەی بە توانا محەممەد زولفەقاری بە گوللەی جەنایەتکاران پێکراو دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت. بەمجۆرە شەهید محەممەدی زولفەقاری لە سەنگەرو حیزبەکەی، لە ئامانجو ڕێبازی، لەخەڵکی زەحمەتکێشی هەوشار لە ماینبلاغ و سووروسات و ئەمیرئاوا ماڵئاوایی کرد. لەم شەڕە خوێناویەدا لەرۆژی ٣٠ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی خوێنی محەممەد تێکەڵ بە خوێنی ١٨ پێشمەرگەی قارەمانی دیکەی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی هەوشار بوو کە لە سەنگەردا شەهید بوون، بەلام تەسلیمی دوژمن نەبوونو ئالای دێموکراتو کوردایەتییان بەخوێنی سوورو گەشیان شەکاوە ڕاگرت. بە شەهید بوونی ڕۆڵەی دێموکرات محەممەد زولفەقاریو هاوسەنگەرانی تەمی خەم ناوچەی هەوشاری دڵسۆزی داگرتو فرمێسکیان ڕشت تەنانەت یەکێک لە زەحمەتکێشانی ناوچەی هەوشار بەبیستنی ئەو هەواڵە دڵتەزێنە دڵی لەکار کەوت. تەمی ماتەم لوتکەی چیاکانی بەیانو سووروسات و ماینبلاغیشی داگرت بەلام ڕۆڵەکانی دێموکرات پێشمەرگە بوێرەکانی هێزی شەهیدانی هەوشار بە فیداکاریو

**لەخۆبووردووییەوە سەنگەری شەهیدانیان قایم‌و پتەو ڕاگرتو ڕێگای شەهیدانیان درێژە پێداوە پڕ بەدڵ هاواریان کرد دێموکڕات زیندویە، هێزی هەوشار زیندویەو ڕێگای شەهیدان تا سەرکەوتن درێژەی هەیە.**

---------------------------------------------------------------------




**هادی شامرادی**

**ئاوڕدانەوە لە ژیانی ئەو تێکۆشەرانە کە هەموو تەمەنی شیرینیان بۆ خۆشییەکانی نەتەوەکەیان دانا کارێکی بە نرخە، چونکی ئەوانە باشترین کاتەکانی ژیانیان لە پێناو سەربەستی گەلەکەیان بەخشی. لە نێو ئەو قارەمانانەدا زۆر هەبوون کە توانیان سوکانی خەباتی چەکداری بەدەستەوە بگرن‌و بە سەدان کەس لەو قارەمانانە تا ئاخرین دڵۆپی خوێنیان ئەو ئەرکە قورسەیان لە ریزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا بەڕێوە برد ئەوانە لە هیچ کەندو لەندێک نەپرینگانەوەو بەردەوام بۆ بەرەو پێش بردنی خەبات لەتێکۆشان دابوون. یەکێک لەو سەدان فەرماندە قارەمانە شەهید هادی شامرادیە کە تا دوا هەناسەی ژیانی‌و تا ئاخرین قەترەی خوێنی دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خەباتی کردو هەر لە پێناوی ئازادی‌و سەربەستی‌دا سەری دانا.**

**هادی شامرادی لەساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی لە گوندی قۆجەی سەر بەناوچەی هەوشاری خوێناوی چاوی بەدنیا ڕوون کردەوە، لە بنەماڵەیەک چاوی بە دنیا هەڵێنا کە هەژاری‌و ڕەنج‌و تاڵی ژیان تەنگی پێ هەڵچنی بوون. سەرەڕای ئەوەش هادی لە تەمەنی ٧ ساڵی‌دا کتێبی لە بن هەنگڵی ناو وێڕای منداڵانی هاوتەمەنی چوو بۆ قوتابخانە، بەڵام قوتابخانەو دەرس خوێندن نەی‌توانی سەرنجی هادی بۆ لای خۆی ڕاکێشێ‌و تەنیا تا پۆلی ٥ی**

سەرەتایی خوێند. بۆیە هەر زوو وازی لە قوتابخانە هێناو بەمجۆرە لە هاوپۆلەکانی هەڵبڕاو ڕێگای مووچەو مەزرای گرتە بەرو دەستی بە کارو کاسبی کرد.

کاتێک شۆڕشی گەلانی ئێران بە خەباتی یەک پارچەیی هەموو چینو توێژکانی کۆمەڵی ئێران سەرکەوتو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەست پێکرد، هادی دەستی دایە چەکی شەڕەفو لە هێزی شەهیدانی هەوشار بەرگی پڕ لەشانازی پێشمەرگایەتی پۆشی. هادی هەر لە سەرەتای هاتنی بۆ نێو ریزەکانی حیزب، دڵسۆزیو راستیو ئیمانو بڕوایەکی پتەوی لێبەدی دەکرا، کوڕێکی زەحمەتکێشو لاوێکی تێکۆشەر بوو، لەدڵو دەروونی هاوسەنگەرانی دابوو. هادی جارێک لە شەڕ لەگەڵ دوژمنانی کوردستاندا برینداربوو، بەڵام برینەکانی گەرماییو تینی خەباتی لە نێو دڵو دەروونی پڕ لەهەستیدا بەتینو بەهێزتر دەکرد. هادی شامرادی پێشمەرگەیەکی ژیرو رۆح سووک بوو. سەرتاسەری وجوودی ئیحساساتی شۆڕشگێڕانە بوو، ئازاو بە جەرگو نەترس بوو، ئیمانێکی قووڵی بە سیاسەتەکانی حیزبو ڕێبازی بزووتنەوەی گەلەکەی هەبوو. بە نەزمو دیسیپلین بوو، لە شەڕەکاندا هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەدا بوو. شەڕە حەماسییەکانی تورکانبلاغ، تیکاب، نێوشاری ساینقەڵا، گرتنی پێگەکانی ئاوبارە، ئەسکەندەری میانە نموونەیەکی چووکەن لە فیداکاریو قارەمانەتی هادی شامرادی. ئازایەتی ناوبراو بوو بە هۆی ئەوە وەک سەرپەڵو پاشان فەرماندەری لکو فەرماندەری عەمەلیات دیاری کرێ.

هادی بە هۆی نەترسیو ئازایەتیو لێوەشاوەیی لەو بەرپرسایەتییەش سەرکەوتوو هاتەدەر. تێدەکۆشا نەزمو ئینزباتی شۆڕشگێڕانە لە نێو پێشمەرگەکاندا جێگیر بکا. ناوبراو لەو ئەرکەدا ئەوپەری دڵسۆزیو لێوەشاوەیی لە خۆی نیشاندا.

هادی کاتێک دوو برای بەناوەکانی عەلیو محەممەد شەهید بوون ئەوی لەسەر وەدیهێنانی ماڤەرەواکانی سوورتر کرد دەریخست نیشانیدا کە لە ئاست دوژمندا قایمترەو قارەمانانە هەڵمەت دەباو شێلگیرانە لە شەڕەفو کەرامەتی خەڵک بەرگری دەکا. ئامادەیە گیان بەخت بکا، بەڵام سەر بۆ دوژمنی فاشیستو دژی بەمرۆڤی کۆماری ئیسلامی نەوی نەکا. هادی لە مەیدانی کردەوەدا ئەم راستییەی بۆ هاوسەنگەرانی سەلماند کە لەسەر داوای رەوای خۆی شێلگیرەو ئەویندداری ئازادیو رزگاریی گەلەکەیەتیو بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پیرۆزە قارەمانانە تێدەکۆشێو خوێنی براکانی کردە چرایەکی ریگای تێکۆشان.

هادی شامرادی پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی پتەوی لە ناوچەکەدا هەبوو خۆشەویستی خەڵک بوو. زۆرجار کیشەکانی خەڵکی چارە سەر دەکرد لەراستیدا کوڕی ناو خەڵکو هەڵ قوڵاوی نێو کۆمەڵانی خەڵک بوو.

ناوبراو لە گەڵ هاوسەنگەرانی لە سەرەخۆو رووخۆش بوو هەمیشە لە سەر سیاسەتە نەگریسەکانی دوژمنی وێرانکەری کۆماری ئیسلامی بۆیان دەدواو، هەمیشە ناوی ئازایەتی هادی لە سەر زاری خەڵک بوو داستانی


حەماسەکانی بۆ یەکتریان دەگێڕاوە.

هادی بەڵێنی دابوو شەو بخاتە سەر ڕۆژو هەدا نەداو نەسرەوێ. ئەو ڕێچکەی برا شەهیدەکانی بۆ سەربەستی مرۆڤایەتی گرتبوە بەرو، نیگای تاسەباری پیرە پیاوانی پشت چەماو، ڕەنجەڕۆیی دایکانی جەرگ سووتاوی ڕۆڵە کوژراو، هانی دەدا کە کۆڵ نەداو ورەی هەروا بەرز بێ.

ڕۆژی ٢٨ی ڕێبەندانی ساڵی١٣٦١ی هەتاوی ئاخرین قارەمانەتیو فیداکاری فەرماندەی خەباتگێڕ هادی شامرادی بوو کە لەو ڕۆژەدا لەنێوان ئاوایی‌یەکانی کووچەتەڵاو ئایاخچی لە حەماسەیەکی کەم وێنەدا زەبرێکی کاریگەریان لە دوژمن وەشاند، بەداخەوە لەوشەڕە قارەمانەیەدا خوێنی تێکەڵ بەخوێنی هاوڕێکی بەناوی وەهاب ڕەزایی بوو چوونە ڕیزی کاروانی شەهیدانی کوردستانەوە.

---

## هێزی بەیان




عوسمان دادخا

هەڵوەرینی گوڵێک لە باخچەی فەرماندەراندا

ئەگەر ئاوڕ لەمێژوو بدەینەوە پێموانیە لەو جیهانە پانو بەرینەدا دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرو خوێنخۆرەکان و دارودەستەکەیانی لێدەرچن، هیچ کەس هەبێ کە حەز لە شەڕو خوێنڕشتن بکاو تەنانەت هەر پێی خۆش بێ

باسی خوێن بکا. کوڕی کوردیش وەک هەموو ئادەمیزادێکی ئاشتیخوازی دیکە قەتی شەڕو خوێنڕشتن پێخۆش نەبوە، بەڵام مەخابن دایم بە سەریاندا سەپاندوە، ناچاریان کردوە بۆ مانی خۆی دەست بۆ چەک بەرێ و بەرگری لە خۆی بکا. لەو ڕێگایەشدا بەشێکی گەورە لە باشترین ڕۆڵەکانی بوونەتە قوربانی. مێژووی کوردان پڕە لە نموونەی ئەوتۆ. ئێمە منەتباری شەهیدەکانمانین، هەر بۆیەش لە بیریان ناکەینو یادیان دەکەینەوە. لە نێو ئەو باخچە سوورەدا دوای دەیان ساڵ لە شەهیدبوونی یادی عوسمان دادخا دەکەینەوە.

عوسمان دادخا زورجار دەهاتە گوندەکانو لاوانی لە دەوری خۆی کۆ دەکردەوەو قسەی بۆ دەکردن. ئەو دەیگوت" غەدر لێکراوانی گۆی زەوی لە ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتیدا لە پێناوی دابین کردنی ژیانێکی خۆش بۆ خۆیانو گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانیان واتە ڕزگاریی نیشتمانو دابین بوونی ئازادییو بە ئازادی ژیان، باشترین ڕۆڵەکانی خۆیان کردۆتە قوربانی. تەنانەت چەند جار دووبارەی دەکردەوە کە ئەگەر گەلانی بە ئاوات گەیشتوو شانازی بە رابردوو و مێژووی خەباتی خۆیانەوە دەکەنو هەست بە سەربەرزیو سەرفرازی دەکەن لە سایەی فیداکاریو خۆبەختکردنی ئەو مرۆڤە نەمرانەوەیە. هەر بۆیەش عوسمان قۆڵی لی هەڵماڵی بوو کە وڵاتەکەی ئازادی هەبێ. لەم ڕێگایەشدا یا سەر دەکەوێ یا سەر دادەنێ.

عوسمان دادخا ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی وەرزێرو زەحمەتکێشی گوندی عەمبار سەر بە ناوچەی" ئەحمەدی کۆڕی" بۆکان لەدایک بووە. لە تەمەنی ٧ ساڵیدا ڕەوانەی قوتابخانە کراوەو پۆلەکانی سەرەتایی بە سەرکەوتوویی تەواو کردوەو بۆ درێژەدانی خوێندن ڕەوانەی شاری بۆکان کرا. عوسمان بەهۆی ئۆگرییەکی زۆر کە بە خوێندن هەیبوو توانی پۆلەکانی دەورەی ناوەندیو دواناوەندییش بە سەرکەوتوویی تێپەڕ بکا. لەبەر ئەوە کە قوتابێکی ڕێکوپێکو زیرەک بوو هەموو مامۆستاکان خۆشیان دەویست. کاتێک خۆپێشاندانەکانی لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی دەستی پێکرد عوسمان بە چاو و گوێی کراوەوە لە خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا بەشداریی کردو ڕۆڵی بەرچاو و سەرەکیی لە ڕێکخستنی خۆپێشاندانەکاندا هەبوو. هاوکات لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ دیپلۆمی وەرگرتوە.

بە ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکڕاتو دامەزرانی ڕێکخراوی حیزبی لە شاری بۆکان، عوسمان پێوەندیی بە یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتەوە گرتو وەک لاوێکی شۆڕشگێڕ تێکۆشانی خۆی دەست پێکرد. لە زۆربەی مەئموورییەتەکانی یەکیەتیی لاواندا بەشداری کردوە. عوسمان لە ماوەیەکی کورتدا ئەوەندەی لێهاتوویيو دڵسۆزی لە خۆی نیشان دابوو کە بتوانێ ساڵی ١٣٥٩ لە کۆنفرانسی کومیتە شارستان بە ئەندامی کومیتە شارستان هەڵبژێردرێ. دوای هەڵبژێرانی لە بەشی کۆمەڵایەتی کاری پێ سپێردرا. لەو ماوەیەدا کە بۆکان لە دەستی هێزەی پێشمەرگە دابوو عوسمان بەوپەڕی تواناوە گیروگرفتەکانی خەڵکی چارەسەر دەکرد. هەر بۆیە لەم بوارەشدا توانی هەر زوو متمانەو ڕێزو خۆشەویستیی خەڵکو هاوڕێیانی بۆ لای خۆی ڕاکێشێ.

ئەگەرچی عوسمان کادری سیاسی بوو، بەڵام هەرکات شەڕ لە نێوان هێزی ڕێژیم‌و پێشمەرگەدا رووی دەدا زۆر زوو خۆی دەگەیاندە بەرەکانی شەڕو شان بەشانی پێشمەرگە شەڕی دەکرد.

هەست کردن بە مەسئولیییەت، بردنە سەری ئاگای سیاسی، خاکی‌و خەڵکی بوون، بوێری‌و سەراحەت قسەکردن، لەسەرەخۆو بەئەخلاق، فێربوون‌و فێرکردن لە تایبەتمەندییەکانی ناوبراو بوو.

بە دەست پێکردنی هێرش بۆ سەر شاری بۆکان لە سەر داخوازی خۆی چووە نێو هێزی پێشمەرگەو لە هێزی بەیان سازمان درا. عوسمان ڕۆڵەیەکی ئازاو تێکۆشەر بوو، بە چەشنێک کە لە ماوەیەکی کورتدا جێگای خۆی لە نێو دڵی هاوسەنگەرانی‌دا کردەوە. لە شەڕەکانی ناوچەدا بەشداریی چالاکانەی کرد. ئەو هەمیشە لە سەنگەری پێشەوە دابوو. ئازایەتی‌و فیداکاری عوسمان بوو بە هۆی ئەوە کە وەک سەرپەل دیاری بکرێ. لەو بەرپرسایەتییەشدا سەلماندی کە لێوەشاوەیی ئەو پۆستەی هەیە. بە سەرپەلی عوسمان چەندین عەمەلیاتی قارەمانانە لە ناوچەی بۆکان بەڕێوە چوو. لێهاتوویی، فیداکاری‌و ئازایەتیی عوسمان بوو بە هۆی ئەوە کە وەک فەرماندەری لکی ٣ی هێزی بەیان دیاری بکرێ. ئەو لەشکاندنی ستوونی ٨٠١ی شیراز، شەڕە حەماسیەکانی نێو شاری بۆکان، شەڕی جادەی بۆکان ـ مەهاباد، جادەی سەقز ـ بۆکان، گرتنی مۆڵگەی قۆچاغ‌و شەڕی شاریکەندو چەندین شەڕی گەورەو بچووکی دیکەدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو. لەشەڕ لەگەڵ دوژمن چەند جار بریندار بوو بە تایبەتی لە نێو شاری بۆکان کە برینداریش بوو ئازایەتی ناوبراو هیچکات لەبیر ناچێتەوە.

ئەو لە بواری سیاسیش‌دا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پلەی زانیاری خۆی بەرەو سەر دەبردو هەوڵیشی دەدا چەندی لە توانای دایە لە بارهێنانی سیاسیی هاوڕێیانی‌دا نەخشی هەبێ.

عوسمانی دادخا بەهۆی لێوەشاوەیی لە بەهاری ١٣٦٢ی هەتاوی‌دا بوو بە جێگری هێزی هەژار سەر بە دەفتەری سیاسی. لەو پۆستەش‌دا دڵسۆزی‌و لێوەشاوەیی خۆی وەک جاران نیشان دایەوە.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو ناسینەوەو متمانەیە کە لەسەر عوسمانی دادخا وەدەستی هێنابوو سەرئەنجام دوای شەهید بوونی فەرماندەری قارەمان ئێقباڵی کەرێم نەژاد بە فەرماندەری هێزی شەریفزادەی دیاری کرد. کاتێک حوکمی فەرماندەریی هێزی شەهید شەریفزادەی وەرگرتو بەرەو ناوچەی سنە وەڕێکەوت هەستی خوشحاڵی هەموو وجودی داگرتبوو. هەرچەند شارەزای ئەو ناوچەیە نەبوو، بەڵام قۆڵی لێ هەڵماڵی چونکە بە باشی دەیزانی چ بەرپرسایەتییەکی کەوتۆتە سەرشان. عوسمان بە ئاواتەوە بوو لەو مەیدانە نوێ‌دا لێهاتوویی‌و قارەمانەتیی خۆی نیشان بداتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو دەرفەتەی دەست نەکەوت. تازە ٣ مانگ لە تێکۆشانی عوسمان دادخا لە هێزی شەریفزادە تێدەپەڕی کە تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی کوردستان بوو.

رۆژی ١٨ی خەزەڵوەر عوسمان دادخا لەگەڵ ٦ کەس لە هاوسەنگەرانی بۆ شناسایی پێگەو دامەزراوەکانی ڕێژیم دەچنە ناوچەی حوسێناوەی سنە. لە گەڕانەوەدا شەویان بەسەردادێ‌و لەگوندی "کێلەچەرموو" دەمێننەوە. بەداخەوە بە هۆی خۆفرۆشانەوە دوژمن هەست بەبوونیان لەو گوندە دەکاو سەعات ٣ی نیوەشەوی ١٩ی خەزەڵوەر دەوری ئەو گوندەو بەتایبەتی شوێنی مانەوەیان دەدەن‌و هەوڵ دەدەن کە بەدیلیان بگرن. بەڵام ئەوان لە مەیدانی خەباتو تێکۆشاندا فێر بوون کە خۆڕاگر بن، بۆیە سەنگەر لە دوژمن دەگرن‌و شەڕێکی نابەرانبەر دەست پێ دەکا. پاش دوو سەعات شەڕ دەستەو یەخە بەداخەوە عوسمانی‌دادخا فەرماندەری هێزی شەریفزادە لەگەڵ ٦ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی: سەید ئەمیری عەبدی فەرماندە لک، محمد ڕەحیمی جێگری لک، سەید خالید حوسێنی سەرپەل، سمایل ناسری پێشمەرگەی ئەرکانی هێز، وەستا ساڵح ناسری پێشمەرگە، محەممەد ساڵح تەهماسبی پیشمەرگە شەهید بوون‌و ڕێگای خەباتیان بە هاوسەنگەرانیان سپارد. هەرچەند شەهیدبوونی دوابەدوای یەکی، دوو فەرماندەر لە ماوەی سێ مانگ بەتایبەت بۆ پێشمەرگەکانی هێزی شەریفزادە داخێکی زۆر گران بوو، بەڵام پێشمەرگەکانی ناوچەی سنە نەک وەرەیان بەرنەدا بەڵکوو چەندین عەمەلیاتی ئازایانەیان بە یادی ئەوان بەڕێوە بردو یادی فەرماندە شەهیدەکانیان هەمیشە زیندوو ڕاگرت.

---




**حەسەن جەمشیدی**

سەعات ٥ی ئێوارێ پێشمەرگەکانی لکی یەک لە عەزیزکەندەوەو، لکی دوو لە ئاڵێکەندەوە بەرەو گوندی هەباساوە ریزیان بەستبوو هەموو لەوێ کۆبوونەوە، بە تێکەڵ بوونی هەر دوو لکەکە هەست دەکرا بە

عەمەلیاتی گەورە. لە مەزگەوتی ئاوایی کۆ بووینەوە سەرهەنگ چیا وەک فەرماندەری هێز قسەی لەسەر ئەو عەمەلیاتەی کە لە پێشمان بوو دەدوا، لە هەر دوو شانی دوو کەس دانیشتبوون، حەسەن جەمشیدیو قاسم باقی، کە ئامانج لەو قسە کردنە حەسەنی جەمشیدی وەک فەرماندەری ئەو عەمەلیاتە دیاری کردو گوتی"با دڵنیاتان بکەم کە پایەگا دەگیرێ تەنانەت هەواڵەکەش بۆ رادیۆ ئامادە کراوە چونکی فەرماندەکانتان کوڕی ئەو نیشتمانەن، پارێزەری ئاوو خاکو نیشتمانن، بۆیە سڵاو لە هەمووتان، سڵاو لەو دایکانەی کە کوڕی ئەوتۆی بە گەلەکەی بەخشیوە"

بە سلاو لەو دایکانەی کە جگەر گۆشەکەی بە گیانو بە دڵ گەورە کردو پێشکەش بە بارەگای دایکی نیشتمانی کرد رۆڵەکەی کردە پردە باز بە گەیشتن بۆ ئازادی، سڵاو لەو دایکانەی کە ئازیزترین جگەرگۆشەیان رەوانەی کۆڕی خەبات کردو ئەسبی مرادیان بۆ زین کردنو رەختو فیشەک دانیان لە قەد کردنو بە چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە لە باوەشی دایکی نیشتمانیان هاویشتن، ئەوە بۆ تۆ دایکی دڵ سووتاوم، چاو لێ دەکەم بەرەو ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەی کاروانی شەهیدانی کوردستان لە بۆکان، بووکی رازاوەی موکریان، یادی رۆڵەی پارتیزانی نیشتمان، یادی تێکۆشەری خاوەن بڕواو ئیمان، رۆڵەی بەوەجو شایستەی حیزب، یادی پارتیزانی دەشتی موکریان حەسەنی جەمشیدی دەکەینەوە.

حەسەن جەمشیدی ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی لە گوندی قەلاجوغە لە بنەماڵەیەکی هەژار لەدایک بووە. بەرەبەرە کە گەورە بوو رەوانەی قوتابخانە کرا. تا پۆلی ٦ی سەرەتایی دەرسی خوێند. بەهۆی نەداریی بنەماڵەکەی رێگای خوێندنی لێ بەسترا. دواتر ماڵیان بەرەو شاری بۆکان کۆچی کردو لەو شارە گیرسانەوە.

حەسەن جەمشیدی ژیانی منداڵیو لاویی بە رەنجو کوێرەوەری تێپەڕ کرد. بە تێکەلاوی پەیدا کردن لەگەڵ خەڵک زیاتر وەزعییەتی نالەباری ژیانی ئەوانی بۆ روون بۆوەو هەستی بە زوڵمو زۆری دەسەلاتدارانی حاکم بەسەر ئێراندا کرد. دواتر کاری شۆفیری تاکسی کردە پیشەو، تا سەرکەوتنی راپەڕینی گەلانی ئێران ئەو کارەی درێژە پێدا.

دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانو ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزب، حەسەن جەمشیدی لە سەرەتای ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی هاتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتو تێکۆشانی سیاسیی خۆی دەست پێکرد. بە دەست پێکردنی شەڕی سێ مانگە لێوەشاوەیی خۆی نواندو لەمانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٨ وێڕای کۆمەڵێک قارەمانی دیکە یەکەم مووشەکی ئارپیجی لە مەکتەبی قورئان داو لە مەڵبەندی موکریان هێزی کۆنەپەرستیان لەشاری بۆکان وەدەر ناو شاری بۆکانیان بە هێزی باسکی خۆیان ئاوەدان کردەوەو بۆ ماوەی دوو ساڵ خەڵکی ئەو شارە هەوای ئازادی هەڵمژی.

پێشمەرگەی شاری بۆکان، هەموو مەردو قارەمان پاکی رۆڵەو خانەدان، حەملەیەکی جوانیان کرد لەبۆ مەکتەبی قورئان، یا حوسێن حوسێنی پاسدار، دەچوو بۆ تەشقی ئاسمان. ( گۆرانی رەسووڵ نادری)

سەرەتای پاییزی ساڵی ١٣٦٠ کە بۆ جاری دووهەم هێزی دوژمن شاری بۆکانی داگیر کردەوە حەسەن وەک پارتیزانێکی بە ئەزموون زۆر جاران رووی لەشار دەکردەوەو زەبری لەدوژمن دەوەشاند. بەهۆی لێوەشاوەیی‌و فیداکاری وەک سەرپەلی پەلێک لە پێشمەرگەکان دیاری کراو پاشان بوو بە فەرماندەری لکی یەکی هێزی بەیان.

حەسەن جەمشیدی لە کەمترین ماوەدا نیشانیدا کە توانای ئەو مەسئوولییەتەی هەیەو فەرماندەرێکی باش‌و خاوەن تەرحو گەڵاڵەی سەرکەوتووانەیە. تەنیا لەماوەی یەک ساڵدا ٤ جار هێزی قارەمانی١١٠ی بەیان بە شارەزای‌و لەخۆبووردوویی حەسەن جەمشیدی چوونەوە ناوشاری بۆکان‌و هەر جارێ زیاتر لە ١٢ سەعات شاریان لە هێزی داگیرکەر دەکردە گۆڕستان.

شەڕەکانی ناوچەی بۆکان، گرتنی پایگای قۆچاغ، شەڕی جادەی بۆکان - سەقز، شاریکەندو قەرەکەند، داربەسەر، بە فەرماندەری ئەو بەڕێوە دەچوون. تێکشکانی گوردانی٨٠١ی هەوابوردی شیراز وێڕای٤ فەرماندەری دیکە شەهیدان: قاسم باقی، عەلی باڵدارو عوسمان دادخاو خوالێخۆشبوو کاک چیا، تەنیا بە ٢٧ پێشمەرگە ستوونێکی زەبەلاحیان لە جادەی بۆکان میاندواو، لەرۆژی ٥ی بەفرانباری ساڵی١٣٦٠ لە ناو ئاوایی حوسێن‌مامە، لێک بڵاو کرد، ئەو حەماسەیە لاپەڕەکانی زێڕینی قارەمانەتی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان رازاندەوە. ناوی حەسەن جەمشیدی وەک قارەمانێکی بوێرو ئازای دێموکڕات ببوو بە وێردی سەر زمانی کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکانی بۆکان‌و، ببووە نموونەی پێشمەرگەیەکی باش‌و ماموستایەکی پارتیزانی ناوچەکانی موکریان. با ئاوڕێک لە مێژوو بدەینەوە بزانین شەهید دوکتور قاسملوو بۆ تێکشکانی ستوونی ٨٠١ی هەوابوردی شیراز لە حوسێن‌مامەی بۆکان چی بۆ قارەمانانی مەڵبەندی موکریان نووسیوە.

"بەڕێز هێزی ١١٠ی بەیان

دەنگو باسی سەرکەوتنە گەورەکانی ئێوە لە خەباتی دژی سەرکوتکەرانی رێژیمی دژی گەلی خومەینی لە ناوچەی بۆکاندا بۆتە هۆی دڵگەرمی‌و شانازی هەموو خەڵکی کوردستان‌و بە تایبەتی ئەندامان‌و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات.

بەشدارانی پلینۆمی کومیتەی ناوەندی بە ئەرکی سەر شانی خۆیان دەزانن کە بەم بۆنەوە رێزتان لێ بگرن‌و سڵاوی گەرمو شۆڕشگێڕانەی خۆیان پێشکەشی ئێوە رۆڵە حەماسە خوڵقێنەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌و

گەلی کورد بکەن، هیوادارم کە لە داهاتووشدا شێوەی خەباتی قارەمانانەی ئێوە کە بریتییە لە، دیقەت لە دارشتنی گەلاڵەی عەمەلیات، دیقەت لە ئیجرای عەمەلیاتو، دیقەت لە لێکۆڵینەوەو گوزاریش لە نەتیجەی عەمەلیات، ببێتە هۆی رێنوێنیێکی باش بۆ هەموو پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبی دێموکرات.

ژمارە: ١٥٤

پلینۆمی مانگی جۆزەردانی کومیتەی ناوەندی حیزب

رێکەوتی: ١٣٦١/٣/١٧

ئیمزا: د. قاسملوو"

حەسەن جەمشیدی خاوەنی خوو رەوشتی شۆڕشگێڕانە بوو، لە کورەی ژیانی سەختو دژوار داو، لەمەیدانی ٣ساڵ شەڕو بەربەرەکانیدا قاڵ ببوو، خارابوو، چقڵی چاوی دوژمنی داگیرکەر بوو، ترسو دڵەخورپەی دەخستە ناو دڵی هێزی رێژیمەوە، ناوبراو ماندوو بوونو ترسو مردنی نەدەناسی. ئەو فەرماندەرێکی کارامە، لێوەشاوە، لێهاتوو، لەکلْ دەرهاتوو بوو. هاورێکانی، خەڵک، تەرەغە، نالەشکێنە، رێگاکان، تفەنگە دەسکەوتەکان، ستوونە تێکشکاوەکان، هەموویان شاهیدی بۆ ئەوە دەدەن حەسەن جەمشیدی پێشمەرگەو فەرماندەیەکی هەڵکەوتووی حیزب بوو، خۆشەویستی ناوخەڵک بوو، هاورێیانی بەنەزمو دەرسی لەخۆبووردوویی فێر دەکردن.

حەسەن جەمشیدی لە بواری سیاسیش دا کادرێکی ئاگاو بە ئەزموون بوو. جگە لەوانە ئەو ئینسانێکی بە حەوسەلەو قسە خۆش بوو، هەر بۆیە توانیبووی جێگای خۆی لە نێو دڵی هەموو پێشمەرگەکاندا بکاتەوە. ئەو تایبەتمەندییانە بوونە هۆی ئەوە لەهاوینی ١٣٦١ وەک جێگری هێزو فەرماندەری عەمەلیات دیاری کرا، لە ڕاستی دا ئەو هەم کادرو هەمیش فەرماندەرێکی دڵسۆزو هەڵسووڕو چالاک بوو.

حەسەن کاتێک کۆبوونەوەی بۆ بەڕێوە بردنی عەمەلیاتێک دەگرتو قسەی بۆ پێشمەرگەکان دەکرد دەیکوت" هێزی خەڵک ئێمەین، ئێمە بە خەڵکەوە دەژین بۆیە تا خەڵک هەبێ ئێمەش هەین، ژیان بۆ خەڵکە، بۆیە ئەگەر شەهیدیش بین هەر سەربەرزین لەناو میللەتدا هەمیشە بەسەر بەرزی دەمێنینەوە." (ئازا سەکری بەم شێعرە ئاوا دەڵێ)

| | |
|---|---|
| موکریان سوورە حەساری ژوانە | بووکی جوان و بەدەوی بۆکانە |
| مەکتەبی ژینی پڕی گیانبازە | فێرگە پڕ دەوری قوتابی تازە |
| دوای گەڕی دووکەڵ وخوێن وئاگر | بووکی ژینم دێتە چیای خۆڕاگر |
| ئالەشین بووکی حەماسەو خوێنە | ئەربەنووس، بەژنی بە خوێن بژوێنە |
| لە سەراو بەرزی سەران بەرچاوە | چیمەن ومێرگی بەخوێن نەخشاوە |

نۆرەی ئازایەتی حەسەنجەمشیدی بوو گەلێ مەیدانی حەماسەی دیبوو.

رۆژی ٥ی بەفرانبـاری سـاڵی١٣٦١ی هەتـاوی لەوەهـا رۆژێـکدا، کە بەفـر لـووتکەی چیاکـانی کوردسـتانی داگرتبوو، سەرماو سۆڵ، شارو دێو دەشتو پێدەشتەکانو چیاو دۆڵو لێرەوارەکانی کوردستانی دەبڕی، بەفری دەشتی ئاڵەشین لە ئەژنۆ سەر کەوتبوو پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی لکی یەکو دوو لەهێزی١١٠ی بەیان بە پێی بەرنامەیەکی رێکوپێک بە فەرماندەیی حەسەن جەمشیدی بۆ سەر مۆڵگەی رێژیم لە گوندی "سەراو" لە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان، لە سەعاتی ٧ی بەیانی بە بڕیاری فەرماندەی بەتوانا هێرش دەستی پێکرد لەم هێرشەدا کە ئاخرین نموونەی فیداکاریی حەسەن جەمشیدی بوو کە لەودا ٢٥کەس لە هێزی رێژیم کوژرا. بەداخەوە حەسەن جەمشیدی کەوتە بەر گوللەی داگیرکەرانو بوو بە خوێنبەهای ئەم سەر کەوتنەو لە گۆڕەپانی بەرەنگاری لە ئاو و خاکەکەی سەری دانا.

بۆ بەیانی رۆژی دواتر هێزی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی لە میاندواو هێزێکی زۆریان ناردە ئـاوایی "سەراو"، کە هەر کەسیان لەکۆڵانو شەقام دیتبوایە بەر دەسرێژیان دەداو ٦کەسی بێ تـاوان خەڵکی گونـدی "سەراو" بە ناوەکانی یوسف زەنجەفیلی، عەلی محەممەدی، مستەفا مامەولودی، حەلیممام حوسێنی، سەعید شابازیو ئایشێ شابازی شەهیدیان کردن، کاتێک جەنازەکان لە مزگەوت دانرا بوون ئایشێ شابازی منداڵێکی ٤ مانگەی بوو خەڵکی ئاوایی شاهیدی ئەوەن کە منداڵەکە مەمکی دایکی بێ گیانی دەمشت، جنایەتێک کە بۆ کۆماری ئیسلامی تازە نەبوو هەر رۆژێ جنایەتێکی بەو شێوەیە لە کوردستان بەڕێوە دەبرد.

بەمجۆرە حەسەن جەمشیدی فەرماندەو مامۆستای پارتیزانەکانی حیزب لە ناوچەکانی بۆکان، فەرهادتـاش، ئاڵەشین، ئەحمەدیکۆر، تورجانو پیرمحەممەد شەهید بوو، بەڵام ناوی، ئـازایەتی، وتەکانی، دەرسەکانی، بۆ هەمیشە بوونە مایەی گوڕو تین بەخشین بە کاروانی خەباتی حیزبو خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ژیانو خەباتی بووە سەر مەشقی ژیانو خەباتی قوتابییەکانی و تێکۆشەرانی دێموکڕات، لە هێزی ١١٠ی بەیان.

بۆکانی! وەرن بڕوانە ئەو کاروانە خوێنینە، لەشامات تا حەمامیانو تاراوە، برایمۆف هەڵۆی هەرمانە،
بۆکـانی! شـارو دێـت، قەلبـی خەبـاتو خـوێنە، قەرەکەنـد سـوورە بە خـوێنی جەمـاڵی بەهرامـیو مەحمـوودی سوڵتانی،

ئەربەنـــووس! بـــۆ ٨ قارەمـــانی، بەژنـــی بە خـــوێن نەخشـــینە، کـــوا لە ئەژمـــار دێ فیـــداکارانی. لکێک پێشمەرگە، لە هۆرتەکەنـدو ئەربەنووسەوە بەرەو بـاغڵووجە دێـن، قاسم بـاقی سەرگوڵیانە، دەستەیەک پێشمەرگە لە حوسێنمامەوە بەڕێوەن کاک کەریم پێشەنگیانە.

لەدەشتی قارەمانان ٢٥ لاوی لە خوێن داشەڵاڵ سەریان ناوەتەوە، چرچەو تـاهیر خزری پێشڕەویانە.

پۆلێک هەڵۆی بەرزەفڕ لە نێو خورشیدیەکانەوە بەرەوە ناڵەشکێنە شۆڕ بوونەوە وەستائەحمەد سەرتۆپیانە.

شاری بۆکانی بە هێزو تینم، سوورە رێی سووری شەهید ئەفشینم!

کاک سەرگورد؟، ئەحمەدی خزریو عەلی وەهاب،! ناسری باریکو سەعدوون بارزان،! رەحمان بۆردزێلو محەممەدی عەلیزادە،! قارەمانیکی زامدار میوانتانە! لە"سەراو"ی محەممەدحوسێنی قازیەوە هاتووە.


خوێنگرانی گەڕەکێ دیارن پارتیزانانی تەیاری شارن

کۆوەبوون هاتنە دەرێ هاواڵان دەست لەمل بوونو لەدەورم هاڵان.

لە تەرەغەی سەربەرزەوە ولاَمت بۆ دەنێرمەوە،

شەهیدبوونم شانازییە هاوڕێ رەنگ بێ نەتبینمەوە.

---




محەممەد برایم‌ئۆف

زستانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی زۆر سەختو بەستەڵەکو بەفرو تووش نەبوو، هەربۆیە پێشمەرگە لە زۆر جێگای مەڵبەندی موکریانو، بە تایبەتی لە جادەی میاندواو بۆکان کردیانە گۆڕستانی دوژمنان. لەو ناوچەیەدا چەندین عەمەلیاتی باشو رێکو پێکو بە بەرنامە بەڕێوە چوو، لەوانە سێ جار چوونە سەر پایەگای گوندی نۆبار، دوو جار لێدان لە هێزەکانی رێژیم لە باغی ئەحمەدی لە سەر ئەو جادەیەو سێ جار لە نزیک قەبرەکانی قەرەمووساڵی هەر لە سەر ئەو جادەیەو, سەرئەنجام لە کورەخانەکانی ساروقامیش لە نزیک میاندواو عەمەلیاتێکی گەورە کرا. محەممەدی برایمۆف لە هەموو ئەو عەمەلیاتانەدا فیداکاریی زۆری لە خۆی

نواند. برایمۆف سینگی ببووە دەریای بیرەوەری، بیرەوەریی خۆشو ناخۆشی ڕۆژانی پێشمەرگایەتی، شەهیدانی هاوڕێی کە ئەوانەی لەو زستانەدا شەهید بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی لەو زستانەدا بە هێزی ڕێژیمیان کرد، لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژووی پێشمەرگەکانی ئەو مەڵبەندەیە.

برایمۆف لەو شانازییانەدا بێبەش نەبوو. لێوەشاوەیی، ئازایەتیو تێگەیشتوویی بەرزی وای کرد کە خۆشەویستترینو قارەمانترین فەرماندەی ئەو مەڵبەندە بێ. لە فەرماندەرانی شەهیدی ئەمجارە، یادی ئەو رۆڵە هەڵسووڕو لەخۆبووردوویە دەکەینەوە.

محەممەد برایمئۆف لە ساڵی ١٣٢٨ی هەتاوی لە گوندی حەمامیانی ناوچەی بۆکان چاوی بە دونیای پڕ لە زەحمەتو کوێرەوەری پشکوتو لە ئامێزی گەرمی دایکی زەحمەتکێشی لە نێو سروشتی جوانی کوردستانی خۆشەویستدا گەورە بوو. ژیانی تێکەڵاو لەگەڵ زەحمەتو کوێرەوەریو چەوسانەوە بوو، محەممەد بەهۆی هەژاریو دەستکورتی بنەماڵەکەی وەک زۆربەی منداڵانی گوندەکانی کوردستان لە خوێندنو چوون بۆ قوتابخانە بێبەش بوو، بۆیە بەناچار هەر لە منداڵییەوە شانی دایە بەر کارو لە مووچەو مەزرادا خەریکی کاری سەختی وەرزێڕی بوو. لە تەمەنی ١٨ ساڵاندا بوو کە ژاندارمەکان بەربینگیان پێگرت کە دەبێ بچێتە سەربازیو بە زۆری ڕەوانەی سەربازخانە کرا. باوکی بەتەنیا مایەوە ناچار بوو پتر خۆماندوو بکا تا بتوانێ هێزی کاری کوڕەکەی لە مووچەو مەزرا قەرە بوو بکاتەوە. برایمئۆف لاوێک بوو ناحەقی لەکەس قبووڵ نەدەکرد لە بەرامبەر زۆرداراندا زۆر توندو تیژ بوو هەر بۆیە لە ماوەی دوو ساڵ خزمەتی ئیجباریدا چەند جاران لە سەربازخانە ڕای کرد. هەموو جارێ ژاندارمەکان زۆریان بۆ بنەماڵەو باوکی پیری دەهێنا بە لە ژێر فشارنانی باوکی برایمئۆفیان دەگرتەوەو ڕەوانەی سەربازخانەیان دەکردەوە. ئەو پاش تەواو بوونی خزمەتی ئیجباری بۆ دابین کردنی ژیانی بنەماڵەکەی لەگەڵ چەند هەواڵێکی دیکەی پەڕیوەی شارەکانی ئێران بوو. لە شارەکانی تارانو ڕەفسەنجان بۆ ماوەیەکی زۆر خەریکی کرێکاری بوو.

هەرچەند برایمئۆف سەوادی نەبوو، بەڵام چاو و گوێی بە تەواوی کرابۆوە بە تایبەت بە مانەوەی لە شارەکانی دیکەی ئێرانو سەربازی کردن هەستی بە چەوسانەوەو زوڵمو زۆرو جیاوازی کرد بوو، هۆی هەموو ئەو کەمو کوڕیانەی لەحکوومەتی حەمەرەزاشادا دەدی. هەربۆیە کاتێک دەگەڕایەوە گوندی حەمامیان هەموو ئەو جیاوازییانەی کە بەرچاوی کەوتبوو بۆ لاوەکانی ئاوایی دەگێڕایەوە. لە ژیانی پڕ لە چەرمەسەری زۆربەی زۆری خەڵکی ئێرانو ژیانی پڕ لەخۆشیو کامەرانی ژمارەیەکی بەرچاوی دیکەی بۆ خەڵک باس دەکرد. بە زمانێکی ساکار، کەموکوڕییەکانی دەست نیشان دەکرد. هەموو ئەوانەش بوونە هۆی ئەوە کە چالاکانە لە خۆپێشاندانەکانی دژی ڕێژیمی پاشایەتی لە شاری بۆکاندا بەشداری بکا. محەممەد برایمئۆف پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویو دەست پێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی

کوردستانو دامەزراندنی رێکخراوی حیزبی لە شاری بۆکان، بێ سێو دوو لێکردن چووە نێو ریزی پێشمەرگەکانی حیزبەوەو بەرگی پڕ لەشانازی پێشمەرگایەتیی پۆشی. برایمئۆف رۆڵەیەکی گورجو گۆڵو هەڵسورو ئازا بوو. بە بەشداریکردنی چالاکانەی لە شەڕی ناوچەی هەوشار دا ئازایەتیی خۆی سەلماندو لە شەڕ لەگەڵ دوژمن چەند جار بریندار بوو. بەڵام هەموو جارێ پاش ساڕێژبوونەوەی برینەکەی دەگەڕایەوە سەنگەری ئازادیو بە بێ ئەوەی تۆسقاڵێک لە ورەی کەم ببێتەوە.

هەڵسووڕیو ئازایەتی محەممەد برایمئۆف بوو بە هۆی ئەوەی کە بە سەر پەلی، پەلی"هێرۆ" لە لکی دوو دیاری بکرێ. هاوسەنگەرانو خەڵکی ناوچەکانی چۆمی مەجیدخان، ئاڵەشین، پیرمحەممەد، شاماتو شارویران برایمئۆفیان وەک پێشمەرگەیەکی نموونەو قارەمان دەناسی. برایمئۆف لە هەموو شەڕەکانی ناوچەی بۆکان چالاکانە بەشداری هەبوو، لە تێکشکانی ستوونی ٨٠١ی شیراز لە جادەی بۆکان - میاندواو لە رۆژی 5ی ڕێبەندانی ١٣٦٠ی هەتاوی رۆڵی سەرەکییو بەرچاوی گێڕا کە یەکەم مووشەکی ئارپیجی لە پێشی ستووندا، شەڕی هۆرتەکەند کە زۆر بە توندی بریندار بوو پایەگای قۆچاغ، گوندیئۆبار، هەموو شەڕەکانی نێوشاری بۆکان کە لەوێش جارێکی دیکە بریندار بۆوە، شەڕەکانی جادەی بۆکان- میاندواو، لەشەڕی ئەربەنووس حەماسەی خوڵقاند، جیا لەوە لە هەموو کەمینەکانو شەڕە حەماسییەکانی ناوچەی بۆکاندا قارەمانی مەیدان بوو، هەر بۆیە هێزەکانی دوژمن زەندەقیان چوو بوو. بە بیستنی ناوی دڵە خورپەیان دەکەوتە دڵەوە. فیداکاریو قارەمانەتیی ئەو شێرە کوڕە بوو بە هۆی ئەوەی بە فەرماندەری لکی دووی هێزی بەیان دیاری بکرێ. بەهۆی نەزمو فەرماندەریی بەڕێو جێی برایمئۆف ئەنجامی عەمەلیاتی شۆڕشگێڕانەو قارەمانانە، لکی دووی هێزی بەیان بە لکی قارەمانان ناوبانگی دەرکرد. برایمۆف لە کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستانی بۆکان بۆ کۆنگرەی ٦ دەنگی متمانەی پێدراو لە کۆنگرەی ٦ی حیزب بەشدار بوو.

رۆژی ١٣ی رەشەممەی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی ستوونێکی گەورەی نیزامی رێژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاری میاندواو ڕا پەلاماری پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو لکی دووی هێزی شەهید پێشەوای لە ئاوایییەکانی جەعفەرئاواو دێمەسوور لە ناوچەی شامات دا. لە شەڕێکی کەم وێنەدا کە ١١ کاتژمێری خایاند زیاتر لە ١٢٠ کەس لە هێزی دوژمن کوژراو زیاتر لە ١٥٠ کەس بریندار بوونو بەسەدان قەبزە چەکی جۆراوجۆر گیرا. لەو شەڕەدا قارەمانانی دێموکڕات قارەمانەتیان بۆ نەتەوەکەیان خوڵقاند زەبرێکی کاریگەرو گورچو بڕیان لە پەیکەری کۆنەپەرەستان وەشاند. هەموو ماشێنەکانیان بەجێ هێشت بوونە دەسکەوتی پێشمەرگەی دێموکڕات. سەعاتێکی پێ نەچوو کە هێزی دوژمن بە دوو تانکەوە هێرشیان هێنایەوە. دوژمن کە زەبرێکی ئەوەندە گورچکبڕی وێکەوتبوو، وەک بڵێی شەڕی وڵاتێکی دیکە بکا تانکەکانی وەکار خستبوو. هێزی پیادەی رێژیمیش کە نەیان دەوێرا خۆیان دەربخەن، لە پشت تانکەکانەوە بەرەو پێشێ دەهاتن. هێشتا دوو سەد میترێکیان بۆ


لای پێشمەرگەکان مابوو کە تانکەکان وەستان. هێزی پیادەی دوژمن غیرەتو هێزی هاتنە پێشەوەیان نەبوو. تانکەکان بە تۆپ دەستیان بە ئاوربارانی سەنگەری پێشمەرگەکان کردو لە پشت ئەوانیشەوە ئاتەشبارێکی تۆپخانە خاڵ بە خاڵی ئەو ناوچەیەی دەکوتا. پێشمەرگە تاکە سەنگەری بەرگری کە پێی شک دەهات جوێباری دەشتی شامات بوو، کە خۆی تێدا حەشار دابوو سەنگەری لێ گرتبوو. دوژمن حیسابی خۆی کردبوو. دەیزانی بە هێزی چەکداری پیادە دەرەقەتی پێشمەرگە نایە، بۆیەش هەر درێژەی بە تۆپ بارانی ناوچەکە دەداو پێشمەرگەش کە دەیانزانی تازە پەلاماری هێزی پیادەیان ناکرێتە سەر، چاوەروان بوون گرمەی تۆپەکان بێدەنگ بنو بکەونە جووڵە. لە گەرمەی شەڕ دابوو کە گوللە تۆپێک کەوتە نێو سەنگەری رۆڵەکانی دێموکڕاتو پێنج پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوونو برایمئۆفیش بریندار بوو.

لای ئێوارە دەنگی تۆپەکان لەکزییاندا. چرچەو وەستا ئەحمەدو پێشمەرگەکان وەخۆ کەوتن. شەهیدەکانو برینداراکانیان لە شوێنێک کۆ کردەوەو هەر دەستەو لکو پەلەی پێشمەرگەی خۆی رێک خستەوە. دوایین ساتەکانی لێدانی دڵی برایمۆف بوو. کۆمەلێک هاوسەنگەری چەند ساڵەی لە دەوری خڕ بوونەوە، چاوەکانی کز ببوون، دەستی بە حاڵ دەجووڵاندەوەو چاوی بە پێشمەرگەکاندا دەگێڕا. توانای قسەکردنی نەمابوو، بەڵام هەستی بەوە دەکرد کە هێزی دوژمن بەزیوە، دەیزانی کە کەلاکی سەدان کەس لە هێزەکانی دوژمن لە شەڕگە کەوتوون، دەیزانی خەویان لە چاوی دوژمن زڕاندوە، هەستی بەوە دەکرد کە زەبرێکی گورچکبڕی دیکەیان لە دوژمن داوەو بەوە ئۆخژنی دەهات. برایمۆف جارجار چاوی بە هاورێکانی داگێڕاو بزەیەک دەهاتە سەر لێوە ویشکەکانیو چاوەکانی وێک دەناو بەرزی دەکردەوە بەڵام بەرەبەرە خوێنی لە لەشێ دەبڕا.

بەڵێ ئێستاش وتەکانی لە گوێی هاوسەنگەرانیدا دەنگ دەداتەوە کە هاواری دەکردو دەیگوت: "کوڕانی دێموکڕات بچنە پێش دوژمن گەمارۆ بدەن، وره لە دەست مەدەن دەی بەقوربانتان بم تۆلە ئەستێنەرانی خوێنی شەهیدان، دەی بچنە پێش دوژمن زەبوونەو بێورەیە، من نامێنم ئێوە هەموو دەبنە برایمئۆف."

لە کاتژمێرەی دوانیوەڕۆ لە ئاخرین ساتەکانی ژیانی پڕلە شانازیو قارەمانیەتیی دابوو دەستی لەناو دەستی هاوسەنگەرانی ناو گوتی: بە کورەکان، بە پێشمەرگەکان بلێن بمبوورن زۆرم ماندوو کردن، ئەرکەکانم جێبەجێ کرد. لە کۆتاییدا وتی: خواحافیزی لە خێزانەکەم بکەن تازە چاوم پێی ناکەوێتەوە.

پاش چەند چرکەیەک چاوەکانی لەسەر یەک داناو لەگەڵ پێنج هاوسەنگەری دیکەی کە لە شەڵاڵی خوێن دابوون، بە ناوەکانی محەممەد عیساله، عەلی قەرەڵی، سمایل عەزیزپوور، فەتاح خورشیدیو خالید هەمزە ئاغایی بۆ هەمیشە ماڵئاواییان لە کوردستان کرد. تەرمی ئەو شەهیدە نەمرانە لە گوندی "پیروەلیباغی" بەخاکی نیشتمان سپێردرا.




**رەحیم لەشک (ناسراو بەرەحیم قاڕنجە)**

بۆ یەکەم جار لە مێژووی نوێی نەتەوەکەمان بە دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ساڵی١٣٢٤ گەلی کورد بە ئاواتی لە مێژینەی خۆی گەیشتو هەستی کرد کە چارەنووسی بە دەستی خۆیەتیو لە نیشتمانی خۆیدا بێگانە نیە، بێجگە لەخۆی دەسەلاتی بێگانە نابینێ، هەر چەند تەمەنی کۆماری کوردستان کەم بوو، بەلام بوو بە چرایەکی رووناک دەری خەلکی کوردستان.

رۆلەکانی گەلی کورد بە دوای جوانە مەرگ بوونی کۆمار هەر درێژەیان بەخەبات داوە لەگەڵ دوو رێژیمی سەرەڕۆی پاشایەتیو ئیسلامی خەباتیان کردووەو بە هەزاران رۆلەی بوێرو ئازا بۆ بەربەرەکانی رێگای کۆماریان درێژە داوەو گیانو ژیانی خۆیان بۆ ئازادی تەرخان کرد.

لەگەڵ ئەوەی ماوەی ژیانی تیکۆشەرە ئازاو فیداکارەکان ئەوانەی لە پیناوی رزگاری نیشتماندا سەریان ناوەتەوە کەمە، بەلام جێگایەکی تایبەتیان لە مێژووی نەتەوەی کورد لەرۆژهەلاتی کوردستاندا هەیە، خەباتی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان لە ئاسمانی تاریکو لێڵی سەردەمی درێژی ژێردەستی گەلی کورددا وەک ئەستێرەیەکی پڕشنگدار دەدرۆشێتەوە، لە نێو ئاسمانی کاروانی شەهیداندا، یادێک لە شەهیدی نەمر رەحیم لەشک ناسراو بە رەحیم قارنجە دەکەینەوە.

زۆرن ئەوانەی لە جێگایەک دەبنە قارەمان هەر لە وێش سەر دەنێنەوە، زۆرن ئەوانەی کە دور لە شوێنی لەدایک بوونیان دەبنە پێشمەرگەو هەر لە دووریش سەر دەنێنەوە بەلام مەرگێکی سەربەرزانە، بۆ نەتەوەیەکی زۆلم لێکراو کە بە هەزاران رۆلەی گیانیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردووە، یەکیک لەو قارەمانانە رحیم قارنجە کە لەگوندی سێپەکانی نێوان پیرانشارو سەردەشت چەکی شەڕەفی هەلگرتوو هەر لەم گوندەش پاش ٧

ساڵ گەورەترین سەرمایەی ژیانی واتە گیانی بە نیشتمانەکەی بەخشی.

رەحیم قارنجە ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی لە بنەماڵەیکی وەرزێرو زەحمەتکێش لە گوندی قارِنجەی بۆکان لەدایک بوو وێڕای منداڵانی ئاوایی لە باغی پڕ میوەو بە بەرەکەتی دەشتی قارنجە بەرە بەرە گەورە بوو پاشان رەوانەی قوتابخانە کراو وەک لاوێکی روح سووک دەرسەکانی دەخوێند، قوتابی یەکی زیرەکو لەسەر دڵان بوو هەموو هاوپۆلەکانیو مامۆستاکانی خۆشیان دەویست، رێزی خەڵکی دەگرت. پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن چووە شاری بۆکان تا ٢ی دوا ناوەندی دەرسی خوێند. وەک لاوێکی خوێن گەرمو بە هەست لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ بەشداری چالاکانەی کرد. بە دوای تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لە ناوچە، دڵی زیاتر بۆ لای کوردایەتی دەکوتاو بە پێستو دەمارەوە لەگەڵ ئێشو ئازاری گەلەکەی تێکەڵ بوو هەر بۆیە بڕیاری یەکجاری خۆی داو رووی کردە تێکۆشەرانی دێموکرات.

لەساڵی ١٣٦٠ لاوێکی دەروون پاکی گوندی قارنجەی ناوچەی بۆکان بە ناوی رەحیم بە مەبەستی بوون بە پێشمەرگە گوندەکەی خۆیان بەجێ دەهێڵێو روو دەکاتە گوندەکانی دیکەی کوردستانو، تاسەر لەگوندی "سێپەکان"ی ناوچەی پیرانشار دەردینێ، پەلی فەرماندەهی ئەوکاتەی هێزی شەهید موعینی کە بۆ ئەنجام دانی مەئموورییەتی حیزبی لەم گوندە بوون دەبینێتەوە دەپرسن بۆچی هاتووی؟ دەڵێ لە گووندی قارنجەی بۆکانەوە هاتووم کوڵی پێشمەرگایەتی هەڵی گرتووم.

ناوبراو هەر لەم گۆندە بۆ یەکەم جار چەکی پێشمەرگایەتی لەشان کردوو، بوو بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانو لە هێزی گیارەنگ سازمان درا. رحیم لەماوەیەکی کورتدا توانی جێگای خۆی لە دڵی هاوسەنگەرانی لە هێزی گیارەنگدا بکاتەوە وەک کوڕێکی ئازاو بە نەزمو دیسیپلین چاوی لێ دەکراو هەربۆیە تا بەهاری ١٣٦٦ لە پەلی فەرماندەهی هێزی گیارِەنگو گومرک کاری خۆی درێژەدا. بە هۆی لێهاتوویی کرا بە جێگری لکی یەکو سەر بەرزانە ئەو مەسئوولییەتەی وەرگرت.

رەحیم شۆڕشگێڕێکی سادە, ڕاستگۆ, قارەمانو لەخۆبووردوو بوو. تابلۆی شایی بەخۆو بنەماڵە بوو. بەڕاست کوڕی خەڵک بوو، خەڵک وەک چاو دەیان پاراست خۆشەویستی خەڵکی ناوچەی سەردەشتو پێشمەرگەکانی هێزی موعینی بوو. لە دەرگای هەرماڵێکی دابا وەک گلێنەی چاو پارێزگاری لێ دەکرا، هەر ئەوەندە بەس بوو کە ناوی رەحیم قارنجەیان گوێ لێبا، لە شەقەی نیوەشەودا دەرگاکان کراوە بوون. بەڕاستی رەحیم خۆشناوێکی کۆمیتەی سەردەشت بوو کە بایخی تایبەت بە خۆی هەبوو.

رەحیم لەچەندین عەمەلیاتی ئازایانەی ناوچەی سەردەشت بەشداری چالاکانەی کردو رۆڵی بەرچاوی لەچالاکییەکاندا دەگێڕا، شەڕەکانی جادەی سەردەشت ـ پیرانشار، گرتنی جاشخانەی ئەحمەدبریو، گرتنی دوو پایەگای گوندی زێوەو چەندین عەمەلیاتی گەورەی دیکە شاهیدی بۆ قارەمانەتی ئەو رۆڵە تێکۆشەرە دەدەن.

ئەو تایبەتمەندیانەو چەندین تایبەتمەندی دیکە وای کرد کە زیاتر خزمەت بە حیزبەکەی بکاو لە بەهاری ساڵی ١٣٦٧ وەک فەرماندەری لک دیاری کرا. دوای دیاری کردنی بە فەرماندەری لک، لە یەکەمین عەمەلیاتدا لەرێکەوتی ٧ - ٣ - ١٣٦٧ بۆ سەر مۆڵگەی دوژمن لە گوندی سێپەکان، هەر ئەو گوندەی کە بۆ یەکەم جار چەکی پێشمەرگایەتی لە شان کرد لە شەڕێکی دەستەو یەخەدا بە داخەوە لە گەڵ ٣ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی عوسمان ئەحمەدی، خالید بوبانەیی، ئەبوبەکر خولیسی گیانی پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردو بە خوێنی سووری خۆی سەلماندی کە سەری بۆ نەتەوەکەی دانابوو تا نەتەوەکەی رزگاربێ.

---




**ئەحمەد خزری**

مێژووی مرۆڤ، مێژووی خەباتو تێکۆشانێکی سەختو دژوار بۆ هەرچی زیاتر ئینسانی کردنی ژیان. بە درێژایی مێژوو مرۆڤ، لەگەڵ سرووشت بەربەرەکانی کردوە دواتر بۆ باشتر کردنی ژیان لە گەڵ شەوپەرەستانو ئەو هێزانەی کە ریگای پێشکەوتنی ئینسانو ژیانیان گرتوە تێکۆشاوەو ململانێی کردووەو لەو زۆران بازیەدا ئارەقو فرمێسکی گەشو خوێنی ئاڵی رشتوە. لە نێو ئینسانەکاندا ئەو کەسانە لە هەموو کەس جێگای رێزترن کە بە درووست کردنی ژیانو بۆ تێک رووخانی کۆشکی ستەمو زۆرداری دەبنە پێشرەوی خەڵکی دیکە دێنە مەیدانو بانگی ئازادی دەدەنو هاوار دەکەن" مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان". بەم جۆرە بە کردەوە رێبازی خەبات دەگرنە پێشو ئاگاهانە بۆ ژیان دەمرنو بەگژ ئەوانەدا دەچنەوە کە ئایەی تەسلیم بوونو سەرشۆڕ بوون دەخوێنن. لە رەوتی سەرهەڵدانو گەشە کردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلەکەماندا نەخشی ئەو رۆڵە

قارەمانـانـە نەقشـێکی گرینـگو بنەڕەتـیەو ئەوانـن بە بەرز کـردنەوەی ئـاڵای خەبـاتو خـۆڕاگریو نەبەزیـنو فیـداکاریو لەخۆبـووردوویی ڕۆژ بەرۆژ تەکانیـان بە بـزووتنەوە داوە تـا بەرەو پێشـەوە بـڕواو لە لـووتکەی سەرکەوتن نزیکتر بێتەوە. لە درێژەی ئەو خەباتو بەربەرەکانییەدا باشترین ڕۆڵەکانی خۆیـان بەختـی ئـازادیو بەختەوەری کرد، زۆر بنەماڵەی ئەم نیشتمانە هەیە کە چەند کوڕیـان لەو خەبـاتو تێکۆشـانەدا بەخت کـردوە، یەکێک لەو بنەمـاڵە بەرێزانە کە سێ ڕۆڵە، سێ قـارەمـان، سێ بـرای خـۆڕاگرو شۆڕشگێڕ کەتـا دوا کاتەکـانی ژیانیان دژی کۆنەپەرەستان خەباتیان کـرد یەکێک لەو سێ ڕۆڵە دلێرو قـارەمـانەی حیـزب، نەیویست بـۆ مردن بژی و ئاڵای مردنی بۆ ژیانی پڕلە سەرفرازیو بەختەوەریو ئازادی بەرز کردەوە، ڕۆڵەیەکی مەڵبەندی موکریـان کوڕی دایە کابان شەهید ئەحمەد خزری کەسێهەمین ڕۆڵەی ئەو دایکە خۆشەویستەی گەلی کوردە کە لە بەرنـامەی فەرماندەرانی شەهیدی ئەمجارە ڕێز دەگرین.

ئەحمەد خزری سـاڵی ١٣٤٢ی هەتـاوی لـە داوێنـی بنەماڵەیـەکی زەحمەتکێش لـە ئـاوایی "گردیقـەبران"ی ناوچەی بۆکان چاوی بە دنیا هەڵێنا. تەمەنی منداڵیی لەگەڵ بـاوکی زەحمەتکێشو بـراو خوشکەکانی دوور لـە هەموو خۆشییەکانی ژیـان تێپەڕ کرد. سەرەڕای دەستکورتی بنەماڵەکەی ڕەوانـەی قوتـابخانـە کـراو تـا پـۆلی 5ی سەرەتـایی دەرسی خوێند. بەڵام نەداریو هەژاری ڕێگای نەدا ئەحمەد چی دیکە درێژە بە خوێندن بـدا هـەر بۆیـە ڕێگـای مووچـەو مەزرای گرتـەبـەر تـا لـە قورسـایی ئـەرکی سـەر شـانی بـاوکی کـەم بکاتـەوە. ئەحمـەد تـازە لـە سەردەمی لاوی دابوو کـە سێبەری بـابی دەست قەڵەشیوی لەسـەر لاچوو. هـەر بۆیـە ئەحمەدی لاو وێـڕای بـاقی ئەندامانی بنەماڵەکەی ڕوویان کردە کورەخانـەکانو بـە خشتبڕینو ئارەقەڕشتن لـە بـەر گـەرمای هـاوین بژێـوی خۆیان دابین دەکرد.

ئەحمەد وەک قادرو تـاهیری برای بۆی دەرکەوت کە چەوسـانەوە چیـە؟ زوڵمو زۆری چیـە؟ بۆیـە ڕزگـاری لـەم وەزعە بۆ ئەو ئـاواتێکی گەورە بوو. هەر بەم بۆ چوونەوە لە خۆپێشاندانەکانی ساڵی١٣٥٧ی هەتـاویدا بەشـداری کرد، بەڵام ڕێژیمی تـازە بە دەسەڵات گەیشتوو لەسەر فتوای خومەینی پـەلاماری کوردستـانی دا، ئەحمەد چـاوی دیتنی ئەو جنایەتەی نەبوو کە لە کوردستان دەرهەق بە گەلەکـەی دەکـراو هـەر ڕۆژێ لـە شوێنێک قـەتڵو عـام دەکران. بۆیە بڕیاری شۆڕشگێڕانەی داو قۆڵی خزمەت بە حیزبو گەلەکـەی هـەڵماڵیو چونکـە ڕزگـار بـوون لـەو وەزعە لەگەڵ خوێنیو دەمارەکانی تێکەڵ بوو. هەر چەنـد تـاهیری بـرای پێشمەرگە بـوو، بـەڵام جینایەتـەکانی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، ئەویان هێنایە ئـەو بڕوایـە بـۆ بـەرەنگار بوونـەوەی ڕێـژیم، لـە سـاڵی ١٣٦١ی هـەتـاویدا بچێتـە ڕیـزی پێشـمەرگەکانی هێـزی بـەیانو شانبەشـانی براکـەی تـاهیری خـزری لەسـەنگەری خەبـاتو تێکۆشان بەرەنگاری داگیرکەرانی کوردستان بێتەوە، برایەکیشی بەنـاوی قـادر خـزری لە شـاری "ئـامول" کاتێک ئیتحادییەی کومینیستەکان (سەربەداران)هێرشیان کردە سەر ئەو شارە لەوێ شەهید بوو. برایەکیشی

بەناوی عوسمان لە زیندان ئێعدام کرا.

ئەحمەد هەر زوو نیشانیدا کە پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمانەو لە پێناو ئامانجەکانی حیزبو گەلەکەیدا ئامادیە گیانی ببەخشێ. لە چەندین عەمەلیات دژی هێزەکانی رێژیمی ئاخوندیدا ورەو ئازایەتیی خۆی نواند. ئەحمەد خزری لە مانگی بەفرانباری ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لەکاتێکدا لەگەڵ ٥ کەس لە هاوڕێیانی بۆ گوندی قاجر دەچوون کەوتنە کەمینی دژی گەلییەکانو پاش شەڕێکی ئازایانە بە دیل گیرا.

ئەحمەدی خۆڕاگر، ئەشکەنجەو ئازار نەیتوانی بە چۆکی دابێنێ، ئیرادەی پۆڵاینی پێشمەرگەی لە خۆیدا هێشتەوە، لێوی هەڵنەپچڕیو هەروا قارەمانەتی لەخۆی نیشاندا. سەرەنجام پاش دوو ساڵ مانەوە لە سیاچاڵەکانی رێژیمو ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر، لە دەرفەتێکدا کەڵکی وەرگرتو ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە بەندیخانە ڕای کردو خۆی گەیاندە پێشمەرگەکانی هێزی بەیان.

ئەحمەد خزری لە زیندان نەک ئیرادەی پۆڵاینی تێک نەشکا بوو، بەڵکوو لە جاران بە هێزتر بەربەرەکانیی دەکرد. ورەی هەروا بەرزو لەشکان نەهاتوو بوو. لە شەڕەکاندا بەشداریی چالاکانەی دەکرد. ئازایەتی ئەو بوو بەهۆی ئەوە کە لە پاییزی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاویدا وەک سەرپەل دیاری بکرێو دواتریش لە کۆتایی زستانی ١٣٦٤ی هەتاوی وەک فەرماندەری لک دیاری کرا.

ئەحمەد ئەو مەسئوولییەتەی بەو پەڕی عەلاقەوە وەرگرتو سەلماندی کە توانایی بەڕێوەبردنی ئەم مەسئوولییەتەی هەیەو زۆر عەمەلیاتی قارەمانانە لە ناوچەی بۆکان بە فەرماندەیی ئەو بەڕێوە چوو. شەڕە بە ناوبانگەکانی کانیزێڕینە، باغی ئەحمەدی، کوێستانەکانی گەورکی سەقزو مەهاباد، پشتی حوسێنابادو چەندین حەماسەی دیکەی ناوچەی بۆکان ئازایەتی لەخۆی نیشاندا. ئەحمەد وەک تاهیری برای بە هەموو وجوودیەوە حیزبی خۆش دەویستو باوەڕی پێ بوو. ئیمان بە ڕێبازەکەی وای لێ کردبوو چاوی لە گوللە نەدەترساو هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەی خۆڕاگری دابێ. لەشەڕەکاندا سەمبولی ورەو ئیمانو بیروباوەڕی پتەوی پێشمەرگەی دێموکڕات بوو، هەرگیز سەری لێ نەدەشێوا، لە تەنگانەدا خۆی نەدەدۆڕاندو بەوپەڕی لێزانییەوە ڕێنوێنی فەرماندەری پێشمەرگەی دەکرد.

ئەحمەدی خزری رۆژی ٢٣ی خەرمانانی ١٣٦٥ی هەتاوی بەداخەوە لە پشتی ئاوایی حاشیاباد لە شەڕی ناوخۆی گیانی لە پێناو ئامانجەکانی حیزبو گەلدا بەخشی.

---




**رەحمان ئیبراهیمپوور ناسراو بە (رەحمان بوردزێل)**

گەلانی بەختەوەرو بە ئامانج گەیشتووی جیهان، بۆ وەدیهێنانی ئازادیو سەربەستی گەلو نیشتمانەکەیان بە دەیان ساڵ خەباتیان کردوەو قوربانیان بۆ بەخشیوە، بەدڵنیایییەوە ئازادیش لە هیچ کوێ بە بێ بەختکردنی باشترین رۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە دابین ناکرێ. نەتەوەی کوردیش بەبێ سروشتی نیشتمانەکەیو داگیرکردنو دابەش کردنی خاکەکەی لەلایەکو داسەپاوی دەسەڵاتە دیکتاتۆرو سەرەڕۆکان بە سەر دانیشتوانەکەیدا، بەردەوام لە حاڵی خەباتو تێکۆشاندا بووە بۆ رزگاری لەژێر دەستەییو دابینکردنی ئازادیو ئاسایشی بەختەوەری خەڵکەکەی. بەپێی گەشە سەندنی تێگەیشتوویی‌و وریایی خەڵکی کوردستان ئەو نەتەوە چەوساوەیەش حیزبی مودێڕنی خۆی پێکهێناوە، کاروانی خەباتی نەتەوەی کورد بە دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، پێ دەنێتە قۆناخێکی مۆدێڕنو پێشکەوتوو. رۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە بە کۆبوونەوە لە دەوری بەرنامەو پرۆگرامێکی نەتەوەیی، شێلگیرانەتر لە رابردوو خەبات درێژە دەدەن زۆر رۆڵەی پێگەیشتوو تێگەیشتوو لەم رێگە پڕلە هەورازو نشیوەدا تاجی سەروەریان ناوەتە سەر.

فەرماندی شەهیدی ئەمجارە یادی تیکۆشەرێکی ناوچەی بۆکان، کە لە تەمەنێکی زۆر کەمەوە رێگای خەباتێکی پڕ مەترسیی گرتۆتە بەرو لە پێناو گەیشتن بە ئاواتەکانیدا کوێرەوەریی زۆری دیوەو بەسەر بازگە پڕ مەترسییەکانی ژیاندا تێپەڕیوە. ئەویش رەحمان ئیبراهیمپوور ناسراو بە رەحمان بۆردزێل لە پێدەشتەکانی بۆکان دەکەینەوە.

رەحمان ئیبراهیم پور ناسراو بە رەحمان (بوردزێل) لەساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی لە ئاوایی برایمئاباد لە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لە داوێنی بنەماڵەیەکی جووتیاردا لەدایک بوو. تەمەنی منداڵیی بە هەژاری تێپەڕیو پاشان بەهۆی نەداریو دەست کورتی ماڵەکەیان بۆ قەڵای هۆلاکۆ گواستەوە. هەژاریو بێدەرەتانی کاری خۆی کردو رەحمان دوای ساڵێک خوێندن لە قوتابخانە کشایەوەو سەرئەنجام بە نەخوێندەواری مایەوە.

رەحمان مێرمنداڵێکی تازەپێگەیشتوو بوو کە فێری شۆفیریی بوردزێل بوو، شەوو رۆژ لە چیا سەختەکان بۆ پەیدا کردنی خەرجی ژیانی نەمر نەژی کاری دەکرد، هەر ئەوەش بوو کە دواتر لە پێشمەرگایەتی نازناوی رەحمان بۆردزێل لەسەر دانرا، بەم شێوەیە تا شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی درێژەی بە کارکردن لەسەر"بوردزێل"دا. دوای سەرکەوتنی شۆڕشو دەست پێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات پێوەندی بە حیزبەوە گرتو ئەو ژیانە پڕ لە مەینەتو کوێرەوەرییەو تێکەڵ بوونی لەگەڵ ئاوایی نشینە چەوساوەکان بۆتە هۆی ئەوە کە لە تەمەنی لاوەتیدا هەست بە چەوسانەوە بکاو تامی تاڵی بندەستی بچێژێ.

دوای ئاشنا بوون لەگەڵ ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی رووی کردە ریزەکانی حیزبو بە لەبەرکردنی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگە لە هێزی بەیان سازمان دراو تێکۆشانی خەباتکارانەی خۆی دەست پێکرد.

رەحمان لەماوەیەکی کورت خۆی نیشان داو وەک پێشمەرگەیەکی رۆح سووکو ئازاو نەترسو خاوەن بیروباوەڕ لە نێو هاوسەنگەرانیدا دەناسرا. لەهەموو شەڕەکانی ناوچەی بۆکان رۆڵی بەرچاوی هەبوو. بەهۆی ئازایەتیو لێوەشاوەیی لە ساڵی ١٣٦٠دا وەک سەرپەل دیاری کرا.

لە سەرەتای ساڵی ٦٢دا وەک جێگری لکی ٣، پاشان مەسئوولییەتی لکی پێ سپێردرا. لە بەڕێوەبردنی مەسئولییەتەکاندا ئەوپەڕی فیداکاریی لەخۆی نیشان دەدا. دڵسۆزیو فیداکاریو رێکوپێک بوونی بوە هۆی ئەوە لەنێو هاوسەنگەرانیدا زیاتر خۆشەویست بێ. لەم مەسئوولییەتەشدا سەر بڵیندو رووسوورو سەرکەوتوو هاتە دەر. لە عەمەلیاتەکانی ناوچەی بۆکان فیداکاریی لە خۆی نیشان داو سەلماندی کە لەهەموو شوێنێک دژی زۆرداران بە ورەیەو ئازایانە بەگژ داگیرکەران دا دەچێتەوە.

رەحمان لەریزی خەباتیشدا ماندوونەناس بوو، بۆ مەئمووریەتی حیزبی سەر لەپێناو بوو. لەشەڕە حەماسیەکانی ناوچەی بۆکان لەخۆبووردوویی‌و لێوەشاوەیی لەخۆی نیشاندا. دوژمن هەمیشە لە بەرانبەریدا زەبوون بوو. هەموو هاوسەنگەرانی خۆشیان دەویستو رێزیان لێ دەگرت.

رەحمان ئەو فەرماندەرە لێهاتوویە، لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی مەهابادو بۆکانو هەوشاردا بەشداری چالاکانەی کردو گەلێک شانازیو حەماسەی ناو شاری بۆکان، ستونی ٨٠١ی هەوابوردی شیراز، پایەگای قۆچاغ، شەڕی شاریکەند، جادەی بۆکان مەهاباد، بۆکان میاندواو، بۆکان سەقز، کورەخانەکانی ساروقامیش لە دەفتەری

بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەدا تۆمار کرد. هەر شوێنێک رەحمان سەنگەری لێ گرتبایە مەحاڵ بوو دوژمن بتوانێ زەفەری پێ. فەرماندەرێکی لێهاتووو شارەزا، ئینسانێکی تێکۆشەرو هەڵسووڕ بوو، لە شەرو بەربەرەکانی ٣ جار لەگەڵ دوژمن بریندار بوو برینەکانی بەتەواوی سارێژ نەدەبوونەوە کە دەگەڕایەوە سەنگەری بەرگریو ئازایانەتر لە پێشوو لە مەیداندا خۆی نیشان دەدا.


ناوبراو هیچکات هەستی بە ناهومێدیو دەستە وەستانی نەدەکرد، کەچی مەرگ مەودای پێنەدا زیاتر خزمەت بە گەلو نیشتمانەکەی بکا.

سەرەتای زستانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی حەوت پێشمەرگەی لکی ٣ی هێزی بەیان بۆ راپەڕاندنی کاری حیزبی بەرەو ئاوایی "قاجر"ی سەر بەناوچەی پیرمحەممەدی بۆکان وەرێ کەوتن. هێشتا چەند هەنگاوێک بۆ ئاوایی مابوو کە کەوتنە کەمینی دژی گەلییەکانو شەڕێکی گەرم لە نێوانیاندا رووی دا. لەو شەڕەدا رەحمان بوردزێل بریندار بوو بە برینداری تا دوا فیشەک شەڕی کرد. پاشان بە برینداری بۆ ئەوەی خۆ لەجاشە خائینەکان بشارێتەوە لە هاوسەنگەرانی جیا بۆوە. هێزەکانی رێژیم شوێن پێی رەحمانیان هەڵگرتو بە برینداری بەدیلیان گرت. بەو شێوەیە قۆناغێکی تازە لە ژیانی سیاسیی رەحمان ئیبراهیم پووردا دەستی پێکرد.

رەحمان لە زیندانی بۆکان کەوتە بەر ئازارو ئەشکەنجەیەکی درەندانە. زۆریان هەوڵدا بەچۆکیدا بێننو ئیرادەی پێشمەرگانەی تێک بشکێنن، بەڵام ئەو کە ئیمانی قووڵی بە حیزبەکەی بوو، لێوە ئەمینندارەکانی هەڵنەپچڕیو دڵی خۆی کردە گۆڕستانی نهێنییەکانی حیزب. رەحمان زیندانی کردە مەیدانی شەڕو بەربەرەکانی لەگەڵ رێژیمی ئاخوندیو لەم بوارەشدا رووسوور هاتەدەرو نیشانیدا کە بەراستی پێشمەرگەی حیزبەکەیەتی. بە دەیان کەس لە زیندان هاتنەدەر کە باسی رەحمانیان دەکردو دەیان گوت، هەرکات ئەشکەنجەیان دەکرد، هاواری دەکرد من پێشمەرگەی دێموکراتم، هەتا سەر هەر پێشمەرگەم. رێژیمی دژی گەلی کاتێک زانی کە ناتوانێ بەسەر ئیمانی رەحماندا سەرکەوێ، بڕیاری ئێعدامی ئەویدا.

سەرەنجام رۆژی ٩ - ٦ - ١٣٦٤ لە زیندانی میاندواو ئێعدامیان کردو بەم شێوەیە ژیانی رەحمان کۆتایی هات. بەڵام رەحمان لە زیندانیش هەر پێشمەرگە بوو. سێجار لە سەنگەر بریندار بوو، بەڵام لە زیندانی کۆماری ئیسلامیدا هەموو رۆژێ جارێک بریندار دەبوو. هێشتا نەیانتوانی بە چۆکیدا بێنن. خۆڕاگری رەحمانی هێندەی دیکە ئەوی لەلای خەڵک خۆشەیست کرد. بە ئێعدامی رەحمان خەڵک رەشپۆش بوونو سەرەخۆشییان لێک دەکرد.

خوێنی رەحمان تێکەڵ بە خوێنی شەهیدانی دیکە بوو و لە نێو دڵی حیزبو گەلەکەیدا هەر زیندوە.




## سەرگورد کەریم عەلیار

هەموو رۆژێکی تەمەنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، حیزبێک کە ٧٠ ساڵە لە پێناوی ئازادی و مافە نەتەوەییەکانی کورددا تێدەکۆشێ، یادە، بیرەوەرییە، بیرەوەریی تاڵو شیرین، بیرەوەریی حەماسەو خوێنو شانازی خوڵقاندنی قارەمانان و گیانبازانی ڕێگای ئازادی.

لەمێژووی خەباتی نەتەوەکەماندا زۆر ڕۆڵەی بەوەج بەتایبەتی ئەفسەرە نیشتمانپەروەرەکانی وەک سەرگورد عەلیار، سەرگورد عەباسی، سەروان چەڵەبی، سەروان ئەفشین، سەروان حاتەم، سەروان ئەحمەدی جاویدفەڕ، سەروان ئێقباڵ کەریمنژاد، سەروان برایم بەهرامپوور، خەلیل خەلەبان، سەرهەنگ چیاو چەندانی دیکە هەموو پلەو پایەیکی حکوومەتیان وەلا ناو خزمەتێکی لە بیرنەکراویان دوای شۆڕشێ گەلانی ئێران بە گەلەکەیان کرد. یەکێک لەو قارەمانە نیشتمان پەروەرانە شەهید سەرگورد کەریمی عەلیارە کە لە رۆژی ١٠ی مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە شەڕێکی قارەمانانەدا بەدژی لەشکری خومەینی لە ناوچەی بانە هاوڕێ لەگەڵ سێ پێشمەرگەی دیکە بە ناوەکانی، ئەبوبەکر کاکە برا ناسراو بە ئەبو سەقزی، سولیمان پیروتو همزە شێخەیی شەهید بوون.

کەریم عەلیار ناسراو بە سەرگورد عەلیار لە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی لە ئاوایی عەمبار سەر بە ناوچەی ئەحمەدیکۆری بۆکان چاوی بە دنیای روون کردەوە، ئەو لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند گەورە بوو، لە خوێندنیش زۆر زیرەک بوو پۆلەکانی خوێندنی یەک بەدوایەکدا بڕی. پاشان رەوانە سەربازی کراو پلە نیزامییەکانی تا پلەی سەرگوردی بڕی.

هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ژیانی قارەمانێکی وەک سەرگورد عەلیار لەم دەرفەتە کورتەدا کارێکی هاسان نیە! چونکە ژیانی ناوبراو خەباتێکی پڕشەنگداری لە کارنامەی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا هەیەو تۆمار کردوە.

وەک لەناوەکەیڕا دەردەکەوێ پێش ئەوەی ببێتە پێشمەرگە, لە ئەرتەشی شاهنشاهیدا کاری کردوە. ناوبراو بەپلەیەکی باش کۆلێژی ئەفسەری تەواو کردو لیسانسی حقووقی سیاسیی وەرگرت. بنەماڵەی کاک سەرگورد هەر لەکۆنەوە تێکەڵاوی سیاسەت بوون. کاتێک ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی ئیسلامی پەلاماری خەڵکی کوردستانیدا، خەڵکی کوردستان بۆ مانو مەوجودییەتی خۆی دیفاعی لەخۆی دەکرد. سەرگورد عەلیار چەند مانگ پاش دەست پێکردنی دیفاعی چەکدارانەی خەڵکی کوردستان دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ئەرتەشی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی بەجێهێشتو هاتە ریزی پێشمەرگەوەو لەو کاتەوە تا ڕۆژی شەهید بوونی خەباتی خۆی بۆ هێنانە دیی ئامانجە پیرۆزەکانی گەلی کورد بێ وچان درێژە پێدا.

سەرگورد کەریمی عەلیار, لەبەر لێوەشاوەیی‌و ئیمانی قووڵ بە ڕێبازی گەلەکەی پاش ماوەیەکی کەم بە فەرماندەری هێزی پێشمەرگە دیاری کراو لە چەندین ناوچەی کوردستان ئەم بەرپرسایەتییەی بەچاکی بەڕێوە برد. لەماوەی شەش ساڵ بەرپرسایەتی لە کارو باری نیزامییدا چ وەک فەرماندەری هێزو ئەندامی کۆمیسیۆنی پێشمەرگەو چ وەک مشاویری نیزامی دەفتەری سیاسی، سەرگرد عەلیار نیشانیدا کە پێشمەرگەیەکی خاوەن بیرو باوەڕو بەرپرسێکی پسپۆرو شارەزایە.

سەرگورد کەریمی عەلیار ئەندامی بە دیسیپلینو خاوەن بڕوای حیزب بوو، مرۆڤێکی ئارامو لەسەرەخۆ بوو، لەکارکردن ماندوویی پێوە دیار نەدەبوو، هەر کارو ئەرکێکو مەئموورییەتێکی لەلایەن حیزبەوە پێئەسپێردرابا بێ ئەم لاوئەولا بەڕێوەی دەبردو لە هەموو دەرفەتەکاندا لە ئەزموونەکانی خۆی بۆ خزمەت بە پێشمەرگەو پێگەیاندنیان لەباری نیزامییەوە کەڵکی وەردەگرت. ناوو ناوبانگی سەرگورد عەلیار بۆ دوژمن ببوو بە چقڵی چاوو، بە بیستنی ناوەکەی ترسو لەرزە دڵی هێزەکانی ڕێژیمی دادەگرت. فەرماندەی لەخۆبووردوو ئەزموونی دوو فەرماندەهی شەڕی کلاسیکو شەڕی پارتیزانیی لێک گرێ داو سەری لە هێزی کۆنەپەرستی دەشێواند.

بێجگە لەوانە، بەهۆی بەشەر دۆستیو لەسەرەخۆییو ئاکارو ئەخلاقی نموونە ببوو بە خۆشەویستی هەموو هاوڕێیانی حیزبیو پێشمەرگەکان. سەرگورد عەلیار لەبەر لێهاتوویی‌و لێوەشاوەیی لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٢دا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

سەرگورد کەریم علیار یەکێک لە لێهاتووترینو شارەزاترین فەرماندەرانی نیزامیی بوو کە هەموو تواناو لێزانی خۆی لە خزمەت خەباتی ڕەوای خەڵکی کوردستان دانا. لەچەند ساڵی بەرپرسایەتی لەزۆر ناوچەی کوردستاندا مەئمووریەتی ئەنجام داو لە زۆربەی شەڕەکاندا هەموو کاتێک لەریزی پێشەوەدا فەرماندەهی دەکرد، نیشانیدا کە پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەرو بەرپرسێکی شارەزاو هەڵسووڕە. بۆیە پێشمەرگەکانی ناوچە

جۆربەجۆرەکانی کوردستان لە شومالەوە تا جنووب سەرگورد کەریم عەلیاریان دەناسیو رێزیان لێدەگرتو خۆشیان دەویست. ئەو بایەخێکی زۆری بە هێزی خەڵک پشتیوانی راستەقینەی جووڵانەوە دەدا، زۆرجار دەیگوت: شۆڕشو جووڵانەوە کاتێک سەردەکەوێ کە ڕیشەی لە نێو دڵی زەحمەتکێشان داکوتابێ، بۆیە گرینگییەکی لە رادەبەدەری بە پێوەندی نێوان خەڵکو پێشمەرگە دەداو هەمیشە هەوڵی دەدا ئەو پێوەندییە قایمو پتەوتر بکا.

ژیریو لێزانی سەرگورد لەوەدا بوو کە چەندین فەرماندەی بەوەجی پەروەردە کرد کە لە پاش خۆی هەرکامەیان ببوونە فەرماندەیەک کە جێی پەنجەیان لە حیزبی دێموکڕاتدا دیار بوو.

کارو چالاکیەکانی سەرگورد عەلیار هێندە کاریگەرو شوێندانەر بوون کە کۆماری ئیسلامی بۆ بەدناو کردنی تەنانەت پاش ۳۰ ساڵ زیاتر لە شەهید بوونیشی، وازیان نەهێناو بەدروست کردنی فیلمێکی پڕ لە درۆو چەواشەکارانە بە ناوی "شورشیرین" هەوڵییان دا کە لانیکەم سیمایەکی دیکە لە سەرگورد عەلیار بە نەوەی نوێ بناسێنن، غافڵ لەوەی کە دایکو بابەکانو هاوسەنگەرانی سەرگورد عەلیار چیرۆکێی وەها پڕ لە خۆشەویستیی سەرگورد عەلیاریان بە گوێی رۆڵەکانیاندا چرپاندوە کە کارەکەی کۆماری ئیسلامی بوو بە بلّقی سەرئاو.

ئەزموونی فەرماندەیی، مودیرییەتی رێکوپێک، کردەوەی شۆڕشگێڕانە، سەرگورد عەلیاری کردبوە جێی بڕواو خۆشەویستی هاوسەنگەرانی، ئەو بە تەواوی جێێ خۆی لەنێو دڵی خەڵکی ناوچەکانی کوردستاندا کرد بۆوەو زەحمەتکێشانی کوردستان بەگشتی کاک سەرگوردیان وەک پێشمەرگەیەکی شۆڕشگێڕ چاو لێ دەکرد.

ئەو پێشمەرگە تێکۆشەرە، ئەو فەرماندە بە زیپکو لێوەشاوەیە، جێی هیواو هۆمێدی حیزبی دێموکڕات بوو چونکی بە کردەوە سەلماند بووی کە ئەویندداری حیزبو خەباتگێڕێکی راستەقینەی رێگای دیاری کردنی مافی چارەنووسی نەتەوەکەیەتی.

مامۆستا زێرە کە لەدواین کاتەکانی ژیانی سەرگورد لە نزیکی بووە بەمجۆرە باسی شەهید بوونی دەکا.


"بەدۆڵێکدا بە شوێنی کاک تاهیرو کاک ناسر گودەرزیدا بەرەو پشتی وشترمل وەسەر دەکەوتین ئێستا زۆر دوور نەکەوتبووینەوە کە لە بەرزاییەکانی برۆشکانی تفەنگێکی ۱۰٦ یان پێوەناین ولە نزیک کاک ناسر کە پەنجا میترێک دوور لەئێمە کەوت. کاک سەرگورد فەرمووی ئەوەتفەنگی ۱۰٦ میلیمەو زوو بڕۆن ئەگینا لێمان دەدەن. چەند دەقیقەیەکی پێ چوو لەگەڵ زرمەی تۆپی دووهەم هەمووومان بەسەر یەک داکەوتین تۆپەکە وەسەری ئەبووسەقزی کەوتبوو، تەنیا پێستی سەروچاوی مابوو، کاک سەرگوورد جارێکی دیکەش لە پشت وزگو کەلەکەوە برینندار بوویەوە، ئەسپەکە ورگو ریخۆڵەی هاتبۆ دەرەوە، منیش لەگەڵ ئەوەی تۆپەکە فرێیدامو بەتەواوی تاسابووم لە دوو جێگاوە بریندداربووم، تەپو تۆزێکی زۆر بوو نەمدەتوانی هەستم هەموو لەشم قورسو کوترابوو، هەرچۆنێک بوو نیوە بەگاگۆڵکەو نیوە بە پێوە خۆم گەیاندەوە کاک سەرگورد. برینی من زۆر کەمتر بوو هەر بۆیە وەزعی من باشتر بوو. رەنگی روخساری لەبەر خوێنڕێژی زۆر گۆڕابوو، بەلێوە

لەرزەیەکەوە فەرمووی زێڕەگیان تۆ باشی؟ ئەدی ئەبوو،؟ چاوێکی بۆگێڕا، فەرمووی کوا؟ کاک تاهیر ئاگاتان لێی بێو پێی بڵێن وریای عەینەکەکانی بێ، ئەو بۆ شەو چاوی زۆر زەعیفە، کوتم کاکە هەموو باشن وەرە کۆڵم زووکە، فەرمووی نا، تۆ ناتوانی من تازە تەواو بووم تۆ برۆ. دەستم بردەبەر پشتی راستی بکەمەوە، مستم پڕ بوو لەخوێن، دەستی چەپیم خستە سەرشانمو لەسەرچۆک ویستم لەکۆڵی بکەم بەسەر لاشانمدا بەر بۆوە. بەنیوە دەنگێکی ناتەواو فەرمووی تۆ بڕۆ لێت دەدەنو قسەکەی تەواو نەکرد گیانی پاکی بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپارد".

ئەوە بیرەوەریی یەکێک لە هاوسەنگەرانی سەرگورد عەلیارە لە دوایین ساتەکای ژیان سەرگوردی شەهید.

بەڵێ زۆر بەداخەوە سەرگورد عەلیار ئەو دەرفەتەی بۆ نەرەخسا کە زیاتر خزمەت بە حیزبو گەلە بەشخوراوەکەی بکاو، وەک ئەستێرەیەکی پڕشەنگدار لە ئاسمانی خەباتی رەوای نەتەوەی کورد ئاوا بوو، رۆژی ١٠ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٤بەرەو کاروانی نەمران لە شەقەی باڵی دا.

---




**عەبدووڵڵا ئەفشینراد ناسراو(بە سەروان ئەفشین)**

لەگەرمەی شەڕی دووهەمی دنیادا گوێی لە دەنگی دایکی بوو کە لایەلایەی بۆ دەکا. واتە ساڵی ١٣٢٠ لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر لەشاری بۆکان لە دایک بوو لە گەڵ دامەزانی "ژک" دەستی بە رەورەوە گرت پاشان بۆ ئەو بواری خوێندن لەو سەردەمەدا لواو پلەکانی خوێندن یەک لە دوای یەک بڕیو توانی دیپلۆم وەرگرێ

سەروان ئەفشین لە نێو قوتابخانەدا خۆشەویستی مامۆستاکانو هاو پۆلەکانی بوو، زۆر رێکو پێکو دەرس خوێن بوو. ئێستا لاو بوو کە دایکو باوکی ماڵئاواییان لێ کردو لەتەمەنی لاوییەوە بۆ خۆی لەسەر پێی خۆی راوەستا.

لە ساڵی ١٣٤٠ بردیانە سەربازیو پلەکانی سەربازی تا روتبەی سەروانی بڕی، سەرەتا لە شیراز لە دانشکەدەی ئەفسەریو پاشان دوای وەرگرتنی روتبەی سەروانی رەوانەی تاران کرا. پاش ماوەیەک رەوانەی پادگانی مەهاباد کرایەوە.

لەساڵی ١٣٥٧ کاتێک خۆپێشاندان دژی رێژیمی پاشایەتی دەستی پێکرد سەروان ئەفشین لە نێو هەناوی دەسەڵاتی پاشایەتی دەنگی نارەزایەتی بەرز کردەوە. لە ماوەی خزمەتی ئیجباری بەتەواوی هەستی بە جیاوازی نەتەوایەتی لەنێو پادگانەکاندا کرد بوو. هەر بۆیەش دوای رووخانی حکومەتی پادشاهیو هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی، لە پادکانی مەهابادەوە پێوەندی بە حیزبی دێموکڕاتەوە گرتو لەو کەسە نیشتمان پەروەرانە بوو کە پادگانی مەهابادیان تەحویلی حیزبی دێموکڕاتداو وەک کوردێکی نیشتمانپەروەر وازی لە هەموو پلەیەکی سەربازی هێناو، بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو هەر لە رۆژەکانی یەکەمەوە بۆ دیفاع لە نەتەوەکەی لە ریزی تێکۆشەرانی دێموکڕاتەوە جێگای خۆی کردەوە.

لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ کاتێک خومەینی جهادی دژی خەڵکی کوردستان دەدا بەرەکانی شەڕگەی میاندواو، ساینقەڵا، سەقز، تکابو بۆکان بوو بە گورستانی دوژمنانو، سەروان ئەفشین وێڕای هاوسەنگەرانی دەرسێکی لەبیر نەکراویان بە هێزی کۆنەپەرستیدا. بە فەرماندەهی سەروان ئەفشێن بوو کە هێزەکانی سەر چیای نالەشکێنەی بۆکان هەموو تێکەوە پێچران و پاشان بەرەو میاندواو ئازاد کران.

بە هۆی گەلالە دارێژیو مودیرییەتی باش بە فەرماندەری ئەو تێکۆشەرە ئاڵوگۆڕێکی قووڵو نەزمێکی تازەی لە هێزی بەیان دامەزراند. ئەو رۆڵە شۆڕشگێڕە لە ئەزموونەکانی کەڵکی وەرگرتو بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ داگیر کەرانو هێزی کۆنەپەرستی رۆڵی بەرچاوی هەبوو. جێگا پەنجەی لە شەڕەکانی سەرا، سەقز، سنە، بیبیکەندو داشکستان لە دەفتەری بیرەوەری پێشمەرگەدا ماوەتەوە.

سەروان ئەفشین وەک فەرماندەرێکی لە خۆبووردوو خۆشناو لە ناوچەدا ناسرا بوو هەموو کەس خۆشیان دەویستو رێزیان دەگرت. ناوبراو تەنیا فەرماندەیەکی قارەمان نەبوو بەڵکوو وەک کادرێکی باشی حیزب لە نێو کادرو پێشمەرگەو خەڵک دا ئەرکەکانی بەڕێوە دەبرد.

بەهار بوو تازە چیاکانی کوردستان رەشانگیان تێ کەوتبوو ڕنوو بەفرەکان بە سرووەی شەماڵ دەتوانەوە بەهارێکی سەوزو رازاوە دیمەنی کوردستانی رازاند بۆوە.

هەر چەند پێشتر چەند جار هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لەم شوێنە ئاژاوەیان نابۆوە لەگەڵ شکست رووبەروو دەبوون، بەڵام ئەم رۆژە پیلانەکەیان سەری گرتو رۆڵەیەکی ئەو نەتەوە زوڵم لێکراوەیان شەهید کرد.

رۆژی سێزدەبەدری ١٣٥٩ باران نمنم دەباری هەموو کەس غەموماتەم دایگرتبوو لە بەر ئەوەی سەیرانیان تێک چوو بوو، چونکی نەیان توانی لە گەڵ کەس‌وکاریان بچنە سەیرانگەو سێزدە لە خۆیان دەر بکەن. راست ئەو رۆژە سەروان ئەفشین لە گەڵ ٢ هاوسەنگەری دیکەی بە ماشێن لە شاری بۆکان ڕا دەچنە پۆمپی بەنزینی میاندواو. بەڵام لە سێڕای میاندواو لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کەمینیان بۆ دانابوونەوە لە پڕ دایانە بەر دەسڕێژو فەرماندەری ئازای نەتەوەکەمان لە گەڵ ٢ هاوڕێ قارەمانەکەی بە ناوەکانی عەوڵای فەیزیو عومەر رەمەزانپوور زۆر ئازایانە دەستیان کردەوەو تا دوا کاتەکانی ژیانیان دیفاعیان لە نەتەوەکەیان کردو خاکی نیشتمانیان بە خوێنی خۆیان رەنگین کرد. شەهید بوونی سەروان ئەفشین لەم رۆژەدا زیاتر دڵو دەروونی خەڵکی هەژاندو زیاتر خەڵکی غەمبار کرد لێزمەی باران سات لەگەڵ سات تونتر دەبووکە خوێنی سەروان ئەفشینو هاورێیانی کردە کاناڵی چرای رووناکی دەری خەباتو تێکۆشان.

---




**محەممەد عەلیزادە**

بۆ بەرنامەی فەرماندەرانی شەهیدی ئەمجارە سەرم لەناوچەی موکریان هەڵێناوەو بەرەو زێدی موکریان، شوێنی دنیای بۆمن لاوی کە لەگەڵ کۆمەڵێک هاوسەنگەر پێشمەرگایەتیم تێدا کردبوو، ئەگەرچی کارێکی دژوار بوو باسی کەسێک بکەم کە تا دوا ساتی ژیانیو تەنانەت تا دوا هەناسەی ژیانیش لە نزیکی بووم. بۆیە بە

چاویکی پڕ لە گریانەوە لە ماڵە خنجیلانەکەی خۆم چاوێکم بە کتێبخانە چووکەکەدا خشاند، چاوم بەدەفتەرێک کەوت کە ماوەی چەندین ساڵە پاراستوومە، کاتێک لاپەڕەلانی ئەو دەفتەرەم هەڵدایەوە شەهید بە دوای شەهید چاوم پێی کەوتو کوڵی گریانم هەستاو فرمێسکەکانم بە چاوم داهاتنە خوار، بیرەوەری ئەو دەفتەرەو خاتراتەکەی بۆ ساڵی ١٣٦٧ دەگەڕێتەوە. کاتێک ئەو دەفتەرەم دروست کردو بڕیارم دا هەر کەسێک ببێتە پێشمەرگە گۆشەیەک لە ژیانیو وێنەیەکی لەسەر تۆمار بکەم هەمووی بەخەتی خۆشی محەممەدی عەلیزادە نووسرایەوە بەگەیشتنی ژیاننامەی خۆی کە نیوەی نووسرابوو راوەستا گوتی: چووکەڵی سوێندت دەدەم بە خوێنی شەهیدان هەرکات شەهید بووم کە رادیۆ خوێندییەوە دوای ژیاننامەکەم شهرامی نازری بڵاو بکەنەوە. ئەوە هەستیک بوو کە محەممەد لەوپەڕی ماندوو بوونیشدا گوێی لە دەنگی ناوبراو بایە دەحەسایەوە. شەوی شەهید بوونی هیچ کات لەبیر ناچێتەوە، شەوی ٢٥ی پووشپەری ساڵی ١٣٧٢ دە دەقیقە پێش شەهید بوونی بوو کە پێشڕەوەکان رەوانەی سەر جادەی بانە مەریوان کرابوون چاوەڕوانی وەڵام بوونو ئەگەر هیچ هەواڵێک لەدوژمن نەبێ لە جادە بپەڕینەوە. گوتم: محەممەد.... بۆ وا بێدەنگی هەستە بزانە چ خەبەرە؟ هیچ وەڵامێکی نەبوو تەنیا گوتی بیر لەوە دەکەمەوە کە وا هەست پێدەکەم دوا ساتەکانی ژیانمە. گوتم: بیر لەو شتانە هەر مەکەوە. تۆ کەی حیسابت بۆ دوژمن کردوە؟ شۆڕ بووینەوە بۆ سەرجادە. پێشڕەوەکان جادەیان گرتبوو، هەموو پێشمەرگەکان لە جادە پەڕینەوەو تەنانەت ١٠٠میتر لە جادە تێپەڕین کە محەممەد گوتی: چووکەڵی دڵم زۆر توند لێدەدا راوەستە سیگارێک دەکێشین. ئێستا وەڵامم نەداوە کە دەسڕێژیان لێکردینو محەممەد عەلیزادە بەسەر شانی من داکەوت. ئای هات؟ دوژمنی ترسەنۆک تەنیا دوو دەسڕێژیان کردو خۆیان نەگرتو رایان کرد بەڵام شەو پەرەستان کاری خۆیان کرد.

محەممەد عەلیزادە لەساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی لە ئاوایی "سەقزلوو"ی ناوچەی فەیزوڵابەگی بۆکان لە دایک بوو، ژیانی تێکەڵاو بووە لەگەڵ نەداری. سەرەرای ئەو نەدارییەش لە تەمەنی ٧ ساڵیدا رەوانەی قوتابخانە کراوە. لە بەرەبەری راپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ بنەماڵەکەیان رووی لە شاری بۆکان کردوە تا بەڵکوو لە شار خەرجی ژیان ئاسانتر دابین بکەن. لە شار هەموو ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە تەنانەت محەممەدیش لە هەوڵی ئەوە دابوون کە دەستیان لە کارێک گیر بکەنو بژێوی بۆ ماڵەوە بەدەست بێنن.

ئەو شێوە بەڕێ چوونە بوو بەهۆی ئەوە کە محەممەد نەتوانێ لە ٥ کلاس زیاتر بخوێنێ، هەر کاتێک بێکار بایە لەلای یەکێک لە خۆشنووسانی شاری بۆکان فێری خۆشنووسی دەبوو. لەماوەیەکی کورتدا لە خەتی ووردو درشتو شکستەدا سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەست هێنا.

لەساڵی ١٣٦٣ هاتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتو لە لکی چواری هێزی شەهید پێشەوادا سازمان درا. هەر لەو ساڵەدا رەوانەی فێرگەی سیاسی نیزامیی کراو پاش تێپەڕ کردنی سەرکەوتووانەی دەورە گەڕاوە

هێزی بەیانو لە لکی یەک سازمان درا. محەممەد لە هێزی بەیانیش جێگای خۆی کردەوە. پێشمەرگەیەکی دڵپاکو قسەخۆشو نوکتەزان بوو. کۆڕی هاوڕێیانی هەمیشە رازاوە رادەگرت. ساڵی ١٣٦٥ لەلایەن کومیتە شارستانی بۆکان رەوانەی دەورەی رێزمانی کوردی کراو بە سەرکەوتنەوە ئەم قۆناغەشی بڕیوو پاشان هاوڕێیانی پێشمەرگەی نەخوێندەواری فێری خوێندنو نووسینی کوردی دەکرد. لەراستیدا گەورەترین خزمەتی کردو جگە لەوە ئەو بۆ بردنە سەری زانیاری خۆی لە هەموو بوارەکان کەڵکی وەردەگرت.

محەممەد لەماوەیەکی کورتدا لێهاتوویی‌و دڵسۆزی خۆی نیشانداو دەریخست کە لاوێکی ئازاو فیداکارو بە جەرگە. بەمجۆرە زۆری نەکێشا فیداکاریو هەست بە بەرپرسایەتی کردنی محەممەد بوو بەوێردی سەر زمانی هاوسەنگەرانی. محەممەد بەهۆی نەترسیو ئازایەتی ساڵی ٦٧ وەک جێگرپەل دیاری کرا. هەست کردن بە بەرپرسایەتی لە ئاستی ئەرکەکانی حیزبو بزووتنەوە لە تایبەتمەندییەکانی محەممەد بوو. مرۆڤێکی بەورەو لەخۆبووردوو بوو لەبیر ناچێ کاتی شەهید بوونی رێبەری گەورەمان شەهید دوکتور قاسملوو چۆن دڵدانەوەی هاوسەنگەرانی دەداو روحیەی پێ دەدان.

لەساڵی ٦٨ دەورەی فیلم هەڵگرتنی دیتو لەساڵی ٦٩ وەک هاوکاری کادرو سەرپەل دیاری کرا. ساڵی ٧٠ رەوانەی دەورەی کادری لە فێرگەی سیاسی نیزامی کراو هەروەک چاوەڕوان دەکرا بە سەرکەوتوویی تەواوی کرد. لەساڵی ٧١ وەک جێگری لک دیاری کرا. هەر ئەو ساڵە دەورەی فەرماندەریو مودیرییەتی بینی. لەساڵی ١٣٧٢ وەک فەرماندەری لک دیاری کرا.


محەممەد لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی بۆکانو چەندین عەمەلیاتی هاوبەش لەگەڵ هێزەکانی ٢ی رێبەندان، ئاربەباو پێشەوادا بەشداری چالاکانەی هەبوو. شەڕی وەنەوشە، سەرتوون، بەردەهەڵۆ، گرتنی توپخانەی حسین ئابادو مۆڵگەی باغلۆجەو نۆبارو سەرجادەی بانە سەقز، بۆکان میاندواو، مهاباد بۆکانو چەندین شەڕی گەورەو چووکی دیکەدا فیداکاریو حەماسەی نواندوە. لەماوەی پێشمەرگایەتیدا دووجار بریندار بوو کە هیچ کات شوێنی لەسەر ورەی دانەدەنا.

ناوبراو دڵگەرمییەکی لە ڕادە بەدەری بە ژیانی پێشمەرگایەتی هەبوو. هەموو ئەو تایبەتمەندییانەو ئازایەتی محەممەد لە چەندین شەڕی ناوچەی بۆکانو چالاکیو هەڵسوڕی ئەو لە خەبات دژی دوژمنانی ئازادیدا، ئەوی کردە خۆشەویستی هەموو هاوسەنگەرانی. ئەو خاوەنی خوو رەوشتی شۆڕشگێڕانە بوو، لە کورەی ژیانی سەختو دژوار داو، لەمەیدانی نۆ ساڵ شەڕو بەربەرەکانیدا قاڵ ببوو، خارابوو، چقڵی چاوی دوژمن بوو، ترسو دڵەخورپەی دەخستە ناو دڵی دەژمنەوە، ناوبراو ماندوو بوونو ترسو مردنی نەدەناسی.

زۆر بەداخەوە محەممەد عەلیزادە زۆر نەژیا تا زیاتر خزمەت بە حیزبو گەلەکەی بکا. لەشەوی ٢٥ - ٤ - ١٣٧٢ لەکاتی پەڕینەوە لە جادەی بانە - مەریوان لە نزیک گوندی "سیفەتاڵە"ی سەقز کەوتنە کەمینی دوژمن،

لەیەکەم دەستڕێژی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی سینگی لەگەڵ هاوسەنگەرێکی دیکەی بەناوی ئەبوبەکر مەعرووفی ناسراو بە ئەبووبەکر کانیدرێژی سینگی پڕ لە تاسەی خۆشەویستی نیشتمانیان کردە قەڵغانی گوللەی دوژمنانو نەیارانی گەڵو بە سەخاوەتەوە گیانی پاکیان پێشکەش بە دایکی نیشتمان کردوە بوو خوێنی گەشیان لەگەڵ خاکی نیشتمان ئاوێتە کراو دەستەملانی دایکی وەتەن بوون بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە هاوسەنگەرانی کرد.

---




**قاسم محەممەدپوور (ناسراو بە قاسمی باقی)**

قاسمباقی ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی لەگوندی داشبەندی ناوچەی بۆکان لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندیدا چاوی بە دنیا پشکووت. ژیانی وەک باقی منداڵەکانی مەڵبەندی بۆکان کە نیزامی دەرەبەگایەتی شوێنی لەسەر دانابوو لەگوندی داشبەند بە بێبەشی تێپەڕی. منداڵانی بێبەشی ئەو مەڵبەندە هەر وەک بابو باپیرانیان دەبوو لە نەخوێندەواریدا بمێننەوەو لە مووچەو مەزرا بچەوسێنەوەو بەرهەمی کاریان بچێتە گیرفانی دەرەبەگەکان. ژیانی قاسمیش وەک منداڵانی دیکەی ئاوایی وابوو ئەویش لە دەرس خوێندن بێ بەهرە بوو، ناچار بوو رێگای موچەو مەزرا بگرێتە بەرو شان بەشانی باقی ئەندامانی بنەماڵە لەبەر سوورە تاوی هاوین کار بکا. ژیانی قاسمباقی تا سەردەمی لاوێتی بە ئاژەڵداریو کاری وەرزێری لە گوندی داشبەند تێپەڕی. پاشان مالیان بۆ گوندی ئاڵیکەند گواستەوەو لەوێ نیشتەجێ بوون. قاسم لەتەمەنی لاوێتیدا رەوانەی خزمەتی ئیجباری کرا. ئەوە دەرفەتێک بوو کە فێری خوێندنو نووسین بێ. بەهۆی ئەوگریو عەلاقەیەکی زۆر بە خوێندن

کە لە وجوودی ئەو کوڕە زەحمەتکێشەدا خۆی دەنواند زۆر زوو فێری خوێندنو نووسین بوو. پاش دەورەی ئیجباری قاسم نەگەڕایەوە گوند خۆیان، بەڵکوو لە بۆکان گیرسایەوەو بەکاری میکانیکی تراکتۆر دڵسۆزانە خزمەتی بە جووتیارەکانی ناوچەی بۆکان دەکرد. قاسم باقی کە رەنج بە خەساری جووتیارانی دیبوو بۆ کۆتایی هێنان بەم وەزعە شێلگیرانە لە خۆپیشاندانەکانی دژی رێژیمی زوڵمو زۆری پاشایەتی‌دا بەشداریی کردو رۆڵی خۆی وەک لاوێکی بە هەست گێڕا.

پاش ئەوەی رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئاخوندی پەلاماری دڕندانەی بۆسەر کوردستان هێنا قاسم وەک لاوێکی خوێنگەرم لەشاری بۆکان کاری دەکرد. دوای ئەوەی یەکەم جار بۆکان لە دەستی داگیرکەران پاک کراوەیە قاسمی نیشتمانپەروەر چەکی شەرەفی لەشان کردو لە پاک کردنەوەی مۆڵگەکانی رێژیم لە شاردا بەشدار بوو. ئەو سەرکەوتنە سەرەتای خەباتی بەکردەوەی قاسم باقی بوو.

قاسم رێگای شۆڕشگێڕانی گرتە پێشو بڕیاریدا لەگەڵ خەڵکی کوردستانو حیزبەکەی تێبکۆشێ. هەر بەو بۆچوونو بیروباوەڕە پیرۆزەوە هاتە نێو ریزی پێشمەرکەکانی حیزبی دێموکڕاتو قۆڵی خەباتی بۆ خەبات دژی کۆنەپەرەستانو هەموو ئەو کەسانەی کە دژی ئازادی گەلی کوردن هەڵماڵیو لە مەیدانی کردەوەدا نیشانیدا کە کوڕێکی دڵسۆزو پێشمەرگەیەکی راستەقینەو خەباتگێڕێکی وەفاداری ئامانجەکانی گەلی کوردە. هەر بۆیە لەماوەیەکی کورتدا بوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانیو خەڵکی ناوچە.

قاسمباقی لە عەمەلیاتەکانی دژی دوژمن لێوەشاوەیی خۆی نیشاندا، قارەمانەتی‌یەکەی لەشەوی نەورۆزی ٥٩ شاری سنەدا وەک لاپەڕەیەکی زێڕین لە کارنامەی پێشمەرگەی دێموکڕات، جێی خۆی کردەوەو قاسمی گەیاندە فەرماندەری لک. لەو مەسئولییەتەدا هەموو وزەو توانایيو پسپۆڕی خۆی بەکار هێناو هەوڵیدا بە یارمەتی فەرماندەرانی دیکە هێزی بەیان بکا بە نموونەی هێزەکانی حیزب. بە فەرماندەری قاسمو عەلیباڵدارو برایمئوفو حسن جەمشیدیو کەریم فەرامەرزیو عوسمان دادخا دەیان مۆڵگە لەو مەڵبەندە گیرانو سەدان بەکرێگیراو کوژران. ئەو لەکاتی تەنگانەدا خۆی نەدەدۆڕاندو هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەدا پێشمەرگەی رێنوێنی دەکرد. قاسم باقی دووجار لەشەڕ لەگەڵ دوژمن بریندار بوو. لە جاری دووەمدا نیوەی لەشی فەلەج بوو ماوەی دوو ساڵ لەژێر چاوەدێری پزیشکی دابوو تا بە خۆشییەوە بە هەوڵی کادرە پزیشکی‌یەکانی نەخۆشخانە توانی تا رادەیەک چارەسەر بکرێ.

دوای شەهیدبوونی چرچەی بارام میرزا لەلایەن حیزبەوە بە قاسم باقی پێشنیار کرا وەک جێگری هێز بگەڕێتەوە بۆکانو ئەرکی پێئەسپێردراوی بەرێوە بەرێ. هەرچەند برینەکەی بە تەواوی چاک نەبۆوە، بەڵام بەهەست کردن بەو مەسئولییەتە بەتایبەتی لە هەلومەرجی ناسکی ئەو کاتدا ئەو مەسئولییەتەی قبووڵ کردو گەڕایەوە لای هاوسەنگەرانی لە هێزی بەیانو لەماوەیەکی کورتدا سەرلەنوێ روحێکی تازەیدا بە هێزەکەو

نەزمو دیسیپلین جێگای جارانی گرتەوە. پاش ماوەیەک وەک سەرپەرستی هێز دیاری کرا. ناوبراو یەکەمین عەمەلیاتی گەورەی بە یادی چرچەو برایم ئوف، گرتنی پایگانی ترکاشەی بەڕێوە برد کە بوە هۆی ورە بەخشین بە پێشمەرگەکانو تاساندنی دوژمن.

شەوی ٩ - ٣ - ٦٤ قاسم باقی لەگەڵ دوو هاوسەنگەری دیکەی لە ئاوایی باغڵووجەی بۆکان دەمێننەوە. سەعات ٢ی پاش نیوە شەو چەند چەکدارێک لە پەنا دەرگای ماڵەکە خۆ حەشار دەدەن. قاسم کە چاوی پێیان دەکەوێ دەنگیان دەدا. چەکدارەکان وەڵام دەدەنەوە کە پێشمەرگەی هێزی پێشەواین بە شوێن تۆدا هاتووین. قاسم وەڵامیان ناداتەوە شکو گومانی لێ پەیدا دەبێ بە دەمانچەکەوە دەچێتە پێش، بەڵام چەکدارەکان دەستڕێژی لێدەکەن. قاسم بەسەختی بریندار دەبێ. پاش ١٢ سەعات شەڕو بەربەرکانی لەگەڵ مەرگ، چاوی لەسەر یەک داناو شەهید بوو. شەهید بوونی قاسم باقی لە ناوچە دەنگی دایەوەو خەڵک فرمێسکی بۆ هەڵڕشت. خەڵک پرسیاریان دەکرد کێ بەو نیوە شەوە قەڵافەتی قاسمی دابێژ دابێژ کرد، هەزار مەخابن، دواتر دەرکەوت قاسم بە دەستی چەکدارەکانی کۆمەڵە لە خوێن وەر دراوە.

خوێنی قاسمی باقیو شەهیدە سەربەرزەکانی دیکە حەقانییەتی خەباتی گەلی کوردو دروست بوونی رێگەکەیمان پێ دەسەلمێنێ.

---




## کەریم ئارامش ناسراو بە (کەریم عەلی فەرامەرز)

ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی، ئەو کاتەی کە کۆماری کوردستان دوایین ڕۆژەکانی تەمەنی پڕ لە شانازی خۆی تێپەڕ دەکردو کەوتبوە بەر شاڵاوی دوژمنانی ئاڵقە بەگوێی بێگانە، لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی گوندی برایمئابادی ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان چاوی بە دنیا پشکووتو بە ناوی کەریم ناودێر کرا. بوونی کەریم ژیانێکی پڕ لە خێروخۆشی لەنێو کۆڕی بنەماڵەکەیاندا پێک هێنا. بەڵام مخابن بە هۆی نەبوونی قوتابخانە نەیتوانی مێشکی بە نووری زانستو فێربوون زاخاو بداو بە نەخوێندەواری مایەوە ناچار هەر کە دەستی چەپو ڕاستی خۆی ناسیی ڕەوانەی گۆڕەپانی دەستو پەنجە نەرم کردن لەگەڵ دێوەزمەی کوێرەوەرییەکانی بژێوی ژیان کراو، بۆ هەڵسووڕانی ژیانی بنەماڵەکەی وێڕای باوکی عارەقەی دەڕشتو زەحمەتی دەکێشا. هەستی نیشتمان پەروەریو ئینسان دۆستی بنەماڵەکەی، بوونە هۆی ئەوە کە بکەونە بەر غەزەبی ئاغای گوندەکەیانو ناچار بکرێن کە زێدوماڵو حاڵی خۆیان جێ بێڵنو ڕوو بکەنە گوندی ئەسکەرئاباد.

ژیانی کەریم بە جۆرێک ئاوێتەی دەردو ژانو ڕەنج ببوو، بە تەواوی هەستی بە بێبەشیو بەشمەینەتی دەکرد. کاتی چوون بۆ خزمەتی ئیجباری هات، بەڵام بۆ کەریم تەحمول نەدەکرا بێگاری بۆ ڕێژیمێک بکا کە دوژمنی پێشکەوتنی خەڵکو وڵاتەکەیەتی، هەر بۆیە خۆی بە دەستەوە نەدا. بەڵام ژاندارمەکانی ڕێژیمی پاشایەتی دەست بەرداری نەبوونو هەر جار نا جارێک پەلاماری گوندی ئەسکەرئابادیان دەدا بۆ ئەوەی کەریم بگرن. کەریم ناچار بوو بۆ ڕزگاری لەم وەزعە بڕیاری خۆی بداو لەگەڵ هاوسەرەکەی گوندی ئەسکەرئاباد بەجێ بێڵێو ڕوو بکاتە کوردستانی عێراق. بەمجۆرە قۆناغێکی دیکە لە ژیانی کەریمدا دەستی پێکرد. لە شارەکانی کەرکووکو سلێمانی بۆ هەڵسووڕانی ڕەوڕەوەی ژیان دەستی بەکارو کاسبی کرد. ماوەی ٣ی ساڵ لەم شارانەدا

درێژەی بە ژیان دا. ئەو لەو وەزعەدا باشتر لەگەڵ بێبەشی‌یەکانی گەلەکەی ئاشنا بوو. بەهۆی هەلومەرجێک کە لە کوردستانی عێراقدا هاتبووە پێشێ، تێکەڵاوی مەسەلە سیاسی‌یەکان بوو. دوای ٣ ساڵ مانەوە لە کوردستانی گەرمێن بەرەو زێدو ژینگەی خۆی گەڕایەوەو بە نهێنی‌و بەدوور لە چاوی نۆکەرانی رێژیم دەستی بەکارو کاسبی کرد. بەڵام ئاڵقە بەگوێ‌یەکانی رێژیمی پاشایەتی پێیان زانی‌و لە گوندی سەراو دەوری ماڵەکەیان داو رەوانەی زیندانیان کرد. بەهۆی بوونی بیرو باوەڕی پێشکەوتووانە زۆریان ئازارو ئەشکەنجەدا. نینۆکەکانی دەستو پێیان دەرهێنا. بەڵام نەیان توانی کێوی ورەو قەڵای بڕوای بڕووخێنن. دوای ٥ مانگ ئازار کە زانییان ناتوانن هیچ قسەیەکی لێ دەرکێشن‌و نهێنی‌یەکانی پێ بدرکێنن لە بەرامبەری دا بەچۆک داهاتن‌و ناچار بوون ئازادی بکەن. بەڵام دیسانیش دەست بەرداری نەبوون‌و هەر جارەی بە بیانوویەک دەیان گرتەوەو ئازاریان دەدا. کەریم بۆ جارێکی دیکەش ناچار بوو بۆ رزگاری لە چنگ ئەو چۆنیەتی‌یە رێگای هەندەران بگرێتە پێش‌و لە ئەهواز بگیرسێتەوەو ژیانی ساکارو سادە بە دوور لە نیشتمانی بەرێتە سەر.

کاتێک ساڵی ١٣٥٧ گەردە لوولی شۆڕشی گەلانی ئێران لە دژی حکوومەتی پاشایەتی هەڵی کردو قەڵای دیکتاتۆری‌و سەرەڕۆیی حکوومەتی حەمە رەزاشا کەوتە بەر پەلاماری خەڵک. هەلی بە لەبار زانی‌و بە گورجی گەڕایەوە بۆ کوردستان تا لە خۆپێشاندانەکانی خەڵکی شارەکانی مەهابادو بۆکاندا بەشداری بکا.

دوای دەست پێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب کەریم عەلی فەرامەرز لە یەکەمین کەسانێک بوو لە ناوچەی بۆکان کە پێوەندی بە حیزبەوە گرت، چونکە ئەو ئاواتو ئارەزوە چەندین ساڵەکانی خۆی لە دروشم‌و رێبازی حیزبدا دۆزیەوەو چەکی شەڕەفو شانازی کردە شان‌و بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش‌و دیفاع لە مان‌و مەوجوودییەتی گەلەکەی. زۆر زوو بیروباوەڕی خۆی بە رێبازی حیزبەکەی نیشان داو وەکوو رۆڵەیەکی گیانبازی رێگای دێموکراسی‌و ئازادی لە نێو هێزی بەیاندا ناسرا. بەجۆرێک لە گوندو ناوچەکانی مەهابادو بۆکاندا ناوبانگی دەرکرد.

کەریم عەلی فەرامەرز بەهۆی لێهاتووی‌و کارامەیی لە فەن‌و تاکتیکی شەڕی پارتیزانی‌دا پلەکانی پێشمەرگایەتیی یەک بە دوای یەکدا بڕی‌و هەتا پلەی فەرماندەری لک چووە سەرێ. ئەو فەرماندەرە لێهاتوویە لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی مەهابادو بۆکان‌و هەوشاردا بەشداری چالاکانەی کردو گەلێک شانازی‌و حەماسەی لە دەفتەری بیرەوەری‌یەکانی پێشمەرگەدا تۆمار کرد. هەر شوێنێک کەریم سەنگەری لێ گرتبایە مەحاڵ بوو دوژمن بتوانێ دەستی پێی بگا. کەریم فەرماندەرێکی لێهاتوو شارەزا، ئینسانێکی تێکۆشەرو هەڵسووڕ بوو، جێگای رێزو خۆشەویستی هاوسەنگەرانی‌و خەڵکی ناوچە بوو، هیچکات هەستی بە ناهومێدی‌و دەستە وەستانی نەدەکرد، کەچی مەرگ مەودای پێ‌نەدا کە زیاتر خزمەت بە گەل‌و نیشتمانەکەی بکا.

ڕۆژی ٣ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی هێزەکانی بەیانو پێشەوا بڕیاریاندا عەمەلیاتێکی هاوبەش لە دژی دوژمنانی ئازادی بەڕێوە بەرن بۆ ئەم مەبەستە گەڵاڵەیەکی عەمەلیاتی‌یان داڕشتو مۆڵگەی دوژمنان لە گوندی حوسێنمامە بۆ زەربە لێدان هەڵبژارد. لە هەڵمەتێکی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا مۆڵگەی دوژمن بە تەواوی دەستی بەسەر داگیراو ٢٧ کەس لە بەکرێگیراوان کوژرانو٤ کەسیش بە دیل گیران. هەروەها کۆمەڵێک چەکو تەقەمەنی کەوتە بەردەستی پێشمەرگەکان. بەڵام قوربانی وەدەست هێنانی ئەو حەماسەیە، ٥ رۆڵەی تێکۆشەرو فیداکاری گەلەکەمان بوو. کەریم ئارامش ناسراو بە کەریم عەلیفەرامەرز لەگەڵ ٤ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی ئەحمەد ئەحمەدی، ناسر محەممەدپوور، سەید کەریم ئەحمەدیو ئەنوەر بەدەوی لە هێزەکانی بەیانو پێشەوا، خوێنی پاکیان تێکەڵ بە یەک بوو و چوونە نێو کاروانی نەمرانی مێژووی گەلی کورد.

---




**ئەحمەد کوهگەرد (ناسراو بە وەستا ئەحمەد)**

پەروەردەی نیزامیی وەستا تایبەتو دەگمەن بوو. لە هەموو وڵاتانداو لە ئەرتەشێکی کلاسیکدا بۆ پەروەردە کردنو پێگەیاندنی فەرماندەیەکی نیزامیی ساڵەهای ساڵ دەرسو کلاسی نیزامیی‌یان بۆ دادەنێن، لە سەدان مانۆڕدا پەروەردەیان دەکەن، بەڵام هەموو ئەوانە لە بەرامبەر نبووغی نیزامیی‌و کارلێهاتوویی وەستا ئەحمەدو کەسانی دیکەی وەک ناوبراو بە چۆکدا هاتبوون. وەستا ئەحمەدو کەسانی دیکەی وەک ئەو کە لە قوتابخانەی سیاسی نیزامیی حیزبی دێموکراتدا پێگەیشتبوون، هەموو تەرحو پیلانەکانی هێزێکی کلاسیکی زوبدەو پوشتەیان

پووچەڵ دەکردەوە... نەک هەر جارێک، بە دەیان کەڕەتو لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان ئەوە بە بەڵگەوە سەلماوەو، شانازییەکیشە بۆ ڕۆڵەکانی گەلو حیزبی دێموکڕات کە خاوەنی ئەو مێژووە پڕ لە سەروەرییەن، مێژوویەک کە گرتنی دەیان گوردانو پایەگاو کەمین هەرچەند ڕووپەڕێک لە حەماسەی بەرزی پێشمەرگەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا دڵۆپێکە لە دەریا.....

وەستا ئەحمەد لەساڵی ١٣٤١ لەشاری بۆکان مەکۆی بیری ئازادیو کوردایەتی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لەدایک بوو. لە باوەشی دایکیداو بە ئاوی حەوزە گەورەی بۆکان گەورە بوو. لەتەمەنی شەش ساڵی ڕەوانەی قوتابخانە کرا، بەزەحمەت تا پۆلی 5ی سەرەتایی خوێند. هەژاری یەخەی پێگرتبوو. بەناچاری وازی لە خوێندن هێناو لەشی شلکی دایە بەر کرێکاریو پاش ماوەیەک وەک شاگرد بەننا کاری دەکرد. دوای ساڵێک وەک بەننایەکی شارەزاو کارجوان کاری کردو هەر بۆیەش لەنێو خەڵکو دواتر لە ریزی پێشمەرگایەتی بە وەستا ئەحمەد ناوبانگی دەرکرد بوو. لە خۆپیشاندانەکانی شاری بۆکان دەنگی لەگەڵ دەریای خرۆشانو نارەزایەتی خەڵک بەرامبەر بە ڕێژیمی شا تێکەڵ کرد.

دوای دەست پێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکڕات، وەستا ئەحمەد هاتە سەر ئەو باوەڕە بۆ ژیانێکی بەختەوەرانەو ئازادانە خەبات بکا. هەربۆیە ریزی شۆڕە لاوانی دێموکڕاتی هەڵبژاردو بەهۆی ئیمانی قووڵی بە ڕێبازەکەی ساڵی ٥٩ وەک ئەندامی بەڕێوەبەری یەکیەتیی لاوان هەڵبژێردرا.

وەستا ئەحمەد بەدوای داگیرکردنی شاری بۆکان، لەساڵی ١٣٦٠ لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، بەهۆی عەلاقەیەک کە بە کاری نیزامیی‌و پێشمەرگایەتی هەیبوو، چوە هێزی بەیانو لە ماوەی ساڵێک ئازایەتیو لێوەشاوەیی خۆی دەرخست. بۆیە بە سەرپەلی پەلێک لە پێشمەرگەکان دیاری کرا.

دەرکەوتنی وەستا ئەحمەد، لەمەیدانی کردەوەدا بوو بەهۆی ئەوە زۆر زوو پلەکانی پێشمەرگایەتی ببڕی‌و ساڵی ٦٢ وەک جێگری لک دیاری کری‌و هەر لەو ساڵەش دا بوو بە فەرماندەری لک. وەستا ئەحمەد ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر بە تایبەتی لەباری نیزامیی زانیاری خۆی پەرە پێدەدا.

ساڵی ٦٤ وەک سەرپەرەستی هێز دیاری کراو لە ساڵی ٦٥ و ٦٦ وەک جێگری هێزو سەرئەنجام لەساڵی ٦٧دا وەک فەرماندەری هێز دیاری کرا. وەستا ئەحمەد دەیان شەڕی گەورەو بچووکی لە ناوچەی بۆکان - سەقز - مەهاباد فەرماندەری کرد. دەست بەسەرداگرتنی مۆڵگەی ترکاشە، مەڵلالەر، باغلوجەو نۆبار کە دوژمنی تەزاند بە فەرماندەری ئەو شەهیدە نەمرە بوو. گرتنی گوردانی نۆبار لەلایەک ئەگەر شانازییەکی هەرە مەزن بۆ حیزبی دێموکڕات بوو، لەلایەکیش درەوشانەوەی نبووغی نیزامیی وەستا ئەحمەدو گەیشتنی ئەو بە چڵەپۆپەی

پلاندانانی نیزامیی بوو. لە شناسایی‌دا زۆر دەقیق بوو. ئەگەر لە سەرکەوتنی عەمەلیاتدا دڵنیا نەبا بەڕێوەی نەدەبرد.

وەستا ئەحمەد خۆشەویستی خەڵک بوو. دوژمن لێی دەترسا، چونکە دەیزانی حیزبی دێموکڕات لە وەستا ئەحمەدی زەحمەتکێش شۆڕشگێڕێکی شێلگیری ڕێگای دێموکڕاسیو مافی چارەنووسی ساز کردوە. ڕێژیم زۆر پلانی بۆ گێڕا بەڵام هیچ پیلانێک کاری تێنەکرد. تەنانەت خێزانەکەی خرایە بەندیخانە بۆئەوەی بتوانن وەستا ئەحمەد بە چۆکدا بێنن، بەڵام وەستا لە پێشوو زیاتر ئیمانی بە خەباتەکەی بوو. چەندین جار لە شەڕدا بریندار بوو.

چاوێک لە یادداشتەکانی مامۆستا سەلاح پوورئەسەد بکەین بەمجۆرە باسی شەهید وەستا دەکا.


"کە دەستی دایە تفەنگەکەی بڕیاری‌دا هاوڕێیەکی تا سەری بێ. تا سەر بەو مانایە نا کە تفەنگ بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆی، بەڵکوو بەو مانایە کە چەک بخاتە ژێر کونترۆڵی بیرو باوەڕی سیاسی. دەیەی٦٠ی هەتاوی پێدەشتەکانی بۆکان چیاو دۆڵ لاپاڵ، ناو شارو مووچەو مەزرا پڕ بوو لە ناوی وەستا. پلە نیزامییەکانی بڕی، نەک بە ئاسانی بەڵکوو بە زەحمەت و ماندوو بوون، بریندار بوون. پیلانی دوژمن هەنگاوی پێ شل نەکرد. لە ژێر ڕێبەرایەتی نیزامیی ئەودا چەندین مۆڵگەی دوژمن گیرا، دەیان بۆسەی سەرکەوتوو دانرا، سەدان هێرشی دوژمن تێک شکێندرا. پیاوو ژن، گەورەو بچووکی ناوچەی بۆکان لەو ساڵانەدا دەزانن دەورو نەقشی وەستا چ بووە. دەمراستەکانی ئێستای سوپای پاسداران کە ئەوکات بێسیمچی جاشی ناودار حاجی عومەر بوون ئەوانیش ئاگاداری ئەو دەورەی وەستا بوون. وەستا ئەحمەد لە دۆستایەتی‌دا بەوەفا، لە فەرماندەیی‌دا لێبڕاو و لە ڕەفتارو ئەدەبدا ڕێکوپێکو لە ورە بەرزی‌دا بێ هاوتا بوو. لەکاتی تەنگانەدا ورەبەخشو لە حاڵەتی ئاسایی‌دا لێو بە بزە. ڕێزی هاوکارانی دەگرتو ڕاوێژی پێ دەکردن. کە پێشمەرگەیەک شەهید یان بریندار بوایە لە هەموو کەس زیاتر ناڕەحەت دەبوو. ئێستاش قەڵافەتی لە بەر چاوە، جارێک لە پێش ڕیزی پێشمەرگە، جارێک لە ناوەڕاست و جارێک بە هۆی ماندوویی لە دواوەی ڕیز دەڕۆیشت. بە هۆی برینداربیەوە کە ماندوو دەبوو شەلینێکی نەرمی هەبوو، هێندێک جار ئەسپە سپییەکەی (بەحری) وەفریای دەهات. بەهاران وەک گوڵاڵە سوورەکانی دەشتی بۆکان، هاوینان وەک گوڵی گەنم، پاییزان وەک مانگە شەوی ئاسمانی ساوو زستانان وەک کوڕی گەرمی پێشمەرگانە بۆمان زیندوو دەبیەوە. ئێستاش پاش چەندین ساڵ تورجانی شوێنی دڵداریت، قافڵاوای شوێنی شەهید بوونت دێتەوە یادم."

بەڵێ سەرئەنجام ئێوارەی ١٧ - ٧ - ١٣٦٧ خۆر دوا تیشکی خۆی لە کێوو پێدەشتەکانی ناوچەی تورجانی بۆکان دەداو لە کاتێک دا تینو گەرما بەرەو کزی دەچوو، لەپشت کێوەکان ماڵئاوایی دەکردو جێی خۆی بە تاریکی شەوە زەنگی پاییز دەدا. وەستا ئەحمەد لەگەڵ چەند هاوسەنگەری چاوەڕوان بوون هەوا تاریکتر بێ

ئەمجار جەرگی شەو بدڕنو بۆ ئەنجامی کاری حیزبی بچنە نێو گوندی "قاقلاوە". لە دوورەوە چاویان لە جموجۆڵی خەڵک بوو. بەرەبەرە بێدەنگی تەواو بەسەر ئاوایی‌دا زاڵ بوو دەنگی هیچ بوونەوەرێک نەدەهات. وەستا ئەحمەد لەگەڵ سێ هاوسەنگەری دیکەی لە ئاوایی نزیک بوونەوە، بێخەبەر لەوەی تاریک پەرەستانی دڵڕەش کەمینیان بۆ ناوەتەوە. هەر کە گەیشتنە یەکەم ماڵ لە هەموو لایەک کەوتنە بەر دەستڕێژی چەکی دوژمنو لەم دەسڕێژەدا دوژمن کاری خۆی کرد. بە یەک دەسڕێژ وەستا ئەحمەد بریندار بوو. لەم حاڵەشدا ورەی بە پێشمەرگەکان دەداو دەیگوت: لێیان دەن. بەداخەوە بە کۆڵی هاوسەنگەرەکەیەوە جارێکی دیکە گوللەی بەرکەوتەوە هاوسەنگەرەکەشی بریندار بوو. وەستا بۆ هەمیشە لە هاوسەنگەرانی ماڵئاوایی کرد. چاوەکانی لە سەریەک دانا لە ئامانجەکانی کە بۆی ژیاو بۆی مرد، لە گەلەکەی کە خۆشی دەویستو خۆشیان دەویست، لەهاوسەنگەرانی کە ڕێزیان دەگرتو ڕێزی دەگرتن، لە حیزبەکەی کە شانازیی پێوە دەکرد ماڵئاوایی کرد.

------------------------------------------------------------------

# هێزی پێشەوا




## عەوڵای شەریفی

عەوڵای شەریفی لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە ئاوایی "شارەزوور"ی ناوچەی گەورگی مەهاباد لە بنەماڵەیەکی وەرزێر چاوە گەشەکانی بە دونیا هەڵێنا. لەدایکبوونی ناوبراو بوو بەهۆی خۆشحاڵی لەڕادەبەدەری بنەماڵەکەی و هیوا و هومێدێکی زۆری خستە ناویانەوە.

عەوڵای شەریفی بەرەبەرە کە گەورە بوو، ڕەوانەی قوتابخانە کرا و وەک قوتابییەکی زیرەک توانی تا ٥ی سەرەتایی لە گوندی شارەزوور بخوێنێ، پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن ڕەوانەی شاری مەهاباد کرا. ناوبراو زۆر زیرەکانە وانەکانی دەخوێندو توانی تا ئاستی دیپلۆم لە شاری مەهاباد درێژە بە خوێندن بدا. لەو ماوەی کە دەرسی دەخوێند، لە هەموو قۆناغەکاندا زۆر زیرەک، پێداگر و جیددی و بە ئەخلاق و خاوەن دیسیپلین بوو، هەر بۆیەش بە قوتابییەکی نموونە دەناسرا.

عەوڵای شەریفی ساڵی خوێندنی ٥٦ و ٥٧ لە ڕشتەی ئەدەبیاتی فارسی لە زانستگەی تەورێز وەرگیرا و بەداخەوە پاش دوو ساڵان بەهۆی شۆرشی بە ناو فەرهەنگی و داخرانی زانستگەکان، نەیتوانی زانکۆ تەواو بکا و ئەویش کەوتە بەر شاڵاوی دەرکران لە زانکۆ. شیاوی باسە لە کاتی ڕاپەڕینەکانی ساڵی ٥٧یش وەک خوێندکارێکی ڕووناکبیر و بوێر، ئازایانە بەشداریی خۆپیشاندانەکانی دەکرد.

کاتێک عەوڵا شەریفی کەوتە بەر غەزەبی بە ناو شۆڕشی فەرهەنگی، زانستگەی حیزبی دێموکراتی هەڵبژاردو تێکۆشانی خۆی لە ناوچەی لەدایکبوونی واتە لە گەورکایەتی دەست پێکردو ئەوە سەرەتای ژیانی سیاسیی ناوبراو لەساڵی ١٣٥٩ بوو، بەهۆی وشیاری سیاسیو کارلێهاتوویی لە ماوەیەکی کەمدا بوو بە ئەندامی کۆمیتەی گەورکو پاشان بوو بە بەرپرسی ئەو ناوچەیە.

هەڵسووڕان و کار کردن لەنێو خەڵک وای کرد کە زۆر زوو بناسرێ‌و هەموو تواناکانی بۆ بردنە پێشی سیاسەتەکانی حیزب بەکار بێنێ، هەر بۆیە ساڵی ١٣٦٠ بوو بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی مەهابادو زۆر بە لێوەشاوەیی تا ساڵی ١٣٦٦ بەرپرسایەتی سەرشانی بە باشی بەڕێوە دەبرد، پاشان لە کۆنگرەی ٨ی حیزبدا وەک کادری رێبەری کارو تێکۆشانی خۆی درێژە پێدا.

عەوڵا شەریفی کاتێک بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، زیاتر قۆڵی بۆ خەبات هەڵماڵی و هەر بەو پێیەش بەرپرسایەتی جۆراوجۆری کەوتە سەر شان، وەک بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد، سەردەشت و بەرپرسی کۆمیسیۆنی ماڵی و خەدەمات. عەوڵای شەریفی بەوپەڕی لێهاتوویی و توانای خۆیەوە ئەرکەکانی جێبەجێ دەکرد، ناوبراو لە کۆنگرەی ٩ی حیزب سەر لەنوێ وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرایەوەو پاشان وەک بەرپرسی کۆمیتەی مەهاباد دیاری کرایەوە کە، تا کاتی شەهیدبوونی لەم پۆستەدا مایەوە.

عەوڵای شەریفی لاوی ڕووناکبیرو بەئەمەگی حیزبی دیمۆکرات، باشی دەزانی مێژوو چ ئەرکێکی خستۆتە سەرشان. لەراستیدا کادرێکی سیاسی، بەتوانا، لێهاتوو، ئازا وماندوویی‌نەناس بوو و بەردەوام بۆ خۆپێگەیاندن خەریکی خوێندنەوە بوو و لە کتێبخانە خنجیلانەکەی هەموو جۆرە کتێبێک دەست دەکەوت، ئەوە بۆ خۆی نیشانەی ڕووناکبیریو حەز و خولیا بۆ خوێندنەوەو فێربوون بوو. زۆر جار وەک کادرێکی تەشکیلاتی تەنانەت هاوکاری بەشی راگەیاندنی دەکردو زۆر وتاری بەنرخی بۆ رۆژنامەی کوردستانو رادیۆ کوردستان دەنووسی.

دڵسۆزییو راستگوویی، ئازایەتی شەخسیو ئەخلاقی، راشکاویو دەستو داوێن پاکی لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی عەوڵای شەریفی بوون، بیرو باوەڕێکی قووڵی بە رێبازەکەی بوو، هیچکات کردەوەیەکی وای لە خۆی نیشان نەدا کە پرستیژی حیزب بێنێتە ژێر پرسیار، یان زەبر لە ئیعتباری حیزبەکەی بدا. لە دۆستایەتی دۆست و خاکیو خەڵکخۆشەویست بوو و لە هەر جێگایەک کاری کردبایە لە گەڵ هاوڕێکانی وەک برا کاری دەکرد. زمانی قەناعەت پێکردنی لەسەرێ بوو و بەهەق جێی متمانەی هاوسەنگەرانی و کۆمەڵانی خەڵکی بوو، بەو هەموو تایبەتمەندییەوە بەڕاستی یەکێک لە لێوەشاوەترین کادرەکانی رێبەریی حیزب بوو. بەکورتی شۆڕەسواری مەیدانی خەبات و دۆستو خەمخۆری خەڵکو کوڕی رۆژانی سەختی خەبات بوو.

پێش شەهیدبوونی کە بەرەبەرە خۆی بۆ ناو خەڵکو قوولآی ناوچەکانی کوردستان ئامادە دەکرد لە وەسییەتنامەیەکدا دەنووسێ:

"شەوێکی مات و بێدەنگە. زۆری نەماوە بۆ درێژەدانی ئەرکی پیرۆزم بگەڕێمەوە ناوچە جوانەکەی مەهابادو نێو خەڵکە دێموکرات و پێشمەرگە پەروەرەکەی. نازانم چۆن بە دڵم داهات شتێک وەک وەسیەتنامە بنووسم. هەر چەند ژیان خۆشە، بەلآم کاتێک پێویست بێ بمرین، بۆ ژیان خۆشیی گەل، دەبێ بەختی بکەین. زۆرم ئاوات بوو ڕۆژێک لە نیشتمانی خۆمان و لە نێو گەلی خۆمان و بە ئازادی و سەربەستی بژیاباماییە و ڕزگاریی گەلەکەم بە چاوی خۆم دیتبایە.

دایکی خۆشەویستم! بابە ڕۆیشت و لەسەر دڵم داخە نەمتوانی بیبینمەوە. لەسەر منو بۆ من چیهای بەسەرهات! زۆر لەمێژە تۆشم نەدیتوە. ئێستا کە کاروانی مەرگم دەڕواتو گەڕانەوەی بۆ نیە، بە یەکجاری ماڵئاواییتان لێدەکەم. خۆزیا مەرگی من وەپێش بابەش بکەوتایە. گوتوویانە ئەولاد بۆ ئەوەیە کە باوکو دایکی بحەسێنێتەوە، هەر چەند ئاواتی منیش ئەوە بوو بتوانم خزمەتێکتان پێ بکەمو لە هەزاران هەزار ڕەنجو زەحمەتی ئێوە یەکیان قەرەبوو بکەمەوە، بەلآم بەو ئاواتەش نەگەیشتم.

خۆشەویستان! من تەنیا کوڕی ئێوە نەبووم، هی هەموو باوک و دایکێکی ئەو کوردستانە بووم. دایە گیان! چاوەکەم! بیناکانت ماچ دەکەم، نابێ بۆ من بگری. منالەکان گەورە بوون. دەبێ بە دیتنی وان غەمی منتان لەبیر بچێتەوە. باش دەزانی کە من لەسەر خۆم و بۆ خۆم نەبوومە پێشمەرگە، ئاهو نالەی ڕەشو ڕووتو ڕەجالەکانی کوردستان، ئیمان بە ئازادیی و ڕزگاریی، بۆ ئەو ڕێگایەی هان دام. ئازایانە، دڵسۆزانە و سادقانە، قایم و پتەو، ئەرکەکانی شۆڕشم بەجێگەیاند. بەو هیوایە حیزبە خۆشەویستەکەم و گەلە هەژارەکەم لێم ڕازی بن و وەک من بەوان وەفادار بووم، ئەوانیش من لەیاد نەکەن.

کاک حەمەدەمین! و عوسمان! و عومەر! و خوشکە فاتم! چاوەکانتان ماچ دەکەم. تازە ناتان بینمەوە، ئاوات زۆر بوون بە یەک بگەینەوە بەلآم نەگونجا. ئیمانێکی قووڵم بە ڕێگاو ڕیبازەکەم هەبوو کە بۆی کوژرام. ئەمن بۆم نەکرا، بەلآم ئێوە خزمەتی دایە پیرەتان لەبیر نەچێ. چاوتان بە منالەکانەوە بێ و مەهێڵن بێ ناز بن. منالەکان دەبێ بخوێنن و ڕێگای پیرۆزی باوکیان ون نەکەن.

خێزانی خۆشەویستم ئەسمەر گیان! هەر چەند پێت ناخۆش بوو بۆ ساتێکیش لێت دوور کەومەوە، ئەوجار دوور کەوتنەوەکەم بۆتە هەمیشەیی و تازە ناگەڕێمەوە، مالآوایت لێ دەکەم. داوام ئەوەیە بۆم غەمبار مەبە و خۆت نارەحەت مەکە. منالەکان چاک پەروردە کە، حەتمان پێیان بخوێنە و باشیان پێ تەلقین بکە ڕێگای باوکیان قەت بەر نەدەن و هەمیشە بە سەربڵندی بژین و بۆ گەلەکەیان بژین.

خزم و دۆستان و هاوڕێیان! هەمووتانم خۆش دەویست و خۆشتان ویستم. ماڵئاوایتان لێ دەکەم. ئەوەندەی کە من بۆم کرا ئێوەم لەبیر نەکرد، بەو ئاواتە ئێوەش من لەبیر نەکەن. هەر کەس کە منی خۆش دەوێ داوام ئەوەیە حیزبەکەی من، حیزبی دێموکراتی کوردستانی خۆش بوێ و ڕێگای دێموکرات بگرێتە پێش.

پەروەردەی ئاوو هەوای کوردستان بووم و گیانم وەک دیاری بۆ گەل و کوردستانم بەخت کرد و بە پێی توانا دژی زاڵم و زۆردار خەباتم کرد و بە ڕێبازو گەلەکەم وەفادار مامەوە. بەو هیوایە حیزبەکەم و ئێوەش لێم ڕازی بن. دڵنیام درەنگ یا زوو ئاواتی ڕزگاریی گەلەکەم وەدی دێت و کوردیش بە مافی خۆی دەگا و کوردستانیش ڕزگار دەبێ."

شەوی ٧ی مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٧٣ شەوپەرەستان لە نێوان گوندەکانی کووران‌و کاولان لە دەراوی شەکراوێ کەمینیان بۆ تێکۆشەرانی دیموکرات دانابۆوە کە بەداخەوە لەو کەمینەدا خەباتکاری ماندوویی‌نەناس، عەولای شەریفی کەوتە بەر گوللەی داگیرکەران‌و خوێنی تێکەڵ بە خوێنی قارەمانێکی دیکە بە ناوی قەرەنی مامنەبی بوو و خوێنیان بوو بە چرای ڕووناکی ڕێگای تێکۆشانمان.

---




**محەممەد ئەمین بارام میرزا ناسراو بە (چرچە)**

لە بیرەوەری حەماسەیەکی گەورەو شەهیدبوونی فەرماندەیەکی قارەمان‌و هاوڕێکانی‌دا. ڕۆژی ١٢ی پووشپەڕی ١٣٦٣ی هەتاوی هەموو ساڵێک، ساڵیادی حەماسەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دەشتی شارویران لە ناوچەی مەهابادو شەهید بوونی محمد ئەمین بارام میرزا (چرچە) فەرماندەری بە وەجی هێزی

بەیانو ٢٤ کەس لە هاورێیانییەتی. ئەم چەند دێرەی خوارەوە لە لایەک وەبیرهێنانەوەی یەکێک لە رووپەرە پڕلە فیداکاریو قارەمانەتی‌یەکانی هێزی پیشمەرگەی کوردستانە کە لەودا پۆلێکی دیکە لە رۆڵەکانی کوردستان وێڕای تۆمار کردنی داستانێک لە بەرەنگاری لە نیشتمان، لە روو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ سپای داگیر کەرو دژی کورد گیانیان بەختی سەربەرزیو بەختەوەریی وڵاتەکەیان کرد لەلایەکی دیکەشەوە دەرفەتێکە بۆ یاد کردنەوە لەناو قارەمانەتیی یەکێک لە فەرماندەرە شەهیدەکانی هێزی پیشمەرگەی کوردستان.

١٢ی پوشپەری ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی، کات بەرەبەری بەیانی، شوێن دەشتی شاروێرانی ناوچەی مهاباد. لەو رۆژەدا پێشمەرگەکانی هێزی بەیان و هێزی پیشەواو ژمارەیەک لە شۆڕەلاوانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان بۆ زەربە لێدان لە هێزەکانی رێژیم لە شوێنە دیاری کراوەکانیان جێگیر بوون تا لە دەرفەتی لەبار زەبری کاریگەر لە رێژیم بدەن. پێشمەرگەکان لە سەنگەردا هەموو چاوەڕوان بوون، هەناسەکان هەموو لە سنگدا حەپس کرابوون، دڵە کوتە دڵی پڕ لە ئاواتی راگرتبوون، دڵە کوتە بۆ سەرکەوتن، بۆ زەربە لێدان لە دوژمن. خۆر بەرە بەرە هەڵ دەکشاو گرماو تین دەشتی شاروێرانی داگرتبوو، جوتیاران هەموو خەریکی کاری خۆیان بوون، هێزە کۆنەپەرستەکان تاقو لۆق بە رێگای ورمێ مهاباد دا هاتوو چۆیان دەکرد. پێشمەرگە قامکی لە سەر پەلاپیتکەی تفەنگ، هەروا لە چاوەڕوانی دابوون کە لە یەکەم دەرفەت ستوونی نیزامیو مۆڵگەکانی رێژیم بتەزێنن.

کاتژمێر ١٠ی بەیانی ئەو رۆژە رێژیم هەست بە بوونی پێشمەرگەکان لەو ناوچەیەدا کرد هەر بۆیە بۆ زەبر لێدان لەوان بە هێزێکی زۆرو پۆشتەو پەرداخەوە لەهەموو لایەکەوە هێرش خۆی دەست پێکرد. هەموو نیشانەکان تەعبیریان لە شەڕێکی خوێناوی دەکردو زۆریو پۆشتەو پەرداخیی هێزی کۆنەپەرستی لە پێشمەرگەی کوردستانی دەویست حەماسەیەکی دیکە بخوڵقێنێو مێژووی پڕلە فیداکاریو حەماسە خوڵقێنی نەتەوەی کورد دەوڵەمەندتر دەکا.

لەم بەرەبەرەکانی‌یە سەختو خوێناوی‌یەشدا فەرماندەری لێهاتوو و ئازاو خاوەن بڕوا رووبەڕووی تاقیکارییەکی سەختی دیکە بۆوە. ئەوە بوو ئەم جارەش لێهاتووو ئازایەتیو بڕوای قووڵی بە ئامانجە بەرزەکانی کوردستان بسەلمێنێتەوەو بە فیداکاریو گیانبازیو فەرماندەریی لێزانانەی لەم شەڕەشدا چۆک بە دوژمنی پەلاماردەر دا بدا.

هەر وەک چاوەڕوان دەکرا پارێزەرانی نیشتمان، رۆڵە پیشمەرگەکانی کوردستان توانیان لە شاروێرانیش وەک باقی شوێنەکانی دیکەی کوردستان هێزی دژە کوردو دژە ئازادیی رێژیمی کۆماری ئیسلامی تێک بشکێننو بەم چەشنە رووپەڕێکی زێڕینی دیکە لە حەماسەو فیداکاریو گیانبازی لە پێناو پاراستنی نیشتمان بەرنگاری لە ئازادیو سەروەری نەتەوەیی کورد بخەنە سەر مێژووی سەراسەر حەماسەو فیداکاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

پـارێز. لـەو حەماسە گەورەیـەدا کـە بـە شکانی چەنـدین هێرشی بـەدوای یـەکی هێـزە پـەلامارەدەرەکانی رژێمو کوژرانی نزیکەی ٧٠ کەس لە هێزە پەلاماردەرەکان کۆتایی هات، ٢٥ رۆڵەی کوردو پێشمەرگەی دێموکڕات کە لـە نێویاندا فەرماندەری بەوەجو قارەمان چرچەی بـارام میـرزاش بـەدی دەکران بوونـە هـەوێنی تۆمـار کردنـی ئـەم لاپەڕە زێڕینەو مەزنترین سەرمایە واتە گیانیان بەخشی، تا شانازیی بەرگری یان لەخاکو نیشتمانو سەروەریی کوردستانیان پێ ببڕێ.

چۆنیەتی رووداو سەعات ١٠ی بەیانی لەپڕ دوو پێشمەرگەی هێزی شەهید ئەفشینی ئەو کات بێئەوەی هەست بە باقی هاوسەنگەرانیان بکەن کە لە سەنگەردان بۆ بـەڕێوەبردنی عەمەلیاتی گـەورەی نیزامیـی لـە شـاروێران، بەم شوێنەدا تێپەڕینو بـەکرێگیراوانی قـەرارگای هـەمزە کـە هەسـتیان بـە بـوونی ئـەم دوو پێشمەرگەیە کردبـوو بەهەموو هێزیانەوە کەوتبوونـە پـێو شوێنی ئـەم دوو کەسـە. تـەواوی شـاروێران بـەهێزی رژێـم رەش داگیرابـوو بست بەبست دەگەڕان کە لەپڕ بە سەر کەمینی پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو شەهید پێشـەوادا کـەوتن. جگـە لـە تەقەکردن هیچ چارەیەک نەمابووەو کەمینەکە کە ئاشکرا بوو بۆیە بە دەستووری چرچە لەهەموو لایەکەوە دوژمن ئاورباران کرا. رژێم چاوەڕوانی نەدەکرد هەربۆیە لەشاری مەهاباد هێزی یارمەتیدەری هێنا. لە شـەڕێکی یـازدە سـەعاتەدا پاشەکشە بـە رژێـم کـرا. لـەو شـەڕەدا کـە وەک لاپەڕیـەک لـە قارەمانـەتیی پێشمەرگەکانی حیزبـی دێموکڕات لە مێژووی گەلەکەمان دا ماوەتەوەو بە دەیان کەس لە هێزی رژێمو لەسەرووی هەمووان "عەلی قومی جێگری" فەرماندە تیپی "ویژە شهدا" کوژران.

لەم شەڕەدا چرچەی قارەمان فەرماندەری هێزی بەیان لەگەڵ بیستو چوار هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی: تاهیر خزری، حوسێن قادری، جەعفەر کوێخائیسماعیلی، خالید ئەحمەدپوور، شێخ سـاڵە، عـەلی نـووری، خـدر عەباسـی، کـەماڵ ئاقـاوەلی، کـەریم ئیبراهیمـی، عوسـمان دەروێشـی، ئـەمیر رەزایـی، عـەولا شـەریفی، خالیـد سەرایی، مستەفا محەممەدی، حوسین وەحدەت، محەمەدساڵح فەرەجی، سولێمان گوڵینـگ، جەعفـەر ئیبراهیمی، یوسف شەریفیو هەروەها پێنج شۆڕەلاوی یەکیەتیی لاوان بە ناوەکانی: برایم سالک، سەلاح شازدە، سەیدسمایل ئەندام، عەلی سەرمایەو موحسین گادانی شەهید بوون.

محەمەدئەمین بارام میرزا لەساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی لەشاری مەهاباد چاوی بە دونیای روون هەڵێنا. هـەر لـە منداڵیەوە زیتو وریا بوو پۆلەکانی خوێندنی زۆر سەرکەوتووانە بڕیو دیپلۆمی لەشاری مەهاباد وەرگرت. پاش هاتنە سەرکاری رژێمی کۆماری ئیسلامیو هێرشی بۆسەر گەلی کورد، چرچە یـەکێک لـەو تێکۆشـەرانە بـوو کـە دەستی دایە چەکی شەڕەفو هاتە مەیدانی خەبات. بەدەست پێکردنـی شـەڕی سێمانگە زۆر زوو خـۆی نیشـان داو بەهۆی نەترسیو لێوەشاوەیی ناوی دەرکرد بەجۆرێک کە رژێم لەناوی هەمیشە ترسی هـەبوو تـەنانـەت بـە رۆژی رووناک نوێنەری دەوڵەتی بازرگان لەشاری مەهاباد هێنایە دەرێ.

لە زۆربەی کاتەکانی بۆ کاری حیزبی یان مەئموورییەتی کوشتنی جنایەتکاران لەشاری مەهاباد کەڵکی وەردەگرت. لە کوشتنی سەرۆکی شارەوانیو چەک کردنی ئەم کانگای فەسادە رۆڵێکی گرینگی هەبوو. پاش ئەوەی هەژاری نەمر فەرماندەری هێزی پێشەوای بەئەستۆوە گرت، چرچە بوو بە هاوسەنگەرێکی بەوەفای ئەو و تا کاتی شەهیدبوونی لە دەرسە بەنرخەکانی ئەزموونی وەردەگرت. دەیان عەمەلیات لە ناوچەکانی چۆمی مەجیدخان، شاماتو شارویران بە فەرماندەری چرچە بەڕێوە چوو.

چرچە بەهۆی ئازایەتیو لێزانیو لێوەشاوەیو دەستوبردو تونـدو تـۆڵیو شـارەزابوونی لـە تاکتیکو گەلاڵـەی شـەڕ بـە فەرمانـدەری عەمـەلیاتی هێـزی پێشـەوا دیـاری کـراو لـە راسـتیدا نیشـانیدا کـە شـیاوی ئـەم مەسئوولییەتەیە.

پـاش شـەهیدبوونی هـەژار، چرچـە وەک فەرمانـدەری لکـی دوو هێـزی پێشـەوا لـە ناوچـەی شـاماتو چـۆمی مەجیدخان دیاری کرا. بە بەڕێوەبردنی چەندین عەمەلیاتی گەورە لەم ناوچەیەدا کە لەواندا سەدان کەس لەهێزەکانی رێژیم لەم ناوچە کوژرانو بەتایبەت بە ئەنجام دانی چەند عەمەلیاتی شۆڕشگێڕانە لەنێو شاری میاندواودا لەرزەی لەدڵی دوژمن خستبوو.

چرچە کە بۆ دوژمن چقڵی چاو بـوو، بـەڵام بـۆ زەحمەتکێشـانی ناوچـەی شـاماتو چـۆمی مەجیـدخان نموونـەی خۆڕاگری بوو. لەو ماوەیە کە کاری لەم دوو ناوچەیەدا کرد، خۆشەویستیی خەڵکی بۆ لای خۆی راکێشا.

چرچە لە پاییزی ساڵی ١٣٦٢دا بە جێگری فەرماندەری هێزی بەیان دیاری کراو لـەم هێـزەش دا نـەزمو دیسـیپلینی خـۆی لـە فەرمانـدەییدا بـەکردەوە نیشـان دا. عەمـەلیاتی شـاری بۆکـان لەسـاڵی ١٣٦٢ یەکێـک لەفەرماندەهان چرچە بوو کە لە مێژووی گەلەکەماندا کەم وێنە بوو. ئەم عەمەلیاتە بەرادەیەک گرینگ بوو کە دوژمنیش نەیتوانی لەئاستیدا بێدەنگ بێ. چرچە پـاش ئـەو عەمەلیاتـە بـە فەرمانـدەری هێـز دیـاری کـراو تـا کاتی شەهیدبوونی لەو مەسئوولییەتەدا مایەوە.

چرچە بێجگە لەوە کە پێشمەرگەیەکی قارەمانو نەترس بوو، زۆر بە نەزمو رووح سووکیش بوو، یەکێک لـەو پێشـمەرگانە بـوو کـە هـەموو ژیـانی پـڕ شـانازی لـە پێشـمەرگایەتیدا خـاڵی لاوازی نـەبوو هـیچ کـات لای پێشمەرگەکان کارێکی وای نەکرد یان بەشێوەیەک هەڵسو کەوتی نەکرد کە زەبر بە فەرمانـدەهی حیزبەکـەی بکەوێ. زۆرجار دووپاتی دەکردەوە کە پێشمەرگە چاوی لە فەرماندەکەیەتی ئەگەر هەڵەکاریو چەوتی هەبێ، پێشمەرگەش چاوی لێدەکاو لە ئاکام دا تایبەتمەندیی فەرماندەیی خۆی لەدەست دەدا.

ئـەو دژی هەڵپەرستی بـوو، هـیچ کـات قسـەی ناهـەقو نـارەوای لەکـەس قبـووڵ نـەدەکرد. شێلگیرانە دژی هەڵپەرستانو قـازانج ویسـتان خـەباتی دەکرد دژی ئـەو کەسـانە بـوو کـە بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان راستییەکەیـان دەشاردەوە.

بەداخەوە رۆژی ١٢ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٣ لە شەرێکی قارەمانانەدا لە شارویران خوێنی تێکەڵ بە ٢٤ هاوسەنگەری دیکە بوو دەشتی شارویرانیان رەنگین کرد.

---




**خدرخزری (ناسراو بە خدرە سوور)**

ژیانی شەهید خدرە سوور هەر وەک فەرماندە شەهیدەکانی دیکە جیاواز نیە ئەویش لە مەیدانی کردەوەدا خۆی پێگەیاند نەک بەسانایی بەڵکوو بە زەحمەتو ماندوو بوون تا پێگەیشت. چونکی ئەو مامۆستایەکی قوتابخانە بوو لەوبوارەش هەر خزمەتی بەمندالانی گەلەکەی دەکرد بەڵام لەوە گرینگتر ئازادی نەتەوەکەی بەلاوە گرینگ بوو بۆیە ئامادە بوو هەموو شتێک وەلا نێ بۆ رزگاری گەلەبەشخوراوەکەی، هەر ئەوەش وای کرد کە لەناو خەڵکو حیزبەکەی یەکێک لە خۆشەویسترین فەرماندەکانی حیزب بێ.

خدرەسوور لەو شارەی ئالای کۆماری کوردستانی لێهەڵدرا واتە شاری مەهاباد، شاری پێشەوا قازی محەممەد چاوی بۆدونیای روون کردەوە، بەرەبەرە قۆناغی منداڵی تێپەڕاندو، تازە کتێبی بەدەستەوە گرت کە باوکی کۆچی دوایی کرد. سەرەڕای ئەو کۆستە کەوتە بنەماڵەکی، بەڵام رەوانەی قوتابخانە کرا. خدرە سوور بە هۆی دەستەنگی بنەماڵەکەی ناچار بوو لە دەورانی ناوەندیدا دەست بەکارو کاسبی بکا. ئەو کۆسپو لەمپەرانەی سەر رێگای ژیانی هیچکات لەخوێندن دوا نەکەوت. بەو حاڵەش توانی خوێندنی تا دیپلۆمی ئامادەی تەواو بکا. پاشان دوو ساڵی ئیجباری تەواو کرد دواتر وەک مامۆستا لە ناوچەی سەردەشت دەرسی بە منداڵە چاو

گەشەکانی ئەو دەڤەرە دەکوتەوە.

ژیانی لادێی‌و ئاشنایی خدرە سوور بە ژیانی کوردەواری‌و زەحمەتکێشانی کوردستان، دیتنی زوڵم‌و زۆری دەسەڵاتدارانی پاشایەتی سەبارەت بەخەڵکی کوردستان بوو کە بیری ئازادیخوازی‌و نیشتمانپەروەری لەبیرو هۆشی ئەولاوە خوێن گەرمەدا چەکەرە بکاو بێزاری ناوبراو رۆژبەرۆژ لەو رێژیمە پەرەی ئەستاند.

تێکەڵ بوونی خدرە سوور لەگەڵ سیاسەت‌و چاندنی بیری ئازادی لەناخی‌دا بۆ ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی دەگەڕێتەوە لەو سەردەمەدا سێبەری زەبرو زەنگی رێژیمی پاشایەتی‌دا باڵی بەسەر وڵاتدا کێشابوو بەڵام خدرە سوور ترسی لە لەش‌دا نەبوو. بەوپێیە لەشۆڕشی سەراسەری گەلانی ئێران ساڵی١٣٥٧ی هەتاوی لە زۆربەی خۆپێشاندانەکانی شارەکانی بانە، مەهابادو سەردەشت بەشداری چالاکانەی کرد دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لەیەکێک لەرێکخراوەکانی ئێرانی دەستی بەتێکۆشان کرد، پاشان پێوەندی بە حیزبی دێموکڕاتەوە گرت‌و خدرەسوور رەسمەن لەساڵی١٣٦٠ بوو بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌و وەک پێشمەرگەیەکی سادە لە لکی ٣ی هێزی پێشەوا دەستی بە تێکۆشانی سیاسی کرد. بەمجۆرە قۆناغێکی نوێ لە ژیانی خدرە سوور دەستی پێکرد. هەر بەهۆی تێکۆشان‌و هەڵسووڕانی ناوبراو بوو کە لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانی، وەک پێشمەرگەیەکی روحسووک‌و ئازاو خاوەن بیروباوەڕو لەنێو هاوسەنگەرانی‌دا ناوبانگی دەرکرد. ناوبراو بڕوای خۆی بە رێبازی پیرۆزی حیزبەکەی هەر لە یەکەم چالاکی پێشمەرگانەی خۆی لە گەڵ هاوڕێیانی لە ناوچەی مەهاباد نیشاندا. بەشداری کردن لەچەند شەڕدا بەهۆی ئازایەتی، لێزانی، لێوەشاوەیی‌و دەستوبردی شارەزایی لەبواری نیزامیی‌دا، بوو بەهۆی ئەوە کە خدرە سوور وەک سەردەستە لە هێزی پێشەوا دیاری بکرێ. خدرە سوور بەهۆی ئازایەتی‌و کار لێهاتوویی توانی پلەکانی پێشمەرگایەتی یەک لەدوای یەک تێپەڕ بکات، هەر ئەو ساڵە کرا بەسەر دەستە دواتر وەک جێگری لکی ٣و، پاشان ساڵی ١٣٦٢ وەک فەرماندەری ئەو لکە دیاری کراو ساڵی١٣٦٤ بوو بە جێگری فەرماندەری هێزی پێشەواو سەرئەنجام هەر ئەوساڵە وەک فەرماندەری هێزی شەهید پێشەوا دیاری کرا.


خدرە سوور لە فەرماندە بژاردەکانی حیزبی دێموکڕات بوو ئەو ئەوەندە بەبیروباوەر بوو کە بە شەهید بوونی هاوڕێکانی‌و براکەی بەناوی رزگار توسقاڵێک وردی دانەبەزی‌و هەنگاوی پێ شل نەبوو.

خدرە سوور لە دژوارترین قۆناغی خەباتدا لەگەڵ پیشمەرگە ژیا، سەرکەوتووی ئەو لە فەرماندەی هێزی پێشەوادا ناوبانگی دەرکرد، ناوبانگی ناوبراو گەیشتە لوتکە، هێزەکانی رێژیم زۆریان هەوڵدا لە داوی بخەن یا غافڵ گیری بکەن بەڵام هەموو هەوڵەکانی لەگەڵ شکست رووبەڕوو بووە تەنانەت منداڵەکانی گیران‌و رەوانەی بەندیخانە کران، لەزۆربەی شاخ‌و دۆڵو چیاکانی ناوچەی موکریان بە فەرماندەری ئەو رۆڵە شۆڕشگێڕەی دێموکڕات عەمەلیاتی قارەمانانە ئەنجام دراوەو زەبری زۆر کاریگەر لەدوژمن وەشێندراوە.

خدره سوور بەتەواوی خەڵکیو خاکی بوو ڕێزی لەخەڵک دەگرتو خۆشەویستی خەڵک بوو. ئەو فەرماندەهی دەیان شەڕی قارەمانانەی لە ناوچەی مەهاباد کرد، لە مودیرییەتی فەرماندەهی لەشەڕەکاندا ڕۆڵی باشی دەگێڕاو دەست بە سەرداگرتنی چەندین پایەگا، شەری ناو شاری مەهاباد، جادەی مەهاباد بۆکان، جادەی سەردەشت مەهاباد، شەڕەکانی ناوچەی مەنگوڕان، گەورگایەتی، پشتی شێخچۆپان، ساردەکوێستان، پشتی حوسێنئابادو چەندین عەمەلیاتی دیکە نموونەیەکن لەو عەمەلیاتانەی خدره سوور فەرماندەهی دەکرد. نەزمو دیسیپلینو هێمنیو لەسەرخۆی لەو تایبەتمەندیانە بوو کە خدره سووری پێ دەناسرایەوە. ناوبراو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە پێشمەرگە دەبێ بە پێی نەزمو ئەخلاقو کردەوەی شۆڕشگێڕانەو ئاکاری جوان لەگەڵ خەڵک ڕووبەروو بێ لە کردەوەی چاک تێبکۆشێ بە شێوەیەک هەڵسو کەوت بکا خەڵک بۆ لای بەرنامەی حیزب رابکێشێ. ئەزموونی فەرماندەهی، مودیرییەتی ڕێکوپێک، کردەوەی شۆڕشگێڕانە خدەرەسووریان کردبووە جێی متمانەیو خۆشەویستی هاوسەنگەرانی بە تەواوی جێی خۆی لە دڵی خەڵکی ناوچەی مەهابادو بۆکاندا کردبۆوەو زەحمەتکێشانی ئەو ناوچەیە خدرەسووریان وەک پێشمەرگەیەک، فەرماندەیەکی شۆڕشگێڕ چاو لی دەکرد.

ئەو پێشمەرگە تێکۆشەره، ئەو فەرماندە بەزیبکوو لێوەشاوەیە جێی هیواو هۆمێدی حیزبو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو چونکە بەکردەوە سەلماند بووی ئەویندداری کوردایەتیو خەباتگێڕێکی ڕاستەقینەی ڕێگای دیاری کردنی ماڤی چارەنووسی نەتەوەکەیەتی. بەڵام بەداخەوە دوای گرتنی گوردانی نۆبار ڕۆژی ٧ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی لە چیای تەرەغە کەوتە بەر پریشکی خۆمپارەو چاوی لەسەر یەک داناو بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە حیزب و هاوسەنگەرانی و خەڵکی کوردستان کرد.

---




ئەحمەد جاویدفەڕ(ناسراو بە کاک هەژار)

ڕەنگ بێ نەتوانیین بەچەند دێڕێک ئاوڕدانەوێک لەژیانی تێکۆشەرێک کە هەموو پلەو مقامو خۆشی‌یەکانی ژیانی بۆ ئازادی نەتەوەکەی وەلا نا باس بکەین. ئەگەرچی تێکۆشانی سیاسیی ئەو لە ریزی خەباتگێران کەم بوو چونکی مەرگ مەودای نەدا توانا پڕلە ئەزموونەکەی بەتەواوی بە هاوسەنگەرانی بڵێتەوە. بەڵام لەم دەرفەتەدا ئەم چەند دێرەی خوارەوە لە لایەک وەبیرهێنانەوەی یەکێک لەرووپەڕە پڕلە فیداکاری‌و قارەمانەتی‌یەکانی هێزی پیشمەرگەی کوردستانە کە لەودا فەرماندەیەکی دیکەی گەلی قارەمانی کورد وێڕای تۆمار کردنی داستانێک لە پارێزگاری لە نیشتمان، لە روو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ سپای داگیرکەرو دژی کورد گیانی بەختی سەربەرزی‌و بەختەوەریی وڵاتەکەی کرد. لەلایەکی دیکەشەوە دەرفەتێکە بۆ یاد کردنەوە لەناو قارەمانەتیی یەکێک لە فەرماندەرە شەهیدەکانی هێزی پیشمەرگەی کوردستان. دوای کۆنگرە ٥ بە پێی بڕیاری حیزب رەوانەی ناوچەی بانە کراو لەم مەڵبەندە دابوو لەرۆژی ٢٢ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی پیش بە پەلاماری دوژمن بگرن‌و تێکی بشکێنن ئەحمەد جاوید فەر ناسراو بە کاک هەژار بووە هەوێنی تۆمار کردنی ئەم لاپەڕە زێڕینەو مەزنترین سەرمایە واتە گیانیان بەخشی، تا شانازیی بەرگری لەخاکو نیشتمان‌و سەروەریی کوردستانی پێ ببڕێ.

سەروان ئەحمەد جاویدفەڕ ناسراو بە کاک هەژار لەساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی لە دەشتی پڕ پیت‌و بەرەکەتی ناوچەی شارویرانی مەهاباد لە ئاوایی قومقەڵا چاوی بۆ دنیای روون کردەوە. بەرە بەرە لە باوەشی دایکی خۆشەویستی‌دا پێی گرت‌و لە تەمەنی ٧ ساڵان رەوانەی قوتابخانە کراو وێڕای منداڵە چاوگەشەکانی ئاوایی دەستی بە دەرس خوێندن کرد، قۆناغەکانی خوێندنی زۆر زیرەکانە بڕی، پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن رەوانەی

شاری مەهاباد کراو تا دیپلۆم لەشاری مەهاباد درێژەی بەخویندن دا.

لەساڵی ١٣٤٩ دوای سەربازی لە زانکۆی ئەفسەریی تاران وەرگیرا، پاش تەواو کردنی دەورەکەی بوو بە ئەفسەرێکی لێهاتوو کە لە نێو ئەرتەشدا کاری دەکرد. لەو ماوەیەدا کە لە ئەرتەش دابوو بەتەواوی بۆی دەرکەوتبوو کە رێژیمی پاشایەتی چەندەی جیاوازیی لە نێوان نەتەوەکاندا دەنێ، بۆیە سەروان ئەحمەدی جاویدفەڕ هەمیشە لەبەرامبەر ناعەداڵەتییەکاندا رادەوەستا.

لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا پێوەندی نەهێنی بە حیزبەوە گرت، ئەوە دەرفەتێک بوو بۆ کاک هەژار کە بتوانێ لە گەڵ نەتەوەکەی بژی، یا لە گەڵ ئەوان بەسەربەستی بژی یا سەری بۆ رزگاری ئەوان دانێ. بۆیە بڕیاریدا ئەرتەشی رێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی بەجێ بێڵێ‌و هەر لەیەکەم هاویشتنی تیری نەگەبەتی بۆ سەر خەڵکی کوردستان، کاک هەژار قۆڵی هیممەتی لێهەڵماڵی‌و چەکی پاراستنی نەتەوەکەی کردەشانو، بوو بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەو زۆر زوو بۆ سازماندانو رێکو پێکردنی هێزی پێشمەرگە دەست بەکار بوو، لە سەرەتا وەک جێگری هێزی پێشەواو پاشان وەک فەرماندەری ئەو هێزە دیاری کرا.

سەروان ئەحمەدی جاویدفەڕ، کە لە خەباتی رزگاریخوازی کوردستاندا ناوی هەژاری لەسەر دانرا. هەر لەو ماوەیەدا کە کاری فەرماندەری دەکرد رۆڵێکی گرینگ وکاریگەری لەرێکخستنو سازماندانو کارلێهاتوویی پێشمەرگەکانی ناوچەی مەهاباددا گێڕا.

کاک هەژار ئەگەرچی لە بنەماڵەیەکی هەژاری گوندی قومقەڵا لە دایک بوو بەڵام هەژاری هەژارانی کوردستان بوو، بۆ ئەوان ژیا، بۆ ئەوان خەباتی کرد، هەر لە رێگای سەربەستی ئەوان گەورەترین سەرمایەی ژیانی واتە گیانی پێشکەش بەوان کرد.

هەژاری قارەمانو پێشمەرگە، فەرماندەیەکی لێهاتوو، بەمشوور، بەورە و بە ئەزموون، خەباتکارێکی چاونەترسو بوێر بوو. پێشمەرگەیەک بە مانای واقعی پێشمەرگە بۆ گەلو نیشتمان، کەسایەتییەکی پاکو خاکی. بیرێکی پڕ هیواو بڕوا، فەرماندەیەکی هەڵسووڕو چالاک، توندوتۆڵ، گەڵالەدارێژێکی بە ئەزموون کە هەر ئەرکێکی بەڕێوەی بردبایە پڕ دەسکەوت بوو.

کاک هەژار هەموو خۆشییەکانی ژیانی وەلانا بوو، بۆ ئەوە خۆشی ئەوو بنەماڵەکەی بە خۆشییەکانی گەلەکەی بسترابۆوە. پێی وابوو ئەگەر ئەوان لە خۆشی دابن چارەنووسی بنەماڵەکەشی لەگەڵ ئەوان گری دراوە بۆیەش بەردەوام بۆ گەل و نیشتمان خەباتی بێپسانەوەی درێژە دەدا. ئەو ئامادە بوو بەرگی پڕلە ئەستێرەداری نیزامیی‌و پلەو پایەی سەروانی‌و سەرهەنگی وەلانێ‌و، بۆ ئەوە شانازی پێشمەرگایەتی پێ ببرێت بە بەرگی خاکی پێشمەرگایەتی گۆڕییەوەو شانازیشی پێوە دەکرد.

کاک هەژار تەنیا فەرماندەی قارەمان نەبوو بەڵکوو کادرێکی سیاسی بەتوانای لە ماوەیەکی کورتدا لێ درووست بوو. هەر بۆیە لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی کاک هەژار دەنگی متمانەی هێناوەو لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێردرا. تەنیا دوو ڕۆژ دوای هەڵبژێرانی بە ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندیو مانەوە لە پۆستی فەرماندەریی هێزی شەهید پێشەوادا لە لایەن دەفتەری سیاسیەوە مەئمورییەتی پێ دەدرێ کە بۆ یارمەتی هێزی شەهیدانی وردی لە ناوچەی بانە کە ئەوکات بە هەموو شێوەیەک پەلامار درابوو وەڕێ کەوت. کاک هەژار لەگەڵ ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی شەهید پێشەوا بۆ یارمەتیدان بە کۆمیتەی شارستانی بانەو هێزی شەهیدانی وردی روویان لەو ناوچەیە کرد.

ئەگەرچی کاک هەژار فەرماندەی هێزی پێشمەرگە بوو، بەڵام خزمەتکردنیو لە خۆبایی نەبوون، ببوونە کولتورو ئەخلاقی ئینسانیو شۆڕشگێڕی ژیانی. کەم کەس دەیتوانی کاک هەژار لە پێشمەرگەیەکی سادە جیا بکاتەوە، چونکی هەروەک ئەوان دەژیا، وەک ئەوان هەستانو دانیشتنو بەرگو خواردن و خەوتنی قەت لە پێشمەرگەیەکی ئاسایی جیا نەبوو.

هاوسەنگەرێکی بەمجۆرە لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ.

"کاک هەژار بڕوایەکی قووڵی بەو ڕێبازە بوو کە گرتبوویە بەرو بە ئیمان بە بڕواوە بەرگی پیرۆزی پێشمەگایەتی کردە بەر، لە پێناو وەدیهاتنی ئامانجەکانی گەلی کوردی هەژار ئامادەی هەموو قوربانی دانێک بوو هەمیشە دەی گوت" بەرخی نێر بۆ سەربڕینە."هەر بۆیە لە جیاتی باوەشی گەرمی تازە بووکی ژیانی، سەری وەسەرینی بەردینی چیای کوردستان کردو کوڕە کۆرپەڵە جگەرگۆشەی بەرمەمکانی بە باوەشی دایکێکی هەناسەساردو بێ هاوسەر ئەسپاردو خۆشەویستی ئەوانی خستە سەر هەموو کۆرپەڵە و زارۆکەکانی کوردستان. بەڵام لە دەوڵەمەندیەکی گەورەو پڕ لەشانازی بە پانایی دەشتەکانو بەرزایی چیاکانو خوڕەی ڕووبارەکانی کوردستان و بۆنی گوڵەگەنمەکانی جووتیاران و هەموو تەقەو نرکەی خەباتکارانی کوردستان ماڵئاوایی لە گەل و نیشتمان کرد.

هەموو وەک برا چاویان لێدەکرد. هەموو ڕێزیان دەگرت، وەک ڕێز لە ڕێزداران. هەموو خۆشیان دەویست بە مانای خۆشەویستی پاک و بێ ڕیا. هەموو هیوایان پێی بوو، بەڵام نەک هیوای کاتی، هیوای هەمیشەگیو سەرکەوتن، ئەو چاوسووری گەلەکەی و ورەی پێشمەرگە و پێشڕەوێکی خەباتکار بوو. قەت سەنگەری چۆل نەدەکردو لە هەموو بەرەکانی شەڕدا سەرکەوتوو بوو، قەت نەشکا. پرینسیپی شۆڕشگێڕیو بەرزی ئەخلاقی ئینسانی ئەوەندەی دیکەش خۆشەویستړو ڕێزدارتریان کردبوو، لەکۆڕو کۆبوونەوەکاندا کەمتر قسەی دەکردو زۆرتر گوێی دەگرت چون هەردەم حەزی لە فێربوون بوو، لە هەموو کەس شت فێر دەبوو. پێشمەرگە و خەڵک سوێندی ڕاستیان بە سەرو ژیانی دەخوارد".

هاورێیەکی دیکە بەمجۆرە باسی کاک هەژار دەکا.

"گومانم نیە ئەو کەسانەی تەنیا جارێکیش ناوبراویان دیتبێ، هۆگرو تامەزرۆی کەسایەتی بەرزی ئەو رێبەرە شەهیدە نەبوویێن. کاک هەژار مرۆڤێکی خوێندەوار، وێچوو، بە هەیبەت و ماندویی نەناس، شۆڕشگێڕێکی کەم وێنە و نیشتیمانپەروەرێکی راستەقینە بوو. جێگای متمانەی حیزب و کۆمەلانی خەلکی مەهابادو شارەکانی دەورو بەر بوو هەر وەتر خۆشەویستی وردو درشتی ناوچەکە بوو. بە شاهیدی گشت هاوڕێیانی، کاک هەژار یار و هاودەم و غەمخۆری خەلکی هەژار و خۆشی لە ژیان نەدیتوو بوو. بە لە دەست دانی هەر رۆلەیەکی کورد غەم و پەژارە هەلێدەگرت و تەم و خەمی پێوە دیار بوو".

بەلێ وەک ئاماژەی پێکرا بۆ مەئموورییەتی حیزبی رووی لە ناوچەی بانە کرد رۆژی ٢٠ی سەرماوەز سالی ١٣٦٠ی هەتاوی لەگەل هێزی شەهیدانی وردی لە ناوچەی بانە بەرەنگاری هێزی کۆنەپەرستی بونەوەو پاش دوو رۆژ شەر دوژمنیان تیکشکاند، بەداخەدوە رۆژی ٢٢ی سەرماوەز لە کاتی راونانی هێزی دوژمن کەوتە بەر پریشکی تۆپخانەی داگیرکەرانو شەهید بوو وەک بڕیاری دابوو یا بەسەربەستی دەژی یاسەری بۆ نەتەوەکەی دادەنێ. بەمجۆرە دوژمنی داخ لەدل کاک هەژاری هەژارانی لێئەستاندین کاک هەژار چوە ریزی کاروانی شەهیدانی کوردستانو لە گوندی لاچین بەخاکی نیشتمان سپێردرا.

---




**عەلی حوسێنپوور ناسراو (بە کاک شوان)**

ئەوانەی ژێردەستن‌و مافیان پێشێل کراوە تا لەکۆڕی خەباتو بەربەرەکانی کردندا یەکگرتوو نەبن‌و، لە بەرامبەر چەوسێنەرانی مافی مرۆڤدا رانەوەستن‌و، بە گژ ناعداڵەتی‌دا نەچنەوە، تا وڵات پارێزان سینگیان بە گوللەی شەو پەرستانی دڵڕەق‌و ڤین لە زگ و دوژمنانی ئازادیەوە نەنێن، تا لاوە بە هەستو خوێن گەرمەکان پۆل‌پۆل نەبنە قوربانی ویستو داخوازە لە مێژینەکانیان، تا لێشاوی فرمێسکو خوێن نەبێتە دەریای شەپۆلان‌و تەختو بەختی سەر کوتکەران ڕانەماڵێ، ئازادی و بەختەوەری نایەتە بەرهەم.

ئەو کەسانەی تەمەنی خۆیان بەختی بەرژەوەندی گشتی گەلەکەیان دەکەن‌و بە سەر بەرزی وروو سووری دەستەملانی خاکە پیرۆزەکەیان دەبن، لە نێو کۆمەڵانی بەرینی خەڵکدا جێگای هەتا هەتایان بۆ تەرخان دەکرێ‌و لە پاش مردنیش ناوو ناوبانگیان بە زیندوویی دەمێنێتەوە. هەر بۆیە لاوان‌و شۆڕەسوارانی گەلی کوردو مرۆڤە هەڵکەوتوەکان، ئەویندارى رێگای ئازادی‌و دێموکراسی، بۆ وەدەست هێنانی ئەو ژیانە سەر بەرزانەیەو، لە پێناوی هێنانی ئازادی‌دا، خەبات دەکەن‌و بە فیداکاری‌و گیانبازی‌و خۆ بەخت کردن، رچەی خەبات دەشکێنن‌و بە خوێنی خۆیان نەمامی ئازادی پاراو دەکەن.

عەلی حوسێن پوور" ناسراو بە کاک شوان" لە ساڵی ١٣٣٣ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەری شاری مەهاباد چاوی بە دنیای روون کردەوە کاتێک تەمەنی گەیشتە ٧ ساڵان، وەک هەموو منداڵە چاوگەشەکانی شاری پێشەوا قازی محەممەد رەوانەی قوتابخانە کرا، هەر لە سەرەتایی خوێندنەوە وەک قوتابییەکی نمونە چاوی لێ دەکراو بۆیە مامۆستاکان‌و هاوپۆلەکانی خۆشیان دەویست، هەرچی گەورەتر دەبوو زیاتر بیری لە داهاتووی دەکردەوە، بۆیە بەو پێیە دەرس‌خوێنتر، خۆشەویستر، ئاکارجوان‌و رەوشت پاک خۆی نیشان دەدا.

پاش وەرگرتنی دیپلۆم وەک ماموستا لە شاری مەهابادو دەوروبەر دەرسی بە منداڵانی هەژاری ئەو مەڵبەندە دەگوتەوەو ئارەزووی ئەوەی دەکرد کە منداڵانی هەژاری کوردەواری، بتوانن لەهەموو دەرفەتێکی لەبار، لە هەلومەرجی ئەو کاتدا لە قوتابخانە فێری زمانی دایک بن، بۆیە لە کاتی وانە گوتنەوە زیاتر بە کوردی بۆ قوتابیان دەدوا.

کاک شوان لە نزیکەوە هەستی بە نزمو بەرزی چینو توێژەکانی کۆمەڵ کرد بوو. بۆیە وێڕای هەموو لاوانی مەهاباد خۆی تێکەڵاوی دەریای پڕخرۆشانو ڕێپێوانەکانی دژی ڕێژیمی پەهلەوی کرد. دوای رووخانی ڕێژیمی پەهلەوی ئەویش وەک هەموو خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی بەرهەمی شۆڕش بوو. بەڵام ئاواتی کاک شوان وەدی نەهاتو ڕێژیمێکی دیکە بە ماهییەتی کۆنەپەرستانەتر، بەسەر خەڵکی ئازادیخوازی ئێرانو کوردستان دا زاڵ بوو.

بە گوێرەی ناسیاوییەک کە لەسەر حیزبی دێموکڕات هەیبوو وەک کوڕە کوردێکی بەهەستو نیشتمانپەروەر ئەو حیزبەی وەک وەدیهێنەری ئامانجەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران پەسەند کردو بوو بە لایەنگرێکی وەفاداری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو، هەربۆیە کاک شوان چەند مانگ پاش دەست پێکردنی بەرگری چەکدارانەی خەڵکی کوردستان دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، هاتە ریزی پێشمەرگەوەو لەو کاتەوە تا رۆژی شەهید بوونی خەباتی خۆی بۆ هێنانە دی ئامانجەکانی پیرۆزی گەلی کورد بێوچان درێژە پێدا.

کاک شوان زۆر زوو جێگای خۆی لە نێو هاوسەنگەرانیدا کردەوە، ئەو پێشمەرگەیەکی ئازاو فیداکار بوو لەسەر بە جێگەیاندنی بڕیارەکانی حیزب سوورو قایم بوو. جگە لەوانە ئەو پێشمەرگەیەکی شەڕکەر، نەترسو لەخۆبووردووش بوو، تەنیا پێشمەرگەیەکی ئازا نەبوو، بەڵکوو لەباری سیاسیشەوە لە سەتحێکی بەرزدا بوو. لە ناو هێزی پێشمەرگەدا نازناوی کاک شوانیان لێناو لە هەموو جێگایەک بە کاک شوان ناوی دەرکرد.

کاک شوان بەهۆی ئەوە کە ئەزموونێکی باشی لەماوەیەکی کورتدا بە دەست هێنا بوو، پلەی زانیاری سیاسی چووە سەرێ، بوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانی، سەداقەتو راستیو دروستی بوو، هەستانو دانیشتنیو کردەوەکانی لە خزمەت ئامانجەکانی جووڵانەوەدا بوو.

چالاکیو هەڵسووڕی ئەو لە خەبات دژی دوژمنانی ئازادیدا بەرچاو بوو. لە زۆربەی شەڕەکاندا بەشداریی چالاکانەی هەبوو، وەک قەڵایەکی پۆڵاین لەبەرامبەر دژیگەلییەکاندا رادەوەستا، ئەو خسلەتە باشانەی وایان کرد کە لە سالی ١٣٥٩ بەرپرسایەتی پێ بدرێو ماندوونەناسانە شانی بەر قورسایی داو لە زۆر ناوچەی مەهاباد بە دژی داگیرکەرانی کوردستاندا چۆوەو، لەو مەسئولییەتەش رووسوورو سەربەرز هاتەدەر. یەکێک لە لێهاتووترینو شارەزاترین فەرماندەرانی نیزامیی ناوچەی مەهاباد بوو کە هەموو تواناو لێزانی خۆی لە خزمەت خەباتی رەوای خەڵکی کوردستان دانا. ئەو تەنیا لەمەیدانی شەڕدا نەبوو بەڵکوو دیسیپلینی حیزبی بە جوانی

بەڕێوە دەبرد، بە ئەرکی خۆی دەزانی کە بەرامبەر کەسانی کارنەکەر رابوەستێو بە ئاگاهییەوەو بە ئیمان بە رێبازو سیاسەتی درووستو ئوسولی حیزب بەر پەرچیان بداتەوە.

بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی کەم بوو مەرگ مەودای نەدا کە زیاتر خزمەت بە نەتەوە بەشخوراوەکەی بکا رۆژی ٢٩ی گەلاوێژی سالی ١٣٦٠ لە گەل٤ هاوسەنگەری دیکەی لە سەر جادەی میاندواو مەهاباد دەکەونە کەمینی هێزە بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامی تەقەیان لێ دەکرێ. لە رۆڵەی دێموکرات ئەوە چاوەڕوان نەدەکرا وا بە هاسانی دەست بداو تەسلیم بێ، ئەوێش کەسێک کە قاڵبووی مەیدانی خۆڕاگری بێ.

هاورێیەکی بەوجۆرە باسی بەربەرەکانی کاک شوان دەکا.

"شەڕ بە توندی درێژەی هەبوو. هێزی دوژمن بە هەموو چەکێک سەنگەری پێشمەرگەکانیان دەکوتا. مەیدانی شەڕ لە بەر تەقینەوەی تۆپو خۆمپارەو بازووکا گڕی گرتبوو. گرمەی تۆپو خرمەی تفەنگان گوێی مرۆڤیان ئازار دەدا. پێنج پێشمەرگە، پێنج لاوی بەجەرگ، پێنج رۆڵەی رێی رزگاریی نیشتمان، زیاتر لە سێ سەعات بوو کەوتبوونە کەمینی دوژمنەوەو دەوریان بە سەدان بەکرێگیراو و چەند تانکو زرێپۆشی کۆنە پەرستان گەمارۆ درابوو.

فەرماندەری ئازا بریندار ببوو. سێ جێگای قەلافەتی دلێرانەی خوێنیان لێدەتکاو ژان هەموو لەشی ئازار دەدا، بەلام ئیرادەی پتەوی بە سەر ئێشوئۆفدا زاڵ بوو. بە هەموو لایەکدا هەڵدەسووڕا، وەک فەرماندەیەکی بە توانا بە گژ دوژمندا دەچووەو بە هەر گوللەیەک بەکرێگیراوێکی دەپێکا. هەستی نەدەکرد لەشی برینداره. جار بە جار سەنگەری دەگوێزتەوەو دەورو بەری ئەو پردو جۆگەیەی تاقی دەکردەوە کە بۆ ئەوو چوار پێشمەرگەکەی هاورێی ببوونە قەلایەکی بە هێزی بەرگریو دوژمن نەیتوانیبوو لەو ماوەیەدا بە سەر ئەو شوێنە بەر تەسکەدا زاڵ بێ.

کاک شوان زوو زوو هاواری دەکرد" کوڕینە دەست بە فیشەکانەوە بگرن. هەوڵ بدەن تاق تاق باوێنو گوللەکانتان بە فیڕۆ مەدەن. دڵنیام هێندەی پێناچێ هاورێیانمان بە هانامانەوە دێن. دەبێ تا ئەو کاتە فیشەکمان لێنەبڕێ." ماوەیەک پێچوو. چەند هێرشو دەسرێژی توندی دوژمن بریندار بوونی سێ هاورێی دیکەی لێکەوتەوەو تەنیا پێشمەرگەیەک بە ساغی مایەوە. دوژمن ئاڵقەی گەمارۆی تەنگتر کردبۆوە، بەلام هێشتاش نەیدەوێرا لێیان نێزیکتر بێتەوە. دیسان دووبارەی دەکردەوە کوڕینە نابێ دوژمن هەر وا بە هاسانی بە سەرماندا زاڵ بێ. ئێمە شەهید دەبین، بەلام هەرگیز تەسلیمی دوژمن نابین. ئێمە تا دوایین فیشەکمان بە سینگی دوژمنانەوە دەنێین، بەلام لە بیرتان بێ دوایین فیشەک بۆخۆمان ڕادەگرین، تا ئەگەر پێویست بوو، پێشکەشی دڵی پڕ لە خۆشەویستیی نیشتمانی خۆمانی کەین.

لەکاتێکدا دوژمن بە تەواوی لێیان هاتبوە پێش‌و زۆری نەمابوو بگاتە سەر سەنگەرەکەیان، لە پڕ وەزعەکە گۆڕا. لە پشتی هێزی داگیرکەر، لە سێ لاوە گرمەی ئارپیجی‌و قریشکەی کلاشینکۆف ڕۆڵەکانی پێشەوا کە بە بەسەرهاتی هاوالانیان زانیبوو، بۆ ڕزگار کردنیان هاتبوون، دەنگی دایەوە. دوژمن سەری لێشێوا. مەرگ لە سەر هێزی کۆنەپەرستان تاوڵی هەڵداو ترس بڕستی لێبڕین. گەمارۆی دوژمن تێک شکاو پێشمەرگەکان بە پەلە خۆیان گەیاندە فەرماندەری ئازا کاک شوان‌و چوارهاوڕێکەی."

کاک شوان ئیدی توانای لە بەردا نەمابوو و کاتێک هاوسەنگەرانی چاوپێکەوتو دڵنیا بوو کە دوژمن بە داماوی مەیدانی شەڕی بەجێهێشتوە، دەستی لە بەربەرەکانی هەڵگرتو خۆی بەدەست ئەو خەوە قورسەوەدا کە دەمێک بوو دەیەویست بە سەریدا زاڵ بێ. بەمجۆرە فەرماندەری لێهاتووی مەیدانی خەباتو تێکۆشان برینی قورسی هەڵگرتوو لە نەخۆشخانەی شۆڕش لە ناو شاری بۆکان چاوەکانی لەسەریەک داناو بەم چەشنە ڕۆحی مەزنی فڕیە ئاسمانی نەمریی شەهیدانی کوردو کوردستان.

---




## جەعفەر گوشوارە

نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام وەک نەتەوەیەکی بێبەش کراو لە مافو ئازادییەکانی هیچ کات لە شۆڕش کردن هەدای نەداوەو بەردەوام لە پێناو ئازادی‌و بەختەوەری نەتەوەکەی واتە ڕزگاری نیشتمان شۆڕشی دەست پێکردوەو لەم شۆڕشەشدا بەداخەوە سەری زۆر سەردارو تێکۆشەرو ڕۆڵەی ئەو گەلە فیدای قازانج‌و بەرژەوەندییەکانی نیشتمان کردوە بۆ ئەوەی وەک گەلانی ئازادو بەختەوەر بە ئازادی‌و بەختەوەری بگا. یەکێک

لەو رۆڵە قارەمانەی نەتەوەی کورد کە شێلگیرانە بۆ سەربەستی وڵات خەباتی کرد بۆ ساتێک هەدادانی نەبووشەهید جەعفەر گوشوارە لە هێزی پێشەوایە.

جەعفەر گوشوارە لە ساڵی ١٣٤٠ لە شاری پێشەوای کورد قازی محەممەد چاوی بە دنیای روون کردەوە بەرەبەرە کە گەورە بوو رەوانەی قوتابخانە کرا. قوتابییەکی پیتۆڵو وشیارو بەهۆش بوو، هیچ ساڵێک لە خوێندن لە هاوپۆلەکانی بەجێ نەدەما، بە هۆی موشکلاتی ژیانی توانی ٥ی سەرەتایی تەواو بکاو بۆ باشتر کردنی بژێوی ماڵەوە دەستو پەنجەی لەگەڵ کوێرەوەرییەکانی ژیان نەرم دەکرد.

بەهۆی ئەوەی جەعفەر هەمیشە خۆشی گەلەکەی بە سەر خۆشی خۆیدا بە گرینگتر دەزانی بەشداری لە قۆتابخانەی شۆرشی هەڵبژاردو تێکەڵاوی خەباتی میللی دێموکراتیکی نەتەوەکەی بوو، هەر بۆیە لەسەرەتای ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی هاتە ریزی تێکۆشەرانی دێموکراتەوە. هەر لەگەڵ ئاشنا بوون بە چەک، بە هەق زۆر زوو دەریخست کە کوری رۆژی تەنگانەیە، بۆیە هەر ئەو ساڵە جەعفەر بەشداری چالاکانەی لە شەرەکانی ٣ مانگە، سەقز، هەوشارو جادەی میاندواو. مەهاباد کردو ئازایانە بەرەنگاری دوژمنانی گەل بۆوەو جێگا پەنجەی دیارەو قارەمانی نێو سەنگەر بوو. ئەو رۆڵە تێکۆشەرەی کورد زوو جێگای خۆی لە نێو هاوسەنگەرانیو خەڵکدا کردەوە وەک قارەمانێکی مەیدانی تێکۆشانو خەبات لە نێو خەڵکدا ناسرا. ناوبانگی جەعفەر گوشوارە وێرای یوسفی برای، کەوتە سەر زمانانو هەموو پێشمەرگەکان بە چاوی رێزەوە چاویان لێ دەکرد. دوای ئەوە یەکەم جار شاری مەهاباد لە دەستی داگیر کەران پاک کرایەوە جەعفەری نیشتمانپەروەر لە پاک کردنەوەی موڵگەی رێژیم لە نێو شاردا روڵی سەرەکی بوو. ئەو سەرکەوتنە زیاتر خەباتی بە کردەوەی لەجەعفەردا بە هێز دەکرد، هەربۆیەش بریاریدا تا سەرکەوتن رێگای شۆرشگێران بگرێتە پێشو لەگەڵ خەڵکی کوردستانو حیزبەکەی تێبکۆشێ. هەر بەو بۆچوونو بیرو باوەرە پیرۆزە زیاتر قوڵی خەباتی بۆخەبات دژی داگیرکەرانو هەموو ئەو کەسانەی دژی ئازادی بوون لێهەڵماڵیو لەمەیدانی کردەوەدا نیشانیدا کە کورێکی دڵسۆزەو پێشمەرگەیەکی راستەقینەو خەباتگێرێکی وەفاداری ئامانجی گەلی کوردە.

ئەو تایبەتمەندییانە بوو بە هۆی ئەوە بە فەرماندەری پەل دیاری بکرێ. جەعفەر لاوێکی ژیرو وریاو رووح سووک بوو سەرتاسەری وجوودی ئیحساساتی شۆرشگێرانە بوو، ئازاو بە جەرگو نەترس بوو. ئیمانێکی قووڵی بە سیاسەتەکانی حیزبو رێبازی بزووتنەوەی نەتەوەکەی هەبووە بە نەزمو دیسیپلین، لە شەرەکاندا هەمیشە لەسەنگەری پێشەوەدا شەری دەکرد ئەو تایبەتمەندییەو زۆر تایبەتمەندی دیکە وای کرد کە قارەمانی نەتەوەکەمان مەسئوولییەتی زیاتری پێ بسپێردرێو وەک فەرماندەری لک دیاری بکرێ.

پێشەوا سەردەکەوێ رێبازت ئەرەس، ئیلامی دەکا گیانبازت سوێند بە گڵکۆکەتو ئەویندارە
چوارچرای شارەکەتی لێ دیارە بۆ گەیشتن بە مراد ئامادەین سوورە رێی تۆ قەت بەرنادەین

چوار ڕێ ئازیزە بە خۆپێشاندان لەسەری خۆشە گەڕانو گیاندان گوشوارەی نەمرم بەرچاوە قارەمانێکی گەلی خاراوە. (ئازا سەکری)

قارەمانەتی جەعفەر لە شاری سنە، لە شەوی نەورۆزی ١٣٥٩دا وەک لاپەڕێکی زێڕین لە کارنامەی پێشمەرگەی دێموکڕات جێی خۆی کردەوە لەو مەئموورییەتەدا هەموو وزەو توانایی‌و پسپۆڕی خۆی بەکار هێناو هەوڵیدا بە یارمەتی فەرماندەرانی دیکەی هێزی پێشەوا لەو سەردەمەدا نموونەی هێزەکە بێ. بە فەرماندەری جەعفەرو فەرماندەکانی دیکە لە هێزی پێشەوا دەیان عەمەلیات قارەمانانە لەو مەڵبەندە کراو سەدان کەس لە بە کرێگیراوانی ڕێژیم کوژران. لە کاتی تەنگانەدا قەت خۆی نەدەدۆڕاند.

ئازایەتی جەعفەر لە گرتنی پادگانی نەوسود زیاتر لۆو پۆی هاویشت، لە شەڕە حەماسیەکانی ناوچەی مەهاباد، لە هەموو شەڕەکانی ناو شار، جادەی ورمێ- مەهاباد، جادەی مەهاباد- میاندواو، شەڕەکانی دەشتی شارویران، لەو فیداکارییانەن کە لاپەڕەکانی مێژووی قارەمانەتی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتیان لە ناوچەی مەهاباد پێ ڕازاوەتەوە بۆ هەمیشە لەمێژووی خەباتی نەتەوەکەمان دەدروشێتەوە.

لە ماوەی پێشمەرگایەتی‌دا بەو پەڕی ئازایی‌و ورە بەرزی لەرێگەی سەرکەوتنی خەباتی ڕەوای گەلەکەی‌دا تێدەکۆشا. هەر کارێکی پێئەسپێردرابایە بەباشی بەڕێوەی دەبرد، لەهیچ فیداکارییەک دەریغی نەدەکرد، فەرماندەرێکی ئازاو لێهاتوو دڵسۆز بوو. ئەو خۆشەویستی کادرو پێشمەرگەی خەڵکی ناوچەکانی مەهاباد بوو. ڕێزی بۆ خەڵک دادەنا زۆر جار دووپاتی دەکردەوە "من بۆیە لە گەڵ براکەم شەو و شەونەخوونی دەکێشم تا خۆمو نەتەوەکەم نانێکی بەخۆشی بخۆین‌و هەوای ئازادی هەڵمژین، بنەماڵەکەم وێڕای بنەماڵەی کوردستان لەچنگ زولم زۆر ڕزگاریان بێ‌و ژیانێکی خۆش تێپەڕێنن".

ڕۆژی ٤ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٢ سروشتی جوانی کوردستان بەرەبەرە کراسی سەوزی بەهاری لەبەر دەکرد، کەهێزەکانی کۆماری ئیسلامی پەلاماری گوندی "قومقەلا"یان لە ناوچەی شارویرانی مەهاباد دا، شێرەکوڕانی دێموکڕات زۆر ئازایانە بەرەنگاریان بوونەوە کاتێک جەعفەر گوشوارە هەواڵی هێرشی کۆنەپەرەستانی بیست لەگەڵ دەستەیەک لەپێشمەرگەکان بە یارمەتی هاوسەنگەرانی‌یەوە چوو، شەڕێکی گەرمو پڕ لەفیداکاری بۆ ڕۆڵەکانی دێموکڕات بوو، بەلاّم بۆ هێزەکانی ڕێژیم جەهەندەمێک بوو کە هیچکات ئەو شکستە لەبیر نەکەن، ڕۆژی ئازایەتی‌و لەخۆبووردوویی بوو لەم ڕۆژەدا دەرسێکی باشیان بە هێزی هێرشکەراندا‌و پاشەکەشەیان پێکردن بە دەیان کوژراویان لەمەیداندا بەجێ هێشت. ڕۆژی ٤ی خاکەلێوە ساڵی١٣٦٢ ئاخرین فیداکاری جەعفەری گوشوارە بوو کە خوێنی تێکەڵ بە خوێنی براکەی یوسف گوشوارەو ٤ قارەمانی دیکە بەناوەکانی خالید ئەبوو شاهی، کەماڵ عەلیزادە، ئەبووبەکر فەقێ ئیبراهیمی و خەلیل مەرزەنگ بوو دەشتی شارویرانیان بە خوێنی

**خۆیان سوور کرد. ئەگەرچی ٦ قارەمانی حیزبەکەمان شەهید بوون بەڵام ڕێبوارانیان بە تۆڵەی ئەو نەمرانە لە ناوچەی مەهاباد بە چەندین عەمەلیاتی قارەمانانە بە یادی ئەوان کردو ناو و یادیان بەرز ڕاگرتن.**

---




**شەهید خدر مووسەوی‌فەڕ ناسراو بە (خدرکیسە) سێهەمین شەهیدی بنەماڵە.**

**کاتێک کە دەزگای ساواکی ڕێژیمی شاهنشاهی لە ساڵی ١٣٣٨ پەلاماری ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیدا، لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی ئاوایی ئیندرقاش لەناوچەی مەهاباد خدر چاوی بەدنیای پڕناعەدالەتی هەڵێناو، بزەی خستە سەر لێوی ئەندامانی بنەمەڵەکەی. هێشتا منداڵ بوو کە ماڵو شوێنی ژیانیان بۆ شاری مهاباد گواستەوە. لە گەڵ ئەوە کە بنەماڵەکەی لە رووی داراییەوە فەقیرو هەژار بوون، لە تەمەنی ٦ساڵیدا ڕەوانەی قوتابخانە کرا، بەم ژیانە پڕلە کوێرەوەرییە تەنیا توانی تا دەورانی ناوەندی بخوێنێ. ئەو کوڕێکی ژیرو وریا بوو عەلاقەیەکی تایبەتی بە وەرزش بوو لە تیمی گەنجاندا ئەندام بوو چەندین جار لە پێشبڕکێی ڕاکردن لە شارستانو ئوستاندا بەشداری کردو پلەکانی دووهەمو سێهەمی بەدەست دێنا.**

**لەکاتی دەست پێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، خدرمووسەوی‌فەڕ پۆلی سێهەمی ناوەندیی دەخوێند. ئەویش کە لە نێو شەپۆلی بێبەشیو چارەڕەشەکانی ژیانی سەختو پڕلە کوێرەوەیدا گەورە ببوو، تامەزرۆی ئازادی گەلەکەی بوو. کاتێک تێکۆشانی ئاشکرای حیزب دەستی پێکرد قۆڵی لە خەباتی هەڵماڵیو بە ئاشکرا بوونی**

تێکۆشـانی حیزبـی دێمـوکڕاتو دامـەزرانی ڕێکخـراوی حیزبـی لە شـاری مەهابـاد لە ڕۆژی ١١ی ڕەشـەممەی سـاڵی ١٣٥٧ی هەتـاوی بەرگـی پیـرۆزی پێشمەرگایەتی لەبەر کـردو لـە زۆربـەی مەئمووریيەتـەکانی حیـزبدا بەشداری کردوه. بە دەست پێکردنی هێرش بۆ سەر کوردستانو دەرچوونی فەرمانی جیهـاد لـەدژی گـەلی کـورد، ئـەو هـەر لەسەرەتا نیشانیدا پێشمەرگەیەکەی بە نەزمو قسە لەگوێو دڵسۆزە، بە بەشداری کردن لە چەندین عەمەلیات دژی هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم ورەی بەرزو ئازایەتیو نەترسی لە خۆی نیشاندا بە چەشنێک کە پاش ٢ ساڵ پێشمەرگایەتی خدر وەک یەکێک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی پێشـەوا ناوبـانگی دەرکـردو بـوو بـە وێـردی سەر زمانی خەڵکو هاوسەنگەرانی.

خدرموسـەویفەڕ بـەهۆی وشیاریو لێوەشـاوەییو نەترسی، بـە سـەر پـەلی پـەلێک لـە پێشـمەرگەکانی هێـزی پێشەوا دیاری کرا. بەشداری کردنی بەرچاوی لە تێکشکاندنو تەفروتوونا کردنی هێرشکەران لەشەڕی٣ مانگە بۆ ناوچەی شاروێران نیشانیدا کە بە حەق کوڕێکی ئازاو قارەمانە. چەند جارێک کە زۆر بەتونـدی برینـدار دەبـوو پـاش سـاڕێژ بـوونەوەی برینەکـانی بـێ ئەوەی توسـقاڵێک لەسـەر ورەو بیروبـاوەڕی کـاریگەر بـێ دەگەڕایەوە سەنگەری دیفاع لە نەتەوەکەی.

خدر بەهۆی ئیمان بە ئامانجەکانی گەلەکەی بۆ هەر مەئمووریيەتێک پێی ئەسپێردرابا، بەدڵو گیـان بـە بـێ ئەوەی رووی گرژ بکا بەڕێوەی دەبرد. ئەو تایبەتمەندییانە لەلای بەرپرسـانی حیزبـی لـە ناوچـەی مەهابـاد زۆر خۆشەویست کردبوو. ئەو کوڕێکی ئازاو لـەخۆبووردوو بـوو. هیچکـات لـە بەرانبـەر دوژمندا کـۆڵی نـەدەدا. بـەهۆی لێهاتوویی وەک فەرمانـدەری لـک دیـاری کـرا، لـەو مەسئولییەتەشدا بەراستی نیشـانیدا کـە کـوڕی ڕاستەقینەی حیزبەکەیەتیو، زۆر روو سوور هاتە دەرو هەر ئەرکێکی پێیان ئەسپارد بایە بە گیانو بە دڵ بەڕێوەی دەبرد.

کاتێک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی شاری مەهابـادی داگیـر کـرد زۆر شەوان دەنگی چەکـی خـدر مووسـەویفەڕو هاوسـەنگەرانی لە نـاو شـاردا دەنگـی دەدایەوە خوشحاڵی دەخستە نـاو دڵـی خەڵکـی حیـزب خۆشەویسـتی شـاری مەهابادو تەنانەت بۆ جاری دووهەم لە شەڕێکی دەستەو یەخەدا لەمەیدانی حەیوانان برینێکی قورسی هەڵگرت، بەڵام ئەو برینـانە نەیـانتوانی کـوڕی شۆڕشگێڕی دێمـوکڕات لەخەبـاتو تێکۆشـان شـڵ بـکەنەوەو پـاش سـاڕێژ بوونەوەی برینەکانی دەگەڕایەوە سەنگەری ئازادی. شەڕی گوێکتەپە ئاوری لەسەر پشتی هێزی داگیرکەر کردەوە، ئازایەتی لەحەماسەکانی دارەلەکو دەشتی شاروێران دەرکەوت کە ڕێژیم لەئاستیدا زەبوونو داماوە.


خدر وەک ئاماژەی پێکرا سێهەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی. دوو برای قارەمـانی دیکەی بەنـاوەکـانی سـەعید مووسەویفەڕو عەوڵای موسەویفەڕ لە ریزی تێکۆشەرانی دێموکڕاتدا بوون شەهید بوون.

روونو ئاشکرایە کە مێژوویی پڕ لەشانازی و پڕ لەسەروەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە کردەوە نیشانی داوە کە لە رابردووی خەباتی دەیان ساڵەی پڕ لە فرمێسکو خوێنو دارمـاڵ لـە حەماسەو خۆڕاگریی خۆی دا،

پشت ئەستوور بە پشتیوانی هەمە لایەنەی خەڵکی کوردستانو هێزی باسکو دەستو مەچەکی رۆڵە فیداکارەکانی، لە بەرانبەر رێژیمە دژ بە کوردە یەک لە دوای یەکەکانی زاڵ بە سەر وڵاتەکەماندا درێژەی بە خەبات داوەو ماندوویی‌نەناسانە بەرەو ترووپکی رزگاری هەنگاوی ناوەتەوە، خدریش لەو چوار چێوەیەدا سەرئەنجام بەڵێنی وەفاداریی بە حیزبو نەتەوەکەی بردە سەرو بە رووسووری دەستەملانی خاکی پیرۆزی وڵاتەکەی بوو.

رۆژی ١٦ی رێبەندانی ساڵی ١٣٦٢ بە پێی گەڵاڵەیەکی عەمەلیاتی هێرشیان کردە سەر بەکرێگیراونی کۆماری ئیسلامی نیشتەجێ لە موڵگەی دێبوکر. پاش شەڕێکی قارەمانانە بەداخەوە کوڕی تێکۆشەری دێموکڕات بوو بە سێهەمین شەهیدی بنەماڵەکەی‌و لە گەڵ هاوسەنگەرێکی بە ناوی ئەبووبەکر ئەفرەنگە شەهید بوون، تێکۆشەرانی هێزی شەهید پێشەوا فەرماندەیەکی بوێر، رۆڵەیەکی نەبەزو وەفاداری لەدەست دا، بەڵام حیزبی دێموکڕات، هەڵقووڵاوی نێو کۆمەڵانی خەڵک بوو، ئەگەر قارەمانێکی وەک خدر کیسەی لە داوێنی خۆیدا پەروەردە کردبوو دوای ئەو زۆر رۆڵەی فیداکار، زۆر قارەمانی ئەوتۆ پەیدا بوون کە جێگای "خدری مووسەوی‌فەر"ی شەهیدیان پڕ کردەوە.

---




**برایم ساڵەموقەدەم**

هەر کات چاو بەمێژووی جووڵانەوەی گەلانی دیکەی ئەو جیهانەدا دەخشێنین و لە ژیانی خەباتکارانیان ورد دەبینەوە، چاوت بە زۆر ئەستێرەی گەشەداری ئاسمانی بێکۆتایی فیداکارانیان دەکەوێ. بۆت دەردەکەوێ کە

ئەوان چۆن لە پێناو ئازادیی گەلەکەیاندا گیانیان بەخشیوەو وەک مۆم بۆ گەلەکەیان داگیرساون و بە بەخشینی گیانیان رووناکیان بە رێگای خەبات و تێکۆشان بەخشیوە.

مێژووی خوێناویی کوردیش زۆر شۆرەسواری مەیدانی خەباتی بەخۆیەوە دیتوە کە مایەی هیواو سەربەرزی بۆ نەسلەکانی داهاتووی ئەو گۆی زەوییەن. ئەم رۆژە دادێ کە وێنەو کردارییان هەوێنی ئایدیای داتاشینی قەلافەتی پەیکەرەی فەلەکەکانی شار بێو نەخش و نیگاری سەرسینگ و بەرۆکی لاوانی داهاتووی وڵات برازێننەوە. یەکێک لەو قارەمانانە کە گیانی بۆ نەتەوەکەی بەخشی شەهید برایم ساڵەموقەدەم لە ناوچەی مەهابادە.

لەو سەروبەندە کە دیکتاتۆری بەرەبەرە باڵی بەسەر وڵاتدا دەکێشاو حکومەتی دوکتور مەسەدیق رووخا بوو کۆرپەیەکی خوێن شیرین لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر ساڵی ١٣٣٢ لەشاری مەهەباد چاوەگەشەکانی بەرووی دنیادا کردەوەو ناوی برایمیان لێنا. بەرەبەرە کە گەورە بوو لەبەرئەوەی منداڵێکی ژیرو وریا بوو خۆشەویستی ئەندامانی بنەماڵەکەی بۆ لای خۆی راکێشا بوو.

لە تەمەنی ٦ ساڵیدا ناردیانە قوتابخانە، لە قوتابخانەدا زۆر جوان دەرسی دەخوێندو توانی هەموو پۆلەکانی خویندن بە سەرکەوتووی ببڕێو دیپلۆمی لەشاری مەهاباد وەرگرت. لە کاتی بێکاریش دا لە یاریدەدانو هاوکاری بنەماڵەکەی دەریغی نەدەکردو شان بە شانی ئەوان کاری دەرکرد.

پاشان رەوانەی سەربازی کراو بە هۆی وشیاری لەکاری خۆی وەک ئیستوارێک لە ئەرتەشدا کاری دەکرد.

لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا بوو کە شۆڕشی گەلانی ئێران دژی رێژیمی پاشایەتی سەرکەوت. رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو لەشکری جەهلو نەزانی بە کوردستان وەرکردو شەڕێکی نەخوازراویان بەسەر کورددا سەپاند. رووداوەکانی ساڵی ٥٨ شەڕی سێ مانگە، کوشتاری زەحمەتکێشانو وێرانکردنی شارو گوندەکانی کوردستان برایم ساڵەموقەدەمیان راپەڕاندو پاش ئەوەی خومەینی دڵڕەشو کۆنەپەرست فەرمانی جیهادی دژی خەڵکی کوردستان دەرکردو لەشکرکێشی کرد، کۆمەڵێک ئەفسەرو دەرەجەداری بەهەستو بە ئەمەگو شۆڕشگێڕ روویان لە تیکۆشەرانی حیزب کرد. برایم ساڵەموقەدەم یەکێک لەوانە بوو.

برایم بە شێوەیەک پەروەردە ببوو کە هیچ قسەیەکی ناحەقی قبووڵ نەدەکرد. هەر ئەم تایبەتمەندیەی بووە هۆی ئەوەی کە هەمیشە بیر لە شۆڕش بکاتەوەو لەریزی ئەو حیزبەدا دەستی دایە چەکو بەشانازییەوە هاتە نێو رێزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوەو پێی نایە گۆڕەپانی خەبات دژی بەکرێگیراوانی رێژیم.

برایم کوڕێکی روح سووکو پێشمەرگەیەکی بە ئیمان بوو. بۆ هەر جێگەیەک مەئمورییەتی پێ درابا کە لە زۆربەی نزیک بە تەواوی مەئموورییەتەکانو شەڕەکانی ناوچەی مەهاباد بەشداریی چالاکانەی کردبوو

بەوپەڕی نیاز پاکی ئەنجامی دەدا.

برایم هێزو توانایی کۆمەڵانی خەڵکی لە تەشکیلاتو ئوسوولیبوونی سیاسەتەکانی حیزب دا دەدی. ئەو لاوێکی رەفتار بەرز بوو. زۆر زوو توانی جێگای خۆی لە ریزی هاوسەنگەرانیدا بکاتەوە. بەهۆی خۆشەویستی و کاری جوانو تیکۆشانی بێوچان وەک نوینەری کۆنگرەی ٤ هەڵبژێردرا. دوای تەواو بوونی کۆنگرەی چوار، لەبەهاری سالی ١٣٥٩ مەئموورییەت بە پێشمەرگەکانی لکی ٣ی هێزی پیشەوا درا بۆ ناوچەکانی پاوە وکامیارانو سنە ئەو لەزۆر شەڕی قارەمانانەی ئەو ناوچەیە بەشداری کرد لە شەڕی ٢٤ رۆژەی سنە فیداکاری زۆری لەخۆی نیشان دا.

ناوبراو لەزۆر بەرەنگاری دژی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی بەشداری چالاکانەی کرد قارەمانەتییەکانی وەک لاپەڕەیەکی زێڕین لە کارنامەی پێشمەرگەی دێموکراتدا جێی خۆی کردەوەو برایمی گەیاندە جێگری لکو پاشان وەک فەرماندەری لک لە هێزی پێشەوا کاری پێئەسپێردرا. لەو مەسئولییەتەدا هەموو وزەو توانایی و پسپۆڕی خۆی بەکار هێناو هەوڵی دا بە یارمەتی فەرماندەرانی دیکە بە لێوەشاوەیی لکەکەی وەک نمونە بناسێنێ. ئەمجار بە هەست پێکردن بە مەسئوولییەتێکی زۆرترەوە کارەکانی جێبەجێ دەکردو خۆی زیاتر لە پێشوو ماندوو دەکرد. ئەو کە باوەڕێکی زۆر قووڵی بە رێبازی حیزبەکەی هەبوو، عاشقو ئەویندری حیزبەکەی بوو، ئەوەی لە هەڵسوکەوتو خووڕەوشتو رەفتاریدا لەگەڵ خەڵک بە باشی دەردەکەوت. لە بەرەنگاری و بەرگریدا لە شەڕەکانی نێوشاری مەهاباد، جادەی مەهاباد ورمێ، مەهاباد پەسوێو شاروێران گرتنی پادگانی پیرانشار، شەڕی خەڵیفەڵیان، شەڕەکانی داشکستان زۆر لێهاتوو هاتەدەر. برایم بەراستی پێشمەرگەیەکی بوێرو ئازاو قارەمان، پارتیزانێکی هەڵسووڕو کوڕی رۆژی تەنگانە بوو.

برایم ساڵەموقەدەم وێردی سەر زمانی خەڵکیش بوو. دەستو تفەنگ، رەختو تفەنگ، لیباسی پێشمەرگایەتی هەر لە برایم جوان بوو. بە کردەوە سەلماندی کە لە پێناوی دیفاع لە نەتەوەکەیدا لە هیچ چەشنە فیداکارییەک درێغی ناکا. لەمەیدانی شەڕ لە بەرەوڕوبوون لەگەڵ دوژمندا نە جارێک بەڵکوو بە دەیان جار ئەم راستییەی سەلماند کە کوڕێکی ئازاو نەترسە. پێشمەرگەیەکی سادەو شۆڕشگێرەو لە پێناوی سیاسەتەکانی حیزب ئامادەیە گیانی بەخت بکا. لە سەنگەردا زۆر ئازا بوو. لەبەر دوژمن کۆڵی نەدەداو هەمیشە پەلاماری سەنگەری دوژمنی دەدا. لەسەر ئامانجو بەڕێوەبردنی کارەکانی شێلگیر بوو.

رۆژی ١٣ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٩ رێژیمی کۆماری ئیسلامی بەهێزێکی زۆرەوە پەلاماری گوندی ئیندرقاشی داو خەڵکی ئاواییان لە مزگەوتدا کۆ کردبۆوە کە نزیک بە ٤٠ کەس لە خەڵکی بێ تاوانی ئاوایی ئیندرقاش قەتڵوعام دەکەن، کاتێک کە کوڕانی دێموکرات بەو هەواڵەیان زانی لە دوژمنی داخلەدڵ راپەڕین بە دەیانو

سەدان جەندەکی پیسی هێزی کۆنەپەرستی لە مەیدانی شەر بەجێ مابوو پێشمەرگە کارێکیان بە هێزی داگیرکەر کرد کە ئێستاش تاڵەواری مەرگ گەروویان رێک دەگوشێ.

بەڵام هەروەک مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوەو کردەوەش سەلماندوویەتی قوربانی هەر دەستکەوتێکو سەرکەوتنێکی ئەوتۆی مەزن خوێنی گەشو گیانی شیرینە. بەداخەوە خوێن بەهای ئەم سەرکەوتنەش برایمی ساڵەموقەدەم دووهەمین شەهیدی بنەماڵە بوو.

لەو بەرەنگارییەدا برایم ساڵەموقەدە خوێنی پاکی بوو بە چرای رێگای تیکۆشانو گیانی پاکی پێشکەش بە خاکو نیشتمان کرد، دیارە برای شەهید برایم، بە ناوی عەلی ساڵەموقەدەم چەکی برا تیکۆشەرەکەی دەست دایەوە ئەوەیش پاش ساڵو نیوێک شەهید بوو بەمجۆرە دوو کوری تێکۆشەری بنەماڵەی ساڵە موقەدەم گیانی پاکیان کردە سەربەستیو سەرفرازی نەتەوەکەیان.

---




برایم خزرپوورناسراوبە (شێخە)

بە لەبەر چاوگرتنی ئەو راستییە کە گەیشتن بە ئازادیو پێکهێنانی کۆمەڵێکی دێموکراتیک بێفیداکاریو قوربانیدان مسۆگەر نابێو خەفەقانو دیکتاتۆریو سەرەڕۆیی لە بنەمایە، رۆڵە تێکۆشەرەکانی گەلی کورد خوازیاری دێموکراسیو مافی وەک یەک لە رۆژهەڵاتی کوردستانن، زیاتر لە ٧٠ ساڵە بە دژی بێزارترینو درەندەترین رێژیمەکانی سەردەم ئاڵای خەباتیان لە پێناو ویستوداخوازە لە مێژینەکانیاندا شەکاوە راگرتووە

بـۆ خاشـەبڕکردنی سـتەمی نەتەوایەتـیو دەسـتەبەرکردنی ئاشـتیو ئاسـایش تێکۆشـاونو قوربـانی دەدەنو ماندوویینەناس ڕێگای دوا قۆناغی سەرکەوتن دەپێون.

بە تێڕوانینو لێ وردبوونەوە لە مێژووی پڕ لەسەروەریو پڕ لەفیداکاریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بە روونی هەست پێ دەکەین کە خەباتی دوورو درێژو پڕ لە هەورازو نشێوی گەلە بەشخوراوەکەمان بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووس لە چەند بواری جۆراوجۆر پەڕیوەتەوەو چەندەها قۆناغی پڕلە مەترسیو دژواری وەدواخۆ داون. بەڵام شۆڕەسوارانی گۆڕەپانی خەباتو خۆڕاگری، بە ئیمان بە ڕێبازی پیرۆزیان بۆ تاوێک هەدایان نەداوەو لە تێکۆشان سارد نەبوونەوە، لەو گۆڕەپانە بەرینەداو لەو خەباتە گرژو دژوارەدا بە هەزاران پێشمەرگەی قارەمانو بە دەیان فەرماندەی لەخۆبووردوو بوونە چرای ڕێڕوونکەرەوەی ڕێگای سەرکەوتنو گیانی پاکی خۆیان بەختی ژیانی بەئاشتی کردو بە خوێنی گەشی خۆیان بەڵگەی زیندوویی‌و هەرمانی نەتەوەکەیان مۆر کرد. یەکێک لەو فەرماندە خەباتکارانە کە تا دوا پشووی ژیانی لەسەنگەری خەباتدا هەڵکێشاو لەو بەرنامەیەدا یادی دەکەینەوە برایم خزرپوور ناسراو بە شیخە لە ناوچەی مەهاباد ڕێز دەگرین.

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٤ی پووشپەڕ ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی پیش ئەوەی خۆر زەوی داگرێ، پێشمەرگەکانی هێزی پیشەوا بە مەبەستی زەبر وەشاندن لە دوژمنی کۆنەپەرستی خۆیان بۆ عەمەلیاتێک ئامادە دەکرد برایم خزرپوور ناسراو بە شیخە وەک فەرماندەیەکی کارامەو پێگەیشتوو لە ژێر چاوەدێری فەرماندەی عەمەلیاتدا چووکترین جموجۆڵی هێزەکانی ڕێژیمی لەژێر چاوەدێری دابوو چاوەروانی فەرمانی عەمەلیات بوو. دەراوی ئەشکەوتانی مەنگوڕانی مەهەباد ئەو ڕۆژە دیمەنێکی نائاسایی بە خۆیەوە گرتبوو. بێ دەنگێکی بەسام باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو پێشمەرگەکان هەستو خوستیان لە خۆیان بڕیبوو، گیان لەسەردەستو قامک لەسەر ماشەی چەکەکانیان وەک پۆلە پارتیزانێکی کارامە دامەزرابوونو، لە شوێنی عەمەلیاتەکەیان دەڕوانی. لەو کاتەدا بوو گرمەی ئارپیجیو قرمەی کلاشینکۆف سامی بێ دەنگی شکاندو بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی لە خەوی خۆشی خەیاڵی ڕاپەڕاند شەڕێکی خوێناویو نابەرابەر لە لایەن پارێزەرانی ئاشتیو ئازادیو، لایەنگرانی کۆنەپەرستی دەستی پێکرد. دوژمن زەبرێکی بەژانی وێکەوتو ژمارەیەکی بەرچاویان لێ کوژرا، بەڵام بەداخەوە لە گەرمەی شەڕدا سینگی شێخەی قارەمان لەگەڵ هاوسەنگەرێکی بە ناوی سەید کەریم مستەفازادە کەوتە بەر گوللەی کورد کوژان وسەنگەری تێکۆشانی بە هاوسەنگەرانیان سپارد.

برایم خزرپوور ناسراو بە شێخە، ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی لە داوێنی بنەماڵەیەکی ئاوایی "هەمزاوە" سەر بە ناوچەی مەنگوڕانی مەهاباد چاوی بە ژیان کردۆتەوە. ژیانی دەورانی منداڵی شێخە وەک زۆربەی منداڵانی لە خۆشی بێبەشەکانی ئاوایینشینەکان لەو پەڕی نەداریو بێ دەرەتانیدا چۆتە سەرێو بە هۆی نەزمی باری ئابووری بنەماڵەکەی نەیتوانی دەرگای قوتابخانە بکاتەوە. بۆیە هەر لە تەمەنی منداڵیدا بۆ دابینکردنی

بژێوی بنەماڵەکەی شانبەشانی باوکی کاری کردوە. هێشتا تەمەنی٩ ساڵی تێنەپەڕاندبوو کە رۆژگار کەمینی بۆ ناوەتەوەو باوکی زەحمەتکێشی بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لێخواستو قورسایی باری ژیان ئەوەندەی دیکەش شێخەی ئازاردا. ئەوە یەکێک لەو قۆناغە ئاستەمو پڕ لەتەنگو چەلەمەو کەندو کۆسپانە بوو کە شێخەی خستە بەر تاقی کردنەوەیەکی نوێتر. لە بەرەو پێش چوونی رەوتی مێژوودا بەرەبەرە گەورەتر بوو باشتر لە مانای ژیان گەیشت. شێخە بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ ئەو زوڵمو ناحەقیانەی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەرحەق بە گەلەکەی دەکرا رێبازی حیزبی دێموکراتی هەڵبژاردو ساڵی١٣٦٣ی هەتاوی پێوەندی بە تەشکیلاتی حیزبەوە گرتو تێکۆشانی سیاسی دەست پێکرد.

ساڵی ١٣٦٥ کە رێژیم سیاسەتی چەک بەسەر دابڕینی ئاوایی نشینەکانی کوردستانی گرتە بەر، شێخە یەکێک لەو کەسانە بوو چەکی زۆرە ملی بەسەردا سەپێنراو رەوانەی مۆڵگەی ئاوایی برایمە کرا. ئەوە دەرفەتێک بوو کە دەیتوانی هەم زەبرێک لە رێژیم بوەشێنێو هەم ئەرکی پیرۆزی خۆی کە دەست پێکردنی ژیانی پێشمەرگایەتی بوو بە جێ بگەیەنێ. هەر بۆیە پاش تێپەڕکردنی چوار مانگ لەگەڵ تێکۆشەرانی هێزی ئەفشین پێوەندی گرتو بە هاوکاری هاوڕێیەکی دیکەی مۆڵگەکەیان تەسلیمی هێزی پێشمەرگە کردو بە لەبەرکردنی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لەمەڵبەندی سپیسەنگدا بەرگری چەکدارانەی دەست پێکرد.

ئەوە یەکێک لەئاواتەکانی شەهید شێخە بوو کە لەپێناوی ئامانجە لە مێژینەکانی گەلەکەیو حیزبەکەیدا بە کردەوە تێدەکۆشاو قۆناغێکی نوێی لە ژیانی شۆڕشگێڕانەی خۆیدا دەست پێکرد. ساڵی ١٣٦٧ بۆ هێزی شەهید پێشەوا نەقلی وەرگرتو لەوێش بە هۆی سەداقەتو نەزمو دیسیپلینێک کە بەکردەوە لە خۆی نیشاندا سرنجی هاوسەنگەرانی بۆ لای خۆی راکێشاو بوو بە جێی بڕواو متمانەی هەموویان.

شێخە لەگەڵ ئەودا نەخوێندەوار بوو زۆر شتی دەزانیو ئۆگرییەکی لەرادە بەدەری بە فێربوونو شارەزایی لەبوارە جۆراوجۆرەکانی پێشمەرگایەتیدا هەبوو. هەروەها لەباری نیزامییەوە شەرمی لە گوللە نەدەکردو شەڕی دەستەو یەخەی لەگەڵ دوژمنانی نەتەوەکەیدا دەکرد، شەڕە حەماسیەکانی وەک مێرگە چەکۆ، قوشەهوو، پشتی ئاوایی کوران، ئاوایی کانییەرەش کە لە هەر چوار شەڕەکاندا برینداربوو بە هۆی ئەو برینانەی کە هەیبوو دەستی چەپیشی لەکار کەوتبوو، ئەوانە وێنەیەکی زەقو بەرچاون لە بوێریو قارەمانەتی ئەو تێکۆشەرەی دێموکڕات. هەر ئەو تایبەتمەندیانە زەمینەی لەبارتریان بۆ وەرگرتنی ئەرکو بەرپرسایەتی قورستر بۆ شێخە رەخساندو پلەکانی نیزامیی یەک بەدوای یەکتر تێپەڕ کرد.

شێخە ساڵی ١٣٦٧ بە جێگری پەل‌و ساڵی ٦٨ وەک فەرماندەی پەڵو ساڵی ٦٩ وەک جێگری لک کاری کرد ئەو مەسئولییەتەشی بەباشی بەڕێوە برد ساڵی١٣٧٠ وەک یاریدەدەری کادرو سەرئەنجام ساڵی ١٣٧١ وەک فەرماندەری لک دیاری کراو تاکاتی شەهید بوونی ئەو مەسئوولییەتەی بەڕێوە بردو وەک فەرماندەیەکی کارامەو

لێزان ناوبانگی دەرکردو ببوە بە وێردی زمانی هاوسەنگەرانیو خەڵکی ناوچەو دوژمن بەبیستنی ناوی شێخە تەزووی ترسو لەرزی بە لەشی دا دەهات.

بەڵێ شێخەیەک کە بەنرخترین ساتەکانی ژیانی سەربەرزانەی خۆی بۆ خزمەت بە گەڵو نیشتمان تەرخان کردبوو، شێخەیەک کە بەدەیان عەمەلیاتی سەرکەوتوانەدا بەشداری کردبوو، شێخەیەک کە چوار جار لەشەڕدا بەتوندی برینداربوو بەشێک لەئەندامی لەشی لەدەست دابوونو توزقاڵێک لەورەو ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی دا نەشکابوو. سەرئەنجام رۆژی ٢٤ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٢ لەگەڵ هاوسەنگەرێکی بەناوی کەریم مستەفازادە بە خوێنی گەشی خۆیان بەڵگەی زیندوویەتیو هەرمانی نەتەوەکەیان مۆر کردو سەنگەری تێکۆشانیان بە هاوسەنگەرانیان سپارد.

---




تاهیر جۆڵاکار ناسراو بە (تالی)

کاتێک وەڵامی سەرەتاییترین داخوازەکانی هەر نەتەوەیەک بە ئاوروئاسن دەدرێتەوە. کاتێک سەرکوتو رەشەکوژیو زەبروزەنگ جیگای ئازادی دەگرێتەوە، ئەو نەتەوەیە ناچار دەبێ بۆ دیفاع لە مافو ئازادییەکانی دەست بۆ چەک بەرێو بۆ وەدەست هێنانو پاراستنی ئازادی چەک لەشان بکا. هەربۆیە نەتەوەی کوردیش لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دەیان ساڵ لەوە پێشەوە حیزبی خۆی دامەزراندوو بۆ وەدیهێنانی مافی رەوای زیاتر لەماوەی ٧ دەیە لەبەرامبەر درەندەترین دوژمنی ئازادیدا چەکی دەست داوەتێو شێلگیرانە درێژەی بە خەبات داوە لە پێشکەشکردنی گیانی باشترین رۆڵەکانیدا دریغی نەکردوە یەکێک لەو رۆڵە تێکۆشەرانە کە رێز لەیادو

بیرەوەری دەگرین شەهیدی فەرماندە تاهیر جۆلاکار ناسراو بە "تالی" لە ناوچەی مەهابادە.

تاهیر جۆلاکار ناسراو بە "تالی" لەساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لەئاوایی "کێچاوا"ی شارویران سەر بە شارستانی مەهاباد چاوی بەدنیای روون کردەوە. هێشتا هەر لە سەر لانک بوو کە لە موحیبەتی باوکی خۆشەویستی بێبەش بوو. سەرەڕای لەدەست دانی باوکی بە هۆی رووداوێکی کۆمەڵایەتی برا گەورەکەشی کەوتە زیندان. دواتر تالی چوە قوتابخانەو دەورەی سەرتایی قوتابخانەی لە ئاواییەکانی گابازەڵەو گردەگرۆێ تەواو کرد. پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن رەوانەی شارەکانی نەغەدە و مەهاباد کراو هەتا دووهەمی نەزەری دەرسی خوێند.

کاتێک خۆپیشاندانەکانی لە دژی رێژیمی پاشایەتی دەستی پێکرد تالی بە چاوو گوێی کراوەوە لە خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا وەک زۆربەی لاوانی شاری مەهاباد بەشداری چالاکانەی خۆپێشاندانەکانی دژی رێژیمی پاشایەتی کرد. دوای ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە پاییزی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بە فەرمی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەبەر کرد.

لەسەرەتای مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٩ لە یەکەم شەڕ لە ئاوایی "باخڵە" لە نیزیک شاری کامیاران بەشدار بوو، لەبەر ئازایەتیو قارەمانەتی ناوبراو بوو بە خۆشەویستی هەموو هاوڕێکانی. ئەو لە ماوەیەکی کورتدا نیشانیدا کە رۆڵەی ئازاو بە جەرگی نەتەوەکەیەتی. سەبارەت بە ئازایەتیو جوامێری، سەبارەت بە ورەی بەرزو هەڵسووڕ بوونی، سەبارەت بە ئیمانی قووڵ بە رێبازی حیزبو بزووتنەوەی رزگاری خوازانەی نەتەوەکەی زۆر زوو جێگای خۆی لە نێو ریزی هاوسەنگەرانیدا کردەوە. ئەو ئامادەی هەر چەشنە فیداکاریو گیانبازی یەک بوو. پاشان لە گرتنی پادگانی نەوسودو پاسگای دڕۆڵە رۆڵێکی گرینگی گێرا. هەروەها ئازایەتی تالی یەکێک لە قارەمانەکانی شەڕی ٢٤ رۆژەی نێو شاری سنە لە ساڵی ١٣٥٩دا بوو. دوای گەڕانەوە لە مەئمووریەتی جنووبی کوردستان لەلایەن دەفتەری سیاسی حیزبەوە تەشویق کرا. هەست کردن بە مەسئوولییەت، بردنەسەری زانیاری سیاسی، خاکیو خەڵکی بوون، بوێریو سەراحەت قسەکردن، لەسەرەخۆ و بەئەخلاق، فیربوونو فێرکردن لە تایبەتمەندییەکانی ناوبراو بوو.

لە زۆربەی مەئمورییەتەکانی لکی ٣ی هێزی پێشەوادا بەشدار بوو، شەڕەکانی ناو شاری مەهاباد، مەنگوڕایەتی، شارویران، دارەلەکو ئیندرقاش کە تاڵەواریان بە زاری دوژمن داکرد، مۆرکی نەترسیو زاکوونی ئەو قارەمانە بەدەستو بردەیان پێوە دیارەو بۆ هەمیشە لە مێشکی دانیشتوانی ئەو مەڵبەندە نەخشی بەستووەو شاهیدی بۆ قارەمەنەتیو ئازایەتی تاهیر جۆلاکار دەدەن.

لەهاوینی ساڵی١٣٦٠ لەمەئمورییەتی شومالی کوردستان (قوتور) بریندار بوو. پاییزی ١٣٦٠ بوو بە سەرپەلی پەلی شەهید بالغی و پاشان بە هۆی لێهاتوو بوون وەک فەرماندەری لکی ٣ی هێزی پێشەوا دیاری

کرا. شەهید تالی پێشمەرگەیەکی هەڵسووڕو فەرماندەیەکی لێوەشاوە بوو، گورجو گۆڵو کار لێهاتوو بوو، بەدەستو بردو زەبر وەشین بوو نارەتەی شێرانەی زراوی دوژمنی توقاندبوو، چەندین شەڕی گەورەو بچووکی دیکەی فەرماندەهی کرد، لەشەڕ لەگەڵ دوژمن چاونەترسو بوێر بوو بە تایبەتی لە نێو شاری مەهاباد ودارەلەک ئازایەتی ناوبراو هیچکات لەبیر ناچێتەوە.

ئەو لە بواری سیاسیشدا رۆژ لەگەڵ رۆژ پلەی زانیاری خۆی بەرەو سەر دەبردو هەوڵیشی دەدا چەندی لە توانای دایە لە بارهێنانی سیاسیی هاورێیانیدا نەخشی هەبێ. تالی کورێکی خوێن شیرین، ئارامو مەتین، موئەدەب وخەڵک دۆست بوو، شایانی گوتنە لە دوای شەهید بوونی لە خۆشەویستیان چەندین منداڵیان بە نێو کرد. رۆژی یەکی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦١ لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە چیای مۆسکە لە پشتی ئاوایی بەیتاس لە گەڵ هاوسەنگەریکی بەناوی محەممەدجانی گیانی پیشکەش بە بارەگای ئازادی کرد.

---



شەهید حاجی مەلابرایم رۆستەمی

خەباتو بەربەرەکانیو تیکۆشانی هێزی پێشمەرگەلە چوار دەیەی رابردوودا بە یەکێک لە شانازییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەزانرێ. لە ماوەی ئەو چوار دەیە لەراستیدا جووڵانی هێزی پێشمەرگە بەحەق جێگای سەربەرزیو شانازییە نەک بۆ حیزب بەڵکوو بۆ خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانو تەنانەت بۆ گەلانی دیکەی ئێرانیش. ئەو زەبرە گاریگەرانەی لە پەیکەری هێزی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی دەکەوتو گرتنی مۆڵگەکانو شکاندنی کەمینەکانو بەربەرکانی قارەمانانەیان دەریخست کە پێشمەرگەی کوردستان چەندە ئازاو بەئیمانو

لێوەشاوەن. ئەو فیداکارییە هۆی جۆراوجۆری هەبوە یەکێک لەوانە ئەزموودیسیپلین بوو بە مایەی سەرکەوتنی هێزی پیشمەرگە، ئەوەش لە نیو بژاردەکانی ئەو شۆڕشگێرانەدا بەهێز بووە، چونکە باش بۆیان دەرکەوتبوو کە دەبێ لە گۆڕەپانی خەباتداو هەلومەرجی تایبەتی شەڕی پارتیزانی ئەو ئەسڵە فەرماندەکان لەبەرچاویان گرتبوو شەهیدحاجی مەلابرایم رۆستەمی بە روحییاتەوە پەروەردە بوو بۆیە بوو بە یەکێک لە فەرماندە بەتواناکانی حیزبو هێزی پێشمەرگەی کوردستانی رێنوینی دەکرد باس لە ژیانو تواناکانی ئەو قارەمانە دەکەین.

حاجی مەلا برایم رۆستەمی لەساڵی ١٣٠٦ی هەتاوی لەئاوایی "قۆرغان" سەر بەشارستانی مەهاباد لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر چاوی بەدنیای روون کردەوە هەلومەرجی ئەوکات بە دەگمەن قوتابخانە لە گوندەکان هەبوو کە منداڵانی کوردستان بتوانن دەرسی تێدا بخوێنن بۆیە لەسەر داوای باوکی رووی لە قوتابخانەی ئایینی کردو باوکی رەوانەی گوندی حوجرەی فەقێیانی لە ئاوایی حاجیئاڵێکەند کرد پاشان بۆدرێژەدانی قوتابخانەی ئاینی رووی لە گوندەکانی شێخچۆپان و کانیزێڕینە لە ناوچەی سەقزو سەرئەنجام گوندی تورجانی بۆکان، بوو بەناوەندی پەروەردەی و خوێندنی حاجی ملابرایمی لاو.

حاجی مەلابرایم کاتێک رێگای پێدرا وەک مامۆستا لە گوندەکانی کوردستان خزمەت بکا سەرەتا لە ئاوایی گردییەعقوب لە ناوچەی شارویرانی مەهاباد دامەزرا، پاشان ماڵی بەرەو ئاوایی خوڕخوڕە باری کردو تا کۆتایی ژیانی هەر لەو گوندە مایەوە.

حاجی مەلابرایم ئەدەب دۆستو مرۆڤێکی خۆشناو بوو، شارەزای لە شێعرەکانی هێمنو هەژارو حاجی قادری کۆیی بوو. ئەو بێزاری خۆی لەکەسانە دەردەبڕی کە بەناوی دینەوە خەڵک بە رێگای خراپدا دەبەن.

مامۆستا حاجی مەلابرایم لەهەرەتی لاویدا بوو بە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان، وەک ئەندامێکی بەتواناو لەخۆبووردوو، کاری لە نێو خەڵکدا دەکرد بۆ بەڕیوەبردنی ئەرکی حیزبی سەری بەهەموو ماڵێکدا دەکرد، سەرئەنجام لەساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لەلایەن ساواکەوە دەناسرێو رەوانەی سیاچاڵەکانی رێژیمی پاشایەتی دەکرێ، حاجی مەلابرایم چەندین جار لە زیندان ئازارو ئەشکەنجەدرا بەڵام لێوەکانی لەئاستی نەهێنیکانی حیزب هەڵنەپچڕیو، کاربەدەستانی ساواک لەئاستی ناوبراودا بێ هیوا مانەوە هەربۆیە کاتێک لە بەندیخانە ئازادکرا ئەزموونێکی پەنجەبەمۆری بۆ نەسەلەکانی داهاتوو لا پاش خۆی بەجێهێشت.

حاجی مەلابرایم پاش ئازاد بوونی لە بەندیخانە پێوەندی بە شۆڕشگێڕانی ساڵەکانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ی هەتاویی گرتو سەر لەنوێ بۆ تێکۆشانێکی بەردەوام، بوو بە هاوکاری ئەوخەباتە رەوایەو خەڵکی دژی رێژیمی پاشایەتی بەهەموو جۆرێک هان دەدا تا بە گژ دیکتاتۆری دابچنەوە ئەو لەهەموو دەرفەتێک بۆ دژایەتی رێژیم شا کەڵکی وەردەگرتو خەباتی دەکرد.

حاجی مەلا برایم لەمێژ بوو چاوەڕێی ئەوەی دەکرد کە خەڵک دژی ئەو ڕێژیمە ڕاپەڕن بۆیە ئاواتی هاتە دی وێڕای خەڵکو تەنانەت لە پێشەوەی خەڵک بەشداری خۆپێشاندانی کردو تا گۆڕکردنی ڕێژیمی شا بەشداری چالاکانەی کرد. پاشان سەرەرای ئەوە کە خێزاندار بوو باری ژیانی لەویەری خراپی دابوو بەڵام رووی لە تیکۆشەرانی ئەو حیزبە کردو بوو بە پێشمەرگە. بەدست پێکردنی جیهاد لە لایەن ڕێژیمی تازە بەدەسەلآت گەیشتووی کۆماری ئیسلامی حاجی مەلابرایمی رۆستەمی لە پێدەشتەکانی ناوچەی شارویران بەشداری بەرخۆدانو حەماسەکانی دەکردو زۆر لاوی کوردی بۆ بەربەرەکانی دژی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی کە گەلەکەی بەر پەلامار درابوو ڕێنوێنی دەکردو چەکی لەشان کردن.

حاجی مەلابرایم پاش ماوەیەک وەک فەرماندەری لک دیاریکراو لەزۆر قارەمانەتی و فیداکاری ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان بەشداری کرد لەزۆر مەئمووریيەتی حیزبیدا بەشداری کرد بەتایبەت بۆ ناوچەی هەوشار، کاتێک کەوتە بەر پەلاماری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی حاجی مەلابرایم لەگەڵ دەستەیەک لەپێشمەرگەکانی هێزی پیشەوا روویان لەو ناوچەیە کردو لەزۆر داستانی حەماسەکانی ئەو ناوچە پێشی بەهێرشی داگیرکەر گرتو رۆڵی باشی گێڕا.

بەرەبەیانی ١٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی سیوادی بەیانی رووناکی ئەستێرەگەشەکانی ئاسمان روو لەکزی بوونو بەرەبەر ماڵئاواییان دەکرد ٧ قارەمانی ئەو نیشتمانە زۆر بە نەهێنی کە لەرێگایەکی دوورەوە هاتبوون خۆیان بە ئاوایی داشکستان داکرد حاجی مەلآبرایم کەسێک بوو لەهەر دەرگایەکی دابوایە لەسەر گازەرەی پشت کرابۆوە، ئەوان زۆر بەپەلە پێش ئەوەی خۆر بەرز بێتەوە بەپەلە هەرچەند بەشەکەتی گەیشتبوونێ پاروو نانێک خوراو، ئەو ٧ پارتیزانە باشیان دەزانی هەڵۆی بەرزەفڕ باشتر دەروانێتە دەشتایی هەمووی لەژێر باڵی تیژی دایە. بۆیە بەرەو ئەشکەوتی "حساملەشکریان" هەنگاویان ناو لەژێر سێبەری ئەشکەوتی ناوبراودا بۆ پشوودان مانەوە ئێستا تەواو خەو بەچاویاندا نەچوو بوو هەواڵی هاتنی هێزی بەکرێگیراو لەلایەن نگهبانەوە بە حاجی مەلا برایم فەرماندە هەواڵی درا کە دوژمن خۆی بەئاوایی داکردوە، گەڕانی ماڵ بەماڵ هێچیان دەست نەکەوت ئای بۆ جاشو سیخوڕی سەرنەوی کە کلکی لە نێو گەڵۆزی نابوو، وەک خەنجەرە گۆرینەی مێژووی خەیانەت دەسکی دایکی خۆیەوە رۆچوو، قامکی بۆ ئەشکەوتی حیسامەلەشکریان درێژ کرد. لە چەندین لاوە هێزی بەکرێگیراو بەرەو بەرزایی کە ئەشکەوتەکە هەڵگەران. قارەمانانی دێموکرات خۆیان لەدوژمن مات دابوو ئەوان چەندین جار کەوتبوونە مەیدانی بەربەرەکانی بەڵام ئەمجارە جیاواز بوو چارەنووس‌ساز بوو.

بەڵی هیزی رەشی بەکرێگیراو وەک مەغولئاسا بەرەو چیای پێوەر بوونو تەقە دەستی پێکرد بەڵێنیان بەیەکو بە مامۆستای قارەمان درا کە کۆڵ نەدەن.

هاوڕییەکی لە یادداشتەکانی بەمجۆرە باسی شەهید بوونی دەکا.

"لەشکری جەهل و نەزانی وەک ڕەشکەی سەردەمی سەفەوی هەردەهات و زیادی دەکرد. تۆپەکانیان، فڕناسە و مەترالیۆسەکانیان تەنیا یەک خاڵیان لەسێرەدا بوو، ئەویش ئەشکەوتی حیسام‌لەشکر و قەڵا و پەناگای هەڵۆکان و حاجی ماموستای ورە زێڕین بوو. دەمێکە فیشەک لە کەمی داوە و تەرمی هەڵۆیەک ڕاکشاوە و گوڵالە سوورەیان لەبەرۆک داوە. سەرئەنجام ئەوەی ماون دەگرن دیوانێ، تا بزانن ڕێگەچارە کوانێ. کاتی تۆمار و نووسینە، ئاخر لاپەڕەی چارەنووسی خوێنینە و دوایین تەقە و کوشتنی نەیاری دڵ پڕلە قینە. تفەنگەکان دەشکێنن، نەوەک دوژمن بیان رفێنن. هەڵۆکان ، ماموستا و پێشمەرگەکان لەسەر ڕەوز وێستاون، دەڕواننە هەوشار و ڕوو لە شارویران لەژێر رەهێڵەی چەکان، بەدوایین بەرمزە لەسەر لێوان دەخولقێنن پەردەی کۆتایی حەماسەی دمدم و داشکستان. برایم کەلهوری دەمێکە شەهیدی نیشتیمانە، سەلاح لاهوری و عەزیز شوانە ڕەوەزێکی بەرز جێگەیانە، خالید شکاری و ڕەسوڵ بەشیری دوایین تەقەیانە و پەرویز کەرباسی و ماموستا، خۆهەڵدێرین دوایین رستەیانە و فڕینی هەڵۆ باڵ شکاوەکان پایانی پەردەی گەمارۆیانە. جەنازەکان چەشنی بەرگی گوڵەباخەکان پەڕپەڕ دەکەونە بەر سۆزی شنەبای بەرەبەیانی شازدەی خەرمانانی پەنجاونۆ و جەللادیش بێدەسکەوت گۆڕەپانی حەماسەی داشکستان وەک دمدمی برادۆست بەمێژوو دەسپێرێ."

بەڵێ بەمجۆرە حاجی مەلابرایم ٦ هاوسەنگەر گیانیان بۆ نیشتمانیان دانا ئەو کەزانی هەوالانی شەهید بووە تفەنگەکانی شکاندن، کاتێک گوللەیان نەما تەنیا لەگەڵ هاوسەنگەرێکی مابوون دەستی لەناودەستی‌ناو لە ئەشکەوتی حسام لەشکریان خۆی فڕێدایە خوارەوە بەمچەشنە روحی بەرزی فڕی بۆ ئاسمانی نەمری شەهیدانی کوردو کوردستان.

---




**ئەبووبەکرئیسماعیل‌زادە ناسراو بە (ساماڵ)**

"لە سەرتاسەری کوردستان بارهێنانی نەزمی خۆ ژیان و لە سەر پێی خۆ بوون بوو. لاوانی کورد دەرفەتیان دەست کەوت بەڵکوو تواناو هێزی خۆیانی تێدا تاقی کەنەوە. زۆر لەوانەی دڵخۆش بەو وەزعە لەخۆ ماندوو کردنەدا شەوو ڕۆژیان نەدەناسی ساماڵ یەکیک لەوانە بوو کە دیپلۆمی هەبوو ئەویش چاوەڕوانی هەلێک بوو کارێکی دەست کەویو بناخەی ژیانی نوێ دامەزرێنێ، بۆیە زۆر بە تامەزرۆوە بۆ سەرکەوتنی ئەو هەلەی هاتبووە پێش خۆی بۆ ماندوو دەکرد. لە جەریانی شۆڕشدا لە ئەو هەموو کەلوپەلە نیزامییەی لەکاتی شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاویدا دەست خەڵک کەوتبوو یەکیەتیی لاوانی قەباکەندیش ببووە خاوەنی جیبێکی ئەڕتەشی. ساماڵ وەک ئەوە کە هەموو جهانی ئەو بێ دێ بە دێ پێی دەگەڕاو کاری بۆ شۆڕش دەکرد. هەر جارە نا جارێک دەت دیت جیبە بۆر لە گوندەکەی ئێمەش پەیدا دەبوو کە لاوێکی باریکەڵەی سەر مەیلەو زەرد لێی دەخوڕیو چەند کەسێکی دیکەش هاوڕێی بوون. هەموو جارێ دەهاتەو پەیامو ڕاسپاردەی دێنانو دوایە لێمان گوم دەبوو. ئەو دەوران گوزەراو جیبەبۆر تێدا چوو لاوی باریکەڵەی سەر زەردیشم نەدیتەوە.

لە گەرمە بازاڕی کڕینو فرۆشی کۆنە دەمانچەو تفەنگو تەقەمەنیدا، بازاڕی "خەتتایی"یش جێگایەکی بەڕمێن بوو. ڕۆژێک گوتیان "خالید" لە بازاڕی خەتتایی دەمانچەی لە دەست دەرچووەو لاقی کەسێکی برینداری کردوە. خالید لە هاوکارانی حیزبی و دۆستیشم بوو. بە پەلە خۆم گەیاندەماڵیان هەتا بزانم چ باسە، کە دیتم لاوە سەر زەردەکەی قەباکەندی لە لای سەرەوەی دیوی دانیشتن جێگای بۆ ڕاخراوەو پاڵی لێ داوەتەوە. ئەوجار زانیم ئەوەی دەمانچەی وێ کەوتووە کۆنە هەواڵ هێنەرەکەی یەکیەتیی لاوانە کە ئێستا بە ڕێزەوە لەو ماڵە پاڵی لێ داوەتەوە. ساماڵ هەتا لاقی چاک بۆوە لە ماڵی خالید مایەوەو قەدری لە سەر سەران بوو.

ڕۆژێ سێ جەمە خواردنی باشی بۆ ساز دەکراو هەر بڕۆی هەڵتەکاندبا یەک دوو کەس ئامادەی خزمەت بوون. لەو ماوەیەدا دیسان چەند جار یەکترمان دیتەوەو زیاتر دەگەڵ ڕووحییاتی ئاشنا بووم.

بەرەبەری هێرشی پان و بەرینی ڕێژیم بۆ گرتنەوەی جادەی سەردەشت - پیرانشار بوو. هەموو ناوەندی کوردستان دەحاڵی خۆ ئامادە کردن بۆ بەرەنگاریی ئەو هێرشە دابوون. بە تایبەت ڕۆژ ڕۆژی لاوان بوو هەتا هیممەت بنوێننو خاکی وڵاتەکەیان بپارێزن. من بەشی تەشکیلاتیی ناوچەکانی مەهاباد بووم لە لایەن یەکیەتیی لاوانەوە پێ ئەسپێردرابوو. دەبوایە هێزی لاوانی ناوچە بۆ بەرەنگار بوونەوە وەخۆ بخەم. دەگەڵ مامۆستا "بێبەش" لە مەنگوڕایەتی ڕا بۆ قەرەگۆڵو لەوێش ڕا بەرەو قەباکەندی وەڕێ کەوتین. لە نێو باغو باغاتی پڕ وێنجەی لادێدا لاوە باریکەڵە سەر مەیلەو زەردەکەمان دیتەوە کە لە جیاتی وەگێر خستنی شوغڵێکی دڵخواز، دەبوایە مل بنێتە بەر کاری تاقەتبڕی کشتوکاڵ. ئێوارەیەکی پڕ لە مێشەکوێرەی نێو باغان لە قەراغ چۆمی "تەتەهوو" دەگەڵ ساماڵ تێر دانیشتینو ئەوەی دەبوو باسی بکەین، کردمان. زۆری پێ نەچوو "ساماڵ" یەکێک لەو هەزاران لاوەی کوردستان بوو کە خۆی لە سەنگەری بەرگری لە خاکو سەربەرزیی گەلەکەیدا دیتەوە. ئەوجار نازناوی "ساماڵ" وەدوای ئەو کوڕە ڕووح سووکە خراو بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیی دەبەر کرا."

ئەبووبەکر ئیسماعیلزادە ناسراو بە ساماڵ ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی لە ئاوایی پڕ پیتو بەرەکەتی قەباکەندی لە ناوچەی چۆمی مەجیدخان لەدایک بوو پاشان کە تەمەنی گەیشتە ٧ ساڵی ڕەوانەی قوتانخانە کراو توانی بەسەرکەوتووی دیپلۆم وەرگرێ. کاتێک ڕووی کورد شۆڕش بە هەزاران لاوی وەک ساماڵ روویان لە ڕیزی تیکۆشەرانی دێموکڕات کردو دیفاعیان لە خاکو نیشتمان دەکرد.

لە نێو کۆڕی لاواندا "ساماڵ" دیارترینیان بوو. لە هەڵسووڕی و ماندوویی نەناسیدا، لە کارجوانیو پوخت و پاراوی دا، لە کۆمەڵایەتی بوون و بە دەنگ خەڵکەوە چووندا، لە ئازایەتیو چاو نەترسیدا، لە قانع بوونو سادەیی ژیاندا، لە سەداقەت لە دۆستایەتیو هەڵسو کەوتی جوانو سەنگین دا، لە ئەمانەتداری و جێی باوەڕی داو خۆلاسە لە هەموو ئەو تایبەتمەندییانەدا کە بۆ خەباتگێڕێک پێویست بوو، بەڕاستی ساماڵ سەرتۆپ بوو. هەربۆیەش هەم لاوان خۆشحاڵ بوون هاوسەنگەرێکی ئاوایان وەگیر کەوتووە و هەم ئەمنیش دەپێستی خۆم دا جێم نەدەبۆوە کە توانیومە کەسێکی ئاوا بکێشمە ڕیزی لاوان. لە "گاگەشی"ی مەنگوڕان قەرارە کۆمیتەی بەڕێوەبەریی لاوان تەڕمیم بکرێتەوە. ناوی ساماڵ لە پێشەوەی ئەو ناوانەیە کە بۆ ئەو بەرپرسایەتییە بەرچاو دەکەوێ. لە گاگەشی مەنگوڕان قەرارە دەستەی لاوان بۆ بەشداریی سمینارێکی گشتی بۆ ساغ کردنەوەی ڕێکخراوەکەیان بە بەشداریی دوکتۆر قاسملوو ڕەوانە بکرێ. ناوی ساماڵ لە ڕیزی پێشەوەی ئەوانەیە کە دەبێ بەشدار بن. لە گاگەشی مەنگوڕان گەڕانی جۆراوجۆری لاوان ساز دەکرێ. ساماڵ گەڕۆڵی ئەسڵیی هەموو

تیمەکانە. لە گاگەشی مەنگوڕان لە دابەش کردنی ئەرکی ڕۆژانەدا ساماڵ وەک بەرپرسی"میوانان" دیاری دەکرێ. ئەگەر گوتتان بۆ، دەڵێم لە بەر ڕووح سووکی و باش زانینی دابی میوانداری. هەر لە گاگەشی مەنگوڕانیشە کە "سیاوەش" و "ساماڵ"دەبنە برا زاوای "هەیاس" و لەو بێ ئیمکاناتییەدا زەماوەندێکی پێشمەرگانەی بۆ رێک دەخەن.

ئەو کاتەی کە بنکەی یەکیەتیی لاوانیش وەک بنکەی هەموو هێزەکانی دیکەی پێشمەرگەی ناوەندی کوردستان لە دوای بیست و پێنجی گەلاوێژی ١٣٦٣دا کەوتە بەر هێرشی پانو بەرینی هێزەکانی رێژیمو ناچار سنووری دەستکردی بڕی، دیسان مودیرییەتو بەرچاو ڕوونیی ساماڵ وای کرد ئەو کۆرەوە درێژە بە زیانی کەمترەوە بگاتە مەقسەد. کاتێکیش بە پێچەوانەی مەیلی خۆیان، لاوان ناچار کران لەو دیوی سنوور ماندگار بن، هەم دیسان کارجوانی ساماڵ بۆ وەگیر خستنی لانی کەمی ئیمکانات جێی ئافەرینو سەر سوڕمان بوو." (لە بیرەوەرییەکانی هەیاس کاردۆ)

ساماڵ لە نێو پێشمەرگە بە جەرگەکانی ناوچەی ڕەبەتەو دەگەڵ دەیان چاونەترسی دیکە شاخ و کێوی کوردستان دەکا. ئەو کۆلێک ئەزموونی کاری کۆمەلایەتی، سیاسی و تەشکیلاتی هەڵ گرتوە و گوند بە گوندی ئەو دەوەرە دەگەڕێ هەتا بیان دا بە خەڵک و هاوسەنگەرانی. ساماڵ ئێستا ئیدی تواناو زەرفییەتی زۆری خۆی لە چوار چێوەی لاواندا بەر تەسک ناکاتەوە و لە گەڕانی خۆی دا دنیایەکی نوێ دەدۆزێتەوە. لەو دنیا نوێیەدا تواناو مەجالی ساماڵ زیاتر وەدیار دەکەونو هەر بۆیە دەبێتە مامۆستایەکی بە ئەزموون.


کاروانی قەت نەپساوەی خەباتگێرانی ڕێی ئازادی هەر دەهاتو تووشی کوێرە ڕێو هەڵەمووت دەبوو. ڕێ ڕەوانی ئەو ڕێگا پیرۆزە ڕۆژ بە ڕۆژ تووشی تەنگو چەڵەمەو ناموڵایماتی زیاتر دەهاتن. سەدان تێکۆشەر گیانیان فیدا کردو کۆڕی هاوسەنگەرانیان بە جێ هێشت. زۆری دیکە کەم ئەندام بوون. نازانم بۆ دڵم کەمتر ڕێگام دەدا لە سەر "شەهید" شت بنووسم. چونکە بە ڕەگ و پێستەوە خەمی ئەوانەی لە دوای بە جێ دەمێنن هەست پێ دەکەم.

شەهید سامال زۆر ناوچەی کوردستان گەرابوو خۆشەویستی ناو پێشمەرگە بوو پاشان رەوانەی هێزی پێشەوا کراو وەک ئەندامی هەیئەتی ئیجرای کۆمیتەی شارستان کاری دەکرد دوای سازماندەهی لە ساڵی ١٣٧٥ وەک بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی بانە دیاری کرا ئەو بەوپەری توانایی ئەرکە پیرۆزەکانی بەرێوە برد.

ڕۆژی ١٧ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٧٦ سامال لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیانی بە دوو ماشێنەوە بۆ کاری حیزبی لە شاری سلێمانییەوە بەرەو بنکەی دەفتەری سیاسی لە کۆیە ڕێکەوتن کە لە نزیک شاری "دووکان" کەوتنە بەر دەسرێژی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیو ساماڵو هاوڕێیانی لێیان وەدەست دێنو تێرۆریستەکان راو دەنێنو دەست بەسەر ماشێنی تێرۆریستەکانو کۆمەڵێک بەڵگەی تیرۆریستیدا دەگرن کە بەداخەوە لەدواییین کاتەکانی

ئەم هێرشە تێرۆریستییەدا کاک مەنسووری فەتاحی ناسراو بە مەنسووری رەشەهەورامی کەوتە بەر گوڵلەی کوردکوژانو گیانی پێشکەش بە گەل و نیشتمانەکەی کرد. پاشان ساماڵو هاوسەنگەرانی بەرەو شاری کۆیە دەهاتن کە لە نزتک شاری کۆیە کەوتنە بەر گوللەی تێرۆریستان و وێرای سێ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی سەیدمەنسوور ناسری، یەدووڵاشیرین سوخەن ورەفعەت حوسێنی شەهید بوون.

------------------------------------------------------------------




**فەتاحی چێهرە پەروەر**

لەمێژووی خەباتی نەتەوەکەماندا زۆر رۆڵەی بەوەج بەتایبەتی ئەفسەرە نیشتمانپەروەرەکان، هەموو پلەو پایەییکی حکوومەتیان وەلا ناو خزمەتێکی لەبیرنەکراویان دوای شۆڕشێ گەلانی ئێران بە گەلەکەیان کرد. فەتاح چێهرەپەروەر یەکێک لەو قارەمانە نیشتمان پەروەرانە بوو کە دەرجەداریکی ئەرتەشی وازی لەهەموو شتێک هێناو خزمەتێکی لەبیرنەکراوەی بە نەتەوەکەی کرد. لە بەرنامەی فەرماندەرانی شەهید یادو ناوی بەرز رادەگرین.

فەتاحی چێهرە پەروەر لەساڵی ١٣٣٥ لەو کاتەدا کە رێژیمی پاشایەتی سێبەری شومی دەسەڵاتی بەسەر ئێراندا دەسەپاند لە بنەمەڵەیەکی کاسبکار لە شاری مەهاباد چاوی بەدنیای روون هەڵێنا. کاتێک پێبەپێ گەورە بوو رەوانەی قوتابخانە کراو دوای قوناغی خوێندنی سەرەتاییو وەرگرتنی سیکل، پاش ماوەیە رەوانەی سەربازی کراو لە نێو ئەرتەشدا روتبەی دەرجەداری پێدرا. هەر لە گەرمەی خۆپێشاندانەکانی دژی رێژیمی پاشایەتی، خۆی ئامادە کردبوو لە دەرفەتێکدا زانیاریو ئەزموونەکانی بە دەست هاتووی نێو ئەرتەش وەک

دەرەجەدارێک لە خزمەت کوردو بۆ کورد تەرخان بکا، دوای ماوەیەک ئاواتی ناوبراو هاتە دی‌و، رێژیمی پاشایەتی لە زبڵدانی مێژوو هاویشترا. بە رووخانی حکومەتی پاشایەتی ئەویش وەک هەموو خەڵکی کوردستان چاوەروانی بەرهەمی شۆڕش بوو بەڵام ئاواتی فەتاح وەدی نەهاتو رێژیمێکی دیکە بەماهییەتی کۆنە پەرستانەتر، بەسەر خەڵکی ئێرانو کوردستاندا زاڵ بوو. هەر بۆیە بەدامەزرانی بنکەکانی حیزبی لەشاری مەهاباد، لە یەکەم رۆژی دەست بە سەرداگرتنی پادگانی مەهابادێ، خۆی بە شەهید سەرگورد عەباسی دەناسێنێ.

فەتاح چێهرەپەروەر بە پێکهاتنی شورای نیزامیی لە مەهاباد لەو شوێنە دەست بە تێکۆشانی خۆی دەکاو بۆ هەر شوێنێک کە پێویست بووبێ ئەرکی پێ سپێردراوی بەرێوە دەبرد.

فەتاح مرۆڤێکی ئارامو لە سەرەخۆ و هەمیشە بە بزە بوو، زۆر دڵخۆش بوو بە دووبارە هەستانەوەی شۆڕشی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان. هەر بۆیە بە هەموو تواناوە وەک پێشمەرگەیەک لە خزمەت حیزبو جووڵانەوە دابوو. ئەو هەر لەسەرەتادا نیشانیدا کە پێشمەرگەیەکی بە نەزمو قسە لە گوێ ودڵسۆزە، بە بەشداری کردن لە چەندین عەمەلیات ئازایەتی ئەو بوو بە وێردی سەر زمانان. فەتاح چێهرەپەروەر لەگەل خەڵکیش روو خۆش بوو هەمیشە لەگەل لاوەکان قسەی دەکردو باسی سیاسەتی حیزبی بۆ دەکردن، ئەو بە لێهاتوویی‌و لێوەشاوەیی‌یەوە ئەرکە پیرۆزەکانی بە رێکوپێکی بەرێوە دەبردو بریارەکانی حیزبی جێبەجێ دەکرد. هەڵسووڕان وچالاکی ئەو لە خەباتدا دژی دوژمنانی ئازادی‌دا بەرچاو بوو، وەک قەڵایەکی پۆڵاین لە بەرامبەر هێزی کۆماری ئیسلامی‌دا ڕاوەستا بوو. بەڵێنی‌دابوو تا دوا هەناسە بۆ وەدیهێنانی ئامانجی شەهیدانی سەربەرزی نەتەوەکەی لە وەستان نەکەوێ وێنەی تاکێکی شۆڕشگێڕ، مرۆڤێکی دێموکڕات، ئینسانێکی بە تەواو مانا جێی باوەڕو متمانە کە بەو پەڕی هەست بە لێپرسراوی کردنەوە لە هەموو ئیشو کارەکانی حیزبی‌دا کورتی نەدەهێناو هیچ تەنگو چەڵەمەیەک نەیدەتوانی بەری راپەڕاندنی ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانی پێ بگرێ. فەتاح وێنەی قارەمانێکی هەڵکەوتوو خەباتکارێکی راستەقینە بوو کە ببووە جێی ئیلهام وەرگرتنی هەموو هاورێیانی. فەتاح چێهرەپەروەر بە دوای شەهید بوونی فەرماندەی لکی یەک حاجی مەلا برایمی رۆستەمی‌و چەند رۆڵەی فیداکاری هاورێی لە داشکستان، لە هاوینی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی، لە سەر بریاری فەرماندەری ئەو کاتی هێزی پێشەوا شەهید سەرگورد کەریمی عەلیار، فەتاحی چێهرەپەروەر وەک فەرماندەری لکی ١ی ئەو هێزە ئەرکی پێ‌ئەسپێردراو هەموو تواناکانی بۆ بەرێوە بردنی ئەو بەرپرسایەتیە تەرخان کردو بە حەق زۆر رووسوور گۆی لە مەیدان بردەدەر.

بەر لە گرتنەوەی یەکجاری شاری مەهاباد لە خەرمانانی ١٣٥٩ی هەتاوی مەئمورییەتی چوونە شەڕی دارساوێن بە چەند پەل لە لکی ١ و ٣ی هێزی پێشەوا سپێردرا کە فەتاح وەک فەرماندەی لکی یەکو شەهید

برایمی ساڵە موقەدەم وەک فەرماندەری عەمەلییاتی لکی سێ بۆ ماوەی سێ حەوتوو بەشداری ئەو مەئموورییەتە بوون.

خوێنگەرمیو دڵگەرمی رۆڵەکانی دێموکرات بە رادەیەک بوو، کە هەموو رۆژێ بۆ زەربە لێدان لەهێزی دوژمن قارەمانەتیان لەجادەی بانە سەردەشت نیشانداو زەبری کاریگەریان لەدوژمن وەشاندو لە زۆربەی ئەو کەمین دانانەوەو زەربەلێدان لە دوژمن، فەتاح چێهرەپەروەر وەک فەرماندەری لک بەشدار و فەرماندەهی عەمەلیاتەکانی پێشمەرگەی دەکرد، لە شەڕو دەرگیرییەکاندا ئەو پەڕی قارەمانێتی دەنواندو سینگی قەڵغانی بەرگری لە مافو داخوازییەکانی نەتەوەکەی بوو.

بەداخەوە زۆر نەژیا سەرەنجام لە رۆژی ١٤ی رەزبەری ساڵی ١٣٥٩ی هەتاویدا وەک زۆربەی رۆژەکانی رابردووی ئەو وەرزە، دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی لکی یەکی هێزی پێشەوا بە فەرماندەیی فەتاح چێهرەپەروەر بۆ لێدانی زەربە لە هێزی دوژمنو کونترۆڵی جادەی مەهاباد ـ ورمێ لە نێوان دەشتایی باغی سەفاییو مۆڵگەی دوژمن لە "بەردەکونێ" لەناوچەی شارویران، لەگەڵ ئەوەی رووبەرووی هێزێکی زۆری دوژمن لە دوو لاوە دەبنەوە زەبرێکی کاریگەر لە هێزی دوژمن دەدەن بەداخەوە لەو شەڕەدا پاش چەند سەعات شەڕ فەتاحی چێهرەپەروەری فەرماندە پاش خۆڕاگریو وەدەست هاتنێکی زۆر پاڵەوانانە رۆحی پاکی بەرەو ترۆپکی نەمان هەڵفریو لەشی بێگیانو ساردی لەسەر خاکی بابو باپیرانی بەجێماو رێگەی درێژیو نەپساوەی وەدەست هێنانی مافی گەلەکەی بە رێبوارانی خۆی ئەسپارد.

---




## کەماڵ دەباغی

بێشک ئەگەر بمانهەوێ یادو وێنە و ناوی تەواوی قارەمانانی وڵاتەکەمان، کە لە سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامیدا گیانیان بەخشیوە بنووسین، کارێکی ئاسان نیە، چونکی ئەوەی بۆ ئەو قارەمانانە دەکرێ لەراستیدا شتێکی سەرەتاییە، ئەگەر تەنیا باسی خۆڕاگری ئەوانە لەزینداندا بکرێ نەک لاپەڕەکانی دەفتەر جێگای نابێتەوە بەڵکوو لە هیچ جێگایەکو هیچ پێنووسێک ناتوانێ لە فیداکاری ئەوانە بدوێ، لەسەر هەر کامەیان دەبێ سەدان داستان بنووسرێتەوەو بکرێنە کتێبی مێژوو، بە مەکتووب کراوی بۆ نەسلەکانی داهاتوو بمێنێتەوەو وانەی خۆڕاگرییان لێ فێر بن و وەک خۆڕاگرترین کەسایەتی نێو مێژووی نەتەوەکەمان چاویان لێ بکرێ. کەماڵ دەباغی وەکوو نموونەیەکی قارەمانێتیو خوڵقاندنی هەزاران حەماسەی مێژووی خوێناویمانە یادی شەهید بوونی دەکرێتەوە.

کەماڵ دەباغی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە شاری پیشەوا لەو سەروبەندەی کە ئاڵای کوردستان هەڵدەکرا لە دایک بووە. کاتێک تەمەنی گەیشتە چوون بۆ قوتابخانە، کتێبی بن پیلیداو رووی لە قوتابخانە کرد. کەماڵ دەباغی قۆناغ بەقۆناغ درێژەی بەخوێندن داو توانی بخوێنێو فەوقی دیپلۆم وەربگرێ.

کاری سیاسی وتیکۆشانی لە ناو حیزبی دێموکرات دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٤٦ کە رۆڵە قارەمانەکانی حیزبی دێموکرات ئەو بەناو دوورگەیەی ئارامی شاهنشاهییان شڵەژاند، لەو کاتەوە وەک لایەنگری حیزب دەستی بەکاری سیاسی کردو دژی رێژیمی پادشایەتی بیروباوەری کوردایەتی لە ناو مامۆستایانو قوتابییان بڵاو دەکردەوە. پاشان لە خۆپێشاندانەکانی دژی رێژیمی پاشایەتی تێکۆشانی بەرچاوی هەبوو هەروەها لەسازماندانی خەڵک رۆڵی بەرچاوی گێرا، پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ رەسمەن هاتە ریزی حیزبی دێموکراتی کوردستانو بوو بە ئەندامی شورای شۆڕشگێری شاری مەهابادو بۆ هەڵسووڕاندنی کاری ناو شارو

پاراستنی ئەمنییەتو ئاسایشی خەڵک خۆی ماندووکردو هەوڵی زۆری دا.

کەماڵ دەباغی لە ماوەی شەڕی ٣ مانگەدا لە ناو شاری مەهاباد مایەوەو تەشکیلاتی حیزبیو کاری سیاسیو نیزامیی لەناو شاردا بەڕێوە دەبرد. پاشان کە شاری مەهاباد کەوتەوە دەست پێشمەرگە لە کۆنگرەی چواری حیزب وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو بەرپرسایەتی کۆمیتەی کرماشانو ئیلامی پێسپێردرا، کە لەو مەسئولییەتەدا زۆر رووسوورو سەربڵیند هاتەدەرو لە بەڕێوەبردنی کارەکانیدا سەرکەوتوو بوو. پاش ماوەیەک وەک بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی سەقز دیاری کراو لەو ناوچەیەش بە هەموو تواناوە خزمەتی بە نەتەوەکەی کرد، ناوبراو لە کۆنگرەی ٥ی حیزبیش بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرایەوەو وەک بەرپرسی ناوەندی ئاژوان دیاری کرا. لەهەمان کاتدا بەرپرسی راستەوخۆی شاری کرماشانی وەستۆ کرد. پاش چەند مانگ لەو بەرپرسایەتی‌یە لە مانگی بانەمەری ساڵی ١٣٦١ چوە ناو شاری کرماشان بۆ بەڕیوەبردنی ئەرکی حیزبی، کە بە داخەوە لەو مەئموورییەتەدا لە ناوشاری کرماشان گیرا.

کەماڵ دەباغی لەماوەی تێکۆشانی حیزبی کوڕێکی ئامادە بەخزمەت، سیاسی، خەڵکیو خاکی، ئازاو نەترسو ئیمانێکی قوڵی بەریبازی حیزبەکەی هەبوو. چوار ساڵ زیندان لە سنە، کرماشان تارانو ورمێ نەک هەر ورەی پۆلاینی ئەم رۆڵە قارەمانەی تێک نەشکاندو نەک بەرامبەر جەلادانی کۆنەپەرستی سەری دانەنواند بەڵکوو ناچاری کردن لەبەرامبەر ورەی دوژمن شکێنی پاشەکشە بکەن. هەر بۆیە بەداخەوە رۆژی ٣ی سەرماوەز لە کرماشان ئێعدام کرا.

هاوڕێیەکی کە لەگەڵی لە زیندان بوو بەم جۆرە باسی خۆڕاگری شەهید کەماڵ دەباغی دەکا. بەشیک لە بەسەرهاتی هاوبەندییەکەی کە لەگەڵی لە بەندیخانە بووە دەگێڕینەوە.

"دوانیوەڕۆیەکی یەکەم ڕۆژەکانی پاییز بوو، لە ناکاو دەرگا کرایەوەو هەموو چاومان بڕیبووە یاساوڵەکەو چاوەڕوانی کردارو هەواڵێکی چاوەڕوان نەکراو بووین. بەندییەکی تازەیان لە بەندی تاکە کەسی ٦٤وە گواستیانەوە بۆ بەندی (عمومی) گشتی، منیش وەک هەموان پەیجوری کەسی تازە هاتو بوومو بە ڕاکشاوی لە سەر جێگای خەوتنەکەم سرنجمدا، پیاوێکی سپی کەڵەی تاو نەدیتوو، تەمەن ٣٥ تا ٤٠ ساڵ و کیسەیەکی بە دەستەوە، ڕوخساری نیشانەی ئازارو ئەشکەنجەی چەندین مانگی پێوە دیار بوو. کەمێکیش دەشەلی، ئێمە عادەتمان کردبوو بەم شێوە شەلینە نائاساییەو هەمومان ئەم شێوە ڕێگا ڕۆیشتنەمان تاقی کردبۆوە. یاساوڵەکە یەک ڕاست بەندیەکەی هێنابوە لای جێگاکەی من. ئێمە هەر شەش کەس سێ جێگای خەوتنمان هەبوو شەوانە بە نوبە دەخەوتین یا ئەوەی بە ناچاری هەر دوو کەس سەرو بن لە سەرتەختێکی خەوتن. بەندیی تازەشیان دایە لای ئێمەو وتیان ئەمەش لای ئێوە دەبێ‌و ئێمەش بەدڵ ئاوالاویەوە قبوڵمان کرد. لەو ڕۆژەوە ئەم بەندیەش بوو بە بەشێک لە کۆڕی شەش کەسیمان، بەندیەکە زۆر کەم قسە بوو، مرۆڤێکی دڵ گەورە بوو، دەمزانی کۆمەڵێک

نهێنی لە ناخیدا شاردۆتەوە. ڕۆژەکان یەک بەدوای یەکدا تێدەپەڕین، پەپولە پاییزیە سپیەکانیش زیاتر کەوتبونە سەماو لە دواجاردا بە ناچاری دیسان لە بن میچەکاندا کەڵەکە دەبونە سەریەک. بارانی پاییزی دەستی پێکردبوو، دەنگی تکە تکی باران لە سەر تەنەکەی سەربانی بەندیخانە زیاتر هەست پێ دەکراو خرمە خرمی بارانی سەربان، نوتی موسیقایەکی دڵگیری بە گوێماندا دەچرپاند. هەر ڕۆژێک تێدەپەڕی زیاتر هەستێکی دۆستایەتیو نزیکایەتی لە نێوان من و بەندیی تازەهاتودا دروست دەبوو. من تا ڕادەیەک ئەوم دەناسی، دەمزانی لە ڕێگا پڕ تەنگ و چەڵەمەکانی شاخەوە هاتوە. کەم کەم هاتە قسە، ئەو کەسێک بوو کە تەنانەت لە پڕمەترسیترین ڕۆژەکانی شکەنجەو ئازاری تاقەت پڕوکێندا هیچی نەدرکاندبوو، تەنانەت ناوی خۆشی نەدابوو بە شکەنجەکەرەکانی. نیشانەکانی ئەشکەنجەی سەرجەستەی سەلمێنەری ئەو ڕاستیە بوون. دەمزانی لە نێو بەندییەکاندا هێندێکیان دەناسێت بەڵام هەوڵی دەدا تا ڕاگەیاندنی بڕیاری بە ناو تاوانەکەی لە گەڵیان نەبێتە هاو دەم، شەرابییەتی نالەبارو پڕمەترسی نێو بەندیخانە ئەمەی خوڵقاندبوو. بە تەواوی هەستم بە ئازارە دەرونیو جەستەییەکانی دەکردو پێم خۆش بوو توانام هەبێو بەشێک لە ئازارەکانی لەگەڵ بەش بکەمو ئەو قورساییە جەستەیو ڕۆحییەی لەگەڵ بەش بکەم و باری قورسی خەم و پەژارەکانی سوک بکەم، بەڵام بەداخەوە یارمەتییەکانی من لە ماڵینی مەڵهەمێک لەبرینە پڕ ناسۆرو پەترۆبەستوەکانی جەستەی تێنەدەپەڕی، بەو حاڵەش دیسان ئاسەواری بە جێ ماوی کابل لێدان بە شینو ڕەشی تەواوی جەستەی داپۆشیبوو.

کات لە سوڕانەوە بەردەوام بوو، ڕۆژەکان بەدوای یەکدا تێدەپەڕین، دەبونە مانگ، پێوەندیەکانی منو بەندکراوی بەندبەزێن قووڵتر دەبویەوە، پێکەوە قسەمان دەکرد، سرودی نەسرەوتنو کۆڵنەدانمان دەخوێندەوە، هێندێک جاریش پێکەوە پێدەکەنین. وەرزی پاییز بەرەو کۆتایی دوا ڕۆژەکانی دەڕۆیشت سەرما بەتەواوی لە برستی خستبوینو زستان کەوتبویە دەرخستنی توشو تەوژمی خۆی، لە گەڵ بەندی بەندبەزین لە سەر جێگاکەمان خۆمان پێچا بوو بە پەتووکانمانەوەو بە گەرمی سەرگەرمی ئاخاوتن بوین. بە چەشنێک کە ئاگامان لە هەراوهوریای ناو بەندیخانە نەبوو، تەنانەت دەنگە دەنگی ئەوانیشمان نەدەبیست، دواتر دەستێک لە سەرشانی بەندی بەندبەزێن ڕایچڵەکاندینو وتی یاساوڵ بانگی تۆ دەکات. چاوم بڕیە چاوەکانی هەستم بە دوا دیدارو دوا ماڵئاوایی دەکرد. بە بێ بیر کردنەوە لە سەر جێگای خەوتنەکە دابەزیم زۆربەی هەرە زۆری بەندییەکان دەوریان دابوو زۆر لەسەر خۆ دەستی دایە کۆکردنەوەی شتومەکەکانی، خۆی لە ئێمە باشتر ئەیزانی کە ئەم ڕۆیشتنە بێ گەڕانەوەیە، بە نابەدڵی یارمەتیمدا چەمەدانەکەی بپێچێتەوە، دەستە بێ دەسەڵاتەکان یەک لە دوای یەک بونە تاجە گوڵینەی گەردنیو ڕوخسارە لاوازو ئازار چێشتوەکەی ماچ باران کرا. پێم خۆش بوو داوێن کەس بم کە ئەم ماڵئاواییە ناچاریو ژەهرەمار ئاساییەی لێ بکەم، بۆیە دورتر ڕاوەستابووم. ئێستا

دوا کاتەو دوابڕیار، بەندی بەندبەزێن قورسترین سزای بۆ بڕاوەتەوەو لەوە قورستر نیە، بۆیە لەگەل دۆستانی شاخ کە تا ئەوکات خۆی لێ نەبان کردبوون دەستە ملان بونو لە سرنج لە یەکدانێکی کورتدا هەموو ڕازو ڕەمزەکانی خۆیان پێکەوە ئاڵوگۆڕ دەکەن. خەلیل زەر (خەلیل خەلەبان) هاوڕێی ڕۆژانی شاخ زیاتر لە هەمووان لە ئامێزی دەگرێت وا دیارە لە چرکەیەکدا هەموو نهێنیەکانیان پێکەوە ئاڵوگۆڕ دەکەن. دواجار بە چاوی پڕ فرمێسکەوە بە توندی لە ئامێزم گرت، برینو دمەڵەکانی جەستەم هەست پێ دەکرد، پێم خۆش بوو پێی بڵێم هاوڕێم ڕوخسەتم بدە بۆ دواجار مەڵهەمێک لە برینەکانت بماڵم بەلام بەداخەوە کات نیەو بەندی بەندبەزێن دەبێت بچێتە ڕیزی کاروانیەکان، بەلام ئەمجارەیان خۆی بە تەنیاو من بە جێ دەمێنێم، خۆ هەموو بەندیەک شیاوی ئەوە نیە بچێتە نێو کاروانێک کە کاک کەمال دەباغی سەر قافڵەیەتی. چەند هەنگاوێک دواتر کاک کەمال بە جەستە بۆ هەمیشە لە ئێمەوە نەدیو بو، بەلام ئەو چەند هەنگاوەی دوا ساتەکانی ژیانی بۆ هەموو هاوبەندیەکانیو بە تایبەت بۆ من دەیان رازو رەمزی خۆڕاگری، بە پێوە مردن، وەفاداری بە بەڵێنەکان لە پێناو سەر بەرزی گەل و نیشتمان، درێژە دانی ڕێگای شەهیدان، ژیانی هەڵۆ ئاسای کردە وانەی درێژەدانی ژیانی سەربەرزانەو بۆ ئێمەی بەجێ هێشت. لە نێو ئەو ماتەمینی و بێدەنگییە ترسناکە سەپێندراوە دا خەلیل خەلەبان زیاتر لە هەموان تاساو پەشۆکاو تر دەبینرا، وەک پەیکەرێکی بێ رۆح چاوی بڕیبوە موزایکەکەی بەر پێیو بە قوولی چوبووە ناو بیر کردنەوە. لە ڕوخساریدا هەستم بە ئاڵۆزی خەیاڵەکانی دەکرد، نەقشەی کوردستان لەماکۆوە بۆ دالاهۆ لە سەر موزایکەکە نەقشی بەستبوو، بەدوای شوێنی گونجاودا دەگەڕا بۆ دەرپەڕاندن و ڕاونانی داگیرکەر، لە هەمو هێرشو پەلامارەکانیدا نەیاری زەلیل کردووەو دەیان جار هاوسەنگەرانی لە مردنو گەمارۆ نجات داوە کە چی ئێستا بێ دەسەلات هاوسەنگەر بەرەو سێدارە بەڕێ دەکات. باران بە توندی بەردەوامە و بە لێزمە دەڕژێتە سەربانی بەندیخانەکە، وەک ئەوەی کۆڕگێڕی ئەم شیوەنەی ئێمە بێت."

یادی کاک کەمال دەباغی بەرێزو ڕێگای بەردەوام و ڕۆحی شاد بێ.

# هێزی زمزیران




**عەبدوڵڵا محەممەدی(ناسراو بە فەقی عەوڵا)**

بە چاوخشاندنێکی ورد بە مێژووی حیزبی دێموکڕاتدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم حیزبە لە پێناو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورددا، زۆر شێلگیرانە و خۆنەویستانە خەباتو چالاکی کردووە و لە دوو بڕگەی زەمەنیی جیاوازدا، لە دژی دوو ڕێژیمی سەرەڕۆی پاشایاتی و ئیسلامیدا وەستاوەتەوەو ئێستاشی لەگەڵ بێ لە پێناو دابین کردنی مافی نەتەوایەتیی گەلەکەماندا پێداگرەو هەوڵ و هەنگاوەکانی شل نەبوونەتەوە. لە ڕاستای خەبات و بەرخۆدانی ڕۆڵەکانی دێموکڕاتدا، زۆرێک لە خەباتگێڕانی ئەم حیزبە تا دوا دلۆپی خوێن دژی زۆرداریی خەباتیان کردو هەر لەو پێناوەشدا بۆ دەستەبەر کردنی ئازادیو سەربەستی سەریان دانا. یەکێک لەو فیداکارانە شەهید عەبدوڵڵای محەممەدی ناسراو بە فەقێ عەوڵا لە ناوچەی ڕەبەت بوو.

عەبدوڵڵا محەممەدی ناسراو بە فەقێ عەوڵا لەساڵی ١٣٢٩ی هەتاوی لە ئاواییە خنجیلانەکەی "نواوێ"ی ڕەبەت لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەری ئایینی چاوی بە دونیا هەڵێنا. کاتێک تەمەنی گەیشتە ٧ساڵان بەهۆی ئەوەی لە گوندی نواوێ قوتابخانە نەبوو ڕەوانەی حوجرەی فەقێیان کرا. پاش ماوەیەک مانەوە لە حوجرەی فەقێیان و شارەزایی پەیدا کردن لە ئەدەبیاتی فارسیو عەرەبی بە وردبوونەووو خوێندنەوەی زیاتر، هێدیهێدی هەستی نەتەوایەتیشی تێدا زیاتر بوو و لە ئەنجامی موتاڵا و هەڵسەنگاندنەوە بەو ئاکامە گەیشت کە ئایین هیچ ناتەباییەکی لەگەڵ نەتەوەخوازی و پرسی نەتەوایەتی نیەو گەلی کوردیش هەقی خۆیەتی کە

مافی چارەنووسی خۆی دیاری بکا.

فەقێ عەولا لەتەمەنی ١٧ ساڵیدا پێوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەگرێ. واتە لەساڵی ١٣٤٦ کاتێک کادرە شۆڕشگێڕەکانی حیزب، دورگەی بە قەول هێمنی پاشایەتیان شڵەژاند، ناوبراو پەیوەست بە ریزەکانی خەباتگێڕانی دێموکرات دەبێو شەرەفی ئەندامەتی حیزب وەردەگرێ. ئەوە سەرەتای دەست پێکردنی تێکۆشانی سیاسیی فەقێ عەولا بوو، کە وەک ئەندامێکی بەدیسیپلین کاری لە نێو فەقێکانی ناوچەی رەبتو سەردەشت دەست پێکرد. هەر لەو کاتەدا بۆ یارمەتیدانی خەباتی ساڵەکانی ١٣٤٦و١٣٤٧ ئەوەی لەتوانای دابوو، بێتەنەخی جێبەجێی کردو تەنانەت یەکێک لەو کەسانە بوو کە خۆی و کەسوکاری پشتوپەناگای ئەو خەباتە رەوایە بوون.

ئەگەرچی سەرکوتکردنی خەباتی ساڵەکانی ٤٦ و٤٧ کۆستێکی گەورە بۆ نەتەوەی کوردو حیزبی دێموکرات بوو، بەلام فەقێ عەولا دەستی لەسەر دەست دانەناو، زۆر ئازایانە لە زۆر شوێنی ناوچەی رەبەت، کۆڕو کۆبوونەوەی پێکدێنا و بەردەوام سیاسەتەکانی ئەو کاتی حیزبی شیی دەکردەوەو خەڵکی بۆ کوردایەتی و سوور بوون لەسەر داوا رەواکانیان هاندەداو سیاسەتەکانی رێژیمی پاشایەتی دەرحەق بە کورد و کوردستان لەقاو دەدا.

فەقێ عەولا تا ساڵی ١٣٥٦ هەروا شێلگیرانە درێژەی بە کارو چالاکیی حیزبی دەدا. پاشان کە بەرەبەرە پایەکانی رێژیمی پاشایەتی وەلەرزە کەوت، ناوبراو زیاتر وەخۆ کەوت و پێداگرتر لە پێشوو خەڵکی هاندا کە دژی زۆرداری بوەستنەوەو لەم پێناوەشدا بۆ خۆی لە پێشەوەی خۆپێشاندەراندا دەبینرا. تەمەنی ٢٧ ساڵە بوو کە ئاواتی گەورەی هاتە دیو سەرئەنجام لافاوی ئاگرو خوێنو بێزاری کۆمەلانی خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە شارو گوندەکان وەکوڵێن هات و ئەویش وێڕای خەڵک هەڵیکوتایە سەر داموودەزگای رێژیمی پاشایەتی دەنگی مێرانەی تیکەڵ بە هاواری زەحمەتکێشانی ناوچەی رەبەت کردو ئاسەواری رێژیمی پاشایەتیان لەو ناوچەیەدا سڕییەوە.

پاش رووخانی رێژیمی پاشایەتی فەقێ عەولای محەممەدی ئاواتی لە مێژینەی هاتە دیو بە دەست پێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەر لە یەکەم رۆژەکانەوە بەڵێنی بە حیزبو نەتەوەکەیدا کە تا وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەکەی ساتێک لە خەباتو تێکۆشان نەوەستێو، چەکی پێشمەرگایەتیو بەرگری لە نەتەوەکەی لە شان کردو لە هێزی ١١ی شەهید موعینی دەستی بە تێکۆشان کرد. فەقێ عەولا زۆر زوو لە ناوچەی رەبەت دەستی بە رێکخستنی خەڵک کردەوەو خەڵکێکی زۆری لە لاوانی ئەو ناوچەیە لە دەوری ئامانجەکانی حیزبەکەی کۆکردەوە.

کاتێک رێژیمی کۆماری ئیسلامی حیزبی هەڵوەشاوە (منحله) راگەیاند. هێزە دژی گەلییەکانی کۆماری ئیسلامی پەلاماری کوردستانیانداو دەیان لاوی بەهەست و نیشتمانپەروەری کوردی، بە بڕیاری بە ناو دادگای شۆڕش لە

کوردستان، بە گوللەی پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی لەبن دیواری ماڵەکانیان گوللەباران کران، ئەم کردەوە دژی ئینسانیانەی جەنایەتکارانو قاتڵانی رژێم بۆ هەمیشە بوو بە پەڵەیەکی پڕ لەنەنگو سەرشۆڕی بە نێو چاوانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوەو، نێوەرۆکو ماهییەتی کۆنەپەرستانەی زۆر زووتر بۆ نەتەوەکانی ئێران دەرکەوت. لەو کاتەدا بوو فەقێ عەوڵاو هاوسەنگەرانی زۆر ئازایانە بەگژ داگیرکەراندا چۆوەو شانبەشانی ناوچەکانی دیکە، کوردستانیان لە دوژمنان کردە گۆڕستان.

فەقێ عەوڵا لە ماوەیەکی کورتدا سەلماندی کە بڕوایەکی پتەوی بە رێبازەکەیەتیو لەشەڕ لەگەڵ دووژمناندا نیشانیدا مرۆڤێکی چاونەترسو بوێرە و بەهۆی ئازایەتی و ورە بەرزییەوە زۆر زوو پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕی. ساڵی ١٣٦٠ وەک فەرماندەری لکی مینەشەم دیاری کرا. لەو ئەرکەشدا زۆر شەڕی ئازایانەی لە ناوچەی رەبەت فەرماندەهی کرد، بەتایبەتی لەساڵی ١٣٦١ کە رێژیم هێرشی کردە سەر گوندی "خولیسان"، زۆر ئازایانە قارەمانانی لکی مینەشەم هێزی رێژیمیان تێکشکاندو بەدەیان کەسیان کوشتو دەیان کەسی دیکەشیان بەدیل گرت. عەمەلیاتە پەیتاپەیتاکانی لکی مینەشەم، بوو بە هۆی ئەوەی کە دەفتەری سیاسی حیزب بڕیار بدا لکی مینەشەم بکرێ بەهێزو, قارەمانی وەک فەقێ عەوڵا بە فەرماندەری ئەو هێزە دیاری بکرێ.

ناوبراو بێجگە لە شەڕی پارتیزانی کە لەمەیدانی کردەوەدا بار هاتبوو، شارەزاییەکی باشی لە تۆپی ١٠٥ میلیمو خۆمپارەهاوێژی ١٢٠ میلیم هەبوو.

فەقێ عەوڵا کاتێک بەرپرسایەتی فەرماندەری هێزی وەرگرت، زۆر بوێرانە شانی بەرداو دەیان عەمەلیاتی قارەمانانەی لە ناوچەی سەردەشتو رەبەت بەڕێوەبرد، چەندین موڵگەی بەسەر بەکرێگیراوانی رێژیمدا وێران کرد، دەیان کەمینی داناوەو، چەندین هێرشی کۆنەپەرستانی تێکشکاند.

ئەو خۆشەویست و جێی متمانەی کۆمەلانی خەڵک بوو و وەک سمبوڵی خۆڕاگریو بەرخۆدان چاویان لێدەکرد.

لە بەهاری ساڵی ١٣٦٣ هەتاوی، لە کاتێکدا سروشت دیمەنی تازە و نوێی بە خۆیەوە دەگرتو دارو دەوەن و لێڕەوارەکانی ناوچەی رەبەت لە خەوی سێ مانگەی زستان رادەچەنین و روحێکی نوێیان دەهاتەوە بەر، دوژمنانی سوێندخواردووی نەتەوەی کورد بە هێزێکی یەکجار زۆرەوە هێرشیان هێنایە سەر گوندی "چوالان"و دەوروبەری ئەو گوندە لە ناوچەی رەبەت. پێشمەرگەکانی دێموکرات رۆژی ١٥ی خاکەلێوە لە چەندین شەڕگە بەرەنگاری لەشکریانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بوونەوە، رۆژی یەکەمو هیممەت و ئازایەتی بوو، رۆژی دیفاع لە شەرەف و کەرامەتی نەتەوەکەمان بوو، لە رۆژی یەکەمی شەڕ، بۆ جارێکی دیکە بە داگیرکەرانیان سەلماند کە کوردستان سەنگەری دیفاع لە ئازادییەو بۆ دوژمن سەر نەوی ناکا، لە چەندین بەرە شەڕ بە توندی بەردەوام بوو و فەقێ عەوڵا فەرماندەیی بەشێکو چاوەدێری بە سەر شەڕگەکاندا دەکرد، سەنگەراوسەنگەری دەکرد و بۆ ساتێک

وەستانی نەبوو، هیواو ئۆمێدو رووحییەی بە هاوسەنگەرانی دەدا، رۆژەکانی ١٦ و١٧ی خاکەلێوەش شەڕ هەر درێژەی هەبوو، لەو ٣ رۆژەدا پێشمەرگە گیان فیداکارەکانی دێموکرات هەڵۆئاسا، دەرسێکی لەبیرنەکراویان بە هێزی دوژمن داو ئێستاش خەڵک وەک نموونەی قارەمانەتی بۆ رۆڵەکانیان دەگێڕنەوە. رۆژی ١٧ی خاکەلێوە بوو کە هاوڕێی فەرماندە عەبدوڵڵا محەممەدی ناسراو بە فەقێ عەولا لە ئاکامی ئەو خۆڕاگریو بەربەرەکانییە کەم وێنەیەدا، لەگەڵ ٦ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی حوسێن شەمامی، محەممەد شێخەیی، عەلی شەریفزادە، عومەر رەحمانی، برایم ئەحمەدی، محەممەد گەرۆری چوونە نێو ریزی پڕ لە شانازیی کاروانی شەهیدان و لە سەنگەری بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەیاندا سەریان دانا.

-----------------------------------------------------------------




**هەمزە سارتکەیی**

هەر کاتێک کە بە مەبەستی ئاوڕدانەوە لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد دەست بۆ قەلەم دەبەی، رەنگە یەکەم شت بیر لەوە بکەیتەوە کە خوێنەرانی ئەم مێژووە پڕ هەورازو نشیوە کێن کە جیاواز لە ناکامییەکانی، چیرۆکی وای تێدایە بۆ نەوەکانی داهاتوو کە بە چاوی خۆی نەیدیتبێ، بڵێ ئەمە ئەفسانەیە.

بەڵێ گەلی ئێمە باشترین رۆڵەکانی خۆی فیدای کوردستان کردوەو باخچەی ئاوات بە خوێنی پاکی شەهیدان خەملێوە. هێندێک لەوان وەک ئەستێرەیەکی گەشی کوردستان لە مێژوودا پرشنگدارن وناو و یادی ئەوان هەر دەم لە دڵی هاورێ و هاوسەنگەرو درێژە دەرانی رێگای خەباتی ئەواندا دیارن. هەمزە عەبدوڵڵاهی ناسراو بە هەمزە سارتکەیی کە هەموو ژیانی بۆ گەلی کورد داناو لەو پێناوەشدا لەبە نرخترین سەرمایەی ژیانی واتە

گیانی شیرینی مایەی دانا.

هەمزە سارتکەیی لە یەکێک لە گوندەکانی سەر بە شارستانی رەبەت بەناوی سارتکێ لە ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی لەبنەماڵەیەکی دەست کورت و زەحمەت کێشدا چاوی بەدنیای روون کردەوە. وردە وردە گەورە بوو تا گەیشتە تەمەنی خوێندن، لەگوندی سارتکێ توانی زۆر زیرەکانە تا پۆلی ٥ی سەرەتایی بخوێنیو پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن رەوانەی شاری رەبەت کراو لەو شارەش زۆر ئازایانە تا سێهەمی ناوەندی دەرسی خوێند، ژیانی ناخۆشی ئەو سەردەم ریگای نەدا هەمزە درێژە بەخوێندن بداو بۆیە وێرای بنەماڵەکەی رووی کردە کاری وەرزێڕیو بەمجۆرە ژیانی خۆی تێپەراند هەتا گەیشتە ساڵی ١٣٥٧ کە خەڵکی ئیران بەگشتی دژی رێژیمی دیکتاتۆری پاشایەتی راپەرین و لەئاکامدا تەخت و بەختی شاو نیزامەکەی سەرەوەنەخون کرا. دوای هاتنە سەر کاری ئاخوندەکان کە وڵامی داوای مافو ئازادیی گەلی کورد لەلایەن رێژیمی تازە هاتووی کۆماری ئیسلامی بە ئاگرو ئاسن درایەوە، حیزبی دیموکرات تێکۆشانی ئاشکرای خۆی راگەیاند و ریزەکانی خۆی لە هەموو کوردستان رێکخست. هەمزە سارتکەیی یەکێک لەو لاوانە بوو کە سەرەتا وەک لایەنگری حیزب دەستی بە تیکۆشان کرد. پاشان هەمزە بۆی دەرکەوت کە دەبێ خزمەتی زیاتر بە نەتەوەکەی بکا بۆیە لەساڵی ١٣٦٠ راستەوخۆ چەکی پڕلەشانازی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کردە شانو وەک زۆر لە لاوانی کورد بەرگی پڕلەسەروەریی پیشمەرگەی پۆشیو چەکی شەرەف و پارێزگاری لە ئاو خاکو نیشتمان کردە شانو بوو بە پێشمەرگەی دیموکرات. هەمزە وەک کوڕە کوردێکی بوێر ئامادەی پارێزگاری لەمانو مەوجوودییەتی نەتەوەکەی بوو. ئیمانی قوڵ بە ریبازەکەی، ورەی بەرزی، تێکۆشانی بێ وچان، هەمزەیان کردە خوشەویستی خەڵک و هاوسەنگەرانی. کاتێک کۆنەپەرستانی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو پەلاماری کوردستانیاندا، هەمزەی قارەمان لەمەڵبەندی سەردەشتو رەبەت وەک هەڵۆیەکی بەرزەفڕ چاوەدێریی خاکو نیشتمانی دەکردو دژی رێژیمی کۆماری ئیسلامی وەستاوە.

هەمزە رۆژ بە رۆژ زیاتر ئەزموونی لە ژیانی پێشمەرگایەتی دەخستە سەر یەک، بە چەشنیک کە بە هۆی کارامەیی، بە هۆی دڵسۆزی و بیرو باوەری قایمی ئەو کە لەم تەمەنەدا ورەو ئیرادەی پۆڵایینی بۆتە هاودەمی شاخ و کێوەکانی کوردستان و بۆ رزگاری و وەدیهینانی ئامانجی حیزب بۆتە هاوسەنگەری لاوانی دیکەی خوێن گەرمو بەهەست، بەتەواوی وێردی سەرزمانی خەلکو رۆڵە شۆرشگێرەکانی دێموکرات و سەنبولی خۆراگری و ئازایەتیو، بە نەزم و دیسیپلین بوو. ئەم تایبەتمەندیانە بوو بەهۆی ئەوە کە هەمزە سارتکەیی ساڵی ١٣٦٢ بە جێگری فەرماندەری دەستەیەک لە پێشمەرگەکان دیاری بکرێو بە کردەوە نیشانیدا کە شیاوی وەئەستۆ گرتنی بەرپرسایەتیی قورستریشە بە هۆی سەرکەوتنی بەرچاوی لە ئەرکە نیزامییەکانیدا، ساڵێک دواتر بە فەرماندەری دەستە دیاری کرا، هەمزە وەک فەرماندەیەکی بەووج و کارامە لە شەرەکاندا نەقشی خۆی دەنواندو لە سەنگەری پێشەوەدا بوو، ئەو لەشەڕەکاندا بە بەرنامەوە شەڕی دەکرد.

شەڕە حەماسییەکانی ناوچەی سەردەشتو ڕەبەت، وەک شەڕی گرتنەوەی ڕەبەت، گرتنی پایەگای پشتماڵی سارتکێ، چەک کردنی چەکدارەکانی بریسوێ، گرتنی موڵگەی بەسرێ، گرتنی پایگای بایزکوژاو، تەفروتوناکردنی موڵگەی سیسێر، شەڕەکانی قەڵاتی کەوان، فەقێ مادین، ئەستۆک، شەری بەناوبانگی پشتی کانییەرەش، سێوەسوورە، شەری پشتی مامەزینە وخولیسان، کەمینەکانی دەراوی سارتکێ وزمزیران، شەڕی شاخەرەشان، سورکێوی بانە ودەیان شەرو حەماسەی دیکەی ئەو مەڵبەندە شاهیدی بۆ بوێری و ئازایەتی ئەم قارەمانە نەمرەو ئەم دڵسۆزە نیشتمانپەروەرە و فەرماندە هەڵمەت بەر دەدەن. دوژمن بە بیستنی ناوی هەمزە زراوی دەچوو چونکە دەیان زانی لە هەر شەڕێکدا بەشداری بکا چارەنووسی دوژمن تێداچوون یان هەڵاتنو خۆرزگارکردن لەدەست هەمزە بوو.

هەمزەی قارەمان رۆژ لەگەل رۆژ لێهاتوویی و کارامەیی خۆێ پتر دەر دەخست هەربۆیە لەماوەی تێکۆشانی خۆیدا بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری هەبوو وەک : جێگری لک، فەرماندەری لک، جێگری هیز، سەرپەرستی هێز، فەرماندەری دەستەی کۆماندۆ و جیگری فەرماندەری تیپ و بەرپرسی تەداروکاتی گشتی حیزب بوو. هەمزە لە کەمترین ماوەدا نیشانی دا کە توانای ئەو مەسئوولییەتەی هەیەو فەرماندەرێکی باشو خاوەن تەرحو گەڵاڵەی سەرکەوتووانەیە. لەماوی پیشمەرگایەتی‌دا چەندین جار برینداربوو کە هەموو جارێ پاش سارێژبوونەوەی برینەکەی بە گوڕتر دەهاتەوە سەنگەری خۆڕاگریو بەرخۆدان.

هەمزە لەسەرەتای مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبی لەگەل دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزب رووی لە ناوچەی ڕەبەت کرد، هەمزە سارتکەیی ناوێکی ئاشنا لەنێو خەڵکی سەردەشتو ڕەبەتدا بوو. ئەگەرچی چەند ساڵێک بوو خەڵکی ناوچەی ڕەبەت چاویان بە دیداری کوڕە تێکۆشەرەکانیان روون نەببووە، بە دیتنی هەمزەی فیداکار و هاوڕێکانی کە هەڵگری پەیامێکی گەورە لە مانەوەو زیندوو بوونی حیزبەکەی بوو روون بۆوە. رابردووی پڕلەسەروەری و شۆرشگێریی هەمزە بەڵگەیەکی بە هێز بوو بۆ ئەوەی باوەشی گەرمی خەڵکەکەی جارێکی دیکە هەمزەو هەواڵانی لە ئامێز بگرنو گوێڕایەڵی بریاراتی حیزب بن کە لەزمانی هەمزەوە بە خەڵکی ئەو ناوچەیە رادەگەیەندراو ئەوانیش بەگیانو بەدڵ بەڕێوەیان دەبرد.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە هیچکات لە رووبەرووبوونەوە لە بەرامبەر هەمزە سارتکەیی‌دا توانای نەبووەو هەمیشە لەئاستی هەڵمەتی ناوبراودا زەبوون بووە، رۆژی ٢٣ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٧ لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەنجامدانی مەئموورییەتی حیزبی لە ئاوایی گردێنەی ناوچەی سەردەشت کەوتنە کەمینی هێزە بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامیو بەداخەوە لەوکەمینەدا خوێنی تێکەڵ بە خوێنی دوو قارەمانی دیکە بەناوەکانی قادر نەزمیو قادر قادری بوو و گیانیان پیشکەش بە بارەگای بەختەوەریو سەربەستی نەتەوەکەیان کردو ماڵئاواییان لە

نیشتمانە داگیرکراوەکەیان خواست.

---




## حوسێن شەمامی

بە درێژای مێژوو دیکتاتۆری وملهوڕی هەمیشە مایەی دواکەوتووی وپێشێل کردنی مافەئینسانیو سیاسییەکانی گەلان بوون. هەر بۆیە زۆربەی نەتەوەکانی جیهان یەک لە دوایەک بە دژی زوڵم ستەمو زۆرداری راپەڕیونو بەشێکی بەرچاویان ئێستا بە مافە نەتەوایەتییەکانیانو ئازادیو پێشکەوتن گەیشتوون. دیارە ئەم ئازادییە، ئەم سەربەرزییە، لە خۆڕاو، بێ لەخۆبووردوویی وگیان بازی رۆڵەکانی ئەم نەتەوانە وەدەست نەهاتوون.

شۆڕشی پڕ شکۆی نەتەوەکانی ئێران بە دژی دیکتاتۆری پاشایەتی، هەلێکی لەباری بۆ گەیشتنی گەلانی ژێر چەپۆکی ئێران بە مافەکانیان پێک هێنا، نەتەوەی کوردیش یەکێک لەو نەتەوانە بوو کە چاوەڕوان بوو پاش رووخانی رێژیمی پاشایەتی بە مافو ئازادییەکانی بگا. بەڵام کاتێک رێژیمی ئاخوندی دەسەڵاتی گرتە دەستی نەک دەسکەوتەکانی راپەڕینی نەتەوەکان ئێرانی خستە ژێر پێ بەڵکوو بە توندترین شێوە هێرشی کردە سەر مافە رەواو ئینسانییەکانیان.

بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات کە خاوەنی تاقی کردنەوەی شۆڕشگێڕانەو خەباتگێڕانە بوو بڕیاریدا دیفاع لەمانو مەوجودییەتی خۆی بکاو بەرەنگای دیکتاتۆڕی و کۆنەپەرستی بێتەوە.

ئەگەر ئاوڕێک لە خەباتو بەربەرەکانی ئەو چەندین ساڵەی حیزبەکەمان بدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە لەو خەباتو بەربەرەکانییەدا، نەتەوەکەمان چەندەی فرمێسکوخوێن رشتوە، چەندەی ئاهوو هەناسەی سارد هەڵکێشاوە، چەندەی رەنجو کوێرەوەری دیوە، چەندەی ئازایەتیو فیداکاریو لەخۆبووردوویی لە خۆی نیشان داوە. سات بەساتی ئەو بەشەی مێژووی خەباتی حیزبو نەتەوەکەمان، بە خوێنی باشترین وبە ئەمەگترین رۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە نووسراوەتەوە.

حوسێن شەمامی ساڵی ١٣٢٨ی هەتاوی لە شاری سەردەشت لە بنەماڵەیەکی مامناوەندیدا چاوی بە دنیای روون هەڵێنا. کاتێک تەمەنی گەیشتە ٧ ساڵان رەوانەی قوتابخانە کراو لە سەرەتای دەست پێکردنی قوتابخانە وەک منداڵێکی ژیرو وریا خۆی دەر خست و زۆر ئازاو زیرەکانە قوناغی خوێندنی بڕیوە، سەرئەنجام تا ٣ی دوا ناوەندی دەرسی خوێند. هەر چەند دیپلۆمی وەر نەگرت بەڵام بەردەوام خەریکی خوێندنەوەو فێربوون بوو، باشبوونی وەزعی ئابووری بنەماڵەکەی ئەوی لە کار نەوەستاند، وابار هاتبوو کە بۆ خۆی کار بکاو چاو لەدەستی ماڵەوە نەبێ ئەو تایبەتمەندیانە کەسایەتی بەهێزیان لە حوسێن درووست کردبوو. لەو هەلومەرجەدا ئەو باشی دەزانی نەتەوەکەی لەوپەری ژێرچەپۆکیو مەینەت بەشیدا دەژی، بۆیە ئاواتە خواز بوو نەتەوەی کوردیش وەک نەتەوەکانی سەرگۆی زەوی رۆژێک بێتو بە مافەرەواکانی بگاو دەگەڵ کاروانی پێشکەوتنی چەرخی نوێ بکەوێ، بۆ ئەو مەبەستە شان بەشانی خەڵک لە خۆپێشاندانەکانی دژی رێژیمی پاشایەتیدا بەشداری چالاکانەی کرد. هەرلەو سەروبەندەدا بوو پێوەندی بە تەشکیلاتی حیزبەوە گرتو دەستی بە کارو تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی خۆی کرد.

بە دەست پێکردنی هێرش وپەلاماری رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستانو پانوبەرین بوونەوەی مەیدانی خەبات، حوسێن شەمامی ئەرکی قورستری کەوتە سەر شانیو لە بەڕێوە بردنی ئەرکەکانی تەشکیلاتی نێو شاری سەردەشتدا لیاقەتو شایەستەگی لە خۆی نیشاندا. دوژمنانی ئازادیی نەتەوەی کورد، زۆر لە هەوڵی ئەوە دابوون کە هەستەکانی حیزب لە ناوشاردا بخەنە داوی خۆیان. بەڵام حەولو لێزانی حوسێنی شەمامی پیلانەکانی دوژمنانی پووچەڵ کردەوە. ئەو بە ئاواتی لەمێژینەی خۆی گەیشت وهەموو ئاواتو ئامانجەکانی خۆیو نەتەوەکەی لە پیادەکردنی بەرنامەی حیزبی دێموکراتدا دەدی.

ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی بریاریدا ببێتە پێشمەرگەو هەموو تەمەنی خۆی بۆ خزمەت بۆ حیزبو نەتەوەکەی تەرخان بکا. بۆیە لەو کاتەوە وەک شۆڕشگێڕێکی خاوەن بیروباوەری سیاسی هاتە مەیدانی خەباتو تێکۆشان، زۆر زوو سرنجی کۆمەڵانی خەڵکو هاوسەنگەرەکانی بۆ لای خۆی راکێشا، پاشان لە لایەن هێزەوە وەک جیگری لک لە هێزی موعێنی ئەو کات دیاری کرا.

حوسێن شەمامی ئازاو فیداکارو چاونەترس بوو، خاوەن بیروباوەڕی قوڵی حیزبیانە بوو، لەزۆربەی شەڕەکانی ئەوکات وەک شەڕی ناو شاری سەردەشت، دووڕێیانەی شەردەشت- مەهابادا رۆڵێکی بەر چاوی گێڕاو ئازایەتییەکی کەم وێنەی لەخۆی نیشاندا.

حوسێن شەمامی هەر لەو کاتەدا پێشمەرگەیەکی ئازاو کادرێکی سیاسی پێگەیشتوو بوو، فەرماندەیەکی لێوەشاوەش بوو. هەروەها لەبردنە پێشی سیاسەتو رێبازی حیزبدا شارەزا بوو، هەر ئەو تایبەتمەندییانەی بوو بە هۆی ئەوەی کە دواتر لە کۆنفرانسی شارستانی سەردەشت وەک ئەندامی کومیتە شارستان هەڵبژێردرا، کاتێک لەسەر بڕیاری دەفتەری سیاسی کومیتە شارستانی رەبەتو هێزی زمزیران پێکهات، حوسێن شەمامی وەک ئەندامی کۆمیتە شارستانو فەرماندەری یەکێک لە لکەکانی هێزی زمزیران دیاری کرا.

حوسێن شەمامی هەروا سەرکەوتووانە قۆناغەکانی تێکۆشانی سیاسیو پێشمەرگانەی خۆی دەبڕیو بوو بە رۆڵەیەکی نەبەزو کوڕی رۆژی تەنگانە. لەو ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانیدا جیدی وەهەڵسووڕو ماندوویی نەناس بوو. لە شەڕەکانی ناوچەی رەبەت ئازاو بەوەجو ورە بەخش بوو، چقڵی چاوی دوژمنانو خۆشەویستی خەڵکی زەحمەتکێشانی ناوچەکانی رەبەتو سەردەشت بوو.

حوسێن شەمامی لە کاتی هێرشی دوژمندا بۆ سەر کوردستان قورسترین مەسئولییەتی قەبووڵ کردو ئازایانەش بەڕێوەی برد. ئەو لە تێکشکاندنی دەیان پەلاماری دوژمندا رۆڵی بەرچاوی گێڕا. شەڕەکانی نێو شاری رەبەت، جادەی سەردەشت - پیرانشار، واوانو زۆر شەڕی دیکە بۆ هەمیشە شاهیدی ئازایەتیو فیداکاری حوسێن شەمامین.

ئەو لەبڵاو کردنەوەی سیاسەتەکانی حیزبدا، لە تەبلیغ کردنی هەڵوێستەکانی حیزبدا، لە هەڵسو کەوتو بەڕێوەبردنی ئەرکە تەشکیلاتییەکانیدا نمونەی کادرێکی چالاکی حیزب بوو. هەربۆیەش چ لەنێو خەڵک داو، چ لە نێو تەشکیلاتدا خاوەن رێزو خۆشەویستی بوو هەر لەوپێوەندییەشدا بوو لەلایەن تەشکیلاتەوە وەک فەرماندەری لێهاتوو کارامە بەرپرسایەتی زیاتری پێ ئەسپێردرا.

لە بەهاری ساڵی ١٣٦٣ هەتاوی رۆژی ١٥ی خاکەلێوە دوژمن هێرشێ بۆ سەر گوندی چوالانو دەورووبەر دەست پێکرد رۆڵەکانی دێموکرات لە چەندین شەڕگە بەرەنگاری لەشکریانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بوونەوە، رۆژی دیفاع لەشەڕەفو کەڕامەتی نەتەوەکەمان بوو لەرۆژی یەکەمی شەڕ، سەلماندیانو بە داگیرکەرانیان نیشاندا کە کوردستان سەنگەری دیفاع لەئازادییەو بۆ دوژمن سەر نەوی ناکا. لەچەندین بەرە شەڕ بە توندی بەردەوام بوو حوسێن شەمامی فەرماندەری بەشێکی زۆری لە شەڕگەکان دەکرد، هەڵسووڕیو ئازایەتیو لەخۆبووردوو بوو، رۆژەکانی ١٦ و ١٧ی خاکەلێوەش شەڕ هەر درێژەی هەبوو لەو٣ رۆژەدا پێشمەرگە گیان لە سەر دەستەکانی دێموکڕات هەڵۆ ئاسا، دەرسێکی لەبیر نەکراویان بە هێزی دوژمن داو ئێستاش خەڵک وەک نموونەی قارەمانەتی بۆ رۆڵەکانیان دەگێڕنەوە. رۆژی ١٧ی خاکەلێوە بوو کە هاورێی فەرماندە حوسێن شەمامی لە ئاکامی ئەو

خۆڕاگری وبەربەرەکانییە کەم وێنەیەدا لەگەڵ شەش هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی فەقێ عەوڵا محەممەدی فەرماندەری هێز، محەممەد شێخەیی، عەلی شەریفزادە، عومەر رەحمانی، برایم ئەحمەدیو محەممەد گەرۆری چوونە نێو ریزی پڕلە شانازی کاروانی شەهیدانو لەسەنگەری دیفاع لە مافو ئازادییەکانی نەتەوەکەیاندا سەریان دانا.

---------------------------------------------------------------------------------------




رەحمان سۆفیزادە

رەحمان سۆفیزادە لەساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی لە شاری پیرانشار لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لەدایک بووە، بەرەبەرە بە شیری پاکی دایکی وەدارەدارە کەوت، پاش تێپەڕ کردنی ٧ ساڵ تەمەنی سەرەڕای دەستکورتی بابی وەبەر خوێندنی نا تاکوو دوا رۆژێکی گەشو بەرهەمی بۆ خۆیو بنەماڵەو بەتایبەت گەلەکەی هەبێ. قۆناغەکانی خوێندنی زۆر ئازایانە بڕیو فەوقی دیپلۆمی وەرگرت.

بە دەست پێکردنی خۆپیێشاندانەکان بە دژی رێژیمی گەندەڵی حەمە رەزاشا لە شاری پیرانشار، رەحمانی سۆفیزادە لەو کەسانە بوو کە رۆڵی سەرەکی لە نێو لاواندا گێڕا.

لەدوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی، تێکۆشانی ئاشکرای حیزب دەستی پێکردەوە، رەحمانی لاو تینوو بە ئازادیو رزگاریی نەتەوەکەی ویستو ئاواتەکانی خۆی لە بەرنامەو رێبازی حیزبی دێموکڕاتدا دیتەوەو تێکۆشانی سیاسی خۆی بە رەسمی لە حیزبی دێموکڕاتدا دەست پێکرد. لە دەوری رێکخراوەی حیزبدا زۆر کوڕی رووناکبیرو شۆڕشگێڕی وەک رەحمان سۆفیزادە تێکۆشانیان هەبوو، ئەو لاوانە ببوون بە لەمپەرێک لە بەرامبەر ناحەزانو

نەیارانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو ئامانجەکانی گەلی کورد. هەر لە دەسپێکی کارو تێکۆشانی خۆیدا ڕۆلێکی گرینگو سەرەکی لە سازمان دانی لاواندا گێڕا نەقشی بەرچاوی لە ڕاگەیاندنو هاوکاریی کردن بۆ بەڕێوە چوونی ڕێوڕەسمەکانی حیزبیدا هەبوو. ڕەحمان بە لەبەرکردنی بەرگی پڕ لەشانازیی حیزبی دێموکڕات پێی نایە گۆڕەپانی خەباتو تێکۆشانی نەپسانەوەی گەلەکەیو بەڵێنیدا تا دوا هەناسە بۆ وەدیهێنانی ئامانجی شەهیدانی سەربەرزی نەتەوەکەی لە بزوونو چالاکی نەکەوێ. وێنەی تاکێکی شۆڕشگێڕ، مرۆڤێکی دێموکڕات، ئینسانێکی بە تەواو ماناو جێی باوەڕو متمانە کە بەو پەڕی هەست بە لێپرسراوی کردنەوە لە هەموو ئیشو کارەکانی حیزبیدا کەمی نەدەهێناو هیچ تەنگو چەڵەمەیەک نەیدەتوانی بەر بە ڕاپەڕاندنی ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانی بگرێ.

رحمان سۆفیزادە وێنەی قارەمانێکی هەڵکەوتوو، خەباتکارێکی ڕاستەقینە بوو کە ببووە جێی ئیلهام وەرگرتنی هەموو هاوڕێیانی، ببووە جێگای هومێدی ئەندامانو لایەنگرانو دۆستانی حیزب لە لایەکو خەڵکی زەحمەتکێشی ناوچەکانی پیرانشارو ڕەبەت و سەردەشت لە لایەکیترەوە.

ڕەحمان کوڕێکی ڕوح سووک، دەم بە پێکەنین، زیرەکو چالاک، کادرێکی خەباتگێڕو نەسرەوتوو بوو. کەسێکی زۆر کۆمەڵایەتی بوو ئەو دەیزانی کە چۆن لە گەڵ خەڵکو کلتوری ئەو خەڵکە هەستانو دانیشتن بکا. سەردانی هاوسەنگەرانو بنەماڵەکانیان، ئەو ماڵانەی کە زۆر خۆماڵی بوون، بۆخۆی داوای دەکرد کە ئەگەر کارێک هەیەو بە وی جێبەجێ دەکرێ ئەنجامی بدا، لە هاوکاری کردنی هاواڵانی دریغی نەدەکرد، لە هەر بوارێکدا کە لە دەستی هاتبایە گرفتی لە سەر شانی هاوڕێکانی لادەبرد، ئەوانە لەتایبەتمەندییەکانی شەهیدی ناوبراو بوو.

لە بواری سیاسیدا کادرێکی سیاسی تێگەیشتوو پێگەیشتوو خوشناو، سەرەتا لەریزی یەکێتی لاواندا دەستی بە تێکۆشان کرد. دواتر لە کۆمیتەکاندا بوو بە ئەندام، وەک ئەندامی کومیتەی شارستانی پیرانشارو پاشان بوو بە هەیئەتی ئیجرایو دواتر لەکۆمیسیونی تەشکیلات کاری دەکرد، سەرئەنجام دوا بەرپرسایەتی تا کاتی شەهید بوونی بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی ڕەبەتی وەئەستۆ گرت. ئەو لە هەر هەلومەرجێکدا هەستی کردبایە کە پێویستە سیاسەتەکانی حیزب بۆ خەڵک ڕوون بکاتەوە دریغی لێ نەدەکردو بە باوەشی ئاواڵەوە بەشداری تێدا دەکرد.

ڕەحمان سۆفیزادە شۆڕشگێڕێکی واقیعیو کەسێکی تێکۆشەر بوو کە هەموو توانای خۆی بەکار هێنابوو بۆ ئەوەی بتوانێ لە هەر جێگایەک کە پێویست بێت، ئەرکی پیرۆزی خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەی بە ئەستۆوە بگرێو سەرئەنجام لەو ڕێگایەدا، گیانی خۆی فیدای ئامانجە بەرزو پیرۆزەکانی نەتەوەکەی کرد.

لەو بارەوە هاوڕێ قادر وریا هاوسەنگەری شەهید لە یادداشتەکانی بەمجۆرە باسی دەکا.

"خـەڵکیو خـاکی بـوو. شـانازیی بـەوە دەکـرد کـە کـوڕی سـۆفی ڕەسـووی گاچۆلەکەیـەو لـە بنەماڵەیـەکی زەحمـەتکێشدا لـەدایک بـووە. لەگـەڵ ئـەوەی خـەڵک دەسـتیان ڕادەگـرت تـا ئـەو مامۆسـتایەی جـارانو ئـەم پێشمەرگەیەی ئێستا بەسەریدا بڕوا، فەخری بەسەردا نەدەفرۆشتن، لە هەر ماڵێک لایدابایە وەک کوڕی مـاڵێ ڕەفتاری دەکرد، داری ورد دەکرد، قەندی بۆ دەشکاندن، سفرەی لەگەڵ کۆ دەکردنەوە، چای تێدەکرد، بۆخۆی جێوبانی خۆی هەڵدەگرت. هونەرمەند بوو. کە دەتڕوانیە ئاڵبۆمەکانیو دەتدیت چۆن قۆناغـە جۆراوجۆرەکـانی زۆر لە بوارەکانی ژیـانی کـوردەواریی وەک ئاژەڵـداریو کشتوکاڵ بـە دووربینەکـەی وێنـە گرتـوون، دەتگـوت وێنـە گرێکی کـەم هاوتایـە. خۆشنووسێک بـوو حـەزت دەکـرد چـی تراکتو ئاگـاداریو سـەربەرگی بڵاوکراوەکانـە وەک تەختە بەردە پانەکەی دەم ڕێگای چەکۆ ـ میراوێ کە دروشمی دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بـۆ کوردسـتانی لەسەر نووسیبوو، بە خەتی ئەو بنەخشێندرێن. لە بواری ڕاگەیانـدندا، کـەم کـادری حیزبـی هاوتەمـەنی تۆزیـان دەشکاند. بـە زمـانی سـادەو پـاراویو بـەو شـارەزاییەیە سـەرنج ڕاکێشـەی ئـەو منداڵـەی شـاری، لـە کۆمەڵناسـیو دەروونناسیو پێوەندییەکانی خەڵکی لادێ هەیبوو، مەبەستەکانی خۆیو حیزبەکەی بە هاسانی لـە نێـو خـەڵکدا دەبردە پێش. لە خۆڕایی نەبوو لە مانگەکانی دیفاع لە ئازادیو هێرش بۆ سەر دوژمندا، تەداروکی بەشێکی زۆر لـە هێـزی پێشـمەرگەی حیـزبو هێـزی پشـتیوانیان لـە ناوچـەی پیرانشـارو سەردەشت بـەو سپاردبوو. لـە هـەر کۆبوونەوەو سمینارو کۆنفرانسێکدا کە لە سەر کاروبـاری تەشکیلاتی دەدوا، ئەوەندەی ئیدەو پێشـنیارو گەڵاڵـەی نـوێو لێزانانـە دینایـە گـۆڕێ سـەرنجی هـەمووانی بـۆ لای خـۆی ڕادەکێشـا. ئەگـەرچی وەک پسـپۆڕێکی کـاری تەشکیلاتی لەئاستی حیـزبدا نـاوی دەرکردبـوو، لـە ئازایـەتیو نەترسـیو شـەڕکەریدا، لـە هـیچ قارەمـانێکی مەڵبەندەکەی خۆی، پیرانشار نەدەمایەوە.

نووسینەوەی یادداشتەکانی ڕۆژانە، شەهید ڕەحمان لە نێو یەکیەتیی لاوان و دۆستانی کـادرو پێشمەرگەیدا کردی بە داب. سەداقەت، سەراحەت، سادەیی، هەست کردن بە بەرپرسایەتی، ماندوویی نەناسی، دانـەبڕان لـە کتێبو خوێندنەوە لە هیچ هەلومەرجێکدا، بڕوا بەخۆبوون، ڕووخۆشیو، جگە لە ڕەزامەندیی خەڵکو حیزبەکەی دەربەستی هیچ شتێک نەبوون، لە تایبەتمەندییەکانی بوون."

هاوسەنگەرێکی دیکەی، هەیاس کاردۆ لە بیرەوەرییەکانی ئاوا باسی شەهید ڕەحمان سۆفیزادە دەکا.

" سۆفیزادە بە نیسبەت تەمەنی کەمی (ئەوکات لە خوار ٢٥ ساڵی دا بـوو) زۆری دەزانـی. لە نێـو ئەو هەمـوو لاوو تـازە لاوانەی کە تـازە ڕوویان کردبووە ڕیزەکانی شۆڕش، ژمارەیەکیان زۆر دیارو بەرچاو بوون. ڕەحمان یەک لەوانە بوو کە چاوەڕوانیی زۆری لێ دەکـراو بۆچوون و زانیارییەکـانی جێگـای لـێ وردبـوونەوە بـوون. ئەو کە لە یەکیەتیی لاوانەوە دەستی بە خەبات کرد وەک کەسێکی خۆش فکرو خاوەنڕا چاوی لێ دەکراو هەر بۆیە بە پەلە جێگـای خـۆی لە ڕێبەرایەتیـی ئەو ڕێکخـراوەدا کـردەوەو تەنـانەت بە هـۆی زیرەکـیو لێزانـی لە نـاوچە

جۆراوجۆرەکانی کوردستان دەستی بە گەڕان کردو بە قازانجی شۆڕش تەبلیغی دەکرد. ئەوە بوو بە هۆی زیاتر خۆشەویست بوونی ناوبراو و جێگایەکی تایبەتی بۆ کردەوە. چاکم لە بیرە لە ڕێورەسمی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦١دا کە خەڵکی چەند گوندی ناوچەی چۆمی مەجیدخانی مەهاباد لە نێو باغەکانی "قەرەگۆل" کۆ ببوونەوە، قسەکانی ئەو کوڕە باڵا بەرزە سەرلووت ئارەقاوییە گفتولفت خۆشە سەیر کاری تێکردن. ناوبراو هەمیشە قسەکانی بە شێعرێکی شۆڕشگێڕی دەست پێدەکرد کە من لەتە بەیتێکیم هەر لە بیرە کە دەڵێ: بیری مێژوو ژیلەمۆی ئازادیخوازی تێکۆشان، .... سۆفیزادە لە ناوچەی پیرانشارەوە خۆی گەیاندبووە نیزیک میاندواو هەتا بە وتاری ئاگراوی تۆوی خەباتو خۆڕاگری بچێنێ‌و دەرسی چۆنیەتیی ژیان بڵێتەوە."

رەحمانی سۆفیزادە ئەو رۆڵە شۆڕشگێڕە لە ئەزموونەکانی کەڵکی وەرگرتو بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ داگیرکەران‌و هێزی کۆنەپەرستی وەک هاوسەنگەرانی نەقشی دەگیڕا، ناوبراوکە بە ئێسکو پێستو خوێن‌و دەمارەوە چەوسانەوەی گەلەکەی هەست پێکردبوو، بەدڵ عاشق‌و ئەویندارى ئازادی نەتەوەکەی بوو. لە پێناوی گەیشتن بە ئاواتو ئامانجی نەتەوە ستەم لێ کراوەکەی دا هەموو نرخێکی بە هەرزان دەزانی. ناوبراو لە توانایدا هەبوو لە دانانی بناخەکانی کۆشکی سەروەریی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەوری ئەندازیار بگێڕێ. جووڵەو تەکانەکانی ئەو لاوە دڵگەرمە خەریک بوو تەزوویەکی خۆش بدا بە لەشی کوردستان کە دەستی ڕەشی زاڵم دڵی گەرمی لە لێدان خست".

هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بەرەبەیانی رۆژی ٢٦ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٣ بە هێزێکی زۆرەوە هێرشیان کردە سەر گوندی جانداران‌و دەورووبەری، کە لە لایەن تێکۆشەرانی دێموکڕات بەرپرچی درایەوەو پاش شەڕێکی یەک رۆژە ژمارەیەکی بەرچاویان لەهێزی کۆنەپەرستی کوشتو پاشەکشەیان پێ کردن، لەو بەربەرەکانییەدا کە رەحمانی سۆفیزادە فیداکارییەکی کەم وێنەی لەخۆی نیشاندا، پاش خۆڕاگری‌و وەدەست هاتنێکی زۆر پاڵەوانانە، کەوتە بەر گوللەی داگیرکەران‌و خوێنی تێکەڵ بە خوێنی کادرێکی دیکە بە ناوی مەحموود فەیزی بوو، روحی پاکی بەرەو ترۆپکی نەمان هەڵفڕی‌و لەشی بێگیان‌و ساردی لەسەر خاکی بابو باپیرانی بەجێماو ڕێگەی درێژی ونەپساوەی وەدەست هێنانی مافی گەلەکەی بە ڕێبوارانی خۆی ئەسپارد. بە شەهید بوونی رەحمانی سۆفیزادە لەم رۆژەدا دڵ ودەروونی خەڵکی هەژاندو زیاتر خەڵکی غەمبار کرد بەڵام قڕمەی چەکی رۆڵەکانی دێموکڕات بەیادی ئەو شەهیدە، خوێنی رەحمانی سۆفیزادەی کردە کانای چرای روونـاکی دەری خەبات و تێکۆشان.

---




**بایز کەلامی ناسراو بە (بایز قەڵاتاسیانی)**

کاتو زەمان دێو تێدەپەڕێ، مێژوو دێو دەڕوا، ئەوەی لەپاش بەجێدەمێنێو ئەوەی دەمێنێتەوە رووداوەکانی مێژووی کاسایەتییەکانە، واتە ئەزموونی ئینسانەکانن، بەواتایەکی دیکە تاڵیو سوێری، خۆشیو ناخۆشی ژیانی ئینسانەکانە، ئەویش کەسانێک کە لە چارەنووسی مێژووی گەلەکەیان پێشڕەو بوون، نابێ ئەو ژیانە پڕ لەژانە دیتووە لەبیر بکەین، دەبێ دەرس لە مێژووی پڕ لەشانازی ئەو تێکۆشەرە فیداکارانە وەربگرین. لەگەڵ ئەوەی دەرسی خۆڕاگری لە ژیانیان فێر دەبین، لە هەمان کاتدا دەبی خۆبەخشێنی گیانیانو هەڵوێستی جوامێرانەیانو قارەمانەتییان بۆ نەسلەکانی دواتر باس بکەینو ئەوانیش بە ئەمانەتەوە بیپارێزن، چونکی ژیان دەرەتان بۆ کەس ناهێڵێتەوەو دەرفەت بە کەس نادا کە جارێکی دیکە مێژووی دووپاتەوە بێتەوە، بۆیە ئەگەر لە مێژووی خۆمان بێئاگاو بێ خەبەر بین مەحکووم بە دووبارە بوونەوە دەبین.

حیزبی دێموکڕات خاوەنی مێژوویەکی پڕ لەسەروەریو سەربەرزییە، ئەو مێژوویە بە خوێنی رۆڵەکانی نووسراوەتەوە. وەک دەبینین زیاتر لە نیو سەدەیە دژی رێژیمە زۆردارەکان وەستاوەو بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەکەی خەبات دەکا. بە تایبەتی لە ماوەی زیاتر لە ٣ دەیە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی بە سەر وڵاتی ئێراندا بە دەیان هەزار رۆڵەی کورد هاتوونە ریزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو لە بەرانبەر دڕندەترینو کۆنەپەرستترین رێژیمی سەردەمدا خەباتیان کردووەو بە هەزاران کەس لەوان گیانیان لەپێناوی ئامانجەکانی گەلەکەیاندا بەخشیوە. یەکێک لەو رۆڵە تێکۆشەرانە شەهید بایز کەلامی ناسراو بە بایز قەڵاتاسیانییە.

بایز کەلامی ناسراو بە بایز قەلاتاسیانی کاتێک دەربەگایەتی بارگەو بنەی دەپێچاوە بۆ هەمیشە دەنێژرا، بایز لەو سەروبەندەدا لەساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە ئاوایی قەلاتاسیانی ناوچەی رەبەت لە بنەماڵەیەکی وەرزێڕ چاوی بە دنیا روون کردەوە. لە تەمەنی ٧ ساڵی کتێبی بە دەستەوە گرتو رووی لە قوتابخانە کرد، بایز توانی تەنیا ٣ کلاس بخوێنێ‌و لە منداڵییەوە وێڕای بنەماڵە دەستی بە کار کرد. ئەو لە تەمەنی لاوییەوە دەستو پەنجەی لەگەڵ کوێرەوەری ژیان نەرم دەکرد، بەڵام چارەنووس وابوو کە لەگەڵ ژان لە دایک بێ‌و بە ژان گەورە بێ‌و خۆشی‌و چێژی ژیانیش بۆ ئەو ئاواتێکی گەورە بوو کە قەت وەدی نەهات. بایز رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر خۆی ماندوو دەکرد تا بەروبووی کاری پتر بێ‌و بۆشایی نەبوونی بژێوی ژیان لە بنەماڵەدا پڕ بکاتەوە.

ژیانی بایز قەلاتاسیانی تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەمجۆرە تێپەڕی. بەڵام جنایەتەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بەتەواوی هەستی لاوی زەحمەتکێشی خەوشدار کرد. هەرچەند لە هەلومەرجێکی ئاستەمدا دەژیا، بەڵام دیگوت" کاتێک نەتەوەی کورد لەنێو بچێ منیش لەنێو دەچم‌و ژیان بۆ منو بۆ باقی هەژارانی کوردستان مانای نیە. کاتێک ئازاد نەبم، ژیان چ مانایەکی هەیە." هەر بۆیە لە گەرمەی شەڕەکانی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاویدا بڕیاری شۆڕشگێڕانەی داو لەبنەماڵەی زەحمەتکێشی ماڵئاوایی کردو لیباسی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لەبەر کردو هاتە ریزی پێشمەرگەکانی دێموکڕاتەوە دەستی بە تێکۆشانی خۆی کرد.

بایز قەلاتاسیانی ئیمانی قووڵی بە رێبازی حیزبەکەی بوو، کوڕێکی فیداکارو ئازا بوو زوو نیشانی‌دا کە کوڕێکی ئاکارجوان‌و خوو رەوشتی شۆڕشگێڕانەی هەیە بۆیە بەرپرسایەتییان پێ‌سپاردو، لەو مەسئوولییەتەدا شانی وەبەرداو، لەم پۆستەش‌دا بە هەست کردن بە بەرپرسایەتی ئەرکەکانی بەڕێوە دەبرد. پاشان لەساڵی ١٣٦٣ وەک سەردەستە دیاری کرا. لە ماوەی بەرپرسایەتی چەندین عەمەلیاتی قارەمانانەی بەڕێوە برد، فەرماندەیەکی سەر لە پێناو بوو هەر جێگایەک حیزب بۆی دیاری کردبایە نای نەبوو بۆیە لە ناوچەکانی جنوبی کوردستان، بانە، سەردەشت، مهاباد کاری پێشمەرگایەتی بە رێکوپێکی بەڕێوە بردوە، بەهۆی بەڕێوە بردنی ئەرکەکانی‌و ئازایەتی‌و فیداکاری لە لایەن دەفتەری سیاسی‌یەوە بە نووسراوە تەشویق کرا.

بایز قەلاتاسیانی لە زستانی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی وەک جێگری فەرماندەری لکو سەرئەنجام ساڵی ١٣٦٥ وەک فەرماندەری لک دیاری کرا ئەو مەسئوولییەتەی بەو پەڕی عەلاقەوە وەرگرتو سەلماندی کە توانای بەڕێوەبردنی ئەم بەرپرسایەتیەی هەیەو. زۆر عەمەلیاتی قارەمانانە لە ناوچەی رەبەت بە فەرماندەیی ئەو بەڕێوە چوو. بایز قەلاتاسیانی بە هەموو وجوودی‌یەوە حیزبی خۆش دەویستو باوەڕی پێی بوو. ئیمان بە رێبازەکەی وای لێ‌کردبوو چاوی لە گولله نەدەترساو هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەی خۆڕاگری دابێ.

شەڕەکانی گەردەنەی زمزیران، شەڕی سێ‌مانگە، گوندی نەستان، نێوشاری رەبەت، جادەی مەهاباد - سەردەشت، دۆڵی دێموکڕاتو چەندین حەماسەی دیکە، وەک لاپەڕەیەکی زێڕین لە دەفتەری بیرەوەری

پێشمەرگایەتی ئەو قارەمانەدا ماوەتەوەو ئێستاش خەڵکی ئەو ناوچەیە یادی دەکەنەوە.

بایز تەنیا پێشمەرگەیەکی ئازاو شەڕکەر نەبوو ئەگەرچی سەوادی کەم بوو بەڵام کەسێکی کۆمەڵایەتی، خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک بوو هەر ناوچەیەک چووبایە ڕێزیان لێ دەگرتو ئەویش ڕێزی لە خەڵک دەگرت، لەگەڵ هاوسەنگەرانی لەسەرخۆ، ئەزموونەکانی خۆی بۆ شیی دەکردنەوەو وەک ماموستایەکی شەڕی پارتیزان ڕێنوێنی دەکردن، چونکی لەبەر ئەوەی سەداقتو ئیمان، قارەمانەتیو هەڵسووڕیو دەستوبردی بۆ هەموو پێشمەرگەکان ناسرا بوو. سەداقەتو راستیو دروستی بوو. هەستانو دانیشتنیو کردەوەکانی لە خزمەت ئامانجەکانی جووڵانەوەدا بوو. چالاکیو هەڵسوڕی ئەو لە خەبات دژی دوژمنانی ئازادیدا بەرچاو بوو.

بەداخەوە مەرگ مەودای پێ نەدا خزمەتی زیاتر بە نەتەوەکەی بکا رۆژی ٣١ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی لە نزیک ئاوایی "سەیدسارم" لەسەر جادەی بانە سەردەشت کەوتنە کەمینی هێزی کۆنەپەرستی کە پێشمەرگەکان وەک هەمیشە زوو لێیان وەدەست هاتنو کەمینی دوژمنیان تێک شکاند، بە داخەوە بایز قەلاتاسیانی کەوتە بەر گوللەی دوژمنو گیانی پاکی پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردو چووە ریزی کاروانی شەهیدان.

---

# هێزی گیاڕەنگ




**محەممەد مستەفایی ناسراو بە (حەمە نارستی)**

خەباتگێڕانی راستەقینەی نەتەوەی کورد ساڵانێکی زۆرە، شێلگیرانەو ماندوویی‌نەناسانە بۆ گەیشتن بە مافی دیاری کردنی چارەنوسی نەتەوەکەیان لە هیچ هەوڵو تێکۆشانێک تەنەخی ناکەنو هەر لەم پێناوەشدا، بە دەیان هەزار تێکۆشەر گیانی پاکی خۆیان فیدای ئامانجە بەرزەکانی گەلەکەیان کردووە تاکوو سەرئەنجام ئەم گەلە بتوانێ وەک نەتەوەیەکی بەختەوەری سەر گۆی زەوی بژیو خاوەنی شوناسو ئیرادەی خۆی بێ. بەکورتی ئەم گەلە نەسرەوتوو و ئازادی ویستە لە پێناو دەستەبەربوونی ئامانجە رەواکانی خوێنێکی زۆری داوە، باغو موچەو مەزرای سووتاوە، دەربەدەر بووە، ماڵی کاول بووە، گوندەکانی تەختو خاپوور کراونو تەنانەت ژینۆساید کراوەو بگرە نیشتمانەکەیان لێ لەتوپەت کردووە، بەڵام هیچکام لەم کردەوە دژە مرۆییانە نەیتوانیوە بە چۆکی دابێنێو بەردەوام وەک نەتەوەیەکی زیندوو، نەبەز، کۆڵنەدەرو روو لە گەشەو لەجموجۆڵو خەباتو تێکۆشاندا بووە.

ئەو جارە دەستم برد بۆ پێنووسەکەم تاوەکوو پشوویەکی راحەت هەڵکێشمو ئیتر بە وشەی داخ و حەسرەتو هەناسەدار دەست پێنەکەم، ویستم بۆ رۆڵەیەکی ئەو نیشتمانە وشەکانم ئاوێتەی خونچەی گوڵی بەهار بکەم. رستەکانم پڕ بە هەوارێک بۆنی خۆشیی ئازادی بە سەر بنەماڵەی شەهیدی ئەو ئاوو خاکەدا بڵاو بکەمەوەو زەردەخەنە بخەمە ناو بنەماڵەی دڵ هەڵقرچاوو جەرگ سووتاو. بەڵام بەداخەوە هەر لە یەکەم ساتەکانی ئەو

ژیانە ناخۆشەی بە سەر نەتەوەکەمدا هاتووە، دەستم وا راهاتووە کە بۆ رۆژانی داهاتووی شەهیدێک ئەو رستانە میوانی مێشکی ماندووی، خۆشی لەخۆ نەدیو بێ. چونکی کەسێک ٢٠ساڵ لەتەمەنی زێرینو لاوەتی خۆی ماندوویینەناسانە لە خزمەت بە ئامانجە بەرزەکانی گەلەکەیدا بێو لەو پێناوەدا لە هیچ هەوڵو گیان فیداییەک تەنەخی نەکردبێو سەرئەنجام هەر لەم پێناوەشدا گیانی خۆی بەخت کردبێ، هەر دەبێ ئەو رستانە بۆ رۆژانی داهاتووی ئەو شەهیدانە، میوانی مێشکی ماندووی خۆشی لەخۆ نەدیو بێ.

محەممەد مستەفایی ناسراوە بە حەمە نارستی لە ساڵی ١٣٣٤ لە گوندی "نارست"ی ناوچەی سەردەشت لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش چاوی بە دنیای روون هەڵێنا. لە دایکبوونی حەمەنارستی کەشێکی پڕلە سۆزو خۆشەویستی لە بنەماڵەکەی پێک هێنا. حەمە نارستی کاتێک کە تەمەنی نایە ٧ ساڵی بەداخەوە نەیتوانی بچێتە قوتابخانەو هەر کە دەستی چەپو راستی خۆی ناسی، رووی لە گۆڕەپانی دەستو پەنجە نەرم کردن لە گەڵ ژیانی نەداری کرد، بۆ هەڵسووڕانی باری ژیانی بنەماڵەکەی بوو بە شوانو پاشان بۆ باشتر کردنی بژێوی ماڵەوە بە رێگای قاچاغی هاتووچۆی باشوری کوردستانی دەکرد تاکوو بتوانێ لەم رێگەیەوە ژیانێکی سەربەرزانەو باشتر بۆ بنەماڵەکەی دابین بکا. هەر لە هاتوچۆ کردن بۆ باشووری کوردستان بوو کە توانی تا ڕادەیەک لە گەڵ ئەندامانی حیزب ناسیاوی پەیدا بکاو هەر بە هۆی ئەم پێوەندییانەوە بوو کە هەر لە تەمەنی لاوەتیدا هەست بە زوڵم و زۆری دەرهەق بە نەتەوەکەی بکا. هەر چەند هەراشو گەورەتر دەبوو، قورسایی باری ژیان زیاتر شەکەتی دەکرد، چونکی هەژاریو فەقیری بەرگی نەخوازراوی حەمەنارستی بوو.

بە دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی، حەمەنارستی رێگای رزگاری لەو ژیانە پڕ چەرمەسەرییەو گەیشتن بە ئازادی لە ئامانجو بەرنامەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا دیتەوە، بۆیە لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی چەکی پڕلە شانازی پێشمەرگایەتی حیزبی دێموکڕاتی لە هێزی شەهید موعینی ئەو کات، لەشان کردو بەمجۆرە قوناغێکی نوێ لە ژیانی حەمە نارستی دەستی پێکرد. هەر بە هۆی هەڵسووڕانو تێکۆشانی بەردەوامی حەمەنارستی بوو کە لەماوەیەکی کورتدا بوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانیو وەک پێشمەرگەیەکی روح سووکو ئازاو نەترسو خاوەن بیروباوەڕ لە نێو هاوسەنگەرانیدا ناوبانگی دەرکرد.

ناوبراو بڕوای خۆی بە رێبازی پیرۆزی حیزبەکەی هەر لە یەکەم چالاکی پێشمەرگانەی خۆی لەگەڵ هاوڕێیانی لەناوچەی سەردەشت نیشاندا. بەشداری کردن لەچەند شەڕدا بە هۆی ئازایەتیو لێزانیو لێوەشاوەییو دەستو بردو شارەزایی لە بواری نیزامییدا، بوو بە هۆی ئەوەیکە حەمەنارستی وەک سەردەستەی زەربەت لە هێزی گیارەنگ دیاری بکرێ. نموونەی هەرە بەر چاوی بەرخۆدانو چالاکی حەمەنارستی لە شەڕی دۆڵی کانیە زەردو قاسمەڕەش دەرکەوت کە بە هەق لەو رۆژەدا زۆر ئازاو روو سوور هاتە دەرو لە هەر شوێنێک پێویست بوایە حزووری لەو شوێنە دەبوو، ئەوە تەنیا بەرپرسیارەتیی حەمەنارستی نەبوو بەڵکوو رۆژ بەرۆژ پلەو

بەرپرسیارەتی نیزامیی بەرز دەبۆوە، لە ساڵی ١٣٦٠ تا کاتی شەهید بوونی مەسئولییەتی نیزامیی جۆراوجۆری لە هێزی گیارەنگو زمزیراندا بووە وەک: سەرپەل، سەردەستەی زەربەت، جێگری لک، فەرماندەری لک، جێگری هێز، فەرماندەری هێزی زمزیران، فەرماندەی بەتالوێنی گیارەنگو سەرئەنجام فەرماندەی تیپ لە ناوەندی دووی کوردستان.

بە فەرماندەیی حەمەنارستی دەیان شەڕی قارەمانانە لە ناوچەی سەردەشتو رەبەت بەرێوە چوون، لە مودیرییەتی فەرماندەهی لە شەڕەکاندا رۆڵی باشی دەگێڕاو، دەست بەسەر داگرتنی پایەگای شەڵماش، بووبانە، زێوێ، بێژوێ، شەڕەکانی ئەحمەدبریو، نێوچوان، گرژاڵ، پشتی داوداوێو ئاغەلان، کە هەموویان زەربەی قورس بوون کە لە دوژمن دەکەوتن لەو نموونانە بوون کە بە فەرماندەیی ناوبراو بەرێوە چوون. بە چاوێکی کراوە دیقەتی لە شناسایی دەکردو هەست بە مەسئولییەت کردن سەبارەت بە دیلەکانی شەڕ خسلەتێکی بەرزی دیکەی ناوبراو بوو.

حەمەنارستی لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا چەندین جار بریندار بوو بەڵام هیچ کات کۆڵی نەداو ورەی دانەبەزی هەموو جارێ شێلگیرتر لە جاران لە مەیدانی خەباتدا مایەوە، تەنانەت بە شەهید بوونی عوسمانی ئامۆزای بە ورەیەکی بەرزتر لە پێشوو بە دژی داگیرکەراندا دەچۆوە.


حەمە نارستی بۆ دوژمن چقڵی چاو بوو و هەمیشە ترسی لێی هەبوو، بەڵام بۆ زەحمەتکێشانی ناوچەی سەردەشتو رەبەت نموونەی خۆراگریو گیانبازیو لەبەر دڵان بوو. هەر ئەو خسڵەتانە بوو کە بووە هۆی ناوبانگ دەرکردنیو هەر لەم سۆنگەیەشەوە دوژمن زۆر جار پیلانی بۆ گێڕاو تەنانەت لە ساڵی ١٣٦٧ لە لایەن خۆفرۆشێک نارنجەکی خرایەماڵەوە کە بەختەوەرانە پیلانی دوژمن لە گەڵ شکست رووبەڕوو بۆوە، بەڵام بەداخەوە هەر لەو کردەوە نامرۆڤانەدا هاوسەرەکەی بریندار بوو.

حەمە نارستی خۆشەویستی پێشمەرگەو خەڵک بوو، لە گەڵ پێشمەرگە روو خۆشو دەم بە پێکەنین، لە ئەرکی حیزبی جیدیو بەتواناو لێهاتوو بوو لە نێو کۆمەلانی خەڵکیشدا لەسەرەخۆ و خۆشەویستی هەموو ماڵێک بوو کاتێک رووی لە هەر گوندێک کردبایە بە پێشوازییەوە دەهاتنو بە باوەشێکی گەرمەوە وەریان دەگرتو لە هیچ یارمەتییەک بەو و هاوسەنگەرانی تەنەخیان نەدەکرد. لە ناو بنەماڵەی خۆشیدا قەناعەتی بەو ژیانە سەختە هەبوو، منداڵەکانیشی لە گەڵ هەلومەرجی دژواری شۆڕش بار هێنابوو.

"بە شەهیدیان گوت نیشتمان تەرمی لەرزی هەستاوە پێ، بە سەربەرزی لە ناخی دڵەوە گوتی گیان ....گیان". گەورەیی مرۆڤ نە بەوەیە کوڕی کێیەو لە کوێ گەورە بووە، نە ئەوەی چەندەی خوێندووەو چەندە ژیاوە. گەورەیی مرۆڤ لەوەرا دەر دەکەوێ کە لە پێناو چ ئامانجێکی بەرزی مرۆییدا هەنگاوی هەڵێناوەو لە پێناو چ خەونێکی پیرۆزی ئینسانیدا سەری ناوەتەوە.

دوا نیوەرۆی ٢٢ی جۆزەردان ١٣٧٨ لە کاتیکدا لە سەرەخۆشی هاورێیەکی دەگەڕایەوە بە هۆی چەند بەکریگیراوی سەر بە دەزگای ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بە پێی پیلانێکی لە پێشدا دارێژراو لە نزیک شاری کۆیە رفێندراو تەسلیم بە مۆرەکانی رێژیم کرا، دوو رۆژ دوای ئەو کردەوە نامرۆڤانەیە رۆژی ٢٤ی جۆزەردان تەرمی بێ گیانی ناوبراو لە قەدپاڵی چیای هەیبەت سوڵتان لە نزیک شاری کۆیە دۆزرایەوە. ئەو کارە دزێوو قێزەونەی کۆماری ئیسلامی لەکاتێکدا بوو کە سەرکۆماری ئەو کاتی کۆماری ئیسلامی، دروشمی "کۆمەڵگای شارستانی" بەرز کردبۆوەو لەملاو ئەولا مانۆڕو ویراژی پێوە لێدەداو تەنانەت ژمارەیەک لە وڵاتانی دەرەوەش باوەریان پێ کردبوو. ئەوە لە کاتێک دابوو کە هیچ ئاڵوگۆڕێک لە نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی پێک نەهاتبوو و دەزگای تیرۆرو رەشەکوژی ئەو رێژیمە لە تیرۆری دژبەرانو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆندا بۆ دەقەیەکیش غافڵ نەبوو. هەر لە دەورانی ئەودا بوو کە وەزارەتی ئیتلاعاتی رێژیم بڕیاری کوشتنی سەدان کەس لە ئوپۆزیسیونی ئێرانی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات دابوو و بەشێکی زۆریشیان جێ بەجێ کران. حەمەنارستیش یەکێک لەو کەسانە بوو کە کەوتە بەر شاڵاوی تیرۆری ئەمجارەی کار بەدەستانی کۆماری ئیسلامی.

---




رەسووڵی ئیبراهیمپوور ناسراوبە (فەقێ رەسووڵ)

نەتەوەی کورد، وەک نەتەوەیەکی بن دەستو حەقخوراو بۆ بەربەرەکانی لە مافە رەواکانیو بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لەو ژیانە پڕلە ژانە بەسەریدا سەپێنراوە، لەرووی ناچاریەوە دەست بۆ چەک بەرێو لە بەرامبەر زاڵماندا رابوەستێ، پێش ئەوەی پێ بنێتە گۆڕەپانی خەبات پێویستی بەو مرۆڤە گیان لەسەر دەستانە هەبوو کە هەستو نیستی خۆیان فیدای بەرژەوەندی گشتی دەکەنو لە هیچ تەنگو چەڵەمەیەک ناپرینگێنەوە بۆ ئەوەی

داهاتووی گەلەکەیان روون بکەنەوە ئەو مرۆڤانە ناویان "پێشمەرگە"یە. رۆڵەکانی نەتەوەکەمان بۆ دابین کردنی ژیانێکی شیاوی مرۆڤ بۆ نەتەوە زۆر لێ کراوەکەیان، بەرانبەری هارترین‌و خوێنڕێژترین دووژمنی ئازادیدا بەربەرەکانی دەکەن‌و بێ پشوودان‌و حەسانەوە رێگای خەباتی رەوایان دەپێون. لەو پێوەندیەدا بە هەزاران رۆڵەی ئەمەگناسی ئەو نەتەوە ماف خوازە بوونەتە قوربانی‌و مێژووی خەباتیان بە خوێنی گەشی خۆیان نووسیوەتەوە. یەکێک لەو رۆڵە ئازادیخوازانەی گەلەکەمان کە باشترین ساتەکانی تەمەنی خۆی لە پێناوی وەدی هێنانی ئازادیدا بەخت کردووەو لەگەڵ دوو رێژیمی سەرەرۆی (پاشایەتی‌و کۆماری ئیسلامی) بەربەرەکانی کرد هەر لەو رێگایەشدا سەری بەرزی داناوە، شەهید رەسووڵی ئیبراهیم‌پوور ناسراو بە فەقێ رەسووڵە.

رەسووڵی ئیبراهیم‌پوور ناسراوبە فەقێ رەسووڵ لە ساڵی ١٣١٥ لە گوندی "بێشاسب"ی سەردەشت لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی لەدایک بوو. بەرەبەرە کە گەورە بوو رووی لە قوتابخانەی ئایینی کرد. پاش ماوەیەک بۆ دابینکردنی ژیانی بنەماڵە رووی لەکارو کاسبی کرد. کاتێک خەباتی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ دژی رێژیمی پاشایەتی، بە رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات دەستی پێکرد فەقێ رەسووڵ پێوەندی بە تێکۆشەرانی دێموکراتەوە گرتو بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکراتو لەماوەی ١٨ مانگ خەباتی چەکدارانە، فەقێ رەسووڵ پشتو پەنای رۆڵەکانی دێموکرات بوو زۆر دڵسۆزانە ئەرکەکانی بەرێوە دەبرد، هەر مەئمووریيەتێک کە بۆیان دیاری کردبایە بە گیان‌و دڵ بەرێوەی دەبرد. بەردەوام لە گەڵ خەڵکی باوەڕ پێ کراوەکانی باسی چەوسانەوەی گەلەکەی‌و زوڵم و زۆری رێژیمی پاشایەتی دەکردو رێگای رزگار بوون لەم ژیانە پڕ لە ئازارەی لە گەڵ دێنانە گۆڕێ‌و بێ پسانەوەی بیری لە قۆناغە پڕلە تەنگو چەڵەمەیە دەکردەوە.

لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، دوای تێکەوە پێچانی دامو دەزگاکانی رێژیمی پاشایەتی‌و تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات، فەقێ رەسووڵ بە بێ سێ‌و دوو لێکردن خۆی بە تەشکیلاتی حیزب ناساندو بە لەبەر کردنی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگە لە ریزی تێکۆشەرانی هێزی موعینیدا تێکۆشانی دەست پێکرد. ئەو لە ماوەیکی کەمدا بە کردەوەو سەداقەتو دڵسۆزی راستی‌و پاکی خۆی نیشانی داو دەریخست کە رۆڵەی وەفا داری حیزبەکەیەتی. هەر بۆیە لە لایەن کومیتە شارستانی سەردەشتو هێزەوە بە بەرپرسی بەشی ماڵی هێزی موعینی دیاری کراو سادقانەو لێبراوانە درێژەی بە بەرێوە بردنی ئەرکی پێرۆزیداو پاشان کاری ئاموزشی سیاسی لە نێو پێشمەرگەدا دەکرد. ناوبراو نمونەی ئینسانێکی بەئەخلاقو تێکۆشەر بوو کەسێکی کۆمەڵایەتی‌و حیزب خۆشەویست بوو.

فەقێ رەسووڵ رۆژ لەگەل رۆژ زیاتر ئۆگری ژیانی پێشمەرگایەتی دەبوو. بەردەوام هەوڵی دەدا زۆرتر لە رابردووی خەباتی رەوای گەلەکەی تێ بگاو زیاتر پلەی زانیاری خۆی بەرێتە سەرێ، لە بواری نیزامییدا پێشمەرگەیەکی ئازاو دوژمن بەزێن‌و کورێکی تا بڵێی بە نەزم دیسیپلین بوو. ئەو کردەوانەو زۆر کردەوەی

شۆڕشگێڕانەی دیکە بوونە هۆی ئەوە پلەکانی نیزامیی ببڕێ‌و سەرئەنجام وەک جێگری هێزی شەهید موعینی دیاری کرا.

لە ماوەی پێشمەرگایەتی‌دا رێک‌وپێک‌و بە نەزم ولە خۆبووردوو بوو. لەگەڵ هاوسەنگەرانی روو خۆش‌و بە ئەخلاق بوو خەڵک رێزیان دەگرت و خۆشیان دەویست ئەو لە گەڵ خەڵک هەڵسوکەوتی شۆڕشگێڕانەی هەبوو وەک کەسێکی خۆشناو چاویان لێ‌دەکرد. لە شەڕە حەماسیەکانی مەڵبەندی سەردەشتی سەر سەوز ئازایەتی دەنواند بە دەست پێکردنی شەڕی کوردستان لە زۆربەی مەئموورییەت‌و شەڕەکانی ناوچەی سەردەشتدا بەشداریی کردو وەک فەرماندەیەک رۆڵی سەرەکی لە بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی رێژیمدا بوو تا کاتی شەهیدبوونی لە دەیان مەئموورییەتی حیزبی‌و دەیان شەڕو بەربەرەکانی‌دا بەشداریی کردو لە جادەی سەردەشت پیرانشار ئازایەتی خۆی زیاتر نواند. بەتایبەتی لەشەڕی پردی بریسوێ رۆڵی سەرەکی گێرا بە کردەوە نیشانی‌دا ئیمانی بە حەقانییەتی خەباتەکەی هەیە. هەر بۆیە دڵسۆزانەو هەڵسوڕاوانە بۆ ناساندنی سیاسەتی حیزبەکەی بۆ زەحمەتکێشانی کوردستان تێدەکۆشاو لەم رێبازەدا لە هیچ هەوڵێک دریغی نەدەکردو بۆ روون کردنەوەی زەحمەتکێشان‌و ناساندنی نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی هەوڵی دەدا. کاری سیاسی‌و نیزامیی لێک گرێ دابوو لەهەر شوێنێک بە پێویستی زانیبا دەستی بە تەبلیغاتی حیزبی‌و روون کردنەوەی خەڵکی دەکرد.

بە داخەوە رۆژی ١٢ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٢ لە ناوچەی سەردەشت لە شەڕێکی ناوخۆی شەهید بوو گیانی پێشکەش بە خاکی پاکی نیشتمان کرد.

---




## ڕەسووڵ عەزیزی

لەو کاتەوە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دامەزراوە رۆڵە تێکۆشەرەکانی گەلی کورد بۆ رزگاری لە چنگ زوڵمو زۆرو بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کۆنەپەرەستان خۆیان لە ریزی ئەو حیزبەدا دیتۆتەوەو بۆ خەبات دژی داگیرکەرانی کوردستان قۆڵیان هەڵماڵیوەو گیانی خۆیان بۆ نەتەوەکەیان داناوە بۆ ئەوەی نەتەوەکەیان بە ئازادی بژی. لە نێو ئەو تێکۆشەرە خەباتکارانەدا زۆریان بنەماڵەکانیان لە گەڵ دروستبوونی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بەردەوام لە خەباتو تێکۆشانی سیاسیدا بوون، لە کوێرەوەرییەکان، هەورازو نیشێوەکان، خۆشیو ناخۆشییەکانی ئەم خەباتە شانبەشانی هاتوون، رەسووڵ عەزیزی لەو بنەماڵانەیە کە لە کۆماری کوردستانەوە شانازی چەکی دیفاع لە خاکو نیشتمانیان پێبڕاوەو وەک بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر لە هەموو قۆناغەکانی خەبات ساتێک نەوەستان، لەیادی فەرماندەرانی شەهیدی ئەمجارە رێز لە فیداکاریو خۆڕاگری ئەو نەمرە دەگرین.

رەسووڵ عەزیزی ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی زحمەتکێشو نیشتمانپەروەری گوندی بێورانی ناوچەی سەردەشت چاوی بە دنیای روون کردەوە، ژیانی منداڵی رەسووڵ وەک هەموو منداڵانی ئەو ناوچەیە تێکەڵاوێک دەبێ لە خۆشیو ناخۆشییەکانی ژیانو ناتوانێ بچێتە قوتابخانە.

لەساڵەکانی منداڵییەوە وەک زۆربەی منداڵانی ئەو دەڤەرە لە گەل یادی پێشەوا قازیو کۆماری کوردستان ئاشنا بوون چونکە باوکی شۆڕشگێری پێشمەرگەی کۆماری کوردستانو خەباتی پڕشکۆی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ بوو، وەفاداری خۆی بە رێبازی کۆمارو حیزبی دێموکڕات نیشان دەداو دەیپارێزێتەوە.

ساڵی١٣٥٧ لە خۆپێشاندانەکانی شاری سەردەشت بەشداری کرد. رەسووڵ برایەکی بەناوی حەمەعەزیز پێشمەرگە بوو بەڵام کاتێک ئاخوندەکان دەستیان بەسەر چارەنووسی گەلانی ئێران داگرتو وەیشوومەیان خستە

وڵاتو بە تایبەتی یەکەم تیری نەگبەتی خۆیانو رێژیمەکەیان هاویشتە کوردستان، لێی رانەوەستاو لە دوژمن هەستاوەو هات بوو بە پێشمەرگەو لە هێزی شەهید موعینی ئەو کات سازمان دراو وێڕای براکەی دیفاعیان لە گەلەکەیان دەکرد. ئازایەتی ئەو دوو برا پێشمەرگەیە بوو بە وێردی سەر زمانی هاوسەنگەرانیان. لەساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی حەمەعەزیزی برای، فەرماندەی دەستەی کاوە مارەغانی بە داخەوە لە شەڕێکی قارەمانانەدا شەهید بوو. دیتنی شەهیدبوونی براکەی لەو عەمەلیاتەدا بوو بە یەکێک لە تاڵترینو ناخۆشترین دیمەنەکانی ژیانی بەڵام هیچ لە ورەو ئازایەتیی کەم نەکردەوە.

شەهید بوونی براکەی ئەوی سوورتر کرد لە سەر رێبازی براکەیو هەموو شەهیدانی سوورخەڵاتی گەل، ئیمانو بڕوای بە رێبازی دێموکڕات وای کرد کە دوای ئەو رووداوە سەرەرای گەورەی، ببێتە سەرەتای وەرچەرخانێکی گەورە لە ژیانی پێشمەرگایەتی ناوبراودا، ببوو بە پێشمەرگەیەکی ئازو فیداکارو بوێر لە مەیدانی خەباتو بەرخۆداندا.


رەسووڵ لە چەندین عەمەلیاتی شۆڕشگێڕانەو ئازایانەی ناوچەی سەردەشت بەشداری کرد ئازایەتی ناوبراو بوو بە هۆی ئەوە لە ساڵی ١٣٦٦ وەک سەرپەل دیاری بکرێو ساڵی ١٣٦٧ بەرپرسایەتی جێگری لکی پێ ئەسپێردراو سەرئەنجام لە ساڵی ١٣٦٩ وەک فەرماندەری لک دیاری دەکرێ. ئەو رۆڵە تێکۆشەرەی نەتەوەکەمان بوو بە نموونەی فەرماندەیەکی لێهاتوو، بەتوانا کە ئیمانێکی قووڵی بە رزگاری گەلەکەی بوو لە هەموو مەئمووریەتێکی ناوچەی سەردەشتدا بەشداری چالاکانەی دەکرد لە مودیریەتدا تواناکانی خۆی رۆژبەرۆژ زیاتر دەردەخست، خوێندنو فێربوونو نووسینی زمانی کوردی لە تایبەتمەندیە هەرە بەرزەکانی ناوبراو بوو.

رەسووڵ لە شەڕەکانی ئالانی سەردەشت، چیای نۆڕێ، چیای زەنگەدۆڵ، شەڕەکانی ناوشاری سەردەشت، عەمەلیاتەکانی سەر جادەی سەردەشت پیرانشار، هەروەها لەدەست بەسەر داگرتنی پایەگای زێوەو گرتنی پایەگای شەڵماش وەک بەڵگەیەکی زیندوو لە دەفتەری بیرەوەریی ئەو قارەمانە شۆڕشگێڕەدا بە زیندوویی ماوەتەوە کە فەرماندەری هێرش بۆ سەر ئەو پایەگایە بووە کە دەستی بە سەر داگیرا. قارەمانەتی رەسووڵ ئەوەندە بەرچاو بوو کە هەمیشە لەسەنگەری پێشەوە شەڕی دەکرد پێشمەرگەکانی رێنوێنیو فەرماندەهی دەکرد، ئەو زۆر تایبەتمەندی دیکەی هەبوو. لەگەڵ هاوسەنگەرانی رووخۆش بە حەوسەلە، فەرماندەیەکی بە ئەخلاق، لە بەرامبەر دوژمندا جەسوورو خۆڕاگر بوو. رێزی لە کۆمەڵانی خەڵک دەگرتو زۆر جار دەیگوت "ژیانی ئێمە، ماندوویی ئێمە، فیداکاری ئیمە، مردنی ئێمە بۆ ژیانی خەڵکە، بۆ رزگاری وڵاتو نەتەوە ژێر دەستەکەمانە"

شەوی ١١ی خەرمانانی ساڵی١٣٧٠ پێشمەرگەکانی هێزی گیارەنگ لە شوێنێک بە ناوی "دووپەزە" دەکەونە کەمینو پاش شەڕێکی ئازایانەو تێکشکاندنی کەمینی دوژمن بە داخەوە رەسووڵی عەزیزی لە گەڵ هاوسەنگەرێکی بەناوی رەئوف ئیبراهیمزادە کەوتە بەر گوللەی دوژمنو گیانیان پێشکەش بە خاکی نیشتمان کرد.

رەسووڵ شەهید بوو، بنەماڵەی ناوبراو لەدرووستبوونی حیزبی دێموکراتەوە شان بەشانی حیزبەکەیان تێکۆشانیان بوە لە هەموو ژیانیاندا لە هەموو قۆناغەکانی خەباتدا تێکۆشانیان بووە بەو حاڵەش لەخەبات نەوەستاون. کاتێک رەسووڵ عەزیزی دووهەمین کوڕی ئەو بنەماڵەیە شەهید دەبێو هاوسەنگەرانی دەیانویست شەهیدبوونی بە باوکی بلێن لەکاتێکدا بێ دەنگی باڵی بە سەر ماڵەکەدا کێشابوو بە باوکی شەهیدیان گوت" ئەو شەو پێشمەرگەکان لە دووپەزە کەوتوونە کەمینو رەسووڵ برینداره، ئەو لە وڵامدا گوتی" جەنازەکەی بەجێماوە یان هێناوتانەوە؟" لەحاڵێکدا مامەعزیز باوکی دوو شەهید جارێکی دیکە جەرگی هەڵقرچابوو دڵخۆشێ پێشمەرگەکانی دەداوە گوتی" ئێوە هەموو کوڕی منن، ئەوەی لەدەستان دێ ئەوەیە کە رێگای بەرنەدەنو درێژەی پێ بدەن."

---




**فەقێ رسووڵ میرانیان ناسراو بە(پیرەباب)**

ئەم جۆرە مرۆڤانە کەمن، ئەوانەی ئاگاهانە پێ دەنێنە گۆڕەپانی خەبات بەدژی زۆڵمو ستەم و چەوسانەوەو ئامادەن گیانی خۆیان لەو رێگایەدا بکەنە قوربانی، ئەوان لەو ئینسانە هەڵکەوتوانەن. ئەوان لەو کەسانەن کە تەنیا لە هەوێنی موحیبەتو عاتیفەو سەداقەتو پاکی درووست بوون، بۆیە کە دێنە مەیدانی خەبات بۆیان گرینگ نیە چیان بەسەر دێ. تەنیا دڵیان بەوە خۆشە کە لەو رێگایەدا چ بژینو چ بمرن رووسوورو سەربەرزو لەخۆبووردوو وقارەمانی نەتەوە بن. یەکێک لەو رۆڵە سەربەرزانە کە لە یادو ناوی رێز دەگرین شەهید فەقێ رەسووڵ میرانیان ناسراو بە پیرەباب لە ناوچەی سەردەشت.

فەقێ ڕسووڵ میرانیـان ناسـراو بە "پیرەبـاب" سـاڵی١٣٠٠ی هەتـاوی لەئـاوایی "نێوچـوان" لە نـاوچەی سوێسنایەتی سەردەشت لە ئامێزی بنەماڵەیەکی وەرزێرو جوتیـاردا لە دایک بـووە. فەقێ رەسووڵ وەک زۆربەی منداڵانی گوند لە نێو باخو باخاتو ڕەزو لێرەوارەکاندا وێڕای منداڵانی دیکە گەورە بووەو دواتر لە بەرنەبوونی قوتابخـانە لە گونـدەکەیان نێـردراوەتە حـوجرەی فەقێیـانو لە حـوجرە فێـری خوێنـدنو نووسـینو زانسـتە ئایینییەکان بـووە. هەر لە کـاتی خوێنـدنی زانستە ئایینییەکـاندا لە لایەن مامۆستاکانو ئەوانەی لە خۆی بە تەمەنتر بوون فێری وانەی کوردایەتی بووەو دواتر لە ڕێگای شەهید مەلا ئـاوارەوە ئاشـنایەتی لەگەڵ شۆڕش و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پەیدا دەکاو دەبێتە ئەندامی حیزب.

فەقێ رەسووڵ بە هـۆی گوشـاری ڕێژیمـی پاشـایەتی بـۆ سـەر حوجرەکـان لـە سـاڵی ١٣٤٥ی هـەتاوی ڕێگـای باشووری کوردستان دەگرێتە بەرو دەبێتە پێشمەرگەی چەک لە شانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. هەر ئەو کاتەی دەبێتە پێشمەرگە ناوی نەهێنی پیرەباب بۆ فەقێ ڕەسووڵ دیاری دەکەنو لەو کاتەوە هەموو کەس فەقێ ڕەسووڵی میرانیـان بە "پیرەبـاب" دەناسێو ئەو نـاوە دەبێـتە نـاوێکی ئاشـناو جێگـای بـاوەڕی خەڵکی نـاوچەی سەردەشت.

پیرەبـاب لە شۆڕشو ڕاپەڕینـی چەکداری سـاڵەکانی١٣٤٦ و ١٣٤٧ی هەتـاوی لەگەڵ شەهیدان مەلا ئـاوارەو قادر شەریفو کۆمەڵێک لە کادرەکانی حیزبی دێتەوە ناوچەو بە هۆی شـارەزایی لە نـاوچەکەدا تیمەکـانی هێـزی پێشمەرگە هەڵدەسووڕێنێ.

لە شـەڕی بەنـاوبـانگی سەرشیودا لەگەڵ شـەهید قـادر شـەریفـو هاوسـەنگەرانی دیکـەی زەبرێکـی قـورس لە پەیکەری لەرزۆکی ژاندارمەو جاشو ساواکییەکانی شا دەدەن. پیرەبـاب لەم شـەڕەدا ڕۆڵـی سـەرەکی گێـراو هەر بۆیە دوای ئەم شەڕە یەکێک لەو شوێنانەی کە ناوبراو قارەمانەتی لێ بەڕێوە بردبوو، ئێستاش بە نـاوی شـاخی پیرەباب ناودێر کراوە. پیرەباب لە هەموو ئەو جەولانەی کە لە ساڵانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧دا لە ئارا دابوون بەشـدار بووەو نەخشی کاریگەری هەبووە. دوای ئەو قۆنـاخە وەک زۆربەی کادرو فەرماندەکانی دیکەی حیـزب لە باشـووری کوردستان دەمێنێتەوەو وێڕای بەخێوکردنی ماڵو منداڵی ئەرکی پێشمەرگایەتیشی بەڕێوە برد.

بەدەسـت پێکردنـی ڕاپـەڕینی گـەلانی ئێـران پیرەبـاب لەگەڵ کـادرو پێشـمەرگەکانی دیـکەدا دەگەڕێـتەوە نێوخۆی وڵاتو لە یەکەم سازماندەییو ڕێکخستنی هێزەکانی پێشمەرگەدا پیرەباب لە هێزی شەهید موعینی وەک فەرمانـدەری لکی یەکی شەهید مەحموود زەنگەنە دیـاری دەکرێ. بـەهۆی لێهـاتوویی و ئـازایەتیو لێوەشـاوەیی پیرەبـاب لکی یەک دەبێتە یەکێک لەو لکـانەی کە لە هەمـوو شەڕەکانی نـاوچەدا بەشدار دەبنو لێوەشـاوەییو چالاکی ئەو ڕۆڵە بە بیروباوەڕەی دێموکڕات زۆر زوو دەرکـەوت بـە جۆرێک، کە لـە ماوەیـەکی کـورتدا بەشـداری بەربـەرەکانییـەکانی دژ بـە هێزەکـانی ڕێژیمـی کـردو بـە حـەق حەماسـەو قارەمانـەتی لـە دەفتـەری بیـرەوەری

پێشمەرگەی کوردستاندا تۆمار کرد. شوێنە جۆراوجۆرەکانی ناوچەی سەردەشت شاهیدی حەماسە خوڵقاندنی ئەو شێرە کوڕەی دێموکراتن. بە تایبەت لە گرتنی مۆڵگەکانی گوندی باغیو قوڵتێدا ڕۆڵێکی گرینگی لەو سەرکەوتنەدا گێرا. پیرەباب لە شەڕەکانی نێو شاری سەردەشت و ڕێگاکانی سەردەشت - بانە، سەردەشت ڕەبەت، سەردەشت پیرانشارو گوندەکانی ئەو ناوچەیەدا زۆر بوێرانە بەشداری کرد. لە هەموو مەئمورییەتەکاندا بێ سێو دووکردن ئامادە بوو ئەرکە پێ سپێردراوەکانی بەوپەڕی شارەزاییەوە ڕادەپەراند.

هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لەمەڵبەندی سەردەشت بە هۆی ئەو زبرانەی لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە لێی کەوتبوو بە تەواوی لە هاتووچۆ خۆی دەپاراستو لە ڕیگای هێلیکۆپتێرەوە ئازوقەو تداروکاتی خۆی دەگەیاندە هێزەکانی خۆی. هێزەکانی دوژمن بۆ ئەوەی جادەی سەردەشت پیرانشار بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی هێزێکی زۆرو پۆشتەوپەرداخ کۆ دەکاتەوەو هێرش بۆ گوندەکانی شینوێ، وشترمل، گۆرانگان، توژەڵ، گەڵوو، زێوە، کاژێ، هەڵوێ، بێشاسپ، بناوێ، شیوەسەڵو گوندەکانی ئەو ناوچەیە دەست پێدەکا. هێرشی دوژمن بە ڕادەیەک بەربڵاو دەبێ کە هێزی پێشمەرگە بۆ پێشگیری لە هاتنە پێشی زیاتری دوژمن بە سەر چەندین دەستەو پەلو تیمدا دابەش دەبنو هەروەها هێزی بەرگری خەڵکیش وێرای کادرو پێشمەرگەکان بۆ بەرگری بەشداری دەکەن. پەلاماری دوژمن چەند ڕۆژ درێژەی دەکێشێو دوژمن لە هەموو هێرشەکانیدا لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە بەرپرچی دەدرێتەوەو تێک دەشکێندرێو لەو شەڕە حەماسیەدا بە دەیانو زیاتر لە سەد کوژراو لە هێزەکانی دوژمن لە بەرەکانی شەڕدا بەجێ دەمێنن. لە ماوەی شەڕی چەند ڕۆژەی نێوان هێزی دوژمنو هێزی پێشمەرگەدا، لەڕۆژی ٨ی خەزەڵوەری ساڵی١٣٦١ی هەتاویدا دوای بەرگرییەکی چەند ڕۆژەو سەخت لە شوێنێک بە ناوی چەکۆ لە پشت ماڵی "بێشاسب" لە ناوچەی سەردەشت بەداخێکی گرانەوە گوللەی دوژمن میشکی پاکو پڕ لە ئاواتو ئارەزووی پیرەبابی پێکاو شەهید دەبێو بەخوێنی پاکی خۆی چرای سەرفرازی گەلەکەی ڕووناکتر دەکا. لە نێو خەم و پەژارەی کادرو پێشمەرگەو خەڵکی گوندەکانی ناوچەو گوندی نێوچوان لە زێدی لە دایکبوونی خۆی بە خاک دەسپێردرێ.

---




**حەمەدەمین سولیمانپوورناسراو بە (حەمەدەمینی مەلا عەزیزی)**

وڵامدانەوەی سەرەتاییترین داخوازەکانی هەر گەلێک بە هەڕەشەو ئاورو ئاسن بدرێتەوە. یان زوڵمو رەشەکوژیو سەرکوت جیگای ئازادی دەگرێتەوە، ئەو نەتەوەیە ناچار دەبێ بۆ دیفاع لە مافو ئازادیەکانی دەست بۆ چەک بەرێو بۆ وەدەست هێنانو پاراستنی ئازادی چەک لەشان بێ. هەربۆیە گەلی کوردیش لە رۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە ٧ دەیەیە حیزبی خۆی دامەزراندو بۆ وەدیهێنانی مافی رەوای نزیک بە ٤٠ ساڵە لەبەرامبەر درەندەترین دوژمنی ئازادیدا چەکی دەست داوەتێو شێلگیرانە دەرێژە بە خەبات دەداو لە پێشکەشکردنی گیانی باشترین رۆڵەکانیدا بەرچاو تەنگ نەبوە یەکێک لەو رۆڵە تێکۆشەرانە کە یادو بیرەوەری ریز دەگرین شەهید محەممەد ئەمین سولیمانپوور ناسراو بە "حەمەدەمینی مەلاعەزیز" لە ناوچەی سەردەشت.

حەمەدەمین سولیمان پوور ناسراو بە حەمەدەمینی مەلا عەزیزی لە گوندی بێورانی خوارێ لە بنەماڵەیەکی ئایینیو شوڕشگێڕدا چاوە گەشەکانی بە دنیای پڕ لە کوێرەوەری کردەوەو بەرە بەرە کە گەورە بوو بە داخەوە بە هۆی هەژارىو دەست کورتی بنەماڵەکەی وەک زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی چەوساوەی ئەو کاتی کوردستان لە چوون بۆ قوتابخانە بێبەش مایەوە. بەلام وێڕای نەخوێندەواری مرۆڤێکی زیرەکو تێگەیشتوو بوو زۆر زوو هەستی بە چەوسانەوەی گەلەکەی کرد.

لەکاتێکدا کە تەمەنی گەیشتە ١٨ ساڵی لە لایەن رێژیمی پەهلەوی ناوی هاتەوە کە بچێتە ئیجباری (سەربازی)، بەلام ئامادە نەبوو خزمەت بە داگیرکەرانی کوردستان بکات هەر بۆیە بەرەو کوردستانی عێراق کەوتە رێو رێگای کوردستانی ژێر دەستی بەعسی گرتە بەرو چوە گوندی "هێرۆ" لە نزیک شاری قەڵادزێو دەستی بە کاروکاسبی کرد.

پاش ماوەیەک مانەوە لە باشووری کوردستان، پێوەندی بە ڕێکخراوی یەکیەتی نیشتمانی کوردستانەوە دەکاتو دەبێتە پێشمەرگە بۆ بەرگری لە مانو مەوجوودیەتی گەلەکەی. بە هۆی ئازایەتیو لێوەشاوەیی جێگای خۆی لە ناو پێشمەرگەکانی یەکیەتیدا دەکاتەوەو دەبێتە ئەمیر کەرتی یەکێک لە بنکەکانو زۆر چالاکانە بەشداری لە شەڕەکانی ناوچەکانی پشدەرو بێتوێندا دەکات.

دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی گەلانی ئێرانو گۆڕکرانی ڕێژیمی دژی گەلی حەمەڕەزاشا، حەمەدەمین یەکێک دەبێت لەو تێکۆشەرانەی کە دوای ساڵانێکی زۆر دووری لە خۆشەویستی بنەماڵەی وێڕای هاوڕێکانیتری دەگەڕێتەوەو بەشداری دەکات لە پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو، لە گوندی بێوران بنکەیەکی حیزبی دەکاتەوەو لاوان پۆل پۆل ڕوویان دەکردە بنکەکەو دەبوونە پێشمەرگە، کە لە دواییدا بە دەستەی زەربەت دیاری کراو لە هێزی ١١ی موعینی ئەوکاتدا سازمان درا.

حەمەدەمین لە ماوەیەکی زۆر کورتدا جێگای خۆی لە ناو دڵی هاوسەنگەرانیو خەڵکی ناوچەی سەردەشتدا کردەوە. ئەو بە لێهاتوویی وێڕای هاوسەنگەرانی بەشداری لە زۆربەی شەڕەکانی کوردستانداو زۆر شەڕی گەورەی وەک شەڕەکانی نەغەدە، بێهەنگوین، ڕێگای بانە سەردەشت، پیرانشار سەردەشت، شنۆ، شومالی کوردستانو زۆر شوێنیتر کردوە. کەم شەڕ هەبوون کە قارەمانەکانی دەستەی زەربەت بە فەرماندەهی حەمەدەمین زەربەی لە دوژمن نەوەشاند بێ.

حەمەدەمین تێکۆشەرێکی نەبەزو چاونەترس بوو، لەکۆڕو کۆبوونەوەکاندا بە سەراحەت بیرو بۆچوون خۆی دەردەبری. سەرەڕۆییو زوڵمی لە کەس قەبووڵ نەدەکردو، وەفادار بوو بە ڕێبازی کۆماری کوردستان. ئەو بە ئاگاهیو تێگەیشتووییەوە ڕێگای پیرۆزی حیزبی هەڵبژارد بوو هەتا لەستەمو زۆرداری ڕزگاری بێو مافی گەلی کورد وەدەست بێنێ، هەر بۆیە حەمەدەمینی مەلاعەزیز لە ڕەفتار لەگەڵ خەڵکدا زۆر ورد بوو. هەر چەند نەخوێندەوار بوو بەڵام بە زمانی ساکارو بە دڵێکی پاکو هەستێکی شۆڕشگێڕانە هەوڵی دەدا خەڵک پتر ڕێنوێنی بکاو ڕێگای خەباتو بەربەرەکانی بۆ وەدەست هێنانی ئازادی ومافەکانیان دەست نیشان بکاو بە خەباتی یەکگرتووانە دژی ڕێژیمی کۆنەپەرستو تازە بەدەسەلات گەیشتوو ڕاپەڕن.

حەمەدەمین ملا عەزیز فەرماندەرێکی ئازاو دڵسۆز بوو لە شەڕدا نەترسو بە ورە بوو پێشمەرگەیەکی سادقو دڵسۆزو بە بیرو باوەر بوو هەر ئەو تایبەتمەندیانە ئەویان لە نێو هاوسەنگەرانیدا زۆر خۆشەویست کردبوو وەک پێشمەرگەیەکی بە جەرگ سەیریان دەکردو ڕێزیان بۆ دادەنا.

دوژمنی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێران هێرشی خۆی بۆ سەر ناوچە دەست پێکرد بوو، هەر بۆیە زۆرجاران لە لایەن دۆستانو ئەندامانی حیزب لە ناو شاری سەردەشت هەواڵ دەهات کە ڕێژیمی دژی گەلی ئاخوندی نیازی هەیەو هێرش دەکات بۆ گرتنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە لە ناوچەی بێورانو

دەورووبەری، هەرچەند زۆرجار ڕێژیم بۆ گرتنەوەی ئەم ناوچەیە هێرشی کردو بەختی خۆی تاقی کردەوە بەڵام هەموو جارێک بە ئازایەتی فەرماندەهی حەمەدەمینی مەلاعەزیز فەرماندەی دەستەی زەربەتو پێشمەرگەکانی دیکە تێک دەشکاو بە تێکشکاوی‌و بە کوژراو بریندارێکی زۆرەوە بەرەو مۆڵگەکانیان دەناردنەوە.

حەمەدەمین مەلاعەزیز زۆرجار لە ناو کۆڕی هاوڕێیانی‌دا دەیگووت:" مەگەر دوژمن بە سەر لاشەمدا بڕوات ئەگینا ناتوانێت ئەم ناوچەیە بگرێتەوەو ئامادەم لە سەر پاراستنی ئەم ناوچەیەو خاکی کوردستان گیانی خۆم فیدا بکەم." دوژمن زۆرجار هێرشی کردە سەر ئەم ناوچەیە، بەڵام سەرنەکەوت.

حەمەدەمینی سولیمانپوور سەرئەنجام لە شەوی ٢٨ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی‌دا ڕێژیم بە هۆی کەڵک وەرگرتن لەخۆفرۆشان لەکاتی نیوەشەودا هێرشێکی بەربڵاوی بە بەشداری هەزاران کەس‌و لە ژێر ئاگری توونـدی توپخانەو هێلیکۆپتێردا هێرشی خۆی بۆ سەر گوندەکانی بێوران، قەڵەڕەشێ، زووران، کونەمشکێ‌و هەروەها بەرزاییەکانی بوڵفەتو شاخەخوارە، گردی ئاغایان، تۆپە سوتاوێ لە پشتی نێشکۆڵان‌و مەلازادان دەست پێکردو لە کاتژمێر چواری بەرەبەیانی ئەو ڕۆژدا شەڕێکی توونـد لە نێوان پارێزەرانی کوردستان‌و هێزی ڕێژیم دەستی پێکرد. لەگەڵ خۆرهەڵاتو ڕووناکی بەیانی دوژمن لە ڕێگای جادەی سەردەشت، بێورانەوە بە هێزێکی زۆرترەوە هاتە مەیدانی شەڕەکەو زۆر بە خەستی سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەو مووچەو مەزراو ماڵی خەڵکی تۆپو خومپارەو کاتیۆشا باران دەکرد.

لەو شەڕە قورسەدا زیاتر لە دە دەزگا ماشێن، دوو بولدزێرو سێ موتورسیکلێت بە دەستی قارەمانەکانی دەستەی زەربەتو پێشمەرگەکانی سوتێندران‌و ژمارەیەکی زۆر لە کوژراوانی داگیرکەران لە مەیدانی شەڕەکە کەوتبوون‌و زەبرێکی قورس وەپەیکەری لەرزۆکی دوژمن کەوت. بەڵام بەداخێکی گرانەوە لەو شەڕە سەختو نابەرامبەرەدا، ڕۆڵەی قارەمان‌و تێکۆشەری مەیدانی خەباتو خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان‌و فەرماندەی بەوەج حەمەدەمین مەلاعەزیزی بە پریشکی تۆپ زۆر بە سەختی بریندار دەبێ‌و دوای خوێن لەبەر ڕۆیشتنێکی زۆرو پاش چەند کاتژمێر بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ، شەهید دەبێ‌و ماڵئاوایی لە هاوڕێ‌و هاوسەنگەرانی‌و خەڵکی ناوچەو بنەماڵە شۆڕشگێڕەکەی دەکاتو بە شەهید بوونی خەمو پەژارەیەکی زۆر دەخاتە دڵی گشت لایەکەوەو ڕێگای خەباتو سەنگەری بەرگری لە خاکی کوردستان‌و درێژەدانی ڕێگای خەبات بە هاوڕێیانی دەسپێرێ.

شەهید حەمەدەمین هەروەک گووتبووی بە گیان بەرگری لە خاکی کوردستان‌و ئەم دەڤەرە پێشمەرگە پەروەردە کردو وەفادار بوو بە قسەو وتەی خۆی‌و بەڵێنی خۆی بردە سەر، خوێنی پاکی خۆی کردە دیاری بۆ نیشتمان‌و لە ڕێگای پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش‌و گەلەکەی‌دا بە سەخاوەتەوە گیانی خۆی پێشکەش کرد.




**ڕەحیم عەلیپوور**

شۆڕشگێڕان کەسانێکن کە زۆربەیان هەر لەتەمەنی لاویەوە ڕێی خەباتێکی پڕ مەترسییان بۆ ڕزگاری گەلەکەیان گرتۆتە بەرو لە پێناو گەیشتن بە ئاواتەکانی میللەتێکدا کوێرەوەریی زۆریان دیوەو بەسەر بازگە پڕ مەترسییەکانی ژیاندا تێپەڕیون. ئەوانە کە خۆیان لەنێو ڕەوتی ئەو خەباتە پڕ فیداکارییەدا دەبیننەوە بە ڕەگو پێستەوە هەستیان بە مەترسییەکانی کردوە، ئازایانە دێنە مەیدان بۆیە دەبێ بە هەموو تواناو وزەی خۆمان بۆ گەیاندنی دەنگی پێشمەرگەو خەباتو تێکۆشانی ئەو نەمرانە بە نەسلی نوێو دوارۆژی نەتەوەکەی تەرخان بکەین. شەهید ڕەحیمی عەلیپوور یەکێک لەو قارەمانانەیە کە لە بەرنامەی فەرماندەراندا یادی دەکەینەوە.

لە کاتێکدا زیندانەکانی ڕێژیمی پاشایەتی ئاخندرا بوون لە ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتو، لە ساڵی ١٣٣٨دا پۆل پۆل ڕەوانەی بەندیخانە دەکران ڕەحیم عەلیپوور لە هەلومەرجێکی ئەوتۆ لە گوندی "کاژێ" سەر بە شارستانی سەردەشت لە بنەماڵەیەکی ئایینی بزەی خستە سەر لێوی بنەماڵەیو چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە، وەک هەموو منداڵانی ئاوایی بەرە بەرە لە کوچەو کۆڵانو مووچەکانی ئەو دەڤەرە گەورە بوو دواتر لە تەمەنی ٧ ساڵی ڕەوانی قوتابخانە کراو تا پۆلی ٥ی سەرەتایی لە ئاوایی "کاژێ" دەرسی خوێند پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن ڕەوانەی شاری سەردەشت کرا. بەڵام بەرەبەرە خۆپێشاندان دژی ڕێژیمی پاشایەتی دەستی پێکرد. ناوبراو لە درێژەی ژیانیدا چەرمەسەریو تاڵیو سوێری ژیانی دیتبوو ڕزگاری لە چنگ بێبەشیو هەژاری ببوو بە ئاواتێکی بەرزی. هەربۆیە لە خۆپێشاندانەکاندا بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی کە بە هۆی سەرەکی چارەڕەشی گەلی کوردی دەزانی، شانبەشانی باقی خەڵکی شاری سەردەشت بەشداریی کردو خەڵکی بۆ ڕێپێوانەکان هان دەدا. پاش ڕووخانی ڕێژیمی شاو هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیو زەوت کردنی دەسکەوتەکانی شۆڕش

لە لایەن ئەو رێـژیمەوە، لەدەسپێکی تیکۆشـانی ئاشکرای حیـزب لە سەردەشت هاتـە نێـو ریـزی پێشمەرگەکانی حیزبەوە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ رێژیمی کۆنەپەرستی ئاخوندیو دیفاع لە مافو ئازادییەکانی گەلی کورد.

رەحیم عەلیپوور هەر زوو توانی جێگای خۆی لـە نێـو دڵـی هاوسەنگەرانیدا بکاتـەوەو وەک پێشـمەرگەیەکی ئازاو قارەمان لە شەڕەکانی ناوچەی سەردەشتدا بەشداری چالاکانەی کرد. بە تایبەتی لە شەڕەکانی نێـو پشتی ئـاغەڵانو سەرشـیودا نیشـانیدا رۆڵەیـەکی قارەمـانی رێگـای ئامانجـە نەتەوایەتیـەکانی گەلەکەیـەتی. هـەر مەئمووریەتێکی پێیـان دەسپارد بـە بـێ راوەستان بـەڕێوەی دەبـرد. هـەموو ژیـانی خـۆی بـۆ خزمەت بـە حیـزبو گەلەکەی تەرخان کرد. ئەو کوڕی رۆژانی تەنگانـەی حیـزب بـوو بەرامبـەر بـە حیـزبو رێبازەکەی رۆڵەیـەکی بـە ئەمەگو وەفادار بوو قەت لە بیروباوەڕیدا ناهومێدیو لەرزۆک بوون بەدی نەکرا.

ئازایەتی رەحیم بوو بەهۆی ئەوە کە سەرتـا وەک سـەرپەل دیـاری بکـرێو دواتـریش وەک فەرمانـدەری دەسـتە کاری پێ بسپێردرێ، کوڕێکی ئازاو لەخۆبووردوو بوو هیچ کات لە بەرانبەر دوژمن دا نەبـەزی، دوژمـن لـە نـاوی تۆقابوو، لەگەڵ هاوسەنگەرانی لە سەرەخۆو هاوسەنگەرێکی بەئەمەگ بوو. ئەو بە لـێهاتوویـیو لـێوەشاوەییـیەوە ئەرکـە پیرۆزەکـانی بـە رێـکوپێکی بـەڕێوە دەبـردو بڕیارەکـانی حیزبـی جێبـەجێ دەکـرد، سـەرئەنجام وەک فەرماندەری لک دیاری کرا. رەحیم ئەو مەسئوولییەتەی بـەو پـەڕی عەلاقـەوە وەرگـرتو سەلماندی کە توانـایی بەڕێوەبردنی ئەم مەسئوولییەتەی هەیەو زۆر عەمەلیاتی قارەمانانـە وەک شـەڕی قاسمەڕەش، دۆڵـی کـانیزەرد، بنــوخەڵەف، پشــتی ئــاغەڵان، سەرشــیوو بنــاوێ نمــوونەیەکن لە قارەمــانەتی نــاوبراو کە لە دەفــتەری بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەدا تۆمار کراوە.

رەحیم لە بواری سیاسیشدا کادرێکی ئاگاو بە ئەزموون بوو. جگە لەوانە ئەو ئینسانێکی بە حەوسەلەو قسە خۆش بوو. هەڵمەتی دوژمن شکێنی نیشانیدا شیاوی پلەو بەرپرسایەتییە، ئەو لەکاری فەرماندەییدا ڕۆڵەیـەکی کارلێهاتووو ئازاو بە بەرنامە بوو. بە چەشنێک کە قارەمانیەتیو نەترسی ناوبراو لە ناوچەی سەردەشت دەنگی دایەوە. هەربۆیە توانیبووی جێگای خۆی لە نێو دڵی هەموو پێشمەرگەکانو خەڵکی ناوچەدا بکاتەوە.

رەحیم بۆ ئەوەی نیشان بدات کە شیاوی ئەم پلەیە، پتر کاری دەکردو زیاتر لە ئەندازە خۆی ماندوو دەکرد. هەست بە مەسئولییەتو تێکۆشان بۆ فێربـوونو هـەوڵدان بـۆ خـەبات دژی رێژیمـی ئـاخونـدی تـایبەتمەنـدی هـەرە بەرچاوی رەحیم عەلیپوور بوون. بە هۆی سەرکەوتنی لەو ئەرکە قورسەیدا گۆی سەرکەوتنی لە ئـاستێکی بەرزدا لە مەیدان بردە دەرێو لە زۆر شەڕی حەماسیدا بەشداری کرد. بەهۆی پلانو گەلاڵە رێکوپێکەکانی، زۆر زەبری گورچکبـڕ لەهێـزە سەرکوتکەرەکانی رێـژیم کەوتـن. لە زۆر مەئمـووریەتی حیزبـیدا بەشـداری چالاکـانەی کـردو گەلێک داستانی حەماسیو پڕلە قارەمانەتی بۆ مێژووی گەلەکەمان تۆمار کرد.

بەداخەوە، بە هۆی پیلانی بەکرێگیراوانی ڕێژیم لەگوندی ئاغەڵانی سەردەشت بە شێوەیەکی زۆر ناجوامێرانە شەهید کرا. شەهید ڕەحیم بۆ نفوز کردنە ناو هێزی ڕێژیم لە گەڵ فەرماندەی پایەگی "سوورەبان" تەماس دەگرێ ئەو دژی گەلیە چەندین جار لەگەڵی دادەنیشێ مەخابن ڕۆژی ٢٤ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٥ لە گوندی ئاغەڵان شەهیدی دەکاو شەهید ڕەحیم عەلیپوور بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە هاوسەنگەرانی دەکا.

---




**عەلی خزری ناسراو بە (عەلی باساوێ)**

گەلی قارەمانو تیکۆشەری کورد بە درێژایی مێژوو بۆ ڕزگاری لە ژێردەستیو چەوسانەوە بەربەرەکانی کردوە. ڕۆڵە بەشەڕەفەکانی گەلی کورد لە هیچ چەشنە فیداکاریو گیانبازییەک دریغیان نەکردوە. چیاو پێدەشتەکانی نیشتمانی ئێمە کوردستانی قارەمان بە خوێنی شەهیدە سەربەرزەکانی ڕەنگین بووە. دارو دەوەنی ئەم نیشتمانە بە خوێنی گیانبازانو فیداکارانی ڕێگەی ڕزگاریو سەربەرزی پاراو کراوە. کاروانی لەپسان نەهاتووی شەهیدان بێپسانەوە ڕۆژ بەڕۆژ لە ڕێگا دابووەو هەروا درێژەی هەیە. یەکێک لەو ڕۆڵە تێکۆشەرانە کە ڕێز لەیادو بیرەوەریی دەگرین عەلی خزری ناسراو بە عەلی" باساوێ" لە ناوچەی سەردەشت.

عەلی خزری ناسراو بە عەلی باساوێ ساڵی ١٣٤٦ هەتاوی لە گوندی باساوێی ناوچەی سەردەشت لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشو کورد خۆشەویست چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە. بەرە بەرە گەورە بوو بەڵام نەیتوانی بچێتە قوتابخانە هەر بۆیە لە منداڵییەوە شان بەشانی باوکیو براکانی دەستی بە کاری کەشاوەرزی و ئاژەڵداری کرد.

ئەو ناوچەیەی عەلی تێیدا دەژیا هەمیشە تێکۆشەرانی دێموکڕات حزووریان بووە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧و تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وەک لایەنگری حیزب خۆی دەنووسێتو سەرئەنجام ساڵی١٣٦١ی هەتاوی ڕوودەکاتە ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتو لە هێزی شەهید موعینی چەکی پێشمەرگایەتی لە شان دەکاو تێکۆشانی سیاسی خۆی ڕاستەوخۆ دەست پێ دەکات. عەلی زۆر زوو لە مەیدانی کارو تێکۆشاندا خۆی نیشان داو زۆر زوو توانی جێگای خۆی لەنێو دڵی کادرو پێشمەرگەکاندا بکاتەوە ئەم ڕۆڵە قارەمانە لە شەڕەکانی نۆڕێ، مێکوکاوێ، پشت ماڵی کانیەزەرد، پەرکانیانو مردواو ئازاو فیداکار دەردەکەوێ. بەهۆی فیداکاریو قارەمانەتی دوو جار لە شەڕ لەگەڵ دوژمن بریندار دەبێت. هەموو جارێ پاش ساڕێژبوونەوەی برینەکەی دەگەڕایەوە سەنگەری بەرگریو لە پێشوو ئازاتر خۆی نیشان دەداو دەهاتە بەرچاو. ناوبراو خەباتگێڕێکی خۆشەویست لەنێو خەڵکو پێشمەرگەکاندا بوو. هەمیشە لەتیمە پێشڕەوەکاندا حزووری هەبوو.

عەلی ساڵی١٣٦٨ی هەتاوی بوو بە سەر پەلۆ، ساڵی ٦٩ بە فەرماندەری لکی ٣ی هێزی گیارەنگ دیاری کرا. عەلی لە بواری نیزامیی شارەزایەکی زۆر باشی لەسەر فەننی شەڕ لەگەڵ دوژمن هەبوو پارتیزانێکی بە حەق لە مەیدان هاتبووە دەرێ. کوڕێکی هێدیو لەسەرەخۆو بە نەزمو دیسیپلینو لەگەڵ ئەوەشدا ئازاو نەترسو بێباک بوو، هەر بۆیە هەموو هاوسەنگەرانی ڕێزیان لێدەگرتو خۆشیان دەویست، ناوبراو دڵگەرمیو یەکی لەڕادەبەدەری بە ژیانی پێشمەرگایەتی هەبوو. بێجگە لە ئازایەتی لە شەڕدا، تایبەتمەندیەکی هەرە بەرزی ئەوە بوو کە خوێندنو نوسین لە شۆڕشدا فێر بوو، هەمیشە بۆ بردنە سەری پلەی زانیاریی خۆی بێ پسانەوە هەوڵی دەداو نووسراوەکانو بڵاوکراوەکانی حیزبی دەخوێندەوە. هەروەها بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی پێئەسپێردراوی لە هیچ فیداکارییەک دەریغی نەدەکرد. سەبارەت بە ئازایەتیو جوامێری، سەبارەت بە ورەی بەرزو هەڵسووڕ بوونی، سەبارەت بە ئیمانی قووڵ بە ڕێبازی حیزبو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەی زۆر زوو جێگای خۆی لە نێو خەڵکدا کردەوە. ئەو ئامادەی هەر چەشنە فیداکاریو گیانبازییەک بوو، لە بەڕێوەبردنی ئەرکو مەئموورییەتە حیزبییەکاندا جیددیو ڕوو سوور بوو.

عەلی لەسەر تاکتیکو فەننی دوژمن شارەزایی تەواوی هەبوو، گرتنی پایەگای زێوە، ئەحمەد بریو، جادەی سەردەشت پیرانشار، دەشتی باساوێ، جادەی وەردێ، بنوخەڵەفو شەڕی گۆڕەشێر هەموو شاهیدی بۆ ئازایەتی فیداکاری فەرماندەی قارەمان عەلی باساوێ دەدەن.

ڕۆژی ٢٢ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٩ ڕۆڵە قارەمانەکانی دێموکڕات لە ناوچەی سەردەشتی سەرسەوز بە فەرماندەهی عەلی باساوێ هێرشیان کردە سەر گوردانی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی لە گوندی وەردێ، پاش شەڕێکی قارەمانانە توانیان دەست بەسەر گوردانەکەدا بگرن، بەڵام بەداخەوە لە گەرمەی شەڕ گوللەی

کۆنەپەرستان سینگی عەلی قارەمان ئاژنئاژن دەکاو گیانی شیرینی خۆی کردە قوربانیی ئازادی گەل‌و ئامانجەکانی حیزبەکەی. شەهید عەلی سەلماندی کە کوڕی حیزبو خاوەنی بیروباوەڕی خۆی‌و ئامانجی ئینسانی‌و شۆڕشگێڕانەیەو ئامادەیە بۆ ئەو ئامانجانە فیداکاری بکا. بەمجۆرە عەلی خزری ناسراو بە عەلی باساوێ شەهید بوو و چووە نێو کاروانی شەهیدانی سەربەرزی حیزبو گەل.

---




## عەبدولای زەبیعی ناسراو بە میرزا عەولای (نێشکۆڵان)

زەحمەتکێشانی هەر نەتەوەیەکی زوڵم لێکراو بەردی بناغەی قەڵای پۆڵاینی خۆڕاگری‌و بەربەرەکانین کە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجیان‌و ژیانی سەربەستی‌دا لە هیچ کەندو لەندێکی سەر ڕێگایان ناپرینگێنەوە، ئەوە زەحمەتێکێشانی کوردستانن کە تاڵی‌یەکانی ژیان‌و کوێرەوەرییەکانی ڕێگای خەبات بۆ ئازادی بە نرخی گیان هەڵدەبژێن. بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستی ئەگەر ئاوڕێک لە رابردووی زیاتر لە ٧ دەیەی تێکۆشانی حیزبەکەمان بدەینەوە زۆر بە روونی بۆمان دەردەکەوێ کە بەشی هەرە زۆری کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی لە چینی هەژارو تاڵ چێژانی کۆمەڵگان، هەر بۆیەش لە مەیدانی خەباتدا قایم‌و قۆڵ لە بەرامبەر داگیرکەرانی کوردستان وەستانەوە، یەکێک لەو فیداکارانە فەرماندەری لێهاتوو شەهید عەبدولای زەبیعی ناسراو بە میرزا عەولای نێشکۆڵانە، یادی دەکەینەوە.

لە کاتێکدا کە بەشێک لە دانیشتوانی کوردستان هەوای ئازادی هەڵدەمژی‌و لە ژێر سێبەری ئاڵای کوردستان‌و کۆماری کوردستان خەڵکی تام‌و چێژی ئازادی‌یان دەچێشت لەو سەروبەندەدا کوڕێکی ژیکەڵانە لە بنەماڵەیەکی

زەحمەتکێشی نێشکۆلانی ناوچەی سەردەشت چاوە گەشەکانی بە دنیای روون کردەوە. بەرەبەر لە لێرەواره سەرسەوزەکانو ئاوو هەوای دڵرفێنی سەردەشت گەورە بوو. لە تەمەنی ٧ ساڵی رەوانەی قوتابخانە کراو وەک قوتابییەکی زیرەک پۆلەکانی سەرەتایی یەک لەدوای یەک بڕی، بەڵام ژیانی ناوبراویش وەک زۆربەی لاوەکانی ئەوکات بێبەش نەبوو لە دابرانی قوتابخانەو هەر بۆیە بە ناچاری بۆ بژێوی ژیان رووی لە کاری وەرزێری کرد. لاوی تازە پێگەیشتوو عەولای زەبیحی ئەگەرچی سەوادی کلاسیکی کەم بوو بەلام لەنێو خەڵکی ئاواییو دەوروبەر بە میرزا عەولا ناوبانگی دەرکرد. بە هۆی هێمنیو لەسەرەخۆییو خۆشەویستی جێگەی باوەڕی خەڵکی ناوچەکە بوو زۆر جار کێشە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی چارەسەر دەکرد.

میرزا عەولا هێشتا لاو بوو کە هەستی بە زوڵم وزۆری رێژیمی پاشایەتی کردبوو باشی دەزانی کە هەموو ئەو کوێرەوەرییانەی بەسەر گەلی کورددا دێ لەو رێژیمەی دەزانی، ئەو هەستە خاوێنە کاری کردە سەر دەروونیو رووی لە سیاسەت کرد.

کاتێک رووی لە کوردستانی عێراق کردو لەو سەردانەدا بۆ باشووری کوردستان پێوەندی تەشکیلاتی لە گەڵ کادرەکانی حیزبی کردو، بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پاش ماوەیەک وەک ئەندام، ناوبراو پێی وابوو دەبێ خزمەتی زیاتر بە بزووتنەوەی گەلەکەی بکا هەربۆیە چەکی پێشمەرگایەتی لەشان کردو لە ریزی تێکۆشەرانی حیزب سازمان درا. ئەو بە هەموو ئەرکێکی کە پێیان سپاردبایە بە گیانو بەدڵ ئامادە بوو.

میرزا عەولای نێشکۆلان لەساڵەکانی ١٣٤٦ و ٤٧ لە خەباتە پڕشکۆکەی ئەو کاتدا وێڕای هاوسەنگەرانی بە قەول دوورگەی ئارامی حەمەرەزاشایان شڵەژاندوو لەزۆربەی بەربەرەکانییەکانو بەرپەرچدانەوەی پەلاماردەران چالاکانە بەشداری کردو وەک پێشمەرگەیەکی ئازا بە گژ ساواکو ژاندارمەکان داچۆوە وەک پێشمەرگەیەکی فیداکار لەوکاتدا داستانی حەماسەی بۆ نەتەوەکەی تۆمار کرد.

پاش پاشەکشەی خەباتە رەواکەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ هاتەوە کوردستانی عێراقو ئەو ئەزموونەی لەماوەی ١٨ مانگی رابردوو کۆی کردبۆوە وەک کادرێکی لێزانو پێشمەرگەیەکی لێهاتوو خستیە خزمەت حیزبو شانی بەر ئەرکە پیرۆزەکانیداو لە هیچ کارێکی حیزبی دریغی نەدەکرد.

بەدەست پێکردنی خۆپێشاندانەکانەکان لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویو لە زبڵهاویشتنی رێژیمی پاشایەتی، میرزا عەولای نێشکۆلان گەڕایەوە بۆ سەردەشتو بەڵێنی لەگەڵ شەهیدان وخەڵکی کوردستان و حیزبەکەی نوێ کردەوە. ناوبراو لە ماوەی چەند ساڵ کە ئەزموونێکی گەورەی پاشەکەوت کردبوو لەدەست بەسەرداگرتنی پاسگاکانی ناوچەی سەردەشت رۆڵێکی باشی گێڕاو خەڵکی رێنوێنی دەکردو هەروەها لەدەست بەسەر داگرتنی پادگانی سەردەشت وەک فەرماندەی بەتالیون بەشداری کردو وانەی ئازایەتیو فیداکاری بە پێشمەرگە دەکوتەوە،

پاش ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو دامەزرانی شورای نیزامیی لە سەردەشت، میرزا عەولا وەک ئەندامی شورای نیزامیی سەردەشت دیاری کراو مەسئوولییەتی بەشیک لەناوچەی سەردەشتی پێ سپێردرا.

هەروەک چاوەڕەوان دەکرا لە سازماندەهی خەڵکی ناوچەی ئالانی سەردەشتو لە ڕێکخستنی تەشکیلاتیدا زۆر کاری گرینگی کردو بە تەواو مەعنا خۆی بۆ ئەرکەکانی حیزبی ئامادە کردبوو. کەسایەتییەکی خۆشناو بوو. لەباری ئایینی، سیاسی، کۆمەڵایەتییو فەرهەنگی شارەزای تەواوی هەبوو، لە هەر شوێنێکو جێگایەک کۆبوونەوەی گرتبایە هێندە بە باشی قسەی دەکرد کە خەڵکی بەتەواوی لە مەبەستەکانی زۆر زوو تێدەگەیشتن. لە سازماندەهی نوێدا وەک فەرماندەری لکی ٣ی هێزی شەهید موعینی لە ناوچەی سەردەشت دیاری کرا. لەو مەسئوولییەتەدا زۆر ئازایانە خۆی دەرخست. لە شەڕی ٣ مانگەدا شانی بەر ئەو ئەرکە قورسەداو لەماوەی ئەو سێ مانگەدا چەندین حەماسەی بۆ نەتەوەکەی خوڵقاندو دەرسێکی لەبیر نەکراوی بە هێزی داگیرکەر دا، هەڵمەتەکانی وێڕای هاوسەنگەرانی کارێکی کرد کە لە ناوچەدا ناوبانگ دەربکا. وریاییو وشیاری, مودیرییەتی فەرماندەهی وای کرد کە لەسەر بڕیاری دەفتەری سیاسی وەک فەرماندەری هێزی تایبەت کە دواتر بوو بە هێزی هەژار دیاری کرا. پاش ماوەیەک کار لەو هێزەدا جێگای خۆی لە نێو دڵی هەمواندا کردەوە بۆیە وەک پارێزگاری ئەمنیەتی بنکەی دەفتەری سیاسی دیاری کرا. ناوبراو هەموو ئاواتەکانی لەسەرکەوتنی حیزبەکەیدا دەدیتەوە. با بزانین لەوەسێتنامەکەی چی نووسیوە.

"ئەگەر مردم شیوەنو ڕۆڕۆم بۆ مەکەن ڕەشم بۆ مەپۆشن چاو بە فرمێسک مەبن، دایکان، خوشکان، برایان، دەست لە خەبات هەڵ مەگرن، ئەگەر بۆ کورد دەمرم جێگای شانازییە چونکە لەسەر خاکی خۆمە، ئەو مردنە مردن نیە هەر زیندوو مانەوەیە، چونکە دیفاع لەگەڵو خاکی کوردستانە، بەڵام ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهید بوونی پێشەوا یادێکم لێ بکەنەوە، لەدەوری گۆڕم گوڵی ڕەنگاوڕەنگی زەردو سوور وسپیو ڕەش وەک قەتران دابنێن، گولی سوور وێنەی خوێنی شەهیدانە، گولی زەرد وێنەی وێنانانە، گوڵی ڕەش وێنەی رابردووی کوردانە، گوڵی سپی بۆ لێنووسینی تێکۆشانە. هاوڕێیان بە تێکۆشانی بێوچان ئاو پرژێنی جەرگم بکەن، لە نیشتمانپەروەریدا پێرەوی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەن، بمرم یا زیندوو بم، پێم خۆشە ئەندامی ئەو حیزبە بم."

میرزا عەولا لە قۆناغی زۆر سەختدا ئەرکی وەستۆ دەگرتو لە بەڕێوەبردنی هیچ ئەرکێکی قورس دریغی نەدەکرد. ئەو یەکێک لەو فەرماندە ماندوونەناسانە بوو کە هەمیشە لەکاتی پێویستدا بڕیاری دەداو ئەگەر فشاریشی لەسەر بوایە خۆی نەدەدۆڕاندو لە سەخترین شەرایەتدا لەهەموو کاتو ساتێکدا دوودڵی پێوە دیار نەبوو. ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی وەک جێگری فەرماندەری هێزی شەهید موعینی دیاری کرا ئەو بەرپرسایەتییەی ئیمان بەرێبازەکەی بەو پەری لێهاتووییەوە قەبووڵ کرد هەرچی لە توانای دابوو کردی، زۆر عەمەلیاتی

قارەمانانەی فەرماندەهی کرد. میرزا عەولا لە دوو قۆناغی خەباتدا لە دوو دەسەڵاتی سەرەڕۆی پاشایەتیو ئیسلامیدا بەوپەڕی سەداقەتەوە ئەرکەکانی بەڕێوە برد.

لەراستیدا فەرماندەیەکی لەکڵدەرهاتوو بوو، ئەو تا کاتی شەهیدبوونی هەم بە قەڵەم، بە زمان، بە خوێن خزمەتی بە نەتەوەکەی کرد. بەداخەوە رۆژی ٨ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لەناوچەی مەریوان لەشەڕێکی ناوخۆی گوڵی تەمەنی هەڵپرووکا.

---




برایم مەسڵەحەت ناسراو بە (مەلابرایم دۆڵەگەرمی)

ئەو کەسانەی لە پێناو وڵاتەکەیاندا گیانیان پێشکەش دەکەنو گەورەترین سەرمایەی ژیانیان واتە گیانیان لەدەست دەدەن بۆ هەمیشە لەناو گەلەکەیاندا سەربەر دەبنو بەسەربەرزی دەمێننەوە چونکی سینگیان دەکەنە قەڵغانی گوللەی داگیرکەران بۆ پاراستنی نەتەوەکەیان. ئەوە تەنیا لە خەباتی چەکداریدا خۆی نابینێتەوە بەڵکوو زۆر کەس لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەبات لەم بوارەدا مایەی لە خۆی داناوە یەکێک لەو خەباتکارانە برایم مەسڵەحەت ناسراو بە مەلابرایم دۆڵەگەرمی لەناوچەی سەردەشت باسی ژیانی دەکەین.

مەلا برایم لە ساڵی ١٣٢٥ ئەو کاتەی کە ئاڵای کۆماری کوردستان لە زۆر شاری رۆژهەڵاتی کوردستانو بە تایبەتی لە موکریان دەشەکایەوە لە بنەماڵەیەکی دەستکورتی سوێسنایەتی سەردەشت لە ئاوایی دۆڵەگەرم چاوی بەدنیای روون کردەوە. لەکاتێکدا کتێبی بەدەستەوە گرت کە دیکتاتۆڕی بەرەبەرە باڵی بە سەر ئێرانو بەتایبەتی کوردستاندا دەکێشاو تەنانەت راپەڕینی جووتیارانی موکریان سەرکوت کرابوو لەوەها قۆناغێکدا توانی تا ٦ی سەرەتایی درێژە بەخوێندن بدا. پاشان بە هۆی نەداری وازی لە خوێندن هێناو نەیتوانی لە شار

درێژە بەخوێندن بدا. بۆیە بە ناچاری رووی کردە خوێندنی ئایینیو لەو بوارەدا سەرکەوتنی باشی بەدەست هێنا.

ناوبراو لە منداڵییەوە وەک زۆربەی منداڵانی ئەو دەڤەرە لە گەل یادی پێشەوا قازیو کۆماری کوردستان ئاشنا بوو، ئەوە هاندەرێک بوو کە لە ساڵەکانی ١٣٤٦ی هەتاوی پێوەندی بە مەلا ئاوارەوە بگرێو وەک ئەندامی حیزب تێکۆشان دەست پێ بکا. مەلا برایم دۆڵەگەرمی زۆر بە دڵسۆزی دەست بە تێکۆشان دەکاتو لە ناو ڕیزەکانی جوتیارانو بازاڕیانو فەرهەنگیانو مامۆستایانی ئایینی بە شێوەی جۆراوجۆر کاری تەبلیغی بۆ حیزب دەکات. کار کردن لە ناو خەڵکدا بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو دەبێتە هۆی ئەوە لە لایەن ساواکەوە بگیرێو ماوەی ٩ مانگ لە بەندیخانەی ڕێژیمی پاشایەتیدا بێ. پاش ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر زاری لە ئاست نەهێنییەکانی حیزب نەکردەوەو ئازاد کراو دواتر لە ژێر چاوەدێری ساوک دامایەوە. بەڵام ناوبراو هەر وەک پێشوو دەستی بە تێکۆشان کردەوە.

کاتێک ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران وەلەرزە کەوتو لە ساڵی ١٣٥٦ بۆ ١٣٥٧ کە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران وردە وردە بە گوێی خەڵک دەگەیشت. کادەرکانی حیزب بە شێوەیەکی نهێنی لە ناوچە دەرکەوتنو لە نێو چینی جۆراوجۆری کۆمەڵدا سیاسەتی حیزبیان لەناو خەڵکی ناوچەدا بڵاو دەکردەوە خەڵکیان سازمان دەدا بۆ ڕاپەڕین لە دژی ڕێژیمی شا.

ساڵی ١٣٥٧کە بڵێسەی شۆڕشی گەلانی ئێران سەرتاسەری وڵاتی گرتەوە مەلا برایم بە جۆشو خرۆشێکی دیکەوە کەوتە مەیدان. خەڵکی هان دەدا بۆ ڕێپێوان لە شارو گوندەکان تا ئەو ئاواتە وردە وردە دەهاتە دی کە مەبەستی رووخانی ڕێژیمی شا بوو. هێشتا لە زۆر شوێنی ناوچەی سەردەشت پێگەی ڕێژیمی پاشایەتی لە جێگای خۆی بوو کە مەلا برایم دۆڵەگەرمی بە هاوکاری لاوانی ناوچەو گوندەکانی دۆڵەگەرم، قوڵەسوێر، دەرمانئاوا، پیرانو قەلەڕەشە دەستی بە سەر پایەگای ڕێژیم داگرتنو لە گوندی قەلەڕەشە لە بەرژەوەندی حیزبو جووڵانەوە دەستی بە ڕاپەڕاندنی کارو باری خەڵک کرد زۆر کەس پێی وابوو مەلا برایم بە قازانجی ڕێژیم ئەو کارەی کردوە بەڵام پاشان زۆری پێنەچوو کادرەکانی حیزب بەشێوەی ئاشکرا هاتنە مەیدانو دەست خۆشیان لێکردن، ئەوە بوو بەمایەی خۆشحاڵی خەڵکی ناوچەکە.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بە تاڵان بردنی دەسکەوتەکانی شۆڕش لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوەو، ئاشکرا بوونی خەباتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی لەسازماندەهی هێزی پێشمەرگەدا مەلا برایم وەک سەردەستەی دەستەی یەک، لە لکی٣ی هێزی شەهید موعینی ئەوکات دیاری کرا. مەلا برایم یەکەم شەڕ کە فەرماندەیی تێدا کرد گرتنی پاگای پردی بریسوێ بوو کە ئازایەتی کەم وێنەی لەخۆی نیشاندا. پاشان مەلا برایم دۆڵەگەرمی فەرماندەیەکی ئازاو چاو نەترس بەشداری شەڕەکانی جادەی

بانه - سەردەشت جادەی سەردەشت - پیرانشار، شەڕەکانی باسکی کۆڵەسە، دۆڵی بێوران، جادەی سەردەشت - دەرماناویێ، دەشتی کەپران، شەڕی مارەغان - قوچی، هەروەها شەڕەکانی ناوچەی ئالان لە هەموو ئەوانەدا ناوبراو ڕۆڵی سەرەکی بینی. پاش شەڕی ٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦١ کە لە قوچیو مارەغان کرا تێیدا ١١ پێشمەرگە شەهید بوون بۆخۆییو چەند کەسێکی دیکە بریندار بوون بەڵام پاش ساڕێژ بوونەوەی برینەکەی گەڕایەوە سەنگەری ئازادیو دیفاع لە کوردستان.

دوای ئەو شەڕە، مەلابرایم لەلایەن فەرماندەری هێزی موعینی کرا بە فەرماندەی لکی ٣ی شەهید سمایلی سەلیمی لە هێزی شەهید موعینی. جگە لەو شەڕانە مەلا برایم لە مەئموورییەتەکانی حیزبداو هێرشەکانی دیکە بۆ سەر پایەگاو دامەزراوەکانی ڕێژیم چوونە ناو شاری سەردەشت بەشداری چالاکانەی هەبووە ڕۆڵی فەرماندەی تێدا گێڕاون. لەبەر ئازایەتیو قارەمانی مەلا برایم لە ٢٩ - ٨ - ١٣٦٤ وەک جێگری فەرماندەری هێزی شەهید موعینی دیاری دەکرێو ئەرکی قورستری دەکەوێتە سەرشان.

مەلابرایم لەو ئەرکەشیدا سەرکەوتوو هاتەدەر، کەسێکی خۆش ناوو خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی سوێسنایەتیو ئالانو شاری سەردەشت بوو، جگە لە کاری نیزامیی وەک کادرێکی سیاسیو دڵسۆز دەچوە نێو کۆمەڵانی خەڵکو سیاسەتی حیزبی بۆ شیی دەکردنەوە. دوژمن زۆر پیلانی بۆناوەو تەنانەت چەند جار هەوڵی تیرۆر کردنیشی درا. بەداخەوە توشی سەرەتانی خوێن دەبێ لە ساڵی ١٣٧٨ بەناچاری ڕێگای هەندەرانی گرتە پێشو وەک پەنابەرێکی سیاسی لە وڵاتی سوئێد نیشتەجێ بوو بەداخەوە پاش ماوەیەک بەربەرەکانێ لەگەڵ مەرگ لەرۆژی ٩ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٨٣ لە وڵاتی سوئێد ماڵئاوایی لە گەلو نیشتیمان کرد.

---

# هێزی قەندیل



## هەمزە بێهنام

هەر وڵاتێک رۆڵەکانی نەکاتە قوربانیو بە خوێنی لاوەکانی داری ئازادی ئاو نەدرێ سەرکەوتنی دژوار دەبێ. خەڵکی کوردستان زۆر رۆڵەی بە وەجیان پێشکەشی ئاوو خاکو نیشتمان کردوە. کەم جێگای خاکی کوردستان هەیە کە بە خوێنی لاوانی ئازاو بوێری کورد نەنەخشابێو لاوێکی کورد تێیدا سەری نەنابێتەوە. کەواتە نەتەوەی کورد بە شانازییەوە دەتوانێ بڵێ بە خوێنی لاوانی داری ئازادیی ئاو داوەو گەورەترین نرخی بۆ ئازادی بەخشیوە. ئەوە کە ئەم نەتەوەیە توانیویەتی بۆ دەیان ساڵ لە پێناو مافەکانیدا بێ پسانەوە ئاڵای خەباتو تێکۆشان بە شەکاوەیی راگرێ، لەم راستییەوە سەرچاوە دەگرێ، کورد تا گەیشتن بە لوتکەی ئازادی لە خەبات راناوەستێ ئەگەرچی نرخی ئەو ئازادییەش خوێنو ژیانی رۆڵەکانی بێ. ئازادی نرخی گرانەو هەروا بە سانایی وەدەس نایە. ئەو گەلانەی کە ئێستا زنجیری دیلیو کۆیلەتییان پساندوەو بە ئازادیی دەژینو چارەنووسیان لە دەستی خۆیاندایە لە درێژەی خەباتو بەربەرەکانییەکی قارەمانانەو شۆڕشگێڕانەدا توانیویانە بووکی ئازادییو سەربەستی لەئامێز بگرن. خەباتو بەربەرەکانیش لە بەرامبەر داگیرکەرانو دیکتاتۆڕاندا، بۆ وەدەستهێنانی ئازادییو مافی چارەی خۆنووسین هەوڵو تێکۆشانو فیداکاری دەوێ. بە خوێندنەوەی مێژووی پڕ لە کێشەو ئاڵۆزیو لەهەمان کاتدا پڕ لە فیداکاری ئەو نەتەوانەی کە قۆناغی ژێردەستەییو کۆیلەتییان تێپەڕاندوەو ئێستا لە قۆناغی گەشەکردنو مەترەح بوون دان، روونتر مانای ئەم وتە بە ناوبانگەی رێبەری شەهیدمان دوکتور قاسملوومان بۆ دەر دەکەوێ کە: گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدا."

هەمزە بێهنام لە ساڵی ١٣٣٩ هەتاوی لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی ئاوایی "هەنگەوێ" ناوچەی پیرانشار چاوی بە ژیان کردۆتەوە. چوونی بۆ قوتابخانە لە گەڵ خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ١٣٤٦و-١٣٤٧ هاوکات بووە. لەو سەردەمەدا ناوچەی ئەوان جێگای پشوودانی رۆڵەکانی دێموکڕات بوو. هەر بۆیە لە تەمەنی لاوییەوە ناوی دێموکڕاتی لەسەر زاران بوو. قۆناخی سەرەتایی لە گوندی هەنگەوێ تێپەڕ کردو پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن رەوانەی شاری پیرانشار کرا. بە هۆی هەلومەرجی ئەو کات تەنیا توانی تا پۆلی ٣ی دوا ناوەندی دەرس بخوێنێ.

هەمزە بێهنام هەر لە سەرەتای قۆناغی لاویەتیدا وەک کەسێکی تێگەیشتوو بە هەستو ئازادیخواز بیری دەکردەوەو لەگەڵ ئێشو ئازارەکانی نەتەوەکەی دەژیا. لە شۆرشی ساڵی ١٣٥٧ بە دژی رێژیمی پاشایەتی بەشداری چالاکانەی کردو رۆڵی بەرچاوی گێرا. پاش ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بە لێوردبوونەوەو هەڵسەنگاندنی وردبینانە، ریزەکانی حیزبی هەڵبژاردو ساڵی ١٣٥٨ بۆ درێژەدان بە خەباتو خۆڕاگریو لە یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتدا ئەرکی تەشکیلاتیو نیزامیی پێ ئەسپێردرا. لە ماوەی ئەو چەند ساڵە لەو رێکخراوەدا ئەرکی بەڕێوە برد بەکردەوە نیشانی دا شیاوی بەرپرسایەتییە.

ساڵی١٣٦٠ بە فەرماندەری لک لە هێزی ئاوارەی ئەو کات دیاری کرا. هەروەک چاوەڕوان دەکرا زۆر سەرکەوتوانە ئەو قۆناغەشی بڕیو چەند عەمەلیاتی سەرکەوتووانەی بەڕێوە برد، هەر بۆیە ساڵی ١٣٦٥ بە جێگری فەرماندەری هێزی قەندیل دیاری کرا. بەو پێیە کە ئەوپەڕی لێهاتوویی‌و فیداکاریی لە خۆی نیشاندا توانیبووی ئەم بەرپرسایەتییە قورسەش بە درووستی بەڕێوەبەرێ، ناوبراو بەرپرسایەتی زیاتری پێدراو ساڵی ١٣٦٦ کرا بە فەرماندری هێزی بەیانو دوای ساڵێک مانەوە لەو هێزە، فەرماندەریی هێزی کێلەشینی پێ ئەسپێردرا.

لەو پۆستەشدا وەک فەرماندەرێکی کارامە، خاراو، خاوەن ئەزموونو بە توانا ئەرکی پێ ئەسپێردراوی جێبەجێ دەکرد. لە ماوەی فەرماندەریی هەمزە بێهنام لە ناوچەکانی بۆکانو شنۆ زۆر عەمەلیاتی گەورە لە دژی هێزەکانی دوژمن ئەنجام دراو زۆر زەبری کاریگەر لە پەیکەری کۆنەپەرستیی کۆماری ئیسلامی کەوت کە بە حەق خەڵکی کوردستان شانازییان پێوە دەکرد.

ساڵی١٣٧٠ وەک کادری کۆمیسیونی سیاسی نیزامیی دیاری کرا ماوەی ساڵێک لەو کومیسیونەدا ئەرکی بەڕێوە بردو بەو پەڕی سەداقەتو راستیو ئیمان بە رێبازی حیزبە خوشەویستەکەی کاری دەکرد.

ساڵی ١٣٧١ بە هۆی لێزانیو ئەو ئەزموونە بەنرخانەی کە لەماوی تەمەنی پێشمەرگایەتیدا وەسەریەکی خستبوون ئەرکی فەرماندەری هێزی ئاگری لە مەڵبەندی شومالی کوردستان پێ ئەسپێردراو تا کاتی شەهید بوونی لەو بەرپرسایەتیدا بەوپەری لەخۆبووردوویی‌و فیداکارییو لێوەشاوەییەوە درێژەی بە خەبات دا.

هەمزە بێهنام کادرێکی تێگەیشتوو، لێزان، بە ئیمان، بە ورە، ماندوویی‌نەناس‌و وەفادار بە ڕێبازی شەهیدان و فەرماندەرێکی کارامەو بە بڕشت بوو. شۆڕشگێڕێکی لێبڕاو لە دژوارترین هەلومەرجەکاندا ئەرکی پێ ئەسپێردراوی بەو پەڕی لێهاتوویی‌و دڵسۆزی‌یەوە جێبەجێ دەکرد.

هەمزە بێهنام کەسایەتیەکی لەسەرەخۆ، خۆشناو، خۆشڕوو، خاکی خەڵکی‌و خۆشەویستی هاوسەنگەرانی‌و کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بە تایبەت ناوچەکانی شنۆ، بۆکان، پیرانشارو شومالی کوردستان بوو. ئاواتی سەرکەوتنی حیزبە خوشەویستەکەی بوو بەڵام بەداخەوە کەم ژیاو بە ئاوات نەگەیشت.

ڕۆژی ٢٧ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٧٣ هەتاوی لە کاتێکدا لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی ئاگری کە لە حاڵی ئەنجامدانی مەئمووریيەتی حیزبیدا لە ناوچەی مەرگەوەڕ سەر بە شارستانی ورمیە دابوون بۆ پشوودان‌و حەسانەوە لە گوندی "نۆوی" مابوونەوە، هێزی دوژمن هەستی بە بوونی پێشمەرگە لەو گوندە کردبوو بۆیە لە کاتی هاتنەدەر لە ئاوایی بەداخەوە فەرماندەری هەڵکەوتووی هێزی ئاگری هەمزە بێهنام کەوتە بەر دەسرێژی خۆفرۆشان‌و گیانی بەختی رزگاری‌و هاتنە دی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد کرد.

---




**قادر ئیفتخاری**

ڕەو ڕەوەی خەباتی نەتەوەکەمان هەروا ڕێگا دەبڕێ‌و تا خۆی لە لووتکەی سەربەرزی‌و ئازادی‌و رزگاری نزیک بکاتەوە لە سەر لووتکەی چیا سەربەرزەکانی کوردستان ئاڵای ئازادی بەدەستی هێزی پێشمەرگە قارەمانەکان هەڵ بکا.

نەتەوەی کورد وەک نەتەوەیەک چارەنووس و مافی ژیانی لە ژێر پۆستاڵی دیکتاتۆرانو کۆنە پەرستاندا پێشێل کراوە دەیهەوێ بەسەربەستی بژی. شۆڕشگێرانی کورد خەبات دەکەن تا تیشکی دێموکراسیو مافی دیاری کردنی چارەنووس لە کوردستاندا وڵات رووناک بکا. خەباتی شۆڕەسوارانو شۆڕشگێرانی کورد لە پێناوی ئەم ئامانجو مەبەستە دایە، زۆر شۆڕەلاوی بەئەمەگ بۆ گەیشتن بە ڕێبازی سووری شەهیدانو وەدیهاتنی ئاواتی نەتەوەکەیان خوێنیان رژاوە. لاوەکانی نیشتمان بە لەخۆبووردوویی ناچارن لووتکەی ئازادی لە زەریای قووڵی خەباتدا هەروا بەرەو پێشەوە بەرن، مێژووی حەماسەو قارەمانەتی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەم بوارەدا جێی شانازیو مایەی فەخری نەتەوەکەمانە. لەو راستایەدا کەمتر رۆژی ساڵ هەیە کە رۆڵەکانی حیزبی دێموکڕات شانازیان تێدا نەخوڵقاندبێ، یەکێک لەو رۆژانە کەلەودا رۆڵەکانی نەتەوەی کورد، بە فەرماندەیی قادر ئیفتخاری بە فیداکاریو کۆڵنەدەریان لاپەڕێکی دیکەیان بە حەماسەو قارەمانەتی نەتەوەکەیان زیاد کرد. رۆژی ٥ی سەرماوەزە لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی بوو.

قادر ئیفتخاری ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی لە ئاوایی "چەشمەگۆڵ"ی سەر بە شارستانی شنۆ لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی لە دایک بوو، لە بەر خۆشەویستی هەر لەمنداڵییەوە بە مام قادر بانگیان دەکرد، چونکی باوکی لە گەڵ کوێرەوەری نەتەوەی کورد گەورە بوو لەگەڵ سەروەرییەکانی کۆمار ژیانی تێپەڕ کردبوو، قادر زۆر زوو هەستی بە بێبەشی نەتەوەکەی کرد. لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر کە خاوەن بیرۆکەیەکی پیرۆزی کوردایەتی بوون گەورە بوو. بێگومان هەر ئەو بیرۆکەیەو رابردووی بنەماڵەکەی بوو کە رێگای بابو باپیرانی هەڵبژێرێو لە حیزبی قازی واتە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستاندا دەست بە خەبات و تێکۆشان بکا.

پاشان چۆوە قۆتابخانە تا شەشی سەرەتایی لە قۆتابخانەی" چەشمەگۆڵ" دەرسی خوێندوە دواتر لە شاری شنۆ دیپلۆمی وەرگرتووە دوای وەر گرتنی دیپلۆم وەک مامۆستا ماوەی ساڵێک لە گوندی" قەرەخدر"ی ناوچەی پیرانشار وانەی بە منداڵانی ئەو گوندە دەگوتەوە. ماوەی ساڵێکیش دەرەجەداری ئەرتەش بوو. دوای تەواو کردنی ماوەی سەربازییەکەی لە ناو ئەرتەش دا، بۆ درێژەپێدانی خوێندن چوو بۆ شاری ورمێو لە وێ بۆ ماوەی دوو ساڵ فەوقی دیپلۆمی لە رشتەی زانستە سروشتییەکان وەگرت.

مام قادر هەر وەک هەموو روشنبیرانی دڵسۆزی گەلەکەی هەستی بە چەوسانەوەو پاشکەوتوویی ئەو نەتەوەیە لە زۆر بواردا دەکردو هۆی سەرەکیی ئەو دواکەوتوویی لە نەبوونی رادەی نەخوێندەواری لە ناو کورددا دەبینی و زۆر جار لە گەڵ هەڤاڵانی خۆی باسی ئەم گرفتەی دەکرد.

کاتێک راپەڕینی گەلانی ئێران لە دژی رێژیمی پاشایەتی لەساڵی ١٣٥٧ دەستی پێکرد زۆر ئازایانە بەشداری کرد. بۆیە هەر لە گەڵ ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکڕات مام قادر خۆی لە ریزەکانی ئەو حیزبەدا دیتەوەو بە هۆی وشیاریو رادەی خوێندەواری لەگەڵ یەکیتی لاوان دەستی بە کارو تێکۆشان کرد.

قادری ئیفتخاری لاوێکی شۆڕشگێڕو مامۆستایەکی خەباتگێر کە بە دەست پێکردنی خەباتی نەتەوەی کورد بە رێبەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ریزی یەکیتی لاوانی دێموکڕاتی کوردستاندا خەباتی خۆی دەست پێکرد دوای ئەوە لە قۆتابییانی قۆتابخانە ماڵئاوایی کردو پێی نایە مەیدانی کردەوەو هاتە نێو ریزی پێشمەرگەکانی دێموکراتەوە.

قادر ئیفتخاری لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی دەست رۆیشتوو گەورە ببوو هەموو سەرمایەی ژیانو خۆشیو گوزەرانی لە پێناو رزگاریو سەربەستی نەتەوەکەی دانا بوو. ژیانی سیاسی قادر ئیفتخاری لە هێزی شەهید ئاوارەدا تێپەڕی، ئەو توانی ئەو هێزە بە لێوەشاوەیی خۆیو قارەمانێتی پێشمەرگەکانی بە خەڵکی کوردستان بناسێنێ. ئەو خۆشەویستی خەڵک بوو، جێی ئەویندارانی ئازادیو مافی دیاری کردنی چارەنووس بوو، لە کوورەی خەباتی چەکدارانەدا قاڵ بوو بە لێوەشاوەیی هەموو پلەیەکی پێشمەرگایەتی بڕیو، لەکاتێکدا بەرپرسایەتی هێزی ئاوارەی وەستۆ گرت کە ئەو ناوچەیەی ئەوکاری تێدا دەکرد بە ناسکترین هەلومەرجی سیاسیو ئەمنییەتیدا تێدەپەڕیو کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەک رۆژانە پەلاماری دابوو.

بە گیرانەوەی جادەی شەردەشت - پیرانشار قۆناغی خەبات لەو ناوچەیە ئاڵوگۆڕی تێدا پێکهاتو، قادر ئیفتخاری زۆر زوو توانی وەک فەرماندەیەکی بە توانا لەگەڵ هەلومەرجی نوێی خەبات خۆی بگونجێنێو زەبری لە بیر نەکراو بە هێزەکانی رێژیم بداو ئازایەتیو خۆڕاگری لە لاپەڕەکانی دەفتەری بیرەوەری پێشمەرگایەتییدا تۆمار بکات. گرتنی چەندین پایەگا، کۆنترۆڵی جادەی ئەسلی سردەشت - پیرانشارو بەرپرچدانەوەی هێزەکانی دوژمن لە ناوچەی پێرانشارو شنۆو نەغەدە لە ساڵەکانی ١٣٦١ و ٦٢ ئەو داستانە پرلەحەماسانە بە فەرماندەهی پێشمەرگەی لەخۆبووردوو مام قادر لە مێژووی بەرەنگاریی چەکدارانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دا تۆمار کراون.

ئەو کاتەی کە ئەو بەرپرسیارەتی وەستۆ گرت کاتێکی ناسک بوو کوڕی لێوەشاوەو بە توانای پێویست بوو کە بتوانێ ئەو مەسئولییەتە وەستۆ بگرێ. قادری ئیفتخاری بێ سێ ودوو لێ کردن قۆڵی لێهەڵماڵیو شانی وەبەرداو بە ماندوو بوونی شەو رۆژ، بە رەفتارو ئەخلاقی خۆی، بە هەڵسووکەوتی جوامێرەکانی زوو جێگای خۆی لە نێو دڵی هاوسەنگەرانیو خەڵکی ناوچەدا کردەوە. بە کارو ماندوو نەبوونی شەو رۆژانە، زۆر زوو لە کاری خۆیدا کارامەیی وەدەست هێناو ئەزموونی کۆ کردەوە. قادر ئیفتخاری لە هەمان کاتدا پێشمەرگەیەکی ئازاو بە جەرگ بوو حیزبییەکی بە ئیمان بە دیسیپلین بوو هەمیشە بۆ جێبەجێ کردنی بریارەکانی حیزبی سەرلە پێناو بوو. لاوێکی رووناک بیروو شۆڕشگێڕێکی بە هەستو نێشتمانپەروەر بوو ئەویندار ی ئازادی ورزگاری نیشتمان بوو.

با چاوێک بە وەسێتنامەی شەهید قادر دا بخشینین بزانین هەستی دەروونی خۆی چۆن دەردەبڕێ. ناو براو لە بەشێک لە وەسێتنامەکەی دا دەنووسێ:

"برای بەڕێزو قارەمان شک لەوە دا نیە کە هەموو مەوجوودێکی زیندوو مەرگی لە پێشە، چ باشتر لە سەنگەری شەڕفداو لە ڕێگای نەتەوەکەتدا گیان بەخت بکەی، هەر کەس هەستی بە بوونی خۆیو نەتەوەکەی نەکردبێ، ئینسان نیە، هەرکەس پێی وابێ سەرکەوتن محاڵە، ئاقڵی لەدەست داوە، سەرکەوتن حەتمییە، بەڵام خوێنی دەوێو فیداکاری لازمە، کاتێک شەهید بووم نامهەوێ کەس ئاخو ئۆخم بۆ بڵێ چونکە ئەگەر شەهید کرام دەزانم بۆ شەهید بووم."

قادر ئیفتخاری لە بەشیکی دیکەی وەسێتنامەکەی دا دەنووسێ:

"برام پێشمەرگەی گەل چاوەکەم، لەگەڵ تۆمە، ئەوەی کە پاش مەرگی من ئەو چەند کەلیمەیە دەخووێنێتەوە، هەرچەند مردن ناخۆشەو نامەوێ وازوو، واز لەو دنیایە بێنم بەڵام زۆر جار دەڵێم ژیان پاش ئەو هەمووە خۆشەویستانەی وەک: محەممەدی مینە، ئەبووبەکرو کەریم، دەیانو سەدان هاوسەنگەرم چ خۆشییەک هەیە؟ جا براکەم پاش شەهید بوونی من ئەو شتانە لەبەر چاو بگرنو بۆم جێبەجی بکەن. چەند شێعرم هەیە هەرچەند زۆر بێ بایەخن بەڵام چ بکەم ئەوە هەستی دەروونی منە، بۆیە داواتان لێ دەکەم حەتمەن چاپیان بکەن. مەهێڵن خوێنی شەهیدان بە فیڕۆ بچێ، تەرمم لە مراد ڕەسولو مراد حاسل بنێژن. تۆخوداکەی هەرکات خودموختاریمان وەرگرت بۆ بیرەوەری منیش بێ لانی کەم "ئەسکەندەر"ی کوڕم لە جێژنەکەدا بەشدار بکەن تا بزانێ بابی ودەیان وسەدان وهەزاران بابی دیکە گیانیان تەنیا بۆ ئەو ڕۆژە فیدا کردوە. من قادر ئیفتخاری بەدروشمی سەرکەوێ حیزبی پێشەوای گەلی کورد، قازی محەممەدی نەمر، بەو چەند پارچە هەڵبەستە وەسێت نامەکەم کۆتایی پێ دێنم."

تاکەی براکەم ژینی بەو جۆرە؟ تاکەی دەڵێن ئازادی دوورە؟
تاکەی ڕۆڵەی کورد بە خوێنی سوور بێ؟ لەهەموو شتێک بەگشت مەحرووم بێ
تاکەی ژێربار بین ئەی نەسلی کاوە؟ نەپرسی بۆ چی گەلمان بلاوە
تاکەی دەست بەستە ئاومان خوێناو بێ تەنیای گەلێک بین مافمان خورا بێ
تاکەی هەزاران کۆرپەی کوردستان بمرێ هەژارو مات وسەرگەردان
تاکەی گەلی کورد بەوجۆرە بژین هەمیشە تاو بێ بۆمە، ئاسۆی ژین؟
تاکەی گیان بدەین بێ دەواو دەرمان ساوایی نێو لانک تا پیرو جوان
تاکەی لە گێژی جەهل بخنکێین بۆ مافی خۆمان نەوێرین بدوێن
تا کەی بناڵێین لەدەست بێ کاری تەمەن رابوێرین هەر بە هەژاری
چارەی ئەم دەردە یەکییەتی گەلە دەبا ڕاپەڕین هەموو بە پەلە

ڕۆژی ٥ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٢ هەتاوی لەوەها ڕۆژێکدا، کە بەفر لووتکەی چیاکانی کوردستانی داگرتبوو، سەرماو سۆڵ شارو دێ ودەشت وپێدەشتەکانو چیاو دۆڵو لێرەوارەکانی کوردستانی دەبڕی، پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی هێزی شەهید ئاوارەو هێزی شەهید سمکۆ بە پێی بەرنامەیەکی رێکوپێک چوونە ناوشاری شنۆی دڵسۆزو، هەموو لە شوێنی دیاری کراودا جێگیر ببوون. لە کاتێکدا ئاخوندێک لە مزگەوت خەریکی قسەکردن دژی حیزبی دێموکڕاتو جووڵانەوە بوو لەپڕ قریشکەی چەکی پێشمەرگە لە ناوە شاری شنۆی دڵسۆزو خۆڕاگر دەنگی دایەوە تەواوی شار بۆ هێزی دوژمن تەنگ بۆوە. پێشمەرگەکان زۆر ئازایانە لە شەقامو کۆڵانەکانی ناو شار شەڕیان دەکرد دەرسێکی باشیان بە دووژمندا. رۆڵەکانی گەل لە گەرمی شەڕدا بوون کە گوللە خومپارەیەک دوژمن لەناو دەستەیەک لە پێشمەرگەکاندا تەقییەوەو بەداخەوە قادر ئیفتخاری لەگەڵ ٦ قارەمانی دیکەی نەتەوەکەمان بەناوەکانی خالید ناسری، برایم هەمزەیی، ئەحمەد خەلیلی، سەیدکەماڵ، سەعید ئەڵواریو برایمی حەمەڕەش گوڵی تەمەنیان پەڕپەڕ بوو. بەمجۆرە ٧ قارەمانی نەتەوەی کورد لە گەرمەی بەربەرەکانیدا گیانیان بەختی دێموکڕاسیو مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکەیان کردو بە خوێنی سوورو گەشیان لاپەڕەیەکی مێژووی خەباتی نەتەوەی کوردیان نەخشاند.

ئێستا دەیان ساڵ بە سەر شەهید بوونی فەرماندەری لێوەشاوەو ٦ هاوسەنگەریدا تێدەپەڕێ لەو ماوەیەدا هیچکات ناوو ناوبانگی قادری ئیفتخاریو هاوڕێکانی لە بیر نەکراوە، چونکی لە دوای شەهید بوونی ئەودا رۆڵەکانی دێموکڕات زۆر ئەرکی قورسیان بە یادی ئەو بەڕێوە بردو خورپەیان خستە نێو دڵی کۆنەپەرستانی ترسەنۆک.

لە یادی شەهید بوونی فەرماندەری هێزی شەهید ئاوارە، قادر ئیفتخاری و ٦ هاوسەنگەریدا سەربەرزین کە دەبینین رێگای هەروا پڕ ڕێبوارەو چەکی قادرئیفتخاریو خالید ناسری، برایم هەمزەیی، ئەحمەد خەلیلی، سەیدکەماڵ، سەعید ئەڵواریو برایمی حەمەڕەش نەکەوتۆتە عەرزیو دەیانو سەدان کوڕی کورد چەکی شەڕفیان لەشان کردووە رێگای ئەو شەهیدانە درێژە پێ دەدەن. لێرەدا پاش دەیان ساڵ لە تێپەر بوونی ئەو شەهیدانە جارێکی دیکە پەیمان نوێ دەکەینەوە تا وەدی هاتنی ئامانجیان درێژەدەری رێگایان بین.

---




**رەسووڵ مستەفا پوور ناسراو بە (رەسووڵ مستە)**

رەسووڵ مستەفا پوور ناسراو بە (رەسووڵ مستە) لەساڵی ١٣٤٢ لە ئاوایی "سێگرتکان" لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی ناوچەی پیرانشار چاوی بە دنیای روون کردەوە بەرەبەرە کە گەورە بوو بەهۆی وەزعی ناڵەبارو هەلومەرجی سەختی ژیان نەخوێندەوار مایەوە. ژیانی لاوێتی رەسووڵ بە کار لە مووچەو مەزراو کوێرەوەری تێپەڕی. بەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانو ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکڕات، رەسووڵ تازە پێی لە تەمەنی ١٥ ساڵان دەنا. لە ناو ئاوایی بە کوڕێکی لەسەرەخۆو رەوشت جوان ناسرابوو.

دوابەدوای ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو هێرشی سوپای رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو بۆ سەر کوردستان، رەسووڵ لە ساڵی ١٣٥٩ەی هەتاوی رێبازی پڕ لە شانازیی حیزبی دێموکڕاتی هەڵبژاردو لە ریزی پێشمەرگەکانی هێزی ئاوارەی ئەو کاتدا سازمان درا. رەسووڵ کوڕێکی هێدیو لەسەرەخۆو بە نەزمو دیسیپلینو لەگەڵ ئەوەشدا ئازاو نەترسو بێباک بوو هەر بۆیە هەموو هاوسەنگەرانی رێزیان لێ دەگرتو خۆشیان دەویست.

ناوبراو دڵگەرمییەکی لە ڕادەبەدەری بە ژیانی پێشمەرگایەتی هەبوو. بۆ بردنە سەری پلەی زانیاریی خۆی بێپسانەوە هەوڵی دەدا یەکەمین هەنگاو لەو هەلومەرجەی ئەو کات فێربوونی خوێندنو نووسین بوو کە هاوکات خەباتی دژی دوژمن دەکردو دەرسیشی دەخوێند.

رەسووڵ ساڵی١٣٦٠ بۆسەردانی ماڵی خۆیان مەرەخەسی وەردەگرێو لەگوندەکەی خۆیان "سێگرتکان" هێزەکانی رێژیم دەوری ئاوایی دەگرنو بەدیلی دەگرن، ناوبراو لە زیندانیش کەوتە بەر ئازارو ئەشکەنجەیەکی دڕندانە. زۆریان هەوڵدا بەچۆکیدا بێننو ئیرادەی پێشمەرگانەی تێک بشکێنن. رەسووڵ زیندانی کردە مەیدانی شەڕو بەربەرەکانی لەگەڵ رێژیمی ئاخوندیو لەم بوارەشدا رووسوور هاتەدەرو نیشانیدا کە بەراستی پێشمەرگەی

حیزبەکەیەتی. سەرئەنجام لەگەڵ یەکێک لە دیلەکانی شەڕ گۆڕینەوەی پێ دەکرێو لە زیندان ئازاد دەکری.

رەسووڵ پاش ئازاد بوون هەروەک پێشوو چەک بەدەست دیفاعی لە خاکو نیشتمان دەکردو وەک پێشمەرگەیەکی لێهاتوو دژی داگیرکەران وەستایەوە.

رەسووڵ سەبارەت بە ئازایەتیو جوامێری، سەبارەت بە ورەی بەرزو هەڵسووڕ بوونی، سەبارەت بە ئیمانی قووڵ بە رێبازی حیزبو بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەی زۆر زوو جێگای خۆی لە نێو ریزی هاوسەنگەرانیدا کردەوە. ئەو ئامادەی هەر چەشنە فیداکاریو گیانبازییەک بوو و لە بەرێوەبردنی ئەرکو مەئموورییەتە حیزبییەکاندا جیددیو رووسوور بوو، سەرکەوتنی لە ئەرکەکانیدا وای کرد کە بەرپرسایەتی پێ بدرێو پلەکانی پێشمەرگایەتی ببڕێو وەک سەرپەڵ، سەردەستە، جێگری لکو سەرئەنجام بەفەرماندەری لک دیاری بکرێ. لەماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیدا چەندین جار لە شەڕ لەگەڵ پارێزەرانی کۆنەپەرستیدا بریندار بوو کە هەر جارەی پاش سارێژ بوونەوەی برینەکەی بە ئیمانتر لە پێشوو دەگەڕایەوە سەنگەری ئازادی.

چالاکیو هەڵسوڕی رەسووڵ لە خەبات دژی دوژمنانی ئازادیدا بەر چاو بوو. لە زۆربەی شەڕەکاندا بەشداریی چالاکانەی هەبوو وەک قەڵایەکی پۆڵاین لە بەرامبەر دژگەلییەکاندا رادەوەستا. شەڕەکانی جادەی سەردەشت پیرانشار، سەرشاخان، چیانە، سێپێکان، نێو شاری پیرانشارو زۆربەی شەڕە حەماسەکانی ئەو مەڵبەندە بەشداری کردوە. رەسووڵ ئەگەرچی پێشمەرگەیەکی قارەمان بوو، کورێکی بەنەزمو دیسیپلینو تێگەیشتووش بوو. هەمیشە هەوڵی دەدا زانیاری سیاسی خۆی بەرێتە سەر. ناوبراو یەکێک لەو قارەمانانەی دێموکرات بوو کە زۆر شتی دیکەی تێدا بوو. فەرماندەیەکی لێوەشاوەو خاوەن ئەزموونو شارەزاو بە بیروباوەڕ بوو. خۆشەویستی هەژارانی ناوچەو هاوسەنگەرانی بوو لە دڵی هەموویاندا دەژیا.

لەساڵەکانی ١٣٦٧ و ٦٨ بە فەرماندەهی رەسووڵ چەندین عەمەلیاتی شۆڕشگێڕانە بەرێوە چوو. کەمین دانانەوە، بەرپرچدانەوەی پەلاماری رێژیم، هێرش بۆ چەندین پایەگا، لەو حەماسە لەبیر نەکراوانەن کە رەسووڵ بە کارنامەی پڕ لە شانازی هێزی پێشمەرگەی دێموکراتی زیاد کرد.

رۆژی ١٣ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی پێشمەرگەکانی حیزب، ماندوو شەکەت بۆ پشوودانو حەسانەوە چوونە داوێنی کێوی سەرکەشو بە دیمەنو جوانی "دووسەر" لەناوچەی نەڵێنی پیرانشار. سەر لە بەیانی لە لایەن پێشمەرگەی نیگابانەوە ئاگادار کرانەوە کە رێژیمی دژی گەلی هێرشێکی پانو بەرینی هێناوەتە سەریان. پێشمەرگە وەک هەمیشە ئازا لێیان وەدەست هاتنو هێزەکانی رێژیم زەبرێکی کاریگەریان وێکەوت. ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژراو بریندار بوونو بە دەیان قەبزە چەکو کەلوپەلی دیکە بوونە دەسکەوتی هێزی پێشمەرگە. لەو شەڕەدا رەسووڵی قارەمان کە شان بەشانی هاوسەنگەرانی هەڵی دەکوتایە سەر دوژمن، بەداخەوە گوللەی

دژی گەلی‌یەک سینگی پڕ لە ئاواتی هەڵدڕیو خوێنی رژایە سەر خاکی پیرۆزی کوردستانو گیانی بۆ نیشتمان بەخت کردو تێکەڵ بە کاروانی سوورخەڵاتی شەهیدانی حیزبو گەل بوو.

---




## قادر حاجی پوور

لاپەڕەکانی مێژووی پڕلە شانازی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەڵدەینەوە لەهەر لاپەڕێکدا شانازیو فیداکاری رۆڵە نیشتمانپەروەرەکانی گەلەکەمان بەرچاو دەکەوێ کە لە پێناو ئامانجی حیزبی دێموکڕاتو گەیشتن بە مافە نەتەوایەتی‌یەکانیو رزگاری لەچنگ زۆرداریو ملهوڕی حەماسەیان خوڵقاندووەو گیانیان بە سەخاتەوە بەخشیوە هەر لاپەڕەیەکی مێژووی نەتەوەکەمان پڕ لە بیرەوەری قارەمانانی گەڵو سەربەرزانەی شەهیدی رێگای ئازادی نیشتمان کە بە هەموو هەستو بیروباوەرو بە توانایانەوە ئاڵای خەباتی گەلی کوردیان دژی کۆنەپەرستیو زۆر داری شەکاوە راگرتووە دەرسی فیداکاریو خۆڕاگریو گیانبازیان بۆ نەسلی داهاتوو بە میرات بە جێهێشتووەو فێری رۆڵەکانی داهاتووی گەلی کوردیان کردوە کە چۆن کۆڵ نەدەنو چۆن خەبات بکەن. یەکێک لەو رۆڵە قارەمانەو نیشتمانپەروەرو شۆڕشگێڕانەی کە تا دوا هەناسەو دڵۆپی خوێن لە بیروباوەڕی نەتەوەکەی دیفاعی کرد، یادی فەرماندەری لاو و بوێر شەهید قادر حاجی پوور لە پیرانشار رێز دەگرین.

قادر حاجی پوور لەساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی لە داوێنی بنەماڵەیەکی هەژاری زەحمەتکێشدا لە ئاوایی "بەرکەمران"ی پیرانشار لە دایک بوو، ژیانی قادر بێ بەری نەبوو لە ناخۆشیو هەژاری، هەر بۆیەش دەرگای قۆتابخانەی بە روودا نەکرایەوە، پاشان لە تەمەنی منداڵییەوە بۆ یارمەتی دانی باوکیو سووک کردنی باری

قورسی ژیان دەستی بە کار کرد، بەمجۆرە قادر بە ئێسکو پێستەوە هەستی بە چەوسانەوە کردبوو. کاتێک شۆڕشی گەلانی ئێران دەستی پێکردو ڕێژیمی پاشایەتی رووخاو تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکڕات دەستی پێکرد قادر وەک هەزاران لاوی ئەو کوردستانە هاتە نێو مەیدانی چالاکی سیاسیو شۆڕشگێڕانە. لە سەرەتا لە ریزی یەکیتی لاواندا خەباتو هەڵسووڕانی خۆی بۆ خزمەت بە ئامانجەکانی گەڵ دەست پێکرد. دواتر زستانی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی چەکی شەڕەفی پێشمەرگایەتی لەشان کرد.

قادر زوو نیشانیدا کە رۆڵەیەکی بەوەفاو بە ئیمانی حیزبەو ئامادەیە لەپێناو جێبەجێ کردنی ئەرکە حیزبییەکانیدا هەموو جۆرە فیداکارییەک بکا. ئەو هەرچەند تازە لاو بوو بەلام مەیدانەکانی شەڕو لە جریانی مەئموورییەتەکانی حیزبیدا تواناو لێوەشاوەیی بەرچاوی لەخۆی نیشاندا. ئازاو زیرەکو هەڵسووڕ بوو، بە تەحرووک ماندوونەناسو لە شەڕەکاندا دەبوو بە یەک پارچە هێرشو هەڵمەتو ورەو نەبەزین.

ناوبراو لە جەریانی مەئموورییەتەکانی هێزی قەندیل لە ئالانی سەردەشتو پارێزگاری لە دەفتەری سیاسیو زۆر کاری دیکە بە دیسیپلین بوونی خۆی نیشانداو دەریخست کە دەتوانێ ئەرکی قورسی بەرپرسایەتی دەستەیەکو چەند دەستەش لە پێشمەرگەکان بەڕێوە بەرێ.

قادر حاجیپوور لە زۆر شەڕدا رۆڵی ئازایانەو قارەمانانەی گێڕاو شەڕەکانی گەڵیتوان، جادەی میشەدێ بۆ دۆڵی گوێزان، نێوشاری پیرانشار، جادەی سەردەشت - پیرانشارو شەڕی سێپەکانو چەندین عەمەلیاتی دیکە بۆ هەمیشە شاهیدی بۆ ئازایەتیو قارەمانەتی ناوبراو دەدەن. قادر بۆ ماوەی ساڵێکیش لە هێزی کیلەشین خزمەتی کردو لەو هێزەشدا نیشانیدا کە کوڕی مەیدانی خەباتو بەربەرەکانییەو داوەڵێکی سەر ڕێگای ناتوانێ لەخەباتو تێکۆشان سڵی بکاتەوە. ئەو لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا سادقو لێوەشاوە بوو، بەرپرسایەتی سەرپەلو، ساڵی ١٣٦٩ جێگری لکی پی سپێردرا لەو پۆستەشدا زوو نیشانیدا کە بە حەق لەدوا رۆژێکی نزیکدا ببیتە فەرماندەرێکی هەڵکەوتووی هێزی پێشمەرگە. بۆیە لە ساڵی١٣٧٠ لە لایەن تەشکیلاتەوە وەک فەرماندەری لک دیاری کراو توانی ئەو ئەرکەش بە روو سووریو لێوەشاوەی بەڕێوە بەرێ. بەمجۆرە تا رۆژی شەهید بوونی ئەو ئەرکە گرینگەی بەڕێوە بردو لەو ماوەیەدا کارزانیو لێهاتوویی خۆی لە بواری کاری نیزامییدا پتر نیشاندا.

قادر لە رۆژی ٢١ی پووشپەڕی ساڵی١٣٧٠ی هەتاوی لە گەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی قەندیل بەرەو ناوچەی پیرانشار دەچوونەوە لە شوێنێک بە ناوی "دۆڵەسپی" کەوتنە کەمینی دوژمنانی ئازادیو، پێشمەرگەکان زوو لێیان وەدەست هاتن پاش شەڕێکی دەستەو یەخە بەداخەوە قادر حاجیپوور لە گەڵ هاوسەنگەرێکی بە ناوی قادر رەحمانی شەهید بوونو چوونە نێو کاروانی شەهیدانی رێگای ئازادیو بەختەوەری گەڵو نیشتمانو بە خوێنی خۆیان حەقانییەتی خەباتی گەلەکەیان مۆر کرد. شەهید قادر دەیتوانی خزمەتی زیاتر بە نەتەوەکەی بکاو لە دوا رۆژدا کەلێنێکی گەورە بگرێ. بەلام شەهید بوو، هاوسەنگەرانی قادر

حاجی‌پوور بە درێژەدانی بە رێگای سووری شەهیدان رووحی قادرو هەموو شەهیدانی دیکە شاد دەکەن. لە ئاکامی ئەو خەباتو تێکۆشانەدا گۆمانی تێدا نیە کە ئەو رۆژە دێ ئەو ئامانجانە وەدی بێن کە شەهید قادرو هەموو شەهیدانی حیزبو نەتەوەکەمان گیانیان لە پێناودا بە جێهێشت.

---




## ئەبووبەکر دەرەوی

ئێوارێی ١٨ی خەرمانانی ساڵی١٣٧٢ی هەتاوی نزیک بە سەد پێشمەرگە لە کێلەشینەوە بەرەو قووڵایی ناوچەی شنۆی دڵسۆز شۆڕ بوونەوە، ناوی شەو، شوێنی مانەوە، مەودای پێشمەرگە، بەهەموو هاوڕێیان گوترا، مانگ ١٤شەوە دەبوو، سریوە لە هیچ بوونەوەرێک نەدەهات پێشمەرگە بەرەو جەرگەی دوژمن دەخوشین. بریقەبریقی چرای مۆڵگەکانی سەر رێی پێشمەرگە روناکای دەخستە سەر زەوی، پاش چەند سەعات رێگا بڕین جار جار بۆ پشوودانێکی چەند دەقیقەی رادەوەستان، سەعاتی١ی نیوەشەو پێشمەرگە بە نێو دارە پڕ لە مێوەی جۆراوجۆری شنۆ هەنگاوی دەنا، هەر کەسەو خەیاڵ هەڵیگرتبوو جارجاریش دەستیان بۆ دار مێوەیەک درێژ دەکرد کە ئەگەر بەدستیانەوە بێ گەرووی پێ تەڕ بکەن. سەعات ٤ی بەیانی خەڵکی گوندی "سەوجە" باوەشی بۆ رۆڵەکانیان کردبۆوەو هەر تیمەی لەماڵی خۆی جێگیر بوو. پێشمەرگە خەریکی پشوودان بوو غافڵ لەوەی کە سیخوڕی ترسەنۆک هەواڵی هاتنی هێزی پێشمەرگەی بۆ گوندی "سەوجە" بە رێژیم داوە. لە سەعاتی ٩ی بەیانی رێژیم هێرشی کردە سەر رۆڵەکانی گەڵو لەشەڕێکی١٠ سەعاتەدا پێشمەرگە زەبرێکی کاریگەریان لە دوژمن وەشاند لەو شەڕەدا قوربانی ئەو سەرکەوتنە خوێنی شەهید ئەبووبەکری دەرەوی بوو، کە یادی دەکرێتەوە.

ئەبووبەکر دەرەوی لە ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی لە گوندی "کاسەکەران"ی ناوچەی پیرانشار لە بنەماڵەیەکی

وەرزێڕی مامناوەندی لە دایک بوو. بەرەبەرە کە گەورە بوو تـوانی قەڵەمو دەفتەر بە دەستەوە بگریّو ڕەوانەی قوتابخانە کرا. بەڵام بە هۆی کێشەی ژیان نەیتوانی درێـژە بە خوێنـدن بـداو ڕووی لەکـاری وەرزێـڕیو دامـداری کرد، بەم چەشنە لە تەمەنی منداڵی لە قۆناغێکدا کە پتر لە هەموو کاتێک نیازی بە ئاگـاداریو پێڕاگەیشـتن بوو پێیی نایە مەیدانی کارو ڕەنج کێشانو تا بتوانێ بەشێوەیەک ژیـانی خـۆیو بنەماڵەکەی هەڵسووڕێنێ. ئەو بێئەوەی ڕووگرژ بێ وەک مێرمنداڵێکی تێگەیشتوو لەگەڵ سەختییەکانی ژیان بەربەرەکانی دەکردو چارەسەری بۆ دەدۆزییەوە. ئەو کوڕێکی کارلێهاتوو و کارامە بوو. هێمنیو لەسەرەخۆیی ئەبووبەکر ببوو بە هـۆی ئـەوە لـە نێـو هاوالانیدا بە کوڕێکی جێگای ڕێزو لەبەر دڵان بناسرێ. دوای ئـەوەی شۆڕشـی گـەلانی ئێـران سـەرکەوتو حیزبـی دێموکڕاتی کوردستان تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەست پێکرد لە گەڵ ڕێبازی ئەو حیزبە ئاشنا بوو.

ئەبووبەکر لە سـاڵەکانی لاوییەوە وەک زۆربـەی منـدالانی ئـەو مەڵبەنـدە لـە گـەل نـاوی حیزبـی دێمـوکڕاتو کۆمـاری کوردسـتان ئاشـنا بـوون. کاتێـک ئاخونـدەکان دەسـتیان بەسـەر چارەنووسـی گـەلانی ئێـران داگـرتو وەیشوومەیـان خستە وڵاتو بە تـایبەتی تیـری نەگبـەتی خۆیـانو ڕێژیمەکەیان هاویشتە کوردستـان، زۆر زوو لـە دوژمن هەستاوەو، ساڵی ١٣٦٣ هات بوو بە پێشمەرگە حیزبی دێموکڕات. خوێن گەرمو ڕازی لە کاری خۆی، وەک زۆربەی قارەمانەکانی کوردستان بەرەنگاری پەلاماری دڕندانـەی هێـزە بـەکرێگیراوەکانی ڕێـژیم بـۆوە، ئیتـر هـەر ئەوە بوو بەرگی پیـرۆزی پێشمەرگایەتی لەبـەر کـردو بـەڵێنی فیداکارییو خزمەت بە حیـزبو نەتەوەکەیداو، شێلگیرو وەفادار بە ڕێگای پیرۆزی خۆی هەنگاوی ناو تەنانەت تاوێکیش لەخەبـاتو تێکۆشان نەوەستا. ئـەو زوو گوڵی کردو بە ئازایەتیی وزیرەکی خۆی لە شەڕەکاندا ناوبـانگی دەرکرد. ئـەو مانـدووی نەدەناسـی هـەرچی بـووی هەر وەفـاو ئـەوینی نەتـەوە بەشخوراوەکەی بـوو کە چووبـوە هەناوییـەوەو دەم بـەدەم ئیـرادەو توانـای بـۆ درێـژە پێـدانی ئـەو ڕێگایـە پتـەوترو زیـاتر دەکـرد. هەر ئەوە بـوو هەلـی بە دەرفەت زانـی ڕزگـاری چەوسـاوانی لە بەرنامەو پرۆگرامی حیزبی دێموکڕاتدا دیتەوەو وەک پێشمەرگەیەکی ئازاو بە ئەزموونو لـەخۆبووردوو، بـە نـەزم دیسیپلین ئەرکی خۆی بەڕێوە دەبرد.

ئەبـووبکر پێشمەرگەیەکی بـەوەجو بیروبـاوەڕ بـوو بـۆ بـەڕێوەبردنی ئـەرکو مەئموورییـەتی حیزبـی ئەوپـەڕی دڵسۆزیو فیداکاری لەخۆی دەنواند. ئەو ئامـادەی هـەر چەشـنە فیـداکاریو گیانبازییـەک بـوو و لـە بـەڕێوەبردنی ئەرکو مەئمووریيەتە حیزبییەکاندا قایمو قۆڵ بوو. لە شەڕەکانی ناوچەی پیرانشار ئـازایەتی لە خۆی نیشـان دا. دوو جار لەشەڕدا برینـدار بوو پاش سارێژ بوونەوەی برینەکە ئازاتر دەهاتەوە مەیدانو سەنگەری قایمتر لە دوژمن دەگرتەوە. بە لێهاتوویی وەک فەرماندەری پەڵو پاشان وەک فەرماندەری لک دیـاری کـرا. ئەبـووبەکر زۆر ئازایانە شانی وەبەر ئەو مەسئولییەتە داو وەک فەرمانـدەیەکی لێهـاتوو لەبەرەکـانی شـەڕ دژی هێزەکـانی ڕێـژیم دەوەستاوە، بە فەرماندەهی ئەو چەندین عەمەلیاتی قارەمانانە لە ناوچەی پیرانشارو شنۆو نەغەدە بەڕێوە

چوو، ناوبراو لە شەڕەکاندا هەمیشە لەسەنگەری پێشەوە هاوسەنگەرانی ڕێنوێنی دەکرد.

ڕۆژی ١٩ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧٢ لە ئاوایی "سەوجە" لە ناوچەی شنۆ پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی قەندیلو کێلەشین لەو ئاوایی‌یە مابوونەوە کە هێزی کۆماری ئیسلامی پەلاماری دانو پاش شەڕێکی قارەمانانە زیاتر لە ١٠٠ کەس لە هێزی کۆنەپەرستی جاشو پاسدارو بەکرێگیراوی لێ کوژراوە ئەو ڕۆژە ئەبوویەکری دەرەوی بۆ جارێکی دیکە سەلماندی کە کوڕی ڕۆژی تەنگانەیەو بە هەر هەڵمەتێک دوژمنی وەلەرزە دەهێنا. بە داخەوە لەو شەڕە قارەمانانەیەدا کەوتە بەر گوللەی داگیرکەرانی کوردستانو دڵە گەورەکەی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوتو تێکەڵ بە کاروانی سوور خەڵاتی شەهیدانی کوردستان بوو.

---




**حوسێن عەلی‌پوور ناسراو بە (حەسۆ)**

هەشت ڕۆژ لەمانگی خەزەڵوەری پاییزی ساڵی١٣٧٠تێدەپەڕی، هەوا بەرەبەرە روو بەساردیو کۆتایی‌یەکانی گەرما بوو، ئەو بەرە بەیانی‌یە وەک هەموو رۆژکانی دیکە کادرو پێشمەرگە لەگوندی "ئینـدزێ" زوو لە خەو هەستان بۆئەوەی سەعاتی ٨ی بەیانی لە شوێنی دیاری کراو چاوەڕوانی مینوبووسەکە بن کە بەرەو شوێنی کاریان بەرێ، خەڵکێکی دڵگەرمو پاکو بێگەرد کۆ دەبوونەوە تا دەبوو بە کاتژمێری ٨ بە شۆخیو جەفەنگەوە لە گەڵ یەکتر دەدوان. لەنێو مینوبۆسەکەش کە چارەگە ڕێگایە دەبوو هەر بەقسەی خۆشو باس کردنی هەواڵی رادیۆ جیهانی‌یەکان دەگەیشتنە شوێنی کار، بەڵام ئەو رۆژە واتە ٨ی خەزەڵوەری ساڵی١٣٧٠ غافڵ لەوەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای سیخوڕەکانی‌یەوە ماشێنێکی شوارلێتی پڕ لە تەقینەوەی لەسەر ڕێگا بۆ

دانابوونەوە. سەرنشینانی مینوبوسەکە ٢٧ کەس لە کادرو پێشمەرگەی بنەماڵەی حیزبی بوون لە نیوەی ڕێگا کە دەگەنە شوێنی شواڕلێتی بۆمب ڕێژکراو، لە ڕێگای دوورەوە دەتەقێتەوەو بەداخەوە ٣کەس لە کادرو فەرماندەی حیزبەکەمان بەناوەکانی حوسین عەلیپوور ناسراو بە حەسۆ جێگری هێزی پارێزگاری، مەلارەسووڵ گەردیو جەلیل مامایی شەهید بوونو ٢٤ کەسیش بریندار بوون. لە بەرنامەی فەرماندەرانی شەهیدی ئەمجارە یادی شەهید حوسێن عەلیپوور ناسراو بە حەسۆ دەکەینەوە.

حوسێن عەلیپوور ناسراو بە "حەسۆ" لەساڵی ١٣٣٣ لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی لەئاوایی گردەسووری ناوچەی بەربنەی پیرانشار چاوی بە دونیای پڕ لەرەنجو کوێرەوەری پشکووتو لە ئامێزی گەرمی دایکی زەحمەتکێشی لە نێو سروشتی جوانی کوردستانی خۆشەویستدا گەورە بوو. ژیانی تێکەڵاو لەگەڵ زەحمەتو کوێرەوەریو چەوسانەوە بوو. حوسێن عەلیپوور ئەگەرچی لە بنەماڵەیەکی نێونجی ژیان لەو کاتدا گەورە بوو بەڵام بە نەخوێندەواری مایەوە، بۆیە بە ناچار هەر لە منداڵییەوە شانی دایە بەر کارو لە مووچەو مەزرادا خەریکی کاری سەختی وەرزێڕی بوو مەرداریو کاری وەرزێڕی ڕێگای قوتابخانەی لێ بەست. حوسین شەو و ڕۆژ وێڕای بنەماڵەی کاری دەکرد ژیانی ناوبراو تا شۆڕشی گەلانی ئێران بەمجۆرە درێژەی کێشا. بە دەست پێکردنی خۆپێشاندانەکان دژی ڕێژیمی پاشایەتیدا بەشداری کرد. بە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانو تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکڕات، حەسۆ لەگەڵ ڕێبازو ویستەکانی حیزب ئاشنایەتیی پەیدا کرد. ئەو زۆری پێخۆش بوو کە لە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی ببینێتەوە، پاش رووخانی ڕێژیمی شاو هاتنە سەر کاری ڕێژیمی ئاخوندیو زەوت کردنی دەسکەوتەکانی شۆڕش لە لایەن ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گویشتووی ئیسلامی، حەسۆ ساڵی ١٣٥٨هاتە نێو ریزی پێشمەرگەکانی حیزبەوە بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئاخوندیو دیفاع لە مافو ئازادییەکانی گەلی کورد.

حەسۆ پێشمەرگەیەکی دڵپاکو قسە خۆش بوو. کۆڕی هاوڕێیانی هەمیشە رازاوە رادەگرت هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەت بە حیزبو گەلەکەی تەرخان کرد. هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمەوە کەوتە بەر دڵانو جێگای خۆی لە نێو هاوسەنگەرانیدا کردەوە. ئیمانی قووڵی بە ڕێبازەکەی هەبوو پێشمەرگەیەکی رەفتار بەرزو خاوەن خوو ڕەوشتی شۆڕشگێرانە بوو. هەربۆیە توانی زوو ببێتە خۆشەویستی پێشمەرگەکانو خەڵکی ناوچەی پیرانشار.

حەسۆ ڕۆڵەیەکی نەترسو فیداکارو گیانباز بوو، هەمیشە لە سەنگەری رووبەروو بوونەوەو بەرگری دابوو. لە شەڕەکاندا بە ورەو ئیمانێکی پۆڵاینەوە پەلاماری هێزە دژی گەلییەکانی ڕێژیمی دەدا. لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی پیرانشار داو لەشەڕەکانی ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا بەشداری چالاکانەی هەبوو. فیداکاری حەسۆ بوو بە هۆی ئەوە وەک سەرپەلو پاشان جیگری لکو سەرئەنجام وەک فەرماندەری لک دیاری بکرێ. ناوبراو ئەو مەسئوولییەتی بە دڵێکی گەورەوە وەرگرت هەرچی لە توانای دابوو بۆ بارهێنانی پێشمەرگەو تاکتیکی نیزامیی

بەکاری هێنا، جێگا پەنجەی لە زۆر عەمەلیاتی قارەمانانەی ناوچەی پیرانشار دیارن وەک: شەڕی شێلمجاران، جادەی پیرانشار نەغەدە، شەڕی پشتی کانیخودا، شەڕی نێوان خالّدارو سێڵوێ، شەڕی پایەگای دەڵاوانو هەموو شەڕەکانی ناوچەی بەربنە. ئەوانە نموونەیەکی چووکەن کە لە دەفتەری بیرەوەری هێزی پیشمەرگەی کوردستاندا تۆماری کردون.

حەسۆ لە مەیدانی بەربەرەکانی لە گەڵ هیزەکانی کۆماری ئیسلامیدا دووجار بریندار بوو هەموو جارێ پاش سارێژ بوونەوەی برینەکەی بە گوڕتر لە پێشوو دەهاتەوە مەیدانو سەر لە نوی سەنگەری لە کۆنەپەرستان دەگرتەوە. زۆر لە رۆژەکانی ساڵ لەپڕ شریخەی تفەنگو تۆپو خومپارەی دوژمنو بۆنی باروتو دووکەڵ سروشتی جوانی ئەم ناوچەیە لە خۆیدا نوقوم دەکردو حەسۆ وێرای هاوسەنگەرانی لە هێزی دوژمن رادەپەرین ولە شوینە جۆراوجۆرەکانی پیرانشار راویان دەنان.

حەسۆ لە باری کۆمەڵایەتیەوە کەسایەتی بەرزی هەبوو رووی لە هەر ماڵێک کرد بایە دەرگای لە سەر پشت بۆ کرابۆوە، ئەخلاقی شۆڕشگێڕانەی بە مەعنای واقعی خۆی لە وجوودیدا هەبوو، دەرسی ئەخلاقی بەرزی بە هاوسەنگەرانی فێر دەکرد. حەسۆ پاشان لە لایەن حیزبەوە نێردرایە بنکەی دەفتەری سیاسیو وەک جێگری هێزی سامرەند دیاری کرا، ناوبراو لەو هێزەش بۆ رێکوپێک کردنی ئەو هێزە چی لە توانایدا هەبوو ئەنجامی داو لە هەر ئەرکێکی کە پێیان ئەسپێردبایە دریغی نەدەکرد.

بە داخەوە تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی لە پیلانێکی خائینانەدا رۆژی ٨ی خەزەڵوەری ساڵی١٣٧٠ لە رێگای تەقینەوەی ماشێنێکی بۆمب رێژکراو لەسەر رێگای مینوبوسێکی حیزب لە نێوان شوێنی پشوودانو شوێنی کارەکەیان دەتەقێننەوەو حوسین عەلیپوور وێڕای دوو هاوسەنگەری دیکەی بەناوی مەلارەسووڵ گەردیو جەلیل مامایی شەهید بوونو ٢٤ کەسی دیکە بریندار بوون. دوکتور سادق شەرەفکەندی بە بۆنەی شەهید بوونی ئەو ٣ هاورێی چەند وتەیەکی لە سەرەخۆشی پێشکەش کرد بەمجۆرەیە.

"هەر وەک دەبینین ئەو پیلانە بۆ ئێمە زەبرێکی چکۆڵە نییە. هاورێیانی ئاوا بە نرخمان لە دەست داوە. دیارە چونکە جارجار برادەران موقایسە دەکەن بە ئەوەی کە دەیتوانی بگاو نەگەیشتووە، بۆ وێنە ئەوە لە زاریان دەردێ کە چاکمان نەجاتی بوو. لە سەتحێکی گشتی حیزب دا، دیارە ئەوە راستە. ئەگەر هەر ٢٧ نەفەرەکەی ناو ئوتوبووسەکە لەبین چووبان زەربەکە زۆر زۆر گەورەتر دەبوو، بەڵام بە هەر حاڵ لە سەتحی خۆیدا وەک دەبینن ئەوە زەبرێکی کەم نیەو جێگای داخێکی زۆرە. بەڵام چ دەتوانین بکەین لە واقیع دا؟ ئێمە شۆڕشگێڕین، پێمان لە رێی خەبات ناوە، رێگای عەمەلی خەبات، بە کردەوەش خەبات دەکەین، نەک دانیشتبینو لە جێگایەکی دوور لە مەیدانی خەباتو بە قسەو بە دروشم. خەباتگێڕی بە کردەوەین. دەڵێین کوڕی مەیدانین. لە مەیدانی خەباتیشدا، لە مەیدانی عەمەلی دا ئەوەیە، یانی ئێمە بە هیچ وەج نە ئاشقی

شەهادەتینو نە بە خاتری شەهادەتو ئەو شتانە هاتووینە مەیدان. ئێمە بە بیرو باوەڕێک هاتووینە مەیدان. وەک ئەرزم کردن ئەو برادەرانە موختەسەرێک لە شناسایی شەخسیەتی، بۆ خۆیان نموونەی ئیمان بە بیرو باوەڕ بوون. لە ڕێگای بیرو باوەڕیشدا دەکوژرێی، دەکوژی، وەلازمە مەیدانی خەباتی بە کردەو ئەوە شتێکی تەبیعییە. لە مەیدانی خەباتو موبارەزەدا نوقڵو نەبات بڵاو ناکەنەوە، تۆ بە هەر وەسیلەو ئیمکانێک کە دێتە دەستت دەتهەوێ دوژمن بە چۆک دابێنی، زەبری لێ بوەشێنی، ئەویش دیارە بە هەموو ئیمکانێکی کە لە دەستی بێ دەیهەوێ زەبر بوەشێنێو سەدەمەمان لێبدا. بەڵام دیارە واقعییەت ئەوەیە کە لە مەیدانی عەمەلیدا ئەوەی قارەمانەتیو رووحییەی بەرز دەگەیەنێ قەت ڕێژیم بە پێشمەرگەی ئێمە نەوێراوە. هەمیشە دەبینن کە دەگاتە مەیدانی رووبەروو بوون دەگەڵ پێشمەرگە چەند بێورەو زەبوونە با وجوودی تەواوی ئەو ئیماکاناتو شتەی کە هەیەتی. ئەو پەنا دەبا بۆ ئەو جۆرە کارانە کە مومکینە لە باری ماددی هێزێکی گەورەتری بوێ، بەڵام لە باری رووحییەو بیرو باوەڕەوە زەعیفتر."

---




**قادر حەسەنپوور ناسراو بە (قادری حاجیعەوڵا)**

ئێوارێکی درەنگ بوو پێشمەرگەکانی هێزی بەیان بەرەو ئاواییەک دەرۆیشتن کە پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا لەوێ جێگیر بوونو چاوەڕوانی ئێمە بوون، کاتێک لە هەورازی بەرماڵان سەرکەوتم، چوار پێشمەرگە، کە یەکیان ئاغابانووی لەسەر دابوو کەمێک سوورکارە بوو بۆ یەکەمین جار بوو منی دەدیت. لە گەڵ یەکەم چاوپێکەوتن زۆر بەگەرمی دەستی لە ناو دەستم ناو گوتی" کاک برایم بەخێرێی". بەسەر سوورِمانەوە سەرم بەرز

کردەوە هەناسەبڕکە لاچاوم ماچ کرد. پاشان لەگەڵ یەک ئاشنا بووین، قادری حاجی عەولا. بە تەمەن کەم، دەرەنگ هات بۆ پێشمەرگایەتی، بەلام ژیانی حیزبایەتیو شۆڕش بۆ رزگاری گەلی کورد, قادری زوو بار هێناو کردی بە یەکێک لە قارەمانەکانی مەیدانی خەباتو تێکۆشان، هەروا بە هاسانی درووست نەبوو خۆی ماندوو کرد، بوو بە کوڕی رۆژی تەنگانە. قادر خەباتی دەکرد تا تیشکی دێموکراسیو مافی دیاری کردنی چارەنووس لە کوردستاندا ولات رووناک بکا. خەباتی شۆڕەسوارانو شۆڕشگێڕانی کورد لە پێناوی ئەم ئامانجو مەبەستە دایە، زۆر شۆڕەلاوی بەئەمەگی وەک قادر بۆ گەیشتن بە رێبازی سووری شەهیدانو وەدیهاتنی ئاواتی نەتەوەکەیان خوێنیان رژاوە. فەرماندەری ئازاو کۆڵنەدەر شەهید قادری حەسەنپوور ناسراو بە قادری حاجی عەولا رێز لە ناوو خەباتیو یادی دەکەینەوە.

قادر حەسەنپوور ناسراو بە قادری حاجیعەولا ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی لە داوێنی بنەماڵەیەکی ورزێڕ لەگوندی پەسوێ لەدایک بووە. هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ کوێرەوەری دەستەو یەخە بووە، لە تەمەنی 7 ساڵاندا نێردرایە قوتابخانەو تا دەورانی ناوەندی درێژەی بە خوێندندا. هاوینان کە قوتابخانەکان دەبەسترا، وێڕای بنەماڵەکەی دەچوە مووچەو مەزرا کاری دەکرد.

ژیانی پڕ لە رەنج و مینەتو، زەبرو زەنگی هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیمی ئیسلامیو سیاسەتە دژ بە کوردی ئەو رێژیمە ئەویان هاندا بە مەبەستی خەبات دژی دەسەلاتداریێتی سەرەڕۆیانەی رێژیم.

قادر ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی رووی کردە نێو ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو، ناوبراو دوای تەواو کردنی دەورەی سەرتایی لە هێزی پێشەوا سازمان دراو لەو هێزە تێکۆشانی پێشمەرگایەتیی خۆی دەست پێکرد. قادر لەکاتێکدا تێکۆشانی دەست پێکرد کە هەلومەرجی ناوچە بە تەواوی میلیتاریزە بوو ئەرکی پێشمەرگایەتی زۆر قورس بوو، کاری سەختی پێشمەرگایەتی قادری لە کورەی خەباتدا قاڵ کرد، لە سەرەتاوە بە هەموو لێوەشاوەیی خۆی بۆ خزمەتی حیزبو گەلەکەی تەرخان کرد، کە زۆر زوو جێگای خۆی لە نێو هاوسەنگەرانیدا بکاتەوە. ناردنی قادر بۆ هێزی پێشەوا لەگەڵ شادیو خۆشحاڵی پێشمەرگەکانی ئەو هێزە کە ئەویان باش دەناسی بەرەورووو بوو، چونکە سەداقەتو ئیمان، قارەمانەتیو هەڵسووڕیو دەستو بردی بۆ هەموو پێشمەرگەکان ناسرا.

قادر وەک پێشمەرگەیەکی دڵسۆز وەک لاوێکی شۆڕشگێڕو خەباتگێڕ قۆڵی بۆ خزمەت بە نەتەوەکەی هەڵماڵی. ناوبراو لە ماوەیەکی کورتدا نیشانیدا کە بە راست رۆڵەی حیزبی دێموکراتەو قەت سەر بۆ دوژمن دانانەوێنێ. زۆر ئازایانە لە شەڕ لەگەڵ دوژمن بەگژیاندا دەچۆوە. لە شەڕەکانی ناوچەی مەهاباد رۆڵی باشی دەگێڕا، هەر بۆیە سەرنجی پێشمەرگەکانیشی بۆلای خۆی راکێشابوو. دەتوانم بڵێم لە ماوەیەکدا کە لە هێزی پێشەوا بوو پێشمەرگەیەکی هێدیو لەسەرخۆو بە سەبرو حەوسەلە بوو. ئەو تایبەتمەندیانە تێکەڵ بە

ئازایەتیو فیداکاری ببوون هەر بۆیەش لەو هێزەدا خۆشەویست بوو. شەڕە بە ناوبانگەکانی ناوچەی مەهاباد بیرهێنەرەوەی ئەو قارەمانیەتی کە قادر لەریزی پێشەوەی هاوسەنگەرانیدا سەنگەری دەگرتو بە ئیرادەی لە شکان نەهاتوویەوە بەکرێگیراوانی کۆنەپەرستی بە چۆکدا دەهێنا. ئەو تایبەتمەندیانە وای کرد کە قادر بەرپرسایەتی پێ بدەرێو لەو مەیدانەشدا شانی بەر کار داو زۆر رووسوور لە مەیدان هاتەدەر، بە لێوەشاوەیی خۆی توانی زۆر زەبری کاریگەر لە دوژمن بوەشێنێ.

قادر پاش چەند ساڵ پێشمەرگایەتی ئەگەرچی پێی خۆش بوو هەر لەو ناوچەیە واتە مەهاباد بمێنێتەوە بەڵام کاری حیزبیو پێویستی تەشکیلاتی رێگای بە قادردا کە بگەڕێتەوە ناوچەی پیرانشارو لە هێزی قەندیل سازمان بدرێ. لەو هێزەش وەک چاوەڕوان دەکرا بوو بە چقڵی چاوی دوژمنو هەر سەنگەرێک قادری حاجی عەوڵا سەنگەری لێگرتبایە دوژمن نەیدەتوانی بەرەنگاری بێ.

قادر زۆری نەخایاند وریاییو وشیاریو سەداقەتو قارەمانەتی خۆی نیشاندا، درووستیو راستی ئەو شۆڕشگێڕە، دەستو بردیو نەبەزی لە شەڕ دژی بەکرێگیراوانی داخ لەدڵ، قادری کردە خۆشەویستی خەڵکو لە ناو هاوسەنگەرانیدا بە هۆی قارەمانەتیو لێوەشاوەیی بە قادری حاجیعەوڵا ناوبانگی دەرکرد. ئەم ناوە هەروا بەخۆڕایی لە سەری دانەنرا. کوڕێک بوو توندوتۆڵ، بەوره، کارامەییو نەزمو دیسیپلینیو باوەڕی پتەوی بوو بە هۆی ئەوە ببێتە فەرماندەری لک.

قادری حاجیعەوڵا لەو بەرپرسایەتیدا ئەو پەڕی شەهامەتو نەترسی لە خۆی نیشاندا، بە کردەوە سەلماندی کە شیاوی ئەو پلەو بەرپرسایەتییە، بە کردەوەی جوامێرانەی دەرسی خۆڕاگریو مقاومەتو نەترسیو ئیمان بە رێبازو ئامانجی فێری هاوسەنگەرانی دەکرد.

رۆژی ٢٧ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی کوێستانەکانی قەندیلو مەیدانان لە ناوچەی پیرانشار رەشانگیان تێکەوتبوو مەرداران لە کوێستانەکان بارەگەو بنەیان بڵاو کردبووە، جووتیاران خەریکی کاری وەرزێری بوون. حەوت پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بۆ کارو مەئموورییەتی حیزبی دۆڵو چیاکانی مەڵبەندی پیرانشاریان دەبڕی بەرەو قۆڵای ناوچەکانی کوردستان هەنگاویان دەنا. بێ خەبەر لەوەی کە سیخوڕو بەکرێگیراوانی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی داویان بۆ داناوەنەوە. دەمەو ئێوارێ ٧ تێکۆشەری دێموکرات لەپڕ کەوتنە کەمینی خائینانو هێزی کۆنەپەرستی، لەهەموو لایەک بەر دەسرێژیان دان، کوڕانی دێموکرات وەک هەمیشە زوو لێیان وەدەست هاتنو شەڕێکی نابەرامبەرو خوێناوی دەستی پێکرد، دوژمن تا دەهات گەمارۆی توندتر دەکرد پاش چەند سەعات شەڕ بە داخەوە قادری حەسەنپوور ناسراو بە قادری حاجی عەوڵا لەگەل ٥ لە هاوڕێکانی بەناوەکانی سیامەک نیزامی، حوسین فەتحوڵاهی، مەحموود ئیسماعیلی، مراد دەریازیو ئەحمەد بابەکە گیانیان کردە قوربانی بۆ هەمیشە چاویان لەسەر یەک دانا.




**محەممەدی مەلامینە**

حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شانازی بەوە دەکەن کە لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی دەیان ساڵەی شۆڕشگێڕانەو بێ‌پسانەوەی، بەخوێنی ڕۆڵە بە ئەمەگەکانی نووسراوەتەوە، ڕابردووی خەباتی دووروو درێژو پڕاوپڕ لە قارەمانەتی‌و فیداکاریی کادرو پێشمەرگەکانییەتی‌و، بۆ دابین کردنی ویست‌و داخوازە ڕەواو لە مێژینەکانی لە بەرامبەر سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە چۆک دانەهاتووەو گیانی پاکی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی فیدای سەربەستی‌و ئامانجی کردوە. یەکێک لەو ڕۆلە تێکۆشەرانە کە باشترین ساتەکانی تەمەنی خۆی لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجی گەلەکەی‌دا بردە سەرو هەر لەو ڕێگایەش‌دا گیانی بەخشی، ڕێز لە یادو ناوی دەگرین شەهید محەممەد مەلامینە لە ناوچەی پیرانشار.

محەممەدی مەلامینە ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی لە ئاوایی شیناوێ لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش‌دا چاوی بە دنیای کوێرەوەرییەکانی ڕۆژگار کردەوە. دەورانی منداڵی لە باوەشی دایکو باوکی خۆشەویستی‌دا تێپەڕاندو پاشان لە ٧ ساڵی ڕەوانەی قوتابخانە کراو زۆر زیرەکانە پۆلەکانی سەرەتایی بڕی‌و تا ٦ی سەرەتایی دەرسی خوێند. پاشان لە تەمەنی ١٣ ساڵی‌دا شان بەشانی باوکی زەحمەتکێش کاری دەکرد نانێکی شەرافەتمەندانەی بۆ بژێوی باشتری ماڵەوە پەیدا دەکرد. پاشان کە گەورەتر بوو ڕووی لە شارەکانی دیکەی ئێران کردو لە شیرکەت‌و کورەخانەدا ئارەقەی دڕشت بۆ ئەوەی بە سەربەرزی ژیان تێپەڕ بکا. ئەو گەڕان‌و هاتوچۆیە بۆ شارەکانی دیکە بوو بە هۆی ئەوە کە زیاتر هەست بە چەوسانەوە بکاو زۆر لەگەڵ ژان‌و ئازارەکانی تێکەڵ بێ.

بەدەست پێکردنی خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ دژی ڕێژیمی پاشایەتی گەڕاوەتەوە کوردستانو بەشداری کردوە، پاش تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان چەکی دیفاع لە پاراستنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردی دەست دایەو لە هێزی ئاوارەی ئەو کات سازمان دراو دەستی بە تێکۆشانی سیاسی کرد.

محەممەد مەلامینە کوڕێکی هێدیو هێمنو لە سەرەخۆو هەر لەو کاتەدا پێشمەرگەیەکی ئازو بە دەستو برد، وەک هەڵۆیەکی بەرزەفڕ بە سەر دوژمندا زاڵ بوو، بە نەزمو بەدیسیپلین بوو بۆیە لە ماوەیەکی کەمدا ئەرکی فەرماندەری لکی پێ ئەسپێردراو، وەک فەرماندەیەکی لێزانو جەسوور ئەرکەکانی بەڕێوە دەبرد. شەڕە حەماسیەکانی سۆغالوێ، بادیناوێ، قەلاتەڕەش، قوڕووچاوێ، شنۆزەنگ، زەنگیاوە، لاوێن، بەرکەمرانو چەندین شەڕی قارەمانانەی دیکەی ناوچە کە لە ژێر فەرماندەری محەممەد مەلامینەدا بەڕێوە چوون، بۆ هەمیشە شاهیدی بۆ بوێری و لێهاتوویی ئەو قارەمانە کۆڵنەدەرە دەدەن.

محەممەد مەلامینە لە شەڕ لەگەڵ دوژمندا دوو جار بریندار بوو بەڵام ئەو بریندار بوونە هیچ شوێنەوارێکی لە سەر ورەو بیروباوەری دانەناو پاش سارێژ بوونەوەی برینەکانی دەگەڕایەوە سەنگەری تێکۆشانو فیداکاری.

ناوبراو خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک بوو رێزی لە خەڵک دەگرت پێی وابوو ماندوو بوون لە پێناو سەربەستیو ئازادی بۆ هەژارانی کورد بە هەموو بەهایەکو تەنانەت بە لە دەستدانی گیانی بە هەرزان دەزانی، چونکی باشی دەزانی ژیان بە ئازادی بۆ نەتەوەیەک چەندەی سەر بەرزی پێوە دیارە بوو بۆیە لە هیچ فیداکارییەک خۆی نەدەپاراست.

محەممەد مەلامینە ئاواتی ئەوە بوو کە رزگاری نەتەوەکەی بە چاوی خۆی ببینێ، بەڵام بە داخەوە زۆرتر نەژیا تا خزمەتی زیاتر بە هەژارانی کوردستان بکا.

شەوی ١٤ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی پێشمەرگەکانی حیزب بۆ زەربە لێدان لە دوژمنی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی چوونە ناو شاری پیرانشارو بە گرمەی ئارپیجیو قرمەی چەکەکانیان خەویان لە دوژمن تاراندو پایەگایەکی دوژمنیان لەو شارە دایە بەر ئاگری چەکەکانی خۆیانو زەبرێکی باشیان لە دوژمن وەشاند، پاشان محەممەد مەلامینە بۆ ماوەیەکی دووروو درێژ لە سەر بڵیندگۆی مزگەوتی شار قسەی بۆ خەڵک کرد سیاسەتی حیزبی شیی دەکردنەوە هەموو جارێ پاش قسە کردن دەهاتەوە مەیدانی شەڕو هێرشی بۆ سەر دوژمن توندتر دەکرد.

بە داخەوە لە درێژەی عەمەلیاتەکەدا محەممەدی مەلامینە لە گەڵ هاوسەنگەرێکی بەناوی خودایاری قوڵیزادە کەوتنە بەر گوللەی داگیرکەرانی کوردستانو دڵە گەورەکەیان بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت و تیکەل بە کاروانی سوور خەڵاتی شەهیدانی کوردستان بوون.




**محەممەد پادامی ناسراو بە (محەممەد شیرێژ)**

چەند رۆژێک لە مانگی پووشپەڕ تێپەڕیبوو هەوایەکی خۆشو فێنک هەموو ناوچەی پیرانشاری داگرتبوو، سریوە لە هیچ بوونەوەرێک نەدەهات، خەڵک کە ئێوارێ لە مووچەو مەزرا گەڕابوونەوە لە خەوێکی خۆش دابوون، ئەوەندە ماندوو بوون پێیان خۆش نەبوو لەو خەوە خۆش راستیان بکەنەوە، شوان مەڕی شێودابوو جار جار دەنگی شمشاڵەکەی دەهات، تاقو لۆقەش خەڵک بە خەبەر بوون دەتگوت هەستیان کردوە کە هەواڵێکی ناخۆش دەبیستن، لە پڕ ئاوری چەکی هێزی پێشمەرگە لە شاخی "گوزەشکێن" بە سەر هێزی داگیرکەر داباری خەڵکی ناوچەی هەموو لە خەوی خۆش راپەڕاند. بەڵام دڵخۆش بوون چونکی دەیان زانی کوڕەکانی دێموکڕاتن کە هێزی کۆنەپەرستی ئاورباران دەکەن، خەڵک دەستەو دوعا بۆ پێشمەگەکانیان بۆ کوڕەکانیان کە لە شەڕدان دەپاڕانەوە، پاش ماوەیەک دەنگی تەقە کەم بوو، تا شەڕ کۆتایی هات. بەرەبەرە سیوادی بەیانی دەرکەوت، ئەو رۆژە لە هەموو رۆژێک زووتر خەڵک رووی لە مووچەو مەزرا کرد زۆری نەکێشا هەواڵی شەهیدبوونی محەممەد شیرێژ دووهەمین شەهیدی بنەماڵە بە نێو خەڵکدا بڵاو بۆوە.

محەممەد پادامی ناسراو بە "محەممەد شیرێژ "لەکاتێکدا ناوچەو ئێرانو کوردستان روو بە دێموکڕاسیو ئازادی هەنگاوی دەناو بەرەبەرە دیکتاتۆڕی لە گۆڕ دەنرا منداڵێکی خوێن شیرین لە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی لە ئاوایی "جەڕان" لە مەڵبەندی مەکۆی قارەمانان لە ناوچەی پیرانی پیرانشار چاوی بەدنیای روون کردەوە، کاتێک کۆماری کوردستان راگەیندرا ئەو تەمەنی چوار ساڵە بوو، لە ناو بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەرو کورد پەروەر وردە وردە گەورە بوو. ئەویش وەک زۆربەی منداڵە هاوتەمەنەکانی خۆی بۆ ماوەیەک هەوای ئازادی کۆماری کوردستانی هەڵمژی. هەلومەرجی ئەو کاتی ژیان، بە هۆکاری جۆراوجۆر نەیتوانی بچێتە قوتابخانەو

ژیانی منداڵی محەممەد جیا لە ژیانی منداڵانی ناز لێشێواوی ئەو سەردەمە نەبووە. دەرگای خوێندنگا بە سەریدا نەکرایەوەو لە عیلمو زانست بێبەش کرا.

محەممەد دەستی بە کارو کاسبی کرد تا بتوانێ ژیانێکی باشتر بۆ بنەماڵەکەی دابین بکا. محەممەد پێبەپێ گەورەتر دەبوو بەڵام بە هۆی برا گەورەکەی مراد شێرێژ کە لە خەباتی پڕ شکۆی ساڵەکانی ١٣٤٦و١٣٤٧ پێشمەرگە بوو هەر لەو خەباتە قارەمانانەیەدا شەهید ببوو بە بیستنی شەهیدبوونی براکەی زیاتر هەستی بەوە کرد کە دەبێ خەڵکی کوردستان خۆیان بۆ خەباتێکی درێژخایەنو پڕدەسکەوت ئامادە بکەن.

محەممەد لە کوورەی ژیانێکی سەختو دژواردا قاڵ ببوو، هەربۆیە بە ئێسکو پێستو دەمارەوە هەستی بە چەوساندنەوەو بێبەشی دەکرد. چ لە قۆناغی ئیجباریداو چ لە دەورانی ژیانی رۆژانەیدا کە بە چاوی خۆی ئاکارو کردەوەی جینایەتکارانەی کار بەدەستانی دوو رێژیمی پاشایەتیو کۆماری ئیسلامی دەدی، رقو قینێکی پیرۆز لە دەروونیدا پەنگی دەخواردەوەو بەرەو سەنگەری خەبات هانی دەدا بە تایبەت کاتێک کە هەواڵی شەهیدبوونی مرادی برای بیست ئەوەندەی دیکە هەستی کوردانە لە ناخیدا زمانی کێشا.

ناوبراو لە راپەڕینی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ بە دژی رێژیمی پاشایەتی و سەرکەوتنی شۆڕش و سەر هەڵدانی حیزبە سیاسیەکانی ئێران و بە تایبەتی سەر هەڵدانەوەی دووبارەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، محەممەدشێرێژ یەکێک لەو کەسانە بوو کە هەستی کوردایەتیی تێدا بە هێز بوو و دڵی بۆ ئازادیی گەلەکەی لێ دەدا هەر بۆیە لەگەڵ چەند کەسی دیکەی لە رەفیقەکانی، کە ئەوانیش هەر وەک ئەو دڵیان بۆ کوردایەتییو ئازادیی گەلەکەیان لێدەدا بوون بە پێشمەرگە. لەو ساڵانەدا هێرشی جەنایەتکارانی دژە کوردی ( ئیسلامی ئێران) بۆ کوشتن و قەڵاچۆی شارو گوندەکانی کوردستان لەو پەڕی خۆیدا بوو. ئەو جەنایەتکارانەی کە گڕی بە لرفەی قینو رقیان تەنیا بە خوێنی کورد دادەمرکاوە هەر رۆژەو هەر سەعاتەی لە ئاوایییەکو لە شەقامی شارێک یا قوژبنیماڵو کۆڵانێک سینگی گەنجو پیرانی نەتەوەی کوردیان کون کون دەکرد، محەممەدی پێشمەرگە دژی ئەو ستەمو بێدادیانە راپەڕی بوو. ئەو دەیزانی کە وەک مرۆڤێک ئەرکی سەر شانێتی لە بەرامبەر دوژمنە داگیرکەرو جەنایەتکارەکانی کوردستاندا نابێ بێدەنگ بێو، دەست لەسەر دەست دابنێ. چەکی برا شەهیدەکەی هەڵگرتو لە هێزی شەهید ئاوارە دەستی بە تێکۆشانی سیاسی کرد. محەممەد هەر زوو نیشانیدا کە پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمانەو لە پێناو ئامانجەکانی حیزبو گەلەکەیدا ئامادیە گیانی ببەخشێ. لە چەندین عەمەلیات دژی هێزەکانی رێژیمی ئاخوندیدا ورەو ئازایەتیی خۆی نواند.

محەممەد ئیمانی قووڵی بە رێبازی حیزبەکەی بوو، کوڕێکی فیداکارو ئازا بوو. لە ریزی شۆڕش هەوڵیدا فێری خوێندنو نووسینی کوردی بێ. محەممەد ورەی هەروا بەرزو لە شکان نەهاتوو بوو، لە شەڕەکاندا بەشداریی چالاکانەی دەکرد. ئازایەتی ئەو بوو بە هۆی ئەوە کە وەک سەرپەل دیاری بکرێو دواتریش بەرپرسایەتی

دەستەی وەستۆ گرت. محەممەد شیرێژ وەک مرادی برای بە هەموو وجوودیەوە حیزبی خۆش دەویستو باوەڕی پێ بوو، ئیمان بە رێبازەکەی وای لێکردبوو چاوی لە گوللە نەترسێو هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەی خۆڕاگری دابێ. ئەو بەو بەرپرسایەتی کە پێی سپێردرابوو بە ئەزموونێکی پتری نیزامیی‌و سیاسی‌یەوە وەک فەرماندەیەکی لێزانو لێهاتوو هەڵسووڕ دەستی بە کار کرد. لە بەر وریایی‌و شێلگیر بوونو خەڵکی بوونو سەر لە پێناو بوونی بۆ ئامانجەکانی گەلەکەی وەک جێگری لک دیاری کراو زۆر بە رێکوپێکی ئەم ئەرکەشی بەرێوە دەبرد. ئازایەتییەکەی وێردی سەر زمانی هاوسەنگەرانی بوو.

محەممەد بە هۆی لەخۆبووردوویی وەک فەرماندەری لک دیاری کرا، لەو مەسئوولییەتەش‌دا بە تایبەت لە شەڕەکانی چیانە، گردەسوور، گردی‌عەرەبان، گەپڵەسەن، لاوێن، دەشتی‌پیرانانو، هەروەها فەرماندەهی رێکوپێکی ئێستاش هەروا لە دڵی هاوسەنگەرانی‌و خەڵکی ناوچەدا ماوەتەوە. محەممەد شیرێژ بە حەق هەموو تواناو لیاقەتی خۆی لە خزمەت بە حیزبو خەڵکدا خستە کار. ناوبراو لە چەند ساڵ پێشمەرگاتی‌دا دەیان عەمەلیاتی گەورەو چووکەی فەرماندەهی کرد. محەممەد تەنیا فەرماندیەکی نیزامیی نەبوو بەڵکوو کادرێکی بە مەعنای واقعی سیاسی بوو لە نێو خەڵک خۆشەویستو کاتێک لە هەر گوندێکو شوێنێک کۆبوونەوەی گرتبایە خەڵک پێشوازی لێ دەکرد.

ئەو خاوەنی خوو رەوشتی شۆڕشگێڕانە بوو، لە کورەی ژیانی سەختو دژوار داو، لەمەیدانی چەند ساڵ شەڕو بەربەرەکانی‌دا قاڵ ببوو، خارابوو، چقڵی چاوی دوژمن بوو، ترسو دڵە خورپەی دەخستە ناو دڵی دوژمنەوە، ناوبراو ماندوو بوونو ترسو مردنی نەدەناسی. خۆ بەختکردنی گیانی بۆ گەلەکەی بە لەدایکبوونێکی تازەی لە قەڵەم دەدا.

محەممەد فەرماندەرێکی کارامە، لێوەشاوە، لێهاتوو، لەکڵ دەرهاتوو بوو. ناوبراو گۆڕەپانی تێکۆشان بە باشترین قوتابخانەی ژیانی شۆڕشگێڕانە دەزانی‌و هەڵنەهاتن لە مەیدانی خەباتدا پێی گەورەترین ئازایەتی بوو.

بە داخەوە زۆر نەژیا تا زیاتر خزمەت بە نیشتمان بکا. شەوی ٦ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٢ بە پێی بەرنامەیەکی دیاری کراو هێرشیان کردە سەر پایەگای دوژمن لە "گۆزەشکێن" لە پشتی بەردەشان، بە گرمەی ئارپیجی وقرمەی چەکەکانیان خەویان لە دوژمن زڕاندو دایانە بەر ئاوری چەکەکانیان، لەو شەڕە دابوو کە بە داخەوە سینگی پڕ لەئاواتی محەممەد شیرێژ بە گوللەی دوژمن ئاژن ئاژن کراو خوێنی تێکەڵ بە دوو هاوسەنگەری دیکە بەناوەکانی مەحموود تاجکنیا وخالید علیپوور بوو بۆ هەمیشە ماڵئاوایییان لە هاوسەنگەرانیان کرد.

محەممەد شیرێژ شەهید بوو بەڵام ناوی، ئازایەتی، وتەکانی، دەرسەکانی، بۆ هەمیشە بوونە مایەی هیوا بەخشین بە کاروانی خەباتی حیزبو خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ژیانو خەباتی بووە سەر مەشقی ژیانو خەباتی قوتابییەکانی و رۆڵەکانی مەڵبەندی پیرانشار.

---




مەلا قادری کوردستانی

هەر گەلێک کە بە ئاوات گەیشیبێ رابردوویەکی پڕلە شانازی هەیە ئەویش بۆ لەخۆبووردوویی لاوەکانیانو لە سایەی فیداکاریو گیان بەخشینی رۆڵە شەهیدەکانیانە، ئێمەی کوردی رۆژهەڵات کە دەیان ساڵە لە لایەن دوو رێژیمی پاشایەتی کۆماری ئیسلامی زوڵمی لێ دەکرێ شانازی بە شەهیدەکانیەوە دەکا کە لە سایەی خوێنی ئەوان نەتەوەکەی دوا رۆژێکی روونی دەبی، زۆر رۆڵەی ئەم نیشتمانە گیانیان بۆ نەتەوەکەیان فیدا کردووە کە یەکیان مەلاقادری کوردستانییە لە ناوچەی پیرانشار.

مەلا قادری کوردستانی ساڵی ١٣٣٥ هەتاوی لە ئاوایی "گردئاشەوان"ی ناوچەی لاجانی پیرانشار لە بنەماڵەیەکی وەرزێڕی زەحمەتکێش چاوی بە دنیای روون کردەوە بەرەبەرە گەورە بوو رەوانەی قوتابخانە کراو هاوکات لە قوتابخانەی ئاینیش دەرسی دەخوێند سەرئەنجام توانی تا قۆناغی ناوەندی لە قوتانخانە بمێنێتەوەو پاشان رووی کردە کاری وەرزێڕیو وێڕای بنەماڵە ئەرکی دابینکردنی ژیانی وەستۆ گرت. بە هەڵبوونی تیشکی شۆڕش دژی رێژیمی پاشایەتی چالاکانە بەشداریی شۆڕشی گەلانی ئێرانی کردو پاش ئەوەی رێژیمی کۆنەپەرستی شاهنشاهی رووخا، بیری ئازادی نەتەوەکەی مێشکی بە خۆیەوە خەریک کرد. لە بەر ئەوەی

بە خوێن و دەمارەوە دەردی هەژاری و نەداری و زوڵم و ستەمی دەسەڵاتدارانی دڵڕەقی دەرهەق بە گەلەکەی هەست پێکرد بوو.

لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی بوو بە پێشمەرگەو بە شانازییەوە دەستی دایە چەکو بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لە بەر کردو لە لکی ٤ی هێزی ئاوارەی ئەو کات سازمان درا. ئەو پێشمەرگەیەکی ئازاو شۆڕشگێڕێکی راستەقینەو دڵسۆز بوو. لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە خۆشەویستی هاوڕێیانی. بەشداری کردنی لە شەڕەکانی ناوچەی پیرانشاردا زیاتر جێگای خۆی لە نێو خەڵکو هاوڕێیانیدا کردەوە. کوڕێکی خاکی، روح سووکو گوێ رایەڵی بڕیاراتی حیزب بوو، هەر مەئمورییەتێکی بۆیان دیاری کردبایە بە دڵو گیان بەڕێوەی دەبرد. لە شەڕەکان زۆر ئازایانە هەڵی دەکوتایە سەر دوژمن و بوێرانە دیفاعی لە شەرەفو کەرامەتی گەلەکەی دەکرد. بە هۆی لێهاتوویی وەک سەرپەل و پاشان وەک جێگری لکو دواتر وەک فەرماندەری لک دیاری کرا.

مەلاقادر کوردستانی لە شەڕ لەگەڵ دوژمندا دوو جار برینداربوو هەموو جارێ پاش سارێژ بوونەوەی برینەکانی ئازاتر لە پێشوو دەگەڕایەوە سەنگەری خەباتو تێکۆشان دژی داگیرکەرانی کوردستان.

مەلاقادر کوردستانی هەر کاتێک بنەماڵەکەی داوایان لێدەکرد واز لە پێشمەرگایەتی بێنێ پێی گووتن" تا ئەو کاتەی زیندووم چەکی شەرەف لە شانمەو نایهێنمە خوارێ".

قادر ئەوەندە قسە خۆش بوو کە هەموو خەڵکی ناوچە دەیانناسیو سەردانی هەر ماڵێکی کردبا، ئاواتیان دەخواست جارێکیتر بێتەوە ماڵیان. ئازایەتی ناوبراو لە شەڕکانی هەوارەبێ، کلاوڕەش، چیانەو جادەی سەردەشت پیرانشار، چاکی ترشی، کەوپەڕ، بادیناوێو دایەشێخی رۆڵی سەرەکیی هەبوو. ئازایەتیی ئەو لە شێڵمجاڕان وێردی سەر زمان بوو، ئەو حەماسانەی لاپەڕەکانی زێڕینی قارەمانەتی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان رازاندەوە. ناوی مەلاقادر کوردستانی وەک قارەمانێکی بوێرو ئازاو دێموکڕات، ببوو بە وێردی سەر زمانی کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکانی پیرانشارو، ببووە نموونەی پێشمەرگەیەکی باشو فەرماندەیەکی ناوچەکانی پیرانشار.

مەلاقادر خاوەنی خوو رەوشتی شۆڕشگێڕانە بوو، لە کورەی ژیانی سەختو دژوار داو، لەمەیدانی ٧ ساڵ شەڕو بەربەرەکانیدا قاڵ ببوو، خارابوو، چقڵی چاوی دوژمنی داگیرکەر بوو. ئازایەتیو جوامێری، ورەی بەرزو هەڵسووڕ بوونی، ئیمانی قووڵ بە ڕێبازی حیزبو بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەی، تایبەتمەندییەک بوون کە لە دروونیدا ریشەی داکوتابوو.

رۆژی ٢١ی مانگی گلاوێژی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی بۆ ئەنجامدانی کاری حیزبی لە گەڵ پێشمەرگەکانی لکەکەی روویان لە ئاوایی ترکەش کرد پاش بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی حیزبی لە کاتی گەڕانەوەدا هێزی دوژمنی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی کەمینی بۆ دانابوونەوەو بە داخەوە مەلاقادر کوردستانی کەوتە بەر گوللەی

داگیرکەرانو شەهید بوو. شیوو دۆڵی ئاوایی ترکەشی بە خوێنی سوورو گەشی خۆی سوورکردو گیانی شیرینی پێشکەش بەبارەگای ئازادی کرد

---

## هێزی دمدم




فەتاح عەبدولی

سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی بوو بەرەبەرە کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستانەکان بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ کۆنگرەی ٨ی حیزب گیران. رۆژی ١٥ی سەرماوەز، لە بنکەی کانیمێو لە گەورەدێ کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستانی بۆکان گیرا کە نوێنەری ئامادەکاری کۆنگرە شەهید فەتاح عەبدولی لە کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستانی بۆکان بەشدار بوو لەوێ بۆ یەکەم جار چاوم پێی کەوت کە زۆر زیرەکانە لە سەر خەتە گشتییەکانی سیاسەتی حیزبو کاری داهاتووی حیزبو هەر وەها هاتنی خوێنی تازە بۆ نێو رێبەرایەتی حیزب، بە شێوەیەکی ئاکادیمی بۆ بەشدارانی کۆنفرانس قسەی کرد، لەراستیدا لە یەکەم چاو پیکەوتنمدا بۆم دەر کەوتو نیشانیدا کە ئایندەیەکی روونو کەسایەتییەکی بەتوانا دەبێ، هەر ئەو تواناییە بوو بە هۆی ئەوە کە رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر خۆی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکو هاوسەنگەرانیدا خۆشەویستتر بکاو تەنانەت خزمەتەکانی بە حیزب گەلەکەی ئەوەندە بەرچاو بوو کە نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی لە ئوروپا بکەوێتە سەرشان.

فەتاح عەبدولی کەسێک بوو بە تەمەنێکی زۆر کەمەوە ڕێی خەباتێکی پڕ مەترسیی گرتە بەرو لە پێناو گەیشتن بە ئاواتەکانی میللەتێکدا کوێرەوەریی زۆری دیتو بەسەر بازگە پڕ مەترسییەکانی ژیاندا تێپەڕی. ئەو کە خۆی لە نێو ڕەوتی ئەو خەباتە پڕ فیداکارییە دا دیتەوە بە ڕەگو پێستەوە هەستی بە مەترسییەکانی کرد. بۆیە دەبێ بە هەموو تواناو وزەی خۆمان بۆ گەیاندنی دەنگی ئەوانەو خەباتو تێکۆشانی ئەو نەمرانە بە نەسلی نوێو دوا ڕۆژی نەتەوەکەی تەرخان بکەین. هەرکات بیر لە ژیانی تێکۆشەران، پێشمەرگەو فەرماندەو کادرە شەهیدەکانی نەتەوەکەمان دەکەمەوە وەبیر پاڵەوانی چیرۆکەکان، وەبیر کەسایەتی و کاراکتیرەکانی ڕۆمانەکان دەکەومەوە. دیارە نەک ئەو لایەنەی لەو ڕۆمانانەدا، پاڵەوانەکە لە سەرەوەی ئینسانەکاندا هەڵسو کەوت دەکا، بەڵکوو ئەو لایەنەی کەسایەتیەکە سەرەتا شەخسییەتیەکی سادە وسروشتی هەیە، بەڵام بە تێپەڕینی زەمان وردە وردە دەبێتە کەسایەتی‌یەک کە شوێندانەر دەبێو بەرپرسایەتی گەورەی دەکەوێتە سەرشان.

با ئاوڕێک لە ژیانی کادری بە تواناى ڕێبەری حیزبەکەمان بدەینەوەو لە چی‌و لە کوێوە دەستێ پێکرد چۆن بوو بە نموونەی تێکۆشەرێکی سیاسی‌و سەری بۆ نەتەوەکەی دانا.

فەتاحی عەبدولی لە ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی لە گوندی " وەزنێ"ی ناوچەی سندوسی نەغەدە لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشدا چاوی بەدنیای پڕ لە کوێرەوەری هەڵێنا، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە پێشدا لە زێدەکەی و دوایە لە شاری نەغەدە تەواو کرد. بەدەست پێکردنی ڕاپەرینی پڕ شکۆی نەتەوەکانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧، دژی ڕێژیمی پاشایەتی فەتاح عەبدولی وەک زۆر لە لاوانی کوردستان پێی نایە مەیدانی سیاسەتو، بڕیاریدا پاشماوەی ژیانی لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتدا بۆ خەباتو تێکۆشان لە پێناوی ڕزگاری هاونیشتمانانی لە بێ مافی‌و ژێر چەپۆکی‌و دیکتاتۆری تەرخان بکا.

پاش ئەوەی سیاسەتەکانی حیزبی پەسەند کردو لە گەڵ بەرنامەو پێڕەوی نێو خۆی حیزبی دیموکراتی کوردستان و دەست پێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب، بوو بە ئەندامی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، بەمجۆرە ژیانی خۆی لەگەڵ تیکۆشانی حیزبو خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان لێک گرێ دا.

فەتاحی عەبدولی زۆر بە زووی توانی تێگەیشتن‌و تایبەتمەندییە شۆڕشگێڕانەکانی تێکەلاوی کاری بە کردەوە بکاو لە ڕەوتی تێکۆشانی حیزبی‌دا خۆی پێ بگەیەنێو کارامە بێ. لە یەکەم دەورەی پێ گەیاندنی کادر دا بەشداری کردو لەسەرەتای ساڵی ١٣٥٩ وەک کادرێکی هەڵسووڕو لێوەشاوە لە ڕیزەکانی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتدا جێی خۆی کردەوە. فەتاحی عەبدولی لە ژیانی حیزبایەتی‌دا بە هەموو هەستو تواناو فیداکارییەوە تێکۆشاو بە لێهاتوویی‌یەوە پلەکانی سەرکەوتن لە ئەرکە حیزبی‌یەکانی‌دا یەک لە دوای‌یەک بڕی‌و لە ماوەی ١٤ ساڵ تێکۆشانی شۆڕشگێرانەو ئازایانەو لەخۆبووردووانە لەنێو حیزبدا، زۆر بەرپرسایەتی جۆراوجۆری وەئەستۆ گرت، کە لێهاتوویی خۆی لە بە جێ گەیاندنیاندا نیشاندا.

فەتــاحی عەبــدولی لە یەکەم کۆنفرانســی رێکخــراوی کــۆمیتەی شارســتانی نەغەدەدا کە بە دوای دەســت پێکردنەوەی تێکۆشانی حیزب پێکهات، بە ئەنـدامی هەیئەتـی ئیجرایـی نەغەدە هەڵبژێـردرا، بە دوای بەشداری لە کۆنگرەی ٥ی حیزبدا بۆ مـاوەیەک وەک بەرپرسی کـۆمیتەی شارسـتانی نەغەدە دیـاری کـراو زۆر ئـازایـانە ئەو بەرپرسایەتییەی بەڕێوە برد، لە کۆنگرەی ٦ی حیـزب وەک ئەنـدامی کـۆمیتەی نـاوەنـدی هەڵبژێـردراو پـاشـان لە سازماندەهی تـازەدا وەک بەرپرسی کۆمیتە شارستانی سنە دیاری کرا. نـاوبراو زۆر ئـازایـانە لە نـاوچەی سنە بـۆ رێکوپێـک کـردنو دانـی دیسیپلینی نـوێو، هەوڵو مانـدوو بـوونێکی زۆر تـوانی تواناکـانی خـۆی زیـاتـر دەربخـا. فەتاح عەبدولی لە کۆنگرەی ٧ی حیزبیشدا بۆوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو بەرپرسایەتی کۆمیتەی مەڵبەنـدی یەکی جنوبی کوردستان، سنە، مەریوانو کرماشانی کەوتە سەرشانو، وێڕای هاوسەنگەرانی شـانی بەر ئەو ئەرکە قورسەداو زۆر رووسوورو سەربلیند گۆی لەمەیدان بردە دەر.

پاش ماوەیەک لە پلینۆمی دووهەمی کۆمیتە ناوەندی هەڵبژێـراوی کـۆنگرەی ٧ بریـاریدا، فەتـاحی عەبـدولی وەک بەرپرسی کۆمیتە شارستانی سەردشت دیاری بکرێو وەک چاوەڕوان دەکرا لەو ناوچەیەش بە مەسئوولییەتێک کە لەسەر شانی بوو فیداکاری لە خۆی نیشاندا.

ناوبراو لە ماوەی ١٤ ساڵ تێکۆشانی حیزبایەتیدا هەموو تواناو زانستی خۆی بۆ بەرەو پێش بردنی کارەکانی حیزب تەرخان کرد. وەک کادرێکی بە تواناو لێهاتووی سیاسیو خارا لە مەیدانی کردەوەدا، بوو بە نمـوونەی بە تواناو دیار لە نێو کادرەکانی رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستاندا.

فەتاح عەبدولی لە کۆنگرەکانی هەشتو نۆ سەر لەنوێ وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرایەوە، ناوبراو رۆژ بە رۆژ زیاتر زانیاری خـۆی دەبـردە سەرو وەک کەسایەتـیەکی سیاسی و بەرچـاو تێکۆشـانو ئەرکە گرینگەکانی بەڕێوە دەبرد.

لەساڵی ١٣٦٨ بە دوای شەهیدبوونی رێبەری مەزنو ناوداری حیزبەکەمان شەهید دوکتور قاسملووی نەمرو، کـاک عەبـدوڵلای قــادری ئـازەر نـوێنەری حیـزب لە دەرەوەی وڵات، کـاک فەتـاحی عەبـدولی لەلایەن کـۆمیتەی ناوەندیی حیزبەوە ئەرکی نوێنەرایەتی حیـزب لە دەرەوەی وڵاتـی کەوتە سەرشـانیو تـا کـاتی شەهیدبوونی ئەو ئەرکەی بەڕێوە برد.

فەتاحی عەبدولی رووناکبیرێکی شۆڕشگێڕو تێکۆشەرێکی شێلگیری رێگای رزگاری نەتەوەکەی بوو بە ئیمانەوە لە بە جێگەیانـدنی ئەرکـی حیزبـیو کـار کـردن لە نـاو خەڵـکدا مانـدوویی نەدەناسی. کەسێکی لە سـەرەخۆ، وردبـین، بـاوەڕ بەخـۆ بـوو. بـڕوای تەواوی بە هێـزی خەڵـک هەبـوو. بە هـۆی تـایبەتمەنـدییە شۆڕشـگێرانەو ئەخلاقـیە بەرچاوەکـانی لە نێـو ریزکـانی حیـزبدا زۆر خۆشەویست بـوو، فەتـاحی عەبـدولی وەک کـادرێکی لێوەشاوەو لێهاتوو، بەئیمانو ورەیەکی پتەو، تێکۆشانی هەرچی زیاتری لە رێبازی حیزبەکەیدا هەنگاوی دەناو

تا دوا کاتەکانی ژیانی خۆی بە ئامانجە پیرۆزەکانی حیزبو نەتەوەکەی وەفادار مایەوە.

بەداخەوە ئاواڵەبوونی دەستی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی لە ئوروپا، زەربەیەکی قورسی لە حیزبەکەمان دا. رۆژی ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ لە پیلانێکی خایینانەدا لەکاتێکدا فەتاحی عەبدولی وێڕای سکرتێری حیزب دوکتور سادق شەرەفکەندیو کاک هومایون ئەردەلان، کە سەرقاڵی جێبەجێ کردنی کارە دیپلۆماسیەکانیان بوون، تیمێکی سیخوری دەزگای هەواڵگری کۆماری ئیسلامیش لە سەر چۆنیەتی کارێکی تیرۆریستی بە نهێنی چالاکیان دەکردو زانیاریان لە سەر ئەو شوێنە دەست کەوتبوو. بەداخەوە دەرفەتیان دەست کەوتو لە ئیوارێی ٢٦ی خەرمانان لە رستورانی میکونووس درانە بەر دەسرێژی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیو چوارکەسیان لە بەشدارانی کۆبوونەوە کە مەبەستیان بوو شەهیدیان کردن" د. سادق شەرەفکەندی" سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات، فەتاحی عەبدولی نوێنەری حیزب لە ئەرووپا، هومایۆن ئەردەلان نوێنەری حیزب لە ئاڵمان و نووری دێهکوردی کەسایەتی سیاسی ئیرانی. لەو رۆژەدا دایکی نیشتمان قوربانی گەورەی بەختی بارەگای ئازادی کردو فەتاحی عەبدولی ماندوونەناس سروودی هەرمانی ئەوین بە نیشتمانی چڕیو دڵی تاسەباری لە لێدان کەوت.

ئەگەرچی حیزبی دێموکرات بە شەهید بوونی ئەو تێکۆشەرانە زەربەیەکی قورسی خوارد بەڵام رێبوارانی هەر درێژەیان بە رێگایاندا، بەلێنیان پێداون تا سەرکەوتن وەفادار بە ئامانجیان بنو رێبازیان بەر نەدەن. بەڵام لەلایەکی دیکەوە روو رەشی بۆ رێژیمی تیرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامیی مایەوە بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئاڵماندا، دەوڵەتی ئاڵمان لەسەر بریاری دادگا گوتی کە کۆماری ئیسلامی دەوڵەتێکی تیرۆریستە لەو پێوەندییەدا دادگای میکۆنوس پێکهاتو تێیدا کار بەدەستە هەرە باڵاکانی رێژیم بە ئەنجام دەرانی بنەڕەتی و پلاندانەرانی ئەو تیرۆرە ناسێندران.

-----------------------------------------------------------




## عەلی پیرۆتی

"هەبوون" یا "نەبوون"؟؟ ئەوە گرینگ نیەو تەنیا وەسوەسەیە، مەسەلەکە ئەوەیە کە "بوون" چیەو "نەبوون" چیە. زۆر کەس هەبوونو ئێستاش نین، زۆرکەسیش نەبووەو ئیستا هەن، کە واتە گرینگ "چۆن بوون"ە، ئینسان بە مانای گەورەکەی، لە هەر دەورێکدا تەنیا لە سیمای ژمارەیەکی کەم لە مرۆڤەکاندا خۆ دەنوێنێ.

بەڵی ئەم جۆرە مرۆڤانە کەمن، ئەوانەی ئاگاهانە پێ دەنێنە گۆڕەپانی خەبات بە دژی زوڵمو ستەمو چەوسانەوەو ئامادەن گیانی خۆیان لەو ڕێگایەدا بکەنە قوربانی، ئەوان لەو ئینسانە هەڵکەوتوانەن. ئەوان لەو کەسانەن کە تەنیا لە هەوێنی موحیبەتو عاتیفەو سەداقەتو پاکی درووست بوون، بۆیە کە دێنە مەیدانی خەبات، بۆیان گرینگ نیە چیان بەسەر دێ. تەنیا دڵیان بەوە خۆشە کە لەو ڕێگایەدا چ بژینو چ بمرن رووسوورو سەر بەرزو لەخۆبووردوو و قارەمانی نەتەوە بن.

شەوی ١٧ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی پێشمەرگە فیداکارەکانی هێزی شەهید ئەفشین بە فەرماندەهی عەلی پیرۆتی بۆ دەست بەسەر داگرتنی موڵگەی دوژمن لە چیای" چارشێو بەسەر" بە پێی گەڵالەیەکی داڕێژراو دەست بە کار بوونو لە کاتی دیاری کراو یەکەمین مووشەکی ئارپیجی رەوانەی موڵگە کراو پاشان ئاوربارانی گوللە دەستی پێکرد، زەبری کوڕانی دێموکڕات بەرادەیەک توندو لە نەکاو بوو کە دوژمنی تاساندو لە ماوەیەکی کورتدا چەند سەنگەریان لە دوژمن گرت، هێزی دوژمن هەوڵی دەرباز بوونی لە چنگ رۆڵەکانی دێموکڕات دەدا بەڵام نەیانتوانی خۆیان دەرباز بکەنو زۆری پێ نەچوو کە موڵگەی دوژمن تەفروتونا بوو. بە داخەوە لە گەرمەی شەڕدا سینگی پڕ لەئاواتی عەلی پیرۆتی بەر گوللەی دوژمن کەوتو بە توندی برینددار بوو عەلی قارەمان لەکاتیکدا کە خوێنی لە برینەکانی دەچۆڕا بە دەنگێکی جوامێرانە هاواری دەکرد "بۆ پێشەوە

هاوسەنگەرانم، لێیان بدەن، با زەبری کاریگەرتان بچێژن، مەترسن دوژمن زەبوونەو لە ئاخرین پەلە قاژەی دایە" بەڵام بەداخەوە دەنگی دوژمن تۆقێنی بەرەبەرە کزو کزتر بوو سەرئەنجام چاوەکانی لە سەر یەک داناو ماڵئاوایی یەکجاری لە نیشتمانە خۆشەویستەکەی کردو تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوو.

شەهید بوونی عەلی لەگەڵ ئەوەی کە زەبرێکی لە نەکاو بوو لەرۆڵەکانی هێزی شەهید ئەفشین، بەڵام ورەی پێ بەرنەدانو زۆری پێ نەچوو کە یادی فەرماندەی قارەمانیان زیندوو راگرتو سوورترو پێداگرتوو بوونو بەڵێنیان لەگەڵ گیانی پاکی نوێ کردەوە.

عەلی پیرۆتی ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی دەست رۆیشتووی ئاوایی "گردەقیتی" ناوچەی نەغەدە چاوی بە دنیای روون کردۆتەوە بەرەبەرە لە باوەشی دایکی خۆشەویستی باڵای کردوو لە تەمەنی ٦ ساڵی رەوانەی قوتابخانەو، پاش ماوەیەک ماڵیان بەرەو ورمێ گواستەوەو لەوێش دەستی بەخوێندن کردەوە. پۆلەکانی سەرەتایی تەواو کردوە چوە دەورانی ناوەندییەوە. بەڵام بەهۆی هێندێک گیروگرفت نەیتوانی زیاتر درێژە بە خوێندن بداو لە پۆلی ٣ی‌ناوەندی ماڵئاوایی لە قوتابخانە کرد. عەلی پاشان رووی لە کار کردو، لە شارەکانی دیکەی ئێراندا دەستی بەکار کرد ئەو کارکردنە لە شارەکانی دیکە وای لێ کرد کە هەست بە فەرقو جیاوازییەکی زۆر لە نێوان گەلانی ئێراندا بکا بۆیە بیری ئازادیخوازی لە هەستی‌دا درووست بوو ئاوێتەی ژانو ئازارەکانی ژیانی پڕ لە ژانی نەتەوەکەی بوو. هەر بۆیە لە رێپێوانەکانی گەلانی ئێران دژی رێژیمی پاشایەتی‌دا رۆڵی بەر چاوی گێراو لە روونکردنەوەی لاوان ئەرکی گرنگی کەوتە سەرشان.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی داو، تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە لێکدانەوەو لێوردبوونەوەی تەواو رێبازی پڕ لە شانازی حیزبی دێموکراتی هەڵبژاردو بە لەبەر کردنی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگە لە ریزی تێکۆشەرانی هێزی شەهید ئەفشین‌دا تێکۆشانی دەست پێکرد.

عەلی پیرۆتی بە هۆی ئازایەتی‌و کارلێهاتوویی خۆیەوە زۆر زوو هەڵی داو، قۆناغەکانی بەرپرسایەتی یەک لە دوای یەکدا بە جێهێشتن. سەرەتا بە فەرماندەری پەلێک لە پێشمەرگەکان دیاری کرا، بەڵام رۆژ بە رۆژ زیاتر خۆی بۆ بەرپرسایەتی قورستر هەڵ دەناو، زۆری پێ نەچوو کە بەرپرسایەتی فەرماندەری لکی پێ سپێردرا. بە هۆی سەرکەوتنی لەو ئەرکە قورسەی‌دا گۆی سەرکەوتنی لە ئاستێکی بەرزدا لە مەیدان بردە دەرێو بە جێگری فەرماندەری هێز دیاری کرا. لە زۆر شەڕی حەماسی‌دا بەشداری کرد، بە هۆی پلانو گەڵاڵە رێکو پێکەکانی زۆر زەبری گورچکبڕ لە هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم کەوتن. لە زۆر مەئموورییەتی حیزبی‌دا بەشداری چالاکانەی کردو، گەلێک داستانی حەماسیو پڕ لە قارەمانەتی بۆ مێژووی حیزبەکەمان تۆمار کرد. چوونی بۆ شیمالی کوردستان بە فەرماندەری دەستەی عەمەلیاتی پێشمەرگەکانی هێزی شەهید سەرگورد عەباسی کە بەراستی دوژمنی تەزاند، یەکێک لەو مەئمورییەتانە بوو کە حەماسەی تێدا خوڵقاندو قارەمانەتی تێدا نواندو

بۆ هەمیشە لە زەین و بیری خەڵکی ناوچەکانی ورمێو خۆیو سەڵماسدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە. دواتریش بە کرێگیراوانی ڕێژیم لەو ناوچانەدا بە بیستنی ناوی عەلی پیرۆتی مچوڕکە بە لەشیان دادەهاتو ئەندامیان وەلەرزە دەکەوت. لە ماوەی ئەو بەرپرسایەتییانەیدا گەلێک دەرسی بەکەڵکی بۆ هاوسەنگەرانی بە جێهێشتو، زۆر یادگاری بەنرخی لە دەفتەری بیرەوەریەکانیاندا تۆمار کرد.

بەداخەوە هەروەک ئاماژەی پێکرا شەوی ١٧ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لە هێرش بۆ سەر پایگای "چارشێوبەسەر" لەگەڵ دوو هاوسەنگەری دیکە بە ناوەکانی محمود تاڵانیو مەحموودتاش گیانی پێشکەش بە ڕێگای ڕزگاری کوردستان کرد. یادی بەخێرو ڕێگای پڕ لە شانازی تا سەرکەوتنی نەتەوە زۆر لێکراوەکەمان بەردەوام بێ.

---




**سمایل سەمەدی**

لە نێو سەنگەری پارێزگاری لە نیشتمان زۆرن ئەو پێشمەرگانەی کە هەم بە قەڵەمو بە خوێندنو نووسین تێکۆشاون کە چرایەک لەبەردەم نەوەکانی داهاتووی گەلدا هەڵگیرسێنن. بۆ ئەوەی گەلەکەیان وەک هەموو گەلێکی پێشکەوتوو سەرخانێکی بەهێزی هەبێو کە شانازی بە خۆیان بکەن کە خاوەنی نەتەوەیەکی ئاگاو زیندوون. هەم بەچەکی شانیانو بەگیانو بە خوێن پارێزگارییان لە نیشتمانەکەیان کردووەو بەگژ داگیرکەراندا چوونەتەوە. بۆ ئەوەی دیسان بە ئازادی بژینو خوێن دەدەن تا بە سەربەستی بژینو چی دیکە ژێر چەپۆکەی داگیرکەران نەبن. لە نێو ئەوانەدا ڕێز لە یەکێک لەو کەسانە دەگرین ئەویش شەهید سمایل سەمەدی لە ناوچەی نەغەدەیە.

سمایل سەمەدی لە ساڵی ١٣٣٧ هەتاوی لە گوندی "زەلیلان" لە ناوچەی قەڵاتانی سەر بە شاری نەغەدە لە بنەماڵەیەکی هەژاردا لە دایک بوو. لە تەمەنی٧ ساڵیدا ڕەوانەی قوتابخانە کرا. سمایل بەو پەڕی عەلاقەوە دەرسی دەخوێندو پۆلەکانی سەرەتایی یەک بەدوای یەکدا بڕیو بۆ درێژەدانی خوێندن رووی لە شاری نەغەدە کرد. پاشان دوای تەواو کردنی وانەکانی خوێندن، وەک مامۆستا خزمەتی بە منداڵانی ئەو ناوچەیە دەکرد. سمایل بۆ خزمەت کردنی خەڵک بە عەلاقەیەکی تەواو دەستی بە کاری مامۆستای کردو وەک مامۆستای قۆتابخانە لە گوندی قۆجەی هەوشار دەرسی بە منداڵانی ئەو دەڤەرە دەکوتەوەو تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران خزمەتی بە قۆتابییانی ئەو گوندە کرد.

لە تەمەنی بیست ساڵیدا بوو کە شۆڕشی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی سەرکەوت. ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو لەشکری جەهلو نەزانی بە کوردستان وەرکردو شەڕێکی نەخوازراویان بە سەر کورددا سەپاند. ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی شەڕی سێ مانگە، کوشتاری زەحمەتکێشانو وێران کردنی شارو گوندەکانی کوردستان سمایلی سەمەدی راپەڕاندو، ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بۆ دیفاع لە گەلەکەی چەکی شەڕەفی هەڵگرتو هاتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتو لە ناوچەی هەوشار دەستی بە تێکۆشانی سیاسی کرد. سمایل لاوێکی ژیرو روح سووک بوو، سەرتاسەری وجودی ئێحساساتی شۆڕشگێڕانە بوو، ئازاو بە جەرگو نەترس بووە، ئیمانێکی قووڵی بە سیاسەتەکانی حیزبو ڕێبازی بزووتنەوەی گەلەکەی بوو. سمایل لە ماوەیەکی زۆر کورتدا جێگای خۆی لە نێو هاوسەنگەرانیدا کردەوە وەک پێشمەرگەیەکی بە ئیمان ودڵسۆز لە نێو هاوسەنگەرانیدا ناسرا. بۆ هەموو مەئمورییەتەکانی حیزبی ئامادە بوو. وەک پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمان لە شەڕەکانی ناوچەی هەوشارو بۆکانو نەغەدەدا بەشداری چالاکانەی کرد. بە تایبەتی لە شەڕی نێو شاری نەغەدەدا نیشانیدا رۆڵەیەکی قارەمانی ڕێگای ئامانجە نەتەوایەتییەکانی گەلەکەیەتی. هەر مەئموورییەتێکی پێیان دەسپارد بە بێ راوەستان بەڕێوەی دەبرد. لەگەڵ هاوسەنگەرانی رووخۆشو لەسەرخۆ بوو.

لێوەشاوەییو چالاکی ئەو رۆڵە بە بیروباوەڕەی دێموکڕات زۆر زوو دەرکەوت بە جۆرێک کە لەماوەیەکی کورتدا بەشداری بەربەرەکانییەکانی دژ بە هێزەکانی ڕێژیمی کردو بە حەق حەماسەو قارەمانەتی لە دەفتەری بیرەوەری پێشمەرگەی کوردستاندا تۆمار کرد.

سمایل سەمەدی لە بەر لێوەشاوەییو ئیمانی قووڵ بە ڕێبازی حیزب پاش ماوەیەکی کەم بە فەرماندەری لک دیاری کراو لە چەندین ناوچەی کوردستان تا ناوچەی هەوشار ئەم بەرپرسایەتییەی بە چاکی بەڕێوە برد.

سمایل سەمەدی وەک مامۆستایەکی باش لە هەموو بارێکەوە پێشمەرگەکانی ڕێنوێنی دەکرد ئەو تەنیا پێشمەرگەیەکی ئازاو فەرماندەیەکی فیداکار نەبوو بەڵکوو کادرێکی سیاسیو تیکۆشەری نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو لە هەموو بارێکەوە لە نێو خەڵکیدا سیاسەتی حیزبی شیی دەکردەوە. تێدەکۆشا زیاتر پلەی

زانیـاری خـۆی بەرێتـە سـەرێو باشـتر خـۆی پێبگەیـەنێ، نووسـراوەکانی حیزبـی بـە وردی دەخوێنـدەوەو لەگـەڵ هاوسەنگەرانیدا باسو شیکردنەوەی لە سەر دەکردن. ئەو خۆشەویستی خەڵکی ناوچەکانی نەغەدەو هەوشار بوو.

سـمایل لە دووبـارەوە خزمەتـی بە خەڵکـی نـاوچەی هەوشـار کـرد. هەم لە دەورانـی حکـومەتی شاهنشـاهی منداڵانی پەروەردە دەکردو دواتریش دیفاعی لە خەڵکی ناوچەی هەوشار دەکردو بە گیان وخـوێن پارێزگـاری لـێ دەکردن.

سمایلی قارەمانو فەرمانـدەری بـەوەجو لـێوەشاوە بـۆ هەمـوو خزمـەتێکی پیـرۆزی پێشمەرگایەتی لە نـاوچەی هەوشار ئامادە بوو. لەگەڵ پێشمەرگەکانی لکەکەی دەچوە هەر جێگایەک لەو ناوچەیە لە گەڵ شادیو خۆشحاڵی خەڵک کە ئەویـان باش دەناسی بەرەوروو دەبوو چونکە سەداقەتو ئیمان، قارەمانەتیو هەڵسووڕیو دەسـتو بـردی بۆ هەموو خەڵکو پێشمەرگەکان ناسرا بوو. سمایل وەک پێشمەرگەیەکی دڵسۆز وەک لاوێکی شۆڕشگێڕو خەباتگێر قـۆڵی بـۆ خزمـەت بـە نەتەوەکـەی هـەڵماڵی بـوو، لە چەنـدین بەرەبەرەکـانیدا قارەمـانەتی نوانـد. لـە عەمەلیاتەکانی ناوچەی هەوشار فیداکاریی لە خۆی نیشان داو سەلماندی کە لـە هـەموو شـوێنێک دژی زۆرداران بە ورەیەو ئازایانە بەگژ داگیرکەراندا دەچێتەوە. پێشمەرگەیەکی بوێرو ئازاو قارەمان، پارتیزانێکی هەڵسووڕو کوڕی رۆژی تەنگانە بوو.

لەمانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٥٩ رێژیمی کۆماری ئیسلامی هێرشی بۆ بەرزاییەکانی سووروسات کردو پایەگای لێ دانـا، سمایلی قارەمان بڕیاریدا شەوی ٢ی بەفرانباری ١٣٥٩ ئەو بەرزاییە لە هێـزی دوژمـن پـاک بکـاتەوە. بە هەڵمەتی شێرانەی هێرشیان بۆ سەر مۆڵگەی دوژمن دەست پێکردو هێزی رێژیمیان ناچار بە پاشەکشە کرد.

بەڵام بە داخێکی گرانەوە سمایلی لاوو شۆڕشگێڕ لە دوا سەنگەرەکانی کە مابوون دەستیان بە سـەردا بگیـرێ کەوتە بەر گـوللەی هێـزی کۆنەپەرستیو گیـانی بـۆ ئـاو و خـاکو نیشتمان بەخشـیو بەدانـی خـوێن بـۆ رزگـاری نەتەوەکەی، رێبوارانی لەسەر رێبازەکەیـان سـوورتر کـردو درێژەدانـی خەبـاتی تـا سـەرکەوتن بە هاوسـەنگەرانی سپارد.

---




## برایم شێخاڵی

خەباتی حەقخوازانەو رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستاندا ژمارەیەکی یەکجار زۆری لە لاوەکانی ئەم نەتەوەیە تێدا بۆتە قوربانی. ئەو قوربانی دانەی خەڵکی کوردستان بواری جۆراوجۆری بە خۆیەوە دیوە. گیران، زیندان، ئەشکەنجە، دوور خرانەوە، ئاوارەیی‌و دەربەدەری، سووتان‌و ماڵ وێرانی‌و تالان‌و راوو ڕووت، هەرکام لەمانە بوارێکی ئەم قوربانی دانەن. بەڵام شاراوە نیە کە چڵە پۆپەی فیداکاری‌و قوربانی‌دان گیان بەخشین‌و شەهید بوون لە پێناوی بیروباوەڕو گەل‌و نیشتمان دایە. لە قوربانی دان‌دا کەس نای گەیەنێتە ئەو کەسەی گەورەترین سەرمایەی ژیان، واتە گیانی لە سەر لەپی دەست دادەنێ‌و دەی کاتە دەزمایەی سەرکەوتنی ئامانج‌و ئاواتەکانی نەتەوەی خۆی، مەگەر ئەو دایکە لە خۆبووردووانە کە رۆڵە شیرنەکانیان دەنێرنە قوربانگاو بۆ هەتا هەتایە داخ لە سەر دڵیان‌و تاجی سەروەری لە سەر سەریان دادەنێن. لە نیو باخچەی فەرماندەرانی شەهیددا یادی قارەمانێکی مەیدانی خەبات‌و تیکۆشان کە توانی ئاڵای حیزبەکەی بە شەکاوەی رابگرێ شەهید برایم شێخاڵی دەکەینەوە.

برایم شێخاڵی لەساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی لە گوندی پەسوێ سەر بە شارستانی پیرانشار چاوی بە دنیای روون کردەوەو لەو گوندەش گەورە بوو، دەردی گەلی کوردی چەوساوەو هەژارانی کوردستان نەک بە شعار بەڵکوو بە گیان‌و دڵ چێشتبوو. هەر بۆیە لە سەرەتای رووخانی رێژیمی پاشایەتی‌و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران هاتە نێو ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە.

برایم شێخاڵی زۆر زوو نیشانی‌دا کە کوڕێکی ئازاو بە هیمت ورۆڵەیەکی هەڵکەوتووی گەلی کوردە، پاش ماوەیەک کارو تێکۆشان وەک کادرێکی سیاسی لە ناوچەی پیرانشارو نەغەدە کاری کردو توانی جێگای خۆی

لەنێو دڵی خەڵک وپیشمەرگەدا بکاتەوە.

ئەو نەک کادرێکی سیاسی باشی نێو کۆمەڵانی خەڵک بوو بەڵکوو لە شەڕەکاندا وەک پێشمەرگەیەکی قارەمانیش هاتە مەیدان. هەر بۆیە بە فەرماندەری لکی شەهید "مراد شیرێژ" لە هێزی شەهید ئەفشین دیاری کراو ئەو بەرپرسایەتی‌یە بوو بە هۆی ئەوە لەمەیدانێکی پان‌وبەریندا تێکۆشانی خۆی بەربڵاوتر بکا. کارزانی‌و لێهاتوویی برایم شێخاڵی بوو بە هۆی ئەوە لەلایەن دەفتەری سیاسی‌یەوە وەک فەرماندەری هێزی شەهیدانی دیواندەرە دیاری بکری کە بە حەق لەو سەنگەرەشدا لێزانی‌و لێوەشاوەیی لە هونەرو بارهێنانی پێشمەرگە بە باشترین شێوەی ممکن نیشاندا. کە لە راستی‌دا لە ناوچەی دیواندەرە دەرسێکی لەبیر نەکراوەی بە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا.

پاش ماوەیەک کار لە ناوچەی دیواندەرە، لە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی لەلایەن حیزبەوە کرا بە فەرماندەری هێزی شەهید نەحۆ لە ناوچەی ورمێ‌و وەک قارەمانێکی خۆڕاگرو گەلاڵە دارێژێکی وردبین ناوبانگی دەر کرد.

برایم شێخاڵی هەر لەو کاتەدا کە پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمان، نەترس‌و کۆڵنەدەر بوو فەرماندەیەکی بە دیسیپلین‌و وەفادار بە رێبازی حیزبەکەی بوو، لەهەر شوێنێکو لەهەر دەرفەتێک بەرامبەر بە دوژمن قورس‌و قایم بوو لەراستی‌دا ئیمانێکی قوڵی بە سەرکەوتنی خەباتی خەڵکی کوردستان بوو، هەر بۆیەش گیان‌و ژیان‌و خۆشییەکانی ژیانی لە پێناوی بەختەوەری نەتەوەکەی‌دا بەخت کردو تا دوایین هەناسەی دژی رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی زۆر قارەمانانە خەباتی کرد.

برایم لە ئاست هاوسەنگەرانی‌و هاورێیانی‌و خەڵکی ناوچەدا هێدی‌و لەسەرخۆ، بەرامبەر دوژمنانی گەلی کورد لێبڕاو خۆڕاگرو نەترس بوو، حیزبی دێموکرات شانازی بە برایم شێخاڵی دەکرد کە رۆڵەی ئاوا قارەمانی لەریزی خۆیدا پەروەردە کرد بوو. برایم بایەخێکی زۆری بە هێزی خەڵک پشتیوانی راستەقینەی جووڵانەوە دەدا، زۆر جاران بە هاوسەنگەرانی دەگوت، شۆڕش‌و جووڵانەوە کاتێک سەردەکەوێ کە ریشەی لە نێو دڵی زەحمەتکێشان داکوتابێ، بۆیە گرینگی‌یەکی لە رادەبەدەری بە پێوەندی نێوان خەڵکو پێشمەرگە دەداو هەمیشە هەوڵی دەدا ئەو پێوەندییە قایم‌و پتەوتر بکا. بەردەوام خۆی لە خەڵک نزیک دەکردەوەو بە زمانی خۆیان لەگەڵیان قسەی دەکرد. هەر بۆیەش خەڵک ئەویان وەک برایەکی راستەقینەی خۆیان چاو لێ دەکردو خۆشیان دەویست وریزیان لێ دەگرت.

بەداخەوە رۆژی ٧ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هێزێکی زۆرەوە پەلاماری بۆ سەر پێشمەرگەکانی هێزی شەهید نەحۆ هێنا. با چۆنیەتی شەهید بوونی برایم شێخاڵی لە دەفتەری بیرەوەری هاوسەنگەرێکی ببیستین.

"ڕۆژی ٧ی مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە گوندی جیرمێ لە ناوچەی تەرگەوەر، بۆ حەسانەوە لاماندا هەر ئێوارێ برایم شێخاڵی فەرماندە لکەکانی کۆ کردەوە بەرزاییەکانی پی ئەسپاردن. سەعات ٤ی بەیانی ڕۆژی ٧ی جۆزەردان گرمەی ئارپیجیو قریشکەی بیکیسیو قرمەی کلاشینکۆف سامی بێدەنگی شکاند، منو کاک برایم پێکەوە بووین لەگەڵ چەند پێشمەرگە بەرەو بەرزاییەکان هەڵگەڕاین، شەڕێکی نابەرامبەر لە نێوان کوڕانی دێموکڕاتو دوژمنانی ئازادی دەستی پێکرد بوو. لەگەل برایم شێخاڵی لە بن بنچکە شیلانێک سەنگەرمان گرت چەند جاشمان لێ وەدەر کەوتن، جێگای ئەوان قایم شوێنی ئێمە رووتەن بوو، چەند هەنگاوێک مابوو بگەنێ لە پڕ دەسرێژیان لێ کردین ئێمەش وڵامان دانەوە لەو کاتەدا گوللەی جنایەتکارێک سینگی پڕلە تاسەی برایمی شێخاڵی پێکا، گوللەی دوژمن وەک تەرزە بە سەرماندا دەباری، کۆڵەپشتییە دەرمانییەکەم کردەوە تا بتوانم دەرزێکی خوێن بەستی لێ بدەم، کوتم کاک برایم تا دەرزییەکە ئامادە دەکەم دەسرێژێک بکە با نەگەنە سەرمان، بەڵام بە داخەوە بە هۆی خوێن ڕێژی بڕستی لێ بڕابوو تەنیا توانی چەند گوللەیەک بتەقێنێ، لەوەدەمەدا سەری هەڵێنا گوتی بەجێم مەهێلە، موری هێزو چەند بەڵگە لە نێو کیفە دەستیەکەمدان هەڵیان بگرە با نەکەونە دەست دوژمن، منیش وتم جا چۆنت بەجێت دێڵم. شەڕ تا دەهات گەرمو گەرمتر دەبوو برایم شێخاڵی سەری هەڵێناو تا دەوروبەری خۆی تاقی بکاتەوەو ئاگاداری وەزعەکە بێ، بەڵام سەد مخابن لەو کاتەدا گوللەیەکی دیکە سەری گرتو بەرەبەرە چاوە گەشەکانی لێکناو دوا ماڵئاوایی لێ خواستینو سەنگەری بۆ ڕێبوارانی بەجێ هێشت".

---




## عومەر قەیتەران

مارشی هەست بزوێن و دڵگری رادیۆی دەنگی کوردستان کە رستەی هیوا بەخشی " سەرنج بدەن سەرنج بدەن"ی بەدوا دا دەهات. بۆ رۆڵەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانو دۆستانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان موسیقایەکی دڵنەوازو ئاهەنگێکی بەگوێ ئاشنا بوو. هەموو جارێ کە رادیۆی کوردستان لەنێو خەبەرەکاندا ئەو مارشەی لێ دەدا گوێگرانی رادیۆ شاگەشکەی شادیو دڵخۆشی دەیگرتنو دەیانزانی کە پێشمەرگە قارەمانو کارزانەکانی حیزب سەرکەوتنێکی گەورەتریان لەخەبات دژی دوژمنانی ئازادی دا وەدەست هێناوە.

لەئاکامی کارامە بوونو قاڵ بوونەوەی خەباتگێرانی حیزبەکەماندا هەمیشە خەڵکی دڵ پڕلە ئاواتی کوردەواری زیاتریان گوێ لە نرکەی دلێرانەی "سەرنج بدەن سەرنج بدەن" بووەو زۆرتر دڵیان بەخەبەری سەرکەوتنی رۆڵە پێشمەرگەکانیان گەشاوەتەوە. بێ لەخۆبایی بوون دەتوانین بڵێین زۆر مانگی ساڵو تەنانەت هەموو هەفتەو رۆژێکی شاهیدی یەکێک یان چەند سەرکەوتنی گەورەی بەرچاوی کورەکانی گەلو تێکشکانی هێزە سەرکوت کەرەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بووین. هەربۆیەش کەم هەفتە هەبووە کە جارێک دووجار ئەم دەنگە دڵپەسەندە بە گوێی ئۆگرانی ئازادی لە کوردستانو سەرانسەری ئێران نەگا. عومەر قەیتەران یەکێک لەو فەرماندەرانە بوو کە زۆرجار بە عەمەلیاتە گەورەکان سرنجی هەموو لایەکی بۆ لای هێزەکەی رادەکیشاو زۆر جار سرنج بدەنی هەست بزوێن بۆ عەمەلیاتەکانی ئەو رۆڵەیەی دێموکرات بوو. با لەو دەرفەتەدا یادێک لە خەباتو تێکۆشانی قارەمانی گەلەکەمان شەهید عومەر قەیتەران فەرماندەری هێزی شەهید ئەفشین لە نەغەدە بکەینەوە.

عومەر قەیتەران لە ساڵی١٣٣٥ی هەتاوی لە گوندی "گردییاقوب" لە ناوچەی شارویرانی مەهاباد لە باوەشی گەرمی بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لەدایک بوو، بەرەبەرە کە گەورە بوو لە گەڵ دەردو کوێرەوەری ژیانی گەلی کورد بە تەواوی ئاشنا بوو هەر بۆیە بە رەگو پێستەوە هەستی بە چەوسانەوە دەکرد. کاتێک شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت وەک دەرچەدارێکی شۆڕشگێڕ رووی کردە ریزی تێکۆشەرانی دێموکراتەوەو وەک پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو بە ئینزیبات لە هێزی پێشەوادا دەستی بە تێکۆشانی سیاسی کرد.

عومەر قەیتەران لە ماوەیەکی کورتدا نیشانیدا کەسێکی بە توانایەو بە هەموو وجوودییەوە لە خزمەت نەتەوەکەی دایە. هەر بۆیەش زوو جێگای خۆی لە نێو دڵی هاوسەنگەرانیو خەڵکی ناوچەدا کردەوەو بە دڵو گیان خۆشیان دەویست. ئازایەتی ناوبراو بوو بە هۆی ئەوە کە بە جێگری لکی دووی هێزی شەهید پێشەوا دیاری کرا. عومەر قەیتەران بە بەشداری لە چەندین عەمەلیاتی سەرکەوتوانە توانی لەو مەسئوولییەتە رووسوور بێتەدەرو بە حەق توانی بە سەداقەت وئیمان ئەرکەکانی بەرێوە بەرێ. بۆیە لە ساڵی١٣٦٠ی هەتاویدا لە لایەن حیزبەوە وەک جێگری هێزی شەهید ئەفشین لە ناوچەی نەغەدە دیاری کرا. لە ماوەی کاری جێگری هێزیدا چەندین عەمەلیاتی سەرکەوتوانەی بەرێوە برد، تواناییو لێهاتوویی‌و کارزانی لە کاری نیزامییدا بووە هۆی ئەوە لەساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە بە فەرماندەری هێزی شەهید ئەفشین دیاری بکرێ. ناوبراو لەو پۆستەشدا توانی ئەرکە پیرۆزەکانی بە رێکوپێکی بەرێوە بەرێ، چەندین عەمەلیاتی قارەمانانە وەک: جادەی پەسوێ، گوندەکانی مەحمەشەو ماسوێ، شەڕی ناو شاری نەغەدە، جادەی پەسوێ – مەهاباد، شەڕی چیای قەسرێ، قەڵاتەڕەش، شەڕی بابەکراوێو کێلێ، جادەی نەغەدە – مەهاباد، پایەگای دەشتی قوڕێ، پایەگای قەڵاتەسوور، پایەگای کەڵەکۆکو شەڕی گەرگولی سەرێو خوارێ نموونەیەکی چووکەن لەو حەماسەو قارەمانەتیی کە بە فەرماندەهی ناوبراو لە ناوچەکانی نەغەدەو مەهاباد بەڕیوە چوو.


عومەر قەیتەران لە رۆژی یەکەمەوە تا کاتی شەهید بوونی رۆڵی فەرماندەیەکی گێڕا کە جگە لە ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی کەسێکی کۆمەڵایەتیو خەڵک خۆشەویست بوو پێشمەرگەیەکی مەیدانیو تێکەڵ بە خەڵک بوو. رێزی بۆ خەڵک دادەناو خەڵکیش رێزی تایبەتیان دەگرت. بەجۆرێک کە لەو ناوچەیە لە هەموو بارێکەوە ببووە کۆڵەکەیەکی قایمو جێگای متمانەو باوەڕی خەڵکو حیزبەکەی.

ناوبراو بە بیروباوەڕێک هاتبووە مەیدان، ئیمان بە بیروباوەڕ بوون، لەم رێگایەشدا سەری دانا. عومەر فەرماندەی بە جەرگو ئازای گەلەکەمان هەمیشە لە سەنگەری یەکەمدا هاوڕێیانی رێنوێنیو فەرماندەهی دەکرد. ناوی ئەو بۆ هەموو پێشمەرگەکانو خەڵکی خۆڕاگری نەغەدە ناوێکی ئاشناو لە سەر زارو زمانان بوو، لە هەر جێگایەک هێرشی کردبایە سەر دوژمن تێکی دەشکاندو راوی دەنا. عومەر قەیتەران زۆرجار دەیگوت "دەبێ خۆمان ئامادە بکەینو بتوانین بەربەرەکانی بکەینو نەهێڵین ئێستا کە لە مەیدانی رووبەروو لەگەڵ دوژمنێکی درەندە

داین نەتوانێ زەبرمان لێ بدا، پیلانەکانی پووچەڵ بکەینەوە، ئەگەر هەرکات دەرفەتیشی هێنا بە حەولی خۆمان رێگا نەدەین زەربەمان لێ بدا بۆیە هەمیشە بە وشیاری و زیرەکی هەڵسوکەوت بکەین."

رۆژی ٣١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی هێزەکانی رێژیم هێرشیان کردە سەر گوندی گەرگولی نەغەدە رۆڵەکانی دێموکرات بەرپرچی دوژمنیان دایەوە پاش چەندین سەعات شەڕ زەبرێکی باشیان لە دوژمن وەشاند بەڵام بەداخەوە لەو شەڕەدا عومەر قەیتەرانی قارەمان خوێنی تێکەڵ بە خوێنی ٨ قارەمانی دیکە بە ناوکانی: سەلاح خاکی، رەحمان شێخاڵی، محەممەد ساوجبلاغی، سەید عەلی تەریتە، قەرەنی رەسووڵی، رەسووڵ عەرەب، محەممەد رەسووڵپوورو برایم مەحموودی بوو چوونە رێزی کاروانی شەهیدانی کوردستان.

---




**محەممەد دریازی**

هەموو شۆڕشێک یا بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی یا کۆمەڵایەتی کە بۆ دابینکردنی حەقو ماڤەکانی کۆمەڵانی خەڵکەوە سەر هەڵدەدا هەر بەو هۆکارەیە کە خەڵک بزووتنەوەکە بە هی خۆیان دەزانن‌و لە هەموو بارێکەوە بۆ بە هێزکردنی شۆڕش‌و جووڵانەوەو بۆ بەرەو پێش‌بردنی یارمەتیان کردوە، ئەگەر بڕوانینە کوردستانی ئێران کە رێژیمێکی درەندە بە ئیمکاناتێکی زۆری نیزامییەوە هێرشی بۆ خەڵکی کوردستان دەست پێکرد، سەرەڕای ئەو هەمووە ئیمکاناتە زۆر جار خەڵک‌و پێشمەرگە پاشەکشەیان بە رێژیم دەکرد ئەوەش دوو هۆکاری هەبوو، یەکیان ئەوەی کە خەڵکی کوردستان داواکانیان ئەوەندە رەوا بوو کە کەس نەیدەتوانی ئینکاری بکا، دووهەم ئەوەی کە هێزی خەڵک هێزێکە کە هەمیشە لەسەر پێیەو هەرکات بیهەوێ ئاگاهانە بجووڵێ هیچ هێزێک ناتوانێ پێشی

پـێ بگـرێ، ئەوە لەوەدا خـۆی دەبینێـتەوە کە هێـزی پێشمەرگەش هەڵقـوولاوی نێـو خەڵـک بـووە. بـۆیە کاتێـک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هێرشی بۆ سەر خەڵکی کوردستان دەست پێکرد بە سەدانو هەزاران لاوی خوێن گەرم بۆ بەربەرەکانی دژی ئەو ڕێژیمە قۆڵیان هەڵماڵی کە یەکیان محەممەد دریازی لە ناوچەی نەغەدە بوو.

محەممەد دریـازی لە سـاڵی ١٣٤٣ی هەتـاوی لەگونـدی "شـاوەلە"ی نـاوچەی نەغەدە لە بنەمـاڵەیەکی وەرزێـڕ چـاوی بە دنیـای ڕوون کـردەوە. کە گەورەتـر بـوو لـە تەمەنی شـەش سـاڵیدا چـۆتە قوتـابخانـە. محەممەد کـە کەوتبوە نێو دنیایەکی تـازەوە بـە عیشقو عەلاقـەوە دەرسـی دەخوێنـدو مێشکی منداڵانەی بـە وشـەی کتێبـەکانو قسەکانی مامۆستاکەی دەبووژاندەوە. لەگەڵ دەرس خوێنـدن لـەکاتی پشـووی هاوینـاندا ڕێگـای مووچەو مەزرای دەگرتە بەرو وێڕای بنەماڵەی شانی دەدایە بەر کاری قورسی وەرزێڕی، سەرئەنجام تـوانی تـا دەورانـی ناوەنـدی بخوێنێ. پاشان بە ناچار پشتی لە قوتابخانە کردو بەرەو مەیدانی کارو کوێرەوەری هەنگاوی نا.

لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتـاویدا کە سـەرەتـای دەست پێکردنـی شۆڕشـی گـەلانی ئێـران لـە دژی ڕێژیمـی گەنـدەڵیو بێزراوی پاشایەتی بوو لەگەڵ ئەوەدا کە لە باری سیاسییەوە کـرچو کـاڵ بـوو لـە ڕێ‌پێـوانو خۆپێشـاندانەکانی گـەلانی ئێـران بـە دژی ڕێژیمـی شـا، تێکـەڵ بـە شـەپۆلی نارازییـان بـوو زۆر جـاران لـە ڕیـزی پێشـەوەی خۆپێشاندەراندا بە دژی ئەو ڕێژیمە بێزراوە شعاری دەدا.

دوابەدوای ئـاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستـانو هێرشی سوپای ڕێژیمی تـازە بـە دەسـەڵات گەیشتوو بۆ سەر کوردستان ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی ڕێبازی پڕ لە شانازیی حیزبی دێموکڕاتی هەڵبژاردو لە ڕیـزی پێشمەرگەکانی هێزی "دمدم"ی ئەو کاتدا سازمان درا. محەممەد کوڕێکی هێدیو لەسەرەخۆو بە نـەزمو دیسیپلینو لەگـەڵ ئـەوەشدا ئـازاو نـەترسو بێ‌بـاک بـوو، هـەر بۆیـە هـەموو هاوسـەنگەرانی ڕێزیـان لـێ دەگـرتو خۆشیان دەویست. ناوبراو دڵگەرمییەکی لەڕادەبەدەری بە ژیانی پێشمەرگایەتی هەبوو. بـۆ بردنـە سـەری پلـەی زانیـاریی خۆی بێ‌پسانەوە هەوڵی دەداو نووسراوەکانو بڵاوکراوەکانی حیزبی دەخوێندەوە، هەروەها بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی پێ‌ئەسپێردراوی لە هیچ فیداکارییەک دەریغی نەدەکرد. سەداقەتو ڕاستیو دروستی لە وتەکانی دابوو، هەستانو دانیشتنیو کردەوەکانی لە خزمەت ئامانجەکانی جووڵانەوەدا بوو.

چالاکیو هەڵسوڕی ئەو لـە خـەبات دژی دوژمنـانی ئـازادیدا بـەرچاو بـوو. لـە زۆربـەی شـەڕەکاندا بەشداریی چالاکانەی هەبوو، وەک قەڵایەکی پۆڵاین لەبەرامبەر دژیگەلییەکاندا ڕادەوەستا. ئەو تـایبەتمەندییانە وای کرد کە وەک سەرپەلو پاشان وەک فەرماندەری لک دیاری کرا.

محەممەد دریازی بە کردەوە سەلماندی کە لەپێناوی دیفاع لـە نەتەوەکـەیدا لـە هیچ چەشنە فیداکارییـەک دریغی ناکا. لە مەیدانی شەڕو بەرەو ڕووبوون لەگەڵ دوژمندا نە جارێک بـەڵکوو بـە دەیـان جـار ئـەم ڕاستییەی سەلماند کە کوڕێکی ئازاو نەترسە، پێشمەرگەیەکی سادقو شۆڕشگێڕەو لە پێناوی سیاسەتەکانی حیزب ئامادەیە

گیانی بەخت بکا. لە سەنگەردا زۆر ئازا بوو، لە بەر دوژمن کۆڵی نەدەداو هەمیشە پەلاماری سەنگەری دوژمنی دەدا. لە سەر ئامانجو بەڕێوەبردنی کارەکانی شێلگیر بوو. زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی نەغەدە، پیرانشار، مەهاباد، شایەدی بۆ ئازایەتی ناوبراو دەدەن، لەشەڕ لەگەڵ دوژمندا خوێنی لەشی دەکوڵیو کۆڵی نەدەداو سەنگەری دەگواستەوە هەر جارێ زەبرێکی باشی لێ دەوەشاندن. لە ماوەی ئەو بەرپرسایەتییانەیدا گەلێک دەرسی بە کەڵکی بۆ هاوسەنگەرانی بەجێهێشتو زۆر یادگاری بە نرخی لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیاندا تۆمار کرد.

بە داخێکی گرانەوە رۆژی ٢٢ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە بەرزاییەکانی پشتی گورگەو ئاغۆتمان لە ناوچەی مەهاباد لە شەڕێکی نێوخۆیدا شەهید بوو و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە هاوسەنگەرانی کرد.

---




## سمایل کرمانج

بنەماڵەی کرمانج کەم کەس لەو کوردستانە هەیە کە ناو ناوبانگی نەبیستبێن، بە تایبەتی خەڵکی نەغەدەو دەوروبەری، کە ئەو بنەماڵە کوردپەروەرە بە چەندین رۆڵەی قارەمانیان لە ریزی تێکۆشەرانی دێموکڕاتدا گیانی خۆیان کردە قوربانیو سەریان کردە پردەبازی سەرکەوتن بۆ نەتەوەکەیان، سمایل کرمانج یەکێک لەو چەند شەهیدە سەر بەرزەی ئەو بنەماڵەیە کە ناو و یادی رێز دەگرین.

سمایل کرمانج لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە ئاوایی "لەجێ" لە ناوچەی مەهاباد لەدایک بوو. زوڵمو زۆوری دەربەگایەتی پاڵی بە بنەماڵەی سمایل کرمانجەوە ناو، بە ناچاری ناوچەی مەهاباد بە جێ بهێڵنو بچنە شاری نەغەدە و لەوێ گیرسانەوە.

سمایل سەرتا لە ئاوایی رەوانەی قۆتابخانەی ئاییینی کراو پاشان لە شاری نەغەدە شەوانە لە قوتابخانە دەرسی دەخوێند. ناوبراو پاش ماوەیەک بە مەبەستی کاسبی کردنو دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان وازی لە خوێندن هێنا.

سمایل لە هەڵسو کەوتی رۆژانەدا زۆر سرنجی دەدا شێوەی ژیانو بە هەموو وجودییەوە هەستی بەو زوڵم و زۆرییە دەکرد کە دەرحەق بە گەلی کورد لە کوردستان دەکرا.

سمایل بە ئاشکرا ئەو جیاوازییانەی بە چاوی خۆی دەدیت کە حکوومەتی شاهنشاهی لە شاری نەغەدە لە نێوان گەلی کوردو ئازەری دایدەناو ئەو زوڵمو زۆرەی کە ئەو هەستی پێکرد بوو کاریگەریی لە سەر هەستی نەتەوایەتییو شعووری سیاسی سمایل دانابوو. بۆیە باوەڕی وابوو کە ئازادییو رزگاریی تەنیا زامنی پاراستنی کەرامەتو گەورەیی گەلەکەیەتیو هەر بەم هۆکارانە بوو کە تەمەنی لاویەتیی بۆ ئامانجەکانی نەتەوەکەی تەرخان کرد.

خەباتو تێکۆشانی قارەمانانی دێموکڕات لە ساڵەکانی ١٣٤٦ - ٤٧ شەهید بوونی کۆمەڵێک لەو شۆڕشگێڕانەو بە تایبەتی نیشاندانی تەرمی چەند کەس لەو فیداکارانە لە شەقامەکانی شارەکانی کوردستاندا، کاریگەرییەکی قووڵی لە سەر هەستو ئێحساسی سمایل داناو ناوبراوی زیاتر بۆ تێکۆشان هاندا. زۆلم و زۆری رێژیم، خەڵکی ئێران بەگشتیو کوردستان بە تایبەتی، هەستی بێزاری لە حکوومەتی پاشایەتیو خەبات بۆ ئازادیی وای کرد کە سمایل کرمانج وەک زۆربەی خەڵکی شاری نەغەدە بێتە سەر شەقامو تەنانەت ببێتە یەکێک لە هەوەڵێن کەسانێک لە شاری نەغەدە کە بۆ وەرێخستنی خۆ پێشاندان دژی ئەو حکوومەتە دەست بە کار بێو بە کردەوە ببێتە یەکێک لە کەسایەتییەکانی جێگای متمانەی خەڵکی شاری نەغەدە. سمایل لە گرتنی ژاندارمەری شاری نەغەدەو پایەگای دوو ئاواندا رۆڵی سەرەکی بوو.

پاش ئاشکرا بوونی تیکۆشانی حیزب لە ساڵی ١٣٥٧دا سمایل پێوەندیی بە تەشکیلاتی حیزبەوە گرتو، بوو بە پێشمەرگەیەکی چالاکی حیزب، ئەو بە فیداکاریی، تێکۆشانو نەسرەوتوویی تا ئاخرین چرکەی ژیانی درێژە دەری ئەو رێبازە مایەوەو تا سەرئەنجام بە سەخاوەتەوە گیانی لە رێگای وەدیهاتنی ئامانجە بەرزەکەی کە رزگاریی کوردو کوردستان بوو دانا. سمایل خاوەنی خوو رەوشتێکی شۆڕشگێڕانە بوو، ئەو مرۆڤێکی ئازاو رێزی مافی ئینسانەکانی دەگرت. لەکاتێکدا کە لە مەیدانی شەڕی دژی داگیرکەراندا پێشمەرگەیەکی بە دەست و چەک، ئازاو بە غیرەت بوو.

لە جەریانی شەڕی داسەپاو بەسەر گەلی کورد لە شاری نەغەدەدا، قارەمانەتی ئەو بە جوانیو لە کردەوەدا خۆی نیشاندا.

لەو شەڕە داسەپاوەدا سەنگەر بە سەنگەر دژی پاسدارو بەکرێگیراوانی حکوومەت شەڕی دەکرد. تایبەتمەندی ناوبراو ئەوە بوو کە هەوڵی دەدا دیلەکانی مەیدانی شەڕ بپاریزرێنو بە پێی ئوسووڵو پرینسیپ هەڵسو کەوتی لە گەڵ بکرێ. هاورێیەکی بەمجۆرە لە شەڕی نەغەدە باسی دەکا.

" لە هێرش بۆ سەر مۆڵگەیەکی بەکرێگیراوانی رێژیم لە شاری نەغەدە لەو شەڕەدا کە ئەوان بێ بەزەییانە تەقەیان لە ژنو منداڵی کوردی بێ چەک دەکرد، ژمارەیەکی بەرچاو لەو بەکرێگیراوانە کوژرانو ژمارەیەکیشیان بە دیل گیران، هەرچەند لەو شەڕەدا هاورێیەکی شەهید سمایل بە نێوی ئەحمەد بۆتکە شەهیدو سمایلو هاورێیەکی دیکەشی بە نێوی برایم جوجە بریندار ببوون، بەڵام ئەو نەیهێشت کەس بێ حورمەتی بە دیلەکان بکاو هەموو هەوڵی خۆیدا کە دیلەکان بگەیەنێتە یەکێک لە مزگەوتەکان کە لەوێ گیانیان پارێزراو بێ."

پاش شەڕی نەغەدە سمایل کرمانج وەک فەرماندەری لک لە هێزی ئەفشێن دیاری کرا. لە ساڵی ١٣٥٩دا چەندین عەمەلیاتی گەورە بە فەرماندەیی سمایل کرمانج لە سەر هێزەکانی رێژیم لەشاری نەغەدەو رێگای پیرانشار- نەغەدە بەرێوە چوو.  ناوبراو لە شەڕی سێ مانگەدا حەماسەی خوڵقاند، بۆ وێنە لە شەڕی قەبری‌حوسێن، لەسەر رێگای پیرانشار سەردشت زەبرێکی گاریگەری لە هێزەکانی رێژیمدا، لەوشەڕەدا چەندین تانکی حکومەت سووتانو ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی دوژمن کوژران. ئەو زەبرە بەرادەیەک قورس بوو کە هێزەکانی دوژمنی بۆ ماوەی چەند مانگ لەو شوێنە راگرتوو پێشی پێشرەوی لێ گرتن.

هاوسەنگەرێکی بەمجۆرە لە بیرەوەرییەکانی‌دا باسی شەهیدبوونی سمایل کرمانج دەکا.

"لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی هەواڵ بە شەهید سمایل دەگا کە ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی حکوومەت مەغوول‌ئاسا بە فەرمانی مەلا حەسەنی ئیمام جومعەی ورمێ بۆ هێرش کردنە سەر گوندی قەڵاتان بەرێوەن. شەهید سمایل بە بیستنی ئەو هەواڵە بە بێ راوەستان لە گوندی شاوەلەڕا خۆی دەگەیەنێتە ناوچەی شەڕو بۆ بەرەنگار بوون لەگەڵ هەر چەشنە هێرشێکی دوژمن، دەست بە سازماندەییو سەرپەرستیی هێزی پێشمەرگەی حیزب لە ناوچە کە لە پێشمەرگەی هێزەکانی سمکۆو ئەفشین پێک هاتبوون دەکا. کاتی10ی بەیانی رۆژی 6ی خاکەلێوە هێرشی هێزەکانی دژی گەلی کۆماری ئیسلامیی لە ژێر تۆپ بارانی قورسی تانکەکانی‌دا دەست پێدەکاو لە پاشان هێزی پیادە لە چەند لاوە هێرش دەکەنە سەر گوندی قەڵاتان. شەهید سمایل کە لەو شەڕەدا فەرماندەیی هەموو جەبهەکانی بە دەست بوو، بۆ خۆی لە گەڵ پەلێک لە پێشمەرگەکان لەسەر رێگای نەغەدە - قەڵاتان جێگیر دەبێ.

شەڕ هەتا دێ خەستترو قورستر دەبێ، بەرەنگاریی بێ وێنەی پێشمەرگەکان چەند جار پاشەکشە بە هێزەکانی ڕێژیم دەکا، هێزەکانی ڕێژیم پاش هەر پاشەکشەیەک، بەتۆپو خومپارەو تانک سەنگەری پێشمەرگەو گوندی قەڵاتان دەکەنە ئامانجی دەسڕێژی دڕەندانەی خۆیان. دەمەو ئێوارێ دوژمن دیسان دەست بە هێرش دەکاتەوەو ئەمجار زۆر بێ بەزەییانەتر سەنگەری پێشمەرگەکان دەداتە بەر ئاوربارانی چەکی قورس، بەداخەوە لەو هێرشەدا چەند پێشمەرگە شەهیدو بریندار بوون کە شەهید سمایل کرمانج لە نێو پۆلێک لە بریندارەکانی ئەو شەڕەدا بوو.

ڕێژیم لە شەهیدو بریندار بوونی ئەو پۆلە پێشمەرگەیە کەڵک وەردەگرێ‌و خۆی دەگەیەنێتە نێو گوندی قەڵاتان‌و کارەساتی بە ناوبانگی قەڵاتان دەخوڵقێنێ کە وەک پەڵەیەکی رەش بۆ ئەبەد بە نێوچاوانی کار بەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە هەر دەمێنێ.

ڕێژیم لە هێرش بۆ ناو گوندی قەڵاتان لە ماوەیەکی کورتدا ١٢ کەس لە خەڵکی بێدیفاعی ئەو گوندە شەهید دەکا. ئەوان لە خوڵقاندنی ئەو کارەساتەدا رەحمیان بە هیچ کەس گەورە، بچووک، ژن‌و منداڵ نەکرد تەنانەت بەزەیی‌یان بە سەید ئەحمەدە شێتەش کە مرۆڤێکی ناتەواو و بێ دەسەڵات بوو نەهاتو وەک لەشکری مەغوول قاچی سەید ئەحمەدیان بە بیور لێکرد بۆوە. "

بەڵێ سمایلی بریندار بۆ چارەسەریی رەوانەی نەخۆشخانەی مهاباد کراو پاش چەند رۆژ چاوەدێری، بەداخەوە لەبەر قورسیی برینەکەی لە ڕێکەوتی ١٢ی خاکەلێوە ١٣٥٩ شەهید بوو هاتە ریزی کاروانی شەهیدانی حیزبو گەل.

---




**عەبدوڵڵا قادری ئازەر**

تەمەنم بۆیە دانا تا بتوانم لە تەمەنی کورت بەڵام پڕلەبایخ خزمەتێک بە نەتەوەیەک بکەم کە بەدرێژایی مێژوو زووڵمی لێکراوە ئەگەر ڕۆژێک ئەو نەتەوەیە ڕزگاری بێ، من لەژێر گڵ شانازی پێ دەکەم کە سەرم بۆ گەل داناوە. ئەگەر ڕزگاریش نەبێ دەزانم ڕێبوارانم درێژەی دەدەن تا ڕزگاری دەکەن دیسان شانازی بە خۆم دەکەم چۆنکە خوێنی منو هەزارانی وەک من بوونە مایەی ڕزگاری.

شەهید عەبدووڵڵا قادری ئازەر ساڵی ١٣٣١ لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە شاری نەغەدە دا چاوی بەدنیای ڕوون کردەوە وردەوردە وەک منداڵانی نەغەدە گەورە بوو ڕەوانەی قوتابخانە کراو خوێندنی سەرەتایی لە شاری نەغەدە تەواو کردوو دوای ئەوەی سێهەمی ناوەندی تەواو کرد پاشان دەورەی هونەرستانی سەنعەتی لە ورمێو بۆ ماوی ٣ ساڵ لە وێ تەواو کرد، پاشان ساڵی ١٣٤٨ دیپلۆمی فەننی هونەرستانی سەنعەتی وەرگرت. ساڵی ١٣٤٩ ڕەوانەی سەربازی کراو دوای تەواو کردنی دەورەی ئاموزشی چوە قەزوێن و وەک سپای دانشی لەگوندی" ئەڵەمووتی "سەر بەو شارەستانە مایەوە، پاش تەواوکردنی دەورەی سپای دانش گەڕایەوە بۆ شاری نەغەدە.

عەبدوڵڵای قادری ئازەر پاشان بۆ ماوی دوو ساڵ وەک مامۆستا دەرسی بە منداڵان دەگوتەوە، دواتر عەلاقەیەکی تایبەتی بە کاری هونەری بوو هەر بۆیە چوە ئەنیستیتۆی کاروباری هونەری جوانەکان لە شاری تاران بۆ ماوی دووساڵ مایەوە لەو ماوەیەدا فەوقی دیپلۆمی هونەری وەرگرت. دوای وەرگرتنی فەقی دیپلۆم گەڕایەوە شاری نەغەدە ولە دبیرستانەکانی ئەو شارە خزمەتی بەمنداڵانی هەر دوو نەتەوەی ئازەری کورد دەکرد. ئەوە تەنیا وەک کەرەسەیەکی خۆژیاندن نەبوو بەڵکوو تەنیا بۆ ئەوەی ئەو کارەی هەڵبژاردبوو کە

خزمەتی زیاتر بەنەتەوە بەشخوراوەکەی بکا. ئەو لە رێگای قوتابخەنە و قوتابییەکانیەوە لەگەڵ ژیانی پڕ لە کوێرەوەری هاونیشتمانیان ئاشنا دەبوو.

عەبدوڵلای قادری ئازەر تا ساڵی ١٣٥٧ مامۆستای قوتابخانەکان بوو پاشان هەر ئەو ساڵە پێوەندی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە گرت و وەک ئەندامی حیزب تا ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزب، بە نهێنی لەشاری نەغەدە کاری دەکرد. کاتێک تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لە نەغەدە دەستی پێکرد کۆمیتەی حیزبی لەو شارە دامەزرا ناوبراو بوو بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی نەغەدەو بە ئیمانێکی بەهێزترو بیروباوەڕێکی قووڵتر قۆڵی بۆ خەبات دژی دوژمنانی ئازادیو هەموو ئەو کەسانەی خەونی نابوودیی گەلی کوردیان دیبوو هەڵماڵی. لەنێو ریزەکانی حیزبدا بەهۆی لێهاتوویی‌و تێگەیشتوویی ئەرکەکانی لەنێو خەڵکدا بەڕێوە دەبرد. سیاسەتەکانی حیزبی لە نێو خەڵکدا بەباشی شیی دەکردەوە. بۆ هەموو مەئموورییەتێک سەر لەپێناو بوو. وێڕای ئەوانەش ئەو خۆشەویستی خەڵک بوو

عەوڵا قادری ئازەر لەژیانی حیزبایەتی‌دا بەهەموو هەستو تواناو فیداکارییەوە تێکۆشاو بە لێهاتوویی‌یەوە پلەکانی سەرکەوتن لە ئەرکە حیزبی‌یەکانی‌دا یەک لەدوای‌یەک بڕی. لە بەشەکانی تداروکات، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە شارەستانی نەغەدە بوو. هەروەها لە رادیۆ، نەخۆشخانەو بەشی دەرمانی، کۆمیسیۆنی ماڵی و سەرئەنجام تا رۆژی شەهید بوونە لەپێوەندییەکانی دەرەوە کاری دەکرد و هەروەها لە کۆنگری ٧ی حیزبدا وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو دوای کۆنگرە وەک نوینەری حیزب لە ئوروپا چوە دەفتەری حیزب لە پاریس، دەستی بە کاری سیاسی وپێوەندی کرد. ئەو کوڕی رۆژانی تەنگانەی حیزب بوو بەرامبەر بە حیزبو رێبازەکەی رۆڵەیەکی بە ئەمەگو وەفادار بوو و قەت لە بیروباوەڕی دا ناهومێدی‌و لەرزۆک بوون بەدی نەکرا. ئینسانێکی خەڵکی‌و خاکی، دڵپاکو کادرو بەرپرسێکی لێوەشاوەو خۆشەویست بوو.

شەهید عەوڵای قادری ئازەر تێکۆشەرێکی بەئیمان، کارێکی لێهاتوو، رووناکبیرێکی شۆڕشگێر بوو هیچکات لە ئەرکە پێ سپێردراوەکانی ماندووبوونی نەدەناسی. کەسایەتیەکی مەتین، بەحەوسەلە بە پشتکارو بیرورد بوو. ئەو لەماوەی کاری پێوەندی بەتەواوی شارەزای بە زمانی ئینگلیسی وفرانسەوی‌دا هەبوو. لەماوەی ٥ ساڵ کار کردن لە دەرەوەی وڵات وپێوەندی لەگەڵ شەخسییەتە سیاسیەکانی ئوروپا وبەتایبەتی ئەو پیوەندیە کە بەهاوکاری رێبەری شەهید دوکتور قاسملوو دەیگرتن وای لێکرد کە کوورەی کاروباری سیاسی‌دا قاڵبوو، کادرێکی بەوەجی رێبەرایەتی حیزب بوو.

بە داخەوە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی وەک هەمیشە لە پیلاندابوون کە لە نێیەتی پاکی رێبەرانی حیزب لەسەر میزی وتووێژ کەلکیان وەرگرتوو رۆژی ٢٢ی پووشپەر لە گەڵ مامۆستای رێبەر شەهید دوکتوور قاسملوو

چووبوونە وڵاتی ئوتریش لە ڤییەن پێتەختی ئەو وڵاتە کەوتنە بەر دەسرێژی جنایەتکارانەی کۆماری ئیسلامی و بەداخەوە وێرای ڕیبەری گەورەمان دوکتور قاسملوو کاک عەوڵڵای قادری ئازەر شەهید بوون.

-----------------------------------------------------------

## هێزی کێلەشین




محەممەد کوردنژاد

کاتیک ورەو ئیمانی محەممەدی کوردنژاد دەخەیەوە بیری خەڵک هەموو کەس مچرووکی پێ دادێ، کاتێک بۆ رابروو دەگەڕێیەوەو ژیانی هەڵۆئاسای ئەو قارەمانە شیی دەکەیەوە خەڵک بزەی دەکەوێتە سەرلێوان، کاتێک کە ئیمانی پتەو ورەی بەرزی پێشمەرگەو فەرماندەری شەهید دەخەیەوە بەر زەین و بیری لێ دەکەمەوە، بە لای منو خەڵکەوە ئەوانە لە خۆری جیهان رووناکترو پڕنوورترن، لە زەریای بێ کۆتایی وەختی تۆفان بە سامترو لە شەوە زەنگی دارستان بە هەیبەتترن. چونکی دەیاندی کە هێزی زۆرو پوشتەو پەرداخی دوژمن بە سەدان کەسەوە، بە مۆدیرپنترین چەکی دەستیو توپو خۆمپارەو کاتیوشا لە دەیان پێگەی جۆراوجۆر، بە دڕندانەترین شێوەی بێ بەزەییانە هێرشیان بۆ دەکردی، تۆ ئەو قارەمانەی‌و گلێنەی چاوی کوردو کوردستان بووی، قامک لە سەر پەلاپیتکەی تفەنگو گیان لەسەر دەست، بە گژ داگیرکەراندا دەچوویەوەو هێرشت دەکردو سەرت لێ دەشێواند، لە ئاکامدا پاشەکشەت پێ دەکرد ولە بەر تۆ رای دەکردو کوژراوانی بەجێ دەما. چونکی نارەتەی

شێرانەو هەڵمەتی جوامێرانەت دەبینێ کە وەک هەڵۆی بەرزە فڕی کوێستانان، دەدەی لە شەقەی باڵ، بە گوللەی گەرمت دڵی پڕ لە قینی خۆفرۆشان سارد دەکردەوە.

محەممەد کوردنژاد ناسراو بە (محەممەدی عەلی پیرێژنێ) لە ساڵی ١٣٢٠ ئەو کاتەی کە رەزا شای ئێران بارگەو بنەی پێچاوەو لە دەسەڵات دوور خرایەوە، لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی گوندی "زمێ" سەر بە شارستانی شنۆ چاوە گەشەکانی بە دنیای پڕ ناعەداڵەتی هەڵێناو بزەی خستە سەر لێوی بنەماڵەکەی، هەڵدانی تەمەنی منداڵی لە گەڵ سەرووەرییەکانی کۆماری کوردستان بوو، بەڵام بەداخەوە هەلومەرجی ژیان رێگای نەدا محەممەد تەمەن ٦ ساڵە کە تازە پێشەوای کورد لەدار درابوو روو بکاتە قوتابخانەو لە بەرەکەتی خوێندن بەهرەمەند بێ. بۆیە ئەو ژیانە کە دەبێ لە منداڵییەوە روو لە کارو کوێرەوەری بکا دەستی پێکرد.

محەممەد کوردنژاد لەئاخری ساڵەکانی دەیەی ١٣٣٠ کاتێک پۆلیسی شا پەلاماری ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیدا ئەو رووی لە کوردستانی باشوور کردوو لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا واتە 13٤٠ پێوەندی کرد بە پارتی دێموکڕاتی کوردستانەوەو لە ریزی ئەواندا تێکۆشانی سیاسی خۆی دەست پێکرد. ماوەی ١٤ساڵ لەگەڵ پارتی ناوبراو خەباتی بێ وچانی کرد. لە گەڵ نسکۆ هێنانی شۆڕشی بارزانی لە ساڵی 1354 ئەویش گەڕایەوە لای بنەماڵەکەی کە لە"زمێ" جێگیر بوون.

محەممەد لەساڵەکانی منداڵییەوە وەک زۆربەی منداڵانی ئەو دەڤەرە لە گەل یادی پێشەوا قازیو کۆماری کوردستان ئاشنا بوو. کاتێک ئاخوندەکان دەستیان بە سەر چارەنووسی گەلانی ئێران داگرتو وەیشوومەیان خستە وڵاتو بە تایبەتی یەکەم تیری نەدامەتی خۆیانو رێژیمەکەیان هاویشتە کوردستان، خۆی پێ رانەگیراو لە دوژمن راپەڕیو هات بوو بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕات، خوێن گەرم، لە کاری خۆی جەسوور، وەک زۆربەی قارەمانەکانی کوردستان بەرەنگاری پەلاماری دڕندانەی هێزە بەکرێگیراوەکانی رێژیم بۆوە، ئیتر هەر ئەوە بوو، بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لەبەر کردو بەڵێنی فیداکارییو خزمەت بە حیزبو نەتەوەکەی داو، شێلگیرو وەفادار بە رێگای پیرۆزی خۆی هەنگاوی ناو، تەنانەت تاوێکیش لەخەباتو تێکۆشان نەوەستا. ئەو زوو گوڵی کرد. بە ئازایەتیی وزیرەکی خۆی لە شەڕەکاندا ناوبانگی دەرکرد. ئەو ماندوویی نەدەناسی هەرچی بووی هەر وەفاو ئەوینی نەتەوە بەشخوراوەکەی بوو کە چووبوە هەناویەوەو، دەم بەدەم ئیرادەو توانای بۆ درێژە پێدانی ئەو رێگایە پتەوترو زیاتر دەکرد. هەر ئەوە بوو هەلی بە دەرفەت زانی رزگاری چەوساوانی لە بەرنامەو پرۆگرامی حیزبی دێموکڕاتدا دیتەوەو وەک پێشمەرگەیەکی ئازاو بە ئەزموون ولەخۆبووردوو، بە نەزم دیسیپلین ئەرکی خۆی بەڕێوە دەبرد.

محەممەد لە ماوەی تەمەنی ١٦ ساڵ پێشمەرگایەتیی لە کوردستانی عێراقو ئێران بە دەیان عەمەلیاتی قارەمانانە بەشداری کرد. لە شەڕە بە ناوبانگەکانی ناوچەی شنۆ: وەک شەڕی سێ مانگە، نێو شاری نەغەدە،

سەر ڕێگای نەغەدە - پیرانشار، گرتنی پاسگای کانیسپی، تێکشکاندنی ستوونی ڕێگای شنۆ- نەغەدە، گرتنی گوردانی سنجی، شەڕی بە ناوبانگی ورمێو سەرئەنجام شەڕی نێوان حەڵبێو کوێکان کە ئاخرین فیداکاری ناوبراو بوو جێگا پەنجەی لە حەماسەکاندا دیارەو وەک لاپەڕەیەک لە مێژووی حیزبەکەماندا دەدرۆشێتەوە.

ئەو لە ماوەیەکی کورتدا دەریخست کە رۆڵەی ئازاو بە جەرگی نەتەوەکەیەتی. سەبارەت بە ئازایەتیو جوامێری، سەبارەت بە ورەی بەرزو فیداکار بوونی، سەبارەت بە ئیمانی قووڵ بە ڕێبازی حیزبو بزووتنەوەی رزگاری خوازانەی نەتەوەکەی زۆر زوو جیگای خۆی لە نێو ریزی هاوسەنگەرانیدا کردەوە. ئەو ئامادەی هەر چەشنە فیداکاریو گیانبازییەک بوو. هەر بۆیە لە گەرمەی شەڕی سێ مانگەدا حوکمی ئەرکی زۆر قورسیان پێدا.

ئازایەتی محەممەد بێ وێنە بوو لە ئەرکو مەئمورییەتەکان روسوورو سەربەرز بوو، ناو ناوبانگی محەممەدی عەلی پیرێژنێ هەموو شنۆو دەوروبەری داگرتبوو، هەر لەو کاتەدا لە گەڵ خەڵک رووخۆشو لە گەل دوژمن توندوتیژ بوو چونکی بە باشی دەزانی ئەو ڕێژیمە چەندە دەرحەق بە نەتەوەی کورد درەندەیە.

رۆژی ٢١ - ١ - ١٣٥٩ دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە پەلاماری بردە نیوان گوندەکانی "حەڵبێو کوێکان" لە ناوچەی سندووسی نەغەدە، کاتیک محەممەد عەلی پیرێژنێ ئاگاداری ئەو هێرشە بوو بڕیاریدا زەبرێکی گاریگەر لە دوژمن بدەن بۆیە زۆر ئازایانە پێشی بە هێرشکەران گرتو ١٤ سەعات خۆڕاگری بە فەرماندەهی محەممەدی عەلی پێرێژنێ، کە دواین داستانی لە بیر نەکراوی بۆ نەتەوەکەی تۆمار کرد. بەداخەوە لە دواین کاتەکانی شەڕ کەوتە بەر گوللەی شەوپەرستانو گیانی لە پێناوی ئامانجەکانی نەتەوەکەی بەخشیو سەری کردە پردەبازی سەرکەوتن بۆ نەتەوەکەی.

بەرزە مەڵبەندی شنۆی رازاوە
جێگەی فەخرە بۆ کوڕی ئازاوە
جێگەی سەیرانە دڵە رەندۆڵە
بەرزوو رووسوورە تروپکی تۆڵە
کێلەشین سوورە دڵی سەر شینم
رادەری ژان وکوڵ و هەر شینم
خوێنگری قازی رەحمەت پوورن
قارەمانی خەباتی سوورن
گادەر چۆمی شنۆ پڕ ئاوە
رادەری دەردو کوڵو زووخاوە
دڵە بڕوانە پەنا بایزاوێ
سوور دەچی دەشتی حەماسەی تاوێ
دێ شەمس گوندی شنۆ نەخشینە
رووی حەماسە لەسەری شیرینە
چەندە دڵگیرە شنۆو رووی جوانی
دۆڵو سینگانو حەسەن نوورانی
دڵە نەڵۆس دەشتی حەماسەی ژینە
دەشتە بێل پڕ لە گوڵی نەخشینە
دەردەخەن ژانی ژیان نامێنێ
ناو وئاوازە سنوور نامێنێ
پێش قەتاری لەبەر ئاڵی ماڵی
باسکی زەبری لەنەیار هەڵماڵی
نووسی مێژوو کە عەلیپیرێژن
قارەمانێکی کە حەمەی پێ ئێژن

کورد نەژادانە مەکۆی شانازی          کوردنژادی بەوورەی گیانبازی

"ئازاد سەکری"

---




## سەعدوون ئاب

نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی زوڵملێکراوە، دەیان ساڵە رۆڵەکانی دژی زۆرداریی خەبات دەکەن و لەم پێناوەدا شەهیدی زۆریان داوە. سووتان و ماڵوێرانی و دەربەدەری، ئازار و ئەشکەنجە و زیندان هەموو بە بەژن و بالای ئەم نەتەوەیە براوە، لە پەنا ئەوەشدا گەلی کورد  بە بارتەقای بالای مێژوو لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی رزگاریخوازانەی خۆیدا، ماندوویینەناسانە درێژەی بە تێکۆشان داوەو لە بەرانبەر زەبروزەنگو ئێعدامو رەشەکوژی و سەرکوت و خەفەقان دا، ملی بۆ داگیرکەران و چەوسێنەران رانەکێشاوەو بە چۆک دا نەهاتووە، هەر بەم پێیە قورسایی بەرگری و بەگژداچوونەوە بە دژی پەلاماردەرانیش زیاتر کەوتۆتە سەر شانی لاوانی کورد.

یەکێک لەو حیزبانەی کە لە سەردەمی هاوچەرخدا، لاوان بە گوڕوتینەوە پەیوەست بە ڕیزەکانی دەبوون و سنگی خۆیان دەکرد قەڵغان و بەگژ پەلاماردەراندا دەچوونەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە؛ یەکێک لەو لاوە بوێر و چاونەترسانەی کە ڕزگاریی نەتەوەکەی لە بیر و ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا دەدییەوە فەرماندەری بەتوانا شەهید سەعدوون ئاب لە ناوچەی شنۆ بوو.

شەهید سەعدوون ئاب لە ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی لەکاتێکدا ساواک بەرەبەرە پەلاماری ئەندامانی حیزبی دەداو راپێچی زیندانی دەکردن، لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا لە ئاوایی ئیندرقاشی مەهاباد لە بنەماڵەیەکی

نیشتمانپەروەرو کەمدەرامەت لە دایک بوو. شەهید سەعدوون بەرەبەرە کە گەورە بوو رەوانەی قوتابخانە کرا و تا پۆلی ٥ی سەرەتایی دەرسی خوێند. بە هۆی وەزعی نالەباری ئابووری وازی لە خوێندن هێناو بۆ کارو کاسبی دەستی بە کاری وەرزێری کرد، پاشان چووە شیرکەتو کوورەخانەی شارەکانی دیکەی ئێران و شەو رۆژ کاری تاقەتپڕووکێنی دەکرد. بەو لاوییەی خۆی بێپسانەوە ئارەقەی دەڕشت تا بتوانێ نانێک بۆ ژیانی نەمر نەژی ماڵەوە پەیدا بکا. بەو کارکردنە و گەڕان لەشارەکانی دیکەی ئێران و وردبوونەوە لە ژیان و نەهامەتیی خەڵکی، هەستی بە جیاوازیی زۆر لە نێوان نەتەوەکاندا دەکرد. ژیانی لادێی ناخۆشی ژیان وای کرد کە ساڵی ١٣٥٢ ماڵی سەعدوون ئاب بەرەو شاری شنۆ کۆچ بکەنو لەوێ گیرسانەوە.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانو تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لەو ناوچەیە، سەعدوون لە سەربازی رای کرد و لەگەڵ براکانی بە ناوی سەعیدو مارف وەک لایەنگری حیزب کاریان دەکرد. سەعدوون بە هۆی نزیک بوون لەگەڵ ئازەری زمانەکان، هەستی بە زوڵم و زۆری کردبوو و بەتەواوی هەستی بە ستەمی نەتەوایەتی دەکرد. بە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران هیوای بە ئازادی گەلەکەی زیاتر بوو، بەڵام زۆری نەکێشا رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئاخوندی لەشکری بە کوردستان وەر کردو شەڕێکی نەخوازراوی بە سەر کورددا سپاند.

شەهید سەعدوون ئەستێرەیەکی گەشاوەی هەست پێکردو ئاواتەکانی خۆیو نەتەوەکەی لەبەرنامەی حیزبی دیموکراتدا دیتەوە، ناوبراو وێڕای براکانی لەساڵی ١٣٥٨ چەکی دیفاع لە مانو مەوجوودییەتی گەلەکەی لەشان کردو لە ریزی تێکۆشەرانی دێموکرات لە ناوچەی شنۆ سازمان درا. لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا رێکوپێک و بە نەزم و لە خۆبووردوو بوو. لەگەڵ هاوسەنگەرانی رووخۆشو بەئەخلاق بوو، خەڵک رێزیان دەگرت و خۆشیان دەویست. سەعدوون لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی حیزبایەتیدا زۆر ئازایانە شانی وەبەر کار و ئەرکەکانی داو وەک پێشمەرگەیەکی ئازاو شێلگیر و کارامە خۆی نیشان دا، رێزی بۆ هەموو خەڵک دادەنا، زەحمەتکێشانو هەژارانی لەدڵەوە خۆش دەویستو بو رزگاری ئەوان ئامادە بوو گیانیان لەپێناو دانێ. سەعدوونی شەهید بڕوایەکی پتەوی بە ئیرادەی خۆڕاگری و نەتەوایەتی گەلەکەی هەبوو. هەر ئەو هەستە نەتەوایەتییەش بوو کە گڕو تینی خستبۆوە جەستەیەوە. ئەو وەک دێموکڕاتێکی دڵسۆز بە ڕێبازی حیزبەکەی بە دڵێکی گەورەو بە باوەشێکی ئاوەڵاوە حەولی دەداو ماندوویینەناسانە تێدەکۆشا. چون باوەڕی وابوو کە گەلەکەی رۆژێک لە رۆژان، بە ئازادی دەگات و زەحمەتەکان بە فیڕۆ ناڕوات.

ئەو کوڕێکی زۆر مەشرەفخۆش و دەم بە پێکەنین و قسەخۆش بوو و بە دایم کۆڕی رەفیقەکانی بە نوکتە و قسەی خۆش دەڕازاندەوە.

شەهید سەعدوون لە شەڕە حەماسیەکانی مەڵبەندی شنۆ و ورمێ ئازایەتی دەنواند. ئازایەتی ئەو لە بەربەرەکانی دژی هیزی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی بوو بەهۆی ئەوە وەک سەرپەل لە لکی فەرزەندەی باقری دیاری بکرێ، ناوبراو لەو مەسئوولییەتەشدا زۆر ئازایانە گۆی لەمەیدان بردە دەرو، نیشانیدا کە دەتوانێ بەرپرسایەتی قورستر وەستۆ بگرێ. هەر بۆیەش پاش ماوەیەک وەک فەرماندەری لک دیاری کرا.

سەعدوون ئاب لە شەڕەکاندا رۆڵی بەر چاوی هەبوو و لەو هەلومەرجەدا ئازایەتییەکەی وێردی سەر زمانان بوو. پاراستنی نەزم و دیسیپلین و بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبی هۆکاری سەرکەوتنی بەر چاوی ناوبراو بوو. شەڕەکانی دوژمن تۆقێنی دەرەی قاسملوو، ناو شاری نەغەدە، قەڵاتان، هەروەها ناو شاری ورمێ کە براکەی بە ناوی مارف ئاب لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگەی دیکە شەهید بوو، رۆڵی بەرچاوی گێڕا. لە شەڕ لەگەڵ دوژمندا گڕوتینی بەهاوسەنگەرانی دەبەخشی. فیداکار، بەتوانا، ئازا و نەترس، هەموو ئەو تایبەتمەندیانە بوو کە بە باڵای شەهید سەعدوون بڕابوو.

سەعدوون رۆژ لە گەل رۆژ زیاتر ئۆگری ژیانی پێشمەرگایەتی دەبوو. بەردەوام هەوڵی دەدا زۆرتر لە رابردووی خەباتی رەوای گەلەکەی تێ بگا و زیاتر پلەی زانیاری خۆی بەرێتە سەرێ، لەبواری نیزامییدا پێشمەرگەیەکی ئازاو دوژمنبەزێن و کوڕێکی تا بڵێی بە نەزم و دیسیپلین بوو. ئەو کردەوانە و زۆر کردەوەی شۆڕشگێڕانەی دیکە بوونە هۆی ئەوە کە ببێتە یەکێک لە فەرماندە لێهاتووەکانی ئەو ناوچەیە. ناوبراو لە بەڕێوەبردنی ئەرک و مەئمورییەتی حیزبی دا جیدی و رووسوور بوو و بەڕاستی قارەمانی نێو سەنگەر بوو.

شەهید سەعدوون لەهاوینی ١٣٦١ بۆ مەئموورییەت رووی لە شاری تەورێز کردو پاش بەڕێوەبردنی ئەرکەکەی گەڕاوە بنکەی لکەکەی. رۆژی ٢٧ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی هەواڵی پێگەیشت کەخۆی بۆ مەئمووریەتێکی دیکە ساز بکا، ناوبراو بە تراکتۆر رێ دەکەوێ و بەداخەوە تووشی تەسادوف دەبێ و گیانی لەدەستداو چووە ریزی کاروانی شەهیدانی کوردستانەوە.

---




## سەید لەتیف حوسینی

رادەی لاوانــی کــورد گەلێــک زۆرن کــە بــە تەمــەنی کەمــەوە خــەبات دەکــەنو گــوڵی تەمــەنیان بــەزوویی هەڵدەپڕوکێ زۆر هیواو ئارەزویـان هەیـە کـە بـەو تەمەنـە کەمەوە هـەمووی ژێـر گڵ دەکـەون بـەڵام لـە هـەموو گرینگتر سەربەرزی نەتەوەکەیان بە نسیب دەبێ بۆ هەمیشە لە دڵی نەتەوەکەیاندا دەمێننەوە، هەر بۆیە لاوانو شۆڕەسوارانی گەلی کوردو مرۆڤە هەڵکەوتووەکان، ئەویندارى رێگای ئازادیو دێموکراسی، بۆ وەدەست هێنانی ئەو ژیانە سەر بەرزانەیەو، لە پێنـاوی وەدیهێنـانی ئـازادیدا خـەباتیان کـردووەو بـە فیداکاریو گیانبـازیو خۆبـەخت کردن، رچەی خەباتیان شکاندووەو بە خوێنی خۆیان نەمامی ئـازادی پـاراو کـردووە. لە نێو ئەستێرە گەشـاوەکانی رێی خەبات، لەنێو کاروانی شەهیدان لە مەڵبەندی شنۆی دڵسۆز، یـادی فەرمانـدەی لاوو بە توانـاو خۆشەویست لاوی ئازاو فیداکار شەهید سەید لەتیفی حوسێنی دەکەینەوە.

سەید لەتیف حوسینی ساڵی ١٣٤٠ لە گوندی "مەلاعیسا" لە ناوچەی دەشتە بێڵی شنۆ لە بنەمەڵەیەکی مام ناوەنـدی نیشـتمانپەروەر لە دایـک بـوو هـەر بـە هـۆی کـوێرەوەریو مەینەتبەشـی ئەوکـات تـوانی تـا پـۆلی ٥ی سەرەتایی دەرس بخوێنێ. یەکێک لە بە ئەزمترین قوتابییانی ناو پۆلەکە بوو. بەرە بـەرە کە گەورە بـوو زیـاتر لە نـاو خـەڵک خۆشەویستتر دەبـوو بـەو تەمەنـە کەمەوە یارمەتی خـەڵکی دەدا چونکە هەوڵـی دەدا ئەوەی لە دەستی بێت بۆ یارمەتیدانی خەڵک دریغی لێ نەکات.

ساڵی ١٣٥٧ گەلانی ئێران لە چنگ زوڵمو زۆری نیزامیی ٢٥٠٠ ساڵەی پادشایەتییدا رزگاریان بـوو. ئـەو وای بیـر دەکـردەوە کـە ئـەو زوڵـمو زۆرە کوتـایی دێو نەتەوەکـەی بـە سـەر بەسـتی دەژی. بـەڵام رێژیمێکـی دیکـەو زۆردارتر لە رێژیمی پێشوو دەسەڵاتی ئێرانی بە دەستەوە گرت. بە دەست پێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لە شاری شنۆ، سەیدلەتیف ئەستێرەیەکی گەشاوەی هەست پێکرد بۆیە ئاواتەکانی خۆیو نەتەوەکەی لـە بەرنامەی

حیزبی دێموکراتدا دیتەوەو بێ سێو دوو کردن لە سەرەتای ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا هاتە ریزی تێکۆشەرانی دێموکراتەوەو لە هێزی سمکۆی ئەو کات سازمان درا، بەمجۆرە قۆناغێکی تازە لە ژیانی سەید لەتیف دەستی پێکرد.

سەید لەتیف لاوێکی ژیرو روح سووک بوو سەرتاسەری وجودی ئیحساساتی شۆڕشگێڕانە بوو، ئازاو بەجەرگو نەترس بووە، ئیمانێکی قووڵی بە سیاسەتەکانی حیزبو رێبازی بزووتنەوەی گەلەکەی بوو. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا جێگای خۆی لە نێو دڵی هاوسەنگەرانیدا کردەوە وەک پێشمەرگەیەکی بە ئیمانو دڵسۆز لە نێو هاوسەنگەرانیدا ناسرا، بۆ هەموو مەئمورییەتەکانی حیزبی ئامادە بوو. لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا رێکوپێکو بە نەزمو لەخۆبووردوو بوو. لە گەڵ هاوسەنگەرانی روو خۆشو بە ئەخلاق، خەڵک رێزیان دەگرتو خۆشیان دەویست. لە شەڕە حەماسیەکانی مەڵبەندی شنۆ ئازایەتی دەنواند، هەموو ئەو تایبەتمەندیانە بوو بە هۆی ئەوە وەک سەرپەڵ دیاری بکرێ، هەر وەک چاوەڕوان دەکرا لەم پۆستەشدا بە هەست کردن بە بەرپرسایەتی ئەرکەکانی بەڕێوە دەبرد، ئەو مەسئوولییەتەی بەو پەڕی عەلاقەوە وەرگرتو سەلماندی کە توانایی بەڕێوەبردنی ئەم مەسئوولییەتەی هەیە. زۆر عەمەلیاتی قارەمانانە لە ناوچەی‌شنۆ بە فەرماندەیی ئەو بەڕێوە چوو. بە هەموو وجوودییەوە حیزبی خۆش دەویستو باوەڕی پێ بوو. ئیمان بە رێبازەکەی وای لێکرد بوو چاوی لە گوللە نەدەترساو هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەی خۆڕاگری دابێ.

دەرکەوتنی سەید لەتیفی حوسێنی، لە مەیدانی کردەوەدا بوو بەهۆی ئەوە زۆر زوو پلەکانی پێشمەرگایەتی ببڕێ لە بەر ئەوەی سەداقەتو ئیمان، قارەمانەتیو هەڵسووڕیو دەستو بردی بۆ هەموو پێشمەرگەکان ناسرابوو، بە فەرماندەری لک دیاری کرا. ناوبراو رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر بە تایبەتی لەباری نیزامیی زانیاری خۆی پەرە پێدەدا. شەڕە بەناو بانگەکانی ناو شاری ورمێ، رێگای نەغەدە-شنۆ، نێوشاری شنۆ و زۆر شەڕی دیکە بە تێکڕا شەڕگەی سەید لەتیفو ئازایەتیی نواندنەکانی بوونو سینگی لە هەموو شەڕاندا قەڵغانی بەرگری شوناسی نەتەوەیی‌و ئاخی خاکو نیشتمانو گەلەکەی بوو. وەک فەرماندەیەکی ئازاو وریاو نەترس ئامادەی هەر چەشنە مەئمورییەتێک بوو کوڕێکی خاکی، روح سووکو گوێ رایەڵی بڕیاراتی حیزب بوو، لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا لە دەیان نەبردو خۆڕاگریو شەڕی پارتیزانیدا بوێرانە بەشداری کرد، لە شەڕەکاندا یەکپارچە ئاگربوو بۆیەش هەمیشە ئاگری بە سەر دوژمندا دەباراند.

سەید لەتیفی قارەمان لە شەڕدا ٤ جار بریندار بوو بەڵام زامەکان چۆکی پێ دانەداو پاش ساڕێژ بوونەوەی برینەکانی دەگەڕایەوە سەنگەری ئازادی دیفاع لە نەتەوەکەی. هەر بۆیە لاوی شۆڕشگێڕو خەباتکار بڕیاری دابوو لە چ جێگایەک قەڵای زۆرداری بەرز بایە لوولەی تفەنگەکەی تێدەکردو قەڵای زۆرداری وەلەرزە دەخستو رێگای نەدەدا لەئاستی زۆلم لێکراوانی کورد بە بەرزی خۆی نیشان بداو تێکی دەقرماند.

ڕۆژی ١٩ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٢ لە گوندی "کانیباغ" لە جادەی پەسوێ مەهاباد کەمینیان بۆ هێزەکانی کۆنەپەرستی داناوەو زەبرێکی گورچکبڕیان لە هێزی کۆنەپەرستیدا لەو شەڕەدا کە ئاخرین فیداکاریو فەرماندەهی سەید لەتیفی حوسێنی بوو بە داخەوە کەوتە بەر گوللەی داگیرکەرانو گیانی خۆی کردە قوربانی بۆ ڕزگاری نەتەوەکەیو بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە حیزبو گەلەکەی کرد.

------------------------------------------------------------




باقی بەهادۆران

کاتو زەمان دێ و تێدەپەڕێ. ئەوەی ڕادەبرێ دەبێتە برگەیەک لە مێژوو. مێژووش ئەوەیە کە ڕووی داوە، لەو نێوانەشدا، ڕوون و ئاشکرایە نیشتمانپەروەران و داکۆکیکارانی مافو ئازادییەکانی گەلانی بندەست بەشێکی گرینگ لە ئەکتەر و ڕۆڵگێرانی مێژوون. لەسەر هەمووانە ئەو بەشە لە مێژوو بەرز ڕابگرین و ئەزموونی ئەو مرۆڤە فیداکارانە لەبیر نەکەین. لەگەڵ ئەوەی دەرسی خۆڕاگری لە ژیانیان فێر دەبین، لەهەمان کاتدا دەبێ بەخشینی گیانیانو هەڵوێستی جوامێرانەو قارەمانەتییان بۆ نەسڵەکانی دواتر باس بکەینو ئەوانیش بە ئەمانەتەوە بیپارێزن. نابێ ئەو ڕاستییەشمان لەبیر بچێ کە ئەگەر لە مێژووی خۆمان بێئاگاو بێخەبەر بین، مەحکووم بە دووبارەبوونەوە دەبین. لە بەرنامەی ئەمجارەی فەرماندەرانی شەهید، یادی قارەمانێکی دیکەی مەیدانی خەبات دەکەینەوە کە تا دواهەناسە بۆ نەتەوەکەی شێلگیرانە تێکۆشا، شەهید باقی بەهادۆرانە لە ناوچەی شنۆی دڵسۆز.

لەکاتێکدا دوای کودتای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢، دیکتاتۆری حەمەڕەزاشا بە تەواوی باڵی بە سەر وڵاتەکەماندا کێشابوو زەبروزەنگی دەستوپێوەندەکانی ئەو ڕێژیمە خەڵکی کوردستانی وەزاڵە هێنابوو، لە وەها هەلومەرجێکدا، لە گوندی گەلاز لە ناوچەی دەشتەبێلی سەربە شارستانی شنۆی سەربەرز، لە بنەماڵەیەکی هەژاری کوردەواریدا، باقی بەهادۆران لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاویدا چاوە گەشەکانی بە ڕووی دونیای ڕووندا هەڵێناو بەرەبەرە کە هەڵیدا و گەورە بوو، لە داوێنی زنجیرە چیاکانی ئەو مەڵبەندە، بە ئارەقە ڕشتن و کاری تاقەتپرووکێن بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانی هەژارانە وەخۆکەوت. باقی بەهۆی نەبوونی قوتابخانە لە گوندەکەیانو هەروەها نەبوونی دەرەتانی بنەماڵەکەیان لە بەهرەی خوێندن بێبەش مایەوە و مخابن شوانیو دەسکەنەو ئاوداشتنو قوڕەکاریو زۆر کاری ئەوتۆی لادێ، جێگایان بە پێتەکانی ئەلفو بێ لێژ کرد کە باقی بەهادۆران هەر ڕۆژێ لەگەڵ یەکیان ئاشنا دەبوو. ژیانی باقی تا شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بە کاری سەختی وەرزێرییەوە تێپەڕی. ئەو ژیانە ئەستەم و پڕ لە چەرمەسەرییە دنیایەک ڕقو قینی شۆڕشگێڕانەی لە نێو دڵی باقیدا کۆکردبۆوە. ناوبراو لە هەموو ئەو چەوسێنەرانە بێزار بوو کە بەسەر کۆمەڵو ژیانی خەڵکدا دەسەڵاتی شومی خۆیان سەپاندوەو خەڵکیان لە نەهامەتیو چارەڕەشیدا هێشتبۆوە. هەر بۆیە کاتێک بڵێسەی ڕاپەڕینی پڕشکۆی گەلانی ئێران بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی دەستی پێکرد، باقیش بە تەمای دەستەبەرکرنی ژیانێکی ئاسوودە و بەدوور لەستەمی نەتەوایەتی شانبەشانی خەڵک بەشداریی ئەو ڕاپەڕینەی کرد.

باقی بەهادۆران پاش سەرکەوتنی شۆڕش، گەیشتن بە حەزو ئاواتەکانی لە وەدیهاتنی ئامانجەکانی حیزبی دێموکڕاتدا بەدی دەکردو بێراوەستان هاوکات لەگەڵ ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان شانبەشانی ئاموزاکەی واتە سەروان حاتەم دوعاخان چەکی پێشمەرگایەتی هەڵگرت و لە هێزی شەهید سمکۆی ئەو کاتدا دەستی بە تیکۆشانی سیاسی کرد.

باقی سەرئەنجام ئەو لاوە قارەمانەی ناوچەی شنۆی دڵسۆز لە نەورۆزی ساڵی ١٣٥٨ بوو بە پێشمەرگەو تا دوایین ساتەکانی ژیانی، پێشمەرگانە ژیاو پێشمەرگانە خەباتی کردو پێشمەرگانەش سەری داناو تەواوی تەمەنی خۆی بۆ خزمەت بە ئامانجەکانی گەلی کورد تەرخان کرد. ناوبراو لە ڕەوتی تێکۆشانو خەباتی شێلگیرانەی خۆیدا، برواو ئیمانی قووڵی بە ئازادیی نەتەوەکەی پەیدا کردو لەبەر ئەوەیکە بەتەواوی هەستی بە ژێرچەپۆکیو بێبەشیی گەلەکەی کردبوو، ئازایانە بۆ ئازادیو بەختەوەریی گەلەکەی تێدەکۆشا و هاوڕێیان و خەڵکیش زۆریان خۆش دەویستو ڕێزیان دەگرت.

بەهۆی لێوەشاوەییو لێهاتوویی کارزانی، هەر زوو وەک فارەماندەری پەلێک لە پێشمەرگەکانی هێزی شەهید سمکۆ دیاری کرا. لە عەمەلیاتە گەورەکانی ناوچەی ورمێو شنۆ بەشداریی چالاکانەی هەبوو، لە تەواوی ئەو عەمەلیاتانەدا کەسێکی ئازاو بەهیمەتو جوامێر بوو. لە پێناوی بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیدا لەهیچ فیداکارییەک

درێغی نەدەکرد، بە دژی دوژمنانو ناحەزانی حیزب رادەوەستا. چونکە چاک دەیزانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئیرادەی گەلو خەباتی رەوای خەڵکی کوردستانە. بەمجۆرە زۆری نەکێشا فیداکاریو هەست بە بەرپرسایەتی کردنی شەهید باقی، بوو بە وێردی سەر زمانی هاوسەنگەرانی. ناوبراو بە هۆی لێوشاوەیی لە کاری نیزامیی‌دا وەک فەرماندەری لک دیاری کراو زۆر شەڕی قارەمانانە لەو مەڵبەندە بە فەرماندەهی ناوبراو کرا. بەتایبەتی عەمەلیات بۆ گرتنەوەی شاری ورمێ و عەمەلیاتی قارەمانانەی تێکشکاندنی گوردانی زرێهی قەزوین بە فەرماندەهی ئەو خەباتکارە، ئێستاش لە بیرو زەینی خەڵکی ئەو ناوچەیەدا ماوەتەوەو وەک لاپەڕەیەکی زێڕینو پڕشەنگدار لە ئاسمانی خەباتی رەوای پیشمەرگەکانی ئەو مەڵبەندەدا، دەدرەوشێتەوە.

باقی بەهەق هەموو تواناو لێوەشاوەیی خۆی لە خزمەت بە حیزبو خەڵکدا خستە کار. ناوبراو لە ماوەی شەش ساڵ پێشمەرگاتیی خۆی‌دا دەیان عەمەلیاتی گەورەو چووکەی فەرماندەهی کرد،ماندوویی‌نەناسانە بوو کۆڵی نەدەداو نەدەسرەوتو بۆ درێژەدانی خەبات سڵی لە مەترسییەکانی سەر رێی تێکۆشان نەدەکردەوە. شەش ساڵ خەباتی بێ‌وچان لە ناوچەی شنۆو ورمێ و چیاو دۆڵ و لاپاڵەکانی ئەو دەڤەرە، شەهید باقی کردبووە سیمایەکی ناوبەدەرەوەو جێی رێزی کۆمەڵانی خەڵکی ئەو ناوچەیە. تا کاتی شەهید بوونی ئەرکی فەرماندەری لکی بەڕێوەبرد و هەر لە ژێر فەرماندەهی نیزامیی ئەودا چەندین مۆڵگەی دوژمن دەستیان بەسەردا گیرا، دەیان کەمینی سەرکەوتوو دانرا و، بە دەیان هێرشی دوژمن تێک شکێندرا.

بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا کە خزمەتی زیاتر بە نەتەوەکەی بکا، رۆژی ٢٥ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی، رۆژ رۆژی کوڕانی دیموکرات بوو، باقی بەهادۆران کە قەت لە هێزی دوژمن نەدەسڵەمییەوە و ورەی بەر نەدەدا، لەگەڵ هاوسەنگەرانی زۆر قارەمانانە بەرەنگاریی هێزی داگیرکەر بوونەوە.

لەو رۆژەدا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کە پەلاماری "دەشتەکان" لە گەلی بەراندێز دەدەن، باقی قارەمانو هاوڕێیانی بەرەنگاری هێزی کۆنەپەرستی دەبنەوەو دەرسێکی لەبیرنەکراو بە داگیرکەران دەدەن، مخابن ئەوە دوایین فیداکاریی رۆڵەی قارەمانی ناوچەی شنۆ لەو شەڕەدا بوو و سینگی پڕلە ئەوینی نیشتمانەکەی کەوتە بەر گوللەی شەوپەرستان و گوڵی تەمەنی لە ٣١ ساڵی‌دا هەڵوەری.

---




## سەید قادرعەلەوی

زەحمەتکێشان بەردی بناغەی شۆڕشو پاڵپشتی بە هێزی جووڵانەوەی گەلی کوردن، ئەو رۆڵە بەئەمەگەی گەلی کورد بۆ پساندنی زنجیری کۆیلەتیو یەخسیریو بۆ لابردنی سێبەری شومو نەگبەتیو چارەرەشی، بۆ خەبات دژی زۆردارانو چەوسێنەران، ئازایانەو شۆڕشگێڕانە چەکی شەڕەفیان کردۆتە شان، سینگی پڕ لە تاسەی خۆشەویستی نیشتمانیان کردۆتە قەڵغانی گوللەی دوژمنانو نەیارانی گەلو بە سەخاوەتەوە گیانی پاکیان پێشکەش بە دایکی نیشتمان کردوە. یادی یەکێک لەم رۆڵە زەحمەتکێشانە شەهید سەید قادر عەلەوی لە ناوچەی شنۆ دەکەینەوە.

لەساڵی ١٣١٩دا لە بنەماڵەیەکی گوندی "بابخالاویێ"ی ناوچەی نەلۆسی شنۆ سەید قادر عەلەوی لەدایک بووە ئەم کۆرپەیە لە باوەشی گەرمی دایکو باوکێکی نەداردا پەروەردە کراوە. لەگەڵ هەناسەی دوور لە قوتابخانەو لە داوێنی زنجیرە چیاکانی ئەو مەڵبەندە، بە ئارەقە رشتن بۆ بژیوێکی هەژارانە هەوڵی داوە. شوانیو کرێکاریو ئاوداشتنو قورەکاریو پێمەرەداری و زۆرکاری ئەوتۆی لادێ، لە جێی پێتەکانی ئەلفو بێ بوون کە سەید قادر هەر رۆژێ لەگەڵ یەکیان ئاشنا بووە. ئاوایی سەیدقادرو ئاواییەکانی دەورووبەریش لە قۆتابخانە بێبەری بوون، بۆیە خوێندن لە شار بۆ زەحمەتکێشانی لادێ بەگشتیو بۆ بنەماڵەی سەیدقادر عەلەوی بە تایبەتی دەگمەن دەرەخسا.

ساڵ هاتنو چوون، سەید قادر بوو بە لاوێکی بەشانو باهۆ، ئێشو ئازاری ژیان چڕو قایمی بار هێنابوو، ئیرادەیەکی پتەوی تێدا پێک هاتبوو شانی لەبەر زۆر ئەرکو ئازاری قورس رادەگرت. قوتابخانەی ژیانیش چەوسێنەرانیان بە سەید قادر ناساندبوو ئەوانەی خەڵکیان بۆ بێگاری دەنگ دەدا، ئەوانەی دەستیان بە سەر

بەرهەمی جووتیارانی ئاوایی دادەگرتو رەنجی ئارەقو ژینی ئەوانیان بە تاڵان دەبرد، ئەوانەی ژاندارمەی حکومەت بوونو لەگەڵ ئاغا دەبوونە هاودەستو هاوکار، سەیدقادر لە ریزی خەڵک جیای دەکردنەوەو بە چاوێکی دیکە سەیری دەکردنو بە کردەوەش لە بەرامبەر ئەوانەدا رادەوەستا.

راپەڕینی چەکدارانەی ساڵەکانی ١٣٤٦ و١٣٤٧ ئاسۆیەکی روونی بۆ سەیدقادر دەست نیشان کرد. بۆی دەرکەوت کە حیزبێک هەیە رێی نیشاندەری هەژارانی کوردەوارییەو بۆ رزگارییان خەبات دەکا. بۆیە پێوەندی بە حیزبەوە گرتو بەڵێنیدا وەک ئەندامێکی بە وەفای حیزب بمێنێتەوەو گیانی بکاتە خەڵاتی بەرەو پێش بردنی ئامانجی ئەو حیزبە. لەو کاتەوە سەید قادر وەک ئەندامی بە وەفای حیزب دەستی بە تێکۆشانی نەهێنی کردو تا دەست پێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لە ١١ی رەشمەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، لەسەر ئەم رێبازە رۆیی.

هەر لە یەکەم رۆژانی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لە زستانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا سەید قادر بە هەڵگرتنی چەکی پێشمەرگایەتی بەڵێنی ساڵەکانی ٤٦ و٤٧ی نوێ کردەوە. بەلێوەشاوەیی نواندن، رەچاوکردنی دیسیپلین، هەڵسووڕانو فیداکاری لە شەڕی سێ مانگەدا، سرنجی بەرپرسانو هاوسەنگەرانی بۆ لای خۆی راکێشا. رابردووی خەباتگێرانە، تێگەیشتوویی لە مەسایلی سیاسیو هەوڵدان بۆ فێربوونو رێکوپێکیو جێکردنەوە لە دڵی هاوسەنگەراندا، ورە بەرزی، ئیمانی پتەو بە حیزبو شارەزایی لە گەلاڵەدارشتنو زەبر وەشاندن لەدوژمن، چەند تایبەتمەندی بەکەڵک بوون کە لە سەیدقادر عەلەویدا بەدی دەکران. بۆیە لە پاییزی ساڵی ١٣٥٨ سەید قادر بە فەرماندەری پێشمەرگەکانی لکی شەهید فەتاح لە هێزی سمکۆ دیاری کراو تا کاتی شەهید بوون ئەو مەسئوولییەتەی بەڕێوە برد.

سەید قادر لەو پلەیەدا نیشانیدا فەرماندەرێکی بە کەڵکەو لە جێبەجێ گەیاندنی ئەرکەکانیدا ماندوویەتی ناناسێ. چالاکانە مەئمووریيەتی حیزبی بەڕێوە دەبردو بە لێوەشاوەیی رێنوێنیو فەرماندەری پێشمەرگەکانی دەکرد. لە ناوچەکانی سەردەشتو شومالی کوردستان بە باشی ئەرکو مەئمووریيەتی خۆی جێبەجێ کرد.

سەید قادر چ بە مەئمووریيەت بۆ ناوچەکانی سەردەشتو شومالی کوردستانو، چ لە شەڕکانی ناوچەی شنۆ ئەوپەڕی بوێری، فیداکاریو کارایی خۆی نواند، بۆیە بوو بە جێگای رێزو خۆشەویستی پێشمەرگەکانی هێزی سمکۆو هەموو خەڵکی ناوچەکە. شەڕە حەماسیەکانی دێشەمس، سەرگێز، گەلیقاسملوو، بیرهێنەرەوەی ئەو قارەمانەتییە کە سەیدقادر لە ریزی پێشەوەی هاوسەنگەرانیدا سەنگەری دەگرتو بە ئیرادەی لەشکان نەهاتوویيەوە بەکرێگیراوانی کۆنەپەرستی بە چۆکدا دەهێنا.

هاوینی ساڵی١٣٦٠ی هەتاوی رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی هێرشێکی پانو بەرینی بۆ سەر ناوچەکانی شومالی کوردستانو شنۆ دەست پێکرد لەرۆژی ١٥ی خەرمانانی ١٣٦٠ شەڕێکی توندو نابەرابەر لە نێوان پێشمەرگەکانو هێزی داگیرکەر، لە نێوان شاوانەو گرکاشانی شنۆ دەستی پێکرد، دوژمن بە هەزاران

بەکرێگیراوی رەنگاورەنگی خۆی هێنابووە مەیدانی شەڕ. بە تۆپو خۆمپارەو چەکی قورسو نیوە قورس سەنگەری پێشمەرگەکانی دەکوتاو چەندین هێلیکۆپتێر لە ئاسمانی مەیدانی شەڕ سەنگەری رۆڵەکانی دێموکراتیان ئاورباران دەکرد، مەیدانی شەڕ ببوە پارچەیەک ئاگرو رێژنەی چەکی جۆراوجۆر بۆ یەک دەقیقەش نەدەبڕایەوە. لە نێو گڕو سوتمانو دووکەڵو بۆنی باڕووتدا، لە قەد پاڵی چیاکانی گرکاشان و شاوانە، رۆڵەکانی دێموکرات لە شنۆی دڵسۆز جارێکی دیکەش دەرسێکی لەبیر نەچوویان دایە داگیر کەرانی کوردستان. بەکرێگیراوانی رێژیم بۆ پێشڕەوی لە هەر بستێکی ئەو خاکە دەبوو بە دەیان کەس بە کوشت بدەن. هەر بۆیەش بە دەیانو بە سەدان کوژراو بریندار توانیان ئەو شوێنە داگیر بکەن. سەیدقادری عەلەوی پێشەنگی هەڵمەتبەرانی ئەو شەڕە بە ناوبانگەیە. لەم بەرەنگارییە ئازایانەیەدا، پەیمانی یامردن یا سەرکەوتنی بردە سەرو، بە خوێنی ئاڵی خۆی سەنەدی لەشکان نەهاتووی نەتەوەکەی ئیمزا کرد. بەمجۆرە رۆڵەیەکی دیکەی قارەمانی مەڵبەندی شنۆی دڵسۆز، پێشمەرگەیەکی فیداکارو لە خۆبووردوو، فەرماندەیەکی لێهاتوو بە توانا بە سەربەرزیو گیانبازییەوە چووە ریزی کاروانی شەهیدانی سوورخەڵاتی نەتەوەکەمانو بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە هاوسەنگەرانو نیشتمانەکەی کرد.

---




**دوو برای شەهید قاسمو عومەر محەممەدپوور ناسراو بە (قاسمو عومەر خاتوونباغی)**

رۆڵەکانی نەتەوەکەمان، مەشخەڵدارانی رێگای سوری خەباتو وەدیهێنەرانی ئازادی نیشتمانن. ئەوان دڵسۆزانو پشتیوانانی راستەقینە هەژاران، شۆڕشگێڕانی گۆڕەپانی خەباتو خۆڕاگرین کە بۆ دەستەبەر کردنی مافو ئازادییەرەواکانیان بێوچان تێدەکۆشن. ئەوان پێشمەرگەن چونکی بە بێ ئەوەی چاوەروانی هیچ

دەستخۆشییەک بن، گیانیان دەبەخشن‌و خوێن دەدەن‌و لە هەمان کاتدا مزگێنی ئازادی بۆ نەتەوەیەکی بەشخوراو بە دیاری دێنن.

ئەو کەسانەی کە لە پێناو سەربەستی نەتەوەیەکدا گیان دەبەخشن پاش مردنیش ناویان لەناو دڵی گەلەکەیاندا هەر زیندوو دەمێنێتەوەو ڕێبازیان بە ئامانجە بەرزەکانیان هەروا پڕ ڕێبوارە.

مێژوو نیشانی داوە کە خەڵکی کوردستان ئاڵای خەباتی خۆی بە شەکاوەیی ڕاگرتووەو بە درێژایی مێژووش دژی داگیرکەران‌و کۆنەپەرستی بەربەرەکانیی کردووەو لە تۆپ‌و تانک‌و مووشەک‌و فڕۆکە، لە هێزی پۆشتەو پەرداخی داگیرکەر سڵی نەکردووەو بە دوژمنانیان سەلماندوە کە تا کوردێک بمێنێ، کوردستان! ئاڵاکەی هەر شەکاوە دەمێنێ‌و ئاگری نەورۆزی هەر گەشاوە دەبێ.

لەدرێژەی ئەو خەبات‌و بەربەرەکانییەدا باشترین ڕۆڵەکانی خۆیان بەختی ئازادی‌و بەختەوەری کردوە، زۆر بنەماڵەی ئەم نیشتمانە هەیە کە چەندین ڕۆڵەیان لەو خەبات‌و تێکۆشانەدا بەخت کردوە یەکێک لەو بنەماڵە بەرێزانە کە دوو ڕۆڵە، دوو قارەمان، دووبرای فەرماندەو دوو خۆڕاگرو شۆڕشگێڕی پێشکەش بارەگای ئازادی کردوە بنەماڵەی محەممەدپوور لە ناوچەی شنۆ کە لەم بەرنامەیەدا ڕێز لە تێکۆشانی دوو ڕۆڵەیان بە ناوکانی شەهیدان قاسم‌و عومەر محەممەدپوور ناسراو بە قاسم‌و عومەر خاتوونباغی لە هێزی کێلەشین ڕێز دەگرین.

قاسم محەممەدپوور ناسراو بە قاسم خاتوونباغی لەساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی لە نێو بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی گوندی حاجی‌ئاڵێکەندی مەهاباد لە دایک بوو، لەژێر موحیبەت‌و چاوەدێری باوکی‌و لە ئامێزی گەرمی دایکی‌دا تا دەهات گەورەتر دەبوو. قاسم وەک زۆر لەبنەماڵەکانی ئەوکاتی کوردستان بە هۆی هەژاری دەرگای قوتابخانەی بەروودا نەکرایەوە بۆیە زۆر منداڵ بوو رووی لەکار کردن کرد. بەهۆی نەداری لە ڕادەبەدەرو گوێ نەدان بە قسەی دەربەگەکانی گوندەکەیان لە حاجی‌ئاڵێکەند باریان کردو ماوەیەک ئەو گونداو ئەو گوندیان کرد. سەرئەنجام ڕوویان کردە شارەجوانەکەی شنۆو لەوێ گیرسانەوە، قاسم لەوێش زۆر ژیرانەو ئازایانە کاری دەکرد، زەحمەتی دەکێشاو ماندوو شەکەت دەبوو، بە کرێکاری ژیانی سەخت‌و پڕ لەرەنجی بنەماڵەکەی سەربەرزانە دابین دەکرد. هەر چەند قاسم بێ‌سەواد بوو بەڵام بە ڕوونی دەیزانی کە گەلەکەی دەچەوسێتەوەو بەشخوراوەو زوڵمی لێدەکرێ، بیری لە ژیان دەکردەوەو چەوساوەیی‌و بێبەشی گەلەکەی هەست پێ‌دەکرد. بۆیە لە خۆپێشاندانەکانی دژی ڕێژیمی پاشایەتی بەشداری چالاکانەی دەکرد بە ئاواتەوە بوو کە ئازادیی گەلەکەی ببینێ.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران‌و هاتنی ڕێژیمی ئیسلامی، لە جێگای ئەوە ئازادی بۆ گەلانی ئێران بەدیاری بێنن، کوشت‌و کوشتارو سەرکوتیان بۆ گەلانی ئێران بە تایبەتی گەلی کورد بە دیاری هێنا. بەدەست پێکردنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات لە ناوچەی شنۆ قاسم خاتوونباغی خۆی بەکۆمیتەی حیزب لەشنۆ

ناساندو چەکی شەڕەفو کوردایەتی کردەشانیو بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەی دێموکراتی پۆشیو لە هێزی سمکۆی ئەو کات سازمان درا.

قاسم محەممەدپوور لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هەستی خۆشەویستی هاوسەنگەرانی بۆ لای خۆی راکێشاو ئەو پەڕی ئازایەتیو قارەمانەتیو لەخۆبووردوویی لە خۆی نیشاندا، قاسمی تێکۆشەر نەک هەر خۆشەویستی هاوسەنگەرانی بوو بەڵکوو خەڵکی ناوچەی شنۆ بە گەورەو چووکەوە بە ژنو پیاو خۆشیان دەویست، رێزی تایبەتییان بۆی هەبوو. کۆڕی هاوڕێیانی بە دەنگە بەسۆزو خۆشەکەی دەرازاندەوە وحەیرانی خۆشی بۆ دەگوتن.

قاسم بە هۆی ئەو تایبەتمەندیانەوە کە تایبەتمەندی پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمانو چاونەترسو بەنەزمو دیسیپلینە، پلەکانی حیزبی یەک بەدوای یەکدا بە سەرکەوتن بڕیو بەفەرماندەری یەکێک لە لکەکانی هێزی شەهید سمکۆی ئەو کات دیاری کرا. لە ژێر فەرماندەهی قاسمی شۆڕشگێڕو قارەماندا دەیان زەبری گورچوبڕ لە پەیکەری هێزەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی کەوت. قاسم ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانی بەو پەڕی باشیو رێکوپێکی بەڕێوە دەبردنو هاندەرێکی باش بوو بۆ هاوسەنگەرانی کە پێشمەرگەیەکی بە نەزمو دیسیپلینو ئازاو چاو نەترس بن.

هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی هێرشێکی بەربڵاویان بۆ سەر ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان، لە شومالەوە بەرەو ناوچەی شنۆ دەست پێکرد قاسمی قارەمانو پێشمەرگەکانی ژێر فەرماندەهی ئەودا بەرەنگاری خۆفرۆشانو داگیرکەران بوونەوەو بە حەق ئازایەتیو لەخۆبووردووییان لە خۆیان نیشاندا. شەڕ لە ناوچەی شنۆ هەر بەردەوام بوو. لە کاتێک دا شۆڕەسوارانی رێگای رزگاری کوردستان بەرەنگاری دوژمن بوونەوە کە رۆژی ٢٢ی خەرمانانی ساڵی١٣٦٠ی هەتاوی لە چەندین لاوە هێرشی کرد بووە سەر بەرزاییەکانی داوەڵانو رێگای شنۆ بۆ پیرانشار، شەڕ لە بەیانیڕا دەستی پێکردو دوژمن چەند جار لەلایەن رۆڵە قارەمانەکانی دێموکراتەوە تێک شکاو زەبرێکی کاریگەری وێکەوتبوو ژمارەیەکی زۆری لێ کوژراو بریندار بوو. هەروەها چەند دەزگا ماشێنی بە ئاوری چەکی پێشمەرگەکان لە ناو چوون.

بەڵام بە داخەوە لەم هێرشەی رێژیمدا قاسم محەممەدپوور ناسراو بە قاسم خاتوونباغی لە گەڵ ٤ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی حەسەن پەڕنیان جێگری لک، شێرزاد خوشناو، مووسا روستاییو مەولود شێخی گیانی پاکیان بەختی ئازادی کردو چوونە کاروانی لەپسان نەهاتووی شەهیدانی نەتەوەی کوردەوە.

---




## عومەر محەممەدپوور

دووهەمین رۆڵەی ئەو نیشتمانە، هەر لەو بنەماڵەیە برای شەهید قاسم، عومەر محەممەدپوور ناسراو بە عومەر" خاتوونباغی"یە، کە بەداخەوە داوای ٢٨ رۆژ لە شەهید بوونی قاسمی برای، کە عومەر شوێنی برا فەرماندەکەی پڕ کردبۆوەو وەک فەرماندە لک کاری دەکرد، لە شەڕێکی حەماسیدا لە رۆژی ٢٠ی رەزبەری ساڵی١٣٦٠ کە لە بەیانیرا لە گوندی دێشەمشو گوندەکانی دەوروبەر شەڕ دەستی پێکرد. دوژمن لە هەموو لایەکەوە هێرشی بۆ سەر سەنگەری خەباتگێرانی دێموکڕات هێنا، پێشمەرگەکانی هێزی کێلەشینو ئەفشین زەبرێکی باشیان لە دوژمن وەشاند بە دەیان کەس لە هێزەکانی رێژیم کوژران، بەڵام بە داخەوە لە کاتی رۆژئاوا بووندا لە نێو باغەکانی گوندی "کۆنەقەڵا"دا عومەری محەممەدپوور بە گوللەی جنایەتکاران پێکراو دڵی پڕ لە ئاواتی لە لێدان کەوتو دووهەمین فەرماندەی ناوچەی شنۆو دووهەمین کوڕی ئەو بنەماڵە شۆڕشگێڕە گیانی پێشکەش بە نەتەوەکەی کرد.

عومەر محەممەد پوور ناسراو بە عومەر "خاتوونباغی" لە ساڵی ١٣٢٢ لە گوندی حاجیئاڵیکەند لە ناوچەی مەهاباد چاوی بە دنیای روون کردەوە، ئەویش وەک قاسمی برای کوێرەوەری ژیانو هەژاری بە بێسەوادی هێشتەوە، کاتێک بنەماڵەکەیان بە هۆی زوڵمی ئاغاکان ئەو گونداو گوندی دەکرد ئەو بە کاری تاقەت پڕووکێن لەشی ناسکی خارابوو، پاشان کە روویان لەشاری جوانی شنۆ کرد دەبوو لەوێش ئارەقە بڕێژێو مەینەت بچێژێ هەتا ژیانێکی ساکاری نەمر نەژی بباتە سەر.

عومەر لە ساڵی ١٣٥٨ بە تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لە شاری شنۆ ئەویش وێڕای قاسمی برای تێکەڵاوی کاروانی شۆڕشگێرانی حیزبی دێموکڕات بوو. بەرگی پڕ لە شانازی پێشمەرگەی لەبەر کردو چەکی دیفاع لە شەرافەتی نەتەوەکەی لەشان کرد، بەمجۆرە ژیانی عومەر کەوتە قۆناغێکی تازەوە. هەرچەند بە باشی دەیزانی

ڕەنج و کوێرەوەری و زەحمەت لەمە بەدوای دەبێ زۆر زیاتر لە جارانی بێ و، تەنانەت گرتنی ئەم ڕێگا پیرۆزە سەفەری ڕێگای هات و نەهاتە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە بۆ ئامانجێکی پیرۆز و لە پێناو مەبەستێکی نەتەوەیی دایە بە دڵەوە شانی دایە بەر قورسایی ئەم ڕێگا پڕ لەشانازییە.

هەر لەسەرەتاوە دیار بوو عومەر کوڕێکی هێدی و هێمن و لە سەرەخۆیە، زوو بوو بە خۆشەویستی هاوڕێیانی و لەدڵی ئەواندا جێگای گرت. عومەر لە مەیدانی کردەوەدا پێشمەرگەیەکی قارەمان و نموونە بوو. هیچ کات ترس نەیتوانی بچێتە ناو دڵی و لە زۆربەی شەڕەکاندا لە سەنگەری پێشەوە شەڕی دەکرد و ئازایەتی و فیداکاری لەخۆی نیشان دەداو وەک هەڵۆ بە سەر دوژمندا زاڵ بوو، بە هۆی ئەو تایبەتمەندیانەوە وەک فەرماندەری پەل و پاشان وەک فەرماندەری لک دیاری کرا، بەوپەڕی دڵسۆزی و ئیمانەوە ئەرکی پێ ئەسپێردراوی جێبەجێ دەکرد، لە ژێر فەرماندەهی ئەم تێکۆشەرەدا دەیان زەبری قورسی گیانی و ماڵی لە دوژمن کەوت، عومەر بۆ هەموو مەئمووریيەتێکی حیزبی ئامادەو سەر لە پێناو بوو.

عومەر محەممەد پوور لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی شنۆ وشومالی کوردستان و نەغەدەدا، وەکو شەڕەکانی گەلیقاسملوو، کانیسپی، نێوشاری ورمێ، ڕێگای شنۆ بۆ نەغەدە، پیر ناسر، نەڵۆس و چەپەراوێ و زۆر حەماسەی دیکەشدا چالاکانەو قارەمانانەدا بەشداری کرد. هەر وەک ئاماژەمان پێکرد لە شەڕێکی حەماسیدا لە ڕۆژی ٢٠ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٦٠ کە لە بەیانیرا لە گوندی دێشەمس و گوندەکانی دەوروبەر دەستی پێکرد، دوژمن لە هەموو لایەکەوە هێرشی بۆ سەر سەنگەری خەباتگێڕانی دێموکڕات هێنابوو پێشمەرگەکانی هێزی کێلەشین و ئەفشین زەبرێکی باشیان لە دوژمن وەشاند بە دەیان کەس لە هێزی ڕێژیم کوژران بەڵام بەداخەوە لە کاتی ڕۆژئاوا بووندا لە نێو باغەکانی گوندی "کۆنەقەڵا"دا عومەری محەممەد پوور بە گوللەی جنایەتکاران پێکراو دڵی پڕ لە ئاواتی لە لێدان کەوت و دووهەمین فەرماندەی ناوچەی شنۆ و دووهەمین کوڕی بنەماڵەی شۆڕشگێڕی محەممەد پوور گیانی پاکی پێشکەش بە بارەگای ئازادی نەتەوەکەی کرد.

---




**برایم حەسەنزادە ناسراو بە( برایم باشوو)**

کاتێک ژیانو بەسەر هاتی شەهیدێکی رێگای ئازادیو دێموکراسی لە سەر کاغەزی سپی دەنووسمو لاپەڕەکانی ژیانی هەڵدەدایەوە دەکەوتمە بیری ئەوکاتەی کە ئەو قارەمانە داخوا چیهای فیداکاریو لەخۆبووردووی کردوە، کەوتمەوە بیری ئەو رۆژەی کە شەهید بووە کە ئەویندارانی رێگای ئازادی بە تایبەتی خەڵکی کوردستان خەمو خەفەت دایان دەگرتن. ئێستا ژیانو بەسەرهاتی ئەم سەربەرزانەیان بە بیر دەێتەوە. لە گیانبازیو فیداکاریو شۆڕشگێڕی ئەم شەهیدانەیان رادەمێننو لە دڵەوە سوپاسیان دەکەنو شانازییان پێدەکەن. کە هەموو ژیانی بۆ ئازادیو بەختەوەری نەتەوەکەیان تێپەڕاندوە. باسی برایم باشووی قارەمانیش خەڵکی دڵسۆزو ئەمەگناسی ناوچەی شنۆیە دەباتە نێو دەریای بیرو خیاڵەوە بیر لە شۆڕشگێڕیو سەداقەتو راستی ئەم نەمرەو بیر لە فیداکاری ئەم پێشمەرگە فیداکارەی کە لە پێناوی ئامانجی پیرۆزیدا هەموو کۆسپەکانی سەر رێگای بڕیو ساتێک لە خەباتو بەربەرەکانی دژی رێژیم نەوەستاو تا دواکاتەکانی ژیان خەباتگێڕێکی شێلگیری رێگای ئازادیو درێژە پێدەرێکی وەفاداری رێگای شەهیدان بوو. شەهید برایم حەسەنزادە ناسراو بە برایم باشوو لە بەرنامەی فەرماندەراندا یادی رێز دەگرین.

برایم حەسەنزادە ناسراو بە برایم باشوو لە ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی لە ئاوایی نەڵۆسی شنۆ لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش چاوی بە دنیای پڕلە رەنجوکوێرەوری پشکوت. ژیانی منداڵی برایم لەگوندە رازاوەو سەرسەوزە خۆشەکەی نەڵۆس تێپەڕی. تەمەنی لە ٧ساڵی دابوو کە دەستی سروشت خۆشەویستترین کەسی لە بەر دەستی هەڵگرتو قەڵبی ساکاری لە خۆشەویستی دایکی بێبەش کرد، دەردی بێ دایکی هەموو جارێ لە نێو منداڵان کزەی لە جەرگی دیناو دەیزانی ئامێزی دایک جێی حەسانەوەو ماڵ بوو. برایم ئێستا دەردی بێ دایکی بەتەواوی

لە هەستو لەشی دەر نەکردبوو خۆی نەگرتبوو کە باوکی کۆچی دوایی کرد. هەتیوو ناز لێشێواو بە تەواوی باڵی بە سەر ژیانیدا کێشا. برایم دە ساڵە بوو کە دەستی بە کارو کوێرەوەری کرد بەمجۆرە ژیانی منداڵی بە کارداری، شوانی، میراوی، کرێ بارچییەتی تێپەڕ بوو لە نزیکەوە لەگەڵ بازارەکانی ژیان ئاشنا بوو. بەرەبەرە گەورە بوو بۆ ئەو شتێکی سروشتی بوو کە کوڕی زەحمەتکێش بە دەردو مەینەتو هەژاری بیری ئازادیخوازیو فکری رزگاری لە چنگ ئەو ژینە تاڵە لە دڵیدا ریشەی داکوتابوو ئاگری چارەی ئەو دەردە لە دروونیدا بڵێسەی کردبوو. بۆیە پیوەندی لەگەڵ خەباتگێرانی ئەودیوی سنوورگرتو زۆرجار یارمەتی بۆ کۆ دەکردنەوەو بە چیاکانی سپیرێز، کێلەشینو رندۆڵدا سەردەکەوت بۆی رەوانە دەکردن.

رووخانی رێژیمی پاشایەتیو ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو دەرفەتەی بە برایم باشوو رەخساند کە بە کردەوە بێتە مەیدانی خەباتەوەو بە ئاشکرا بۆ وەدی هێنانی ئەو ئامانجە پیرۆزانەی کە خۆشی دەویستن خەبات بکا. برایم بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لەبەر کردو چەکی شەڕەفو دیفاع لە ناموس کەرامەتی گەلەکەی دەست دایەو لە ریزی پێشمەرگەکانی هێزی شەهید سمکۆ سازمان درا. برایم زوو توانی ببێتە خۆشەویستی خەڵکی ناوچەو هاوسەنگەرانی چونکی لە هەموو وجوودی ئیمانو بیروباوەری پتەوی بە خەباتی نەتەوەکەی لە ئاکارو کردەوەیدا شۆڕشگێڕ بوونو دڵسۆزیو لێبڕاویو شێلگیر بوون لەسەر درێژە پیدانی ئامانجو رێبازیدا بەرچاو دەکەوت. ئەو تایبەتمەندییانە لە مەیدانی شەڕ لە بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمندا خۆی دەنواند، کاتێک لە دوژمن دەچوە سەنگەرەوە، کاتێک هێرشی بۆ سەر دوژمنانی کوردو کوردستان دەست پێدەکرد کەس توانای خۆڕاگری لە ئاست نەعرەتەی شێرانەیو هەڵمەتو پەلاماری شۆڕشگێڕانەیدا نەبوو. تایبەتمەندی دیکەی برایم باشوو هەر بەو ئەندازەیەی نەتەوەکەی خۆش دەویست هەر بەو رادەیەش هاوسەنگەرانی خۆش دەویست.

برایم باشوو بە هۆی کارلێهاتوویيو کارامەییو هەڵسووڕی بە سەرپەل دیاری کراو پارێزگاری لە بەندیخانەی حیزب لە کانیەرەش پێ ئەسپێردرا. بەڵام برایم سەرەڕای ئەوە دیسان چالاکانە لە شەڕەکاندا بەشداری دەکردو بە حەماسەیو قارەمانەتی شانازی بۆ گەلەکەی دەخوڵقاند لە شەڕی بە ناوبانگی سەرگیز کە دوژمنی جنایەتکار بە هێزێکی زۆرەوە پەلاماری بۆ سەر ناوچەی شنۆ دەست پێکرد بوو، برایم باشوو لەگەڵ چەند کەس لە هاوسەنگەرانی پێشیان بە هورژمی دوژمن گرتو شەڕێکی قارەمانانەی لەگەڵ کردن، تەنانەت بە تانکو هێلیکۆپتێرو ئەنواعی چەکی قورس سەنگەری برایمو هاورێیانی ئاورباران دەکرد. سەرەڕای ئاورباران، وێڕای هاوسەنگەرانی هێزی دوژمنی ئاورباران دەکردو بە ئارپیجی تانکێکی تێکشکاندو دەستی بە سەر تانکێکی ساغدا گرتو بە قارەمانەتێکی کەم وێنە پاشەکشەیان بەهێزی رێژیم کرد، لەو عەمەلیاتە شۆڕشگێڕانەیە ناو ناوبانگی برایم باشوو وەک بۆمب تەقییەوەو لە تەواوی ناوچە دەنگیدایەوەو وەرەی بە دوژمن بەردا. با لە زمان هاوسەنگەرێکی بزانین چۆن باسی تێکشکاندنی ئەو تانکانە دەکا.

" کاتێک هاوسەنگەرانی باسی ئەو عەمەلیاتە قارەمانانەیان دەکرد برایم بێ ئەوەی لەخۆ بایی بێ دەیکوت هەر من نەبووم کە ئەو تانکانەم شکاندو تانکێکم بە ساغی گرت، بەڵکوو زۆرتر نەتیجەی فیداکاری قارەمانەتیو نەبەزی شێرە ژنێکی لادێی بوو کە ئازایانەو نەترسانە سەنگەر بەسەنگەر لە گەڵم دەهاتە پێشو مووشەکی ئارپیجی بۆ هەڵدەگرتمو بە هەر دەسرێژێک یا هاویشتنی گوللە ئارپیجێک وورەی دەدامێو هانی دەدام، ئازایەتی ئەو شێرەژنەی هەڵکەوتوویەی نەتەوەکەمان دەبێ لە مێژوودا بنووسرێ. برایم تا ئەو کاتەی چاوی لە سەریەک دانا ئازایەتی ئەو شێرەژنەی لەبیر نەکردو زۆرجار بەو پەڕی ئێحترامەوەدەیکوت دەک بابو باپیرم بەقوربانی بێ ژن دەبێ ئاوا بێ"

برایم باشووی قارەمان، لە هێرشی بەکرێگیراوانی رێژیم لە پاییزی ساڵی ١٣٦٠ بریندار بوو بەڵام زامی بە ئێشی لە پێی نەخستو هەروا لێبڕاوتر ڕێگای هەموو شەهیدان درێژە دا. پاش ماوەیەک بە فەرماندەری لکی شەهید فەرزەندە باقری دیاری کرا، برایمی قارەمان ئەلحەق بە ئەنجامی عەمەلیاتی قارەمانانە نیشانیدا شیاوی ئەو مەسئوولییەتەیە، لە زۆربەی شەڕەکانی لاجان، پەسوێ، قازیاوای مەهاباد، لکی فەرزەندە باقری بە فەرماندەی برایم باشوو بەشداری چالاکانەی بوو. فەرماندەی قارەمان برایم، بێجگە لەوەی کوڕێکی بە نەرخو شۆڕشگێڕو ئازا بوو دڵسۆزو بەئیمان بوو، لە نێو خەڵکی زەحمەتکێشداو هاوسەنگەرانی زۆر خۆشەویست بوو کۆڕی خەڵکی بە قسە خۆشەکانی گەرمو رازاوە رادەگرت. ئینسانێکی دڵو دەروون پاکو ساکارو بێگەردو خاوێن هەست بوو، کەس نەبوو نەیناسێ، هەمیشە وورەی بە خەڵکو هاوسەنگەرانی بۆ خەباتی توندوتیژ دەدا.

مانگی رەزبەری ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی برایم باشوو بۆ ئەنجامی کارێکی حیزبی روو لە ئاوایی "قەلاتییان" دەکاو شەو دەمێنێتەوە، بۆ ئەوەی دوژمن هەست بە بوونی نەکا نێوان شەو رۆژان خۆی پێچاوە تا لە ئاوایی بێتەدەر، هێشتا چەند هەنگاوێک لەئاوایی دوور نەکەوتبۆوە کە کەوتە کەمینی بە کرێگیراوانو چڵکاوخۆرانی رێژیمو لە هەموو لایەک گەمارۆ دراو رێگای دەرباز بوونی لێ برا، زۆر ئازایانە شەڕی دەکرد رۆژ تەواو بڵیند بوو برایم زۆر ئازایانە بن بەردو بن بەردی دەکردو شەڕی سەنگەر بە سەنگەری دەکرد، بەڵام برایم گوللەی بەرەو تەواو بوون دەچوو بۆیە ٥ گوللەی وەزگی کەوت بە برینداری بەدیل گیراو رەوانەی سیاچاڵەکانی رێژیم کرا.

پاسدارانی کۆنەپەرستی کاتێک هەواڵی بەدیل گیرانی برایم باشوویان بیست شاییان لەدڵ گەڕا، بەکرێگیراوانی رێژیم بە نیشانەی شادی باڵتۆو پەستەکی برایم باشوو بە دارتێلی برقی مزگەوتی جامعە شنۆیە هەڵداوەسنو بەرگوللەی دەدەنو ئەوانی دیکەش سەیری ئەم شانۆیەیان دەکرد.

بەڵی ئەمجار زیندانو چاڵەڕەشەکانی رێژیم بوو بە مەیدانی بەربەرەکانی برایمی قارەمانی پێشمەرگەی دێموکڕات، ئەو لەو مەیدانەشدا شۆڕشگێڕبوونو سوور بوونی خۆی لە سەر رێبازیدا بە دوژمنانی سەلماند کە

تەنافو زنجیرو ئازارو ئەشکەنجە چۆکی پێدا نـاداو بـرایم لەو مەیـدانەشدا سەرکەوتوو هـاتەدەر. چەنـد جـار داوایان لێ کرد لە مزگەوت قسە بکا بەڵام قسەی نەکردو وەفادار بە ڕێبازی حیزبی دێموکڕات مایەوەو چەنـدین جار داوای ڕێژیمی بۆ قسە کردن ڕەد کردەوە.

ئازار، ئەشکەنجە، بێحورمەتی، هەڵواسین، سووتـان، داغکردن، دەیان ئاتۆرەی دیکە نەیـان تـوانی چۆک بە هەڵۆی زنجیر کراوی دێموکڕاتدا بێنن. بۆیە جەلادانی ڕێژیم لە شەوێکی هاوینی ساڵی ١٣٦٢ی هەتـاوی تەقەی تفەنگ لە ناو شاری شنۆدا دەنگی دایەوە زۆری پـێ نەچوو لە نـاو شـاری شـنۆ هەواڵـی دڵتەزێنـی گـولـلە بـاران کردنی ئەم ڕۆڵە قارەمانە شۆڕشگێڕە دڵی خەڵکی شنۆی دڵسۆزی ڕاچڵەکاندو خەمو ماتەم شاری داگـرتو خەڵـک ڕەشی پۆشی لە بەرامبەر گەورەیو خۆڕاگریو فیداکاری ئەم ڕۆڵە خەباتگێڕەی دێموکڕاتدا، بە هەزاران سڵاو و ئافرینیان پێشکەش بە گیانی ئەو نەمرە کرد، فیداکاریو خۆڕاگری شۆڕشگێڕی شەهید برایم حەسەنزادە ناسـراو بە برایم باشوو سەر مەشق بـوو بـۆ هەمـوو هاوسـەنگەرانیو خەڵکی نـاوچەی شنۆ ونـاوی هەمیشـە بە زینـدوویی مایەوە.

---




**کەریم قازی**

ساڵانێکی زۆرە نەتەوەی کورد بۆ سەربەستی ژیانی خـۆی بێوچـان خەبـات دەکـا، لەو پێنـاوەشدا مێژوویەکـی پـڕ لەسـەروەرییو پـڕ لەشـانازی هەیە. نەتەوەیەک کە بەدرێژایـی مێـژوو لەلایەن ڕێژیمەکـانی حـاکم بەسـەر کوردستاندا سەرکوت کراوەو ڕێگای پێ نەدراوە دەنگی حەقخوازنەی هەڵبڕێو لە مەترسـی تواندنـەوەو لە بەیـن

چوونو لە ژێر فشارو ئەشکەنجەدا بووە، بەمجۆرەش خەڵکی ئازادی ویستی کوردستان بەو زەبروزەنگو ئێشو ئازاردانە ورەی بەرنرداوەو کۆڵی لە خەباتو تێکۆشانو قوربانیدان نەداوە. لە گۆڕەپانی ململانێ دەرنەکوتووەو نەیانتوانیوە دەری بکەن، بەڵکوو قورسو قایمتر لەدژی چەوسێنەرانو داگیرکەراندا راوەستاوە، لەهەر بەشێکی ئەم کوردستانە پارچەکراوە، تێکۆشانی خۆی بە دژی حکومەتە زۆردارەکانو دەسەڵاتدارانی حاکم بەسەر کوردستاندا درێژە پێداوەو مانوەموجوودییەتی خۆی پاراستوە.

درێژە پێدانو نەپسانەوەی خەباتی رەوای خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان رەنگدانەوەی ئەو هەمووە زوڵمو زۆر و زەبروزەنگەیە کە لەمێژە بەسەر گەلەکەماندا سەپاوە. لەماوەی حەوت دەیە پێش ئێستاوە قورسایی‌و رێبەری ئەو بزوتنەوە لە ئەستۆی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە، کە بۆ وەدیهێنانی ئامانجە بەرزو پیرۆزەکانی گەلی کورد خەبات دەکا. لەو ماوەیەدا بە سەدانو هەزاران رۆڵەی فیداکار گیانی خۆیان پێشکەش بەو گەلە بەشخوراوە کردووە. کەریم قازی یەکێک لەو قارەمانانە بوو کە گەورەترین سەرمایەی ژیانی واتە گیانی پێشکەش کرد.

کەریم قازی لە سەردەمێکدا کە تیشکی ئازادیی خەریک بوو پرشنگی دەهاویشتە کوردستان و پسانی زنجیری دیلی‌و یەخسیری لەدەستو پێی گەلە هەژارو بەشخوراوەکەمان بەرەبەرە بەهێز دەبوو، لە یەکێک لە بنەماڵە جووتیارەکانی کوردستان لە ئاوایی کۆنەقەڵا سەر بە شارستانی شنۆ لە دایکێکی زەحمەتکێشی بێبەش لە هەموو خۆشییەکانی ژیان لەدایک بوو. بەرەبەرە کە گەورە بوو روانەی قوتابخانە کراو توانی تا ٥ی سەرەتایی لە قوتابخانە درێژە بە خوێندن بدا.

کەریم لە زەریای نەبوونیدا گەورە بوو، هەر بۆیەش نەیتوانی زیاتر لەوە دەرگای قوتابخانە بکاتەوەو دنیایەکی رووناکتر ببینێ. ژیانی هەر لە سەردەمی منداڵییەوە لە گەڵ کوێرەوەری‌و بێبەشی‌و بەشخوراوی هاودەمو تێکەڵاو بوو. هەر لە تەمەنی لاوییەوە تێکەڵاوی ئوردووی زەحمەتکێشان بوو و بەو تەمەنە کەمەوە لەشی کزو باریکی دایە بەر کارو، بوو بە گۆچانی دەستی بنەماڵەکەیان.

ئەو ژیانە پڕ لە چەرمەسەرییەی کەریم تا دەست پێکردنی خۆپێشاندانەکانی دژی رێژیمی پاشایەتی‌و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی بەوجۆرە تێپەڕی. ناوبراو لە کوورەی چارەڕەشی‌و رەنجو نەهامەتی‌و بێبەشیدا قاڵ ببوو. لەراستیدا دەیزانی نەداری بەری چ دارێکەو زوڵمو ستەمو زۆرداریی مانای چیە؟! بە هەموو دەمارو پێستو خوێنی لەشییەوە چەوسانەوەی هەست پێدەکرد، بۆیە لەگەڵ دەست پێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ کەریم هەل و دەرفەتێکی باش بوو کە لە پێناوی سڕینەوەی بەشمەینەتی‌و دەستەبەرکردنی ژیانێکی بەختەوەردا خەبات بکاو لە سەنگەری دێموکراتدا و بە هیممەتی هەموو خەباتکارانی رێگای ئازادیی، هەوری رەشی نەکبەتی‌و چارەڕەشی لەسەر گەلەکەی راماڵن. هەر بۆیە لە ساڵی ١٣٥٨ی

هەتاویدا چەکی پێشمەرگایەتی لەشان کردو لە هێزی سمکۆی ئەو کات دەستی بە تێکۆشانو چالاکی خۆی کرد.

پاش ئەوەی خومەینی خوێنمژ لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ لە دژی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان فتوای جیهادی ڕاگەیاند، کەریم قازی یەکێک لەو کوڕە بەتوانایانە بوو کە شێلگیرانەو شۆڕشگێڕانە بۆ داکۆکیی لە گەلەکەی و بۆ بەرپەرچدانەوەی پیلانە ڕەنگاوڕەنگەکانی دوژمنانی کوردستان چووە نێو سەنگەری شەڕەفەوە، ناوبراو بە هەموو هێزو تواناوە بەرانبەر بە لەشکری پەلاماردەری کۆماری ئیسلامی ڕاوەستا.

کەریم قازی لەشەڕەکاندا نیشانیدا کە مرۆڤێکی بەبیروباوەڕەو بە لەخۆبووردوویی‌و فیداکاریی دەریخست کە شێلگیرانەو لێبڕاوانە لە گەلەکەی‌و ئامانجە ڕەواکانی بەرگری دەکاو پێشمەرگەیەکی کارامەو لێوەشاوەیە. لە ئەنجامی لێهاتوویی‌و گیانلەسەردەستیی وەک فەرماندەری پەلێک لە پێشمەرگەکانی لکی شەهید فەرزەندەی باقری دیاری کرا. لەڕاستیدا لە شەڕەکاندا سەلماندی کە قارەمانو دڵسۆزە، سەلماندی کە بەڕاست ئەویندداری حیزبەکەیەتی‌و شانازی بەوە دەکا کە پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە. پاش ماوەیەک وەک سەردەستەو پاشان وەک فەرماندەری لک، هەر لەو لکە دیاری کراو تا کاتی شەهید بوونی ئەو مەسئولییەتەی بەوپەڕی ئازایەتی و ڕووسوورییەوە بە ئەنجام گەیاند.

شەڕە حەماسیەکانی پیر ناسر، شەڕی ورمێ، شەڕی گەلاز، شەڕی بالاگیزو کۆنەقەلا، شاهیدی بۆ لەخۆبردوویی‌و ئازایەتی‌و نەترسیی ئەم شێرە کوڕەی دێموکڕات دەدەن. قارەمانەتی کەریمی بەئیمانو بیروباوەڕ، وێردی سەر زمانی خەڵکی ناوچەی شنۆی دڵسۆزو دەورووبەر بوون، ئێستاش یادی قارەمانەتی‌و دەستوبردو هێرشی ئازایانەی لە نێو دڵی خەڵکی قارەمانی ئەو ناوچەیەدا ماوەتەوەو بۆ هەتاهەتایە لە دڵی ساکار، بەڵام پڕ لە خۆشەویستیی حیزبو نەتەوەکەیاندا تۆمار کراوە.

کەریم قازی زۆر تایبەتمەندیی بەرزی لە خۆی نیشان دەدا، ناوبراو لە باری سیاسییەوە کادرێکی بەهەڵویستو دوربین بوو، لە باری نیزامیشەوە فەرماندەو پێشمەرگەو پارتیزانێکی بەئەزموونی ڕاستەقینە بوو. لەباری کۆمەڵایەتیەوە خاوەن پێگەیەکی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی بوو، لە ئاست کێشەو گیروگرفتەکانی حیزبو کۆمەڵگاو بنەماڵەدا بەتواناو سەرکەوتوو بوو و زۆر بەتەواوی بەسەر تەنگ و چەڵەمەکاندا زاڵ دەبوو.

کەریم قازی بێجگە لە فەرماندەهی ئەو شەڕانەی باس کران، لە دەیان هێرشو پەلاماردا گورزی کاریگەری لە سپای هێرشکەر وەشاندو دەیان عەمەلیاتی سەرکەوتوانەی بۆ گەلەکەی‌و هێزی شەهید سمکۆ تۆمار کرد. کەریم وەک فەرماندەرێکی کارامە، خاراو، خاوەن ئەزموونو بەتوانا ئەرکی پێ ئەسپێردراوی جێبەجێ دەکرد. لەماوەیەکی کورتدا لێهاتوویی‌و دڵسۆزی خۆی نیشانداو دەریخست کە ڕۆڵەیەکی ئازاو فیداکارو بەجەرگە و باوەڕی بە کوردایەتی قایمو قۆڵو پتەوە.

بەداخەوە مەرگ مەودای بە کوڕی قارەمانی گەلەکەمان نەدا تا زیاتر خزمەت بە نەتەوەکەی بکا و ڕۆژی ١٨ی سەرماوەزی ساڵی، ١٣٦٠ دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە هێرشی بۆ سەر پێشمەرگەکانی لکی فەرزەندە دەست پێکرد، ئەوە دوایین فیداکاریی کەریم قازی بوو کە بەرپەرچی دوژمنی داوەو لەگەڵ هاوڕێیانیدا زەبرێکی کاریگەریان لە هێزی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیدا، مخابن لە گەرماوگەرمی شەڕدا گوللەی هێزی دوژمن سینگی پڕ لە تاسەی کەریمی قازی پێکاو خوێنی تێکەڵ بە خوێنی ٣ هاوسەنگەری دیکە بوون و گیانیان پێشکەش بە بارەگای ئازدیو ڕزگارکردنی گەلە بەشخوراوەکەیان کرد.

---------------------------------------------------------------------




**قادر میرزایی ناسراو بە (قادر شبێلی)**

هەر گەلێک بکەوێتە بەر ئاگرو ئاسنو تووشی دەربەدەرىو ماڵوێرانی بکەن ئەو نەتەوەیە ناچار دەبێ بۆ دیفاع لە خۆی مافەکانی دەست بۆ چەک بەرێو بۆ وەدەست هێنانو پاراستنی ئازادی چەک لەشان بکا. هەربۆیە نەتەوەی کوردیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ٧ دەیە زیاترە حیزبی خۆی دامەزراند.

پاش هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیش بۆ وەدیهێنانی مافی ڕەوای نزیک بە ٤ دەیەیە لە بەرامبەر درەندەترین دوژمنی ئازادیدا چەکی دەست داوەتێو شێلگیرانە دەرێژە بە خەبات دەداو لە پێشکەشکردنی گیانی باشترین ڕۆڵەکانیدا بەرچاو تەنگ نەبوە یەکێک لەو ڕۆڵە تێکۆشەرانە کە ڕێز لە یادو بیرەوەریی دەگرین شەهید قادر میرزایی ناسراو بە قادر شبێلی لە ناوچەی شنۆیە.

قادر میرزایی لە ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی لە ئاوایی سینگان سەر بە ناوچەی شنۆ لە بنەماڵەیەکی نەداری کەم داهاتی ئەو کات چاوی بە دنیای روون کردەوە. ژیانی مەینەت بەشیو پڕکارەساتی قادر هەر لە سەرەتای لەدایک بوونیەوە دەستی پێکرد. هێشتا چەند مانگی لە ژیانی تێ نەپەڕیبوو کە چوونە شاری مەهابادو پاشان لە گوندی "شیوەسماک" گیرسانەوە. تازە ٣ ساڵ بوو کە دایکی خۆشەویستی لە دەست داو لە خۆشەویستی دایک بێبەش مایەوەو ئەرکی پێگەیاندنی قادری تاقانە کەوتە سەرشانی باوکی زەحمەتکێشی. رۆژ هاتو مانگ تێپەڕی قادر بە خۆداهاتو کاتی خوێندنی هات، هەر چەند گوندەکەیان قوتابخانەی نەبوو بەڵام باوکی چونکی بۆخۆی تاڵی نەخوێندەواریی چێشتبوو، ریگای نەدا کوڕە تاقانەکەی لە تاریکستانی نەخوێندەواریی‌دا بمێنێتەوە، بۆیە لە شاری شنۆ رەوانەی قوتابخانەی کرد، قادری وریا پۆلەکانی سەرەتایی یەک بەدوای یەک بڕیو زۆر زیرەکانە خوێندی. بەڵام بە داخەوە لەوە زیاتر نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدا، وێڕای باوکی زەحمەتکێشی شانی بەر کاروکاسبی داو دەستو پەنجەی لەگەڵ کوێرەوەرییەکانی رۆژگار نەرم دەکرد، قادر بەجۆرێک کاری دەکرد کە کەم کەس هەبوو بە رادەی ئەو تامی چەوسانەوەی چێشتبێ‌و لە گەڵ خوێنو دەمارەکانی تێکەڵ بووبێ. هەر بۆیەش لەسەرتای راپەڕینی گەلانی ئێران لەساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی‌دا وێڕای خەڵکی قارەمانی شنۆ هاتە سەر شەقامەکانو رۆڵی بەرچاوی گێرا.

قادر ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی هاتە ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتو بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لەبەر کردو لە هێزی شەهید سمکۆی ئەو کاتدا سازمان دراو وەک لاوێکی تێگەیشتوو بە چالاکی ئەرکەکانی سەرشانی رادەپەڕاندو هەمیشە هەوڵی دەدا پلەی زانیاری خۆی بەرێتە سەرێ، هەربۆیە خۆشەویستی ئەو لاوە خەباتگێڕە زۆری نەخایاند بوو بە وێردی سەر زمانی هاوسەنگەرانی‌و خەڵکی ناوچە.

قادر لە هەر شەڕێکدا بەشداری دەکرد لەسەنگەری پێشەوە دابوو ناو براو بە هۆی زانایی‌و چاونەترسی‌یەوە کرا بە جێگری پەڵو پاشان بە سەرپەلو سەردەستەو جێگر لکو سەرئەنجام بە فەرماندەری لک دیاری کرا.

قادر پێشمەرگەیەکی هەڵسوورو فەرماندەیەکی لێوەشاوە بوو، گورجو گۆڵو کار لێهاتوو، بە دەستو بردو زەبر وەشێن بوو، نارەتەی شێرانەی زراوی دوژمنی توقاند بوو، شەڕەکانی پایەگای لکبن، تێکشکاندنی هێرشی دوژمن بۆ سەر گوندەکانی کانی مەلاو کانی بداغ، گرتنی پایەگای شاوەلە، کەمینی نێو گوندی مەحمەشە، چەک کردنی چەکدارەکانی یۆنسلیانو کۆئێک، گرتنی پایگای ناریّ، جادەی شنۆ نەغەدە، گرتنی پایەگای تاچیناویّ، نێو شاری شنۆ، پایەگای سینگان، حەوت پایەگای گەلی گادەرانو شەڕی ٣ رۆژەی بەرزایی‌یەکانی زەینەرۆک، سپی‌ڕێزو شەترە کە لە ژێر فەرماندەری شەهید قادر دا تاڵەواریان بە زاری دوژمن داکرد، مۆرکی نەترسی‌و زاکوونی ئەو قارەمانە بە دەستو بردەیان پێوە دیارەو بۆ هەمیشە لە مێشکی دانیشتوانی ئەو مەڵبەندە نەخشی بەستوە.

شەوی ٩ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی پێشمەرگەکانی هێزی کێلەشین بۆ زەبر لێدانی هێزەکانی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی گەلاڵەیەکی عەمەلیاتیان بۆسەر پایەگای گوندی "گەلاز" دارشتو لە نیوە شەودا بە چەکی رۆڵەکانی دێموکرات لە هەموو لایەکەوە ئاور بارانەی گوللەیان بە سەردا باراندن، قادر کە فەرماندەی ئەو عەمەلیاتە بوو وەک یەکەم کەس تێلدرووی پایەگای بڕیو خۆی لە نێو سەنگەری پایەگا هاویشتو وێڕای هاوسەنگەرانی شەڕێکی دەستەو یەخەیان دەکرد. بەداخەوە لە گەرمەی شەڕدا قادر میرزایی ناسراو بە قادر شێبێلی لەگەڵ دوو هاوسەنگەری بە ناوەکانی قاسم عەلیزادە ناسراو بە مەلاقاسمو سولیمان بارووت شەهید بوونو بۆ هەمیشە ماڵئاوایان لە گەلە بەئاوات نەگەیشتوەکەیان کردو سەنگەری خەباتیان بە هاوسەنگەرانیان ئەسپارد.

---




**محەممەد پیرۆت**

محەممەد پیرۆت کە ناوی بۆ هەتاهەتایە لە نێو دڵی زەحمەتکێشانی مەڵبەندی شنۆ دایەو وەک زەحمەتکێشی دڵسۆزو نیشتمانپەروەرێکی شۆڕشگێڕ ناوی دینن. لەبەر سێبەری ئاڵای کۆماری کوردستاندا چاوی گەشی بەرووی دنیادا کردەوە. لە نێو زەحمەتکێشانی گوندی "سەردەرێ" لە ناوچەی نەڵۆس لە دایک بووە بە هەژاریو نەداری ژینی تێپەڕ کرد، دوو ساڵە بوو لە ئامێزی دایکی دابوو کە لە لایەن دەربەگەکانی سەردەرێ بنەماڵەکەی لە ئاوایی دەرکران بابی دەست قەڵەشیوو زەحمەتکێشی ئاوارە بوو. بە ناچار رووی لە ئاوایی "هێیە" کردو لەوێ گیرسایەوە. محەممەد لەگوندی هێیە گەورە بوو بە هۆی کوێرەوەری ژیان نەیتوانی بچێتە

قوتابخانەو ڕێگای موچەو مەزرای گرتە بەرو کرێکاریو وەرزێری بوو بە پیشەی محەممەد پیرۆتی مێرمندالّ. وەک کوڕێکی بە کار هەڵسووڕو ماندوو نەدەبوو. لاو بوو کە ڕێژیم قۆل بەستی کردو ڕەوانەی خزمەتی ئیجباری کرد، بۆ ماوەی ۲ ساڵ لە پادگانی ڕێژیم سەربازی کرد. لەم ماوەیەدا زۆر ئەزمونی بۆ ژیانی دوا ڕۆژ پاشە کەوت کرد لە ستەمو زۆرداری ڕێژیم پتر زانیاری وەدەست هێنابوو. لاوی زەحمەتکێشی لادیی زۆر بە باشی نێوەرۆکی ڕێژیمی پاشایەتیو دەردو زامی گەلەکەی بۆ دەرکەوتبوو پاش تەواو کردنی ئیجباری گەڕایەوە گوندی هێیەو، پاشان بەهۆی هێندێک گیروگرفت ڕووی کردە کوردستانی عیراقو لەوێ مایەوەو خەریکی کارو کاسپی بوو. ژیانی محەممەد پیرۆت تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەمجۆرە تێپەڕ بوو.

پاش ئەوەی حیزبی دێموکڕات دەستی بە تێکۆشانی ئاشکرا کرد دەرگایەکی نوێ لە ژیانی بە سەر محەممەد پیرۆت کرایەوەو هاتە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو لەهێزی شەهید سمکۆ دەستی بە خزمەت کرد. محەممەد پیرۆت بە ئاگاهیو تێگەیشتوویییەوە ڕێگای پیرۆزی حیزبی هەڵبژارد بوو هەتا لەستەمو زۆرداری ڕزگاری بێو مافی گەلی کورد وەدەست بێنێ، هەر بۆیە محەممەد لە ڕەفتار لەگەل خەڵکدا زۆر ورد بوو. هەر چەند نەخوێندەوار بوو بەلام بە زمانی ساکارو بە دڵێکی پاکو هەستێکی شۆڕشگێڕانە هەولی دەدا خەڵک پتر ڕێنوێنی بکاو ڕێگای خەباتو بەربەرەکانی بۆ وەدەست هێنانی ئازادیو مافەکانیان دەست نیشان بکاو بە خەباتی یەکگرتوانە دژی ڕێژیمی کۆنەپەرستو تازە بە دەسەلات گەیشتوو ڕاپەڕن. محەممەد پیرۆت پاش ساڵێک خەبات لەڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی شەهید سمکۆدا بە هۆی لێوەشاوەییو ئاکارو کردەوەی شۆڕشگێڕانەو ئازایەتی بوو بە سەر پەلی پەلێک لە پێشمەرگەکانی ئەم هێزە. محەممەد نیشانیدا لێوەشاوەو شارەزایە، نیشانیدا لە سەنگەردا ئازاو فیداکارەو فەرماندەرێکی بەزیبکو لێهاتوویە، هەر بۆیە پاش ساڵێک کرا بە فەرماندەری لکی یەکی شەهید مستەفا جەوان لە هێزی شەهید سمکۆدا.

محەممەد پیرۆت فەرماندەرێکی ئازاو دڵسۆز بوو لە شەڕدا نەترسو بە ورە بوو، پێشمەرگەیەکی سادقو دڵسۆزو بە بیرو باوەڕ، هەر ئەو تایبەتمەندیانە محەممەدی شۆڕشگێڕی لە نێو هاوسەنگەرانیدا زۆر خۆشەویست کردبوو، وەک پێشمەرگەیەکی بە جەرگ سەیریان دەکردو ڕێزیان بۆ دادەنا. لە شەڕی قارەمانانەی "دۆڵەپێسان" لە ساڵی ۱۳۵۹ دژی هێزە بەکرێگیراوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بە هۆی ڕاکێتی هێلیکۆپتێر برینداربوو پاش سارێژ بوونی برینەکەی بەورەتر لە پێشوو گەڕایەوە سەنگەری شەڕەف.

محەممەد وەک پێشمەرگەیەکی ڕاستەقینەی دێموکڕات بەرانبەر بە پیلانی دوژمنانی ڕەنگاورەنگی حیزبی دێموکڕات ڕادەوستاو هەڵوێستی گرت. کوڕی شۆڕشگێڕو دڵسۆز بە هۆی بەشداری چالاکانە لەشەڕ دژی پەلاماردەرانی کوردستانو خۆشەویستی ئەو لە نێو کۆمەلانی خەڵکی ناوچەی شنۆو هاوسەنگەرانیدا بە جێگری فەرماندەری هێز شەهید سمکۆ دیاری کرا. پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ ڕۆژ لەگەڵڕۆژ لێوەشاوەییو کارامەیی زیاتری لە

خۆی نیشان دەدا. لە هەر مەئموریەتێک حیزب پێی سپاربایە بە رێکوپێکی بەرێوەی دەبردو سەرو گیانی ئامادەی خزمەت بە نەتەوەکەی بوو، هەر بۆیە لە لایەن حیزبەوە وەک فەرماندەری هێز رەوانەی ناوچەی هەوشار کرا. ئەو ناوچەیەش مەیدانێکی دیکەی تاقیکردنەوەو ئەزموون بۆ محەممەد پیرۆتی قارەمان بوو لەو ناوچەیەش توانی درێژە بە خزمەتی خۆی بداو ئەوەی لە توانای دابوو بۆ پتەوکردنی ریزەکانی حیزبو خەڵک بەو پەری تواناوە بە جێگەیاند. لەو ماوەیەدا کە لە ناوچەی هەوشار مایەوە، بوو بە خۆشەویستی خەڵکو چەندین عەمەلیاتی دیکەی لە ناوچەی هەوشاریش بەرێوە برد. پاش ساڵێک مانەوە لەو ناوچەیە لەلایەن رێبەری حیزبەوە بۆ مەئمووریەت رەوانەی شومالی کوردستان کراو بەو پەڕی عەلاقەوە ئەو ئەرکە پیرۆزەشی بەرێوە برد. دوای تەواو کردنی مەئمووریەت لە شومالی کوردستان، محەممەد پیرۆتی قارەمان بە فەرماندەری عەمەلیاتی هێزی ئەفشین دیاری کراو وەک فەرماندەرێکی لێزانو شارەزا بە گەڵالەو نەخشەی عەمەلیاتی لەو هێزە دژی داگیرکەراندا بەشداری کرد، قارەمانەکانی هێزی ئەفشین لە ژێر رێنوینی فەرماندەری راستەوخۆی محەممەددا توانیان چەندین عەمەلیاتی بەرچاو قارەمانانە بەرێوە بەرن. محەممەد بەو ئەندازەیە کە لەگەل دوژمنانی کوردستان توندو تیژ بوو بەم رادەیەش لەگەل خەڵکو هاوسەنگەرانی نەرمو لەسەر خۆ بوو. هەمیشە هەوڵی دەدا لە چواچێوەیەکی دۆستانەو پر لە باوەرو متمانە بە یەکتردا کارەکان بەرێوە بەرن. لە کاتی پشووداندا ئەوە قسەی خۆشو گاڵتەو جەفەنگی محەممەد بوو کە کۆڕی هاوسەنگەرانی گەرم دەکردو خەمی لە دڵان دەرواندو شادیو پێکەنینی دەخستە سەر لێوان.

محەممەد پیرۆت پێشمەرگەی زەحمەتکێشو بەوەجی حیزب، عەلاقەیەکی زۆری بە هێزی شەهید سمکۆ هەبوو هەر لە سەرەتادا لە گەل هەموو پێشمەرگەکانو خەڵکی ناوچە بە تەواوی راهاتبوو. لە لای ئەوان بە تەواوی هەستی بە ئارامشی دڵو دەروون دەکرد. ئەوانیش زۆریان موحیبەت پێدەکردو خۆشیان دەویست، بۆیە یەکێک لە ئاواتەکانی محەممەد پیرۆت ئەوە بوو بگەرێتەوە هێزی شەهید سمکۆو، لەوێ درێژە بە خزمەتی بدا. لەسەر داوای ناوەندی سپی سەنگو بریاری دەفتەری سیاسی لە ساڵی ١٣٦٣دا محەممەد گەرایەوە هێزی شەهید سمکۆو، بوو بە فەرماندەری عەمەلیاتی ئەو هێزە.

محەممەد توانی هەموو شاخو دۆڵو پێدەشتەکانی ئەم ناوچەیە لە دوژمن بکاتە گۆرستان. بە وزەو توانایەکانی کەم وێنەیەوە لەگەل پێشمەرگەکانی هێزی شەهید سمکۆ شارو گوندو سەر رێگاو بن بەردو دارەکانی ئەم مەڵبەندەی لە دوژمن کردە جەهەنەم. بە هەر شوێنێک دوژمن جموجۆلی کردبایە ئەوە گەڵالەی رێکوپێکو دەستو بردی قارەمانانەی محەممەد پیرۆتو پەلاماری شۆرشگێرانەی هاوسەنگەرانی بوو کە هەموو نەقشەو پیلانەکانی دوژمنی پووچەڵ دەکردەوە. عەمەلیاتەکانی پەیتا پەیتای پێشمەرگەکانی هێزی شەهید سمکۆ بە فەرماندەری محەممەد پیرۆتی شۆرشگێر زراوی دوژمنی بردبوو بە چەشنێک کە دوژمن ئارامو قەراری لێ

هەڵگیرابوو، تەنانەت لە ناوی محەممەد زەندەقی چوبوو دەترسا. کێ‌ها شوێنی دوژمن حاستەم بوو ئەو شێرەکورەی دێموکڕات کەمینی لێ دادەنایەوەو ئاوری لە بنکەو بارەگای دوژمنی جەنایتکار بەردەدا. بەڵام دەرەتانی پێ نەدرا هەتا ئەو خۆشەویستەی زەحمەتکێشانی ناوچەی شنۆ پتر بژی.

شەوی٢٠ی بەفرانباری ساڵی١٣٦٣ی هەتاوی محەممەد پیرۆتو هاوسەنگەرانی بەرەو گوندی سێ‌کانیانی ناوچەی دەشتەبیڵ دەچوون. لە سەعاتی ٩ی شەو لەقەراخ ئەم ئاواییە کەوتە نێو داوی جاشە نیشتمان فرۆشەکان، رۆڵەکانی دێموکڕات ئازایانە سەنگەریان لە دوژمن گرتو بەرپرچیان دایەوە ژمارەیەکیان لێ‌کوژرانو بریندار بوون، بە داخەوە فەرماندەی قارەمانو ئازا، محەممەد پیروت لە گەڵ 3 هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی هەمزە هەمزەزادە، عەبدولڕەحمان حوسێن‌پەریو لەتیف شەهید بوونو خوێنیان رژایە نێو سەنگەری شەرەفو ئازادیو لەکوردستانو ئامانجە پیرۆزەکانی ماڵئاواییان کرد.

---




**مەحموود رەحمەت‌پوور**

چاوخشاندنێکی ورد بە لاپەڕەکانی مێژووی دەیان ساڵەی بێ پسانەوەی خەباتی ئاشکراو نەهێنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بە رابردووی پڕ لەشانازی رۆڵە تێکۆشەرەکانیدا بچینەوە بە روونی بۆمان دەر دەکەوێ رۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە چەندە ئەرکی قورسیان وەخۆگرتووە دڵسۆزەکانی ئەو نەتەوە خۆڕاگرە، بۆ گەیشتن بە ئامانجی بەرزی شەهیدان، چۆن دەستیان لە ژیانی ئاسایی خۆیان هەڵگرتووە تەنانەت گەورەترین سەرمایەی ژیانیان واتە گیانی خۆشیان داناوە. ئەوانەی ئەو رێگا پیرۆزەیان هەڵبژاردووە لەو رێگا پیرۆزەشدا بە هەزاران

رۆڵەی فیداکارو ماندوو نەناسو دڵ پڕلە ئاوات، بەخوێنی گەشیی خۆیان مێژووی خەباتیان نووسیوەتەوەو سەری بەرزیان کردۆتە پردەبازی سەرکەوتنو جێگای هەمیشەییان لە نێو دڵی نەتەوەکەیاندا بۆخۆیان تەرخان کردوە.

لە یادی فەرماندەرانی شەهید پێشمەرگەی تێکۆشەرو ئازا، فەرماندەری کۆڵنەدەر، رۆڵەی دڵپاک کە بۆ نەتەوەکەی ژیاو لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجی بەرزی شەهیداندا خۆی فیدا کرد شەهید مەحموود رەحمەت پوور لە ناوچەی شنۆ باس دەکەین.

محمود رحمەتپوور لە یەکەم رۆژی پاییزی ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی لە نەڵۆس سەر بە شاری شنۆ لە بنەماڵەیەکی جووتیار چاوە گەشەکانی کردەوەو بزەی خستە سەر لێوی بنەماڵەکەی. خوێندنی سەرەتایی هەر لە نەڵۆس تەواو کردو بۆ درێژەدانی خوێندن رەوانەی شاری شنۆ کراو زۆر بە عەلاقەوە دەرسی خوێندو بڕوانامەی دیپلۆمی لە شاری شنۆ وەرگرتوە. پاش وەرگرتنی دیپلۆم رەوانەی سەربازی لە شاری ورمێ دەکرێ. لە دەورانی سەربازیدا پێوندی بە حیزبەوە دەگرێ، بەڵام رێژیمی پاشایەتی هەست بە پێوەندی ناوبراو دەکاو چەند جارێک لە لایەن رێژیمەوە لێکۆڵینەوەی لێدەکرێ. پاش تەواو کردنی سەربازی لە گوندی "نەڵێوان" وەک مامۆستای قوتابخانە خزمەتی منداڵانی دەڤەری شنۆی دەکرد.

مەحموود لە باری کۆمەڵایەتییەوە کەسێکی خەڵکیو خاکیو خۆشناو بوو.

ئەو عەلاقەیەکی تایبەتی بە وەرزش بوو لە وەرزشی زۆرانبازی توانایەکی باشی هەبوو.

لە ساڵی ١٣٥٧ لە خۆپێشاندانەکانی دژی رێژیمی پاشایەتی بەشداری چالاکانەی کردو لاوانی بۆ دژی رێژیمی گەندەڵی پاشایەتی هان دەدا، پاش سەرکەوتنی شۆڕشو تێکۆشانی ئاشکرای حیزب مەحموود رەحمەتپوور بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لەبەر کردوو لەو رۆژەوە لاپەڕەیەکی نوێ لە ژیانی دەست پێکردو ئامادە بوو بۆ وەدیهینانی ئامانجی نەتەوەکەی هەموو نەرخێک بە هەرزان بزانێ.

لە دەورانی پێشمەرگایەتیدا لە بەشە جوراوجورەکانی حیزبدا کاری کردوە لەگەڵ ئەوەیدا پێشمەرگەیەکی ئازاو چاو نەترسو زەبر وەشێن بوو، بڕوایەکی قوڵیشی بە تەشکیلات بوو، بەهۆی لێهاتووییو کارزانی بەرپرسایەتی جۆراوجۆری وەئەستۆ گرت لە زۆر بواردا تێکۆشا، لە کاری ماڵی، سیاسی، تەشکیلاتیو نیزامییدا رۆڵی باشی گێڕاوە. کوڕێکی خەڵکیو خاکیو ئازاو بە وڕە بووە، لە تەمەنی پێشمەرگایەتیدا لەناو خەڵکی ناوچەی شنۆدا جێگەو پێگەیەکی دیاری هەبوو، هەر بەو هۆیەوە لە زۆربەی هەر زۆری ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانەی کە لە نێوان خەڵکی ناوچەدا دروست دەبوو بۆی چارەسەر دەکردن.

ناوبراو بەرپرسیارەتی جۆراوجۆری هەبوە مەسئولی رێکخراوی نەلۆس، ئەندامی کۆمیتە شارستانو هەیئەتی ئیجرایی، مەسئولی ماڵی، سەرئەنجام جێگری فەرماندەری هێزی سمکۆو سەرپەرستی هێز. لەباری سیاسیەوە

دەتوانین پەنجە بۆ ئەو وتـارانە رابکێشێن کە لە شـنۆو گونـدەکای دەوروبەری لە سـەر سیاسـتە کـانی حیـزب بە مەبەسـتی بـردنە نـاو خەڵـک بـۆ پەیوەست بـوون بە ریزەکـانی حیـزب قسـەی بـۆ خەڵـک کردوە، بـۆ نمـوونە دەتوانین باس لە وتـارەکانی لە مزگەوتی بـازاری شنۆ، گۆنـدی دێشـمس، نەلـۆس، لە سـەر گۆرسـتانی شـەهیدانی حیزب لە شنۆو نەلۆس بکەین.

مەحموود پێوەندیەکی بەرچاوی لە گەڵ دوکتۆرەکـانی بـێ سنوور بـووە، دوکتـور "فردریـک تیسـوی فرانسـە"وی شارەزاێکی باشی لە سەر کەسایتی سیاسیو نیزامییو کـومەڵایەتی مەحموود هەیە کە ئەو کـات وەک پرسـتارێکی دەرمانی لە نـاوچەی شنۆ بوە.

ئەو چەندە بە موسئولییەتەوە کاری کردوە بە تـایبەتی ئەو کاتەی کە ئینتشاراتی حیزب لە گوندی سینگانی شنۆ بووە دوو هێندەش بە غەمی ئەوە بوو کە ئەو ئازوقەیی گەیشتبوو دەستی بێگەیەنێتە دەسـتی پێشـمەرگەکان کە لە میدانی شەڕ دابوون.

مەحمـوود جیـا لەوە کە دەبـا وەک سەرپەرسـتی هێـز مودیرییەتی شـەڕەکان وەک ئیـدارەکردنو دابین کردنـی کەلو پەلی پێویست و بەررەسی کردنی دۆخی شەڕەکانی کردبـا، بـاوەری وابـوو کە بـۆ خۆشی دەبـێ لە پێشـەوەی شەرەکان دابێ هەر بۆیە لەزۆربەی شەڕەکان سـەنگەرەکانی پێشـەوەی دەگـرت. هاورێکـانی دەڵـێن "ئەگەر بە هەر هۆکارێک بۆی نەکرابا راستەوخۆ لە میدانی شەڕ دابـێ بە سـواری جیپ کە تـۆپێکی ١٠٦ میلیمی لە سـەر بـوو دەچـوو سەر گردی سولتان مستەفا لە شـنۆو تـۆپێکی بە دوژمنەوە دەنـا لە شـاخی رەنـدۆڵە کە دەوری شـنۆیان دابوو، دەیکوت با بە تۆپێک بیان هاروژێنم وخەویان لێ حەرام بکەم".

نـاوبراو زۆر شـەڕی ئازایـانەی بەرێـوە بـردوە شـەڕەکانی نەغەدەو حەسـەنـنووران، شـنۆو، گونـدی ئاڵیـاوێ، پوشـاوێو کێلەشـینو چەنـدین شـەڕی دیـکە نمـوونەیەکی ئـازایەتیو فیـداکاری مەحمـوود بـووە. کـۆڵنەدەر، ماندونەناس، خۆڕاگر، فیداکار، ئازا، بە ورەو فەرماندەهی رێکوپێک لە تـایبەتمەنـدیەکانی مەحمـوود رەحمەت پوور بوون.

نـاوبراو لەو پۆستەشـدا وەک فەرمانـدەرێکی کـارامە، خـاراو، خـاوەن ئەزمـوونو بە توانـا ئەرکـی پـێ ئەسپێردراوی جێبەجێ دەکرد. لە ماوەی فەرماندەریی مەحموود لە نـاوچەکانی شنۆ زۆر عەمەلیاتی گەورە لە دژی هێزەکانی دوژمن ئەنجام دراو زۆر زەبری کاریگەر لە پەیکەری کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامی کەوت، کە بە حەق خەڵکی کوردستان شانازییان پێوە دەکرد.

مەحمـوود کەسـایەتیەکی لەسـەرەخۆ، خۆشـناو، خۆشـڕوو، خـاکی، خەڵکـیو خۆشەویسـتی هاوسـەنگەرانیو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە تـایبەت ناوچەکانی شنۆ، پیرانشـار بـوو. ئـاواتی سەرکەوتنی گەلەکەیو حیزبە

خوشەویستەکەی بوو. بەڵام بەداخەوە کەم ژیاو بە ئاوات نەگەیشت لە ڕۆژی ٢١ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٦٠ لە شەڕێکی قارەمانانەدا گیانی خۆی پێشکەش بە بارەگای ئازادی کرد.

---




**مستەفا خاتمی ناسراو بە (مستەفا جەوان)**

گەلی قارەمانیو تێکۆشەری کورد بە درێژایی مێژوو بۆ ڕزگاری لە ژێردەستیو چەوسانەوە بەربەرەکانی کردوە. ڕۆڵە بەشەرەفەکانی گەلی کورد لە هیچ چەشنە فیداکاریەکو گیانبازییەک دریغیان نەکردوە. چیاو پێدەشتەکانی نیشتمانی ئێمە کوردستانی قارەمان بەخوێنی شەهیدە سەربەرزەکانی ڕەنگین بووە. دارو دەوەنی ئەم نیشتمانە بە خوێنی گیانبازانو فیداکارانی ڕێگەی ڕزگارییو سەربەرزی پاراو کراوە. کاراونی لەپسان نەهاتووی شەهیدان بێ پسانەوە ڕۆژ بەرۆژ لە ڕێگادا بووەو هەروا درێژەی هەیە.

ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی گەلی کورد بە بەخشینی گیانی پاکیان، بوونو مەوجوودییەتی گەلەکەیان سەلماندوە، یەکێک لەو تێکۆشەرە هەڵکەوتوانەی نەتەوەکەمان کە گیانی پاکی خۆی لە ڕێگای دێموکڕاسی ئازادیدا داناو لاپەڕەیەکی زێڕینی دیکەی لە فیداکاریو قارەمانەتی پێشمەرگە خەباتکارەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان زیاد کرد. فەرماندەی قارەمان شەهید مستەفا خاتمی ناسراو بە مستەفا جەوان یاد دەکەینەوە.

مستەفا جەوان ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە گوندی "ئاڵیاوێ"ی شێخان سەر بە ناوچەی نەغەدە لەدایک بوو. چاو کردنەوەی مستەفا خوشحاڵی خستە ناو بنەماڵەوە. بەرە بەرە لە ئامێزی گەرمی دایکی دڵسۆزیو سێبەری باوکی خۆشەویستیدا گەورە بوو. لە تەمەنی ٧ ساڵی ڕەوانەی قوتابخانە کراو

تا پۆلی ٥ی سەرەتایی دەرسی خوێندو هاوینانیش یارمەتی باوکی دەدا. هەر چەند زۆر منداڵ بوو بەڵام شانی دایە بەر کارو کاسبی بۆ ئەوەی ژیانی بنەماڵەکەی کەمێک بەرەو باشتر بڕوا، پاشان ماڵیان بەرەو گوندی دێشەمس لە ناوچەی نەڵۆسی شنۆ گوێزرایەوەو چەند ساڵ لەوێ مانەوە دواتر روویان لە گوندی قەڵاتان لە ناوچەی نەغەدە کرد.

مستەفا جەوان بەرەبەرە هەڵیداو بە تەواوی دەورووبەری خۆی ناسیو هەستی بە بەشخوراویو چەوسانەوە کردبوو دەیزانی کە چۆن کۆنەپەرستان زۆڵمو زۆریان لە گەلی چەوساوەو ژێر دەستی کورد کردوە هەر بۆیەش رووی لە کوردستانی عێراق کردو، ماوەی ١٠ ساڵ لە باشوری کوردستان پێشمەرگایەتی کردو زۆر ئازایەتیو قارەمانەتی لەخۆی نیشان داو لەهەمان کاتیشدا پێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانی بەدڵو گیان بەرێوە دەبردو ئەندامێکی دڵسۆزی حیزبی دێموکڕات بوو، هەمیشە هەوڵی دەدا زیاتر فێر بێو پلەی زانیاری خۆی بەرێتە سەر، لەماوی ئەم ١٠ ساڵەدا دەرسی کوردی خوێند بوو زۆر شت فێر بوو.

ساڵی ١٣٥٤ گەڕایەوە کوردستانی ئێرانو، رێژیمی پاشایەتی مستەفا جەوانی بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکڕات ماوەی یەک ساڵ لە چاڵەڕەشەکانی حکومەتی پاشایەتی زیندانی کردو ئازارو ئەزییەت کرا، بەڵام مستەفای قارەمان بە چۆک دانەهاتو وەرەی بەرزی کز نەبوو، بەڵکوو چالاکانەتر کاری حیزبی دەکرد. پاشان کە ئازاد کرا تا ساڵی ١٣٥٧ لەکورەخانە دەستی بە کرێکاری کرد. بە دەست پێکردنی خۆپێشاندان دژی رێژیمی پاشایەتی مستەفا شانی وەبەردا، زۆر لەمێژ بوو بە ئاواتی رۆژێکی ئاوا بوو هەر بۆیەش بەشداری چالاکانەی کردو خەڵکی بە دژی رێژیمی پاشایەتی هان دەدا.

پاش شۆڕشی پڕشکۆی گەلانی ئێرانو رووخانی رێژیمی پاشایەتیو هاتنە سەرکاری رێژیمی ئیسلامی، کە دەستیان بەسەر دەسکەوتەکانی خەڵکی ئێراندا گرت، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان خەباتی ئاشکرای خۆی لە سەرتاسەری کوردستان راگەیاند، بەڵام زۆری نەکێشا کە ئاخوندەکان جیهادیان دژی خەڵکی کوردستان راگەیاندو هێرشی بەربڵاویان هێنایە سەر خەڵکی کوردستانو دەستیان بە کوشتنی خەڵکو چەندین گوندیان ئاگر تێ بەرداو خەڵکیان قەڵاچۆ کرد. مستەفا جەوان دەستی دایە چەک بۆ دیفاع لەخاکو نیشتمانو لە هێزی شەهید سمکۆی ئەوکاتدا سازمان درا. بە ئاکارو کردەوەی جوان زۆر زوو هەستی خۆشەویستی هاوڕێیانی بۆ لای خۆی راکێشاو ئەو پەڕی ئازایەتیو لەخۆبووردوویی لە خۆی نیشاندا. بە هۆی ئەو تایبەتمەندیانەی تێیدا بوو بە فەرماندەری لکێک لە پێشمەرگەکانی هێزی شەهید سمکۆ دیاری کرا.

مستەفا جەوان لە شەڕی داسەپاوی نەغەدە ئەوپەڕی ئازایەتیو قارەمانەتی لە خۆی نیشاندا. لە ژێر فەرماندەی مستەفای تێکۆشەرو قارەماندا، پێشمەرگەکانی ئەو لکە زۆر زەبری گورچکبڕیان لە هێزی دوژمن داو

چەندین عەمەلیاتیان لەدژی داکیرکەرانو پەلاماردەران بەرێوە بردو لە زۆر شەڕی گەورەو بچووکی ساڵی ١٣٥٨دا بەشداری چالاکانەی کرد.

مستەفا بۆ بەرێوەبردنی عەمەلیات لە دژی خوێنمژانی کۆماری ئیسلامی ئێوارێی رۆژی ١٢ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨ لە نزیک پاسگای دووئاوان هەڵکەوتوو لە سەر رێگای نەغەدە بۆ پیرانشار وێڕای پێشمەرگەکانی لکەکەی کەمینیان دانایەوە لە ئاکامدا چەند ماشێن پڕ لە چەکداری رێژیم کەوتنە کەمینی رۆڵەکانی دێموکڕاتەوەو ژمارەیەکی بەرچاویان لێکوژراو بریندار بوونو چەکو چۆڵێکی بەرچاویش بە دەسکەوت گیرا. لەو شەڕەدا بە داخەوە مستەفا جەوان شۆڕشگێڕو فەرماندەری لک لە گەڵ هاوسەنگەرێکی بەناوی رەحمان موکایلی شەهید کرانو خوێنیان تێکەڵ بە خوێنی شەهیدانی لەپسان نەهاتووی سوور خەڵاتی نەتەوەکەیان بوو.

---




**مەلا سمایل کوردنژاد**

لەو کوردستانە پانو بەرینەدا زۆر بنەماڵەی فیداکار بەرچاو دەکەون کە لەهەموو تەمەنیان ساتێک خۆشیان نەدی، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتداری بە سەر وڵاتەکەماندا، چونکی نەتەوەتەکەمان لە رۆژی یەکەمەوە بە ناخۆشیو دوور لە خۆشییەکانی ژیان فرچکی گرتوو زۆردارانی دەسەڵاتدار هەر لە رۆژەکانی یەکەمەوە نەیان هێشتوە سەری بەرزکاتەوە کەوابوو زۆر ئازایانە بە درێژایی مێژوو بەربەرەکانی لەگەڵ ملهوڕانو زۆرداران کردوە. چونکی تا ناعەداڵەتی لە نێو کۆمەڵگادا هەبێ خەبات بۆ بەختەوەری ژیانو سەربەستی مرۆڤەکان درێژەی هەیە. مەلاسمایل کوردنژاد یەکێک لەو قارەمانانەیە کە بەردەوام دژی زۆرداری وەستاوەتەوە.

تـازە دەرەبەگـايەتی بـارگەو بـنەی پێچـابۆوە کە لە ئـاوايی "زمـێ" لە نـاوچەی شـنۆ سـمايل چـاوی بە دنيـا هەڵێنـاو، پاشـان بە ڕەوڕەوەی دار بەڵالووکەکـانی شنۆی دڵسـۆز پێـی هەڵگـرتو ڕەوانەی قوتـابخـانە کـرا. لەو هەلومەرجەی ئەوکاتـدا تـوانی تـا پـۆلی ٦ی سـەرەتايی بخـوێنێو پاشـان ڕەوانەی قوتابخـانەی ئـايينی کـرا. هەلومەرجی ژيان وای کرد کە مەلاسمايل کوردنژاد ڕوو لە کـاری وەرزێـڕی بکـا. بەڵام وەک بەژان لە دايـک بـوو بەژانـيش گەورە بـوو، تـامی تـاڵی ژيـانی نـاخۆش لە دەرگـای دەسـەلاتدارانەوە دەردەکەوت. بـۆيە ژانـدارمەکان بەربينگيـان پێگـرتنو بە ناچـاری وێـڕای خـانەوادە ڕوويـان لە کوردسـتانی باشـوورِ کـرد. تـا نسکۆی شۆڕشـی کوردسـتانی عێـراق لە سـاڵی ١٣٥٤ گەڕانەوە گونـدی زمـێو خەريکـی ژيـانی خۆيـان بـوون. ئەو مـاوەيە وەک بنەماڵەيەکی ناسراو خۆشەويستی خەڵکی ناوچە بوون.

ساڵی ١٣٥٧ی هەتـاوی کە سەرەتـای دەست پێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێـران لەدژی ڕێژيمی گەنـدەڵو بێـزراوی پاشايەتی بوو ئەويش وێڕای خۆپێشاندەران بێزاری خۆی لە ڕێژيمی حەمەرەزا شای پەهلەوی دەربڕی. دوای ئەوە کە شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوتو هێزە سياسی‌يەکان تێکۆشانی ئاشکرای خۆيان دەست پێکرد. ملا سمايل بە گوێرەی ناسياوييەک کە لەسـەر حيزبـی دێموکڕات هەيبوو وەک کـوڕە کوردێکی بـە هەستو نيشتمانپەروەر ئەو حيزبەی وەک وەديهێنەری ئامانجەکانی خەڵکی کوردستانی پەسەند کردو، بـوو بە پێشمەرگەی وەفاداری حيزبـی دێموکڕاتی کوردستانو، لە ٢١ی خـاکەلێوەی سـاڵی ١٣٥٩ی هەتـاوی بە بيستنی هەواڵـی شەهيد بـوونی بـراکەی محەممەدی عەلی پيرێژنێ، سمايلی برای چەکی پڕ لەشانازی برا شەهيدەکەی لە شان کردو وەک پێشمەرگەيەکی فيـداکار ڕێگـای محەمـمەدی بـرای گـرتە بەر. ئەو زۆر زوو بـوو بە خۆشەويسـتی هەڤاڵەکـانی لە هێـزی شـەهيد سمکۆی ئەوکاتو، قـايم وەک قەڵايەکی پۆڵايين لە سـەنگەری خەبـاتو تێکۆشـاندا دژی داگيرکەرانی کوردسـتان خەبــاتی دەکـرد. لە مـاوەيەکی کـورتدا تـوانی پلەکـانی نيزاميـی ببـڕێو وەک سـەرپەڵو سەردەسـتەو پاشـان فەرماندەری لکی محەممەد عەلی پيرێژنێ پێ سپێردرا.

ملاسمايل دوای کۆنگرەی ٤ی حيزب بە هۆی هێنديک کەسی نەفسنەزم کە پشتيان لە جووڵانەوە کـردو نـاوی خۆيان نا تاقمی ٧کەسی، ئەويش چوە ئێرانو بەڵام هەستی نەتەوايەتـی وای لێکـرد کە نەتـوانێ دەست لەسـەر دەست دانێو بۆيە پێوەندی تەشکيلاتی بە حيزبەوە گرت. ناوبرا لە ناو شاری شنۆ هەرچی حيـزب پێـی دەسپارد زۆر ئازايانە بەڕێوەی دەبرد. تازە ٣ مانگ بوو شاری شنۆی دڵسۆز لە لايەن داگيرکەرانەوە داگير کرابوو کە ئەو لە زستانی ساڵی ١٣٦٠ هاتەوە دەرو، لەهێزی ئاگری چەکی قارەمانانی ئەو مەڵبەنـدەی لە حيزبـی دێموکڕاتدا کردەوە شان.

ملاسـمايل زۆر زوو تـوانی جـارێکی ديـکە ئـازايەتی خـۆی نيشـان داتەوەو ڕوحێکـی تـازە لەو نـاوچەيە بە هاوسەنگەرانی ببەخشی. بۆيە بە هۆی لەخۆبووردوويی وەک فەرماندەری لک دياری کرا. لەو مەسئووليیەتەدا زۆر


زەبری قورسو بەژانی لە هێزی کۆماری ئیسلامی داو، بوو بە فەرماندەیەک کە ئێستاش داستانەکانی پشتاوپشت بۆ یەکتری دەگێڕنەوە.

ملاسمایل قارەمانیک بوو وەک محەممەدی برای، هیچ هێزیکی دوژمن خۆی لە بەر نەدەگرت، ناوچەی شنۆو نەغەدەی لە دوژمن کردبوە گوڕستانێک، بە تایبەتی لە شەڕەکانی ناوچەی نەغەدەو قەلاتانو نێو شاری شنۆ ئازایەتی بوو بەوێردی سەر زمانان. زۆر شەڕی قارەمانانەی دیکە فەرماندەهی کرد لە دزەو برازان، لە دۆبرەو کەلورِ وەک لاپەڕەیەکی پرشەنگدار لە ئاسمانی خەباتی پێشمەرگەکانی ئەو مەڵبەندە دەدرۆشێتەوە. ئەو قارەمانە نەبەزەی کورد گەلاڵە دارِێژێکی کارامەی نیزامیی بوو، رۆڵەیەکی هەڵکەوتوو، فەرماندەیەکی بەوەجو لێوەشاوەی ناوچەی ورمێ بوو. دەستوبردی، کۆڵنەدانی، ورەی بەرزی، بە تەواوی مەلاسمایلی کردبووە خۆشەویستی خەڵکو هاوسەنگەرانی. ناوبراو ببووە بە فەرماندەیەکی ئازاو بوێر، بە جەرگ کە خۆی تەنیا هێزێکو لە هێزدا ورە بەخشو لە شەڕدا یەک پارچە ئاگرو قارەمان بوو.

رۆژی ٢ی رەزبەری ساڵی١٣٦٣ لە شوێنێک بە ناوی دەشتەکان وێڕای ٥ هاوسەنگەری دیکەی سەر بە کۆمیتەی شارستانی ورمێ دەمێننەوە، کە لە لایەن هێزیکی زۆری رێژیم پەلامار دەدرێن، ئەوان وەک هەمیشە کە لە سەنگەری خۆڕاگریدا بار هاتبوون بەرپرچی دوژمنیان داوەو ئامادە نەبوون سەر بۆ دوژمن نەوی بکەن بەڵکوو تا دوا فیشەکو دڵۆپی خوێن مقاومەتیان کردو بە داخەوە پاش ٥ سەعات بەربەرەکانی وێڕای ٥ هاوسەنگەری گیانیان پێشکەش بۆ ئازادی نەتەوە زوڵم لێکراوکەیان کرد.

---

# هێزی ئاگری




## خورشید پولادی

لاپەڕە زێڕینەکانی خەباتی حەقخوازانەی نەتەوە زۆرلێکراوەکەمان هەروا دێتو زیاتر دەبێ، ئەگەر چاوێک بە رابردوودا بخشێنین، بە دەیانو سەدان بیرەوەری تاڵو شیرینمان دێتەوە یاد. لەگەڵ هەڵکێشانی هەر ئاخو حەسرەتێک، ئەزموونی پێویستیان لێ وەردەگیرێو، دەبنە هۆی دڵگەرمی زیاتر بۆ بڕینی رێگای پڕ لەکەندو لەندەکانی لووتکەی سەرکەوتن. بەڵام بێگومان تاڵترین بیرەوەری لە مێژووی خەباتی ئەو نەتەوە ماف لێ زەوت کراوە، بیرخەرەوەی ژیانی رۆڵەکانییەتی کە بۆ رزگاری خەڵک گیانیان پێشکەش بە ئازادی کرد.

لاوەکانی نەتەوەی ئێمە لاپەڕەکانی مێژوویان بە خوێنی خۆیان نووسیوەتەوەو دەنگی ئازادیخوازانەی کوردیان بە دنیا گەیاندو نەیانهیشت بۆ ساتێک دەنگی ئازادی کپ بێو بەردەوام بۆ ئازادی لە بەرەنگاریو گیان فیدایی‌دا بوون. بۆ وەدیهێنانی مافو ئازادی نەتەوەکەیان هیچکات لە خەبات نەوەستاون. ئەو خەباتە هەمیشە لە گەشە کردن‌دا بووەو ئاڵای خەباتیان هەر شکاوە راگرتوە. با هەنگاوێک بەرزتر بڕۆین لە شومالی کوردستان پشوویەک بدەینو بگەڕێینەوە بۆ زیاتر ٣ دەیە بەر لە ئێستاو بزانین لەو دەڤەرە تەژی لە فەرماندەی قارەمانە، کە بە گیانو ماڵەوە خۆیان بۆ سەربەستی نیشتمانەکەیان تەرخان کرد. لە نێو دەیان خونچە تازە پێگەیشتوو لە نێو باخچەی فەرماندەران‌دا یادێک لە شەهید خورشید پولادی دەکەینەوە.

لاوی خەباتکار، خورشید پولادی لە ساڵی ١٣٣٠ لە گوندی "حەسەناوا"ی سەر بە ناوچەی سۆما لە دایک بوو بەرەبەرە بە شیری پاکی دایکی دڵسۆزی پێڕۆکە بوو وەک زۆر منداڵی دیکەی ئەو دەڤەرە لە مافی خوێندن

بێبەش مایەوە. تازە تەمەنی گەیشتە ٨ ساڵان، لە تافی مێرمنداڵی دابوو کە باوکی کۆچی دوایی کرد. ناوبراو کە گەورەترین منداڵی بنەماڵەکەیان بوو دەبوو سەرپەرستی دوو براو خوشکێکو دایکی بگرێتە ئەستۆ، بۆیە هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ ئەو بارودۆخە راهاتو مووچەو مەزرا بووە هاودەمی ژیانی.

خورشید ناچار بوو زۆر لە جاران زیاتر خۆی ماندوو بکا. بۆ ئەوەی بۆشایی نەبوونی سەرپەرستی بنەماڵەکەی پڕ بکاتەوە. پاش کۆچی باوکی، ماڵیان لەو گوندە پێچاوەو لە ئاوایی " دیزچی سیاوش" گیرسانەوە.

خورشید سەرەڕای کاری قورس لە قۆناغی مێرمنداڵیو لە تەمەنی ١٢ساڵیدا خەمێکی دیکە هەژاندیو دایکی خۆشەویستی لەدەست دا. بەمجۆرە ئەرکی قورستری کەوتە سەرشانیو بۆ پەیدا کردنی پارۆ نانێک ساتێک لە کار ناوەستێ تا بتوانێ ژیانێکی نەمر نەژی تێپەڕ بکەن. ئەو ژیانە ناخۆشە خورشیدی فێری زۆر شتی بە نرخ کرد کە دواتر کەسایەتییەکی چاو کراوەو خەباتکاری پێ بەخشی. ئەزموونی باشی لە ژیان کۆ کردەوە هەر بۆیەش پێی وابوو ئەو ژیانە تاڵەی بە سەر ئەو و نەتەوەکەی دا زاڵە، دەستێکی لە پشتەو ئەویش کە لە رێژیمی پاشایەتیدا دەبینی. تەنانەت ئەوەندە لەو رێژیمە بێزار بوو کە دەمانچەیەکی کڕیو لە مەیدانی تیرهاوێژی ورمێ پێشی بە کۆمەڵێک لە هێزە سەرکوتکەرەکان گرتو پاشان کەوتە بەر تەقەی هێزەکانی ژاندارمریو بە برینداری گرتیانو رەوانەی زیندانیان کرد. لە ماوەی ٣ ساڵ زیندانی بوونیدا بە هیمەتی هێندێک لە هاوبەندییەکانی دەستی دایە فێربوونی خویندنو نوسینو دوای ئازاد بوونیشی لە بەندیخانە بە ئیجباری رێی سەربازی کردنی گرتە بەر.

دوای تەواوبوونی سەربازی بۆ بژێوی ماڵەوە دەستی بەکاری شۆفیری کرد.

خورشید دوای ئەو هەموو لە نەهامەتی دیتنو هەست پێکردنی زوڵمو زۆری رێژیم بە سەر خەڵک و نەتەوەکەیدا بیری لە رێگای بەرەنگاریو هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە کردەوەو هاتە سەر ئەو باوەرەی کە پێویستە بە کردەوە قۆڵ لە بەرەنگاربوونەوەی ئەم رێژیمە هەڵماڵێ.

کاتێک خۆپێشاندانەکانی دژ بە رێژیمی پاشایەتی دەستی پێکرد، خورشید پوولادی بە چاوو گوێی کراوەوە لە خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا بەشداری کردو رۆڵی بەرچاوو سەرەکی لە رێکخستنی خۆپێشاندانەکاندا گێڕا. بەو تێگەیشتووییو شارەزاییەی کە لە سەر خەباتو تێکۆشانی سیاسی نەتەوەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەیبوو بە ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزب بێ سێودوو لێکردن بە هاتنە رێزی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، چەکی پڕلە شانازی بۆ دیفاع لە مانو مەوجوودییەتی نەتەوەکەی کردە شان.

خورشید پولادی لەشەڕی سێ مانگەدا ڕۆڵی گرینگی گێڕاو لە ناو شاری ورمێ بە دژی داگیرکەرانی کۆماری ئیسلامی ئەرکی گرینگی کەوتە سەر شانو بە هۆی زیرەکیو هەست بە مەسئوولییەت کردن بە بەرپرسی دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی ئەو مەڵبەندە دیاری کرا.

خورشیدی پولادی لە ئاست دوژمن وەک پۆڵا وابوو، نەترسو بەورە، بۆ دوژمن توندوتیژ، بۆ هاوسەنگەرانو خەڵکی نیشتمانەکەی دۆستێکی میهرەبانو خزمەتکار بوو.

پاش زنجیرە عەمەلیاتی ناو شاری ورمێ ناوبراو مەسئوولییەتی زیاتری پێ ئەسپێردراو ئازایەتیو چالاکیو لە خۆبووردوویی خورشید بووە هۆی ئەوە کە لە نێو هاوسەنگەرانی وەک نموونەی حیزبییەکی هەڵسووڕو خۆشناو بناسرێ. هەر بە هۆی ئەو تایبەتمەندییانەوە وەک فەرماندەیەکی بە ئەزموونو لەکڵ دەرهاتوو لە مەیدان دابوو. لە هەلومەرجی ئەوکاتدا خورشید پولادی لە گەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکان مەئموورییەتی ناوچەی شمالی کوردستان وەرگرتو گوند بەگوندو ناوچە بە ناوچە، لە ناو خەڵکدا کاری حیزبی دەکردو بۆ ساتێک لە کار نەوەستاو منداڵو گەورەو بچووک خورشید پولادییان وەک قارەمانێکی فیداکارو دڵسۆز دەهاتە بەر چاو.

خورشید ساڵی ١٣٦١ بوو بە فەرماندەری عەمەلیاتی هێزی شەهید سەرگورد عەباسی. ئازایەتیو نەترسیو بە دیسیپلین بوون لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی خورشید بوو. ئەو ناوی پیرۆزی پێشمەرگەی لەو ناوچەیە گەیاندە بەرزترین ئاستی خۆیو لە زۆربەی ناوچەکانی شومالی کوردستاندا عەمەلیاتی سەرکەوتوانەی بەڕێوە بردن، لە شەڕی ورمێدا فەرماندەی لێوەشاوە خورشید پولادی زەبرێکی وەهای لە هێزی دوژمن وەشاند کە تا ئێستا لە بیرو زەینی خەڵکی ناوچەکەدا هەر زیندووە. خورشید لە عەمەلیاتەکانی دشتی مەرگەوەڕ، دەشتەبێڵ، چیای شپیران، دەشتی گونبەد دڵی دوژمنی هێنانە لەرزین. خورشید پولادی هەمووی ئەم سەرکەوتنانەی لە پشتیوانی خەڵکی کوردستان لە هێزی پێشمەرگەدا دەدیت بۆیە زۆر جاران بە هاورێکانی دەگوت" هێزی پێشمەرگە هیچکات شکست ناخوا چونکی پشتیوانی بە هێزی هەیە ئەویش خەڵکە".

خورشید پولادی لە شەڕ دژی دوژمناندا زیاتر لە ٥ جار بریندار بوو هەموو جاری پاش سارێژ بوونەوەی برینەکانی لە رابردوو بە گوڕتر دەهاتەوە مەیدانی خەباتو بە ئیمانیکی پتەوتر بە رەوایی خەباتی خەڵکی کوردستان لە نێو هێزی پێشمەرگەدا دەستی بە تێکۆشان دەکردەوە.

ڕۆژی ٧ی خاکەلێوەی ١٣٦٢ی هەتاوی رێژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی هێرشێکی گەورەی کردە سەر گوندی "کانیەڕەش" لە ناوچەی سۆما، کاتێک کە خورشیدو هاوسەنگەرانی بەم هێرشەی دوژمن دەزانن قۆڵی بەرخۆدان لە بەرەنگار بوونەوەی هێزی دوژمن هەڵدەماڵنو قارەمانانە بە گژ داگیرکەراندا دەچنەوەو تا دواین فیشەک ئازایانە گیان فیدایی دەکەنو لە بەرامبەر تەسلیم بووندا مردنی سەربەرزانەیان هەڵبژارد.

بەداخەوە خورشیدی پوولادی فەرماندەی عەمەلیاتی هێزی سەرگورد عەباسی لە گەڵ ٥ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی کەماڵ فنک ناسراو بە کەماڵ بارزانی، کاکەی دلاوەری، عومەر فولادی، عیسمەت محەممەدیو برایمی حاجیپوور دڵە پڕلە ئاواتەکانیان لە لێدان کەوت کە دوای شەهید بوونی خورشیدی پولادیو ٥ هاوسەنگەرەکەی، رۆڵەکانی دێموکڕات لە ناوچەی شومالی کوردستان بەیادی هاوسەنگەرانی شەهیدیانەوە زەبری گورچکبڕیان لە هێزەکانی دوژمن وەشاند.

---------------------------------------------------------------




## کەڕەم کەڵەشی

شەهید ئەو رۆڵە فیدا کارو گیان لە سەر دەستەیە کە بە نرخترین سەرمایەی ژیانی، واتە گیانی شیرینی بەختی وەدیهێنانی مافی رەوای نەتەوەکەی دەکاو بۆ ئەوەی سەر بەستیو سەربەرزی بۆ بە دیاری بێنی. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە پێوانەی تەمەنی لەو شانازییە مەزنە بێبەش نەبووەو بۆ رزگار بوون لە کۆتو بەندو زنجیری بێدادی، بە درێژایی ژیان، گیانی پاکی باشترین رۆڵەکانی کردۆتە دەزمایەی خەباتو خوڕاگری. روونو ئاشکرایە کە مێژوویی پڕ لەشانازیو پڕ لەسەروەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە کردەوە نیشانی داوە کە لە رابردووی خەباتی دەیان ساڵەی پڕ لە فرمێسکو خوێنو دارماڵ لە حەماسەو خۆڕاگریی خۆیدا پشت ئەستوور بە پشتیوانی هەمە لایەنەی خەڵکی کوردستانو هێزی باسکو دەستو مەچەکی رۆڵە فیداکارەکانی لە بەرانبەر رێژیمە دژ بە کوردە یەک لە دوای یەکەکانی زاڵ بە سەر وڵاتەکەماندا، درێژەی بە خەبات داوەو ماندوویی نەناسانە بەرەو تروپکی رزگاری هەنگاوی ناوەتەوە. لە نێو باخچەی فەرماندەراندا یادێک لە شەهید کەڕەم کەڵەشی دەکەینەوە.

کەرەم کەڵەشی ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە گوندی "کوورەی سەروو" ناوچەی ئەنزەل سەر بە شاری ورمێ چاوی بە دنیای روون کردەوە وەک هەموو منداڵە چاو گەشەکانی ئەو دەڤەرە، لە هەرەتی لاوی رووی لە کارو کوێرەوەری کرد، بوونی کۆسپو هەورازو نشیوێکی زۆر لە ژیانیدا رێگای قوتابخانەی لێ بڕیبوو. کەرەم کەڵەشی هەر لە منداڵیەوە ژیانی پڕ دەردو مەینەتی وەک گشت منداڵە رووتو رەجاڵەکانی کوردستان دەست پێکرد. پێبەپێ گەورەتر دەبوو هەستی زیاتر بە قورسایی ژیانی لە سەر شانی خۆی دەکرد. بۆیە بۆ پەیدا کردنی ژیانێکی باشتر رووی لە شارەکانی دیکەی ئێران کردو ماوەیەکیش دوور لە زێدی خۆی ئەو ژیانە پڕ لەژانە کوێرەوەرییە تێپەڕ کرد. بە هۆی ئەوە ناوچەی ژیانی، لە گەڵ ئازەری زمانەکان جیران بوو بە تەواوی هەستی بە جیاوازی نەتەوەکان دەکرد هەر بۆیە بیری ئازادیو رزگاری لە چنگ ژیانی ناخۆشیو ناعەداڵەتییەکانی نێو کۆمەڵ مێشکی تەنیبوو. کەرەم سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانی بە باشترین دەرفەتی بۆ رزگار بوون لەو ژیانە زانی.

بە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران وەک زۆربەی لە لاوانی بە هەستی ئەم نیشتمانە لە خۆپێشاندانەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران دژی حکومەتی پاشایەتی بەشداری چالاکانەی کرد. بەڵام زۆری نەکێشا کە ویستی گەلانی زۆر لێکراوی ئازادیخواز بە گشتیو گەلی کورد بە تایبەتی لە لایەن حکومەتی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامییەوە پێ شێل کراو بە چەک وڵامی حەقخوازانە خەڵکی کوردستانیان داوە.

کەرەم کەڵەشی نەیتوانی لە ئاستی جنایەتی کۆماری ئیسلامی چاو لێکەر بێ بۆیە لەگەڵ تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات دەستی دایە چەکو وەک رۆڵەیەکی فیداکار بۆ دیفاع لە خاکی نیشتمان لە نێو رێزەکانی حیزبدا سازمان درا.

پاش ماوەیەکی کورت جێگای خۆی لە نێو دڵی خەڵکو هاوسەنگەرانیدا کردەوەو زۆر زوو بوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانیو هەموویان رێزیان دەگرتو رێزی دەگرتن. پێشمەرگەیەکی روح سووکو لە سەرە خۆو بە ئەخلاق بوو. لە نێو خەڵکی ناوچەدا خۆشەویست بوو. ئازایەتی کەرەم لە شەڕە حەماسیەکانی ناوچەی شومالی کوردستان دەرکەوت کە چۆن دوژمن لە ئاستیدا زەبوونە، هەمیشە غورووری کوردایەتی لە نێو دڵی دابوو، بە هۆی تواناىو لەخۆبوردوویی بەرپرسایەتی پێ ئەسپێردرا، زۆر زوو دەریخست کە شیاوی ئەو مەسئوولییەتەیە، ئەو وەک کورێکی دڵسۆزو تێکۆشەرێک لە ناو خەڵکی ناوچەی ئەنزەل کاری لە نێو خەڵکدا دەکرد، کاتێک لە ساڵی ١٣٦١ پێشمەرگە بۆ ماوەیەکی کاتی ناوچەیان چۆل کرد کەرەم لە گەڵ چەند هاورێی لە ناوچەدا مایەوەو سیاسەتی حیزبی لە ناو خەڵکدا تەبلیغ دەکردو نەخشەو پیلانەکانی رێژیمی پووچەڵ دەکردەوەو نیشانیدا کە کادرێکی بە توانای حیزبە. هەر بۆیە رێژیم بە پێی پیلانێک هیرشی کردە سەر ئەو پێشمەرگانە کە لە ناوچەی

ئەنـزەل بـوون، بەڵام بە فەرمانـدەهی کەڕەم کەڵەشـی پێشـیان بە هێرشـکەران گـرتو پاشەکشـەیان پێکـردنو زەبرێکی کاریگەریان لە هێزی کۆماری ئیسلامیدا.

سـاڵی ١٣٦١ کاتێـک پێشمەرگە بەرەو نـاوچەی شومالی کوردسـتان گەڕانەوە کەڕەمو پێشـمەرگەکان زۆر تونـد دژی سەرۆک عەشیرەتو ئەو کەسانەی دژی حیزب بوون راوەستاو بەو کارە ئازایانەیـان لە گەڵ پێشـوازی گەرمی خەڵک رووبەروو بوونەوە، بە دەنگی بەرز هاواریـان دەکرد"بژی حیزبی دێموکڕات، کێ دەڵـێ پێشمەرگە نەمـاوە، ئەوەنێ پێشمەرگەی دێموکڕات، کوردستان دەکاتە گۆرستان بۆ دوژمن".

کەڕەم بە هۆی قارەمانەتیو چاو نەترسی لە سازماندەهی تازە لە هێزی سەرگورد عەباسی ئەوکـات، بـوو بە فەرماندەری دەستەو پاشان وەک فەرماندەری لک دیاری کرا. بە راستی کوڕی دێموکڕات نیشـانیدا بـاوەری قـوڵی بە رێبازەکەیەتی، بە گوڕتر لە جاران لە مەیدانو وەک پارتیزانێکی دێموکڕات لە ناوچەی ئەنزەڵو کەناربەرۆژ رووبەروی دوژمن بۆوە، بە لێهاتوویيو لێوەشاوەیی ئەرکە پیرۆزەکانی بە رێکوپێکی بـەڕێـوە دەبـردو بڕیـارەکـانی حیزبـی جێبـەجێ دەکـرد. چـالاکیو هەڵسـووڕی لـە خـەبات دژی دوژمنـانی ئـازادیدا بـەرچاو بـوو لـە زۆربـەی شەڕەکاندا بەشداری چالاکانەی هەبوو لە عەمەلیاتەکانی سەرجادەی ورمێو کەمینی کارخـانەی قەنـدو چەنـدین عەمەلیاتی دیکە بە فەرماندەهی کەڕەم کەڵەشی بەڕێـوە چـوون، نـاوبراو وەک قـەڵایـەکی پـۆڵاین لـە بەرامبـەر دژی گەلیيەکاندا رادەوەستا. کاتێـک دوژمن هێرشی کـردە سـەر گونـدی کـانیيەڕەش لە شومالی کوردسـتان کە ٦ پێشمەرگەی قـارەمـانی لـێ بـوون شەهید بـوونو پاشـان رێـژیم دەستی کـرد بە قەتڵوعـامی خەڵـک، کەڕەم بەو هەواڵە زۆر ناڕاحەت بوو. هێزی رێژیم پەلاماری گوندی "کوورەیسەروو"ی داو نیازی قەتڵو عامی ئەو گوندەشی بوو بەڵام شێرەکوڕی دێموکڕات کەڕەم کەڵەشی کە لە زێدەکەیدا لەگەڵ هاوسەنگەرانی خەریکی پشـوودان بـوو بڕیاریاندا زەبرێکی کـاریگەر لە پەلاماردەران بـدەن بـۆیە تـامی تـاڵیـان بە هێزی کۆنەپەرستی چێشتو نەیـان هێشت تـاقە هەنگاوێک بێنە نـاو گوندەکەو سەرئەنجام رۆڵە نەبـەزەکانی دێمـوکڕات شـەڕێکی خوێنـاویو سـەنگەر بە سەنگەریان لە گەڵ بەکرێگیراوانی کۆنەپەرستی دەست پێکرد. دوژمن برینێکی قورسی هەڵگرتو زەبرێکـی بـە ژانـی وێکـەوتو پـاش کـوژرانو برینـدار بـوونی ژمارەیـەکی بـەر چـاو لـە هەڵخەڵـەتـاوان، تێـک شکێنراو پاشە کشەیان پێکرا. ئازایەتيو جوامێری، ورەی بەرزو هەڵسووڕی، ئامادەی هـەر چەشـنە فیداکارییـەکو گیانبـازییەک بوو. لە بەڕێوە بردنی ئەرکو مەئمورییەتی حیزبیيەکاندا جیدیو رووسوور بـوو. وەک قـارەمـانێکی بـە ئـەزموون چـاوی لـێ دەکـرا، فەرمانـدەو پێشـمەرگەیەکی بـە نەزمو لەبـەر دڵان بـوو. ئـەو بـڕواو ئیمـانێکی قـووڵی بـە سیاسەتەکانی حیزبو خەباتی رەوای گەلەکەی بوو.

رۆژی ٧ی خەزەڵـوەری سـاڵی ١٣٦٣ی هـەتاوی دوژمنـی کۆنەپەرست بە ژمـارەیەکی زۆر لە جـاشو پاسـدارو بەکرێگیراو هێرشی کردە سەر چیای " شیخبازید" لە نێوان ناوچەکانی ئەنـزەڵو کەنـاربەرۆژو سۆما، قـارەمانـانی

مەڵبەندی شومالی کوردستان دژی داگیرکەران وەستانەوەو بە فەرماندەهی شەهید کەرەم کەلەشی زەبرێکی گورچکبڕیان لە پەلاماردەراندا، بەداخەوە لەو بەربەرەکانییەدا خوێنی تێکۆشەری کورد کەرەم کەلەشی تێکەڵ بە خوێنی دووهاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی تاجەدین بهنام سەردەستەو باپیر مەولودی ئەندامی کۆمیتە شارستان بوون و چیای شێخبازیدیان بە خوێنی خۆیان رەنگین کرد.

---------------------------------------------------------------




## یوسف ئەمینی

مێژووی خەبات و بەربەرەکانی رۆڵەکانی کورد لە دژی هێزی داگیرکەرانی کوردستان لێوان لێوە لە فیداکاریو قوربانیدانو خۆڕاگریو سەربەرزی. بە درێژایی مێژووی نەتەوەکەمان ئەو تێکۆشانو بەربەرەکانییە بەردەوام بووەو، هەر لە درێژەی ئەو خەباتەدا زۆر پیلان لە لایەن دوژمنانەوە بۆ خاشەبڕ کردنی جووڵانەوە لە ئارا دابووە. کە لە لایەن تێکۆشەرانی گەلەوە پووچەڵ کراونەتەوە. دوژمنان بۆ مانەوەی دەسەڵاتی خۆیانو قەلاچۆ کردنی نەتەوەکەمان بە هەموو هێزو توانای خۆیانەوە هاتونەتە گۆڕەپانی ئەو بەربەرەکانیەو، بۆ لە ناوبردنو لاوازکردنو دامرکاندنەوەی ئەو خەباتە بەرحەقەی نەتەوەکەمان لە هیچ کردەوەیەکی نامرڤانە سڵیان نەکردوە. سەرەڕای زەبرو زەنگێکی لەرادە بەدەر رۆڵە بوێرو ئازاکانی گەلەکەمان لە خەباتو بەربەرەکانی دژی زۆرداران هەمیشە بە گوڕو تینەوە بەرگرییان لە مەوجوودییەتی نەتەوەکەیان کردوە.

کۆماری ئیسلامی یەکیک لە درەندەترین رێژیمەکانی سەردەم، بە فەرمانی جیهادی خۆمەینی هێرشێکی بەربڵاوی بۆ سەر خاکی پیرۆزی کوردستان دەست پێکرد. رۆڵەکانی ئەو گەلە لە ئاست کوشتنو قەلاچۆ کردنی

نەتەوەکەیان لە لایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە زۆر ئازایانە وەستانەوەو، پۆل پۆل چەکی دیفاعیان لە وڵات لەشان کردو هەر لەو پێناوەشدا بە هەزاران لاوی خوێنگەرم گیانی خۆیان پێشکەش بە بارەگای ئازادیی کردووە بە رشتنی خوێنی گەشی خۆیان ئاگری ئەو خەباتەیان هەر گەشاوە راگرتووە سەرئەنجام رۆڵی بەرچاویان لە خەباتو تێکۆشان بووە بە بەشیک لە مێژووی گەلەکەمان. یوسف ئەمینی یەکێک لەو قارەمانانە بوو کە بە خوێنی خۆی لاپەرەیەکی زێرینی لەو مێژووە شکۆدارە بۆ خۆی تەرخان کردوە.


یوسف ئەمینی لە ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی لە ئاوایی" قڕنێسە" سەر بە کەناربەرۆژی ورمێ چاوی بە دنیای روون هەڵێنا کاتێک پێی لە تەمەنی ٧ ساڵی نا، رەوانەی قوتابخانە کرا بەڵام خوێندن بۆ ئەو بە هۆی بێدەرەتانی کارێکی دژوار بوو بۆیە تەنیا دوو پۆلی دەرس خوێند. ژیانی سەختو تاقەت پڕووکێن هەستی شۆڕشگێڕانەی لە وجوودیدا خوڵقاندو دواتر ئەو هەستە بوو بە بیروباوەڕی سیاسی. پێبەپێ یوسف امینی کە گەورەتر دەبوو زیاتر هەستی بە نابەرابەری دەکرد بۆیەش دژی ئاغاو دەرەبەگ وەستابۆوەو بە دەستی بەتاڵ بەرپرچی دەدانەوە، لە لایەکی دیکەوە دەسەڵاتی زاڵمانەی پاشایەتیو هەڵاواردنی نەتەوەییو چینایەتی دەیان رۆڵەی مەڵبەندی ورمییەی بە گژ رێژیمی پاشایەتیدا هێنابووە مەیدان. ئەو ژیانە تاڵە تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ درێژەی کێشاو، یوسفیش هەنگاو بە هەنگاو وێڕای کۆمەلانی خەڵک بۆ خاشەبڕ کردنی دواین ئاسەواری رێژیمی پاشایەتی تێدەکۆشا.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران چەکی پڕ لە شانازی حیزبی دێموکراتی هەڵگرتو وەک کوڕە کوردێکی بوێر ئامادەی پارێزگاری لە مانو مەوجوودییەتی نەتەوەکەی بوو. ئیمانی قوڵ بە ریبازەکەی، ورەی بەرزی، تێکۆشانی بێ وچان، یوسفیان کردە خوشەویست لەلای خەڵکو هاوسەنگەرانی. کاتێک کۆنەپەرستانی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو پەلاماری کوردستانیاندا، یوسفی قارەمان لەمەڵبەندی ورمێ وەک هەڵۆیەکی بەرزەفڕ چاوەدێری خاکو نیشتمانی دەکردو دژی رێژیمی کۆماری ئیسلامی وەستاوە. توانای گەلاڵە دارێژیو ئازایەتی یوسفیان بردە پلەی فەرماندەری لکو لەو بەرپرسایەتی رووسوورو سەربەرز هاتە دەر. چەندین عەمەلیاتی قارەمانانەی لە نێو شاری ورمێو ناوچەکانی دەورووبەری بەڕێوە بردو ئەو ناوچەیەی لە دوژمنان کردە گۆڕستانو بە هەر هێرشێک زراوی دوژمنی دەتۆقاندو بە چۆکیان دادێنان. لە مەڵبەندی ورمێ هەمیشە ستوونە تیکشکاوەکانی دوژمن وەک نیشانەی ئازایەتی پێشمەرگە لە سەر جادەکان بەجێ دەما، ئەگەر بە هێزی پیادە نەیدەتوانی شەڕ لەگەڵ پێشمەرگە بکا پەنای بۆ هێزی هەوایی دەبردو لەچەندین شاری دیکەڕا هێزی بۆ کوردستان رەوانە دەکرد، یوسفی قارەمان لە بەرامبەر ئەویشدا رادەوەستا. حەماسەکانی لە گەلی بەندو تەرگەوەڕو مەرگەوەڕ بە چەندین داستانی خۆڕاگری بۆ نەتەوەکەی تۆمار کرد.

یوسف ئەمینی تەنیا فەرماندەیەکی ئازاو شەڕ کەرو قارەمان نەبوو بەڵکوو کادرێکی سیاسیو بە توانای حیزب بوو کە لە ناو کۆمەڵانی خەڵک سیاسەتەکانی حیزبی بڵاو دەکردەوە. تواناکانی ناوبراو بوو بە هۆی ئەوە وەک فەرماندەری هێزی نەحۆ دیاری کرا. هێزی پێشمەرگە بەهاری ساڵی ١٣٦٣ بە فەرماندەهی کوڕی تێکۆشەری دێموکڕات یوسف ئەمینی، مەڵبەندی ورمێیان لە دوژمنان کردە ئاگرو ڕۆژ نەبوو گرمەی ئارپیجیو قریشکەی چەکەکانیان موڵگەکانی دوژمن وێران نەکا. ئازایەتی ئەو، فەرماندەهی لە شەڕەکانی گەلی قاسملوو، باراندێز، گەلی بەند، تەرگەوەڕ، مەرگەوەڕو شاری ورمێ لە نێو کارنامەی فەرماندەرانی حیزبی دێموکڕات شاهیدی بۆ قارەمانی یوسف ئەمینی دەدەن کە چەندە فەرماندەیەکی بە ئەزموونو کادرێکی بە توانای حیزبی دێموکڕات بوو.

ڕۆژی ٩ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی ئاخرین فیداکاری ئەو فەرماندە بە توانایەی کوڕی دێموکڕات بوو، کە لەکاتێکدا لە ناو شاری ورمێ دەگەڕانەوە لە ڕێگا تووشی شەڕێکی گەورە لە "ئاشیبا "گەلی بەندی ورمێ بوون، لەوشەڕەدا زەبرێکی باشیان لە هێزی دوژمندا، بەداخەوە لەو شەڕەدا فەرماندەری هەڵسووڕو بە توانا یوسف ئەمینی گیانی پاکی پیشکەش بە خاکی نیشتمان کرد.

---




**خورشیدی عەلیزادە**

خەڵکی کوردستان بەهای زۆریان بۆ ئاو و خاکو نیشتمان داوە. زۆربەی دۆڵو چیای ئەم کوردستانە بە خوێنی لاوانی ئازاو بوێری کورد نەخشاوە، زۆربەی خاکی ئەم کوردستانە لاوێکی کورد تێیدا سەری ناوەتەوە. کەواتە نەتەوەی کورد بە شانازییەوە دەتوانێ بڵێ بە خوێنی لاوانی داری ئازادیی ئاو داوەو گەورەترین نرخی

بۆ ئازادی بەخشیوە. ئەوە کە ئەم نەتەوەیە توانیویەتی بۆ دەیان ساڵ لە پێناو مافەکانیدا بێ پسانەوە ئاڵای خەباتو تێکۆشان بە شەکاوەیی راگرێ، لەم راستییەوە سەرچاوە دەگرێ.

گەلی کورد تا گەیشتن بە لوتکەی ئازادی لە خەبات راناوەستێ، ئەگەرچی نرخی ئەو ئازادییەش خوێنو ژیانی رۆڵەکانی بێ. ئازادی نرخی گرانەو هەروا بە سانایی وەدەس نایە. ئەو گەلانەی کە ئێستا زنجیری دیلیو کۆیلەتییان پساندووەو بە ئازادیی دەژینو چارەنووسیان لە دەستی خۆیان دایە لە درێژەی خەباتو بەربەرەکانییەکی قارەمانانەو شۆڕشگێڕانەدا توانیویانە بووکی ئازادییو سەربەستی لە ئامێز بگرن. خەباتو بەربەرەکانیش لە بەرامبەر داگیرکەرانو دیکتاتۆراندا، بۆ وەدەستهێنانی ئازادییو مافی چارەی خۆنووسین هەوڵو تێکۆشانو فیداکاری دەوێ. بە خوێندنەوەی مێژووی پڕ لە کێشەو ئاڵۆزیو لەهەمان کاتدا پڕلە فیداکاری ئەو نەتەوانەی کە قۆناغی ژێردەستەییو کۆیلەتییان تێپەڕاندووەو ئێستا لە قۆناغی گەشەکردن دان، روونتر مانای ئەم وتە بەناوبانگەی رێبەری شەهیدمان دوکتور قاسملوومان بۆ دەر دەکەوێ کە" گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدا."

لەرەوتی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کوردیشدا چ جوامێرانێک کە لە گیانی خۆیان بۆئازادیی نەتەوەکەیان مایەیان داناوە. ئەمجارە ریز لە یادو ناوی یەکێک لەو جوامێرانە دەگرین کە تەنیا ٣١ ساڵ ژیاو لەو تەمەنە کورتەدا یادگارییو بیرەوەری گەلێک بە نرخی لە پاش خۆی بە جێهێشتو بۆ هەتاهەتایە یادی لە دڵماندا زیندووە.

خورشید عەلیزادە لەساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی لە گوندی "جێرمێ" سەر بە ناوچەی تەرگەوەڕ لە دایک بوو، قۆناخی منداڵی خورشید وەک منداڵیی هەموو هاوتەمەنەکانی لادێی بە کایەو کاری مووچەو مەزرا تێپەڕ بوو بە هۆی وەزعی نا لەباری ژیان نەیتوانی لاپەڕەکانی کتێب هەڵداتەوەو بە بێسەوادی ماوەیەوە. هەژاریو فەقیری بەر دەرگای ماڵی خورشیدی گرتو بە ناچاری لە تەمەنی لاویدا دەستی دایە کارو ئارەقە رشتن. خورشید لە نێو ئاوایی جێرمێدا خۆشەویست بوو، کوڕێکی هێدیو لەسەرە خۆ بوو یارمەتی خەڵکی دەداو، کوێرەوەریو مەینەت بەشی رووی لە خورشیدی زەحمەتکێش کرد بوو، تەنانەت زستانانیش کاری دەکرد. ئەو لە درێژەی ژیانیدا چەرمەسەریو تاڵیو سوێری ژیانی بە هەموو وجوودییەوە هەست پێ دەکرد، بۆیە خولیای رزگاری لە چنگ فەقیریو هەژاری ببوو بە ئاواتێکی بەرزی.

ناوبراو بەو ئاواتەوە لەخۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران دژی رێژیمی پاشایەتی شان بە شانی خەڵک بەشداری چالاکانەی کرد.

بەڵام زۆری نەکێشا رێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی مافە سەرەتاییەکانی گەلانی ئێران بە گشتیو گەلی کورد بە تایبەتی پێشل کردو پەلاماری خەڵکی کوردستانی دەست پێکرد.

بە دەست پێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب، خورشید عەلیزادە خۆی بە تەشکیلاتی حیزب ناساندو بە لەبەر کردنی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لە ریزی تێکۆشەرانی مەڵبەندی شومالی کوردستان، شێلگیرانەو ئازایانە هاتە مەیدانی خەبات. لە ماوەیەکی کورتدا بە کردەوە سەداقەتو دڵسۆزی خۆی نیشاندا کە رۆڵەی وەفادارو دڵسۆزی حیزبە. لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا زۆر کردەوەی شۆڕشگێڕانەی هەبوو. لە گەڵ دوژمن ئازاو نەترس، لە بەرێوەبردنی ئەرکەکانیدا زۆر بە نەزمو دیسیپلین بوو. هەر مەئموورییەتێک پێیان سپێربایە بە گیانو بەدڵ بەرێوەی دەبرد.

خورشیدی عەلیزادە بە هۆی لێهاتوویی بە فەرماندەری لک دیاری کرا هەروەک چاوەڕوان دەکرا زۆر سەرکەوتوانە ئەو قۆناغەشی بڕیو چەند عەمەلیاتی سەرکەوتووانەی لە ناوچەی شومالی کوردستان بەڕێوە برد، لەو پۆستەشدا وەک فەرماندەرێکی کارامە، خاراو، خاوەن ئەزموونو بە توانا ئەرکی پێ ئەسپێردراوی جێبەجێ دەکرد. کەسایەتیەکی لە سەرەخۆ، خۆشناو، خۆشڕوو، خاکی خەڵکیو خۆشەویستی هاوسەنگەرانیو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو، بە تایبەت لە ناوچەکانی شومالی کوردستان.

خورشید لەشەڕە حەماسیەکانی ئەو ناوچەیە رۆڵی سەرەکی بوو. لاوێکی ئازاو فیداکارو بەجەرگ، لەراستیدا دەریخست کە باوەری حیزبیانەی قایمو قۆڵە. بەمجۆرە زۆری نەکێشا فیداکاریو هەست بە بەرپرسایەتی کردنی خورشید بوو بە وێردی سەر زمانی هاوسەنگەرانی.

رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی بە هێزیکی زۆرەوە رۆژی ٣ی خەرمانانی ١٣٦١ هێرشی بۆ جۆگەی ئەنبار لە ناوچەی شومالی کوردستان هێنا کە لەگەڵ بەربەرەکانی تێکۆشەرانی دێموکڕات رووبەروو بۆوە. پێشمەرگەکان لەشەرێکی قارەمانانەدا دەرسێکی باشیان بە هێزی داگیرکەر دا. بەڵام بە داخەوە لەو بەربەرەکانیە ئازایانەدا فەرماندەری قارەمانو لاو خورشید عەلیزادە کەوتە بەر گوللەی کۆنەپەرستانی کۆماری ئیسلامیو گیانی بە نەتەوەکەی بەخشیو دڵی پڕ لە هیواو تاسەی قارەمانی کورد بە دنیایەک ئاواتەوە چوە ژێر گڵو، سەنەدی هەرمانی نەتەوەکەی بە خوێنی خۆی تۆمار کردو چوە ریزی کاروانی شەهیدانی کوردستان.

---




## بێجان عەلیزادە

لە هەموو قۆناغەکانی خەباتدا لاوەکانی نەتەوەی ئێمە لاپەڕەکانی مێژوویان بە خوێنی خۆیان نووسیوەتەوەو دەنگی ئازادیخوازانەی کوردیان بە دنیا گەیاندووەو نەیانهێشتووە بۆ ساتێک دەنگی ئازادی کپ بێو بەردەوام بۆ گەیشتن بە ئازادی لە بەرەنگاریو گیان فیدایی دابوون. بۆ وەدیهێنانی مافو ئازادی نەتەوەکەیان هیچ کات لە خەبات نەوەستاون، ئەو خەباتە هەمیشە لە گەشەکردن دابووەو ئاڵای خەباتیان هەر شکاوە راگرتوە. لە نێو دەیان خونچەی تازە پێگەیشتووانەی (نیوەی سەدەی بیست) لە نێو باخچەی فەرماندەراندا یادێک لە شەهید "بێجان عەلیزادە" بکەینەوە.

بێجان لە ساڵی ١٣٠٥ی هەتاوی لە گوندی "هۆدەر" لە ناوچەی سۆما لەدایک بوو. باوکی وەک کەسایەتیەکی شۆڕشگێر هاوخەباتی سمکۆی شکاک بوو، چەندین جار دژی رێژیمی رەزاخان بەربەرکانی کردو وەک تیکۆشەرێکی ئازا سەریشی لەم رێگایە بۆ نەتەوەکەی دانا.

بێجان عەلیزادە ناسراو بە بێجان شکاک لەو کەسانە بوو کە سەراپای وجوودی وەک باوکی لەخزمەت بە گەلو نیشتمان بوو، لە تەمەنی منداڵی زور چالاکو چاو نەترس بووە لە هیچ شتێک سڵی نەکردوە، سوار چاکو شارەزایی باشی لە جۆرەکانی چەک هەبوو. کاتێک کە ئاڵای کوردستان لە شاری مەهاباد دەشکایەوە تەمەنی بێجان ١٩ ساڵە بوو وەک پێشمەرگەی کۆمار دەستی بە خزمەت کرد. دوا بەدوای رووخانی کۆمارە ١١ مانگەکەی کوردستان لەساڵی ١٣٢٥ ئەویش لەگەڵ بارزانییەکان رووی لە وڵاتی یەکێتی سوڤییتی پێشوو کرد.

بێجان یەکێک لەو ٥ قوتابییە بوو کە لەسوڤییەتی پێشوو رەوانەی زانکۆ کرانو رشتەی علومی سیاسیو پاشان دیپلۆمی عالی لە کولیژی سەربازی لەوێ تەواو کرد. هەر لەوێ لە گەڵ کچێکی رووسی ژیانی هاوبەشی پێک هێناو، دوو منداڵی بەرهەمی ئەو ژیانە بوو. پاش هاتنە سەرکاری عبدولکریم قاسم لە عێراق

خوالێخۆشبوو مەلامستەفا بـارزانی دەگەڕێـتەوە بـۆ کوردسـتانو، بیجـان وێـڕای ئەوان گەڕایەوەو لە بەغـدا لە زانکۆی "مستنسریە" وەک مامۆستای زانکۆ دەستی بە دەرس گوتنەوە کرد.

بێجان لە دەسپێکی شۆڕشی ئەیلول دەستی بە خەبات کردەوە. ئەو کات وەک ئەمیر بەتالیون لە هێزی بـاڵـک کـاری دەکـردو ئەو مـاوەیە لە زۆر شـەڕی قـارەمانـانەدا بەشـداری چالاکـانەی کـرد. تەنـانەت لە بەشـیکی شـەڕی خـارکووک فەرمانـدەهی کـردوە. پـاش نسکۆهێنانی شـۆڕش لە سـاڵی ١٣٥٤ ئەویـش گەڕایەوە ئێـرانو لەگونـدی "هۆدەر"ی سەڵماس جێگیر بوو.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بێجان بە هۆی ئەوە، لە ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو نزیک دەبێ بە ئەزموونی دەیان ساڵ خەبـاتەوە پێوەنـدی لەگەڵ حیزبـی دێموکڕات دەگـرێو وەک فەرمانـدەیەکی لێهـاتوو لە نـاوچەی سـەڵماس دەست بە تێکۆشـانی سیاسـی دەکـاتەوەو هێـزی ئەو دەڤەرە سـازمان دەداو جـارێکی دیـکە لە ڕێبازی حیزبی دێموکڕاتو پێشوا قازی محەممەد لاوانی سەلماسـی لە دەوری ئـاڵای حیزبـی دێمـوکڕاتی کوردسـتان کۆ دەکاتەوە. ناوبراو وەک لە کورەی خەبـاتدا قـاڵ ببوو زوو تـوانی سـەرکەوتنی گەورە بە دەست بێنـێ هەمیشـە تامی تاڵیی بە هێزی ڕێژیم دەچێشت.

بێجان لەشەڕی سێ مانگەدا ڕۆڵی گرینگی گێڕاو لە ناو شاری ورمێ بە دژی داگیرکەرانـی کۆمـاری ئیسلامی، ئەرکـی گرینگـی کەوتە سەرشـانو بە هـۆی زیرەکـیو هەسـت بە مەسـئوولییەت کـردن، بـوو بە خۆشەویسـتی پێشمەرگەکانی ئەو مەڵبەندە. بێجان لە ئاست دوژمن وەک پـۆلا وابـوو، نەتـرسو بەورە، بـۆ دوژمـن تونـدوتیژ، بۆهاوسەنگەرانو خەڵکی نیشتمانەکەی دۆستێکی مێهرەبـانو خزمەتکار بوو.

لە هەموو شەڕەکانی ناوچەی شومالدا زەبری کاریگەری لێدەدان. لە شـەڕی گەردەنەی حیسـاری ورمێ ئـاوری لە سـەر پشـتی دوژمـن کـردەوەو دڵـی دوژمنـی وەلەرزە خست، بە چەشنێک تـا ئێسـتاش ئەو حەماسەیە لە دڵـی خەڵکی ئەو ناوچەیەدا ماوەتەوە. ئازایەتیو قـارەمانەتی شەهید بێجان وای کرد کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زۆر پیلانـی بـۆ دارشـت و زۆر جـار خۆفرۆشـانی پێوشوێنی دەکەوتـن بەڵام هەمیشە بە وشیاری پیلانەکـانی پـووچەڵ دەکردەوە.

بەداخەوە پیلانی دوژمنان سەری گرتو بێجانی قارەمانی زوو لە حیزبی دێموکڕات ئەستاند. لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتـاوی پەلاماری گوندی "هۆدەر" دراو ڕۆڵەی قارەمانی دێموکڕات شەهید بوو گیانی پێشکەش بە ڕێگـای ئـازادی کرد. ڕۆڵەیەک کە هەموو ژیانی لە تەمەنی ١٩ ساڵـیەوە بۆ نەتەوەی کورد تەرخان کردو لەو پێناوەشدا سەری دانا.

---




هەر کاتێک کە بە مەبەستی ئاوڕدانەوە لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد دەست بۆ قەلەم دەبەی، رەنگە یەکەم شت بیر لەوە بکەیتەوە کە خولقێنەرانی ئەم مێژووە پڕ هەورازو نشیوە کێن! کە جیاواز لە ناکامییەکانی، چیرۆکی وای تێدایە بۆ نەوەکانی داهاتوو کە بە چاوی خۆی نەیدیتبێ، بڵێ ئەمە ئەفسانەیە.

کاتێک بیری ئاڵۆز دەچیتە ناخی ئەم دەورانە دەبینی کە خولقێنەرانی ئەم مێژوە پڕ لەشانازییە تەنیا کەسانو یا بنەماڵە گەلێکن کە هەرچی هەیان بووە بە گیانو بە ماڵو منداڵ پێشکەش رێگای رزگاری کەلەکەیان کردوە. هەر بۆیە لەگەڵ ئەم بیرە تاڵو شیرینە دەیان بنەماڵەی سەربەرزو ناودار خۆیان دەخزێنە ناو خەیاڵەوە کە بەراستی قەڵەم لە ئاست گەورەی و لە خۆبووردوویییان دەرەقەتی نووسینو بەسەرهاتیان نایە.

لە مێژووی دەیان ساڵەی خەباتو بەربەرەکانی گەلی کورد لەپێناوی ئازادیو دێموکراسیدا، کەم بنەماڵەی کوردستانی خۆشەویستو خۆڕاگر دەبینرێ کە جگەر گۆشەیەک، یا خۆشەویستێکی پێشکەش بە بارەگای ئازادی نەکرد بێو رۆڵەیەکی شۆڕشگێڕو قارەمانی کە بەرەنجو ئارەقەی نێوچاوان گەورەی کردوە، لە پێناو بەختەوەری نەتەوەکەیدا فیدای نەکردبێ. ئەو خەباتە رەوایە کە بۆ وەدەست هێنانی مافی گەلی کورد، دێموکراسیو ئازادی و سەربەستی لەئارا دایە بە خوێنی باشترینو بە ئەمەگترین رۆڵەکانی ئەم نیشتمانە گەیشتۆتە قۆناغی ئێستا.

بەڵێ گەلی ئیمە باشترین رۆڵەکانی خۆی فیدای کوردستان کردوەو وڵات بە خوێنی پاکی شەهیدان خەملێوە. هێندێک لەوان وەک ئەستێرەیەکی گەشی کوردستان لە مێژوودا پرشنگدارنو نێو و یادی وان هەر دەم لە دڵی هاوڕێو هاوسەنگەرو درێژە دەری رێگای خەباتی ئەواندا دیارن. سەلیم حەقیقی فەرماندەری لک لە هێزی شەهید نەحۆ، یەکێک لەو کەسانەیە کە خۆیو کورەکانی خەلیل حەقیقیو تاهیر حەقیقیو سادق حەقیقی لە

هێزی نەحۆ لە شومالی کوردستان گیانیان کردە قوربانیی رێگای رزگاری کوردستان.

بەڵێ ئیمە یادی ژیان و بەسەر هاتی باوکێک دەکەینەوە کە هەموو ژیانیو هەرسێک کوڕی شەهیدی پێشکەشی خەڵکی کوردستان کرد.

سەلیم حەقیقی لە سالی ١٣١٥ شەمسیدا لە یەکێک لە گوندەکانی مەرگەوەڕ لە بنەماڵەیەکی دەست کورتو زەحمەتکێش هاتۆتە دنیا. وردە وردە گەورە بوو تا گەیشتە تەمەنی خوێندن، بەڵام بە داخەوە لە بەر بێ ئیمکاناتی لە خوێندن بێبەش بوو. وەک زۆربەی منالانی هەژاری کوردستان بە فەقیریو نەداری گەورە بوو. سەلیم دواتر لەگەل بابی دەستی بە کار کردن کرد، تابوو بە خاوەن ژنو منداڵ. لە دوای چەند ساڵان لە بەر دەستکورتی ماڵیان باری کردو چوونە گوندی "کێسیان" لە ناوچەی مەرگەوەڕو، لەوێ دەستی بە ژیانێکی خۆشو سەربەرزانە کرد. ئەو ماوەیە کاری کردو منداڵەکانی بە خێو کردن.

سەلیم لەو گوندە ببوو خۆشەویستی دەرو جیرانانو بە پاکی خۆی لە نێو خەڵکی ئەو گوندەدا جێی خۆی کردبۆوە، سەلیم بەو جۆرەی ژیانی خۆی تێپەڕاند هەتا گەیشتە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، کە خەڵکی ئێران بە گشتی دژی رێژیمی دیکتاتۆری پاشایەتی راپەڕینو لە ئاکامدا تەختو بەختی شاو نیزامەکەی ئەوییان سەر نەخون کرد. لە پاش هاتنە سەر کاری ئاخوندەکان کە داوای مافو ئازادی گەلی کورد لە لایەن رێژیمی تازە هاتووی کۆماری ئیسلامی بە ئاگرو ئاسن ولاّم درایەوە، حیزبی دێموکڕات تێکۆشانی ئاشکرای خۆی راگەیاندو ریزەکانی خۆی لە هەموو کوردستان رێک خست. سەلیم حەقیقی وەک زۆر لە تێکۆشەرانی کورد هات چەکی شەڕەفو پارێزگاری لە ئاو خاکو نیشتمان کردە شانو، بوو بە پێشمەرگەی دێموکڕات. بەڵام هەر ئەو بە تەنیا نەبوو سێ کوڕی سەلیم وەک بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ کەوتنە شوێن باوکیانو، بەرگی پێشمەرگایەتییان پۆشیو لە هێزی شەهید نەحۆ ئەو کات دەستیان بە خەباتو تیکۆشان کرد.

سەلیمو هەر سێ کوڕەکانی کە لە سەرەتای ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی هاتبوونە ناو ریزەکانی پێشمەرگایەتی، لە ماوەیەکی کورتدا بوونە خۆشەویستی هەموو هاوسەنگەرانیو رێزو حورمەتی زۆری لە نێو خەڵکی ناوچەکە دا هەبوو. سەلیم حەقیقی یەکێک لەو قارەمانانە بوو کە شان بە شانی ٣ کوڕی خۆی بۆ ئەوەی بەرەڤانی لە زێدی بابو باپیرانی خۆی بکات. سەبارەت بە داخوازەکانی گەلی کورد خەباتی جوامێرانەی لە خۆی نیشاندا. ئەو پێشمەرگەیەکی ئازاو روح سووک بوو لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی مەرگەوەڕدا بەشدار بوو.

سەلیم حەقیقی باوەڕێکی زۆری بە بەرحەقبوونی خەباتی نەتەوەکەیو حیزبەکەی هەبوو، حازر بوو بۆ بەڕێوە بردنی ئەرکو وەزیفەکانی حیزب گیانی خۆشی فیدا بکات. بەڵام حازر نەبوو سەری بۆ کۆماری ئیسلامی نەوی بکات.

سەلیم لەبەر وریایی‌و زیرەکی‌یەکی لەرادە بەدەر کە بەراستی پێشمەرگەیەکی قارەمان‌و لێهاتوو بوو، لە سالی ١٣٥٩دا بەر پرسیارەتی دەستەیەک لە پێشمەرگەی هێزی نحۆیان پێ ئەسپارد. هەر سەبارەت بەوەی کە مرۆڤێکی دڵسۆزو لێزان بوو کاری خۆی بە ئیمانەوە بەڕێوە دەبرد بۆ هیچ مەئموورییەتێکی حیزبی دریغی نەدەکرد، هەر شوێنێک یا جیگایەک سەخت بوایە سەلیم ئامادە بوو شانی وەبەر بداو زۆر بە سانایی جێبەجێی بکا. هەر بۆیە پاش چەندین عەمەلیاتی سەرکەوتوانە لە ناوچەی ورمێ وەک فەرماندەری لک دیاری کرا ئەو فەرماندەیەکی لێهاتوو، بەبیرو باوەڕو قسە خۆش و روح سوک بوو.

سەلیمی جوامێر لە گەلێک شەڕی شومالی کوردستاندا بە دژی هێزە سەرکوت کەرەکانی ڕێژیمی دژی کورددا بەشداری چالاکانەی کردوە وەک شەڕەکانی "ناری، رەزگە، راژان، دۆڵە پێسان‌و چەندین شەڕی دیکەدا. ئازایەتی‌و جوامێری سەلیم ببوو بە باسی سەرزارو زمانی هاوڕێکانی‌و خەڵکی ناوچەکە. سەلیم جارێک لە شەڕدا بریندار بوو بەڵام پاش سارێژ بوونی برینەکانی بە بڕواو ئیمانێکی قایمترەوە گەڕایەوە سەنگەری ئازادی. ساڵی ١٣٥٩ کە پێشمەرگەکانی حیزب چوونە ناو شاری ورمێ، شەڕێکی خوێناوی سێ شەو و رۆژ بەردەوام بوو. سەلیم وەک فەرماندەیەکی قارەمان فەرماندەهی بەشێکی ئەو شەڕەی دەکرد، سەرەڕای شەڕێکی زۆرو چەند رۆژی بێ پسانەوە، بەڵام بەداخو کەسەرێکی زۆرەوە سەلیم حەقیقی لەگەل چەند هاوسەنگەری خۆی شەهید دەبن‌و بۆ هەتا هەتایە لە خاکو گەلی خۆی خوداحافیزیان کردو چوونەوە ریزی کاروانی سوور خەڵاتی شەهیدان‌و ڕێگای رزگاری‌و ئازادی گەلی کورد. سلاو لە گیانی پاکی شەهید سەلیم حەقیقی‌و٣ کوڕە شەهیدەکەی‌و هەموو شەهیدانی ڕێگای رزگاری گەلی کورد.

---




**سەید خالید محەممەدی**

لاپەڕە زێڕینەکانی خەباتی حەقخوازانەی نەتەوە زۆرلێکراوەکەمان هەروا دێتو زیاتر دەبێ، ئەگەر چاوێک بە رابردوودا بخشێنین، بەدەیانو سەدان بیرەوەری تاڵو شیرینمان دێتەوە یاد. لەگەڵ هەڵکێشانی هەر ئاخو حەسرەتێک، ئەزموونی پێویستیان لێوەر دەگیرێو دەبنە هۆی دڵگەرمی زیاتر بۆ بڕینی رێگای پڕلە کەندو لەندەکانی لووتکەی سەرکەوتن. بەڵام بێگومان تاڵترین بیرەوەری لە مێژووی خەباتی ئەو نەتەوە ماف لێ زەوت کراوە، بیرخەرەوەی ژیانی رۆڵەکانییەتی کە بۆ رزگاری خەڵک گیانیان پێشکەش بە ئازادی کرد. با یادێک لە شەهید سەید خالید محەممەدی بکەینەوە.

سەید خالید محەممەدی لەساڵی١٣٤٠ی هەتاوی لە ئاوایی "کۆزەڕەش"ی ناوچەی سەڵماس لە بنەماڵەیەکی وەرزێڕ چاوی بە دنیا روون کردەوە، بەرەبەرە کە گەورە بوو لە تەمەنی7 ساڵیدا رەوانەی قوتابخانە کراوە پۆلەکانی سەرەتایی بە سەرکەوتوویی تەواو کردوو لە وانەکانی تا پۆلی 5ی سەرەتایی بە پلەیەکی بەرزەوە قبووڵ دەبوو. هاوینانیش شان بەشانی ئەندامانی بنەماڵە رووی لە مووچەو مەزرا دەکرد. سەید خالید بە هۆی وەزعی نالەباری ژیانی ماڵەوە دەرگای قوتابخانەی نەکردەوە رووی لە کاری تاقەت پڕوکێنی وەرزێڕی کرد، بۆ دابین کردنی ژیانی بنەماڵەکەی بە درێژایی رۆژ کاری دەکرد. هەر بۆیە زۆر زوو هەستی بە چەوساندنەوەو ژێر دەستی کردو پڕ بەدڵ لەو ژیانە پڕلە ژانە بێزار ببوو.

لە راپەڕینی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا دژی رێژیمی پاشایەتی بەشداری چالاکانەی کرد. دوای رووخانی حکومەتی پاشایەتی ئەویش وەک هەموو خەڵکی ئێران چاوەروانی بەرهەمی شۆڕش بوو بەڵام ئاواتی سەید خالید وەدی نەهاتو رێژیمێکی دیکە بە ماهییەتی کۆنەپەرستانەتر، بە سەر خەڵکی ئێرانو کوردستاندا زاڵ بوو. هەر بۆیە بەدامەزرانی بنکەکانی حیزبی لە ناوچەی شومالی کوردستانو دەورووبەر زۆر زوو پێوەندی بە

تەشکیلاتی حیزبەوە گرتو بە شانازییەوە دەستی دایە چەکو بەرگی پیرۆزو پڕلە شانازیی پێشمەرگایەتیی کردە بەرو، هاتە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات لە هێزی شەهید حاتم.

سەید خالید زۆر هێدیو هێمنو پێشمەرگەیەکی بە نەزمو دیسیپلین بوو لەگەڵ بەنەزم بوونی ئازاو نەترس بوو. بۆ هەموو مەئمورییەتێک ئامادەگی هەبوو ئەو ڕۆڵەیەکی ئازاو تێکۆشەرو شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینەو دڵسۆز بوو، لە ماوەیەکی کورتدا خۆشەویستیی هاوڕێیانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئازایانە لە شەڕەکانی مەڵبەندی شومالی کوردستاندا بەشداری دەکردو هەمیشە لە سەنگەری پێشەوە دابوو. لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا چەند جار بریندار بوو، هەموو جارێ پاش سارێژ بوونەوەی برینەکەی بە شانازییەوە دەگەڕاوە سەنگەری ئازادیو بە عەلاقەیەکی پترەوە ئەرکەکانی بە جێ دەگەیاند تەنانەت بەهۆی برینداری دەستێکی کاری نەدەکرد، ئەوانە هێچی لە بیروباوەڕی سەید خالیدیان کەم نەدەکردەوەو زۆریش ئازایانە دژی داگیرکەران دەوەستاوە.

دڵسۆزیو فیداکاری سەید خالید بوو بە هۆی ئەوەی کە بەرپرسایەتی پێ بدرێو بە تێکۆشانی بێوچانیو بە هەڵمەتی دوژمن شکێنی نیشانیدا شیاوی ئەم پلەو بەرپرسایەتییەو، لە کاری فەرماندەییدا ڕۆڵەیەکی کارلێهاتووو ئازایە. بە چەشنێک کە قارەمانیەتیو نەترسی سەیدخالید لە ناوچەی شومالی کوردستان دەنگی دایەوە، ئەو هەمیشە دەیگوت" من لە بەرامبەر ئەو گەلەدا هەست بە مەسئوولییەت دەکەم، مەگەر تەرمەکەم بکەوێتە دەستیان دەنا قەت بە خۆمیان خۆش ناکەم."

نەزمو دیسیپلین، ورەی شۆڕشگێڕانە، خاکیو خەڵکی، ئیمان بە حیزبو خەباتی ڕەوای گەلەکەی تایبەتمەندییەکانی دیکەی سەید خالید بوون. ئەو بەردەوام بۆ پێکهێنانی یەکیەتیی فیکریو تەشکیلاتی لەنێو هاوسەنگەرانیدا هەوڵی دەدا. کوڕێکی مودیر، لێزان، قانع، لەسەرەخۆ، قازانجی حیزبو شۆڕشی پێ لە هەموو شت گرینگتر بوو، فیداکاریو هەڵسووڕانی بەرچاو بوو، بە هۆی ئەوە وەک فەرماندەری لکو فەرماندەری عەمەلیاتی هێزی شەهید حاتم دیاری بکری.

سەید خالید یاری بە وەفای زەحمەتکێشان، هەروەها لە شەڕەکانی پردی قوتوور، سیاوان، هێشتراک، دێلەزی، گەلیسولی، ناوشاری سەڵماس نموونەیەکن لە فیداکاری ئازایەتی وقارەمانەتی ئەو تێکۆشەرەی دێموکڕات.

فەرماندەری قارەمانی مەڵبەندی شومال بڕیاریدا ڕۆژی ٢٠ی بەفرانباریساڵی ١٣٦٢ بە یادی ٧ پێشمەرگە کە لە گوندی "ستۆرە" شەهید بوون لەگەڵ هێزی سەرگورد عەباسی دەستەی کوماندۆ، عەمەلیاتێکی هاوبەش لە ناوچەی شپیران بەرێوە بەرن، بۆ ئەم مەبەستە شەوی ٢٠ی بەفرانبار هێرشیان کردە سەر هێزەکانی دوژمنو بە گرمەی ئارپیجیو قریشکەی بیکیسی چەکەکانی دیکەیان ئاوریان بە سەر دوژمندا باراند بە جورێک دوژمن کە قەت چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد کە بەو سەرمایە هێرشیان بۆ بکری پاش چەند سەعات شەڕی دەستەویەخە کە

زەبرێکی گاریگەر لە دوژمن کەوت، بە داخەوە لە شەڕگەی گوندی کالکیان سەید خالید محەممەدی کەوتە بەر گوللەی داگیرکەرانو گیانی پاکی پێشکەش بە نەتەوەکەی کردو کاروانی شەهیدانی بە تارای سوور رازاندەوەو رێگاو رێبازی پیرۆزی بۆهاوسەنگەرانی وەفاداریان بەجێهێشت.

---------------------------------------------------------------------




**محەممەد عەزیزی**

ئەگەر بە میژووێ حیزبەکەماندا بچینەوەو لاپەڕە زێڕینەکانی هەڵدەینەوە لەدژی داگیرکەرانی کوردستان, لێوانلێوە لە فیداکاریو قوربانیدانو خۆڕاگریو سەربەرزی. ئەو میژوویە بە خوێنبایییەکی لە رادەبەدەر نووسراوەتەوە بە درێژایی مێژووی تیکۆشانو بەربەرەکانییە بەردەوام بووەو، هەر لە درێژەی ئەو خەباتەدا زۆر پیلان لە لایەن دووژمنەوە بۆ خاشەبڕکردنی جووڵانەوە لەئارا دابووە. تەنانەت بەتێرۆری رێبەرانیش رانەوەستاون. دوژمنان بۆ مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان و قەلاچۆکردنی نەتەوەکەمان بە هەموو هێزو توانای خۆیانەوە هاتونەتە گۆڕەپانی ئەو بەربەرەکانیەو، بۆ لە ناوبردنو لاوازکردنو دامرکاندنەوەی ئەو خەباتە بەرحەقەی نەتەوەکەمان لە هیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانە سڵیان نەکردوە. سەرەڕای زەبرو زەنگێکی لە رادە بەدەر رۆڵە بوێرو ئازاکانی گەلەکەمان لە خەباتو بەربەرەکانی دژی زۆرداران هەمیشە بە گوڕو تینەوە بەرگرییان لە مەوجوودییەتی نەتەوەکەمان کردوە.

لاوانی کوردستان زۆر ئازایانە وەستانەوەو دەستە دەستە چەکی دیفاعیان لە خاکو نیشتمان لەشان کردو هەر لەو پێناوەشدا بە هەزاران لاوی خوێنگەرم گیانی خۆیان پێشکەش بە بارەگای ئازادیی کردوەو بە رشتنی خوێنی گەشی خۆیان ئاگری ئەو خەباتەیان هەر گەشاوە راگرتوەو سەرئەنجام رۆڵی بەرچاویان لە خەباتو

تێکۆشان بووە بە بەشیک لە مێژووی گەلەکەمان. محەممەد عەزیزی ناسراو بە محەممەد کلاوڕەش یەکێک لەو قارەمانانە بوو کە بە خوێنی خۆی لاپەڕەیەکی زێڕینی لەو مێژووە شکۆدارە بۆ خۆی تەرخان کردوە.

محەممەد عەزیزی ناسراو بە محەممەد کلاوڕەش لەساڵی ١٣٠٩ لە بنەماڵەیەکی وەرزێر لە گوندی "ماوانە"ی ناوچەی مەرگەوەڕ چاوی بە دنیای روون هەڵێنا. لە دایکبوونی محەممەد کەشێکی پڕ لە سۆزو خۆشەویستی لە بنەماڵەکەی پێک هێنا. کاتێک کە پێی نایە ٧ ساڵی بەداخەوە نەیتوانی بچێتە قوتابخانەو هەر کە دەستی چەپو راستی خۆی ناسی رووی لەگۆڕەپانی دەستو پەنجە نەرم کردن لەگەڵ ژیانی نەداری کرد تاکوو بتوانێ لەم رێگەیەوە ژیانێکی سەربەرزانەو باشتر بۆ بنەماڵەکەی دابین بکا .

محەممەد کلاوڕەش دوای ئەوەی خەباتی پڕشکۆی چەکدارانەی ساڵی ١٣٤٦ و ٤٧ روو لە کشانەوە بوو رووی کردە کوردستانی عێراقو لە شاری "دیانا" گیرسایەوەو ماوەیەکیش پێشمەرگە بوو.

بە دەست پێکردنی خۆپێشاندانەکان لەساڵی ١٣٥٦ لەدژی رێژیمی پاشایەتی گەڕاوە گوندی هێشماوا. وەک هەموو خەڵکی دیکە لە ساڵی ١٣٥٧ بەشداری خۆپێشاندانی کرد. بە ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکڕات لە شومالی کوردستان، محەممەد کلاوڕەش رێگای رزگاری لەو ژیانە پڕ چەرمەسەرییەو گەیشتن بە ئازادی لە ئامانجو بەرنامەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا دیتەوە، بۆیە لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا چەکی پڕلە شانازی پێشمەرگایەتی حیزبی دێموکڕاتی لە هێزی نحۆی ئەو کات لە شان کردو بەمجۆرە قوناغێکی نوێ لە ژیانی محەممەد کلاوڕەش دەستی پێکرد. هەر بە هۆی هەڵسووڕانو تێکۆشانی بەردەوامی لە ماوەیەکی کورتدا جێگای خۆی لە نێو هاوسەنگەرانیدا کردەوەو وەک پێشمەرگەیەکی خۆشەویست چاوی لێ دەکرا، پێشمەرگەیەکی روح سووکو ئازاو نەترسو خاوەن بیروباوەڕ لە نێو هاوسەنگەرانیدا ناوبانگی دەر کرد. ناوبراو بڕوای خۆی بە رێبازی پیرۆزی حیزبەکەی هەر لە یەکەم چالاکی پێشمەرگانەی خۆی لەگەڵ هاوڕێیانی لە ناوچەی مەرگەوەڕ نیشاندا .

محەممەد کلاوڕەش لەگەڵ ئەوەیدا پێشمەرگەیەکی ئازاو چاو نەترسو زەبر وەشێن بوو، بڕوایەکی قوڵیشی بە ئامانجی گەلەکەی بوو، بەهۆی لێهاتوویی‌و کارزانی بەرپرسایەتی جۆراوجۆری وەئەستۆ گرتو لە زۆر بواردا تێکۆشا، لە ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتی خۆیدا لە زۆر عەمەلیاتی سەرکەوتوانە بەشداری کرد. ناوبراو کوڕێکی ئازاو هەڵسووڕ بوو، بۆ هەر مەئمووریەتێکی حیزبی کە پێیان دەسپارد سەری لە رێ دابوو، بێ سێو دوو لێ کردن بە ئەنجامی دەگەیاند. رۆڵەی شۆڕشگێڕ هەڵسووڕو ماندوونەناس بوو. بۆ روونکردنەوەی خەڵک لە هەر دەرفەتێک کەڵکی وەردەگرتو قسەی بۆ دەکردنو سیاسەتەکانی حیزبی بۆ شی دەکردنەوە.

محەممەد کلاوڕەش بە ئازایەتی‌و توانایی‌و لێهاتوویی لە هێزی نحۆ وەک فەرماندەری لک دیاری کرا. ئەو لەو مەسئولییەتەشدا نیشانیدا کە هێزەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی زەبریدا زەبوونن. سەرکەوتوویی

ئەو لە فەرماندەیی‌دا ناوبانگی ئەو لەکەی گەیاندە لای هەموو خەڵکی شومالی کوردستان. زۆربەی رۆژەکانی عەمەلیاتی دژی هێزەکانی رێژیم بەرێوە دەبرد. محەممەد لە دژوارترین قۆناغی خەباتدا لەگەل پێشمەرگە ژیا. رۆژ لەگەڵ رۆژ پتر کاری دەکردو زیاتر لە ئەندازە خۆی ماندوو دەکرد.

هەست بە مەسئولییەتو تێکۆشان بۆ فێربوونو هەوڵدان بۆ خەبات دژی رێژیمی ئاخوندیو بەرێوەبردنی چەندین عەمەلیاتی سەرکەوتوانە، بەشێکی هەرە بەرچاوی ژیانی محەممەد کلاوڕەش بوون. ئەو بەراستی پێشمەرگەو فەرماندەیەکی بوێرو ئازاو قارەمان، پارتیزانێکی هەڵسووڕو کوڕی رۆژی تەنگانە بوو. لە زۆربەی شەڕەکانی ئەو کاتی ناوچەی مەرگەوەڕدا رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو. چەندین عەمەلیاتی قارەمانانەی لەو ناوچەیەو دەوروبەری بەرێوە بردو ئەو مەڵبەندەی لە دوژمنان کردە گۆڕستانو بە هەر هێرشێک زراوی دوژمنی دەتۆقاندو بە چۆکی دادێنان. لە مەڵبەندی شومال لاشەی ستوونە تیکشکاوەکانی دوژمن وەک نیشانەی ئازایەتی پێشمەرگە لە سەر جادەکان بەجێ دەما، دوژمن هەر کات لەو ناوچەیە تووشی شەڕ لەگەڵ پێشمەرگە دەهات چەندین گوردانی کۆ دەکردەوە تەنانەت پنای بۆ هێزی هەوایی دەبردو لەوە سەیرتر لەچەندین شاری دیکەرا هێزی بۆ کوردستان رەوانە دەکرد. محەممەد کلاوڕەش لە بەرامبەر ئەویش دا رادەوەستا. حەماسەکانی لە مەرگەوەڕ بە چەندین داستانی خۆڕاگری بۆ نەتەوەکەی تۆمار کرد. ناوبراو لەو پێناو ئامانجەکانی نەتەوەکەی کوڕێکی بە ناوی سولیمان عەزیزی پێشکەش بە بارەگای ئازادی کرد.

بە داخەوە رۆژی ١٥ی گلاوێژی ساڵی ١٣٦٠ محەممەد عەزیزی ناسراو بە محەممەد کلاوڕەش لە شەڕێکی حەماسەیی‌دا لەگەڵ جاشو پاسداری هێزەکانی کۆنەپەرستی لە گوندی "قاوێر" لە ناوچەی مەرگەوەڕ گیانی پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردو بۆ هەمیشە سەری نایەوە، ناوبراو تا دوا کاتەکانی ژیانی زۆر جوامێرانە ژیاو سەری بۆ داگیرکەران نەوی نەکرد.

---




## سەروان حاتەم دوعاخان

زۆر بە زەحمەت دەبینرێ نەتەوەیەک بە بێ تێکۆشانو ماندوو بوونو قوربانی رۆڵەکانی بە ئازادی گەیشتبێ لەسەر گۆی زەوی کەم نەتەوە هەیە بە ئەندازەی میللەتی کورد بێپسانەوە خەباتی خۆی بۆ رزگاری درێژە پێدابێو زۆر کوڕی ئازاو خەباتکار دژی رێژیمە زۆردارەکان وەستاونەوەو گیانیان کردۆتە قوربانیو تا نەتەوەکەیان ژیانی ئاسوودەیان هەبێ. لەو یادە ناوی سەروان حاتەم دوعاخان دێنینو رێز لە خەباتو تێکۆشانی دەگرین.

حاتەم دوعاخان لە بەرەبەریساڵی ١٣٣١ی هەتاوی، لەکاتی دەسەڵاتی ئاغاکان لە ناوچەی مەرگەوەڕو لە بنەماڵەیەکی کوردەواری گوندی دزەی مەرگەوەڕ چاوی بەرووی دنیای روون هەڵێنا، بەرەبەرە کە گەورەر بوو تەمەنی گەیشتە ٧ساڵە دەستی قەڵەمی گرتوو هەر لەگوندی خۆیان دەستی بە دەرس خوێندن کرد. ئەگەرچی حاتەم زۆر زیرەک بوو ژیانی ئەودەم لە خوێندن بەربەست بوو بەڵام ناوبراو چوە شاری ورمێو بە زەحمەتی خۆی توانی ژیانی خۆی دابین بکاو دواناوەندی تەواو بکاو سەرئەنجام دیپلۆمی وەرگرت.

لەساڵی ١٣٤٩ی هەتاویدا چووە تارانو لە دانشکەدەی خەلەبانیو پاش ساڵێک فێربوونی زمانی ئینگلیسی، ناردرایە ئەمریکاو دوای ١٨ مانگ دەورەی خەلەبانی لەو وڵاتە، ساڵی ١٣٥١ بە سەرکەوتووی گەڕایەوە بۆ ئێران، دوای چەند مانگ رەوانەی پایەگای هەوایی دزفوول کراو ساڵێک لەوێ مایەوە.

سەروان حاتەم دوعاخان ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بۆ دەورەی مامۆستایی خەلەبانی سەر لە نوێ رەوانەی ئەمریکا کرایەوە، پاش دیتنی دەورەی مامۆستای خەلەبانی لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی گەڕایەوە ئێران.

حاتەم بە تەواوی شارەزا لە فڕۆکەوانی چونکی نزیک بە هەزار سەعات بە فڕۆکە فڕیبوو. لە هونەرەکانی فڕۆکەوانی مامۆستایەکی بەتەواو مەعنا بوو.

حاتەم دوعاخان پاش گەڕانەوەی بۆ فڕۆکەخانەی تەورێز کە پێشتر هەستی کوردایەتی تێدا بە هێز بوو دەستی بە تێکۆشانی سیاسی کرد. کاتێک حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ناوچەی مەرگەوەڕ بنکەی خۆی کردەوەو تێکۆشانی ئاشکرای دەست پێکرد، سەروان حاتەم هاتەوە مەرگەوەڕو پێوەندی بە حیزبەوە گرتو دەستی بە کۆبوونەوە لەگەڵ خەڵک کرد، خەڵکی لە دەوری ئاڵای حیزب کۆ دەکردەوە، خەڵکی بۆ مافەکانی هاندەدا. پاشان کە مەرەخەستی تەواو بوو گەڕایەوە تەورێزو زۆری پێنەچوو کە کەوتە ژێر چاوەدێریو دواتر خرایە بەندیخانەو ماوەی ٣ مانگ لە بەندیخانە مایەوە، ئەو ماوەیە لەگەڵ ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر ڕووبەڕوو بوو. کاتێک خەلەبانەکانی پایەگای هەوایی تەورێز لەسەر گیرانی سەروان حاتەم ماوەی دە ڕۆژ تەعەسونیان کردبوو بە ناچاری ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو ئازادی کرد.

سەروان حاتەم پاش ئازاد کردنی دوو ڕێگای لە پێش بوو، یا درێژەپێدان بە کاری خەلەبانی واتە خزمەت بەڕێژیم، باشی دەزانی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هێرشی بۆ سەر کوردستان دەست پێکرد بوو ئەویش خەلەبان بوو، یا دەبوو خزمەت بە گەلە هەژارەکەی بکا. ناوبراو ڕێگای دووهەمی هەڵبژاردو، هەموو پلەو پایەیەکی وەلا ناو ئامادە نەبوو ژیانو نەتەوەکەی بە پووڵو پارە بفرۆشێ. ئامادە نەبوو بە فڕۆکە نەتەوەکەی بۆمباران بکا شووشەو پەنجەرەی ماڵان بشکێنێو ژنو منداڵی کورد چاو ترسێن بکا، حازر نەبوو لە چاو ترووکانێک ماڵی کورد بروخێنێ. بڕیاریدا ریزی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەڵبژێرێو بڕیارێکی قایمو پتەو کە لەگەڵ نەتەوەکەی بژیو هەموو ئەزموونەکانی کە لە خەلەبانی فێری بوو بە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی بڵێتەوەو شانبەشانی ڕۆڵەکانی ناوچەی شومالی کوردستان خزمەتی بە نیشتمانەکەی دەکرد. ناوبراو پێشمەرگەکانی باردێنا کە چون چەکی دژی فڕۆکە بەکار بێننو خەڵکی ناوچەی فێر دەکرد لەکاتی هێرشی هەوایی چۆن پارێزگاری لە خۆیان بکەن.

سەروان حاتەم لە زۆر شەڕی قارەمانانەدا بەشداری کرد زۆر زوو جێگای خۆی لە نێو دڵی هاوسەگەرانیدا کردەوە ئەو پێشمەرگەیەکی ئازاو فیداکار بوو لەسەر بەجێگەیاندنی بڕیارەکانی حیزب سوورو قایم بوو جگە لەوانە ئەو پێشمەرگەیەکی شەڕکەر، نەترس، لەخۆبووردوو لە میدانی کردەوەدا هەڵسوکەوتی دەکرد، تەنیا پێشمەرگەیەکی ئازا نەبوو بەڵکوو لە باری سیاسیشەوە لەسەتحێکی سەرەوەدا بوو.

پاش ماوەیەک بە هۆی لێوەشاوەیی بە فەرماندەری هێزی ١٠١ی شەهید نەحۆ دیاری کرا، ناوبراو لەهەموو کارەکانیدا سەرکەوتوو بوو. پێشمەرگەیەکی نموونە، فەرماندەیەکی لایقو لەسەنگەردا بەدەستو برد بوو هەموو تواناکانی بۆ خزمەت بەخەڵکو پێشمەرگە بەکار هێنا.

سەروان حاتەم دوعاخان لای خەڵکو کادرو پێشمەرگە خۆشەویست بوو، دوژمن باشی دەزانی لەو ناوچەیە لەگەڵ کێ رووبەڕوویە، بۆیە بە هەموو توانایەوە هەوڵی لەبەین بردنی دەداو تەنانەت جارێک لەداو کەوت بەڵام بەهۆی وشیاری پیلانی رێژیم پووچەڵ کرایەوە.

سەروان حاتەم لەو ماوەیەی فەرماندەری هێزی نەحۆ بوو هەموو تواناو مودیرییەتی خۆی بۆ کاروباری نیزامیی وەکار خستبوو ئاڵوگۆڕێکی بەر چاوی لەو هێزەدا پێک هێنا، ئەو جێی متمانەی ئەویندارانی ئازادیو سەرجەم هاوسەنگەرانی بوو. بە لێوەشاوەیی هەموو پەلەیەکی پێشمەرگایەتی بڕیو لەکاتێکدا بەرپرسایەتی هێزی ١٠١ی نەحۆی وەرگرت کە ئەو ناوچەیەی ئەو کاری تێدا دەکرد بە ناسکترین هەلومەرجی سیاسیو ئەمنیەتی تێدەپەڕیو کۆماری ئیسلامی بەهەموو شێوەیەک رۆژانە پەلاماری دەدا بە پشت بەستن بەئیرادەی هاورێ پێشمەرگەکانیو بە لێوەشاوەیی خۆی لەبەرەکانی شەڕدا تەنگی بەهێزی رێژیم هەڵچنیبوو، رۆژ نەبوو رۆڵە تێکۆشەرەکانی هێزی نەحۆ بە فەرماندەهی سەروان حاتەم زەبری کاریگەر لە دوژمن نەوەشێنن. ناوو ناوبانگی حاتەم بۆ دوژمن بوو بە چقڵی چاوو بە بیستنی ناوەکەی ترسو لەرزە دڵی هێزەکانی رێژیمی دادەگرت.

رۆژی ٢١ی رەزبەری ساڵی١٣٦١ی هەتاوی لە شەڕێکی نابەرامبەردا بەداخەوە لەگەڵ٣ هاوسەنگەری دیکەی گیانی پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردو سەری بۆ نەتەوەکەی دانا. پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکانو زەحمەتکێشانی ناوچەی شومالی کوردستان بەتایبەت جووتیارانی ناوچەی مەرگەوەڕ، لەخەمی پێشمەرگەیەکو فەرماندەیەکی قارەمان دابوون، سەروان حاتەم دوعاخان شۆڕەسواری کاروانی ئەمجارەمان لە دڵی هەموو هاوسەنگەرانو خەڵکی ناوچەی مەرگەوەڕدا هەمیشە زیندوویە. شەهید سەروان حاتەم ئەو پێشمەرگە بە جەرگو لەخۆبووردوویە بوو، کە لەوپەڕی سەرکەوتندا مەندو لە سەرەخۆو بەئیرادە بوو، لەگەرمەی شەڕدا هێدیو هێمنو لەکاتی سەختیو تەنگانەدا بەئیرادەو قایمو لەشکان نەهاتوو بوو. شەهید حاتم ئەو کوڕە جووتیارە بوو کە بە لێوەشاوەییو تێکۆشانی بێ وچانی ئەفسەرێکی لایق، خەلەبانێکی کارامەو کادرێکی لێوەشاوەی سیاسی، فەرماندەیەکی بە زیبکوو نیزامیی لێهاتوو بوو.

---




## نورەدینی شکویی

لاوەکانی نەتەوەی ئێمە لاپەڕەکانی مێژوویان بە خوێنی خۆیان نووسیوەتەوەو دەنگی ئازادیخوازانەی کوردیان بە دنیا گەیاندو نەیانهیشت بۆ ساتێک دەنگی ئازادی کپ بێو بەردەوام بۆ ئازادی لە بەرەنگاریو گیانفیدایی‌دا بوون. بۆ وەدیهێنانی مافو ئازادی نەتەوەکەیان هیچ کات لە خەبات نەوەستان. ئەو خەباتە هەمیشە لە گەشەکردن دابووەو، ئاڵای خەباتیان هەر شەکاوە راگرتوە. با هەنگاوێک بەرزتر بڕۆین لە شومالی کوردستان پشوویەک بدەینو بگەڕێینەوە بۆ ۳۳ ساڵ بەر لە ئێستاو بزانین لەو دەڤەرە پڕلە فەرماندەی قارەمانە، کە بە گیانو ماڵەوە خۆیان بۆ سەربەستی نیشتمانەکەیان تەرخان کرد. یادێک لە شەهید "نورەدین شکووهی" دەکەینەوە.

نورەدینی شکویی کوڕی شوکور دووهەمین شەهیدی بنەماڵەیە. لە ساڵی ۱۳۰۹ لە گوندی "نێچەلا" سەر بە ناوچەی سۆماو برادوست لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەردا چاوی بۆ ژیان هەڵێنا. لە نێو رۆڵەکانی کۆمەڵگای کوردەواری‌دا وردە وردە گەورە بوو. نورەدین خەریکی کارو کۆێرەوەری بوو بۆ پەیدا کردنی نانی رۆژ.

ناوبراو نارەحەتیو جەفای زۆری کێشاو دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانو خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو سەپاندنی شەڕێکی ماڵوێرانکەر بە سەر خەڵکی کوردستان‌دا لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، نورەدین یەکێک لەو لاوانە بوو کە بۆ داکۆکی لە کەرامەتو خاکی کوردستان بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لەبەر کردو لە ناو ریزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو لە هێزی شەهید سەرگورد عەباسی سازمان درا.

نوورەدین زۆر زوو بە ئاکارو کردەوەی باش توانی جێگای خۆی لە نێو دڵی هاوسەنگەرانی بکاتەوە. وەک پێشمەرگەیەکی بەنەزم و ئازا ئەرکەکانی خۆی بەڕێوە دەبردو رۆژبەرۆژ سەرکەوتنی بە دەست دەهێنا. لە مەیدانی خەباتو بەر خۆدان‌دا کاری زۆر بە نرخی بەڕێوە بردو لە زۆر شەڕی ناوچەدا بەشداری ئازایانەی کرد.

هەر ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی کە پلەکانی پێشمەرگایەتی یەک لە دوای یەک بڕیو وەک سەرپەل، جێگری لکو فەرماندەری لک ئەرکی پێ ئەسپێردرا.

ناوبراو ئەو جار گەلێک ئازاترو بەرپرسانەتر ئەرکی حیزبی بەڕێوە دەبردو هیچ کۆسپێک نەیان دەتوانی پێش بە پێشمەرگەی قارەمانی دێموکڕات بگرێ و هەموو کەندوکۆسپەکانی لەسەر ڕێگای خۆی لادەبردو هەموو رەنجو ئازارەکانی کە بۆ خەباتو وەدەستهێنانی ئاواتەکانی گەلی کورد بە ئەرزان دەزانی. لە مەیدانی فەرماندەهیدا فەرماندەیەکی هەڵکەوتوو، چالاکو خەڵک خۆشەویست، خۆش ئەخلاق، بە ئیمانو بە بیروباوەڕ بوو.

بەداخەوە شەوی ٢١ی رەشەممەی ساڵی١٣٦٢ کە چەند ڕۆژێک بۆ نەورۆز مابوو وردە وردە زستان جێی چۆل دەکرد بۆ بووکی سروشت ساڵی تازە کە لە ڕێگا دابوو.

پێشمەرگەکانی دێموکڕات لە ناوچەی شومالی کوردستان هێرشیان کردە سەر پایەگای گوندی "دۆبڕە" لە ناوچەی تەرگەوەڕو بە چەکی ئاگرینیان پایەگایان وێران کرد چەندین بەکرێگیراوی دوژمن کوژرانو برینداربوون. بەداخەوە لەوشەڕەدا سینگی نوورەدین شکویی فەرماندەی خەباتکاری ناوچەی شومالی کوردستان کەوتە بەر گوللەی داگیرکەرانی کوردستانو خوێنی سووری لە پێناو رزگاریو دیفاع لە ئازادیو بەختەوەری نەتەوەکەیدا رژایە سەر خاکی پیرۆزی نیشتمانو لە نێو خەمو پەژارەی هاورێیانیدا لە زێدی خۆی بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا. تێکەڵ بە کاروانی سەربەرزی شەهیدان بوو.

(بەداخەوە وینەی دەست نەکەوت)

---